# ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو

منتدى إقرأ الثقافي

ساکینە جانسز (سارا)

بەرگی سێیەم

www.iqra.ahlamontada.com



لە تورکییەوە:

ئارام پێنجوێنی

# ژیانم

## هەمیشە تێکۆشان بوو

ساکینە جانسز (سارا)

لە تورکییەوە: ئارام پێنجوێنی

## بەرگی سێیەم

ناوی پەرتووک: ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو- بەرگی سێیەم

ناوی نووسەر: ساکینە جانسز (سارا)

ناوی وەرگێڕ: ئارام پێنجوێنی

دیزایین: گۆران پێنجوێنی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: 2022

چاپخانەی:

تیراژ: ١٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن

(            ) ساڵی( ٢٠٢٢)ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە**

# ناوەڕۆک


چەند گووتەیەک بۆ (ساکینە جانسز)........................................ 7

دوا گووتە.......................................................... 25

ئازادی! ڕۆژی 26ی ئاياری 1991 بوو.............................. 29

جارێکی تر لە ئەڵمانیام............................................ 35

دوای گیان لەسەردەستییەکی زۆر، گەیشتن بە سەرچاوە............ 51

ڕاستینەی شەنەر !............................................... 63

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن............................................ 73

پیرۆزبایی 15ی ئاب............................................. 151

لە شۆڕشدا بەمامەڵەکردن بڕناکرێت.............................. 189

سەراپای ئەشقی کەسێکی سیاسی شەڕە و تێکۆشانە.............. 209

بوون بە گەریلایەکی باش......................................... 223

دواپین ڕۆژ و دواپین ئامادەکارییەکان............................ 239

گەریلا.............................................................. 243

دیداری مێژوویی لە زاپ........................................... 257

تابووری گەردەلول دێت........................................... 263

سوزەکانم پڕ لە تێکۆشان و ململانێن.............................. 273

قەدبڕی............................................................ 285

دیداری زاپ و رووبەڕووبوونەوە............................................................ 291

سێیەمین کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتەی ناوەندی ............................. 303

نامەوێت هەرگیز بێنەوە یادم.................................................................. 319

(پارچە) بە فیدای (گشتی)ی بێت ........................................................ 325

بەسەرهاتەکانم دەبن بە پەرتووک......................................................... 329

دەشێت لە شاخ نەبووبم بە گەریلایەکی باش ......................................... 339

ناوی پەرتووک چەکەرە دەکات............................................................... 345

زوڵمی گوێزانەوە لە زستاندا .................................................................. 349

لە کەسایەتی مندا دانیان بە خۆیاندا دەنا.............................................. 353

شەڕی بێ ئامانی دژ بە خیانەت ............................................................ 363

کەسێک لە زاپ ون بوو ........................................................................ 369

ئێرە گۆرەپانی سەربازییە........................................................................ 377

دەبێت چڵەکە بە پێچەوانەدا بشکێنیتەوە................................................. 383

شۆڕشگێڕیی کردەی دلێرانەیە ................................................................ 385

چەپکێک لە وێنەکانی.............................................................................. 401

# چەند گووتەیەک بۆ (ساکینە جانسز)1

هەر یاداشت یاخود یادنامەیەک بە ناڕاستەوخۆترین شێوە جیهانی رۆحی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. یادگاری راستییە. ئەو راستییەی مرۆڤە کە بە پووختترین شێوە دەڕژێتە سەر لاپەڕەی سپییەوە. ناوە ناوە هەبوونی شیرۆڤە و هەڵسەنگاندنی رووداو و دیاردەکانیش لە کارەکەدا، لایەنی شیکردنەوە و شیرۆڤەیی یاداشتەکە پێکدەهێنێت.

نەبوونی دۆخی نابەرجەستەیی فیکری لەو یادگارییانەدا کە دەگەڕێنەوە بۆ راستییە رووت و پووختەکان، پەردە لەسەر راستییەکانی کەسی خاوەن یادەوەرییەکانیش هەڵدەماڵێت. زێدەڕۆیی نابێت ئەگەر بڵێین:"یادگاری ئاوێنەی خاوەنەکەیەتی". وێنەی هەر شتێک لە ئاوێنەکەدا دۆخی راستەقینەی رەنگدانەوەی راستییەکانە بە ئاوێنەکەوە. واتا دۆخی بەرجەستەی رەنگدانەوەی ناڕاستی و نابەرجەستەییەکان نییە. زۆر باش دەزانین وەکو دۆخێکی ئۆبژێکتیف دێتە بەردەممانەوە کە ئەویش شێوەی رەنگدانەوەی دۆخێکی نابەرجەستەیە...

لێرەوە دەمەوێت بێمە سەر باسی یادگارییەکانی هەڤاڵ (ساکینە جانسز). دیارە کەم کەس هەیە هەڤاڵ (ساکینە جانسز)ی نەناسیبێت. کەسایەتییەکە؛ کە بەر لە شەهید بوونی دەناسرا و پاش شەهیدبوونیشی دەرک بە سەراپای کەسایەتییەکەی کرا. هەمووانیش باش دەزانین کە هەڤاڵ (ساکینە جانسز) چەند کەسێکی راشکاو و دەم لە روو بوو.

---

[1] . لە بنچینەدا؛ ئەم پێشەکییەی (فوئاد کاف) بۆ بەرگی سێیەمی نووسیوە. هەرچەندە سەبارەت بە کۆی ژیان و تێکۆشانی ساکینە جانسزە، بەڵام بە پێویستمان زانی هەر لەبەرگی سێیەمدا دایبنێینەوە.

بەڕاستیش هەڤاڵ (ساکینە) ئاوەها بوو. لە هەر هەلومەرج و بارودۆخێکدا نیشانی دەدا و دەیسەلماند کە شۆڕشگێڕێکە؛ چی بەڕاست بزانیبا دەیکات، بێ بڕانەوە و حەسانەوە رایدەکرد بەدوای ئەوەی بڕوای پێدەکرد و سەربەرزانە رووبەڕووی چەوتییەکان دەبووەوە، بۆ گەیشتن بە راستییەکان هەرچییەک پێویست بووایە دەیکرد و دەیزانی چۆن بێ دوودڵی سەری لەپێناوی حەقیقەت و ئازادیدا ببەخشێت.

ئەم پەڕتووکەی لەبەر دەستتان دایە سێیەمین و دوایین زنجیرەی یاداشتەکانی هەڤاڵ (ساکینە)یە. هاوشێوەی دوو بەرگەکەی تر، لەم بەرگەشدا هەموو شتێکی بە پووختی و رەوانییەوە خستۆتەڕوو. بە راشکاوانە و بێ خەوشانەترین شێوە، بەبێ کەوتنە بەر گومانی 'تۆبڵێی خەڵک چی بڵێن'ەوە تا دوایین هێزی، قەڵەمەکەی بەکار هێناوە. نەک لەنێوان باسەکاندا، بەڵکو لە ناو یەکە بە یەکەی ریزەکانیدا، لەناو یەکە بە یەکەی رستەکانیدا خودی (ساکینە) خۆی هەیە. هەروەها باسی لە وردەکارییەکانی ژیان کردووە، باسی لەو جەوهەرە راستەقینەیەی ژیان کردووە کە کەس زۆر گرنگی پێنەداوە، کەس زۆر سەرنجی پێنەداوە، هەر کەس بەسەریدا بازیداوە، بەڵام بەڕاستیش زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و بەسەریدا بازنەدرێت. هاوکات باسی لە رەخنە و رەخنەدان، دۆخی بە کەمزانینی پەرەسەندن و هەنگاوەکانی پێشکەوتن، دەستکەوت و دیاردە خوڵقێندراوەکان کردووە.

زۆر باش دەزانین کە هەڤاڵ (ساکینە) هەرگیز دەستەوەسان نەبوو لەوەی کە لەبەردەستدا بوو، تا چەندە کار کرابێت، چەندە خوڵقێندرابێت، چەند شەڕ کرابێت و چەند تێکۆشان کرابێت ئەو هەر دەیگووت: 'سەرەنجام هێشتاش

کۆیلەین، هێشتاش گەلەکەمان ئازاد نەبووە، هێشتا لە ژێر چەپۆکی چوار دەوڵەتی داگیرکەردایە و هێشتاش دەمرین، دەکوژرێین و دووچاری ئەشکەنجە دەکرێین. بۆیە چەندە کاریش بکەین بەس نییە. پێوانەی ئەم (بەس)ێتییە، ئازادییە. کەی وەکو گەل ئازاد بووین ئەوکاتە دەڵێین: (باشە، بەڕاستیش ئەمجارەیان زۆر باش کارمان کرد)".

ئەگەر دەبێت بە کەسێک بگووترێت" لە بەیانییەوە تا ئێوارە، لە ئێوارەوە تا بەیانی بێ بڕانەوە و حەسانەوە کار دەکات، کەچی هەرگیز لە کارکردن بێزار نابێت" ئەو کەسە هەڤاڵ (ساکینە)یە. بەڕاستیش بەبێ بڕانەوە و حەسانەوە کاری دەکرد. وەک چۆن دانیشتن، کارنەکردن، دەستبەتاڵی و بەفیڕۆدانی کات لە فەلسەفەی ئەودا جێگەی نەبوو، تەنانەت سڵاوی لەو کەسانەش نەدەکرد کە لە دۆخێکی وەهادا بوون. پێی دەگووتن: "ئەوانەی کۆمەڵگە دەڕزێنن، ئەوانەی تەمبەڵی لەناو مرۆڤایەتیدا دەچێنن" کاتێکیش دەیگووت: "ئەوەی رەنجی نەبێت خۆشەویست نییە" مەبەستی لەو جۆرە کەسانە بوو. خۆشەویستی و رەنج لەلای ئەو دوو دیاردەی پێکەوە بەند و گرێدراو بوون و هەڵوێستی لەمەڕ رەنج و خۆشەویستی مرۆڤیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو. بە ئەندازەی رێزگرتنی لە رەنج لەبەرامبەر بە چەوتییەکانیش کاردانەوەی هەبوو. بەڵام نەک بەجۆری پەراوێزخستن و فڕێدان، کاردانەوەیەک کە لەسەر تەرز و شێوازی بەدەستخستن و پەروەردەکردن بوو. چەمکی ((کەسێک ئەگەر لایەنێکی رزگارکردنی تێدا مابێت، هەوڵ بدەیت رزگاری بکەیت))ی هەبوو.

(ساکینە) کە تیژبین، بەبڕیار و لەبەرامبەر بە چەوتییەکان توندبوو، لەبەرامبەر بە کەموکورتییەکانیشی هەر بەو پێوانەیە

بەزەبر بوو، هاوکات سادە و خاکییش بوو. کاتێک لەمەڕ یادگارییەکانی دەدوێت، سەرەڕای ئەوەی خۆی پاڵەوانی زۆرێک لە ڕووداوەکانیشە، کەچی بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا دانی پێدانانێت. وەک سەبارەت بە هونەری نووسینی یادنامە ئاماژەمان پێدا ((جۆرە گێڕانەوەیەکی ڕاستییەکانە وەکو خۆی)). ئەمە ڕاستە، بەڵام (ساکینە) کاتێک ڕووی ئاوێنەکە لەخۆی دەگرێت، زۆر وریا و تابڵێی دڵنزم و خاکییانە دەجوڵێتەوە.

ئاشکرایە کە هەڤاڵ (ساکینە) یەکێکە لە یەکەمین ژنە ملیتانەکانی بزووتنەوەی (PKK). هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە تا ببێت بە (PKK)یی، لەگەڵیدا ڕێبکات و لەناو خەباتی ڕێکخستنییدا جێگە بگرێت. وەک خۆی بە (PKK)ەوە نوساندبێت خۆی بە قبوڵکردن داوە. سەرەڕای هەموو گوشار و ڕێگرییەکی کۆمەڵگە، دەوروبەر و خێزانەکەی، ئەم ڕێگەی ئەنکەرەی گرتۆتەبەر و بەردەوام هەوڵیداوە پەیوەندییەکی یەک جەستەییانە لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردستاندا دروست بکات. بۆ ژنێکی دی ئەم جۆرە هەوڵانە زۆر ئەستەمبوو. بەڵام هەڤاڵ (ساکینە جانسز) بەسەر ئەو ئەستەمی و زەحمەتییەدا سەرکەوت، کە سەرکەوتن بەسەر ئەستەمییەکاندا لەناخیدا هەبوو، کەچی سەرباری ئەوەش ئەم ڕاستینەیەی خۆی نەهێناوەتە زمان.

بۆ نموونە، لە یەکەم بەرگی یاداشتەکەیدا ئەم تایبەتمەندییەی زۆر لەدواوە داناوە. لە بەرگی دووەمیشدا ڕۆژانی زیندانیی گێڕاوەتەوە، لێرەشدا کاتێک ڕووی ئاوێنەکە لەخۆی دەگرێت زۆر خاکییە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبوو لە بەرخودانەکان لە زیندانی ئامەد دا. بڕیارداری لە قۆناخی بەرخودانیی دا، ڕاوەستانی توندی لەبەرامبەر بە

تەسلیمییەت، هەڵوێستی ڕێگە نەدان بەهیچ لاوازییەک لەبەرامبەر بە (ئەسەد ئۆکتای یڵدران) کە سەرەکیترین جەلادی زیندان و لێپرسراوی سەر بە کودەتابوو، بوو بە هێزی پێشەنگی ئاراستەپێدەری بەرخودان. تەنانەت بوو بە کەسایەتییەک کە خودی (ئەسەد ئۆکتای) ڕێزێکی گەورەی بۆ دابنێت، ئەمەش نەک تەنیا لە بەرخودانی کردەییدا، بەڵکو لە دادگاکانیشدا وەک ئیرادەیەکی گەورە هاتبووە پێشەوە. وەک خۆڕاگرێک کە دیوانی دادگاش سڵیان لێدەکردەوە، ببووە خەونی پڕ لەسام بۆ دانپێدانەر، تەسلیمکار و خاینەکانیش. هەر کاتێک لە دانیشتنی دادگاییەکاندا بۆ بەرپەرچدانەوەی دانپێدانانی خیانەتکارەکان دەستی بەرز بکردایەتەوە، دیوانی داد لەنێوان ڕێگەپێدان و نەداندا ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد، دەستوور بدەن یان نەدەن، دیوانی دادگا لەم دووبەندییەدا بەردەوام بێ بڕیار دەمایەوە.

بەگشتی لە هەموو دانیشتنێکی دادگاکاندا (کێشە)ی گەورەی دەنایەوە. بەسەر سەری دادگاوە دەبوو بە (بەلا). دیوانی دادگا دەتگووت لەهەوڵێکی زۆر تایبەت دان تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ (ساکینە) ڕووبەڕوو نەیەن. لەکاتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراوی دیوانی دادگا و دانیشتنەکاندا و لەناکاو دەشیا هەڵبسێت و بڵێت:"بانگەشەنامە[2]ی ئامادەکراوی دۆزگەر[3] گەلاڵەی پیلانێکی خۆتانە، بەتایبەتیش ناچارم قسە لەسەر ئەو پارچە کاغەزەیان بکەم کە جگە لە لەکەدارکردنی تەڤگەرەکەم بەکەڵکی هیچی تر نایەت. من (PKK)ییم و ئێوەش بەهۆکاری (PKK)یی بوونم، دادگاییم دەکەن. نەک خۆم و کەسایەتی خۆم، بەڵکو ئەرکی

---

[2] ئیدیعانامە
[3] قازی

سەرشانمە پارێزگاری لە تەڤگەرەکەم، لە پارتی (PKK) بکەم کە ئەندامم تیایدا و پێویستە لەسەرم ئەم پاراستنە بکەم." لە دۆخی وەهادا دیوانی دادگا کە لەلایەن کودەتاچیەکانەوە بەتایبەتیش بۆ بێکاریگەرکردنی کوردان و (PKK) و گەنجە ئاپۆچییە شۆڕشگێڕەکان دەستنیشان و ڕێکخرابوون، هەرگیز قورتار نەدەبوون. یان ناوبڕیان بە دانیشتنەکان دەدا، یان ئەوەتا دەستووری قسەیان بە (ساکینە) دەدا. دادوەرەکان ئەگەر دەستووریشیان پێ بدایە، نەیاندەتوانی لەکاتی تریشدا ڕێگری لە هەڵسان و قسەکردنی بگرن. چونکە هەڤاڵ (سارا) ژنە ملیتانی شەڕێک، دۆزێک و تێکۆشانێک بوو. لێوانڕێژبوو لە ڕۆحێکی ئاپۆچییانە کە پێداگیر و سوورە و دەزانێ چۆن مافە زەوتکراوەکانی بەدەست بخات و دەزانێت چۆن ئەنجام وەردەگرێت. هەڵگری هەڵوێستێکی زۆر بێ ئامان بوو لەبەرامبەر بە دانپێدانەر و تەسلیمکارەکان و بەتایبەتیش کەسانی وەک (شاهین دۆنمەز) و (یڵدرم مەرکیت). هەر کاتێک ئەوان قسەیان بکردایە ئەمیش قسەی دەکرد، ڕاستتر وایە بڵێین هەوڵی دەدا قسە بکات. چونکە سەرۆکی دیوانی دادگا مافی قسەی پێ نەدەدا، بەردەوام هەوڵیان دەدا ڕێگری لێ بکەن. (ساکینە) تا سەر ئێسقان بە کاردانەوە و خاوەن هەڵوێست بوو لە دژی (شاهین دۆنمەز) و (یڵدرم مەرکیت) و دانپێدانەرە (گەنجە کەمالیستەکان)ی تر. هەر کاتێک ئەوان قسەیان بکردایە، ئەم هەڵیدەدایێ و دەیگووت:"ئەگەر مافی قسەکردن بە دانپێنەران بدەن، دەبێت بە منیشی بدەن" و داوای مافی قسەی دەکرد. بەگشتی لەسەرجەم دانیشتنەکاندا بەرد کێشان بە ڕووی دیوانی دادگا ببوو بە هەڵوێستێکی ڕۆژانەی. لەو هەلومەرجەدا و لەو دۆخە وەحشەتناکەدا هەڵوێستێکی بەوجۆرە وێنەی نەبوو.

سەرکردنە سەر دادوەرانی سەر بە رژێمی 12ی ئەیلول، واتای سەرکردنە سەر (کەنعان ئەڤرەن)[4] بوو. مەگەر هەر ئەوە (ساکینە جانسز)نەبوو کە سەری دەکردە سەریان و تەنانەت سووکایەتیشی پێ دەکردن؟!. هەڤاڵ (ساکینە) ئەمانەی نەنووسیوەتە و هەندێک رووداویشی بەشێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ نووسیوە. چجای کە سەراپا وەک کۆتەڵێکی بەرخودان کانگای مۆراڵی سەرجەم زیندانییان بوو، بوێرییەکی گەورە و هێزێکی گەورە بوو بۆ ئەوان. (ساکینە) لە ریزی زیندانییانی زیندانی ئامەد وەک سەرکردەیەکی گەورەی بەرخودان دەبیندرا. لە باسکردنی ئەو قۆناخەشدا زیاتر هێڵە گشتییەکان و هەڵوێستی هاوڕێیانی دیتری باسکردووە، بەڵام لێرەشدا وەک هەمیشە بەسەر هەڵوێستەکانی خۆیدا بازی داوە. هەڤاڵ (ساکینە) قۆناخی زیندان بە "قۆناخی جەنگاوەرییەکی قەبا و راشکاو و جۆرە سەرهەڵدێرییەک" هەڵدەسەنگێنێت. تەنیا ئەمەش نەبوو، تەنیا شەڕێک نەبوو لەواتایەکی قەبادا ئەنجامی دابێت، لە هەمانکاتدا وەستا و پسپۆڕی بەرخودانێک بوو کە بەشێوەیەکی زۆر جوان بەرخودانی دەژییا و وەکو هونەرێک لێکیدەدایەوە...

لە بەرگی سێهەمی (ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو)ش دا هەڵوێستێکی هاوشێوەی وەبەرگرتووە. هەڤاڵ (ساکینە) لەم بەرگەدا باسی شاخ دەکات. باسی دەرکەوتنی لە زیندان، ئەورووپا و لەوێشەوە گەیشتنیمان بە شاخ بۆ دەگێڕێتەوە. بەزمانێکی پاراو حەز و ئاواتی شاخمان بۆ باس دەکات. دوای تەمەنێکی دوور و درێژی لە زیندان، گەیشتنی بە شاخ بۆ ئەو

---

[4] سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەنجامدەری کودەتا سەربازییەکەی 1980ی تورکیا بوو.

وەکو شۆڕشێکی گەورەیە. بەڕاستیش ئەو هەڤاڵ (ساکینە)یەی لە زیندانەکاندا جێگەی نەدەبووەوە، ئێستا لە شاخەکاندا، لەگەڵ هەڤالانی پێکەوە لەخاکی ولاتی ئازاد دایە، هیچ بەختەوەرییەک هەیە شان لە شانی بدات؟ کە خۆیشی دەڵێت: "نەخێر، ئێستاش بڕوا ناکەم، لەو شاخانە دام کە بە خەیاڵیشمدا نەدەهات. ئێستا بەڕاستیش ئازادم، لەگەڵ هاوڕێیانم بۆ تێکۆشان لەدژی ئەو دووژمنەی من و گەلەکەمی ئەشکەنجە کرد، لە شاخە ئازادەکانم".

هەڵبەتە ئاواتی هەڤاڵ (ساکینە) بۆ گەیشتن بە (ڕێبەر ئاپۆ)ش هاتە دی کە بەردەوام لە دڵی دابوو. (ساکینە) دەڵێت:"ماوەیەکی دوور و درێژبوو سەرۆکم نەبینی بوو" و بەم شێوەیە باس لە یەکەم هەنگاوی بۆ ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز)[5] دەکات:"ئێستاکە لە بەردەم یەکتردایین، لە تەنیشت یەکەوەین و پێکەوە دەڕۆین، بەرەوڕوو سەیرم دەکات و پێدەکەنێت. ئەمە ڕاستییە. بەڵێ، خەونێک نییە، کابووسێکیش نییە کە لە دالانە تاریک و تروکەکانی زیندان بینیبێتم. ئەمە ڕاستییە. لە ئامێزگرتنی گەرم و هاوڕێیانەم لەگەڵ سەرۆک ئاپۆ، ڕاستییە..!"... هەروەها دەشڵێت:" ئەمانەش هاوڕێیەکانی ترمن؛ هاوڕێیانی شاخ؛ ئەو هاوڕێیانەمن کە دەمگووت: تۆبڵێی ڕۆژێک بێت بیانبینم...".

هەڤاڵ (ساکینە) وەک شۆڕشگێڕ و مرۆڤێکیش هەڵبەتە تووشی بەهەڵەداچوونیش ببوو. هەندێک جار وەکو هەموو شۆڕشگێڕێکی تر تووشی نائومێدیش دێت، چەوتی و هەندێک

---

[5] یەکەمین ئەکادیمیای پەروەردەی تیۆری و کردەیی (PKK) یە کە لەسەرەتای سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە بیقاعی لوبنان لەلایەن ڕێبەر عەبدوللا ئۆجالانەوە دامەزرا بوو و هەزاران کادیری تێدا پەروەردە کرد.

هەڵوێستیشی هەبوون کە ناوەناوە هەڵگری بوو. ئاسان نییە بۆ چەندین ساڵ لە زیندان ببیت و دواتر لە دەرەوە هەڵە و چەوتی نەکەیت. ئاسۆی زیندان و ئاسۆی شاخ جیاوازن. دیارە لە پەنجەرە بچکۆلە، تەسک و بە شیشی ژەنگاوی تەنراوەکەی زیندانەوە روانین لە جیهان شتێکە و لە چیا ئازاد و ناکۆتا و تاڕادەیەک بێ سنوورەکانەوە روانین لە جیهان شتێکی ترە. ئاسان نییە بتوانیت لە شاخەکانیش چەوتی، خوو و راهاتنەکانی ناو زیندانەکان پەیدا بکەیت. لێرە هاوڕێیانی لە شاخە ئازادەکان دەستبەجێ چەوتییەکانی زیندان لە هەڤاڵ (ساکینە)دا دەبینن و پێی دەڵێن. بە ئامانجی رزگاربوونی (ساکینە) لە بەهەڵداچوونەکانی ناو زیندان، گفتوگۆی زۆر تایبەت و پلاتفۆرمی پێویست پێکدەهێنن. لەم بارەیەوە هەڤاڵ (ساکینە) دەڵێت:"لەناو بەرخودانییەکی گەورەدا بووم، کێشەیەکم نەبوو بەناوی قانیع بوونەوە. کێشەکەم زیاتر ئەوەبوو بەرگری لە حاڵی حازر بکەم و راستی ئەو کردارانەم بسەلمێنم کە لەزیندان هەمبوون". هاوکات دەڵێت: "زۆر بیرم لێدەکردەوە و دەمگووت: باشە کارەکە بۆچی بەم چەشنە دەڕوات" و خۆی و دەوروبەری دەخاتە بەر لێپرسینەوە. دەگات بەو ئەنجامەی کە لەناو چەقبەستنێک دایە و دەڵێت: "متمانەم بە بزووتنەوە، بە تێکۆشان و بە (سەرۆک) تا کۆتایە، بەڵام هەست بە زەحمەتی دەکەم لە قانیعبوون دا".

هەڵبەتە رقئەستوورییەک نەبوو کە کۆنترۆڵی لەدەست دابێت، بەردەوام خۆی کۆنترۆڵ دەکرد، بە بەهەند وەرگرتنی خۆی، ئاییندەی، تێکۆشانی، شەهیدان و ئەو شەڕ و تێکۆشانەی لە زینداندا کردبووی هەنگاوی هەڵدەگرت. جاروبار بە کاردانەوەی سۆزدارییانە، جاروبار لەژێر کاریگەرییەکانی

زینداندا دۆخی هەنووکەیی نەدەگرتە بەرچاو، بەڵام دەیزانی کە هەر رەفتار و جوڵەیەک بەرەو کوێی دەبات و بەو جۆرە هەڵوێستی خۆی دەستنیشان دەکرد. واتا دوا بڕیاری لەسەر بنەمای پابەندبوون بە هاوڕێیانی، بە پارتییەکەی و بە ڕێبەرەکەی وەردەگرت.

ئاشکرایە کە بۆ قانیع کردنی هەڤاڵ (ساکینە) هەوڵێکی تایبەت دراوە، بەجۆرێک کە هەموو کەسێک کەوتۆتە گەڕ. چونکە هەموو کەس، هەموو کادیر، هەموو شەڕڤان و هەموو گەریلایەک هەڤاڵ ساکینەی دەناسی، دەیانزانی و زانیارییان هەبوو لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی لە زینداندا. لەو ژووری پەروەردەیەیی کە (ڕێبەر ئاپۆ)ی تیادا بوو تەنیا وێنەی هەڤاڵ (ساکینە) لە ریزی وێنەی شەهیداندا هەڵواسرابوو. بەو دیوارەوە کە وێنەی (مەزلوم، خەیری، کەمال و عەگید) هەڵواسرابوون، وێنەی هەڤاڵ (ساکینە)ش هەبوو کە هێشتا لە ژیاندابوو. هەر بۆیە هەر گەریلایەک دەیناسی. (ڕێبەر ئاپۆ) دەڵێت:"ئەو؛ شەهیدێکی زیندووە" و وێنەکەی بە دیواری ژوورەکەیدا هەڵدەواسێت. ئێستا ئەم (شەهیدە زیندووە) بە پێداگرییەوە بەرخوردان دەکات، زمانی (کۆن)ی بەدەر لە زمانی راستینەی هەنووکەی شاخ و شەڕ بەکار دەهێنێت. بەمەش لەلایەک دڵگران دەبێت و لەلایەکی تریشەوە بەدوای چارەی خۆ قانیعکردندا دەگەڕێت. هەر بەم هۆکارە (ڕێبەر ئاپۆ)ش بە پێداگری و سووربوونەوە چەند ڕێبازی قانیعکردنی هەبێت هەر هەمووی دەخاتە گەڕ و دەیەوێت (ساکینە) سەرلەنوێ لە خۆڵەمێشەکەی بخولقێنێتەوە.

هەڤاڵ (ساکینە)ش دەرک بەو هەوڵانە دەکات، ئەویش لەناخی خۆیەوە هەست بە داخ و دڵگرانی ئەو دۆخەی دەیکات

کە چۆن بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەگەڵ هاوڕێ و هەڤاڵ و ڕێبەرەکەی نەیتوانیوە هاو فیکربێت. دەبینێت کە هەموو کەسێک کەوتوونەتەخۆ بۆ قانیعکردنی ئەو، هەوڵەکانی (ڕێبەر ئاپۆ) دەبینێت، بۆیە دەڵێت: "لەکاتێکدا هەموو کەس لێم تووڕە دەبوون و زۆرێک لە هەڤاڵان دژبەرایەتییان دەکرم، سەرۆک بەتایبەت گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم، ئارام ئارام گوێی بۆ رادەگرتم و هەوڵی دەدا قانیعم بکات. بەڕاستیش بەرخودانییەکی توندم هەبوو، بەڵام سەرۆکیش بۆ قانیعکردنم بەرخودانییەکی توندی دەکرد. سەرەنجام گووتم: دڵنیام (سەرۆک) شتێک دەزانێت. هەر لە قۆناخی یەکەمین دەستە و گرووپەوە تا بە ئەمرۆ نەتەوەیەک، گەلێکی لە سفرەوە خوڵقاندەوە و بە هەڵەدا نەچوو، مەحاڵە لەگەڵ منیش بە هەڵەدا بچێت. بۆیە دەبێت سەرەتا باش گوێی بۆ رادێرم، باش قاڵببمەوە و بەشێوەیەکی بێ پێشداوەری، خۆم بۆ خۆقانیعکردن ئامادە بکەم و بەوجۆرە دەست بە جوڵە و رەفتار بکەم و وەهام کرد."... لێرەوە ئیدی بە خاڵی قانیعبوون گەیشتبوو. پێ بە پێ گووتەکانی (ڕێبەر ئاپۆ)، هەڵوێستی گەریلا و ژیانی سەپێندراوی شەڕی دەبینی، تێدەگەیشت و قانیع دەبوو...

بەڵێ؛ هەڤاڵ (ساکینە) ئیدی قانیع ببوو و گەریلایەک بوو لە شاخ، ئەرک و بەرپرسیارێتی گرنگی لە ئەستۆ گرتبوو. بە شاخەکاندا گەڕابوو، بە دەشت، دۆڵ، چەم و بنارەکاندا گوزەری کردبوو. زستانان شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵ بەفر، شەختە، باهۆز و رەشەبا دەکات و هاوینانیش لەبەرامبەر زۆر و زەحمەتی تردا تێدەکۆشێت. بەو رۆحە یاخییەوە کە بۆ ساتەوەختێک نەدەحەوایەوە، هاتەوە بۆ ئەورووپا بۆ سەرلەنوێ بەشداریکردنەوە لە خەبات لەو گۆڕەپانەدا. بەڵام دیسان دوای

ماوەیەکی زۆر کورت غەریبی شاخەکانی کوردستان دەکاتەوە، داوای سەرلەنوێ گەیشتنەوە بە شاخ دەکات و وەکو شۆڕشگێڕێک کە توانای جێبەجێکردنی هەموو خواستێکی هەیە گەڕایەوە بۆ شاخ، بۆ خاکی ئازادی وڵات. زۆری نەبرد کە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئەوروپا و ماوەیەکی کەم بەر لە ڕوودانی کارەساتە گەورەکە بڕیاری بۆ دواجار گەڕانەوە بۆ وڵات، شاخ و نیشتمانەکەی دەدات، بەڵام ئەمجارە نەیتوانی بگەڕێتەوە...

ناوی لە زنجیرە یادگارییەکانی نابوو (ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو). بەڕاستیش ژیانی هەمیشە تێکۆشان بوو. لەبەرامبەر بە دووژمنیش لە شەڕ و تێکۆشاندا بوو لەگەڵ هەڤاڵانیشی. دیارە تێکۆشانی لەدژی دووژمن جیاواز بوو و تێکۆشانیشی لەگەڵ هەڤاڵانی جیاوازتر بوو. بەڵام هەر لە تێکۆشاندا بوو. چونکە ئەو ژنێکی جەنگاوەر بوو، ژنێکی تێکۆشەر بوو، ژنە شۆڕشگێڕێک بوو کە لەدژی کلێشەگەرایی تێدەکۆشا. لەبەرامبەر بە زیهنییەتی پیاوسالاری و کەسە دەسەڵاتپەرستەکان شەڕی دەکرد، لەبەرامبەر بە پێگە و هەڵوێستی کلاسیکی ژنیش. شەڕ و تێکۆشانەکەی لەبەرامبەر بە ڕەگەز نەبوو، بەڵکو لە دژی نەریتی، پاشڤەڕۆیی و زیهنییەتی ناسەردەمیانە بوو، جا هەڵگری ئەو زیهنییەتە و چەمکە ناسەردەمییانە چ ژن یان پیاوبا.

دیارە وەکو ژنێک، شۆڕشگێڕێک، ژنە قزڵباش[6]، وەک ژنە کوردێک کە هەڵوەدای ئازادییە دەزانین کە لەدژی زیهنییەتی

---

[6] سەر بە باوەڕیی عەلەوین، زۆربەیان لە ئەنادۆڵ و باکووری کوردستان نیشتەجێن، هەروەها بەشێکیان لە پاکستان و ئەفغانستانیشن، خاوەن ڕۆڵ بوونە لە بونیادنانی ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لە ناوەڕاستی سەدەی پازدە کە پایتەختەکەی شاری تەبریز و پاشان شاری ئەسفەهانی ئێران بوو.

پیاوسالاری شەڕ و تێکۆشانێکی تایبەتی کردووە. هەڵگری هەڵوێستێک بوو کە هەرگیزاو هەرگیز سازشی لەگەڵ ئەو زهنییەتە نەدەکرد و هەرگیز لێبووردە نەدەبوو لەگەڵیدا، بۆیە زۆرجاران دەیگووت:"کێ چی دەڵێت با بڵێت؛ هەتا هەبم و وەکو ساکینە تا خیانەت لەخودی خۆم نەکەم، تێکۆشانم لەبەرامبەر بە هەڵگرانی ئەو جۆرە زیهنییەتە تێکۆشانێکی تایبەت دەبێت. دەبێت هەمووان ئەم راستییە بزانن".

زۆر بوون ئەوانەی لێی تێنەدەگەیشتن. بۆ نموونە، دەرک بە کەسایەتی سەرهەڵدێرییانەی، گیانی پڕ لە شەڕ و تێکۆشانی، تێکۆشانی سنوورنەناسانەی لەبەرامبەر بە ناکۆکییەکان و دۆخی (نەگونجاو)یی لەگەڵ چەوتییەکاندا، نەکرا. هەندێک گووتیان؛ "ئۆپۆزسیۆنی ئاپۆیە"، هەندێکی تر هاتوهاواری "لە (PKK) دابڕا"یان بڵاو کردەوە، هەندێک ویستیان قوڕی "بیرکردنەوەی جیاوازە"ی لێ بسوون، هەندێکیش بە کوێرەوەری "هاکا ڕۆیشت"ەوە لێیان ڕووانی. کەچی هەر خودی ئەو کەسانە خۆیان بوون لە گەلەکەیان دابڕان، بیرکردنەوەکانیان لە نەتەوەکەیان جیابوو، ناکۆکبوون لە بیر و رامانەکانی و لە شۆڕش هەڵاتن و رایانکرد. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەڤاڵ (ساکینە) کە بە سادەترین، سافترین، خاوێنترین و هەڵوێستی سەرهەڵدێرییانەی ژنی راستەقینەوە پابەندبوو بە شۆڕش، تێکۆشان، (PKK) و (ڕێبەر ئاپۆ) وە، وەکو ژنێکی خۆڕاگر، جەنگاوەر و تێکۆشەر هەرگیز دوودڵی نەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ پابەندتر بوو، گیانی تێکۆشانی توندتر کرد، زیاتریش وەکو ژنە پێشەنگێکی دڵسۆزی هێڵی ئازادیخوازی ژن لە قووڵترین دۆخی هەبووندا بوو. وەکو شۆڕشگێڕێکی دڵسۆزی گیانی (ڕۆزا) و (کلارا زتکین)، بەیداخی شەڕ و تێکۆشانی راستەقینەی ئەوانیشی هەڵگرت و جەنگی. بەکورتییەکەی ئەو؛ لە زۆنگاوی ڕۆژهەڵاتی

ناویندا، لە مەڵبەندی قێزەونییەکانی ئەورووپای ناوەندی سەرەکی مۆدێرنێتی سەرمایەداریدا وەکو گوڵە نیلوفەرێک ژییا...

لام وایە کارێکی راستە ئەگەر بە گووتەکانی ئەو کۆتایی بەم پێشگۆتنە بهێنم:

"(...) لە پەرتووکەکانمدا پانۆرامایەکی زۆر گشتی و قەبای تێکۆشان و شەڕەکانم هێڵکێش کرد. هەوڵمدا شانبەشانی بەسەرهاتەکان هەموو ئەوانەش بخەمەڕوو کە لەگەڵ جەنگاوەرییەکەم چۆن ژیام، چیم کرد، چیم لەدەستدا و ویستم بەچی بگەم. لەنووسینەوەی ئەو رۆژانەدا، رابردووم زیندوو بووەوە. بەڵام نەمویست هیچ شتێک بەزۆر و بەگونجاندن لەگەڵ رۆژی ئەمڕۆ دەستنیشان بکەم. لە یەکەم پەرتووکدا بەدوای شەڕ و تێکۆشانی بەدوادا گەڕانەکانمەوە راکەڕاکم کرد. خێزان، سیستەم، دەوروبەر، کۆن و هەر شتێک کە بەچەوتم زانی بێت، رووبەڕووی خۆمم کردەوە و رۆیشتم، بەتایبەتیش بەبێ ئەوەی گوێ بدەم بەوەی بەرەو کوێ و بەچی دەچم. (...) وەک جەنگاوەرێکی نەبڕاوە، بێ ئۆقرە، ناشارەزا، هەڵەشە، سۆزدار[7] و یاخی وابووم. خۆم بەهەموو شتێکدا دەدا؛ رێ رۆیشتنێکی بێ باکانە. بەڵام راوەستانم بۆ نییە. لەدووەمینیشیاندا جەنگاوەرییەکی راشکاو و قەبا لە بەرامبەر بە دووژمن، بە سەرهەڵدێریی درێژە بە شەڕەکەم دەدەم. بۆ ئەوەی رادەستی دووژمن نەبم، چاونەترسانە دەجەنگم. (...)

لەبەرگی سێیەمیشدا باس لەوە دەکەم کە شێوازی شەڕی کەسێتیم، رووبەڕووی هۆکار و بنەماکانی هەبوونی خۆمی کردمەوە. لەگەڵ هەموو کەسێکدا لە دۆخی ململانێ دام. بەتەواوی دۆخێکی یاخیبوونە! بە هەر یەکێک لەو گووتە و رەفتارانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ بەبێ لاکردنەوە لە

---

[7] عاطفي

راستی هەنووکەیی، بەو کاردانەوە"ریفلێکس"ەی بەدەستم هێنابوو و بەو پێوانانەی کە بەگوێرەی خۆم نیشانم دەدان هەم تووشی زەحمەتیم دەکرد و هەم خۆشم تووشی زەحمەتی بووم...

(....) بەڵێ، راستینەی هەر یەکێکمان پڕە لە رووداوێکی زۆری لە ژمارە نەهاتووی ئاوەها ئاڵۆز و خۆڕسکانە. هەموو ئەوانەی لە من و لە ئێمەدا دەرکەوتنەڕوو و دەردەکەون؛ سەراپای راستییەکانمانن. بەڵام راستی ئاپۆچیانە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هاوکات لە دۆخی شەڕێکی چڕوپڕ لەبەرامبەر بە تێکڕاییاندا پەرەسەندنێکی بێ وێنەی خوڵقاند. تایبەتمەندی و خۆسەری جەنگاوەریی ئاپۆچیانە لێرەدا بەواتای خۆی دەگات. چونکە هیچ شەڕ و جەنگێکی تر بەهێندەی ئەمیان لەناخی خۆیدا دەوڵەمەندی هەڵنەگرتووە. هیچ شۆڕشێک لەناو خۆیدا لەگەڵ یەک بە یەکی تاکەکانیدا ئەوەندە شۆڕشی درێژخایەن و بە ئازار و هاوکات سەرکەوتووانەی بەدی نەهێناوە. هەربۆیە گەرەنتی سەرکەوتنی گەورە لێرەدایە. هەوڵ، رەنج و سەبری بەمرۆڤکردنی سۆسیالیزم و بەرجەستەکردنی لە هەر خانەیەکی زیندوودا لەم تێکۆشانە گەورەیەدا بە جەوهەر و ناوەڕۆکی خۆی دەگات. هەر بۆیە شەڕ و تێکۆشانەکەمان بێ ئامانە، راکێشەر و یەکگرە. من ئاشقی ئەم شەڕ و تێکۆشانەم. هەمیشە هەر بەو هەستەوە رێمکرد کە سۆزم، خۆشەویستیم، ئاوات و خەیاڵەکانم رژاونەتە ناوییەوە. لە ئێستا بەدواوە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەم شانبەشانی لایەنە نەڕژاوەکانم، لەناو قەشەنگیی تێکۆشانی ئاپۆچێتیدا هێزی رۆیشتن و هەنگاوی بە جۆشترم پێ دەدات. دڵم، هزر و هەموو هێزم دەخەمە ناو تێکۆشانی سەرکەوتنەوە...".

**فوئاد کاڤ**

**هاوڕێبازی ساکینە جانسز لە زیندان**

# ژیانم

## هەمیشە تێکۆشان بوو

## دوا گووتە...

گەیشتمە کۆتایی کاری نووسینێک کە هۆکارەکانی نووسین و پێنووسین، کات و هەلومەرجەکەی لە زۆر رووەوە جیاواز بوو. بێگومان ئەمە (کۆتایی)یەک نییە کە خاڵێک لەبەردەم بەسەرهاتەکاندا دابنێت، بەپێچەوانەوە هەوڵمدا شەڕ و تێکۆشانم لەسەر زەمینەی راستەقینەی خۆی کۆبکەمەوە کە رووداوەکانی بەپێی کاتە و دابەش بووە بەسەر کاتی جیاجیادا، هەروەها ئەوەی دەستم پێی بگات بۆ گەیاندنیان بە رۆژی ئەمڕۆمان جێبەجێی بکەم و هەوڵیشمدا ئەم هێزە لەخۆمدا پەیدابکەم. چونکە هەموو شتێک لەسەر ئەم زەمینەیە لێکجیا دەبێتەوە و دەبێتەوە بە خۆی.

بەڵێ؛ ئەگەر ژیان بریتی بێت لە شەڕ و تێکۆشان، لە مەمیلەکانییەوە پاڵفتە بکرێت و وەها بە پووختترین واتای خۆی دەگات، کەوابوو شەڕ و تێکۆشانیش بەردەوام دەکات. (سەرۆک) کاتێک باسی لەم پەرتووکانەم کرد پێیگووتم: "ئیدی دەتوانی (رۆمانی سەرکەوتن)یش بنووسیت". دەشێت دەرفەتی نووسینی (رۆمانی سەرکەوتن)م نەبێت و دەستم نەکەوێت، بەلام لە شەڕ و تێکۆشانمدا بەبڕیارم لە گەیشتن بە شێوازی سەرکەوتن. بەتایبەتیش کە دەبینم شەڕەکانم رێگەیان بۆ چۆن کارەساتێک کردۆتەوە و چۆن هەست بەو ئێش و ئازارە گەورەی دەکەم، باشتر تێدەگەم کە پێویستە مسۆگەر بەو شێوازە بگەم.

لە پەرتووکەکانمدا پانۆرامایەکی زۆر گشتی و قەبای تێکۆشان و شەڕەکانم هێڵکێش کرد. هەوڵمدا شانبەشانی بەسەرهاتەکان هەموو ئەوانەش بخەمەڕوو کە لەگەڵ

جەنگاوەرییەکەم چۆن ژیام، چیم کرد، چیم لەدەستدا و ویستم بەچی بگەم. لەنووسینەوەی ئەو رۆژانەدا، رابردووم زیندوو بووەوە. بەڵام نەمویست هیچ شتێک بەزۆر و بەگونجاندن لەگەڵ رۆژی ئەمڕۆ دەستنیشان بکەم.

لە یەکەم پەڕتووکدا بەدوای شەڕ و تێکۆشانی لێگەڕین(بەدواداگەڕان)ەکانم راکەڕاکم کرد. خێزان، سیستەم، دەوروبەر، کۆن و هەر شتێک کە بەچەوتم زانی بێت، رووبەڕووی خۆمم کردەوە و رۆیشتم، بەتایبەتیش بەبێ ئەوەی گوێ بدەم بەوەی بەرەو کوێ و بەچی دەچم. هاوکات نە تەیاربوونێکی شیاو بە گەورەیی و بەرفراوانی ئەم رۆیشتنە و نە لەپێگەیەکیشدا بووم کە بەشێوەیەکی بەهێز جەنگاوەرییەکەی بەڕێوە ببات: وەک جەنگاوەرێکی نەبڕاوە، بێ ئۆقرە، ناشارەزا، پەلەپڕوز، سۆزدار و سەرهەڵدێرم. بەر هەموو شتێک دەکەوم؛ رێ رۆیشتنێکی بێ باکانە. بەڵام راوەستانم بۆ نییە.

لەدووەمیشیاندا بە جەنگاوەرییەکی راشکاو و قەبا لە بەرامبەر بە دووژمن، بە سەرهەڵدێری و یاخیبوونەوە درێژە بە شەڕەکەم دەدەم. بۆ ئەوەی رادەستی دووژمن نەبم، چاونەترسانە دەجەنگم. بەڵام نەک بەهزر و رێکخراوەییەکی تەواو کە بزانێت بەپێی چی، کەی و بەکام ئامرازانە شەڕەکە دەکەیت. لەم جەنگاوەرییەدا هەلومەرج و ساتەوەختی رێکخراوەبوون لەگەڵ ئەو شوێنانەی هێزیان تیا خەرج دەکرێت بە باشی هەڵنابژێردرێت. جەنگاوەرییەک، بەڵام وەکو راستینەیەکی کراوە بۆ هەموو جۆرە گورزێک.

لە دوابەرگیشدا باس لەوە دەکەم کە شێوازی جەنگانم، رووبەڕووی هۆکار و بنەماکانی هەبوونی خۆمی کردووەمەتەوە. لەگەڵ هەموو کەسێکدا لە دۆخی جەنگ دام. بەتەواوی دۆخێکی

سەرهەڵدانە! بە هەر یەکێک لەو گووتە و ڕەفتارانەی کە ساڵانێکی دوور و درێژ بەبێ لاکردنەوە لە ڕاستی هەنووکەیی، بەو پەرچەکردارەی بەدەستم هێنابوو و بەو پێوانانەی کە بەگوێرەی خۆم نیشانم دەدان هەم هەڤاڵانم و هەم خۆشم تووشی زەحمەتی دەکردەوە...

با ئەوەش بڵێم؛ جێگەم بە تەواوی ڕەفتار و پەیڕەوکارییەکانی دووژمن و سەرجەم ڕووداوەکان نەدا. ئەمانە خۆی لە خۆیدا بابەتی ڕۆمان و وێژە و هونەرن. دڵنیام ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆماننوسە شارەزاکان دەینوسن.

هەربۆیە هەرگیز بانگەشەی ئەوە ناکەم کە بە نووسینەکانم حەقی تەواوەتیم بە بەسەرهاتەکان داوە، بەپێچەوانەوە هەمیشە ئەندێشەم هەبووە کە "پێدەچێت بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ناحەقیم لە زۆر ڕووداو و یادەوەری کردبێت کە نەمتوانیبێ دەریان ببڕم". زۆر کاتیش هەبوو کە دەمگووت: "بریا کەسی تر بینووسیایە". بەتایبەتیش نووسینەوەی ئامەد هێندە ئاسان نییە. بەڵام لەو بڕوایەدام کە حەتمەن دەبێت بەسەرهات و ڕووداوەکان بکرێن بە مێژووی نووسراو، بێگومان لەم بوارەشدا مرۆڤ بەدەست خۆی نییە هەندێک نیگەرانی هەڵنەگرێت. چونکە تا سەر ئێسقان بەهەستکردن بەو گیانەوە و باسکردنی جیایە.

بەڵێ، ڕاستینەی هەر یەکێکمان پڕە لە ڕووداوێکی زۆری لە ژمارە نەهاتووی ئاوەها ئاڵۆز و عەفەوی. هەموو ئەوانەی لە من و لە ئێمەدا دەرکەوتنەڕوو سەراپای ڕاستییەکانمانن. بەڵام ڕاستی ئاپۆچیانە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هاوکات لە دۆخی شەڕێکی چڕوپڕ لەبەرامبەر بە تێکڕاییاندا پێشکەوتنێکی بێ وێنەی خوڵقاند.

تایبەتمەندی و خۆسەری جەنگاوەریی ئاپۆچیانە لێرەدا بەواتای خۆی دەگات. چونکە هیچ شەڕ و جەنگێکی تر بەهێندەی ئەمەیان لەناخی خۆیدا دەوڵەمەندی هەڵنەگرتووە. هیچ شۆڕشێک لەناو خۆیدا لەگەڵ یەک بە یەکی تاکەکانیدا ئەوەندە شۆڕشی درێژخایەن و بە ئازار و هاوکات سەرکەوتووانەی بەدی نەهێناوە. هەربۆیە گەرەنتی سەرکەوتنی گەورە لێرەدایە. هەوڵ، رەنج و سەبری بەمرۆڤکردنی سۆسیالیزم و بەرجەستەکردنی لە هەر خانەیەکی زیندوودا لەم تێکۆشانە گەورەیەدا بە گلێنە و ناواخنی خۆی دەگات. هەر بۆیە شەڕ و تێکۆشانەکەمان بێ ئامانە، راکێشەر و یەکگرە. من ئاشقی ئەم شەڕ و تێکۆشانەم. هەمیشە هەر بەو هەستەوە رێمکرد کە سۆزم، خۆشەویستیم، ئاوات و خەیاڵەکانم رژاونەتە ناو ئەمەوە. لە ئێستا بەدواوە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەم شانبەشانی لایەنە نەرژاوەکانم، لەناو قەشەنگیی تێکۆشانی ئاپۆچێتیدا بە جۆشتر هێزی رۆیشتنم پێ دەدات. دڵم، هزر و هەموو هێزم دەخەمە ناو تێکۆشانی سەرکەوتنەوە...

**لەگەڵ رێزمدا**

**ساکینە جانسز**

## ڕۆژی 26ی ئایاری 1991 بوو... ئازادی!

لە بەرەبەیانی 17ی ئایاری 1979، لە خارپێت دەستگیرکرام... و لە 26ی کانوونی یەکەمی 1990 لە زیندانی چەناک کالە دەرکەوتم و گەیشتم بە ئازادی خۆم...

لەکوێوە بۆ کوێ...

ڕەنگی نیلیی دەریاکە تا بڵێی دڵڕفێنە! بریقەی ئاورینگی تیشکی خۆر جوانییەکی تری بە دەریاکە داوە. کەشەکەش زۆر خۆشە.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند دۆستێکی ناسیاوی (بەسرا)، بە پاس بەرەو ئەستەنبۆڵ کەوتمە ڕێ. بەدرێژایی ڕێگە بیر و خەیاڵم لای ئەو دوارۆژەی لای هەڤاڵانم، دڵسۆزی و گەرمیی بارتەقای چەندین ساڵەی ئەو ڕۆژە بوو...

تێرنەبووم لەو هاوڕێیەتییە خۆشەی ئەو ڕۆژگارە... پاش ماوەیەک لە سەردانی کەسوکار، هەڤاڵ و ناسیاوان بۆ گەیشتن بە پارتیم و بە هەڤالانم کە ساڵەهایە بە ئاواتییەوە بووم، دەستم بە ئامادەکاری ڕۆیشتن کرد. پەیوەندییەکان ڕێکخرابوون و هەڤالانیش هەموو شتێکیان ئامادەکردبوو. ڕۆژێک هەواڵ هات، گووتیان "دەڕۆیت". خۆم کۆکردەوە و کەوتمە ڕێ.

بە کۆمەڵێک جانتای گەورە و خشڵ و زێڕێکی زۆرەوە لە فڕۆکەخانە سواری فڕۆکە بووم. (وەلی) سەبارەت بە پاسپۆرتەکەم دەیگووت: "یەکەمجارە ئەوەندە گومرک دەدەین". (500) مارکی ئەڵمانییان لێوەرگرت!. ئاگادارکردنەوەیەکی پێدام و گووتی: "هەواڵمان ناردووە، لە فڕۆکەخانە پێشوازیت دەکەن. بەڵام نابێت بە تورکی قسە بکەیت. پارەکانیش بگۆڕە، ئەو

تایبەتمەندی و خۆسەری جەنگاوەریی ئاپۆچیانە لێرەدا بەواتای خۆی دەگات. چونکە هیچ شەڕ و جەنگێکی تر بەهێندەی ئەمەیان لەناخی خۆیدا دەوڵەمەندی هەڵنەگرتووە. هیچ شۆڕشێک لەناو خۆیدا لەگەڵ یەک بە یەکی تاکەکانیدا ئەوەندە شۆڕشی درێژخایەن و بە ئازار و هاوکات سەرکەوتووانەی بەدی نەهێناوە. هەربۆیە گەرەنتی سەرکەوتنی گەورە لێرەدایە. هەوڵ، رەنج و سەبری بەمرۆڤکردنی سۆسیالیزم و بەرجەستەکردنی لە هەر خانەیەکی زیندوودا لەم تێکۆشانە گەورەیەدا بە گلێنە و ناواخنی خۆی دەگات. هەر بۆیە شەڕ و تێکۆشانەکەمان بێ ئامانە، راکێشەر و یەکگرە. من ئاشقی ئەم شەڕ و تێکۆشانەم. هەمیشە هەر بەو هەستەوە رێمکرد کە سۆزم، خۆشەویستیم، ئاوات و خەیاڵەکانم رژاونەتە ناو ئەمەوە. لە ئێستا بەدواوە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەم شانبەشانی لایەنە نەرژاوەکانم، لەناو قەشەنگیی تێکۆشانی ئاپۆچییتیدا بە جۆشتر هێزی رۆیشتنم پێ دەدات. دڵم، هزر و هەموو هێزم دەخەمە ناو تێکۆشانی سەرکەوتنەوە...

**لەگەڵ رێزمدا**
**ساکینە جانسز**

## رۆژی 26ی ئایاری 1991 بوو... ئازادی!

لە بەرەبەیانی 17ی ئایاری 1979، لە خارپێت دەستگیرکرام... و لە 26ی کانوونی یەکەمی 1990 لە زیندانی چەناک کالە دەرکەوتم و گەیشتم بە ئازادی خۆم...

لەکوێوە بۆ کوێ...

رەنگی نیلیی دەریاکە تا بڵێی دڵرفێنە! بریقەی ئاورینگی تیشکی خۆر جوانییەکی تری بە دەریاکە داوە. کەشەکەش زۆر خۆشە.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند دۆستێکی ناسیاوی (بەسرا)، بە پاس بەرەو ئەستەنبۆڵ کەوتمە رێ. بەدرێژایی رێگە بیر و خەیاڵم لای ئەو دوارۆژەی لای هەڤالانم، دڵسۆزی و گەرمیی بارتەقای چەندین ساڵەی ئەو رۆژە بوو...

تێرنەبووم لەو هاورێیەتییە خۆشەی ئەو رۆژگارە... پاش ماوەیەک لە سەردانی کەسوکار، هەڤاڵ و ناسیاوان بۆ گەیشتن بە پارتیم و بە هەڤالانم کە ساڵەهایە بە ئاواتییەوە بووم، دەستم بە ئامادەکاری رۆیشتن کرد. پەیوەندییەکان رێکخرابوون و هەڤالانیش هەموو شتێکیان ئامادەکردبوو. رۆژێک هەواڵ هات، گووتیان "دەرۆیت". خۆم کۆکردەوە و کەوتمە رێ.

بە کۆمەڵێک جانتای گەورە و خشڵ و زێرێکی زۆرەوە لە فرۆکەخانە سواری فرۆکە بووم. (وەلی) سەبارەت بە پاسپۆرتەکەم دەیگووت: "یەکەمجارە ئەوەندە گومرک دەدەین". (500) مارکی ئەڵمانییان لێوەرگرت!. ئاگادارکردنەوەیەکی پێدام و گووتی: "هەواڵمان ناردووە، لە فرۆکەخانە پێشوازیت دەکەن. بەڵام نابێت بە تورکی قسە بکەیت. پارەکانیش بگۆرە، ئەو

شتانەی تریشت لەیاد بێت کە پێم گووتوویت..."، پاشان تەوقەمان کرد و ڕۆیشت.

ناو فڕۆکەکە زۆر قەرەباڵغ نەبوو. شوێنێکی زۆری تیابوو. کەسیشم لەلاوە نەبوو. وەها باشتر بوو، گونجاوتر بوو بۆ بیرکردنەوە لە تەنیاییەکەم. ئەوەندە خەیاڵ و خرۆشم هەبوو کە بێ ئۆقرەی کردبووم. دەتگووت کات ناڕوات و جوڵە راوەستاوە. یەکەم جاربوو دەچووم بۆ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوین. تۆبڵێی دیمەشق شوێنێکی چۆن بێت؟ لوبنان، ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز)، هەموویم مەراق دەکرد. ئەوەندە سەیری وێنەکانی ئەکادیمیام کردبوو، هەموو ئەو شوێنانەییم لەبەر کردبوو کە وێنەیان گیرابوو. رۆژنامە[8]ی ناو زیندان زۆر پڕ و دەوڵەمەند بوو. وێنەکانی (سەرۆک)، شەهیدان و تابلۆی ئەکادیمیا جوانترین لایەنی زیندانەکە بوون. بەڵام بەهارم لەدەست چوو بوو، ئاداریش بەرەو کۆتایی دەچوو. حەتمەن ئەوێ لە مانگی ئادار و نیساندا زۆر خۆشە. خۆزگە بمتوانیبا هەر کە دەرکەوتم بهاتمایە.

(5) پێنج مانگ بەسەر دەرکەوتنم لە زیندان گوزەری بوو. (22) رۆژیش بوو لە تورکیا دەرکەوتبووم. رێک لە رۆژی 1ی ئاداردا لە فڕۆکەخانەی یەشیل کیۆی ئەستەنبوڵ سواری فڕۆکەیەکی یۆنان ببووم. بەهۆی ترانزێتەوە هەندێک ئاڵۆزی روویدا. هەڤاڵان لە شتوتگارد چاوەڕێم بوون، کەچی من هاتبووم بۆ کۆڵن. هیچ ناونیشانێکیشم لەلا نەبوو. جگە لە دۆلار هیچ جۆرە پارەیەکی تریشم پێ نەبوو. نەمدەتوانی ژێتۆن[9] بکرم. تەنیا ژمارەی تەلەفۆنی (فەر..)م لە بیر بوو. بە ئەڵمانییە

[8] نشرة - بلاوكراوە.

[9] - بلیت یان پارەی تایبەت بە تەلەفونە گشتییەکان.

نیوەناچڵییەکەم هەوڵمدا ژن و پیاوێک لەدۆخی خۆم تێبگەیەنم. ئەوانیش کە تێگەیشتن، پارەی تەلەفۆنکردنێکیان پێدام. دۆلارەکەی دەستمیان قبوڵ نەکرد، منیش سوپاسم کردن و دواتر تەلەفۆنم بۆ (فەر..) کرد. دۆخی خۆمم بۆ باسکرد و ژمارەی تەلەفۆنی کۆمیتە و بەرخودان[10]م لێوەرگرت.

بەهۆی درەنگی کاتەوە ناچاربووم بچمە ئوتێلێک. ناونیشانی ئۆتێلێکم لەو لیستی ناونیشانانەی کە بەدیواری دەروازەی فڕۆکەخانەوە هەڵواسرابوون وەرگرت و بە تەکسییەک چووم بۆ ئوتێل. کەچی نەمزانی کە مێژووییترین گەڕەکی کۆڵنم هەڵبژاردووە! ئوتێلەکە لە شوێنێکی پڕ ئاسەوار بوو و خۆیشی لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، شوێنەکەی سادە و ئارام بوو. پاشان دەستبەجێ پەیوەندیم بە کۆمیتەوە کرد. ئەوەی وەڵامی دامەوە گووتی: "من حسێنم، هەر ئێستا دێم".

بە پاسپۆرتی ساختە لە ئەستەنبوڵ دەرکەوتم. چۆن لە زیندان دەرکەوتم سەرباری ئەوەی وێنەشم بۆ ناردبوون، کەچی دوای چەندین مانگ بۆیان هێنابووم. لەو ماوەیەدا چەندین کەناڵ و ڕێگەی دەرکەوتنم پەیداکردبوو، بەڵام هەڤاڵان دەیانگووت: "ئەگەری هەیە ئەو ڕێگە و کەناڵانە دروست نەبن، سەبر بکە!" و نەیاندەهێشت. لە ڕاستیدا ئەگەر لەبەر (سەرۆک) نەبووایە من پێداگریم دەکرد و دەردەکەوتم. دووەم ڕۆژ لە دوای دەرکەوتنم لە زیندان بە تەلەفۆن لەگەڵ (سەرۆک) قسەمان کرد. (سەرۆک) پێیگووتم: "ماوەی چەند مانگێک فەرمییەتی خۆت بەکار بهێنە. دۆستگەلێک هەن، سەردانیان بکە و سەردانی ئەوانیش قبوڵ بکە. تەنانەت دەتوانن شوێنێکیش بگرن با دۆستان بێن بۆ لاتان.

---

[10] یەکێک لە ئۆرگانە فیکری و ئایدۆلۆژییەکانی (PKK) بوو لە دوای نیوەی هەشتاکانەوە بە فەرمی لە ئەوروپا دەردەچوو.

پەلە مەکە، دێیت..." ئەگەر ئەمانە نەگووترابان، مسۆگەر ئەوەندە ئۆقرەم نەدەگرت...

لەگەڵ (حسێن) وەکو بڵێی پێشتر یەکترمان ناسیبێت دەست بەجێ گەرم بووین. ئەو هێشتا نەهاتبووە ژوورەوە من لە هۆڵی چاوەڕێکردن هەستم پێکرد. خەندەمان لەسەر لێو بوو. بە هەست یەکترمان دەناسی کە (حسێن) هات پێمگووت: "(PKK)یی بوون بەسە بۆ یەکتر ناسینەوە، هەستمان بە یەکتر کرد وانییە؟" ئەویش ئەرێی کرد و گووتی: "بەڵام من وێنەی تۆم بینی بوو. گەرچی ئێستا جیاوازیت". هەڵبەتە تۆزێک گۆڕابووم.

تەنانەت تۆزێکیش نا، وەک (عەلی ئیحسان) و ئەوان دەیانگووت: "زۆر گۆڕابووم". بەر لەوەی بکەومە ڕێ لە ئارایشتگە قژم چاککردبوو، پێویست بوو لە وێنەی ناو پاسپۆرتەکە بچم. سووکە میکیاجێکیشیان بۆ کردم. گەرچی ئاسەواریشی نەمابوو، جگە لە نینۆکەکانم کە بۆیەی سەدەفیان پێوە بوو، ئەویش مەگەر بە جۆرە ئاوێکی تایبەت لێیبچێتەوە، کە بەو نیوەشەوە لە ئوتێل چۆن پەیدام بکردایە. لە ڕاستیدا هەستیشم پێ نەکردبوو. هەمووانیش دەیانزانی کە لەناو ئەو کابرایانە بە پاسپۆرتی ساختە، بە فڕۆکەی خۆیان و لەڕێگەی یاساییەوە دەرکەوتبوومە دەرەوەی وڵات. پێدەچێت هەندێک شتیش پێویستی نەکردایە، بەڵام بەهۆی فرەگومانیی و نیگەرانی "با دەستگیرکردن نەیەتە ئاراوە" هەندێک ڕووالەتم گۆڕی بوو. تەنانەت گەردانەی زیوی پڕ لە مووروی شینم لە مل و بازنگەکانم لە دەست کردبوو کە (فەردا) و (سارا) بۆیان کڕیبووم. لەناو فڕۆکەکەدا یەکێک لە ئەڵقەکانم لێکەوت، وابزانم ئەویش لەبەر ئەوەی بە باشی قایم نەکرابوو، بێگومان داخم لێهات. گەردانەکەشم دا بە (یەتەر)ی کچە ئامۆزام کە دوای

ماوەیەکی دوور و درێژ پێکەوە لەگەڵ (یاسەمین) چوبووینە سەردانیان و پێمگووت: "یادگاریم هەیە لەگەڵیان، بۆیە دەبێت باش بیانپارێزیت!".

تاقمە جلەکەشم جوان بوو کە خەتی سوور و رەشی لەسەر بوو! لەگەڵ هاوژینەکەی (جانتورک) پێکەوە لە بازاڕەکەی گەڕەکی خۆیان کڕیمان. هەر ئەو رۆژەش ماڵئاواییم لە (عەلی ئیحسان)، (فەردا) و (جانتورک) و ئەوان کرد و دەرکەوتم، هەموویان زۆر دڵپڕ ببوون. سڵاوی گەرم و پڕ لە گووتەی پابەندی و پەیوەستدارییان بۆ (سەرۆک) نارد. دەستەبەجێ لە دوای چاوپێکەوتنەکەمان (عەلی ئیحسان) لە نامەیەکی کورتدا بەڵێنی پابەندی و دڵسۆزی خۆی نووسی و داوای لێکردم کە بە (سەرۆک)ی بگەیەنم. ناچاربووم وشە بە وشە لەبەری بکەم و وەکو خۆی بەشوێنی مەبەستی بگەیەنم. هاوژینەکەی (جانتورک)یش دەیگووت: "بریا منیش بهاتمایە و بمبینیبا". ئەو شەوەی تەماشای شریتی تۆماری نەورۆزمان کرد، هۆڵ و دالانەکە پڕ بوو لە دۆستان و دڵسۆزانی (سەرۆک). لەکاتی تەماشاکردندا دۆستیکی ئەرمەنی خەڵکی شاری لیجە[11] دروشمی "بژی سەرۆک ئاپۆ !"ی هەڵدا. ئەو کاتە هەمووان خەندەیەکی جوانیان لە رووخسار بوو، تەنانەت هەبوو لە خۆشیان سۆز گرتبووی و فرمێسکی لەچاو دەهات.

ئەوا دەچم بۆ هەمان ئەو ئەکادیمیایە...

بە تاسە و ئاواتی هەموو ئەو کەسانەشەوە کە دەمێننەوە...

---

[11] شارێکی سەر بە پارێزگەی ئامەدی باکووری کوردستانە.

## جارێکی تر له ئه‌ڵمانیام

له‌گه‌ڵ (حسێن چه‌له‌بی) ده‌ستبه‌جێ له‌ ئوتێله‌که‌ ده‌رکه‌وتین. (حسێن) به‌ گاڵته‌وه‌ گووتی: "ئه‌م ئوتێله‌ عه‌نتیکه‌یه‌ت له‌کوێ دۆزییه‌وه‌، ته‌نانه‌ت خۆم به‌زۆر دۆزیمه‌وه‌". ڕێکه‌وتێکی سه‌یر بوو، تۆزێکیش به‌ ناچاری هاتبووم بۆ ئه‌م ئوتێله‌. به‌ڵام پێشم خۆش بوو. ته‌نانه‌ت ببوو به‌ مایه‌ی گاڵته‌ی خۆشیش. ئه‌ی له‌کوێ بمزانیبا دواتر هه‌موو ئه‌وانه‌ به‌ چه‌مکی جیاجیا یاخود (حه‌ز و ئاواتی بۆرژوازی بچووک) ناوزه‌د ده‌کران! هه‌ر به‌ هه‌ندیشم وه‌رنه‌گرتن. له‌وێکانه‌ ئه‌گه‌ر گرانترین به‌رگ و پۆشاکی دونیا، به‌ کۆنفۆرترین ئوتێل و ماڵ و نازانم کام حه‌ز و زه‌وقی جوانیش هه‌بووایه‌ و ده‌وره‌شیان بدابام، به‌ هێنده‌ی تۆزقاڵێک سه‌رنجی ڕانه‌ده‌کێشام.

من ئاواتی جیاوازم هه‌بوو. سۆزه‌کانم ئه‌وه‌ند خۆش و ناوازه‌بوون له‌ ناخی خۆیدا دووریی و دابڕانی (13) ساڵه‌ی ساڕێژکردبووه‌وه‌، به‌ تاسه‌یه‌کی گه‌وره‌وه‌بووم بۆ گه‌یشتن به‌ حه‌سره‌تی (13) ساڵه‌م که‌ هه‌نگاوێک به‌وڵاتره‌وه‌ بوو. به‌ خواستی له‌ ئامێزگرتنییه‌وه‌ کڵپه‌م ده‌کرد، له‌ناو بێ ئۆقره‌یی ئه‌وه‌دا بووم. هه‌ر دیده‌نییه‌ک، هه‌ر هه‌نگاوێک منی به‌ره‌و ئه‌وێ ده‌برد و نزیکی ده‌کردمه‌وه‌. به‌ بۆڵه‌یه‌کی منداڵانه‌وه‌ ده‌مگووت: "بریا ڕێگه‌که‌ی ئه‌وه‌نده‌ دوور نه‌بووایه‌"...

له‌گه‌ڵ (حسێن) پێکه‌وه‌ چووینه‌ ماڵی دۆستێک که‌ کچه‌کانیان له‌ناو کار و خه‌باتی ڕێکخستندا بوون. له‌وێ جلوبه‌رگم گۆڕی و جلێکی ڕه‌حه‌تم له‌به‌ر کرد. بۆ سڕینه‌وه‌ی بۆیه‌ سه‌ده‌فه‌که‌ش، داوای ئاسیتۆنم له‌ کچه‌کان کرد. به‌ پێکه‌نینه‌وه‌ پێم گووتن: "با ئه‌م بۆیاخانه‌ لێبکه‌مه‌وه‌ ئه‌گه‌رنا

ئەوانەی خۆمان تێر تێر سەردەکەنە سەرم". پاشان لە شاری واپێرتاڵ چووینە لای (مە..) و ئەوان.

لە سەرەتاکانی 1979 دا لەگەڵ (مە...) لێک دوورکەوتبووینەوە. هەر چەندە نامە و نووسراوەکانی نێوانمان لایەنی بەسۆزیشیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسینەوەی قۆناخی رابردووشی لەناودا بێت، لەسەر زۆر بابەت تاووتوێ و گفتوگۆمان دەکرد. (بچکۆل) زۆر نەگۆڕابوو، زیندە و بڕێکی تریش کامڵ ببوو.

لە ماڵەکەی لە واپێرتاڵ لەگەڵ (رۆناهی) بەناو کاروباری نووسیندا رۆچووبوون. خەباتکارانی گۆڤار و رۆژنامە زۆر کەم بوون، زۆر سەیربوو بەلامەوە، تەنیا چەند کەسێک هەموو ئەو کاروبارانەیان رادەپەڕاند. بەڵام شێوازی کاربەڕێکردنیان مایەی بێزاری بوو. بەتایبەتیش (رۆناهی) لەناو مێزەکەدا نوقوم ببوو، بە کورسییەکەوە لکابوو و بەدرێژایی رۆژ هەڵنەدەستا. ئەو کارە پڕ لە جگەرە و پڕ لە چایە، هەندێک کەسی ناو زیندانیان وەبیر دەهێنامەوە.

(دیلەک) لە قاوشەکەدا دەوری سەدییەکەی بە قوماش پێچابوو و دونیایەکی تری بۆ خۆی دروست کردبوو، جگەرە و چایەکی زۆری دەخواردەوە، زۆریش دەینووسی. (دیلەک) بە رەشنووس و کاغەزە دڕاوێکی زۆری دەوروبەری، تەپڵکەی جگەرەکەی کە قونکە جگەرەی بەسەردا سەرڕێژ ببوو، دەسەسرێکی زۆری بەکارهێندراو و (ژیانی شەو)ی، بە هەموو ئەوانەیەوە جیاواز بوو. شەو هەموو ژیانی بوو، بە تاک و تەنیایی، تاریکی، بە دووکەڵ و چای خەستەوە بوو.

نمونەی (دیلەک)م بۆ (رۆناهی) هێنایەوە، کەچی هەرچییەکیشم بکردایە نەمدەتوانی بیبەمە دەرەوە بۆ گردە

سەوزەڵانە جوانە پڕ لەدارستانەکە. بە زۆر رازیم کرد بەوەی ئەو شێوازی کارکردنەی شێوازێکی وشک و بێ بەرهەمە.

دیسانیش قسە و گفتوگۆکانمان دەوڵەمەند بوون. بەگشتی دەگەڕاینەوە بۆ باسی زیندان. کاتێک ناسیاو و قۆناخە ئاشناکان دەبوونە جێگەی باس، گفتوگۆکەمان گەرمتر دەبوو. نە پرسیارەکان کۆتاییان دەهات و نە وەڵامەکانیش بەشی دەکرد. هەم ئەو چەندین ساڵەی کە دەتگووت هیچ ناوبەینیان نەبووە، هەم ئەو رووداوانەی جێگەیان لە یادەوەرییەکاندا نەدەبووەوە و هەم ئەو یادەوەرییە گەورانەی لێوان لێو بوون لە ئێش و ئازار. نەدەتوانرا بەتەواوی باس بکرێن و نە بەبێ ئەوانەش قسە لەسەر شتی تر دەکرا!..

لەو نێوەدا دەستمکرد بە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەم. بەتەواوی نوقمی ناو پەڕتووکەکە ببووم. جیاواز بوو لە کۆنگرەی یەکەم. کێشە و رەهەندی گفتوگۆکانی ئەو سەردەمە و ئەوانەی (12)ساڵی دواتری زۆر جیاواز بوون. راپۆرتی هەرێمەکان، رەخنەدان، بڕیار و زۆر شتی تر؛ مرۆڤی سەرسام دەکرد. نەمدەتوانی بڕوا بکەم و دەمگووت "چۆن دەبێت؟". بەو هۆکارە هەموو رۆژێک ئازاری میگرێن[12] هەراسانی دەکردم. لەکات و ساتی وەهادا دەرۆیشتمە دەرەوە و پیاسەم دەکرد. هەڵوێستی لەوجۆرەم لەبەرامبەر بە هاوڕێیان و گەل، ئاکامەکانی ئەو رووداوانەم پێ قبوڵ نەدەبوو. مێشکم زنگە زنگی دەکرد. ژمارەی "گەڕاندنەوەی شکۆی کەسێتی"[13] زۆر بوون..

---

[12] نەخۆشی شەقیقە.

[13] أعادة الاعتبار.

له رۆمان یاخود فیلمەکاندا تووشی ئەو وشەیە هاتبووم. رەخنە و بڕیار لە ئاست ناوی کەساندا، هەموویانم بەلاوە زۆر قورس بوو. هەوڵم دەدا لە راستینەمان لەناو شەڕ و لە کێشەکانمان تێبگەم. کاتێک لە چەناک کالە بووین؛ سەرخۆبوون[14]مان بۆ دەهات. دواتر هەر لەوێ هەلی خوێندنەوەی یەک دوو شیکارنامە[15]م دەستکەوتبوو. لەوێکانە هەڵسەنگاندن و رەخنەی (سەرۆک) هەبوون، کە هەوڵی تێگەیشتن و دەرککردن بە هۆکاری کێشەکان بکەین. زۆر شت بەنابەرجەستەیی دەمانەوە.

لەناو راپۆرتەکاندا راپۆرتەکەی (شەنەر) یش هەبوو. دریژبوو، تۆزێک زیاتر درێژکراوەی ئەو راپۆرتەی بوو کە لە قۆناخی ئاداری 1988 نووسیبووی. لێکدانەوەکانی ئەو سەردەمەیم وەبیر کەوتەوە. بە هەر هۆکارێک بێت لە هەندێک بابەتدا نەمدەویست قسە و گفتوگۆ بکەم. رەهەند و چوارچێوەی هەڵسەنگاندن و رەخنەکانی هەڤالانیش بە تەواوی قانیعی نەدەکردم. چونکە مەسەلە رەخنەکردن یاخود لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن نەبوو، بەڵکو لۆژیکی ئەو رووداوەی کە کراوەتە مژاری رەخنە پەیوەندیداری دەکردم. بەهیچ جۆرێک ئەقڵم نەیدەبڕی. هەموو جارێک هەمان شت مێشکی گیرۆ دەکردم؛ شۆڕشگێڕێک چۆن هۆشی لەدەست دەدا؟ ئەی چۆن لە کاتێکی

---

[14] یەکەمین گۆڤاری مانگانەی چاپکراوی (PKK) یە، ژمارەی یەکەمی لە ئاداری 1979 لە ئەورووپا چاپکراوە و تا ئێستا بەردەوامە. ئەم گۆڤارە ناوەڕۆکەکەی تایبەتە بە بابەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەلایەتی. (مەزلوم دۆغان) یەکەمین سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە.

[15] بەو پەرتووکە شیکارییانە دەگووترێت کە لەلایەن رێبەر عەبدوللا ئۆجالانەوە نووسراون.

وەهادا کە هۆشی لەدەستداوە دەتوانێت سوێندی تورک[16] بخوات! (سو)ەکەی (قزڵقایا) دەهاتەوە بیرم، ئەشکەنجەیەکی زۆر دەکرێت، کەچی هیچ ئەنجامێکی لێ بەدەستناخرێت. دواجار بە دەرزییەک تاقی دەکەنەوە، هەوڵدەدرێت کاریگەری لەسەر هۆشی بکرێت. تاکە وشەیەک کە لە دەرهەستی دا جێگەی گرتووە "نازانم"ە و تەنیا شتگەلێکیش دەڵێت کە دووژمنی پێ چەواشە دەکات. لە قسەکانماندا ئەمەم بە نمونە دەهێنایەوە. بێگومان لەگەڵ هەموو کەسێک ئەم باسەم گفتوگۆ نەدەکرد. لەم بابەتانەدا هەڤاڵان محافەزەکارن، لە هەمووشماندا نهێنیپارێزی سەردەمی کۆمەڵە و گرووپ و هەروەها کاریگەریی هەڵوێستی ((قسەنەکردن لە هەموو شوێنێک)) لەسەر دۆخی کادیران هەبوو. لە زینداندا ئەمجۆرە قسە و باسانە مەترسیدار بوون، چونکە هەر قسەیەک سەبارەت بە کەسێک بکرایە، ئەگەری بەکارهێنانی بە شێوە و جۆری تریشی هەڵدەگرت.

بە قسە لەڕوو بوون و راشکاوبوونم دەناسرام. لەو رۆژگارەدا کە دەرفەتێکی سنووورداری نامە و نامەگۆڕینەوەمان هەبوو بێ هەڵوێست نەدەبووم، تەنانەت لە ئاستی بیر و بۆچوونیشدا بێت رەخنە و پێشنیازی خۆمم پێشکەش دەکرد. لانی کەم بەم تایبەتمەندییەم دەزانرا. کەی لە نزیکەوە چاوم بە هەڤاڵان بکەوتایە قسە و گفتوگۆمان دەکرد. هەر شتێک سەری قاڵ بکردمایە پرسیارم لەوان دەکرد. هەستەکانم خراپ نەبوون، تا رادەیەک هۆشمەندیم هەبوو. بەتایبەتیش لەبەرامبەر بە یاسا و رێسا بنچینەییەکانی رێکخستن و پرەنسیپە بناخییەکانی

[16] کۆمەڵە گووتەیەکی فاشیستانە و نەژادپەرستانەی تایبەت بە دەوڵەتی تورکە کە بەسەر وڵاتدا بەگشتی و بەتایبەتیش بەسەر نەتەوە و گەلانی تری هەرێمەکانی ژێر چەپۆکی خۆیاندا دەیسەپێنن و بە سوێندی تورک ناودێرکراوە.

شۆڕشگێڕی، ئەگەرچی ئاستێکی قووڵی سیاسیشم نەبووبێت، بەڵام سۆز، کاردانەوە، پەیوەستدارییەکی زیندە، گورج و گۆڵ و هەستیار بووم. دەشێت لەبەر ئەم هۆکارە بێت کە بچووکترین شتی نەرێنیم بۆ دەبوو بە دەردێکی گەورە و پێی کاریگەر دەبووم. خۆشییەکانیشم بە هەمان شێوە بوون. بەڵام لایەنی خۆشی و ناخۆشی، ئەوانەی کاریگەری نەرێنیانەیان لەسەر دەکردم کۆمەڵێک شتی دیار و بەرچاو بوون کە نەمدەتوانی بیانشارمەوە.

هەر لەو رۆژگارەدا دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە بێ کاردانەوە بووم، یاخود کاردانەوەکانم شاراوە بوون. وەکو تەزووێکی باریک یان وەکو پرسیارێکی بێدەنگ کە مایەی بێزاری بێت وابوو. (ساکینە)یەک کە هەر کاردانەوەیەکی، هەر سۆزێکی بەرەو روو بوو، تەنانەت ئەو شتانەشی پێنەدەشاردرایەوە کە دەبووا هەرگیز نەگووترێن، کەچی لەو ساتەوەختەدا بێدەنگ بوو، مەنگ ببوو. ئەمەش لەدیقەتی (شەنەر) دەرباز نەببوو.

بەڵێ، لەو قۆناخەدا بە جددی مامەڵەی لەگەڵ نەکرا، بەشێوەی؛ لاوازی، کەموکورتی و کاریگەری ترازان و تەسلیمکارییەکان ناوزەد دەکران. زۆر لاوازی و کەموکورتی قورسی هاوشێوەیان هاتبوونە کایەوە، کە بێگومان هەموویان دواجار هەمان سەرەنجامیان دەهێنا! بیر لەوە نەدەکرایەوە لە روانگەی ترەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەگەرچی لە راپۆرتی بۆ کۆنگرەدا تیشکی خستبووە سەر هەمان لاوازی و کەموکورتی، بەڵام هەستم بە هەمان ناڕەحەتی و بێزاری دەکرد. راپۆرتەکەم تەواو نەکرد و دووبارە چوومە دەرەوە بۆ پیاسەکردن. لە یەکێک لەنامەکانمدا پێمگووتبوو: "لەم

پەیوەندییەدا نامەوێت هیچ خەوشێک هەبێت، بچووکترین هەڵە تێکیدەدات". ئەو کێشەکەی بە شێوەیەکی تر لێکدابووەوە و تەنانەت باسی لە دەمەقاڵێی لەگەڵ (ئەلیف) و بەرووداوانی کردبوو. نووسیبووی کەوا "وەک سیکۆتین وایە، هێشتا چاوەڕێی پەیوەستدارییەکی نەریتی دەکات. من لەلای خۆمەوە پێمگووت کە کێشەکەم چارەسەرکردووە، ئەو نایەوێت تێبگات. دەبێت لەلایەنی منەوە ئاسوودە بێت، بۆ ئەو داماوانەی دەسەلمێنم کە دەبێت پەیوەندی پیرۆز چۆن بێت". بە ئازارەوە بەو جۆرە چەمکەی پێکەنیم. دەردی من ئەوە نەبوو کەسانی تر بێنە نێوانەوە. شتێکی زۆر پێچەوانەیە، تەنانەت بەخەیاڵیشمدا نەدەهات؛ ئەگەر کەسێکم خۆش بوێت، کەسی تر بۆی نییە بکەوێتە نێوانەوە! شتێکی سرووشتییە کەسانێکی تریش بێنە کایەوە کە دڵبەندییان بۆ من هەبێت. ئەگەر خۆشەویستی بەهێز بێت، راست و دروست بێت، بنەماکەی پتەو بێت کێ دەتوانێت تێکی بدات. ئەم شتەم بەلاوە مایەی پێکەنین بوو. بۆچی روونکردنەوەیەکی بەو جۆرەی بە پێویست زانیوە، سەیرە. واتام پێنەدا.

ئەوکاتەی لەگەڵ (سەرۆک) بە تەلەفۆن قسەمان کرد، باسی (ساڵیحە)[17] و باسی (نینۆ)ی کرد. سەرجەمی ئەو خێزانەم نەدەناسی، فرەخوشک و برا بوون. (سەرۆک) باسی لە نامیلکەیەکی (نینۆ)ی کرد کە باسی لە تاکەکانی ئەو خێزانە کردووە و دەیگووت: "پێویستە بەر لە هەموو شتێک شەنەر بە بەرپرسیاری ئەو دۆخەی ساڵیحە بەتایبەتی و خێزانەکە بەگشتی بزانین، ئەو خێزانە بۆچی وەهایە؟ بۆچی راستی

---

[17] دایکی شەنەر.

نەکردوونەتەوە؟ خێزانێکی بەڵان. دەبێت شەنەر باجی ئەمە بداتەوە".

ئەگەر بەتەواوەتیش تێنەگەم لەوەی کە ئەوانە بە تەواوی چۆنن و چیان لەخۆدەگرت، بەڵام تا رادەیەک (ساڵیحە)م دەناسی. لە وەڵامدا گووتم: "سەرۆکی من، گومانمان لە ساڵیحە هەبوو، ژنێکی دەمەوەر بوو، زۆر جێگەی متمانەش نەبوو. لەدوای 1987ەوە پەیوەندییەکان سنووردار بوون، ئەمەش دەزانرا". پاشان پرسیاری دۆخی (شەنەر)م لێکرد. چونکە بەر لەوەی دەربکەوم، نووسراوێکی خۆی و نووسراوێکی (سەرۆک)یش هاتبوو، پێی دڵخۆش ببووین، دەمانگووت: "ئەوانەی کە لە زیندان دەردەکەون نە سەلکی سیر و نە قنچکی پیازیان لێ دەردەکەوێت، هیچ نەبێت با شەنەر ببێت بەشتێک. هێزبەخش دەبێت" و ئەمەش داواکاری و تێڕوانینی هەمووان بوو.

پاشان بیستمان کە لە کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. لەگەڵ (عەلی ئیحسان) قسەمان لەسەر کرد. باسی لەو رۆژانە کرد کە لە 1989دا پێکەوە بوون. رەخنەی لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەگرت و دەیگووت کە کەسایەتییەکی سەیرە بەلایەوە. قسەکانی چەوت نەبوون. (شەنەر) بەشداری کۆنگرەی کردبوو و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو. پێیان گووتم کە لە بۆتان[18]ە. بێگومان (سەرۆک)یش پێیگووتم: "ئێستا لێرە نییە، لەناو کار و خەبات دایە. ساڵێک بەر لە ئێستا لەلامان بوو، باش بوو، کاری دەکرد،

[18] هەرێمێکی گەورەیە، مێژوویی و شاخاوی باکووری کوردستانە کە رۆژهەڵاتی شارەکانی شرناخ، سێرت، مێردین و هەرێمی ئێلیح دەگرێتەوە. لەسەرەتای شەڕی چەکداری (PKK)ەوە بە ئێستاشەوە هەرێمێکی ستراتیژی گەریلایە...

توانای هەیە ئەگەر بەکاری بهێنێت. با بزانین چۆن دەبێت، هیوامان پێی هەیە". گووتەکانی (سەرۆک) دڵخۆشی کردم. بەڵام دیسان تەزوویەکی ناڕەحەتی لە دڵمدا هەبوو، لەگەڵ خوێندنەوەی راپۆرتەکەش تەزووەکە گڕی سەندەوە!.

لەگەڵ (مە..) و ئەوان سەبارەت بەو کردەوە نارێک و ناشیاوانەی لە پراکتیکدا هاتوونەتە ئاراوە گفتوگۆمان کرد. بەتایبەتیش کردە و بانگەشەی وەک تۆمەتبارکردنی نابەجێ و لێپێچینەوە و سزادانی هاوڕێ؛ تووشی سەرسوڕمانی دەکردم. بەردەوام پرسیاری "چۆن دەبێت؟!"م دەکرد و دووبارەم دەکردەوە. لە قسەکانماندا هەڤاڵ (جە..)ش ئامادە بوو و پێی دەگووتم: "ئەشکەنجە نا، دەتوانیت شەقەزللە بەکار بهێنیت". بە توندی دژی ئەم شتە رادەوەستام و ئەویش دەیگووت: "تۆ لە زیندان زۆر بەسۆز بوویت، راستینەی شەڕ جیاوازە، هۆمانیستانە مامەڵە دەکەیت".

جەختم لەوە کردەوە کە لەگەڵ ئەوەدا نیم. راستە؛ لە زیندان سۆز و بەسۆزی زۆر چڕ دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەشی کە لەوێ بینیبووم و بەسەرم هاتبوون، خۆ ئەوانیش راستینەیەک بوون. دووژمن بە سووک و ریسواترین شێوە پەلاماری مرۆڤی دەدا. پێویست بوو لەبەرامبەر بە هەموو ئەوانەدا هەموو شتێکی تایبەت بە مرۆڤ مایەی خۆشەویستی، پاراستن و وردڕەوی بێت. ئەگەر ئەوانە لەکەسایەتیمدا دروست نەبوونایە ئەوا هەر لەسەرەتاوە گومانم لە مرۆڤبوونی خۆم دەکرد. ناچارە دروست ببێت. هیچ پیلان و پەلامارێکی دژەمرۆیی نەدەبوو بە بیانووی راستینەی شەڕ. دووژمن دەیکات، ئەمەش تایبەتمەندی ئەوە، بەڵام شۆڕشگێڕ، بەڵام (PKK) ئەمە ناکات، نابێت بیکات. سەرەکیترین تایبەتمەندی (PKK)، ئەو بەها گەورەیە کە بۆ

مرۆڤی دادەنێت. خۆشەویستی گەورەیەتی بۆ مرۆڤ، هاوڕێیەتییە ناوازەکەیەتی. بۆیە گووتم: "نەخێر، نەخێر؛ بە هیچ شێوەیەک ناتوانن قانیعم بکەن".

پێشتر پێیانگووتبووم کە (شەنەر) لە بۆتانە، لەو نێوەدا پرسیارم لە هەڤاڵ (جە..) کرد کە "ئایا هێشتا هەر لەوێیە؟" هەڤاڵ (جە..) گووتی "راستە، لەوێیە" و بەمەش خۆشحاڵ ببووم. پاشان هەموو کار و خەباتێکی بواری سیاسی فەرمیم بە وردەکارییەکانییەوە بۆ هەڤاڵ (جە..) باس کرد. کۆمەڵێک ژمارەی تەلەفۆنیشم پێدا. کۆمەڵێک دۆستمان هەبوو کە پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵیاندا، باسی ئەوانیشم بۆ کرد. هەروەها یەکە بە یەکە تایبەتمەندی هەموو ئەو هەڤاڵانەم بۆ روونکردەوە کە لەو بوارەدا کار و خەباتیان دەکرد. خۆیشی زۆربەیانی دەناسی. چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێک هەموو کار و خەبات و هەموو پەیوەندییەکمان بە تەلەفۆن پێ رادەگەیاند. بەتایبەتیش لە قۆناخی (HEP)[19] پەیوەندی تەلەفۆنیمان چڕتربوو. پەیڕەو و پرۆگرامی (YKD)[20]م پێدا و گووتم: "نەمتوانی بۆ کۆنگرەی دامەزراندنی بمێنمەوە، ئەگەر کاربکات ئەوا بەکاریگەر دەبێت. دوای ئەوەی ئەو پارانەشم بە هەڤاڵ (جە..) دا کە دۆستان پێیاندابووین، ئەوشتانەم پیشاندا کە بۆ ئەکادیمیام کۆکردبووەوە. دۆستان و کەسوکار و خزمان دیارییان بۆ (سەرۆک) و هەڤاڵان کڕیبوو. چی پێویست بکات هەبوو. تەنانەت (یاسەمین) دەیگووت: "سەرۆک سەردانی

---

[19] پارتی رەنجی گەل: یەکێکە لە یەکەم پارتییە سیاسییە فەرمییەکانی کوردان و دیموکراتخوازان و سەرەتای هەنگاوە سیاسییە فەرمییەکانی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا، لەساڵی 1990 دادەمەزرێت و لە ساڵی 1993ش بەفەرمانی دادگای دەستووری سەر بە کودەتا هەڵوەشێندرایەوە.

[20] کۆمەڵەی ژنانی نیشتمانپەروەر.

دۆستان دەکات، ئەوانیش منداڵیان هەیە، هەروەها منداڵانی تریش دێنە سەردانی سەرۆک، دەتوانین بۆ ئەوانیش هەندێک شت بکڕین. سەرۆک ناوبەناو دیارییان پێ دەدات، زۆر دڵخۆش دەبن". ئەوانەی ماڵەوە بە بەبیستنی، دەستبەجێ کۆمەڵێک یاری کوالیتی بەرزیان کۆکردەوە و کۆمەڵێک جلوبەرگی منداڵانەیان بۆ تەمەنەکانی نێوان (10 – 15) کڕی. جانتایەکی بچووکیان بۆ ئەوانیش ئامادەکردبوو. هیچیانم ڕەت نەکردەوە و هەموویانم هێنا. منیش بە ئەگەری مانەوەم بۆ ماوەیەکی درێژ لەو گۆڕەپانانەدا کە (سەرۆک)ی لێیە، کۆمەڵێک جلی باش و شیاوم کڕی بوو. تەنانەت جلێکی ڕەنگی سەربازیشم کڕیبوو کە کاتێک بچمە ئەکادیمیا لەبەری بکەم.

داوام کرد لە دانیشتنی دادگاییکردنی هەڤاڵ (فوئاد – عەلی حەیدەر قەیتان) و هەڤاڵ (عەباس – دوران کالکان)[21] دا ئامادەبم. هەڤالان سەرەتا گووتیان "دەکرێ بەشدار ببیت"، پاشان پەشیوان بوونەوە و گووتیان "دیار نییە چی دەبێت". دیاردەی پۆلیس و دادگا لە تورکیا و کوردستاندا مەترسیدار بوو، بەڵام تۆبڵێی لە ئەڵمانیاش بەو شێوەیە بێت؟ ئاشکرایە مەسەلەکە زۆر گەورە دەکرایەوە. لە دوایین ڕۆژانم لە تورکیا هەڤالان ئاگاداریان کردمەوە، (عەلی ئیحسان) پێی گووتم: "زۆر مەگەڕێ، پۆلیس دەتگرێت". لەمەدا مافدار و ڕاست بوو، چونکە سەرم دەکرد بەهەموو شوێن و جێگەیەکی بواری سیاسی فەرمیدا. لەو جۆرە کاروبارانەدا زۆر زوو ئاشکرا دەبوو کە کێ چی دەکات. بەو شێوەیە جوڵانەوەم و تەنیا وەبەرچاوکەوتنم لە

---

[21] بەهۆی فشارەکانی دەوڵەتی تورک و لەچوارچێوەی سیاسەتی بازرگانی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی کورد، عەلی حەیدەر قەیتان لەماوەی ساڵانی 1988 – 1994 و دوران کالکانیش هەر لە ساڵی 1988 دا لە ئەڵمانیا دەستگیر و زیندانی کران. لە چەند دانیشتنێکی دادگادا و بە تۆمەتی جیاجیای سیاسی دادگایی کران.

بواری سیاسی فەرمییەوە، لەلایەنێکەوە باش بوو، وەها لێکدەدرایەوە کە لەبەر چاوی پۆلیس دام. ئەگەرچی هەندێک مەترسیشی هەبێت، درێژەم بە کاروبارەکان دەدا. بەڵام ئەو کارانەش جۆرە کارێک نەبوون وەلا بخرێن و پۆلیسیش لەبەرامبەر بەهیچ شتێک کە کەڵک و خزمەتی بەو بوارە بگەیاندایە خۆی پێ رانەدەگیرا.

ئەگەر لەجیاتی من خوشکەکەی (ئایتەکین)یان نەگرتایە، نەمدەتوانی رێوشوێنی پێویست بگرمە بەر. دوایین رۆژەکانم بوو، (YKD) و کارەکانی تر بە ئاستێکی بەرچاو گەیشتبوون، لەمەدا هیچ رێگرییەکیان پێ نەکرا، کە لەلایەنێکەوە ئەگەر چاودێریشیان بکردایە، ئەوا لەو لاوە تێنەدەگەیشتن لەوەی چیم کردووە و چی دەکەم. هەفتانە لەگەڵ (عەلی ئیحسان) گفتوگۆمان هەبوو، جاروبار بەپێی جددییەتی کاتیش ئەم چاوپێکەوتنانە زیاتر دەبوون. لەم بوارەدا رێگە بە هیچ دۆخێکی نەرێنی نەدەدرا. تەنانەت جاروبار لە هەمان پاس، لە هەمان چێشتخانە، هەمان رۆژنامە و گۆڤار یاخود هەمان راوەستگەشدا دەبووین، پۆلیسیش بە عالەمی ئاشکرا سەیر و چاودێری دەکردین. زۆر جار دەمگووت: "پاسەوانی منن"، هەڤاڵانیش بەم گاڵتەیەم پێدەکەنین، بەڵام نیگەرانی خۆیشیان نەدەشاردەوە. هەر لەو رۆژانەدا بوو کاتێک لەلای (ئایتەکین) و ئەوان بووین هەوڵیاندا کۆتایی بەم کارە بهێنن، لەکاتی دەرکەوتنم لەماڵەکە، لەبەردەم راوەستگەکەدا، لەیەکەمین کۆڵاندا دەستگیریان دەکردم، ئەو بەیانییە (5 – 10) خولەک لەکاتی خۆی درەنگ کەوتم، (ئایسەل) بەر لە من لەماڵ دەرکەوت، بۆیە لەجیاتی من ئەویان دەستگیرکرد.

دواتر ئاشکرا دەبێت کە بە هەڵە گرتوویانە، دیارە هاوشێوەییەک هەیە. پرسیاری منیان کردبوو، ئەویش گووتبووی "نازانم، من پارێزەری ئەوم و بەشداریم لە دۆزەکەیدا کرد، ئەوی تری پەیوەندی بە منەوە نییە". لەو رۆژە بەدوا بۆ کاری نافەرمی کشامەوە و کە هەر لەو کاتەشدا پاسپۆرتەکەم گەیشتبوو، لە رۆژێکدا ئامادەکارییەکانم تەواوکرد و دەرکەوتم.

چەندە بوێر و چاونەترسانە کەوتبوومە ناو کارەکانەوە. برسێتییەکی گەورەم بۆ کار و خەبات هەبوو. ئاگاداریش بووم، بەڵام پۆلیس رانەدەوەستا. پێدەچوو لە ساتەوەختێکی ئاسوودەییمدا بمگرن، لەم بوارەدا یان ئەوەبوو متمانەیەکی لە رادەبەدەر و بە تەواو دانانی رێوشوێنەکان باڵادار بوو، یان ئەوەتا خۆدەرخستن و بەرەنگاربوونەوە هەبوو.

هێشتاش بیر و هۆشم لەلای ئەو کار و خەباتانە بوو. دوایین رۆژ کە لە هۆڵەندا بووم، لەگەڵ (لەیلا) بە تەلەفۆن قسەمان کرد، دەنگی ئامادەکاری کردنەوەی کۆمەڵەی ژنانی نیشتمانپەروەری دابوو بە گوێمدا. کەوابوو کارەکان بەردەوام بوون. بەڵام لەوەش گرنگتر فەراهەمکردنی درێژەکێشانی بوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. ئەگەرچی هەندێک نیگەرانیشم هەبوون، بەڵام گەشبینانە لێم دەڕوانی.

هێشتا لەو سەردەمدا لە ناو (HEP) هەندێک تەڵەکەبازی دەکران. لەو بوارانەی خەباتدا پێویست بە بەهێزبوون و هۆشمەندی هەبوو. ئەگەر شارەزای وردبینی سیاسییانە نەبن، ئەوا زۆر تەڵەکە و گەلەکۆمە مرۆڤ سەراوژێر دەکات. ئەوانەی لەسەرەتاکاندا هەڵوێستی ئێمەیان سەبارەت بە (HEP) بە چەوت دادەنا و تەنانەت دەیانگووت: "کەوتنە تەڵەی

ئیمپریالیزمەوە، کەچی دواتر بێ پسانەوە و بڕانەوە دەستیان بە کارکردبوو. تەنانەت هەندێک کادیریشیان لە ئەورووپاوە هاتبوون. هەرکەسە و دەیویست لەتێک بۆخۆی بچڕێنێت. تەنانەت هەوڵیان دەدا وڵاتپارێزەکانی ئێمەش بۆ خۆیان بدزن. هەندێک لەو گرووپانە باش فێری سیاسەتمەدارییەکەی بۆرژوازی ببوون و بەرلەهەموو شتێکیش ئەمەیان لەدژی (PKK) بەکار دەهێنا. زۆر کەس کە بەناوی ئێمەوە کاریان دەکرد هەر لە سەرەتای کارەکەدا خۆیان لەدەستدابوو. مشەخۆر و چاوچنۆک پەیدا ببوون. ئەگەر ئاگاداری ئەوانە نەبین دوور نەبوو ئەو توانست و دەرفەتەی تێکۆشانەکەمان خوڵقاندبووی لەبەرامبەر بە خودی تێکۆشان بەکاربهێنن. چونکە هەوڵیاندەدا هەمووشتێک بەلای خۆیاندا راکێشن. هەموو ئەمانەم بە دوور و درێژی بۆ هەڤاڵ (جە..) باسکرد. ئایا شتێکی تر هەبوو باسم نەکردبێت یاخود پێمنەگەیاندبێت؟

لەلایەکەوە دەمویست دەستبەجێ بگەمە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، لەلایەکی تریشەوە نەمدەتوانی لە کار و خەباتی جێماو و لەو قۆناخە پڕ لە راکە راکە دابېڕێم. زۆرشت هەبوون کە بۆ (سەرۆک)یان باس بکەم. پێویستبوو هەموو چاودێرییەکانمی بۆ باس بکەم. بەتایبەتیش لە ئەورووپاوە بەرێگەی تەلەفۆن بەڕێوەبردنی کار و خەباتی شارەگەورەکان (مەبەست لە باکووری کوردستان و تورکیایە -و) کەموکوڕیی دەبێت، چونکە جاروبار زۆر شتی چەوت روویاندەدا. تا رادەیەکیش هەرکەسە و بەگوێرەی خۆی رووداوەکانی لێکدەدایەوە، کەم نەبوون ئەوانەی بە فێڵبازییەوە باسەکانیان دەگەیاند و هەوڵیان دەدا سوود لەو بۆشاییە وەربگرن. پێویستی بە هۆشیاری و بەئاگابوون هەبوو، پێویستبوو لە نزیکەوە

ڕێوشوێن بگیردرێته بەر. هەموو ئەمانەمان لەگەڵ هەڤاڵ (جە...) تاووتوێ کرد. لە فڕۆکەکەدا سەرلەنوێ بیرم لە هەموو ئەوانە دەکردەوە. دەمگووت بە وردەکارییەوە هەموو ئەوانە بە (سەرۆک) دەگەیەنم، ئەمە و زۆر شتی تریش هەبوو کە باسیان بکەم...

## دوای گیان لەسەردەستییەکی زۆر،

## گەیشتن بە سەرچاوە...

کاتێک لە فڕۆکەخانەی دیمەشق لە فڕۆکە دابەزیم دڵم شێتانە کوتەکوتی بوو. دڵگەرم و بەخرۆش بووم وەک ئەوەی یەکسەر چاوم بە (سەرۆک) بکەوێت. تا جانتاکانم بە هەڵکشۆک[22] گەیشتن، منیش لە نووسینگەی گۆڕینەوەی دراو بڕێک پارەم گۆڕییەوە. زێڕ و خشڵەکانم تابڵێی قورسایی دروست کردبوو. حەتمەن وا بیریان دەکردەوە کە ژنێکی کارساز و دەوڵەمەندم. بەخۆم پێدەکەنیم. قۆڵی چاکەتەکەم زۆربەی بازنگەکانی دەستمی دەشاردەوە تەنیا چەند دانەیەکیان نەبێت کە بەسەر مەچەکمدا شۆڕببوونەوە. بەڵام زنجیر و گۆبەرۆکەکەم دیاربوون و ئەڵقە و گوستیلەکانیش بەهەمان شێوە، هەر پەنجەیەکم دانەیەکی پێوەبوو.

ناوەناوە بێ ئەوەی کەس بزانێت چاوێکم بەدەوروبەردا دەگێڕا، تا بزانم کەس هاتووە یان نا، بەڵام هێشتا کەس دیار نەبوو. کاتێک رووم لە شوێنی پشکنینی جانتاکان کرد، چەند کەسێکم بینی کە لەپەنجەرەکانی بەشی ناوەوە چاویان دەگێڕا و بەوردی تەماشای دەوروبەریان دەکرد. منیش سەیرێکم کردن و گووتم: "دیارە ئەمانەن".

کەلوپەلەکان زۆر بە وردی نەپشکنران. زیاتر جل و بەرگ بوون، هەندێک چاپکراویشیان تیادا بوو کە لەناوبەینی جلەکان دامنابوون. لەو ساتەوەختەدا دوو کەس هاتن. بە خەندەوە

---

[22] - ئاسانسۆر، مصعد.

گووتیان "بەخێر بێیت". (ئۆرهان) و (ئەحمەد)بوون. پاشان بەرەو ئۆتۆمبێلەکە رۆیشتین. لە ئۆتۆمبێلەکەدا (2) هەڤاڵی ژنیش هەبوون؛ (بێریڤان) و (رەنگین). گوڵیان بەدەستەوە بوو و گووتیان: "سەرۆک بۆی ناردووی. خۆی نەیتوانی بێت، گوڵی نارد، لەماڵەوە چاوەڕێت دەکات". زۆر کاری تێکردم. گوڵەکانم وەرگرت و لە ئامێزم گرتن. ئەی باشە نەدەبووا من گوڵم بۆ ببردایە؟ گوڵەکانی (سەرۆک) چەندە پڕواتا بوون. لەدڵی خۆمدا دەمگووت، تۆبڵێی بتوانێت بێت بۆ فرۆکەخانە، هەڵبەتە دەتوانێت بە ناسنامەیەکی ترەوە بگەڕێت، بۆچی نابێت؟ بەدرێژایی رێگە لەگەڵ هەڤاڵان قسەمان کرد. گووتیان: "چۆن تۆمان بینی یەکسەر ناسیمانەوە". وێنەم هەبووە لەماڵەوە، هەروەها لە ئەورووپاش تۆزێک پێناسی منیان بۆ کردبوون.

ئێستا زووتر دەمەوێت بگەمە ماڵەوە و هیچی تر. بەرەکەتی تێکەوێت، رێگە زوو تەواو بوو. دابەزین و چووینە خانووێکی بەرزەوە. لە هەڵکشۆکەکەدا پەنجە بە ژمارە (10) دا نرا. گەیشتبوومە نهۆمی (10)یە بەناوبانگەکە. هەڵکشۆکەکە راوەستا. لە زەنگی دەرگەی ژوورێک درا. دڵم هێندەی نەمابوو راوەستێت. دەرگە کرایەوە و بینیم (سەرۆک) بەرەو ڕووم راوەستاوە. بە خۆشەویستییەوە لە ئامێزی گرتم... منیش بە هەمان خۆشەویستییەوە لە ئامێزم گرت. راستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو؛ ئەو ئان و ساتە بەدیهاتبوو کە ساڵەهابوو خەیاڵم دەکرد، هەرگیز لێی نائومێد نەبووم و کە بەردەوامیش دەمگووت: "یەکتر دەبینین، (سەرۆک) دەبینم، ئەو گەورەییە لە ئامێز دەگرم". بەڵام داواکاری یەکە بە یەکەی هەڤاڵان کە دەیانگووت: "لەجیاتی ئێمەش لە ئامێزی بگرە، ناوچاوان و چاوەکانی ماچ بکە" یەک بە یەک پێم جێبەجێ نەدەکرا تەنیا لە

یەک لەئامێزگرتندا توانیم هەموویان جێبەجێ بکەم. لەجیاتی هەموویان بوو، ئاوات و خۆشەویستی هەموویان بوو. ئەگەر ناوەناوەش بەخۆشم بڵێم: "بڕوا ناکەم ئەمە راستی بێت" بە هەموو شتێکییەوە راستی بوو.

گووتم: "ئێوە ئەم گوڵەتان بۆ من ناردبوو، منیش دەیدەم بە ئێوە سەرۆکی من. چونکە من نەمتوانی بیهێنم". ئاسوودەبووم. هەرچەندە چاوەکانم لەخۆشیان پڕپڕببوون، بەڵام زووڕە زووڕ نەگریام. کاتێک لە زیندانی چاناک کالە لە هەڤالان دابڕام بەنسکە نسک گریابووم. دابڕان لەوان ئاسان نەبوو. جێهێشتنیان لە زینداندا و دەرکەوتنم زۆر زەحمەت بوو! نیوەی جەرگم لەوێ بەجێمابوو، نیگاکەم لە چاو و دڵیاندا بە هەڵواسراوی مابووەوە.

بەیەکگەیشتنەوە لەگەڵ (سەرۆک) و لەگەڵ پارتی زۆر جیاواز بوو. بۆ دواجار (سەرۆک)م لە کۆنگرەکەی گوندی فیس[23] بینیبوو. پاشان گەڕاینەوە بۆ تەلاری (گیونایدن) و دوای رۆژێکیش دابڕاین. (13) ساڵ تێپەڕیبوو. دوای ساڵانی زیندان کە کەوتبوونە نێوانەوە، بە گیان لەسەر دەستانە گەیشتبوومەوە بە جوانترین لایەنی سەرچاوەی ژیانم. لەو ماوەیەی رابردوودا زۆر شت گۆڕا بوو و منیش هەنگاو بە هەنگاو، بەکەوتن و هەڵسانەوە، بە شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ناکۆکییەکاندا ئاشنای دەبووم. بەڵام (سەرۆک) زۆر نەگۆڕابوو. لێی پرسیم: "بەڕای تۆ من چۆنم؟" و منیش گووتم: "هێشتا گەنجن، زیندە و چوست و چالاکن و بەمەش زۆر خۆشحاڵ بووم".

کاتێک بەناو ماڵەکەدا پێکەوە رایەڵکەمان دەکرد پێیگووتم: "زۆر شەکەت نەبوویت، هێشتاش گەنجیت، سەرت سپی

---

[23] مەبەست لە کۆنگرەی دامەزراندنی(PKK) یە کە لەگوندی فیسی سەر بە شارۆچکەی لیجەی پارێزگای ئامەد لە کۆتایی مانگی 11ی 1978 دا ئەنجامدرابوو.

نەکردووە. باشە، دیارە تەمەنیشت گەنجە. زۆرت ماوە بۆ نیوەی رێ". (32) ساڵبووم و بۆ نیوەی رێ واتا (35) سێ ساڵم مابوو، بەڵام بەختەوەربووم بەوەی (سەرۆک) منی بەگەنج دەبینی. راستە؛ زیندە و چوست و چالاک بووم، دیارە هێشتاش گەنج بووم و زۆر شەکەتیش نەببووم.

(سەرۆک) لەو نێوەدا ناوە ناوە بە پێکەنینەوە دەیگووت:" جومعە[24] سەری سپی کردووە. فوئاد[25] هەروەها، عەباس[26] کەچەڵ بوون. من سەرم سپی نەکردووە و نەشم وەراندووە. ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ژیانەوە. من هەرگیز وەکو ئەوان نەژیام". بەڕاستیش پێکەنینێکی شکۆمەندانە و پڕ لە ژیانی هەبوو، ددانە سپی سپییەکانی دیاربوون. ددانەکانی (سەرۆک) سەرنجی هەموو کەسی رادەکێشا. کاتێک لە زیندانی ئاماسیا[27] بووین، تەنانەت ژنە پاسەوانەکانیش سەیری وێنە هەڵواسراوەکەی (سەرۆک)یان دەکرد لە قاوشەکەدا دەیانگووت: "سەرۆکەکەتان پیاوێکی قۆزە. ددانەکانی زۆر جوانن، سپی سپیین". کاتێک دەیانگووت (ئاپۆ)، ئێمە زۆر تووڕە دەبووین و پێمان دەگووتن: "بڵێن سەرۆک" و کە بەڕاستیش هەرسیان کردبوو بڵێن (سەرۆک). ئەگەر خوازیاریش نەبن، کاریگەر ببوون.

تاقمە جل و بەرگە شیکەکەم بێزاری دەکردم. نەک لەبەر شیک بوونی، کاتێک دادەنیشتم تەنوورەکە بە تەواوی دەکشایەوە، کە خۆی لەخۆیدا تەسکیش بوو. بەڵام سەرەتا دەمویست زێڕەکان دابنێم. بە ریز ئەڵقە و گوستیلە، بازنگ،

---

[24] جەمیل بایک

[25] عەلی حەیدەر قەیتان

[26] دوران کالکان

[27] یەکێکە لە پارێزگاکانی تورکیا کە دەکەوێتە باکووری ئەو وڵاتەوە.

زنجیر و گۆبەرۆکم دەرهێنا، ئەوانەی ناو جانتاکەشم خستە سەر مێزەکە، دواجار سەیرێکی ئەملاو ئەولام کرد نەوەک شتێکم لەبیر چووبێت، شتێک نەمابوو. بێگومان دەبێت هەڤاڵان پێیان ڕاگەیاندبن کە چەند پارچەن. دواجار ئەڵقەیەکی باریک لەپەنجەمدا مابووەوە. سەرنجی (سەرۆک)ی ڕاکێشا. تەنیا لەسەر ئەو نیگایەی بە پێویستم زانی ڕوونکردنەوەیەک بکەم. بە دەنگێکی نزم گووتم: "ئەمە پێشتریش هەبوو، پێشتریش لە پەنجەمدا بوو".

ئەوەشم بەشێوەیەکی ئاسوودە دەربڕی، بەڵام لەبەرامبەر بە نیگاکەی (سەرۆک) لەپڕێکدا حەپەسابووم، وەک شەرمم کردبێت وابوو. نەک شەرمێکی ناشرین. لەدڵی خۆمدا گووتم دیارە (شەنەر) بە (سەرۆک)ی گووتووە. چونکە لە نامەیەکیدا گووتبووی: "دەرفەتم نەبوو پێی بڵێم، بەڵام بەڵێن دەدەم پێی دەڵێم". ئایا پێی گووتبێت؟ لەناخەوە هەستم بە توورەییەک دەکرد.

چووم و جلەکانم گۆڕی، هاتمەوە و یەکسەر دانیشتم. بێگومان هەموو ڕەفتارێکم خۆڕسک بوو. دەمزانی، ئەوەی کە لەبەرامبەرم دانیشتووە؛ (سەرۆک)ە. هەر هەڤاڵێکیش بێت کەسێکی بەدخوو نیم، پێوانی دیاریکراوم هەیە، بەڵام دیسانیش هەر گووتە و هەر ڕەفتارێک گرنگییەکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیە بەشێوەیەکی بەرجەستە هێشتا هیچ ڕەفتارێکی جیاوازم بەدی نەکردبوو. چونکە خودی (سەرۆک)م لەناو قاڵبێکدا لێکنەدەدایەوە تاوەکو هەڵسوکەوتەکانی خۆشم بەپێی قاڵبێک بگونجێنم. لەنزیکیشیەوە بم یان ساڵەهای ساڵ لەدووریشی بژیم بۆ من ئەو هەر (سەرۆک ئاپۆ)یە.

(عەلی ئیحسان) لە گفتوگۆیەکماندا باسی ئەکادیمیای بۆ کردم و دەیگووت: "لە شیکارەکاندا کەس بە راست و چەپدا ناجوڵێت، قیت گوێ رادەدێرێت. جاروبار بۆ چەندین کاتژمێر لەسەر پێ رادەوەستیت. ناکۆکیت، ئەوەی بکۆکێت دەچێتە دەرەوە. پێنووس بەرنادەیتەوە. سەرۆک بەمانە تووڕە دەبێت. چونکە هەم کاریگەری لە بیرکردنەوە و قاڵبوونەوەکەی دەکات، وردبینییەکەی تێکدەدات و سەرنجی بڵاو دەکاتەوە، هەم بە واتای زاڵ نەبوون بەسەر خۆتدا و خۆکۆنترۆڵنەکردنی کەسێتی دێت. سەرۆک بۆ ئەم مەبەستە دەڵێت: "ئەوەی لێرە دەسەڵاتی بەسەر پێنووسەکەیدا نەبێت، لە شاخیش دەسەڵاتی بەسەر چەکەکەیدا نابێت".

واتام بەهەمووی دەدا، بەڵام چۆن رێگری لە کۆکە دەکرێت؟ لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆیە و زەحمەتە. پژمە و کۆکە و نزگەرە هەریەکەیان روونکردنەوەی زانستیانەی تایبەتی هەیە. بۆ نمونە مرۆڤ نزگەرە دەیگرێت، ئەمەش وابزانم بەهۆی فشارێکی لەناکاوی ناوپەنچکی مرۆڤەوە روودەدات، بلقی هەوا دروست دەبێت بۆیە. بەدوور و درێژیی گفتوگۆمان لەسەر ئەمانە دەکرد، لەو خاڵەدا زۆر قانیع نەدەبووم. بیرم دەکردەوە و دەمگووت؛ ئەی باشە نابێتە مایەی فشارکردن لە ئیرادە یاخود رێگە بۆ کاردانەوەی دژ و پێچەوانە ناکاتەوە؟ بەڵام پێویستە بەردانەوەی پێنووس یاخود هەڵسوکەوتی تر کۆنترۆڵ بکرێن. ناهۆشمەندی و ناحاکمییەت لەو خاڵەدا لە ناتەواوییەکانی ناو خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەمجۆرە شتانە یەکەودەست بەشێوەیەکی بەرفراوان دیارنابێت، مرۆڤ تا دەژی باشتر دەبینێت و تێدەگات. لە شیکارەکاندا دەبووم بە یەکێک لەو خوێندکارانەی کە سەرتاپا بە

سەرنجەوە، بەبێ کۆکە، بێ پژمە، بێ قەزا و بەلا گوێی رادەگرت. بەڵێ؛ بەڕاستیش دەکرا بەسەر کۆکەدا زاڵ ببیت. کەمێک هەناسەت دەگریت و نایدەیتەوە، بە قوتدانەوە دەتوانیت هاوسەنگی رابگریت و رێگری لێ بکەیت. قسەکانی (سەرۆک) و هەر یەکێک لە وشەکانی؛ ئاگادارکەرەوە بوون، دڵ و دەروون و مێشکی دەکردیتەوە، کاتێکیش بەڕاستی بە سەرنج و بە بایەخەوە گوێت بۆ رادەگرت، تا سەر ئێسقان هەستت بەو بەرپرسیارێتییە دەکرد و بەمشێوەیە مرۆڤ رادەستی خەویش نەدەبوو.

هەڤالانی ژن، ئەوانەی لەماڵەکە بوون زۆر سەیر بوون. (سەرۆک) جگەرەی نەدەکێشا. کاتێک لەماڵەکە جگەرە بکێشرایە بە ئاشکرا بە بۆنەکەیدا دیار دەبوو. یەکەمجار نەمزانی بە ئەنقەست وایان دەکرد یان دەرکیان پێنەدەکرد. خۆشم بەبۆنی جگەرە تێکدەچووم. هەر بەم هۆکارە لە زیندان کەم تووشی گفتوگۆ و دەمەقاڵێ نەهاتبووین. کاتێک لە شوێنێکی داخراودا جگەرە بکێشرایە، ئەو شوێنە مایەی ژیان نەبوو. بە (سەرۆک)یان دەگووت کە جگەرە ناکێشن، کەچی لە مەتبەخ و لە ژوورەکەیاندا لەکاتی جگەرەکێشاندا ئاشکرا دەبوون. ئەوجار هەر کە دەنگێکی بچووک بهاتایە دەشڵەژان و دەیانگووت: "ئەها سەرۆک هات!". لەکاتێکدا کە پێویستە هەمیشە بەسیستەم، رێکوپێک و ئامادەبوونایە، ئەوەیان نەدەکرد. لەملاو لەولا دەخەوتن، ناوماڵەکە پەرش و بڵاو بوو، وریای دەنگیان نەدەبوون...هتد.

کاتێک دەنگی (سەرۆک)یان دەبیست دەکەوتنە ناو شکڵ و شەماڵی سەیرەوە. ئەمەم بەلاوە ناخۆش بوو. لەناخی خۆمدا توورە دەبووم. رێزگرتن لە (سەرۆک)، ژیان لەماڵێکدا

لەگەڵ (سەرۆک)، هەمیشە هۆشمەند، چوست و چالاک، رێکوپێکی دەویست. پێویست بوو هەندێک تایبەتمەندی بکرێن بە شێوازی ژیان. ئەوەی تر بەلای منەوە وەک هەڵوێست و هەڵسوکەوتی دەستکرد، ساختە، ناتەواو و رووکەش وابوو کە سروشتییانە، سادە و بڕیارمەندانە نین. دوای ئەوەی بۆ چەند جارێک بووم بە شاهیدحاڵی ئەو جۆرە شتانە، ئاگادارکردنەوەم بە پێویست زانی. دەشێت زۆر بە درێژی باسم نەکردبێت بۆیان، بەڵام جەختم لەوە کردەوە کە نابێت هیچ شتێک چەواشە بکرێت کە پێویستن و رێزی راستەقینەش بەو جۆرە نییە.

پاشان کە پێشهات و رووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، لەو خاڵەدا هەڤاڵانیشمان درێخییان لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک نەکردبوو بۆ خۆ ئاوێتەکردن! بە (سەرۆک)یان گووتبوو: "سارا پێیگووتین: بۆچی لەبەردەم سەرۆک دەکەونە دۆخی ئامادەباشییەوە؟ ئاسایی بن. لەترسان وا دەکەن. پێویست ناکات". ئەی خوایە چی روویدەدا. ئەمە چی ئیشێکە؟ لە هەڤاڵێتیدا ئەم جۆرە شتانە جێگەیان هەبوو؟ بەناوی کەسی ترەوە قسە هەڵدەبەسترا؟ ئەمە و زۆر پرسی تر سەریان زۆر قاڵ دەکردم، تووشی حەپەسانیان دەکردم. وەک هەڤاڵێک دەیگووت: "بەخێربێیت بۆ ناو حەقیقەتی کورد"...

باشە چۆنم بکردایە؟ بۆچی وەها تێگەیشتبوون؟ بەڕاستیش لەبەر ئەوەیە کە بەباشی بۆم روون نەکردبوونەوە، یاخود کەسی تر حەزیکردووە وەها تێبگات و بەوشێوەیە لێکدراوەتەوە؟ نەخێر.. نەخێر، ئەمانە وردەکاری ئیشەکە بوو. چونکە بنەڕەت گرنگە. هەتا بنەڕەت شیکار نەکرێت ئەوی تر مسۆگەر لەشوێنێکەوە سەرچاوەی دەدۆزییەوە، چی هەیە لەمە سرووشتیانەتر بێت؟

هەر لەو رۆژانەدا (هێ.. – شا..)ش هاتبوو. خوشکی (ئا.ت..) بوو. کچێکی گەنج و قژ کورتێک بوو. (سەرۆک) سەبارەت بەو گووتی: "ئەمەش بە کۆن هەژمار دەکرێت. (10) ساڵە لە ریزەکانماندا لەناو کار و خەبات دایە، بەڵام هێشتا بە هەڵوێست و ئاستێک نەگەیشتووە کە سوچێکی ئیشەکە لە ئەستۆ بگرێت". ئەو رۆژە لەگەڵ (سەرۆک) پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد. هەڤالان (چی کفتە[28]یان ئامادە کردبوو. (سەرۆک) دەیگووت: "بخۆ.. بخۆ". منیش بەسەری چنگاڵەکە یەک تۆزم هەڵگرت، پەرێشان بووم. وەک ژەهر وابوو (مەبەست لە ئاستی تیژییەکەیەتی –و) ئاو بەچاومدا هاتە خوارەوە. (سەرۆک) وەکو جاران بە ئیشتیهاوە دەیخوارد. وەکو شەڕ بکات وابوو. تۆپەڵ تۆپەڵ دەیبرد بۆ دەمی. منیش بەزۆری زۆرداری قاپەکەمم تەواو کرد. ئەویش لەبەر خاتری خواستەکەی (سەرۆک). لەکاتی خواردنیشدا قسەمان کرد. (سەرۆک) لەزۆر بابەتدا پرسیاری کرد.

جارێک باس هاتە سەر (حوسنی ئاڵتونلەر)، پێشتر (فاروق)یان هاتبوو، (حوسنی)ش لەدوای من. زۆر هەوڵمدا کەچی هەر جارە و بە درۆیەک، بە ساختەکاریی بیانووی دەهێنایەوە و نەهات. (فاروق) خێزانی پێکهێنابوو. هەروەها فرنێکیشی دانابوو. ئەویش بە بڕە قەرزی دەوڵەت. (حوسنی) ئەوکاتەی ئێمە لە زیندانی ئایدن[29] بووین، نامەیەکی بۆ ناردم، تیایدا دەیگووت: "دەبێت فاروق رابکێشیت". تەنانەت کاتێک (فاروق) لە مانگرتنی تا مردندا بوو، هۆنراوەیەکی لەسەر

[28] جۆرە کفتەیەکی تون و تیژە، کە دوای شیلانێکی زۆری قیمە بەخاوی و بە بیبەرێکی زۆرەوە، لەگەڵ گەڵای کاهوو و لیمۆ ئامادە دەکرێت.

[29] یەکێکە لە پارێزگاکانی تورکیا کە دەکەوێتە هەرێمی ئیجە و رۆژئاوای وڵاتەکەوە.

نووسی بوو کە دڵی پێی سووتابوو. ئەم کابرا ساختەکارە هەر چۆن لە زیندان دەرکەوت لە (فاروق) خراپتری کرد، بەردەوام گیرۆ و دەستخەڕۆی کردین و نەهات. تەنانەت ژمارەی تەلەفۆن، ڕێکەوت و کاتیشی دەستنیشان کردبوو. دواجاریش گووتبووی: "دەمەوێت لە بواری فەرمی (سیاسی)دا کار بکەم".

دووڕوویەتی و کەوتوویش دەبێت، بەڵام بەو ئەندازەیەش نا.

دوای باسکردنی ئەوانە بۆ (سەرۆک) ، هەروەها ئەمانەشم خستەڕوو: "لە زیندانیش کێشەی هەبوو. فاروق بە قین و تووڕە بوو، کاری نەدەکرد، خۆی ئاوێتە نەدەکرد. حوسنی لەڕۆژانی دەستپێکدا بەو هۆکارەی تازە کەوتبووە زیندانەوە گرنگی پێدرا. چونکە هەر هەڤاڵێکی تازە بهاتایە سەبارەت بە هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی دەرەوە زانیاری لێ وەردەگیرا. بەڵام ئەو دواتر دەیوست ببێت بە سەرێک، پلەپەرست بوو. جارێکیان لەگەڵ فەرمانداریتی هەرێمی مێردین قسەی کردبوو، ئەوانیش دۆستێکیان ناردبوو، بەڵام چی بوو، قسەی چییان کرد بە ئێمەی نەگووت. ئەمەش قسە و مقۆمقۆی لەگەڵ خۆی هێنابوو. ئەو و شەنەر بەردەوام ناکۆک بوون. لە سەرەتاکاندا لێک نزیک بوون، تەنانەت کاتێک بۆشایی لە بەڕێوەبەرایەتیدا دروست بوو، شەنەر ئەوی پێشنیاز کرد ببێت بە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام دواتر بەردەوام دەمەقاڵێیان بوو. لەگەڵ هەموومان بە هەمان شێوە. پەیوەندی نێوان حوسنی و فاروقیش زۆر سەیر بوو. کاتێک لە زیندانی ئاماسیا بووین هەموو ئەوانەم بۆ کاراسو نووسیبوو."

(سەرۆک) بە تووڕەییەوە گووتی: "بە بڕە قەرزی دەوڵەت شوێنی کار دادەنێن. بڕوانە لەوانە کە خۆیان بە کادیری (PKK) نیشان دەدەن. ئەمە بەدڕەوشتی نییە؟ چۆن دەرک بەمە ناکەن؟" هەر کە گووتم: "سەرۆکی من، لە هەندێک لایەنییەوە دەبینرا،

شەنەریش ئاگاداربوو، پێویست بوو بۆ ئێوەی باس بکات".
(سەرۆک) بە دەربڕینێکی پڕ لە بێزارییەوە و بە جوڵەیەکی لەناکاو گووتی: "شەنەری چی؟ هاا..!" نیگا و دەربڕینێکی واتادار لە چاوانییەوە خوێندرایەوە. ئەمەش وایکرد بۆ چەند چرکەیەک لێی رابمێنم.

هەر هەڵسوکەوت، جوڵەیەکی دەربڕین و هەر کاردانەوەیەکی (سەرۆک) واتای هەبوو. لەو کاتەدا یەکسەر واتای پێویستم پێنەدا، بەڵام سەرنجی راکێشام. ناوهێنانی (شەنەر) بۆچی ببووە مایەی کاردانەوەیەکی لەناکاو لەلای (سەرۆک)؟ ماوەیەک لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا مامەوە.

(سەرۆک) داوای لێکردم لەو ژوورەی پەڕتووکخانەی لێیە بەجێ ببم، شەویش جێ نوێنەکان لەدەستی هەڤاڵان دەسەنێت و رایدەخات. ئەم هەڵوێستەی (سەرۆک) زۆر کاری تێکردم. هەر لەوکاتەشدا پێی گووتم: "پەڕتووکێکی زۆر هەیە، شیکارییەکی زۆر هەیە. پێویستە بە باشی لە پارتی ورد ببیتەوە. شەڕێکی گەورەی چەندینساڵەمان بەڕێوەبرد، سەرەنجامەکەی کەم نییە. بەچی بەم ئاستە گەیشت، چۆن رەنجێک درا، پێویستە زۆر بە باشی دەرک بەمانە بکرێت".

وێنەیەکی گەورەی سرووشت، ئەمسەر و ئەوسەری لادیوارێکی ژوورەکەی داپۆشی بوو. کۆمەڵە شاخێکی بەرز و بەفرین، لەلای خوارەوە پڕبوو لە دۆڵی سەوزەڵان، کە سەیرت دەکرد بەنێو هەر چوار وەرزەکەدا گوزەرت دەکرد. ئەو دیمەنە، ئەو سروشتە جوانە تەنیا سەرنجی رانەدەکێشا، بەڵکو دڵیشی لێوانڕێژ دەکرد. بۆ تاوێک وا هەستم کرد کە لەشاخە بە رەونەق و جوانەکانی وڵاتم. لە هۆڵەکەشدا وێنەیەکی هاوشێوە هەبوو. ئەو هۆڵەی (سەرۆک)ی تێدا بوو گەورەتر بوو، کە لە وێنەکەت

دەنۆڕی، مرۆڤ وایدەزانی ئاگری، جودی، جیلۆ، چیا سەرکەش و سەختەکانی جولەمێرگ، مونزور دەبینێت. کەواتە (سەرۆک) ئاواتەکانیشی بەمجۆرە قەشەنگ و جوانتر دەکرد. وڵات لە ناخی خۆیدا دەژیێنێت. لە دووریدا نەدەژیا.

پەنجەی بۆ رووپۆشی سەر مێزەکە راکێشا کە دەستچن بوو و گووتی: "ئەمەتان لە زیندان چنی و ناردتان. کارەکەی ئێمەش ئاوەها نەخش و نیگارە. زەحمەتە و هەوڵی زۆری دەوێت، بەڵام لە ئاستێک دایە کە بەردەوام ئەنجامی گەورە دەهێنێت، گەشەی پێدەدات و وەرچەرخان دەستەبەر دەکات. هەموو شتێک سەرلەنوێ دەکەینەوە. سەرلەنوێ ئافراندنەوەی مرۆڤ ئاسان نییە. دووژمن چەندین ساڵی لێدزین. ئێستاش کاتی سەندنەوەی تۆڵەی ئەو ساڵانەیە. پابەندبوون بە شەهیدان و وەڵامی ئاواتەکانیان دەبێت گەورە و بەهادار بن. ئێوە ئەو ئازارانەتان چەشت، هەرگیز فەرامۆش نەکردن و گەورەترین وەڵامدانەوەش دەکەوێتەوە سەرشانی ئێوە. بەڵام دەبێت باش چاودێری بکەن، باش تێبگەن کە چۆن شەڕەکەمان بەم ئاستە گەیاندووە." و لە هەر دەرفەتێکدا دەیویست شتێکم فێر بکات.

## راستینەی شەنەر !...

دووەم یان سێیەم رۆژ بوو شیکارنامەی مانگی کانوونی دووەم – شوباتم دەخوێندەوە کە تیایدا تووشی شتی سەیر هاتم. لە بەشی گووتوبێژدا باس لە زیندان، (شەنەر) و (سالیحە) دەکرا و وەها دەگووترا: "جلی یەکجۆر بە زۆری ئەو لەبەر کرا... سوێندەکەی خوێندبوو (مەبەست لە سوێندی تورکە - و)... لەگەڵ فەهمی ئالتنۆک چاوپێکەوتن و دانیشتنی کرد... حەتمەن شەنەر تونێلەکەی دابەدەستەوە... شەنەری خائین... شەنەری گێرەشێوێن...هتد" لە شوێنێکیش باس لە راکردنی (شەنەر) دەکرا. پاشان چاوم لە رستەی "بە سزای خۆی گەیەندرا" گیربوو. هەمووی بەدوای یەکدا، هەرچەند لاپەڕەم هەڵدەدایەوە، تووشی (شەنەر) دەهاتم. پەڕتووکەکەم داخست، بەبێ دەنگی و بێ بیرکردنەوە تێی ڕامام. لەپڕێکدا رەق و حەپەسابووم. دووبارە پەڕتووکەکەم کردەوە، هەمان ئەو وشانە، دووبارە دامخستەوە. ئەی کوا (شەنەر) لە بۆتان نەبوو؟ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو؟ ئەوەی یەکەمجار هات بە خەیاڵمدا کاردانەوەکەی دوێنێی (سەرۆک) بوو لەکاتی نانخواردنەکەدا. دەمگووت: دەی باشە، بەڵام بۆچی و نەمدەتوانی بەردەوامییەکەی بهێنم. ئاشکرایە، کە لە ئەورووپاش بووم ئەو هەمووە باسمان لێوەکرد، تەنانەت وێنە بە کۆمەڵەکەشمانم پیشانی (مەراڵ) دابوو. لە زیندان پەڕتووکێکی شیعری هەبوو، شیعرەکانی ئەوم بۆ خوێندەوە. مەگەر لەبەر ئەمە بووبێت نەیاندەویست زۆر بگەڕێم. واتای چی بوو سەبارەت بە (شەنەر) هیچ شتێکیان بە من نەدەگووت؟ لەوە زیاتر دانم بە خۆمدا نەگرت، شیکارنامەکەم بە دەستەوە و

بەهێواشیش لە دەرگای ئەو هۆڵەمدا کە (سەرۆک)ی لێ بوو.
گووتم: "سەرۆکی من، دەتوانم بێمە ژوورەوە؟ دەمەوێت لەسەر هەندێک شت قسە بکەین".

سەرۆک: "هەڵبەتە، وەرە، وەرە دانیشە".

شیکارنامەکەم بەدەستەوە بوو، هەم حەپەساو و هەم بێ مۆراڵبووم، دۆخێکی رۆحی سەیرم هەبوو.

گووتم: "سەرۆکی من شیکارنامەکانم خوێندەوە. هەندێک شت هەیە، بە تەواوی تێنەگەیشتم. باس لە شەنەر دەکرێت. هەرکەسە و شتێکی گووتووە. لە شوێنێکیش.." پچڕ پچڕ، بەدڵپڕی و تووڕەییەکەوە، بەڵام پێم تەواو نەبوو...

سەرۆک: "هاا.. شەنەر دەڵێیت؟ بەڵێ، ئێمەش واتایەکمان پێنەدا. هێشتا لێیدەکۆڵینەوە.ساڵێک لەلامان بوو. جارێکیان دەیویست شتێک بڵێت، لەرزە لەرز گرتی و نەیتوانی بیڵێت. جا تێنەگەیشتین دەترسا یاخود شتێکی تر بوو. رایکردووە، چووە بۆلای PDK. بەتەواوی هێشتا دیار نییە، ئێمەش هەوڵی تێگەیشتن دەدەین".

منیش بە گریانەوە: " باشە بۆچی کەس بەمنی نەگووت؟ لە هەڤاڵ جەمال[30]م پرسی، گووتی: لە بۆتانە. هەڤاڵ عەلی ئیحسان دەیگووت: بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە. کاتێک بە تەلەفۆنیش قسەمان کرد، ئێوە گووتتان: باشە. چۆن دەبێت، تێناگەم. بەشداری کۆنگرە نەببوو؟ کەواتە بۆچی ئەم شتانە روویاندا؟"

(سەرۆک) پرسی: "سەیرە! بۆ ئەگریت؟"

منیش گووتم: "سەرۆکی من، چەند ساڵێک لە زیندان بووین. لە هەلومەرجێکدا بووین کە نزیکترین هەڤاڵێتی هەڵدەگرێت،

---

[30] موراد کارایلان.

چاوەڕێی شتێکی وەهام نەدەکرد، بە بیستنی کاریگەر بووم. دوای دەرکەوتنی لەزیندان هەموومان دڵخۆشبووین بە هاتنی بۆ لای ڕێکخستن. نووسراوی بە ئیمزای خۆیشی بۆ ناردبووین. ئەوەندە شتمان لەبارەیەوە بیست، ئێستاش دەگووترێت: ڕایکردووە. ئەمەش کاری تێکردم، ئەو قسانەی کراون قانیعم ناکەن. دەشێت بیر و بۆچوونی جیاوازی هەبێت، لای ئێمە دیموکراسییەت هەیە، قسە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. بێگومان ڕاکردن بۆلای PDK بێت یان هەر لایەکی تر، خیانەتە..."

(سەرۆک) بە تووڕەییەوە: "ئێمە شەنەرمان دانەهێنا، خۆتان پێتانگەیاند و ناردتان. سەرۆکی ئێوە بوو. دەیگووت: من سەرۆکی زیندانم.. بۆچی نەتانناسی؟ بۆ ئەوەی ببێت بە بەڵای سەر سەرمان بۆ لای منتان نارد؟ دایکی هەر لە 1982 وەوە دەیویست باجەکەی ئەوم لێبسێنێتەوە و دەیگووت: وەرە ڕزگاری بکە. ئێستاش تۆ دەڵێیت: بۆچی ڕوویدا؟ ئەی باشە من کێی لێ بە بەرپرسیار بزانم؟"

من زیاتر دەگریام. گووتەکان زۆر قورس بوون، چۆن ئێمە پێمانگەیاندووە و ناردوومانە؟ کەوتمە نێوانی قسەکانی (سەرۆک)ەوە و گووتم: "نەخێر سەرۆکی من، ئێمە ئەومان نەنارد. سەرۆکی ئێمەش نەبوو. هەڤاڵانی شەهید سەرۆکی ئێمە بوون، لەناو ئەوانەشدا کە هێشتا لە ژیاندان ئەگەر دەگووترێت سەرۆکی بەرخودانی، ئەویش کاراسو یە، نەک شەنەر". گووتەی "ئێوە ناردتان" هەموو مێشکمی داگیرکردبوو. تۆمەتبارییەکی سەخت بوو. کەواتە ئێمە چی بووین؟ لەم پارتییە نەبووین؟ وەک بڵێی ئێمە بە ئەنقەست ناردبێتمان. نەخێر..! نابێت..! بەردەوام دەگریام. خۆمم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا.

(سەرۆک) هێورتر قسەی دەکرد. وابزانم ئەو دۆخە شێتانەیەم بەشی نیشاندانی ئاستی دووربوونم لە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە جددییەتی ڕووداوەکانی دەکرد.

سەرۆک: "بڕوانە؛ منیش ساڵێک سەبرم کرد، هەوڵمدا تێبگەم. عەیب نییە، منیشی خەڵەتاند. لەبەردەممدا وەکو بتێک ڕادەوەستا، کەچی هەر کە لام دەکردەوە لە پشتەوە زۆر ئاڵۆزی دروست دەکرد. ئەو ترسەی چی بوو، لەوە نەگەیشتم. پاشان ناردمان بۆ باشوور، لەوێش هەندێک ڕووداوی نەرێنی ڕوویاندا. قۆناخی هەڵبژاردن بوو، هەرچییەک کرا ئەنجام بەدەستنەخرا. کاری لە هەندێک لە کچەکان کردبوو. ناردیشمان بۆ کۆنگرە. سەرەڕای هەموو شتێک هەوڵماندا تێبگەین. کاتێک دەڵێم: ئێوە ناردتان، بۆ تاوانبارکردنی ئێوەم نییە، بەڵام لەپەنای سەرتانەوە بوو، دەبوا بتانناسیبایە. هەلاتنی شەنەر کار لەوانەی زیندان دەکات؟".

:"نەخێر سەرۆکی من. زیندان پابەندن بە سەرۆک و بە پارتییەوە. کێ ڕایکردبێت و بە هەر بیانووێک بێت بە خیانەت لەقەڵەمی دەدەن. دڵنیام".

سەرۆک: "ئاوەها؟ پێویستە وەها بێت. ئەو هەمووە ئازارەتان چەشت. هەندێک ویستیان لەسەری دابنیشن. ئەی حسێن یڵدرمیش وەهای نەکرد؟ ئەگەر وریا نەبن تەڵەکەبازی دەکەن، خیانەتتان بەسەردا دەسەپێنن. هێشتا بە تەواوی بۆمان ڕوون نەبۆتەوە. پێویستە لەم خاڵەدا لاوازییەکان زۆر بەوردی دەستنیشان بکرێن. لەناو ریزەکانماندا هەن کە هێشتا لەکێشەکان نەگەیشتوون، هەن کە بەهیچ جۆرێک نابن بە هێز. شکست و کردەی دەرەوەی پرەنسیپەکان، زۆر خراپ سەرقاڵمان دەکەن.

دەشێت کەسانێک هەبن بیانەوێت ئەمجۆرە شتانە بەشێوەی تر بەکاربهێنن. تاوانی منە؟ من ئەمانەم خولقاند؟

خۆشم تادەهات هێواش هێواش هێور دەبوومەوە. یەکەمین کاردانەوەکانم گوزەرین. باشە بەڕاست ناخۆشی و پەژارە چییە؟ چۆن پێناسەی بکەم؟ کێ گەواهی خۆشی و پەژارەکانم بوو؟ خودا بە نەفرەتی بکات! ئەگەر کەسانێک هەشبن شاهێدبن و بزانن، بەچی دەچێت؟ لەو کاتەدا شێوازی رەنگدانەوەی ئەمانە گرنگ بوو. راستییەکی دەردەبڕی، بەڵام هەموو شتێک لەو خاڵەدا شاراوە نەبوو.

سەرم قورس ببوو، قەفەسەی سنگم دەکزایەوە. چۆن کاتێک لەپێناوی شتێکدا هەوڵێکی زۆر دەدەیت، سەرەڕای ناوەختییەکەشی هەوڵدەدەیت بەشوێنێکی بگەیەنیت و بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت هەموو کاتێک ترسێکی گەورەی لەدڵدا هەڵدەگریت، سەرئەنجام ترسەکانت دەبنە راستی و روودەدەن! منیش رێک لە دۆخێکی رۆحی و دەروونی بەوجۆرەدا بووم.

ئێستاکە لەجیاتی (شەنەر) ئەگەر عەلی یان وەلی یان هەر کەسێکی تر بووایە ئارام و لەسەرخۆ دەبووم؟ یان ئەگەر بەو شێوەیە نەمبیستایە چی دەبوو؟

کەسێکی ئایدیالیست نیم، بەڵام سەرجەم خوداوەندانی چاکە شاهێدن، هەر کێیەک بووایە کە تا کۆتا بە ئەرێنی باسی بکرایە، بگووترایە لەناو پارتیدا ئەرکدار و بەکارە و پاشان هەواڵی راکردنیم ببیستایە، لە بنەمادا ئاستی تێگەیشتنم لە رووداوەکە جیاوازتر نەدەبوو. بەڵام سەرباری ئەوەش ئەوەی کە رایکردبوو، خیانەتی کردبوو، (شەنەر) بوو، کاریگەرییەکی زۆر جیای لێکردم. ئەمەش راستییەکە.

خۆشەویستی چی بوو؟ "خۆشەویستی جیا و دوور لە تێکۆشان و دۆز بوونی هەبوو؟ پابەندیم بە خۆشەویستییەوە پابەندیمە بە تێکۆشانەوە. چۆن بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک پابەند و پەیوەستم بە پارتییەکەمەوە و بڕوام بەم تێکۆشانە هەیە، ناچارم بە هەمان شێوە بڕوا بە خۆشەویستیش بکەم. لە خۆشەویستیدا هیچ خەوشێک جێگەی نییە، ئەگەر نا ئەوە نابێت بە خۆشەویستی! کەسێک کە خۆشم دەوێت ئەگەر لە تێکۆشاندا خەوشێکی هەبێت، لەگەڵ پارتی بچووکترین کێشەی هەبێت، ئەمە بەواتای کۆتاییهاتنی خۆشەویستییەکەشە. ئەگەر ببیستم بچووکترین کێشەی لەگەڵ پارتی هەیە، بێ دوودڵی ئەم پەیوەندییە کۆتا دەکەم..." لە رابردوودا ئەمە و زۆر گووتەی تریش کران: لە نووسراو و گووتراوەکاندا بەم ئەندازەیە پووختی و توندی هەبوون. ئەم لایەنەم (شەنەر)ی دەترساند. منیش ترسم هەبوون، ئەوانەش قووڵ بوون، بەڵام دەرم نەبڕیبوو، هێشتا ئەوەندە کامڵ نەببوو کە سەردەربکات و بتەقێتەوە. بێ پێوانەییم لە سۆزەکانمدا، ئەو نابەرجەستەکارییە پەلهاوێژانەیەم، ئەو دونیایە خەیاڵییەی بە نیاز و نییەت بونیادم نابوو، ئەو خەیاڵانەی وەکو بەدیهاتبێتن لە ئامێزم گرتبوون، ئەو ئازادیخوازییە بێسنوورەم منی (کوێر) کردبوو، گەمارۆی بێ ئامانترین لایەنی تێکۆشانەکانمی دابوو.

لەڕاستیدا من بەر لەهەموو شتێک بۆ ئەمە دەگریام. چونکە کەسێکم نەناسیبوو کە بەم شێوەیە خیانەت لە تێکۆشانەکەم و لە خۆشەویستییەکەشم بکات. دەمزانی کە ئەم خیانەتەش هەروا لەساتەوەختێک یان رۆژێکدا نەبووە. ئەی باشە ئەو دیاردەی خیانەتەی کە لە زیندان دا شاهێدحاڵی بووین تەنانەت بە زیاترین ئەزموونەوە هەر ئەمەی، پێنەناساندین. لە

نووسراوەکانماندا، لە هەڵسەنگاندنەکانماندا، لە بەرگرینامەکانماندا کە دەماندا بەڕووی دووژمندا بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ئەم ڕاستییەمان نەدەخستەڕوو؟ زۆر بە وردەکارییانەوە بنچینەی ئەو خۆسووککردنەمان دەستنیشان نەدەکرد؟ خیانەت لەکوێ و کەی دەستپێدەکات و ئاراستەکەی بەرەو کوێیە؟ زۆر دوور نەبووم لە دەرککردن بەو ڕاستییانە. ئەی باشە بۆچی (شەنەر)م نەناسی؟ ئایا ئەمە ڕاکردنێکی جیاواز بوو؟ لە یەکێک لەنامەکانیدا باسی لە پاڤێڵەکەی ناو ڕۆمانی تۆتن دەکرد و پرسیاری "ئەی ژیان چیە؟!"ی کردبوو و بەشێوەیەکی تاڕادەیەک پەردەپۆشانە باسی لە کێشە هەنووکەییەکانی ئەو سەردەمەی کردبوو و دەیگووت: "ئەگەر مامە[31] نەبێت مانای ژیان نییە. دەزانم دیسانەوە ڕەخنەم لێدەگریت... مامەش تووڕە بوو، بەڵام هێزی پێ بەخشیم. دەشبێت من بەپێی پێویست کێشەکانم بۆ نەخستەڕوو. بەڵام ئەوەندە گەمە بە هەندێک شت دەکرێت کە بەدەست خۆت نییە نەبێت بە پاڤێڵ..." ئەی باشە پێشهاتەکانی دوای ئەوە لەکوێوە سەریان دەرکرد؟

لەو ماوەیەدا کە بەتەنیا مامەوە سەرلەنوێ گەڕامەوە بۆ نووسراوەکانی ناو نامەکە و چۆنێتی لێکدانەوەیان. ڕێی تێنەدەچوو قسەکان بەشێوەیەکی تر لێکبدەمەوە. تا ئەو ڕۆژە ڕووداوەکانمان چۆن لێکدابێتەوە، هەر لەو چوارچێوەیەدا هەموو شتێکمان لێکدایەوە. یەکەم بیرۆکەیەک کە بۆم هات گووتم دڵنیام وەک بەسەرهاتەکەی زیندان، هەندێک شتی لەسەر گووتراوە. لە زیندان گرووپەکانی تر و هەندێک لەوانەی لەناو ڕیزەکانی خۆشماندابوون شتی نەرێنیان سەبارەت بەو بڵاو دەکردەوە.

[31] مەبەست لە ڕێبەر ئاپۆ یە.

هەڵوێستی لەکاتی بەرخودانی کانوونی دووەم[32]دا جۆرە بێ متمانەییەکی دروست کردبوو. زۆر قسە و قسەڵۆکی لەبارەیەوە دەگووترا. پێدەچێت هەمان شت بە دەرەوەش گەیشتبێت. لەو نامانەدا کە بۆ پارتی (لەواتای سەرکردایەتی (PKK)دا بەکارهاتووە -و) دەنێردران، بەتایبەتیش سەبارەت بە هەندێک لە کادیران هەڵسەنگاندن کرابوون، حەتمەن جێگەش بەو داوەرییانە درابوو کە لەسەر (شەنەر) دەکران.

بەڵام من دەزانم و شیمانە دەکەم. کاتێک تونێلەکە ئاشکرا بوو ناوی ئەویش بەرگوێ کەوتبوو. باس لە (شەنەر، سینان و حەسەن) کرابوو. ئەو کاتە بۆ (کاراسو)شم نووسی... "دەبم بە پاڤێڵ".. لەنێوان (پاڤێڵ)ی رۆمانی (توتن) و کەسانی تری پارتی دا ناکۆکی و بێ متمانەیی هەبوو. گومان لە (پاڤێڵ) دەکرا و بە دژبەری (PKK) هەڵدەسەنگێندرا. لەناو خێزانەکەشیدا کەسانێک هەبوون کە هاوکاری دووژمنیان دەکرد. (بۆریس)ی برای قۆرخی توتنەکەی بەڕێوە دەبرد. هەم لەگەڵ ئەڵمانییەکان و هەم لەگەڵ بەکرێگیراو و دارودەستە هەرێمییەکان پەیوەندی هەبوو، رەزالەتێک نەمابوو خۆی تێوە نەگلاندبێت. بێگومان دواجار دەکوژرێت.

(پاڤێڵ)یش ماوەیەک دوور دەخرێتەوە. لەو ماوەیەدا دەچێتە وڵاتانی تریش. ماوەیەک لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئیسپانیا دەجوڵێتەوە، لە شەڕی ناوخۆدا بەشداری دەکات. پاشان

---

[32] رۆژی 10ی کانوونی دووەمی 1984 زیندانیان لەدژی سیاسەت و پەیڕەوکارییەکانی رژێمی کودەتا و بەرنامەی بەزۆر لەبەرکردنی جلی یەکجۆر بەسەر زیندانیاندا، دەست بە چالاکی مانگرتنی تامردن دەکەن، لە بەردەوامی پەلامارەکانی سەربازانی ئەو رژێمەدا چالاکی خۆسووتاندن و شەڕکردن لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتی تورک کرا، بەکشتی سێ شەهید و کۆمەڵێک بریندازی لێکەوتەوە، بەڵام دووژمن نەیتوانی بەرنامەکەی بباتە سەر.

جارێکیتر پەیوەندی بە پارتەکەیەوە دەکاتەوە. چیرۆکێکی دوور و درێژە، بەڵام دوای نامەکە دەمویست زۆر بە باشی لە راستی (پاڤێڵ)ی پەڕتووکەکە تێبگەم و گفتوگۆم لەسەر دەکرد. لە نووسراوێکیشدا ئەو هەڵوێستەییم رەخنە کرد و پێمگووت: "هەم دەڵێیت مامە هێزم پێدەدات و هەم دەڵێیت: دەبم بە پاڤێڵ، ئەمە چییە؟" و جەختم لەوەش کردەوە کە نابێت جارێکی تر باس لە شتی وەها بکاتەوە.

بەڵام (شەنەر) بەرەو لای (PDK) رایکردبوو! لەم واتایەدا پاڤێڵ و ماڤێل درۆ و دەلەسە بوو. بەراوردکردنی لەگەڵ کەسانی تردا تا چەند جێگەی خۆی دەگرت؟ هاوکات هۆکار و کەسێتی و هەلومەرجەکەش جیاواز نەبوو؟ دیسان وەکو (سەرۆک) گووتی، پێویستە تێبگەین. (سەرۆک) دەیگووت: "هێشتا لە هەوڵی تێگەیشتن داین".

## هەوڵدان بۆ تێگەیشتن...

(سەرۆک) هەوڵی دەدا هەم تێبگات و هەم تێمبگەیەنێت. هەر چەندە ناوەناوە کاردانەوەکانم تووشی سەرسوڕمانیشی بکات، تووڕەش ببێت، رەخنەش بکات، بەشێوەیەکی خاکی و بەباشترین شێوە وشەکانی هەڵدەبژارد و هەوڵی دەدا تێمبگەیەنێت و هاوکاریم بکات تا دەرک بە راستی دۆخەکە بکەم.

کاتێک لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە؛ لە ژێر کاریگەری قسەکان هێور ببوومەوە، بەڵام دڵگران بووم. هاتمە ئەو ژوورەی بۆ من جیاکرابووەوە، ماوەیەک بێ دەنگ و بێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێک دانیشتم. پاشان وێنەکانم لە جانتاکە دەرهێنا و دڕاندم. چەند پارچە شیعرێک لە شیعرەکانی (شەنەر) هەبوون ئەوانیشم دڕاند. نەمدەویست هیچ شتێکی ئەوم لەلا بمێنێتەوە. دواتر ئەڵقەکەی پەنجەمم دەرهێنا، بەڵام دووبارە کردمەوە پەنجەم. چ واتایەکی هەبوو؟ ئەو هەر ئاگای لە ئەڵقەکەش نەبوو. کاتێک لە چاناک کالە بووین دوای بیستنی هەواڵی ئەرێنی سەبارەت بەو، ئەو پەیوەندییەم ئەرێکرد و ئەم ئەڵقەیەم لەبەرەی خۆمەوە وەک هێمای خەڵاتکردنێک هێنام و لەپەنجەم کرد. ببوو بە (دیاری) هەڤاڵان. کاتێک (ئایهان) لە زیندان دەرکەوت لەگەڵ نامەیەکی بچووک ئەڵقەکەی ترم دا بەو و پێمگووت: "ئەگەر چوویت بیدە بە شەنەر". بەشێوەیەکی گشتی حەز و ئارەزوویەکی تایبەت بە گوستیلە و ئەڵقەم نەبوو، یاخود شتێک نەبوو لە پەیوەندییەکاندا زۆر گرنگیم پێدابێت. کاریگەری مەعنەوییانەی هەبوو؟ ئەویش ئەوەندە بەکار نەبوو، واتا لەناو سیستەمدا ئەڵقەی گەرەنتی کردنی شتگەلێک و بەستنەوەیان

بوو، ئەمەش لای هەمووان ئاشکرایە. دیارە تاڕادەیەک لەسەر بنەمای گەیشتنی بە فەرمییەتێک مامەڵەم نواند. جگە لە هەڤاڵێکیش کەسی تر نەیدەزانی بەچی واتایەک لە پەنجەم کردووە.

جارێکی تر ئەو روانینەی (سەرۆک)م هاتەوە یاد کە لەکاتی دانانی خشڵەکاندا هەستم پێکردبوو. پێدەچوو بە (سەرۆک)یشی نەگووتبێت. گووتم: "نەخێر، جارێ با ئەڵقەکە بمێنێت، ئەوکاتەی پەیوەندییەکەم روونکردنەوە دایدەنێم" و ئەڵقەکەم کردەوە پەنجەم. لام وابوو بە دانانی ئەو ئەڵقەیە پەیوەندییەکە دەشارمەوە. لە راستیدا ئەوکاتە ئەڵقەکە بۆ من هیچ واتایەکیشی نەبوو. بە ئازارەوە بە حاڵی خۆم پێکەنیم. بەهایەکی چەندە زۆرم بەسەر ئەو پەیوەندییەدا بارکردبوو، دەمگووت: "ئەمە خۆشەویستی و ئەوینێکی جیایە. خۆشەویستییەک دەخوڵقێنم کە پڕاوپڕ بەپێی خواستەکەی (سەرۆک) بێت". دەمگووت: "بە ڕقئەستوور و لەداخی ئەو بەسەرهاتانە و لەدژی ئەو خۆشەویستییانەی هێز دەشکێنن، پێبەندن و روو لە خیانەت دەکەن، سەرکەوتن بەدەست دەهێنم" ئەو خۆشەویستییەی کە دەمگووت "جیاوازترینە" ئەوەندە زوو و ئەوەندە لە نزیکەوە دووچاری خیانەت ببوو، بەهیچ جۆریک واتام پێنەدەدا. وەخت بوو مێشکم دەتەقی. نەمدەویست بیر لە هیچ بکەمەوە و بەتایبەتیش هەموو قۆناخەکان، هەموو نیگەرانییەک، گومانێک، ترسێک، هەموو پرسیارێکی سەبارەت بە بنەماکانیان، هەموو خاڵێک کە مایەی نارەحەتی و بێزاری بوون پێکەوە رژابوونە ناو مێشکمەوە. کاتێک هەموویانم کۆدەکردەوە و پەیوەندی نێوانیانم دروست دەکرد، وایان لێدەکردم بڵێم "چۆن وەهام کرد". چۆن تێنەگەیشتبووم، بۆچی ئەوەندە سۆزدار (عاتفی)یانە

مامەڵەم کردبوو. لە راستیدا لەو کاتانەوە ئیدی زۆر شت دەبینم و هەستی پێدەکەم. هەمیشە دەمگووت تۆبڵێی!..

ئەی باشە؛ لە زیندان هەرخۆم شاهێدحاڵی ئەو هەموو خیانەتانە نەبووم؟ لە رۆژانی بێ ئامانی لێپرسینەوەکاندا خیانەت لەپاڵ سەرماندا چەکەرەی نەکردبوو؟ کێ چاوەڕێی دەکرد (شاهین) خیانەت بکات، کێ ئامادەبوو بۆ بیستنی؟ هەروەها دەیانی تریش خۆیان کرد بە نموونەی خیانەت. هەواڵی خیانەت و راکردن دەهات بۆ زیندان. دوای وەرگرتنی هەواڵەکە خۆشەویستی، پابەندی، هاوڕێیەتی، لێک نزیکبوون، ناسیاوی و خزمایەتی، هیچ یەکێکیان هێندەی تۆزقاڵێک بەهای نەدەمایەوە. ناوی خیانەت، هەڵگەڕانەوە و هەڵاتوویی بەس بوون بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو دیاردانە. کین و نەفرەت گەورەتر دەبوون، ئەمەش هێزی پێدەدام، نەدەگریام، نەدەهەژام، بۆ تاکە ساتەوەختێکیش نەمدەگووت: "چۆن دەبێت؟". چونکە ئەنجامێکی وەها نەبوو و هەرگیز بیانووشی هەڵنەدەگرت. ساڵانی زیندان زۆر بەباشی ئەمەی فێرکردبووین. باسی رووی قێزەوەنی خیانەتم بۆ دەوروبەرم دەکرد، دەمدا بە رووی دووژمندا. لەبەرامبەر بە دیاردە و رووداوە خیانەتئامێزەکاندا؛ بە شکۆمەندی و سەربەرزییەوە بانگەوازیم دەکرد کە بە بڕوا و پابەندییەکی گەورەترەوە ئاوێتەی شۆڕش ببم.

(سەرۆک) لەنێوانی کارەکانیدا لە هەر دەرفەتێکدا بەردەوام بوو لە قسەکردن و گرنگی پێدانم. تووڕەیی و کاردانەوەکانی یەکەمم ئارام ببووەوە، هێور و هێمنتر بووم. (سەرۆک) گووتی: "ئەگەر دەتەوێت؛ نامەیەک بۆ هەڤاڵانی چاناک کالە بنووسە" دەستبەجێ دەستم پێکرد. سەرەتا بۆ (فە..)م نووسی. بە "خوشکەزاکەم" دەستم بەنامەکە کرد و لەجیاتی ئیمزاش

گوزارەی (پوورت)م بەکار هێنا. (سەرۆک) کاتێک کە هاتە ژوورەوە نامەکەی بینی. پێمگووت: "بە درێژی نەمنووسیوە، نەمتوانی". (سەرۆک) چاوێکی پێدا خشاند و پرسیاری کرد: "خوشکەزاتە؟" گووتم: "نەخێر سەرۆکی من، دوای ئەوەی لە زیندان دەرکەوتم، ماوەیەک لە بواری سیاسیدا پێکەوە کارمان کرد. چووینە ماڵێک لەوێ گووتی: پوورمە، ناوەکە وەها مایەوە. ئیدی بووین بە پوور و خوشکەزا". ناوی خۆمم نەنووسی، وەهام پێ باش بوو کە بۆ تێگەیشتنی، ئەم جۆرە گوزارەیە بەکار بهێنم.

(سەرۆک) هەم قسەی دەکرد هەم بە ژوورەکەدا رایەڵکەی دەکرد و پێیگووتم: "شەنەر لەلای من بوو، هەوڵمدا لەو کابرایە بگەم. زۆر سەیر بوو. جارێکیان لە وانە (مەبەست لەوانەی رۆژانەی پەروەردەی تیۆرییە-و)دا دەگری و دەچێتە دەرەوە. گووتویێتی: من خەلیفە (جێنشین)ی (مەزلۆم[33])م، دەی باشە بەو جۆرە دەبێت بە جێنشینی (مەزلۆم)؟ ماوەیەک ناردمان بۆ باشوور، ئەویشی تێکدا، کاری نەکرد، توانستەکانی خۆی نەدەخستەگەڕ. تەنانەت دەمگووت: ئەگەر ئەمە توانستی خۆی بەکار بهێنێت دەبێتە کەسی دووەم".

لەو نێوەدا رووپۆشی مێزەکەی راست کردەوە، شوێنی تەپڵەکی جگەرەکەی گۆڕی. هەر لەو نێوەدا تاڵە مووەکەی ناو تەپڵەکەکەی هەڵگرت و بە چەرخ سووتاندی. لەوکاتەدا شەرم گرتمی. تاڵە مووی سەری من بوو. لەکاتی شانەکردندا خستبومە ناو ئەوەوە و لەبیرم چووبوو. لائیرادی، بە دەنگێکی نزم گووتم: "من خستمە ناوی، لەبیرم چوو هەڵیگرمەوە". (سەرۆک) لەوەڵامدا گووتی: "دەزانم تۆ ورد و خاوێنیت. ژێر زەمینی

---

[33] مەبەست لە مەزلۆم دۆغانە.

بیناکەی شاری خارپێت[34] م لەیادە، خاوێن بوو. من بەو شێوەیەم، بچووکترین زەرڕە تۆزێکیش ناڕەحەتم دەکات".
پاشان گەڕایەوە سەر باسی (شەنەر) و گووتی: "شڕ و شێواو بوو. نە جلوبەرگی، نە راوەستانی و نە هەڵسوکەوتەکانیشی، لە هیچ یەکێکیاندا رێکوپێکی و دیسیپلین بوونی نەبوو، پەرتەوازە و کەیفی بوو. لەگەڵ هەندێک لە کچەکان بۆ چەندین کاتژمێر لەم سووچ و لەو سووچ دەمهەڕاشیی دەکرد. بەڵام بە کارە بنەڕەتییەکانەوە سەرقاڵ نەدەبوو، خۆی ئاوێتە نەدەکرد".
لەوێکانەدا قسەکانی (عەلی ئیحسان)م هاتەوە بیر. ئەویش باسی هەمان شتی بۆ کردم، منیش یەکەمجار کە لە زیندان ئەو دۆخەیم بینی، سەرم سوڕما و پێم گووت کە نابەجێیە. بە (عەلی ئیحسان)م گووت: "تەنانەت موداخەلەی نینۆکی هەڤاڵانیشم دەکرد. شەنەر زۆر پەرش و بڵاو و قرێژۆک بوو، لەم خاڵەدا دواتر خۆی گۆڕی. سەیرە، کەوابوو لە ئەکادیمیا هەمان شتی دووبارە کردۆتەوە". (عەلی ئیحسان)یش گووتی: "جارێکیان سەرۆک هات بۆ ژووری کاروباری راگەیاندن، ئێمەش لەوێ بووین، لەوێ کارمان دەکرد. سەرۆک لەهەندێک شت ناڕەحەت ببوو، پێوەی دیاربوو. بەڵام لەمن تووڕە بوو، رەخنەی لەمن گرت. زۆر بەتوندی رەخنەی کردم. من تێگەیشتم، سەرۆک لە راستیدا بە شەنەری دەگووت. کەم تا زۆر ئاشنای تەرز و شێوازەکانی سەرۆک ببووم. دوای ئەوەی سەرۆک رۆیشت، شەنەر دیوارەکەی دایە بەر مشت، دیاربوو کاری تێکردبوو و گووتی: ئەو گووتانە بۆ من بوون، دەزانم بە منی گووت.. زیرەک بوو، یەکسەر تێگەیشت. بەڵام مێشکی تێکەڵ و پێکەڵ

[34] یەکێکە لە شارەکانی باکووری کوردستان.

بوو. نەمزانی ئایا لە بەشداربوون دا کێشەی هەبوو یاخود شتێکی تری هەبوو؟".

لە راستیدا ئەو کاتەی (عەلی ئیحسان) ئەو قسانەی بۆ دەکردم، (شەنەر) رایکردبوو. بەهۆی زۆر پرسیارکردنی منەوە بوو یاخود لەبەر ئەوەبوو ئاگاداری راکردنەکەی بوو کە لە هەر دیدارێکماندا باسی (شەنەر)ی دەهێنایەوە؟ ئەوکاتە ئەمانەم بە قسە و گفتوگۆیەکی سروشتییانە لێکدەدایەوە، لەگەڵ قسەکانیشی دام. دەستنیشانەکانیشی زۆر بابەتیانە "ئۆبژێکتانە" بوون. بەڵام دواتر کە لێکمدایەوە وای بۆ دەچووم کە بە پەیوەندییەکەمانی دەزانی، بۆیە بە هۆشیاریەوە مامەڵەی دەکرد، ئەمەیانم بەو شێوەیە لێکدایەوە. بێگومان هەڤاڵ (جەمال)، (مەراڵ) پێدەچێت (مەتین)یش زانیبێتی، بەڵام هیچیان پێیان نەگووتبووم. هەڵبەتە ئەم هەڵوێستەی سەرەتا کاری تێکردبووم. کاتێک بە دۆخەکەم زانی لەبەردەم (سەرۆک)دا گریام و گووتم: "باشە، بۆچی بە منیان نەگووت؟ هەڤاڵ جەمال، مەراڵ و ئەوان هەموویان دەیانزانی، بۆچی، متمانەیان بە من نەدەکرد؟" ئەمەش لە هەمووی زیاتر کاری تێکردبووم. سەرجەم هەڵوێست و مامەڵەکانم پێکەوە وابەستە دەکرد.

تۆماری نووسراوەی کۆنگرە و گفتوگۆکانم خوێندەوە. زیاتر راپۆرتی هەرێمەکان و بەشیک لە راپۆرتە کەسێتییەکانم خوێندەوە. پێویست بوو لەوە تێبگەین کە چیی بووە و کێشەی بنەڕەتی چییە. تەنیا گووتنی ((رایکرد، خیانەتی کرد..)) هەموو شتێکی روون نەدەکردەوە. (سەرۆک)یش بەردەوام دەیگووت: "ئێمەش هێشتا هەوڵ دەدەین تێبگەین".

هەر لەو رۆژانەدا (سەرۆک) لەگەڵ هەڤاڵ (جەمال) بە تەلەفۆن قسەی کرد، منیش لەلای (سەرۆک) ئامادەبووم.

(دۆغو)[35] هەواڵی ناردووە، نووسراوێکی (محەمەد شەنەر)ی کەوتۆتە دەست و داوای لێکردووە کە بڵاوی بکاتەوە. ئەویش گووتوویێتی کە زۆر ئاگاداری کێشەکە نین، بەڵام لە راستیدا زۆر فێڵبازانە وەها نیشاندەدات کە ئاگای لە هیچ شتێکیش نییە و نەیدەویست ئاراستەی گۆڤارەکەی بکەوێتە ژێر تۆمەتەوە. لە راستیدا (دۆغو پەرینچەک) کەسێکی نەناسراو و نەزانراو نەبوو، بەڵام دیار نەبوو گەمەی بۆچی و بۆکێ دەکرد و زمانحاڵی بۆ کام باڵی دەوڵەت دەکرد. ئاشکرا بوو کە پەیوەندی لەگەڵ هێزە شاراوەکاندا هەیە.

دوای دەرکەوتنم لە زیندان سەردانی گۆڤارەکەشیمان کرد. رێپێوانی کرێکارانی زۆنگوڵداک[36] هەبوو لە ئەنکەرە. رووداوێکی زۆر گرنگ بوو. دروشمی "زۆنگوڵداغ و جودی شان بە شانن" زۆر جوان بوو، واتادار بوو. لە زیندان ئەگەرچی بەشێوەیەکی سیمبۆلیش بێت، پارەی هاوکاریمان بۆ کۆکردنەوە، بە بڵاوکراوە و نووسراوی جیاجیا پشتیوانیمان لە کرێکارەکانی زۆنگوڵداغ کرد. (دۆغو) باڵەکانی فشکردبووە و دەیگووت: "هەموو شتێک ئێمە کردمان، ئێمە دەستمان پێکرد"، بەڵام ئێمە زۆر چاک

---

[35] دۆغو پەرینچەک؛ لەدایکبووی شاری دیلۆک – کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ غازی عەنتاب گۆڕیوە- ی باکووری کوردستانە و کوڕی فەرماندەیەکی سوپای ئەوکاتەی دەوڵەتی تورکە. لە تەمەنی 22 سالییەوە دەکەوێتە ناو سیاسەتەوە و ئەندامێتی و سەرکردایەتی بۆ ژمارەیەک کۆمەڵە، رێکخراو و پارتی جیاجیا کردووە، بەڵام بەهۆی هەبوونی پەیوەندییەکی بەربڵاو و نادیاری لەگەڵ زۆرێک لە هێزە هەرێمی و ناوچەیی و جیهانییەکان، تائێستاش لەلایەن گەلی کوردەوە زۆر پەردەی گومانی لەسەر لانەچووە، لەلایەن بەشێکی زۆری کوردان و دیموکراتیخوازانەوە بە پیاوی دەوڵەتان ناوزەدکراوە. لەو قۆناخەشدا کە ساکینە جانسز باسی دەکات گۆڤارێکی بەناوی 2000 – e Doğru'بەرەو 2000ی دەردەکرد.

[36] یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی دەریای رەشی وڵاتی تورکیا و بە دەوڵەمەندی کانزا و خەڵوز بەناوبانگە.

دەمانزانی کە وەها نییە. دەمانگووت: "ئەم هەوڵە قەشەنگە بەلاڕێدا دەبەن". ئەگەرچی هەندێک هەڵوێستی گەشبینانەشمان هەبووایە، لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەی پێشەنگایەتی لە تورکیا بووین، (دۆغو)مان بە "دەستێکی ئەفسوناوی" دانەدەنا کە بەرخودانییەکە لەسەر شێوازێکی شۆڕشگێڕانە بە ڕێکخستن بکات کە دەسەڵاتی سیاسی بکاتە ئامانجی داواکارییەکانیان و هەروەها خاوەنی هێزێکی نوێنەرایەتی بێت کە لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە یەک ئاراستە بگرنەبەر. بەڵام ئەو بانگەشەی هەبوو و دەیگووت: "وەرن با بتانبەم و لە نزیکەوە بیبینن. ئەم بەرخودانییە ئێمە خوڵقاندمان، ئێمە پێشەنگایەتی دەکەین".

پارتی سۆسیالیست گردبوونەوەی جەماوەری سازدەکرد، جەماوەر بەجۆش و خرۆش بوو. دەیانگووت: "لە رۆژهەڵات ئۆپۆزسیۆنی لادێیانی کورد هەیە، لە چوارچێوەی داواکارییە نەتەوەییەکەیاندا تێدەکۆشن، لێرەش بەرخودانی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بە پێشەنگایەتی پرۆلیتاریا، تێکۆشانی چینی کرێکار بۆ دەسەڵات...هتد" گفتوگۆمان دەکرد و بیر و بۆچوونی خۆمان دەردەبڕی. هێشتاش بە شۆڕشی کوردستانیان دەگووت: "ئۆپۆزسیۆنی گوندیانی کورد، جوڵانەوەی نەتەوەیی...هتد"، وەک هاوپەیمانی شۆڕشگێڕانی تورکیا دەیانبینین. پێشهات و پێشکەوتنەکانی ناو تورکیاشیان بە شۆڕشێک بە پێشەنگایەتی چینی کرێکار وەردەگرت. واتا بەلای ئەوەوە ئێمە جوڵانەوەیەکی ئاسایی دێهاتییان بووین! هەرچۆنێک بێت ئێمەی بە هاوپەیمان دادەنا! (دۆغو) بەم ئەندازەیە خولی دەخواردەوە. بێگومان هەر ئەو ئۆپۆزسیۆنی گوندیانی کوردیش بە گردبوونەوە و

ڕێپێوانەکانی خۆیان دەستی پێکردبوو، ئەوان بڵێسەیان دابوو، ئەوان دایانگیرساندبوو!

هەستم کرد کە بەرەو گفتوگۆکانی ساڵانی 1975 – 1976ەوە دەچین. گفتوگۆکانمان بەرەو خاڵی زۆر نابەجێوە دەڕۆیشت. بەڵام هەندێک شتیش دەبووایە قسەیان لەسەر بکرایە.. شەوی سەری ساڵ هەواڵێکی تریان بڵاو کردبووەوە: "کودەتا بەڕێوەیە!". گوایا ئەندامێکی (MIT)[37] بە نهێنی زانیاری پێداوە کەوا لە چانکایا[38] ئامادەکاری هەیە، خودی خۆی (مەبەست لە دۆغو وە -و) و هەندێک لە ئەندامانی پارتی سۆسیالیست کە لە دەوروبەریدان دەکوژرێن، بە ئامانجی هۆشیاربوون ئاگادارکراوەتەوە... من و (ڕەمەزان ئیلەک) لەوێ بووین، (ڕاغب دوران)یش سەری لە گۆڤارەکە دا. دەیانگووت کە ئەم هەواڵەیان لە سەرچاوەیەکی زۆر باوەڕپێکراوەوە وەرگرتووە. باشە ئەندامێکی (MIT) کەی دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر باوەڕپێکراو؟ سەیرم لێدەهات، هاوکات دیمەنێکی کۆمیدیش بوو. ئەو هەمووە شڵەژان و وروژانەیان لەچی بوو؟ بەڕاستیش بەگشتی ئەندامانی پارتی سۆسیالیست و بەتایبەتیش (دۆغو) بڕوایان بەو دەنگۆیانە دەکرد؟

هەر خۆی دەیگووت کە بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەرۆک) سەردانی بیقاع دەکات، پرسیاریشی لێکردین کە شتێکمان هەیە تا لەڕێگەی ئەوەوە بە (سەرۆک)ی ڕابگەیەنین. بانگهێشتی کردین بۆماڵەوە. لەگەڵ هاوژینەکەی هەر لە گۆڤارەکە یەکترمان ناسی. واوەیلایەکی سەیر و سەمەرەی بەو شێوەیەی بۆ هاتنی کودەتا کرد، کە ئێمەش گووتمان "بۆ

---

37 دەزگای هەوالگری میللی تورک.

38 کۆشکی سەرۆکوەزیرانی ئەوسای دەوڵەتی تورک.

جارێکی تر". بێگومان ئێمە بڕوامان بەو قسەڵۆکانە نەکرد". لەدێر زەمانەوە هەر کاتێک هەندێک گۆڕان و پێشکەوتن بهاتبانا ئاراوە، بڵاو کردنەوەی دەنگۆی کودەتا بۆ نیگەرانکردنی جەماوەر، کرابوو بە خەسڵەتێکی سیاسەتی دەوڵەت. کودەتا ترسێکی گەورەی دروست کردبوو، بۆیە بەردەوام ئەو دۆخە دەروونەییەیان بە زیندوویی رادەگرت. (دۆغو) زۆر بە بانگەشە بوو و دەیگووت: "حەتمەن ئەمشەو کودەتا دەبێت". ئێمەش لە پێچەوانەکەیدا بە بانگەشە بووین. رووینەدا، بۆ جاری دووەم کە چاومان بە یەککەوت، حەزی نەکرد زۆر بکەوێتە ناو ئەم بابەتەوە. بەڵام لە گفتوگۆماندا سەبارەت بە (HEP) کار لەکار ترازا، گفتوگۆیەکی زۆر توند روویدا. دەیگووت: "(PKK) بەرەو کوێ دەچێت؟ دەیەوێت بەدەستی ئیمپریالزمەوە چی بکات و بەکوێ بگات؟" چ هەڵوێستمان لەمەڕ شەڕی کەنداو و چ هەڵوێستمان لەمەڕ (HEP) هەموو ئەمانەی بە کاری داردەستەیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هەڵدەسەنگاند. گوایە ئیمپریالیزم ئاراستە بە ئێمە دەدات!

ئەو گفتوگۆیەمان ببوو بە کۆتایی پەیوەندییە تازەکەشمان لەگەڵ (دۆغو). گووتم: "جارێکی تر..؟" بەهۆی ئەو هەڵوێستەیەوە پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێک لەدۆستانی ناو گۆڤارەکەش بڕی. هەندێک کارمان بە گۆڤارەکە دەبوو، دوای ئەو هەڵوێستە دەمانگووت: "ئەو خێرەی لەوانەوە دێت با هەر نەبێت چاکترە" و دەستبەردار بووین. هەڵبەتە سیاسەتمەداری چەندین ساڵەبوو کە ناسنامە و هێڵی سیاسییانەی مایەی تێگەیشتن بوو. لەو بوارەدا کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو. لە پێگەیەک دا نەبوون زۆر پێویستیمان پێیان هەبێت یان ئاتاجیان بین. ئەو پەیوەندییە؛ پەیوەندییەکی ئاسایی بوو کە کاروبارەکانی تایبەت بە بواری

فەرمی دەیکردە ناچاریی. بەلام ئاوەها بە ئاسانی نەدەکەوتینە بەرەی دواوەی (دۆغو)وەوە. ئەوە بەتەواوی کاری سیاسەت بوو.

سەیر بوو؛ هەمیشە لەکاتە هەستیارەکاندا و لەو قۆناخانەدا راستی رووداوی جیاجیا دەهات؛ (دۆغو) بەدی دەکرا. ریکەوت نەبوو. هێڵ و مەیلی لەگەڵ کێ و کوێ بگونجایە دەیەویست لەخولگەکەیدا جێگە بگرێت. وەرگێڕی بۆ کەسایەتی، هێڵ و مەیلی بەردیدە، یاخود حەوشەی پشتەوەی، پەنجەرەی پشتەوەی، دەستەکەی پشتەوە و زمانەکەی پشتەوەی دەکرد. نەک هەروا بە ئاشکرا و لەخۆوە، نەخێر، بە وەستایانە دەیکرد.

(TKP - پارتی کۆمۆنیستی تورکیا)کەی (شەنەر)، (2000'e doğru)ەکەی (شەنەر)!. بەڵێ، هەردووکیشیان خاوەنداریتییان لێدەکرد. (سەرۆک) سەبارەت بە ناوەڕۆکی نووسینەکە پرسیاری لە هەڤاڵ (جەمال) کرد و پێیگووت: "با نووسینەکەیتان بۆ بنێرن". بەتەواوی تێنەدەگەیشتم هەڤاڵ (جەمال) چی دەگووت. (سەرۆک) پێیدەگووت: "با پێیان بڵێین بڵاوی مەکەنەوە" و پاشان سەیرێکی کردم و داوای بۆچوونی منیشی کرد، لە وەلامدا گووتم: "سەرۆکی من، دەکرێت لەڕێگەی گۆڤارەکەوە بانگەوازییەک بکرێت، دەکرێت لەسەر ناوی منیش بێت. باشتر وایە پێی بگووترێت کە لەم گۆڕەپانەم، با بێت و خۆی رادەستی پارتی بکاتەوە، پێویستە کێشەکان بە تاووتوێکردن چارەسەر بکرێن. دڵنیام گۆڤارەکە ناونیشانی شەنەر دەزانێت یان دەتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ بکرێت. دۆغو دەتوانێت نێوانگرییەکی بەمجۆرە بکات".

سەرۆک: "ئاوەها؟ دەتوانیت کاری تێبکەیت؟ یان بەجددی وەری دەگرێت؟ باشە با بە جەمال بڵێین". و بە هەڤاڵ (جەمال)ی

گووت: "با بێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین، ساکینە لێرەیە. ئەگەر شتێک هەبێت با بێت و بە ئاشکرا بیخاتەڕوو...".

بەمە دڵخۆش بووم و دەمگووت: "بەشکم بگەڕێتەوە بۆ ناو پارتی و خۆی رادەست بکاتەوە. بەشکم بەرلەوەی راکردنەکەی بە خیانەت بگات بگەڕێتەوە". لەناخی خۆمدا چاوەڕوانییەکی وەهام هەبوو ئەگەرچی ئەگەرێکی بچووکیش بێت. مەسەلە پەیوەندی نێوانمان نەبوو، لەو خاڵەدا ئامادەبووم هەموو شتێک فیدا بکەم، بەڵام نەمدەویست خیانەتێکی بەوجۆرەی لێبوەشێتەوە. هێشتا بەدوای رزگارکردنی کەسێکەوەم کە خیانەتی کردووە. دیسان ئامادەبووم خۆم فیدا بکەم! فیداکردن! ئەو کەسە لە پارتی رایکردبوو، لە ریزەکانمان رایکردبوو، خیانەتی لەو هەموو بەها و نرخە کردبوو، کەچی من هێشتا ((ساکینە))بوونی خۆمم فیدا دەکرد!

ئەی خوایە چەندە بە نیازپاکی مامەڵەم دەکرد. لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد، بەتایبەتیش بە خوێندنەوەیەک کە بە چەندان قات لەو نیازانە شێلراوە، حەقیقەتێکی پڕ سامناکی پەردە لەسەر لادراو تاووتوێ دەکەم. جارێک ئەمیان و جارێک ئەوی تریان قورسایی زیاتر دەبوو. جاروبار دەمگووت: "راکردن، چۆن و بۆ هەر کوێیەک بێت هەر خیانەتە". باش دەمزانی کە بەم بانگەوازییە هیوایەکی بێ هودەم هەڵگرتووە. بەڵام لەولاشەوە دەمگووت: "شەنەر ئەم پارتییەی چاک دەناسی، ئەگەر خیانەتێکی پێشووی نەبێت ئەوا دەگەڕێتەوە. جگە لەمە بەهیچ شێوەیەک خۆی پێ دەرباز نابێت". لەناو دۆخێکی ناکۆک و سەیردا بووم.

هەتا قووڵتر، پشوودرێژانەتر و بەرفراوانتر بیرم لێبکردایەتەوە زیاتر پەیم پێدەبرد کە ئەمە راکردنێکی هەروا

ئاسایی نییە، تەنانەت کێشەکە تەنیا بە راکردنێکەوە سنووردار نابێت، بە نووسراو و زایەڵەی جیاجیا درێژە بە هێرشەکانی دەدات. ئەمەش شتێک بوو لە ئەگەر بەولاتربوو. ئەگەر گووتاری بۆ گۆڤاری (2000'e Doğru) نووسیبێت، واتای راگەیاندنی شەڕبوو لەبەرامبەر بە تەڤگەرەکەمان. کێشەکە لە رەهەندێکی زۆر جددیدا بوو. تا دەرکم بەم راستیانە دەکرد، واقوڕماوتر دەبووم. (شەنەر) دەستی نووسینی هەبوو، زۆریشی دەنووسی. بۆیە دەمگووت: "ئەگەر بەهۆکاری تر رایبکردایە، نەیدەهێشت بە دووژمن بگات، لانی کەم سوکایەتی بە تەڤگەر نەدەکرد". لەم خاڵەدا دڵنیابووم. بەڵام باشە چۆن و کەی بیری راکردنی لەلا دروست بوو، هەروا کتوپڕ رایکرد؟ (سەرۆک) پێیگووتبووم: "ئێوە پێتانگەیاند و ناردتان". مەبەستی لە "پێتانگەیاند" چی بوو؟

نەخێر، لە راستیدا کێشەکە لە هێزی لێکدانەوەی مندا بوو بۆ رووداوەکان. هاتنە پێشەوەی نیازیش بەم ئەندازەیە هۆکارەکەی بۆ هەمان سەرچاوە دەگەڕایەوە. پێدەچێت لەگەڵ قۆناخەکانی رابردوو تێکەڵاوم کردبێت، لە هەوڵ و تەقەلادابووین بۆ رزگارکردنی ئەوانەی لە ئاستی خیانەتدا بوون. بە چەند کەسەوە سەرقاڵ بووین، هەوڵماندا بگەین بە چەند کەس؟ هەندێکیشیان گەڕانەوە. بەڵام ئەمەیان جیا بوو، لە چوونەکەی (پاڤێل)یشی نەدەکرد. (پاڤێل) لەلایەن رێکخستنەوە دوورخرابووەوە، بەڵام لە بەرەی شۆڕش دانەبڕابوو، ئەگەرچی لە خاکی وڵاتێکی تریشدا بێت، قارەمانانە لە دژی دووژمن تێکۆشابوو. ئایا (شەنەر) لەمێژبوو پلانی راکردنی بۆ ناو (PDK)ی دانابوو؟ چونکە دەیگووت "دەبم بە پاڤێل". پێدەچێت (PDK)شی وەک ئامرازێک بەکارهێنابێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی.

(سەرۆک) ئاماژەی بەوەکرد دەستەیەک لەو هەڤالانەی لە زیندان دەرکەوتوون لە ئەکادیمیان و تەنانەت کار بۆ ئامادەکردنی نامیلکەیەک دەکەن و گووتی: "نامیلکەکە بخوێنەرەوە و گفتوگۆش بکەن. لەگەڵ ئەوانەی بەڕێوەبەرایەتیش گفتوگۆ بکەن. دەشێت لە داهاتوودا پلاتفۆرمێکی تاووتوێکردن سازبکەین، لەوێکانە بەشێوەیەکی قووڵتر لێکدانەوە بۆ راستی زیندان دەکەین. بەڵام هەوڵ بدە تێبگەیت. ماوەیەکی دوور و درێژ دووربوویت لە پارتییەوە. راستییەکانی شەڕ زۆر جیاوازە، راستییەکی جەرگبڕە! بە باشی لە رووداو و پێشهاتەکان ورد ببەوە. ئاشنا دەبیت بەوەی کە پارتیمان چۆن گەیاندە رۆژی ئەمڕۆ، لە دەرەوە لەدژی دەوڵەتی تورک و لەناویشەوە لە دژی گێرەشێوێنەکان چۆن تێکۆشاوین، چۆن گەیشتووین بەم رۆژگارە. ئەگەر پابەندبوونێک هەبێت بە بەرخودانی زیندانەوە - کە لەم بوارەدا کەم ئێش و ئازارتان نەچەشت – بەشێوەیەکی زۆر ناوازانە نوێنەرایەتی راستەقینەی ئەو خۆڕاگرییە و چۆنێتی یەکانگیربوون لەگەڵ شاخ و پارتی دەکەن. تەنیا بەمجۆرە دەتوانین لێکدانەوە و پیلانی سەر زیندانەکان پووچەڵ بکەینەوە..." و هاوڕێ لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤالان ئێمەی بەرەو ئاکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز) بەڕێکرد.

لە بارلێس (کا..) پێشوازی لێکردین. بە یەکەوە رۆیشتین بۆ ئەکادیمیا. بازگە، گۆڕەپانێکی زۆر گەورە، میوانخانە کە وێنەی گەورەی هەڤاڵ (عەگید)ی لەسەر نەخشێندرابوو، ئەمانە ئەو بونیادانەن کە لە دوورەوە دیاربوون... لە رێگەوە (د.باران) پێشوازی لێکردین. ریشی هێشتبووەوە، روومەتی بە چاڵاچوبوو، (د.باران)، فەرماندەی چاویلکە لە چاو و ئەفسانە، ببوو بە بابەتی رۆژنامە و گۆڤارەکان. پاشان چووینە شوێنی

بەڕێوەبەرایەتی. (سە..)شم لە خارپێت دەناسی. بێگومان گۆڕابوو، ئەویش شەکەت ببوو، سەرەڕای ئەوەی لەوانە بوو کە وردیلانە دیارن، کەچی لەتەمەنی خۆی پیرتر دیاربوو. پاشان (ئایسەل چروککایا)، یەکترمان لەباوەشگرت. لە ئەوروپا زانیم کە (ئایسەل) شەهید نەبووە و نازناوی کردووە بە (میدیا). بەڵام رووسارد و مەنگ و مەلول بوو و هەر لە دۆخی پەژارەییەکەی رابردووی دابوو. دیارە؛ کردبووی بە تایبەتمەندییەک بۆخۆی. سەیربوو بەلامەوە؛ چەند ساڵێک بوو لە زیندان دەرکەوتبوو، دەبووایە زیندە و زیرەک بووایە. تەنانەت چاوی، رەنگی، راوەستانی، روانینی، قسەکردن و رێڕۆیشتنیشی وەکو مردوو وابوو. دوو وشە لەدەمی نەدەهاتە دەرەوە، هیچ لە قسەکانیشی تێنەدەگەیشتیت. قسەکردنەکەی وەک جوێنت پێ بدات وابوو.

رێوڕەسمی پێشوازیکردن کە لە گۆڕەپانەکە سازدرا تا بڵێی مەزن و بە شکۆ بوو. ئەو راوەستانەی هەڤاڵان و ژمارەکەیان بەشی هەموو شتێکی دەکرد. زۆر شکۆدار و بەخرۆش بوو. چەندین ساڵ بە دیمەنی ناو وێنەکانەوە تێربووین یاخود لە خەیاڵی خۆماندا گەریلامان ژیاند. ئێستا بەسەدان هەڤاڵ، بە جلی سەربازی و چەکەوە لەسەر پێیان. یەکەم جار کە هەواڵی دامەزرانی (HRK)[39]مان بیست مەگەر خۆمان بزانین چۆن شانازییەکمان پێوە کردبێت. چەند هەڤاڵێک بەجلی سەربازی خۆمانەوە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە گیرابوون. جلی سەربازی، مەدالیای سەربازی و شتی لەوجۆرە گرنگ بوون. هەریەکەیان واتایەکی گەورەیان هەبوو کە هی ئێمەن، هی کوردستانن. بەهای سەرەکیمان بوون. لەو ساڵانەی دواییدا دەمگووت: "چی دەبێت ئەگەر ئێمەش لە زیندان لەبەری بکەین؟". تەنانەت لە

---

39 هێزەکانی رزگاری کوردستان.

زیندانی چاناک کاڵە بە کەسوکاری زیندانیانم گووت کە پرسیار بکەن. هەرچەندە لە زیندانیش بین، بەڵام هەر گەریلابووین. گەرچی ئەو هەڤاڵانەی دواتر کەوتنە زیندانەوە لەگاڵتە و شۆخییەکانیاندا خۆیان بە ARGK[40] یی و ئێمەشیان بە ئاپۆچی ناوزەد و جوێ دەکردەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاپۆچێتی یەکسانە بە باشترین گەریلا بوون.

لە زیندان کاردانەوەیەکی توند لەبەرامبەر بە ڕەنگی (سەوز – بۆز) هاتبووە ئاراوە. بەگشتی حەزم لە ڕەنگی سەوز دەکرد، سەوزاییم بە ڕەنگی ژیان پەسند دەکرد. سەرەڕای ئەوەی زیندان بە هەموو شێوەیەک وشک و ڕەقی دەکردین، لە چڵە سەوزێکی بچووک سەدان گوڵمان گەورەکرد. کاتێک زانیمان هیچمان دەستناکەوێت پیازمان لەناو لۆکەدا پێگەیاند. سەلکە توورمان لە قاپدا پێگەیاند. لە کونێکەوە کە تیایدا دەرەوە دەبیندرا، سەوزایی سرووشتمان زیاد کرد. بەڵام بەرگە سەوزەکەی بەری سەربازانی دەوڵەتی تورک هەمیشە هێمای قاتڵ بوون، دووژمنی ژیان بوون. پێدەچێت کاردانەوە و ئێرەییەک بێت لەبەرامبەر لەبەرکردنی ئەو ڕەنگە سەوز پۆشەی ڕەوە قاتڵەکەوە. جلەکانی ئەکادیمیا زۆر جوانبوون، زۆر حەزم لێکرد. دەستبەجێ دەستەیەکم بۆخۆم دابینکرد. نوشتانەوەی زیاترم خستە سەر دەرلنگەکانی پانتۆڵەکەم و شێوەیەکی خۆشترم پێدا.

---

[40] ئارتەشی ڕزگاریی گەلی کوردستان، لەدوای (HRK) و لە سێهەمین کۆنگرەی (PKK)دا لە 1986بڕیاری دامەزراندنی دەدرێت و ڕادەگەیەندرێت، تا هاوینی ساڵی 2001 بەردەوام بوو، پاشان هێزەکانی پاراستنی گەل HPG شوێنی گرتەوە و تا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. بەڵام هەر لە 1984ەوە تا ئێستا ئاڵای ئەم هێزە یەک لەدوای یەکانە هەر یەک ئاڵا بووە.

سرووشتێک بوو کە هی خۆمان بوو. راوەستانی سەربازی، دیسپلینی سەربازی، هەر هەمووی سەرنج راکێش بوون. چەمکی دیسیپلین لە زیندان و هەروەها لە سوپای دەوڵەتی تورکدا و تایبەتمەندەکانیان جیاوازبوو. سوپایەکی فاشیست، دیسیپلینەکەشی زۆرداری، گوشار و زەوتکردنی تایبەتمەندییە مرۆییەکانی لەخۆ دەگرت. ئەو رێسا و دیسیپلینییە پڕ لە ئەشکەنجە و زنجیرەی فەرمان و فەرمانداریێتییەی چەندین ساڵ بەسەر ئێمەیاندا سەپاند؛ قێزەون بوون. دەشێت لە قۆناخی شکستە گشتییەکەدا بۆ ماوەیەک ناچاربووبین بە رەچاوکردنیان، بەڵام هەرگیز ئەو رێسایانە نەیانتوانی رۆح، هزر، بڕوا و دڵ و هیوای ئاییندەمان بشکێنن و رەشی بکەن.

بەمشێوەیە رووبەڕووبوون لەگەڵ دووژمن؛ لە راستیدا ئەم رووبەڕووبوونەوەیە کەسایەتی زیندانیکراو پۆڵایین دەکات. چونکە شەڕێکی دەستەویەخە بوو. لەناو ژیانێک دابوویت کە تا سەر ئێسقان هەر ئان و ساتێک، هەر چرکەیەک دەتزانی و دەتبینی ئەوەی بەرامبەرت دووژمنە، کە ریسواترین دووژمنێکی سەر رووی زەمینە. زیندان باشترین شوێنە بۆ ناسینی دووژمن. ئەگەر بگووترێت: "دووژمن فەرمانڕەوایە لە زیندان، هەموو شتێکی لەدەست دێت، هەموو شتێکیش لەناو دەبات"، ئەوا هەر لەسەرەتاوە پەسندکردنی دۆڕان و شکستە لەبەرامبەر بە دووژمن. حاڵەتێکی رۆحی لەو جۆرە، زۆر مەترسیدارە. نەخێر، دووژمن تەنیا دەتوانێت لەڕووی جەستەییەوە بتکوژێت. هێزی ئەمەی هەیە، توانستی جێبەجێکردنی بە جۆرەها شێوازی هەیە. دەست و مەچەکت دەبەستێت، دەستدرێژی زایەندیت دەکاتە سەر، جۆێت تێدەبرێت، ددانەکانت دەشکێنێت، لاقە و فەلاقەت دەکات، لە کارەبات دەدات، هەڵتدەواسێت، گوللەبارانت دەکات،

کەللەت وردوخاش دەکات. بەڵام ئەگەر ئیرادەی شۆڕشگێڕیت هەبێت، ئەگەر بڕوایەکی بەهێزت هەبێت، پابەندبیت بە گەل و مرۆڤایەتییەوە، بڕوات بە شۆڕش هەبێت، یوتۆپیای سۆسیالیزمت زیندوو و چالاک بێت، ئەوەی بەرامبەرت بە دووژمن دابنێیت و رق و کینت لێی ببێتەوە، ئەوکاتە دووژمن ناتوانێت دڵت لێ بستێنێت. هێزی ئەوەی نابێت!

ئەی باشە هەر خودی زیندان بە باشترین شێوە نەیسەلماند کە چۆن بە بڕوا و بە ئیرادە دووژمنی بەچۆکدا دا؟ رەوتی بێ وێنە و بەشکۆی خۆڕاگرە قارەمانەکان و هەنگاوەکانیان بەرەو گەورەترین جۆری بەرخودانی مێژوویی (مەبەست لە چالاکانی مانگرتنی تا مردنە-و) ، چەندە دووژمنی داماو و بەلەنگاز کردا! هەر گووتە و هەر دروشمێک کە لەدادگاکاندا بەرز دەکرایەوە، چەندە پڕبوون لە ئایندە! بەڵێ، ئەوانیش چەندین جار قۆناخی شکستیان بەسەرداهات. بەرخودانی سەخت و دەستەویەخەمان لەبەرامبەر بە هێرش و پەلامارە دڕندانەکان شکستی خواردبوو. ئەوانیش ماوەیەک رەچاوی ئەو یاسا سەربازییانەیان کرد. ئەمە لایەنە لاوازەکان بوون، کە لەو دۆخەدا لەواتایەکدا دەربازبوونی نەبوو. چونکە هەلومەرجی زۆر نالەبار و ناهاوسەنگ بوون. بەڵام هەر خودی ئەمەش کرا بە بنەمای سەرکەوتنی گەورە. لەو ساتە وەختەدا کە بەلاواز دادەنرا، بەرخودانی بەرز بووەوە.

بێگومان کاتێک لەسەر بنەمای ئەم راستییانە زیندانمان لێکدەدایەوە، خیانەت و بەرخودانی باشتر روون دەبوونەوە. هەموو کەس وەکو یەک؛ لە زینداندا بەرخودانێکی راستی نەکرد، ژیانێکی راست نەژیا و مردنێکی راستیش نەمردووە. ئەو هەلومەرجانە زۆر گرنگ بوون کە مردن و ژیانیان دەکردە بژاردە. ئەگەر لە 1982 دا (5) خولەک درەنگتر بەهانای

(جاهیدە شەنەر)ەوە بچووینایە، وەکو شەهید راماندەگەیاند و خاوەنداریمان لێ دەکرد. کە ئەو مردنەش تاڕادەیەک واتادار دەبوو. چونکە بژاردەی مردن و خیانەت لە ئارادابوو. لایەنی شکستخواردووی کە بەرەو خیانەتەوە دەیبرد، قورسایی زیاتری هەبوو. لاوازی، شەلەشەل و دوو دڵی مرۆڤی پەرتەوازە دەکرد و هەرگیز دەرفەتی ژیانی پێنەدەدا. دووژمن هەر کە لاوازییەکی تیادا بەدیکردن، بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبوو، تا کۆتا بەسەریدا دەچوو، تا ئەو کاتەی کەسەکە دەروازەیەکی بۆ شکاندنی ئەو بوێرییە پەیدادەکرد و پێگەیەکی بەهێزتری بەدەست دەهێنا.

ژمارەیەک زیندانیی هەبوون کە دووژمن تیماری نەکردن و کۆتاییان بە ژیانیان هێنا. ژمارەیەکی تر تەنیا بە گورزێک قەتڵ کران. ئەمانە ئەو مردنانە بوون کە دووژمن ڕێگەی بۆ خۆشکردبوو و ئەو کەسانەش نوێنەرایەتی بەهایەکیان دەکرد. لەم واتایەدا مردنیان گرنگی تایبەت بەخۆی هەبوو. یادەوەری، بەرخودان و وەسیەتی ئەو کەسانە هەرگیز لەیاد ناچن، خاوەندارییان لێدەکرێت و بەرز و پیرۆز دەبن. هەرگیز بەچاوی بچووک سەیریان نەکرا و ناکرێت. بەڵام جۆرە مردنێکیش هەیە هەلومەرجەکانی سەراوبن دەکرد، هاوسەنگییەکانی دەگۆڕی، قۆناخێکی نوێی دەهێنا، دەهەژێنێت، رادەپەڕێنێت، لەتەپڵی سەرەوە تا نووکی پێ، شەپۆل بە بڕواکان دەدات. مردنی (مەزلوم دۆغان، کەمال پیر، خەیری دورموش، فەرهاد

کورتای...) بەم شێوەیە بوو. هەروەها چوار نەبەردی[41] دیکەش هەبووە لە زیندانی مەتریس[42]، مردنیان قارەمانانە بوو.

ئەی ئەوانەی بەدارەوە کران... (ئەردال ئەرەن) هێشتا لە تەمەنی (17)ساڵیدا بوو. (خدر ئاسلان، نەجدەت ئادالی، سەردار سۆیئەرگینەر) و تا دەگات بە شەهیدانی مانگرتنی تامردنی (بۆبی ساندس) و هەڤاڵانی لە زیندانی (مازێ[43] ئەو مردنانە شکۆیان کەم بوو؟! لەبەرامبەر بە سیستەمی ئیمپریالیزم رابوون. گەلی ئیرلەندا خاوەندارێتی لە نەریتی مانگرتنی تامردن و خۆڕاگری بڕیارمەندانەی کرد. هیوای سەربەخۆییان گەورەکرد.

هەروەها ئەوانەی کە بەبێ دەنگی و بەنهێنی مردن، ئەوانە بوون کە هەژانی بەرخودان و خیانەتیان بینی، لە وشکهەڵاتن و سیسبوونەوە رزگاریان نەبوو. ئەوانە بوون کە بەرخودان پەلکێشی دەکردن و بە زۆر و بەڵا لەسەر پێیان دەمانەوە. جۆرە کەسانێکی تریش هەبوون کە سەرەڕای ئەوەی زیندانیی بوون و لە بەرەی بەرخودان جێگەیان دەگرت، کەچی بەردەوام بەناو و بە خۆدزینەوەیەکەوە بەرخودانیان کرد، هەمیشە لە مردن ترسان و لە بەرخودانیش ترسان، بەڵام راکێشکرابوون و هاتبوون و کەوتبوونە ناوییەوە. هەر ئەم جۆرە کەسانەش

---

41 دەستەواژەیەکە بۆ چالاکی بەیەکەوە خۆسووتاندنی چوار کادیری (PKK) لە زیندانی ئامەددا بەکارهاتووە.

42 زیندانێکی سەربازی تایبەت بە سوپای تورکە لە شاری ئەستەمبوڵ ، کە لە ساڵی 1981 لەسەر دەستی وەزارەتی بەرگری دروستکراوە و تا 1988 هەر زیندانێکی تایبەت بوو بە سوپا.

43 وەکThe Maze ، The H Blocksو یاخود Long Kesh یش دەزانرێت، ئەم زیندانە لە باکووری ئیرلەندایە، بەتایبەتیش لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا لەنێوان 1971 – 2000 جێگەی گەریلا زیندانیکراوەکان بوو، ئەوێش بە بەرخودانی گەورەی مانگرتنی تامردنی 1981 دەنگی دایەوە.

کاتێک لە زیندانبوون لە هەر هەڵسان و دانیشتنێکیاندا جوێنیان بە شۆڕشگێڕی، (PKK)، تەنانەت دایک و باوکی خۆیشیان دەدا و دوعایان لێدەکردن و دوای دەرکەوتنیشیان لەزیندان؛ خۆیان بە باشترین خۆڕاگر نیشاندا و ساڵانی زیندانیشیان بۆخۆیان کردە سەرمایە. منیش زیاتر جوێنم بەو جۆرە کەسانە دا، چ لەزیندان و چ لەدەرەوەی زیندان.

کاتی خۆی کە لە زیندانی ئاماسیا[44] بووین، لە نامەیەکمدا بۆ رێکخستنەکانی ئەوروپا نموونەم هێنایەوە و گووتم: "لەجێی خۆیدا نییە هەر کەسێک لە زیندان دەرکەوت بەدڵناسکی و بەشێوەی جیاواز و تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکەن. ئێش و ئازار، بەرخودانی، وەحشەتە بێ وێنەکانی ناو زیندان بەشێوەیەکی خۆڕسکانە لەناو گەل و هەڤاڵاندا دەبووە مایەی دڵبەندی، گرنگی پێدان، خۆشەویستی و رێز. هەڵبەتە ئەمانە پێویستن و دەبێت هەبن. بەڵام کەسانێک کە هەرگیز ئەو گەورەییەیان پێ رەوا نییە ئەگەر بیانەوێت خۆیان وەها نیشانبدەن یاخود خۆیان وەها بژێنن، لە هەموو کەسێک زیاتر بۆ ئێمە دەبووە مایەی بێزاری. نابێت بەهیچ جۆرێک لە گرنگی پێدان، ئەرکدارکردن، خۆشەویستی و رێزگرتنیشدا راستییەکانی ئەو کەسە پشتگوێ بخرێت. ئێمەی مرۆڤ ئەرکی سەرشانی خۆمانە بەرخودانی بکەین. بەڵام هیچ یەکێکیشمان ناتوانین لەلای خۆمانەوە بڵێین، بەرخودانییەکی شایستەمان کردووە. ئەمە کەس تووشی سەرسوڕمان نەکات. وەکو ناکۆکی دیارە، بەڵام راستییە...".

(گیۆنول) و کۆمەڵێک کەسی تر کە لەو قۆناخەدا لە زیندان بەربوون، بە نووسینی نامە، راپۆرتمان دا بە پارتی. (گیۆنول ئاتای) دواجار چووبووە ئەو شوێنەی مەبەستی بوو. جاروبار

---

[44]- شارێکی تورکیایە و دەکەوێتە هەرێمەکانی دەریای رەش لەو وڵاتە.

دەڵێم خۆزگە ئەو هەمووە خەفەتەیمان نەچەشتایە، بچووایەتە دۆزەخ و نەگەڕایەتەوە. چونکە بەڕاستیش چاو و دڵی (گیۆنول) لەلای ئێمە، لە (PKK)، لە شۆڕش، لە کوردستان و تەنانەت لەلای (رەزا)[45] ش نەبوو. هەر لە ساڵی 1984 ەوە ئەمەم راستەوخۆ بە هەڤاڵان و بە خودی (رەزا)ش گووت... (گیۆنول)یش بەشداریکردبوو لە مانگرتن و مانگرتنی تامردن. (گیۆنول)یش لە ریزی بەرخۆداندا بوو. کاتێک لە ریزەکاندا بوو بەشێکی رۆحی زۆر لەمێژبوو رۆیشتبوو. کە لەڕووی جەستەییشەوە لە گۆڕەپانی رۆژهەلاتی ناوین (مەبەست لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز/بیقاعە -و) بەرەو باوەشی دووژمن رایکردبوو.

بۆ تێگەیشتن لە کۆتاییەکانی ئەو کەسانە، بێگومان پێویست بوو بگەڕێیتەوە بۆ ساڵەهایەکی رابردوو. دەکرێت زۆر بە ئاسانی بگووترێت: "لە دەرکەوتووانی زیندان بوو، ئەویش چوو و خیانەتی کرد". ئەگەر ئەمەش بەباشی و بەڕاستی لێکنەدرێتەوە، ئەوا زۆر بەئاسانی بەرەو هزرێکی مەترسیدار و پێشداوەرییەکی وەکو "کێ لە زیندان دەرکەوێت حەتمەن خیانەت دەکات یان ئەو ئەگەرەی لەبەردەم دایە و بەکەڵکی ئێمە نایەت...." هەنگاو دەنێت.

لەگەڵ چەندێک لەو کەسانە زۆر نزیک بووین، لە هەمان قاوشدا و هەمان هەناسەمان هەڵمژی. لە سەختترین رۆژگار و لە دوایین خولەکەکانی مردندا پێکەوە بووین. تەنانەت وەسێتی خۆمان بۆ یەکتر دەنووسییەوە. کەسێتی بەهەموو تایبەتمەندییەکییەوە روون و لەبەر چاوبوو، لایەنێک نەمابوو پەردەپۆش و حەشار بدرێت. تەنانەت هەموو ئەو لایەنانەی بە

---

[45] رەزا ئالتون – یەکێک لە ئەندامانی کونسەی بەڕێوەبەری ئێستای KCK یە.

نهێنیترین و شاراوەترینیش دادەنران لەبەرچاوبوون، بەڵام دیسانیش ئەگەر راستەوخۆ خیانەتی نەکردبێت، هێشتا لەتەنیشتت، لە دەوروبەرت بێت و لەهەمان شوێندا لەگەڵت بێت، نەتدەتوانی دەستبەجێ ئەو قسەیە بکەیت کە پێویستە دواجار بیڵێیت. ئەگەر بە پڕاوپڕی واتا متمانەشی پێنەکەیت، لەیەک کاتدا لەگەڵیدا بەرەو مردن دەڕۆیت. دەشێت زۆر ناکۆک بێتە بەرچاو، بەڵام راستییەکە بەو شێوەیە بوو. لەم رێگەیەدا کەسانێکیش هەبوون؛ شکستیان بە ترسەکانی خۆیان دەهێنا، لاوازییەکانیان تێپەڕ دەکرد و بەتەواوی یەکلا دەبوونەوە. بەرخودان رێگەی ژیان بوو، تاکە رێگەی بوون بە مرۆڤی زیندوو و چالاک بوو. بەهەموو کەموکوڕیەکانیشییەوە، ئەم هەنگاوەی دەبووە لایەنێکی زیندووی، لایەنی جەوهەری مرۆڤ. کەسانی وەها تەنانەت لەکاتی بەشداریکردن لە ناو بەهێزترین بەرخودانیشدا، سووکی و کەوتوویيان لە رۆحی خۆیاندا هەڵدەگرت. چەندە لەناو بەرخودانیدا بەدی دەکرێن با بکرێن، لە سوچێکی مێشک و دڵی خۆیاندا هەمیشە شوێنێکیان بۆ خیانەت و راکردن جیا کردبووەوە، بەشێک یان چەند بەشێکیان لێ هەڵگرتبوو. هەرکات هەلومەرجیان بۆ بڕەخسێت، لە هەرکوێیەکیش بن بەرەو دووژمن رادەکەن، جا هەر دووژمنێکیش بێت.

لەماڵە کۆن و پڕ لە یادگارییەکەی ناتۆیۆلو، کاتێک لەگەڵ (دایە خەجێ)[46] باسی (گیۆنول)مان دەکرد هەولمدا ئەمانەی تێبگەیەنم. تەلەفۆنی بۆکردوون، بەتایبەتیش نامەیەکی بۆ زیندانی دیلۆک بۆ (رەزا) ناردووە. سەیر بوو. دوای خیانەتکردنیش هێشتا 'دڵبەندی'ییەکەی خۆی بەکاردەهێنا. بێ بەختییە، بریا مرۆڤ زووتر و لەکاتی خۆیدا ئەوجۆرە کەسانەی

[46] دایکی رەزا ئالتون.

بناسیبیا. (دایە خەجێ) دەیگووت: "خۆشەویستی و هەموو شتێکمانی پێ حەرام بێت. ئەگەر ببینم بەدەستی خۆم ئەو بێ ناموسە دەخنکێنم". بەڵێ، بریا پێشتر مرۆڤ بە تەواوی بیناسیبا!، بەڵام تەنیا ناسینیش بەس نییە.

لەنێوان چەند ساڵێکدا چەندین گێرەشێوێنی بەسەر پارتیدا سەپێندرا، مێژووی پارتیمان لەم بوارەدا گەواهی چەندین نموونەی سەرنجڕاکێشە؛ (سەمیر، سەحەر، داود، سلێمان، هۆگر، جەماله کوێر، مەتین) و دواجاریش (شەنەر و ساری باران). بە خوێندنەوەی شیکار و پەڕتووکی کۆنگرەکان هەوڵمدەدا لەو قۆناخانە تێبگەم. لە ئەکادیمیا وانەی مێژووی (PKK) هەبوو. قۆناخەکان یەک لە دوای یەک بەشێوەیەک دەخرانەڕوو کە مرۆڤ زیاتر ئاشنای گەورەیی پارتی و رۆڵی (سەرۆک) لە خوڵقاندن و بەڕێوەبردنی ئەم پارتییەدا دەبوو. لە زیندان باوەڕی، تێگەیشتن و بڕوا ئاستێکی بەمشێوەیەی هەبوو: هەتا سەرۆکایەتی پارتی مابێت، ئەم شۆڕشە هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک وەلادەنێت و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. هەروەها دەمانگووت: "سەرۆک ئاپۆ PKKیە، کوردستانە، سۆسیالیزمە، ئازادییە، ئاییندەیە". لە گووتار، نووسین و بەرگرینامەکانماندا هێندەی زمانمان بگەڕابووا، بە ئەندازەی تێگەیشتنی خۆمان هەوڵماندەدا ئەم راستینەیە دەرببڕین. کە ئەمە گرنگ بوو. ئەگەر بەهەر شێوەیەک بێت دەرک بە راستینەی (سەرۆک) نەکرێت، ئەوا دەرک بە قۆناخەکانی شۆڕشەکەمان، کێشەکان، ئەو کێشانەی تر کە ئەوان سەرچاوەی بوون و رێگەچارە سەپێندراوەکانیش نەدەکرا.

زیاتر لە (500) هەڤاڵ لە ئەکادیمیا بوون. بەوهۆکارەی لەزیندان دەرکەوتبووم زۆرێکیان هیوایان پێم هەبوو. لەبەر

ئەوەی (شەنەر)یش لە زیندان دەرکەوتبوو، بۆیە هەمووان مەراقی راستییەکانی زیندانیان دەکرد. ئەمەش یەکێک بوو لە گرنگترین بابەتەکانی گفتوگۆکانمان.

هێشتاش لەژێر کاریگەری ئەوانەدا بووم کە بیستبووم. بەڵام بەگشتی ئاسوودە و سرووشتی بووم و هەستم بە نامۆیی نەدەکرد. سیستەمی ژیان و پەروەردەی ئەکادیمیا راستەوخۆ مرۆڤی لەخۆ دەگرت. کەسی لەدەرەوەی خۆی نەدەهێشتەوە. لە وەرزشەوە تا وانەکان و سیستەمی قاوشەکان فەراهەمبوونێکی بەرچاوی تیادا بەدی دەکرا. دووەم رۆژ بەشداری وەرزشی بەیانیان بووم. بێگومان وەرزشکردن لەلای من وەکو کولتوورێکی لێهاتبوو. بۆیە زیندە و چالاک بووم. هەموو پێکەوە بازماندا و جوڵەمان کرد. لە هیچ یەکێکیان دوانەکەوتم. لە رووی جەستەییەوە تا بڵێی هەستم بە چوست و چالاکی دەکرد. ئەمەش سەرنجی هەڤاڵانی راکێشابوو. ساڵانێکی زۆر لە زیندان بووم، بەڵام لەرووی جەستەییەوە قاییم و پتەوبووم. سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجە، ئێش و زەحمەتیانەش لایەنێکی ناتەواو نەبوو، یان خوار و خێچ نەبووم. بەڕادەیەک لە هەموو کەسێک زیاتر قیت دەڕۆیشتم و قیت دادەنیشتم.

(سەرۆک) پێیگووتم: "لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گفتوگۆ بکەن". سەرەتا داوای نامیلکەی ئامادەکراوی سەبارەت بە زیندانم کرد، بەشێوەیەکی گشتی چاوێکم پێدا خشاند. لە بەشی دوواوە ناوێکی زۆر ریز کرابوون: (حەسەن گیوللو، ساری عوسمان، ئایسەل چوروککایا، ئەحمەد بایک، ئیبراهیم یڵدرم، فەیسەڵ دونلاجی...هتد). چەند ناوێک هەبوون مایەی سەرنج بوون: ئەو کەسانەی کە ماوەیەک لە زینداندا پەیوەندییان نەبووە، سزای گۆشەگیرییان پێدراوە یاخود بە فەسادکاری تاوانبارکراون.

دەستم بە خوێندنەوەی نامیلکەکە کرد. پێچەوانەی هەموو ئەوانەبوو کە پێشتر لە زیندان هەڵمانسەنگاندبوون، گفتوگۆمان لەسەر کردبوون و پێچەوانەی هەموو بەسەرهاتەکان بوو. راست و چەوت هەموو شتێک شێلرابوو بەسەر یەکدا. (شەنەر) و (سالیحە) بە هۆکاری هەموو شتێک دانراون. واتا بەشێوەیەک کە گوایا ئەمانە لەسەرەتا تا کۆتا ئاراستەیان بە ئێمەداوە، دووژمن هەموو شتێکی لەسەرمان پەیڕەوکردووە و ئەنجامیشی وەرگرتووە! ئەم هەڵسەنگاندنە رایچڵەکاندم. هەڵسەنگاندنەکانیان مایەی سام و خۆفبوون. هەر یەکێک لە بەرخودانییەکانیان بۆ ((بە ئاسوودەیی ژیان، بۆ خواردن، خواستی بەرتەسکی ئابووریانە)) گەڕاندبووەوە. هەر یەکێک لە داواکارییەکانی مانگرتووان لەکات و قۆناخی خۆیدا بە پارتی راگەیەندراوە و لە راگەیاندنەکانیشماندا بڵاو کراونەتەوە. چۆن دەبێت؟ باشە؛ (شەنەر) گێرەشێوێن بوو، ئەی باشە چۆن دەیتوانی لەسەرجەم هێڵ و بڕیاری سیاسیماندا دەستنیشانکەر بێت. نابێت بەرخودانی زیندان بەمجۆرە چەواشە بکرێت. هەڵە، چەوتی و تاوان هەبوون، بەڵام نابێت بەمجۆرەش پێچەوانە بکرێتەوە.

دەستبەجێ چووم بۆ لای هەڤالانی بەڕێوەبەرایەتی و پێمگووتن: "نامیلکەکەم خوێندەوە، بەڵام لەگەڵ یەک تاکە رستەشیدا نییم. نەک یەکێک بەڵکو ئەگەر (10) خیانەتکاریش سەردەربکات نابێت راستییەکان بەمجۆرە بێواتا بکرێن. بە ئاشکرا دەیڵێم، ئەمە سیناریۆیە!" و چەند نمونەیەکم بۆ هێنانەوە. (ئایسەل) و (ئیبراهیم) و چەند هەڤاڵێکی تریش ئامادەبوون کە لەناو بەڕێوەبەرایەتیدا جێگەیان دەگرت و پێمگووتن: "ئێوەش لە زیندان بوون، پێکەوەبووین. رووداوەکان بەمجۆرە هاتنە پێش؟ وەکو نامیلکەکەتان بوو؟! مرۆڤ نابێت پارتییەکەی بەهەڵەدا

ببات. ئێمەشی تیادابووین، وا دەزانن کەسی تر باسی ناکات؟ ئەوکاتە چی روودەدات؟ بۆ وادەزانن راستییەکەی ئاشکرا نابێت کە سەبارەت بە زیندان زانیاری هەڵە و چەوتتان داوە بە پارتی؟ مافی ئەوەمان هەیە؟ بۆچی وادەزانن هەموو کەسێک کێشەکانی خۆی بۆ شەنەر ناگەڕێنێتەوە و خۆی بە ئاسانی ناشارێتەوە؟".

لە راستیدا ئەگەر زۆر بە ئاشکراش نەبێت ویستم بە هەندێکیان بڵێم: "ئێوە لە زیندان چی بوون، چۆن بەرخودانیتان کرد، چۆن کەوتنەوە ناو تاوانەوە؟ ئەگەر دانبەخۆتاندا نانێن، هیچ نەبێت وەهاش مەنوێنن کە زۆر بەرخودانیتان کردبێت، یان زیندان دادگایی مەکەن". تووڕەیی، قین و کاردانەوەم بێ ئەندازەبوو، (د.باران) و (سەرحەد)یش دەیانگووت: "خۆ کەس هیچی لەسەر تۆ نەنووسیوە، بۆچی ئەوەندە تووڕەیت، بەرگری لە چی دەکەیت؟".

لەوەلامدا گووتم: "خۆ مەسەلە من نیم، دۆست و دووژمنیش دەمناسێت. خۆ من بە خەمی کەسێتیمەوە یاخود بە مامەڵەیەکی کەسێتییەوە بۆی ناڕوانم. لە زیندان شەهیدمان هەیە، هاوڕێکانمان لەوێن. قۆناخێک گوزەری، گومانم نییە کە پارتی رەخنەی دەبێت، بەڵام بەمجۆرەش نا کە نکۆڵی لە هەموو شتێک بکرێت. کەواتە هەموومان بووین بە خیانەتکار؟ ئەی ئەگەر شەنەر کاری لە هەموومان کردبێت، چۆن ژیاین؟ هەرگیز ئەم جۆرە تۆمەت و تاوانبارکردنانە پەسند ناکەم". گفتوگۆکە گەرم بوو و ناوەناوە توندیش دەبوو. جاروبار بەخاڵێک دەگەیشت کە کەس گوێ بە کەس نەدەدا و نۆبەی کەس نەدەهات.

بەڵێ، یەکەمین گفتوگۆی گەرم و شەڕی ئەکادیمیا بەمجۆرە بوو. ئێستاش دەیڵێمەوە، لەگەڵ تاکە رستەیەکی ئەو نامیلکەیەدا

نیم. چونکە زۆر شت تێکچڕژێندرابوو، جۆرە نووسراوێکی نابەدڵ، پەلەپرووز و ئاڵۆز بوو. جەوهەری گێرەشێوێنییەکانی نەدەخستەڕوو، هەروەها بەپێی هەلومەرجەکانی خۆی قۆناخەکانی هەڵنەدەسەنگاند. زۆر شتی تیادا بوو، بەڵام قووڵایی و سیستەمێکی وەهای نەبوو ناواخنی رەخنەکانی پارتی پڕبکاتەوە. بەتایبەتی شوێنگرتنی هەندێک کەس لە ئامادەکردنی بەڵگەیەکی وەهادا بە بێ چانسییەکی گەورە دادەنێم.

بەڵام منیش لەخاڵ و شوێن و کاتێکی ئەوەندە پێچەوانەدا گفتوگۆم دەکرد، رێک کوێرەوەرییەکی سیاسیانە بوو! گەمژەییەک بوو! هەر لە سەرەتاوە هەموو کەسێکم رووبەڕووی خۆم کردەوە. ئەگەرچی هەموو کەسێک بە هەڵەش قسەی بکردایە و کێشەکانیشیان بە چەواشەکراوی بخستایەتەڕوو، سەرەنجام گفتوگۆیەکی لەو چەشنە بەشێوەیەکی بابەتییانە منی لەناو تابلۆیەکدا نیشان دەدا کە بەرگری لە (شەنەر) دەکات و لەژێر کاریگەری ئەودایە. کە دەستبەجێ ئەو گووتەیەش کرا "تۆ کێ دەپارێزیت؟" منیش هەر چەند بڵێم: "کەس ناپارێزم، راستییەکان دەپارێزم. بڕوام بەوەیە پارتی بەشێوەیەکی راست ئاگادار بکرێتەوە لە بەسەرهات و رووداوەکان.." یەک فلسی نەدەهێنا، چونکە کێشەکە لە زیندان بەولاتربوو.

هەر لەو رۆژانەدا لە وانەیەکدا باس لە قۆناخەکانی زیندان دەکرا. بابەتەکە زیاتر لەلایەن (مەتین ئولوجا) وە باس دەکرا کە لە کۆمیسیۆنی وانەکەدا جێیدەگرت. لە زیندانی ئەدەنە[47] بوو، زیندان و بەسەرهاتەکانی زیندانی ئامەدی نەبینی بوو، کەچی چۆن حیکمەتێک بوو نازانم، وەکو خۆی لەناویدا ژیابووبێت

---

[47] پارێزگایەکی تورکیایە کە دەکەوێتە هەرێمی دەریای سپی.

باسی لەبەرخودانی ئامەد دەکرد، هەڵبەتە بە زانیاری درۆ و هەڵە.

ئاشکرایە، گێرەشێوێنەکە یەکێک بوو لەوانەی لە زیندان دەرکەوتبوو و لە ئاستی هەڕەشە و مەترسیدابوو بۆسەر پارتی. بانگەوازی ئاراستەی زیندانەکان کردووە، نامەی بۆ نووسیون، (سەرۆک)ی بە (بلیخانۆڤ)[48] و خۆیشی کردبوو بە (لینین). ئەگەرچی هێشتا بە هەموو ئەوانەم نەزانیبوو، بەڵام هەستم بە ئاسایی نەبوونی هێرشەکانی بەرامبەر کردبوو. لەم واتایەدا پێویست بوو بەرگری لە راستییەکانی پارتی بکرێت و هێرشەکان پووچەڵ بکرێنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئاستی گفتوگۆ و شێوازی لێکدانەوەی کێشەکان، هەمیشە لە هەمان خاڵدا قاڵی دەکردمەوە و بەوانەوە چەقبەست دەبووم. کاردانەوەکانم ئەوەندە چالاک و کارابوون دەتگووت هەندێک شت لەدەست دەچن و هەندێک شت لەناو دەچن. ئەوەندە پەلەپرووز، بێ ئۆقرە و شڵەژابووم. ئەم هەڵوێستە سیاسییانە، ئەم کاردانەوانەم کە بە نیگەرانییەکانمەوە دەکەوتمە ناوی، هەم زۆری بۆ من دەهێنا و هەم زۆری لە هەڤاڵانیش دەکرد. هێشتاش هەستم بەو لایەنەی نەکردبوو.

دوابەدوای روونکردنەوەکانی وانەبێژ دەستبەجێ مافی قسەم وەرگرت و گووتم: 'زیندانیش گۆڕەپانێکی تێکۆشانەکەمانە. نازانم قۆناخەکانی تر چۆن هەڵسەنگێندران، تازە بەشداری لە وانەکاندا دەکەم. بەڵام ئەگەر هەمووی بەوجۆرە روونکرابنەوە ئەوا ئالۆزییەکی زۆر دێتە ئاراوە. ئەو

---

[48] جۆرج، ڤالێنتنۆڤیچ پلیخانۆڤ، یەکێکە لەو یەکەم رووسییانەی شوێن کەوتەی مارکسن، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە رووسیا، لە سویسراوە گەڕایەوەیە بۆ ئەو وڵاتە و لە دژی پارتی بۆلشەڤیکی لینین دەستی بەکار کرد، هاوکات وەک بەرهەڵستێکی توندی سۆڤێت بووە.

هەڤاڵە لە زیندانی ئامەد نەژیباوە، ڕووداوەکان لەسەر هەندێک قسە و باس ڕووندەکاتەوە. ئەمەش خودی ڕاستییەکان ناگەیەنێت. بێگومان ئەوەی لەسەر هەموو زیندانەکان پەیڕەو دەکرا هەر یەک سیاسەت بوو، بەڵام پەیڕەوکارییەکانی دووژمن لەسەر زیندانی ئامەد زۆر بەرفراوان بوو. نامەوێت بکەومە ناو ئەم لایەنەی کێشەکەوە. بەڕاستیش دوو دڵبووم لە قسەکردن. بەڵام بەلامەوە گرنگ بوو. بەسەدان هەڤاڵ لێرەن و بەوشێوەیە لە ڕاستییەکانی زیندان ئاگادار دەبن. سەرۆک گووتی: پلاتفۆرمێکی گفتوگۆ سازدەکەین. پێشنیازم ئەوەیە لە بنەمادا لەوێ گفتوگۆی بەرفراوانی لەسەر بکرێت. نابێت لایەنە نەزانراوەکان بەشێوەی هەڕەمەکی باس بکرێن. ئەگەر پێچەوانەی باسەکەی هەڤاڵان قسە بکەم، دەبێتە شەڕە قسە "پۆلێمیک" و نامەوێت بکەومە ناو دۆخێکی وەهاوە" و دانیشتمەوە.

پاشان (سەرحەد) مافی قسەکردنی وەرگرت کە خۆی وانەکەی بەڕێوە دەبرد و گووتی: "هەڤاڵ سارا، پلاتفۆرمی وانەکەمان دەخاتە ژێر فشارەوە. کۆمیسیۆن بچووک دەخات. ئەوەی لێرەدا باسکران هەڵسەنگاندنی پارتین. هەڤاڵ سارا ناتوانێت بڵێت: من ڕاستی خۆمم هەیە و دەبێت ئێوەش پەسندی بکەن. پێویستە هەڤاڵ بەم هەڵوێستەیدا بچێتەوە...".

بەردەوام بوو لە گووتنی شتی هاوشێوەی، بەڵام من ئیتر گوێم لێنەدەبوو. واقم وڕمابوو. وەکو لەمێشکم درابێت وەهابوو. ئەوە چۆن قسەیەک بوو؟ خۆ من قسەی وەهام نەکردبوو! بۆچی بەم شێوەیە لێکدەدرایەوە؟ من چۆن کەس بچووک دەخەم یاخود ڕاستییەکانی خۆم چی بوون؟ یەکەمجار بوو تووشی هەڵوێستێکی بەو چەشنە دەهاتم، بەتایبەتیش

لەسەرەتای وانەکەدا. دەستبەجێ مافی قسەم وەرگرتەوە و گووتم: "دیارە لە قسەکانم نەگەیشتوون. هەڤاڵ سەبارەت بەمن شتی زۆر قورس دەڵێت. بەپێچەوانەوە من زۆر بە وریاییەوە گووتم کە نامەوێت بکەومە شەڕە قسەوە و وەها دەستم بە قسەکرد. وانەکانمان، پلاتفۆرمەکانمان شوێنی گفتوگۆن. مەگەر بەشێوازی دیموکراتییانە گفتوگۆ لێرە هەبێت، ئەی لەکوێ گفتوگۆ بکەین؟ لەم واتایەدا دەربڕینی شتێک کە بەلای منەوە چەوت بێت بریتی نییە لە فشارخستنە سەر پلاتفۆرمەکە. هەڤاڵان ئیرادەیان هەیە، من چۆن دەتوانم بیانخەمە ژێر فشارەوە؟ ئەو رەخنەیە مایەی پەسندکردن نییە، راستیش نییە. چجای من پێشنیازێکم پێشکەش کرد. پێشنیازەکەم دووپات دەکەمەوە" و دانیشتمەوە. تۆزێک بە دەنگێکی دڵشکاوانە و تووڕەوە قسەم کرد. هەڵسەنگاندنەکانم زۆرپێ قورس بوون. بەزۆر خۆمم گرت بۆ ئەوەی نەگریم. بەهۆی تێکچوونی مۆراڵیشەوە نەمتوانی گوێ لە قسەکانی دواتر بگرم.

لە ناوبڕی وانەکاندا لەگەڵ هەڤاڵان قسەم دەکرد، بەڵام ئاسودە نەبووم. خواستی گفتوگۆم شکا بوو. شێوازی گفتوگۆ هەر لە وانەی یەکەمەوە نمرەی لێ شکاندبووم. هەر کاتێک لە ریشەی کێشەکەوە دەست پێنەکرایە، راستترین شتم بە باشترین شێوەش بگووتایە کەڵکی نەدەبوو. بەڵێ، پێویست بوو ریشەی کێشەکە بدۆزمەوە. چونکە رۆژ لە دوای رۆژ هەڵوێستی هەڤاڵان گۆڕانی بەسەردا دەهات. گفتوگۆی بەو شێوازە و راستەوخۆم لەگەڵ هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی نیگەرانی و پێشداوەرییە هەنووکەییەکانی بەهێزتر دەکرد. من هێشتا هەستم پێنەکردبوو. هەر دەمگووت: "بۆچی لێم تیناگەن؟" و گازندە و سکاڵام دەکرد. لە دۆخی وەهادا دەمویست گفتوگۆ بکەم و زیاتر بە پێویستم

دەزانی. بە هەمان خاڵگەلێکەوە گیرم دەخوارد. ئەمجارەش دەمگووت: "نا من وەهام نەگووت، راستیەکەی وەهایە... نەخێر بە هەڵە تێگەیشتن... نەخێر وەها نەبوو" لەسەر خاڵی زۆر ساکار دەڕۆیشتم. لە ناو روونکردنەوەدا نقووم دەبووم. وەکو بڵێی کێشەکە قسەی من یاخود بەهەڵە لێکدانەوەم بووبێت. وەهای بۆ دەچووم.

ئەو کاتەی تازە چووبووم بۆ ئەویێ، هەڤاڵان دەهاتنە لام. بەڵام بەهۆی لایەنی بەردیدەی گفتوگۆکان و شیرۆڤە و پێشداوەرییەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی و بنکەی کادیرییەوە بەگشتی، هەڵوێست و روانینی دووربوون، ساردبوون، پەشۆکی و گومانکردن دروست ببوو. خۆشم لەبەرامبەر بە هەر رەخنەیەک، هەر گووتەیەک، هەر رەفتارێک دەتووامەوە. کابوسی واقوڕماوی و خەمبارییەک بەسەر سەرمەوە تۆپەڵەی بەستبوو. ئەگەرچی هێشتا بە تەواوی نەمدەزانی چی بووە، هەموو ئەوانە چ واتایەکیان هەیە، بەڵام هەستم بە بێ متمانییەک دەکرد. سەرباری ئەوەش هەوڵمدەدا دەستبەردار نەبم و دەمویست گفتوگۆ بکەم. کەسێک نەبوو لێم تێبگات؟ دەگەڕام. ئەوانەی لەزیندان پێکەوە بووین دەیانناسیم، کەچی ئەوانیش خۆیان لێ دوور دەخستمەوە. لەگەڵ (ئایسەل) ماوەی پێنج ساڵ و نیو پێکەوەبووین، ئەو باشتر دەیناسیم. ئەویش لە هەمووان زیاتر خۆی لە من بە دوور دەگرت، تەنانەت قسەشی لەگەڵ نەدەکردم.

دوابەدوای ئەو گفتوگۆیە، ئێوارە (د.باران) بانگی کردم و گووتی: "هەڤاڵ قسەت لەگەڵ دەکات".. بەرەو ئەو ژوورە چووین کە پێی دەگووترا (ژووری بێتەل). لە ڕێ تۆزێک دڵم ئارۆشا و تۆبڵێی (سەرۆک) هاتبێت؟، بەڵام پرسیارم نەکرد. کاتێک چووینە

ژوورەوە (د.باران) گووتی: "با من بڕۆم" و چووە دەرەوە. ئەوەی بانگی کردبووم کەسێک بوو بەناوی (ئەحمەد تەکنە)وە. لە کەمپێکی تری پەروەردەمان، لە نیو کاتژمێر دوورتر لە کەمپەکەی خۆمانەوە یەکترمان بینی بوو، دوای یەک دوو ڕۆژێک لە هاتنم هەڤالان بردمیان بۆ سەردانی ئەوێ. لەوێش بە مەراسیم پێشوازییان لێکردم، هەر بۆ جاری یەکەمیش لەوێ فیشەکم تەقاند. ئەویش یەکێک بوو لەو کەسانەی ناو ئەو کۆمەڵەیە. بەڵام ئاستی لێپرسراوێتی و ناویم نەدەزانی یان ئەگەر پێشیان گووتبم لەو قەرەباڵغییەدا لە خەیاڵم نەمابوو. لەوێش زۆر نەماینەوە و گەڕاینەوە.

واتا شێوەی نامۆ نەبوو بەلامەوە. بانگکردن، تەنیا لەو ژوورەدا قسەکردن و هەموو شتەکانی ترم بە شتی ئاسایی و سرووشتی دەبینی. واتا هیچ (ئایا)یەکی ترم بەخەیاڵدا نەدەهات.

ئەو دەستی بە قسەکرد و گووتی: "حەزمانکرد تۆزێک قسە بکەین...". بەڵام بە جۆرە دەنگێکەوە قسە دەکات کە لەدڵی خۆمدا بڵێم: دیارە شتێکی باش نایەتە ئاراوە. منیش گووتم: "سەبارەت بە چییە نازانم، فەرموو با قسە بکەین". لە ڕاستیدا نەمویست بێ وەڵامی بکەم. ئەو قسەیەشم بە زەردەیەکی خەمبارانەوە کرد. کەسی بەرامبەرم بە شێوازێکی سەیر و سەمەرەوە گووتی: "تۆ بەڕێوەبەرایەتی و کۆمیسیۆنی وانەکەت بەدڵ نییە. هەڤالان بە بچووک دەزانیت. ئێرە ئەکادیمیایە، هیچ کەسێک بۆی نییە بەوشێوەیە مامەڵە بکات، مۆڵەت بەمە نادەین". لەو کاتەدا وەها هەستم کرد لە هۆڵی لێپرسینەوەی پۆلیس و زیندانەکان دام. ئەوجار هەستا و لەبەردەممدا دەستیکرد بە ڕایەڵکە کردن، دەستەکانی لەپشتەوە گلمۆڵ کردبوو و و بەوشێوەیە قسەی لەگەڵ دەکردم. باشە ئەمە هەڤاڵ نییە؟ لەناخی خۆمدا دەمگووت

هەڤالانی ئێمە بەو جۆرە نابن. هەڵبەتە خۆمم پێڕانەگیرا و گووتم: "جارێک راوەستە، هیچ پرسیارێکم سەبارەت بە بابەتەکە لێناکەیت؟ ئەو قسانەی کراون دەستبەجێ بەڕاست لێکدەدەنەوە تەنانەت بەبێ ئەوەی گوێ لە منیش بگرن؟ چی روودەدا، من لەکوێم؟ ببوورە زۆر سەختە، بەڵام وەها هەستم کرد لە هۆڵی لێپرسینەوەکانی زیندان دام. ناتانناسم، کام هەڤاڵەش بێت کێشە نییە، بەڵام بۆتان نییە بەمشێوەیە قسە لەگەڵ من بکەن، ناتوانن تاوانبارم بکەن. راست نییە، چۆن چۆنی پێتان راگەیەندراوە نازانم، دیارە مەبەست لە گفتوگۆکانی وانەکەیە. ئەوەی لەوێکانە روویدا ئابەم شێوەیە..." و یەک بە یەک دەستمکرد بە باسکردنی. منیش دەنگم بەرز ببووەوە. تا بڵێی تووڕە ببووم و لەکۆتاییشدا گووتم: "ئەگەر هاوڕێی یەکتر بین ناچارین رێز لە یەکتر بگرین. نابێت رەخنە لەسەر بنەمای قسە و قسەلۆکی چەوت و درۆ بکرێت".

کەسی بەرامبەر، لەدوای ئەم قسانە ئەوجار زۆر هێور و ناسکانە رەفتاری دەنواند! من بەتەواوی گومانم لەلا دروست بوو. چەندە لە شێوازی دووژمن دەچوو! پۆلیسیش جارێک توندی و جارێکیش وەک باوکە دڵسۆزەی دەنواند. لەناکاو لەخۆشم تووڕە بووم، راست نییە هاوڕێیەکت بە پۆلیس بچوێنیت. بەڵام رێباز هەمان شت بوو. تا بە ئێستا تووشی کۆمەڵێک هەڵوێستی چەندین هەڤاڵ هاتووم کە بەدڵم نەبووە و پێم باش نەبووە، بەڵام وەهام بەوان نەدەگووت، چونکە ئەوەندە ناحەز و بێزارکەر نەبوون. ئەگەر لەناکاو تووڕەییەکیش دروست بکات، بڕوا دەکەیت کە ئەوەی بەرامبەرت هاوڕێتە، راستتر وایە بڵێین دەتەوێت بڕوا بکەیت.

گووتی: "من عومەر، خەڵکی باشووری ڕۆژئاوام[49] منیش لە زینداندا بووم. تۆ ئێمە ناناسیت، بەڵام ئێمە دەتناسین ساکینە جانسز. بەڵێ، منیش نەمدەویست بەو شێوەیە قسە بکەم. بە هەرحاڵ گفتوگۆکان بە هەڵە ڕاگەیەندران. کێشە نییە، بەڵام دیارە هەندێک شتت پەسند نەکردووە، بۆ نموونە ڕاکردنی شەنەر و شتی لەوجۆرە". گووتم: "نەخێر، ڕاست نییە. من نەک لێرە، لەلای سەرۆک زانیم کە ڕایکردووە، شتێک هەیە بەناوی پەسند کردن و نەکردنەوە؟ کابرا ڕایکردووە و خیانەتی کردووە. خۆ مەسەلە ئەوە نییە! گفتوگۆکانمان سەبارەت بە قۆناخی زیندان بوو".

پاشان ئەم گفتوگۆیەم بۆ (مستەفا گەزگیۆر – زەمانی) باسکرد و گووتم:" ئەم عومەرەم بەلاوە غەریبە. ئەوە چییە، ڕۆڵی سەرووتری لە بەڕێوەبەرایەتی هەیە؟ بۆچی د.باران و ئەوان قسەیان لەگەڵ نەکردم؟ عومەر بۆچی هەم توند، هەم نەرم و هەم فاسقانە مامەڵەی کرد. متمانەی پێناکەم. ڕەفتاری لەوانەی خۆمان ناچێت". (گەزگیۆر)یش بە تووڕەییەوە شتی هاوشێوەی لەبارەیەوە گووت.

لە دۆخی وەهادا کاردانەوەکانی (گەزگیۆر)م بەلاوە زێدەڕۆیی بوو، هێورم دەکردەوە. کاتێک منیش سەرشێتانە قسەم دەکرد، ئەو منی هێور دەکردەوە. دۆخێکی چەند سەیربوو!

دەگووترا: "نابێت ئەوانەی لە زیندان دەرکەوتوون بێنە لای یەکتر" ئەمەش دەبووە خوێ و دۆشاوی هەموو واقوڕماوی، ناشارەزایی، ناسیاسییانە و بێ شێوازییەکانمان. ئێرە شوێنی

---

[49] ناوزەدێکە بۆ هەرێمەکانی پارێزگای گومگوم (بە تورکی مەڕەش) و دەوروبەری نزیکی بەکار دەهێندرێت.

ئێمەیە، شوێنی پارتییە، کە ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز)ە. بۆ ئێمە زۆر پیرۆزە، چەندین ساڵ بوو خەیاڵمان دەکرد و ئەمڕۆکە لێرەبووین. دەرکەوتن لە زیندان بۆچی ئەوەندە کاردانەوەی دروست دەکرد؟ دەمگووت: "بریا هەر دەرنەکەوتمایە، منیان بەرنەدابا ئەو سووک و رسوایانە (مەبەست لە دووژمنە-و) دەشبێت بە ئەنقەست منیان بەردابێت. ئاڵۆزی، تۆمەت و تاوانبارکردنەکان بێچارەییەکی دروست کردبوو. چەندە سامناک بوو! دووژمن ساڵەهای ساڵ دەیویست لەناو هەمان قاوش، هەمان بلۆک، هەمان ژووری گۆشەگیری و لە هەمان زینداندا پەیوەندییەکانمان بپچڕێت و دەیگووت "قسە مەکەن" و باجی قسەکانیشمان بە ئەشکەنجە دەدایەوە. ئەوانە دووژمن بوون، بە ئامانج و مەبەست وەهایان دەکرد. ئەی لێرە، لە ئەکادیمیا؟ بەهیچ شێوەیەک واتام پێنەدەدا. جاروبار دەچوومە ناو دارەکانی ئەو گەرووەی لای شوێنی هەڤالانی ژنەوە و جاروبار لەناو پێخەفەکەمدا بۆ چەندین وەخت بەبێ دەنگی دەگریام.

(سەرۆک) دەیگووت: "قسە بکەن، گفتوگۆ بکەن، لە کێشەکان تێبگەن، لە مێژووەکەمان تێبگەن. چۆن گەیشتن بەمڕۆ، بزانن چی کرا و چی نەکرا"، کەچی ئێمە بەچییەوە خەریک بووین.

قۆناخێکی زۆر هەستیار بوو. گێرەشێوێنی لە کۆنگرەی چوارەمدا پەلاماری ریشەییترین بەهاکانی تێکۆشانمانی دابوو. لەکاتێکدا گفتوگۆ و رێبازەکانی ئیمپریالیزم و دەوڵەتی تورک بەناوی خۆسەری کولتوورییەوە خرابوونە گەڕ و هەوڵیاندەدا پرسی کورد بەم بارەدا راکێش بکەن، لەناوخۆدا هەوڵی وەلانانی گەریلا و هەروەها بەناوی رێگەچارەیەوە لە بەرەی سیاسیدا هەوڵی ریفۆرمیزە کردنی هێڵی سەرەکی پارتی دەدرا. زەمینەی

ئەمانە تاقی دەکرانەوە. بە تەنیا بەمەشەوە رانەدەوەستان هێرش دەکرایە سەر (رێبەرایەتی) کە جێبەجێکاری هێڵی رێکخستنییە و مۆرکی خۆی لێداوە. لە بنەڕەتدا دەیانەویست (PKKی بێ ئاپۆ) کارا بکەن! لەم بوارەدا هێرشێکی زۆر و پەردەپۆشکراوانە دەکرایە سەر (سەرۆک).

وەک لە هەموو گێرەشێونییەکانی پێشووشدا دەردەکەوت، هەوڵدەدرا لە وێنەدا پابەندبوونێک بە (سەرۆک)ەوە نیشان بدرێت، کە لە بنەڕەتیشدا هێزی ئەوەیان نەبوو (سەرۆک) راستەوخۆ بکەنە ئامانج. هیچ کەسێکیش بەهرەی دانانی بنەمای ئایدیۆلۆژی، سیاسی و رێکخستنییەکەشی نەبوو. کەوابوو ئەمەش ناوی دەبوو بە حزبچێتی یاخود مەیلی کامە چینی هەڵگرتبێت بەو ناوە ناوزەد دەکرا. بەڵام نەخێر، ئەوەی روویدەدا بەشێوەیەکی گشتی لە شێوەی خیانەتێکدا بوو کە لەزنجیرەکەی دابڕێندرابێت.

لەم چوارچێوەیەدا تاووتوێکردنی پرسەکان، تێگەیشتن لە تایبەتمەندیی هێرشەکان، بە پشوودرێژی و پێگەیشتووانەوە گوێگرتن لەسەر بنەمای یەکێتی و یەکگرتوویی رێکخستنی و چاودێریکردن و شوێنهەڵگرتنی، پاشان وەڵامدانەوەیان؛ ئەمانە ئەو ئەرکانە بوون کە دەکەوتنە سەرشانمان. ئەگەرچی ئەمانە لە ئاستی فیکریشدا هەبێت، بەڵام رەفتار و هەڵسوکەوتەکان لە پراکتیکدا جیاوازیان دەنواند، بەهیچ جۆرێک نەدەکەوتە ناو سیستەمەوە. کۆمەڵێک پرسی وەکو:"بۆچی ئەم قسەیەی پێگووتم؟ بۆچی چەواشە دەکرێت؟ بۆچی متمانەم پێناکات؟" بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبوون. هەم لەناوخۆدا لەبەرامبەر بەیەک لەناو دەمەقاڵێ دابووین هەم بەگشتیش لەگەڵ هەموو هەڤاڵان. هەر یەکێکمان جۆرێک بووین.

(سەلیم) هەر قسە و هەر رەفتارێکی تایبەت بەخۆی و جیاواز بوو، ئەوەی (گەزگیۆر) جیاواز و ئەوەی منیش جیاوازە و ئەوەی ئەوانی تریش. هەر یەکێکمان بە تایبەتمەندی خۆمانەوە و بەگوێرەی روانگەی خۆمان رووداوەکانمان هەڵدەسەنگاند. خاڵی شەڕ و گفتوگۆکانمان، نیگەرانی و کاردانەوەکانمان پێکهاتەی کەسایەتیمانی دەنواند. بەپێوانەکانمان ئەوەندە شێوازی گفتوگۆکانمان لێڵ دەکرد تا بەو خاڵە دەگەیشتن کە هەموومان بەیەک پێناسە دەستنیشان بکرێین.

(سەلیم) دژبەری هەموو کەسێک بوو؛ چی ئەوەی لە زیندان دەرکەوتبێت یان ئەوانی تر! کەسایەتییەکی زۆر بێ پرەنسیپی هەبوو. تاکە لایەنێکی بە پرەنسیپانەشی دژبەرییەکەی بوو. بەشێوەی گاڵتەجارێک، وەک کۆمێدیەنێک، وەک یاریزانێکی هێڵی ناوەڕاست، وەک بیرۆکراسێک... هتد. واتا بە دانیشتنەکەی، رۆیشتنەکەی، قسەکانی و بە گاڵتەکانییەوە تەنیا و تەنیا خودی (سەلیم) خۆی بوو. (سەلیم)ەکەی زیندانیش بەهەمان شێوە بوو. ئەم تایبەتمەندییە دژبەرییانەی بۆخۆی دەکرد بە قەڵغانێک. خودی ئەو دژبەری (کاراسو)ش بوو، دژبەری (شەنەر)یش بوو، دژبەری (فوئاد چاڤگین) و ئەوانیش بوو. واتا (سەلیم) بەر لە هەموو کەسێکی تر دژبەری هەموو ئەو کەسانە بووە کە رەخنەیان ئاراستە دەکرا، ناویان بکەوتایەتە ناو باسەوە و کێ ئەمڕۆ دژی پارتی بێت، (سەلیم) زۆر لە مێژەوە دژبەری بووە!

یەکەم رۆژ لە گفتوگۆکاندا گڕی بە پلاتفۆرمەکە دەدا. لە دیالۆگیدا لەگەڵ (سەرۆک)، بە گووتەیەکی فەلسەفی دەستی پێدەکرد و دەکەوتە ناو قسەی بەراوردکاری لەگەڵ نموونەی میتۆلۆژی و وایدەزانی شتی زۆر بێ وێنەی گووتووە. پاشانیش رەخنەیەکی زۆری لێدەگیرا. (سەرۆک) یەکە بە یەکەی بە

هەڵەداچوونەکانی، پێچەوانەییەکانی و هەڵوێستە چەواشەکانی ئەوی دەردەخستەڕوو. دیاردەی زیندانی بەشێوەی زۆر زانستیانەتر و قووڵایی زیاتری سیاسیی بۆ لێکدەدایەوە. لە دەستنیشانکردنی یەکە بە یەکەی دیاردەکان زیاتر، ئەو لایەن و تایبەتمەندییانەی زیندانی دەخستەڕوو کە مۆرکیان لە قۆناخە جیاجیاکان دابوو. لەسەر ئەمەش (سەلیم) رۆژی دواتر تفەکەی خۆی دەلێسایەوە!

دەیگووت: "سەرۆکی من زۆر بەباشی بیرم کردەوە. قسەکانی دوێنێی خۆمانم سەرلەنوێ شیکار کردەوە؛ ئێوە راستن. بەڕاستیش ئێمە بۆ ئەوەی سکمان تێربێت مانگرتنمان دەکرد. وەهابوو، دەمانگووت با خواردن باش و زۆر بێت. خواستی ئابوورییانە بوون یاخود لەسەر بەرگریکردن بە زمانی کوردی بوو و لەگەڵ دەوڵەت لەسەر بابەتێک دانوستانمان دەکرد کە لە ئێمە بەولاتر بوو. بەباشی لەمانە تێگەیشتم". بەڵام هەر ئەم (سەلیم)ە رۆژێکی تر و لە شوێنێکی تردا مەیدانەکەی تێکوپێک دەدا. بێگومان ئەمە زۆریی بۆ ئێمەش دەهێنا. ئەو هەڵسەنگاندن و شێوازی گفتوگۆیەی ئێمەشی بۆ هەمان ئاستی خۆی پەلکێش دەکرد.

یەکسەر ئامادەبووین، ئەگەرچی هەندێک تایبەتمەندیمان ناکۆک بن، بەڵام شێوازی گفتوگۆکردن و مامەڵەکردنمان لەگەڵ رووداوەکان یەکتریان بەهێز دەکرد. کاتێک قۆناخەکان بەمجۆرە دەخرایە بەر گفتوگۆوە، رووداوەکانیشی لەگەڵ خۆیدا لێڵ و ئاوەژوو دەکرد. هەڤاڵانی تریش لەسەر حەق بوون لەوەی ئیتر سەبارەت بە دۆخی ئێمە بێنە دەنگ.

شێوە و جەوهەری ئەم گفتوگۆیانەی ئێمە چ لەناوخۆماندا و چ لەگەڵ سەرجەم هەڤاڵان بەگشتی دوور بوون لە

ریشەکانیانەوە. ڕاستییەک هەبوو و ئێمەش بەو حاڵەی خۆمان کێشەیەکی ترمان دروست دەکرد. (سەرۆک) بە شیکارەکانی دەیویست پەرە بە بیرکردنەوەکانمان بدەین و خۆمان قاڵبکەینەوە. ڕاستەوخۆ تەنیا کێشەیەکی تاووتوێ نەدەکرد. تابڵێی بە بەرفراوانی ڕوونی دەکردەوە و لە مێژووی خۆمانەوە نموونەی دەهێنایەوە. کاتێک باسی لە زیندان دەکرد شوێنێکی تایبەتی بۆ بەرخودانی 1982جیا دەکردەوە. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر شێواز و ئەنجامەکانی دەخستەڕوو.

لە یەکێک لە شیکارەکانیدا دەڵێت: "هەندێک هەن هێشتاش نایانەوێت لە ئێمە تێبگەن"، ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانەی دووژمن دەکات کە بۆ دەستەمۆکردنی کادیرانمان خستویێتییە گەڕ هاوکات باس لەوەش دەکات کە گێرەشێوێنەکە کەسێکە لە زیندان دەرکەوتووە و ئێمەی بەکارهێناوە. (سەرۆک) دەیگووت: "دەڵێن بەرخودانمان کرد و سەرکەوتین. بەرخودانی چی و سەرکەوتنی چی؟ خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن. بەرخودانی ڕاستەقینە بەرخودانییەکەی 1982ە. ئەوان چۆن ئامانج و خواستێکیان هەبوو؟ هەرکەسێک لەمە تێنەگات ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست حەقیقەتی بەرخودان هەڵسەنگێنێت. پێویستە بڕێک ویژدانی هەبێت. ساڵەهایە ئەم شەڕە بەچی بەڕێوەبرا؟ ئێمە بەرپرسیاری ئەو هەمووە کارە بووین و دەمانەوێت شتێک بکەین، کەچی ناڵێین: ئێمە کردمان، واین و واین...".

(سەرۆک) هەم بە ڕێنماییەکانی دەیویست لەسەر جەوهەری کێشەکان و خاڵە جەرگبڕەکانی قاڵ ببینەوە، هەم بە ڕەخنەکانیشی دەیویست کارئاسانی بکات تا چەوتی و بەهەڵەداچوونەکانمان ببینین. هاوکات ناکۆکییەکانیشی چڕتر و کامڵتر دەکردەوە تاوەکو ئێمە باشتر ڕاستییەکان ببینین.

بێگومان من بێ سەبر بووم، بە هەندێک لە قسەکانی (سەرۆک)ەوە گیربببووم. لەلای خۆمەوە دەمگووت دڵنیام شتی هەڵەیان بە (سەرۆک) گووتووە. کەس نەیگووتووە: "ئێمە بەرخودانیمان کرد و سەرکەوتین". (سەرۆک) بە چ هۆکارێک ئەمەی دەگووت؟ دیسان نە دەستەمۆکردنەکەی دووژمن و نە (شەنەر)یش کاریان لە من نەکرد. ئایا بەهۆی پەیوەندییەکەوە بوو وەهای دەگووت؟ زۆر پرسم لەمێشکدا بوو. دەشێت لە بەرخودانیدا کەموکورتی هەبێ، دەشێت بەپێی پێویست نوێنەرایەتی سیاسەتی رێکخستنیمان نەکردبێت، بەڵام لە سەرجەم بەرخودانییەکانی دوای 1982شدا شەهیدمان هەیە. کە هەموویان بە بەرخودانییەکانی (مەزلوم، کەمال، خەیری) و هەڤاڵانی تر کاریگەر بوون. بەرخودانییەک بوو کە لەوانەوە سەرچاوەی دەگرت. حەتمەن کەسانێک بەشێوەی تر قسەکانمانی پێ گەیاندبوو. ئەگەر چەوتییەک هەبێت دەبێت راست و رێک بکرێنەوە.

بیرم کردەوە لەوەی کە نابێت هیچ شتێک وەکو خۆی بە پارتی رانەگەیەندرێ و بۆیە دەستم هەڵبڕی. بەدرێژایی ژیانم هەمیشە کەسێک بووم کە بە ئاشکرا قسە و گفتوگۆم کردووە، بەبڕیاریش بووم بەوشێوەیە بەردەوام بم. (سەرۆک) گووتی: "مادام دەتەوێت قسە بکەیت، وەرە. دەتوانیت هێزی تێگەیشتن لە ئێمە، پیشان بدەیت؟ گشتگیربوونێکی راست و دروستت پێ دەستەبەر دەبێت؟ دەتوانی بۆ ئەو مەبەستە بەڵێن بدەیت؟ وابزانم هێشتا سوێند[50]ت نەخواردووە، وەهایان گووت. بەڵێنی

[50] ئەو سوێند و بەڵێنەیە کە کەسێتی لەدوای بەشداریکردن لە(PKK) و پەسندکردنی پرەنسیپەکانی، لەبەردەم پلاتفۆرمی ئەندامانذا دەیدەن، ئەم سوێندەش لە(PKK) دا یەکێکە لە رەگەزە دەستلێبەرنەدراوەکان.

بەشداربوونێکی بەهێز لە خۆتتدا بە بڕیار دەگەیەنیت؟" ئەم گووتانەی دوایی بەتەواوی کاری تێکردم. من چۆن سوێندم نەخواردووە؟

گووتم: "نەخێر سەرۆکی من، خۆم لە سوێند خواردن وەلا نەخستووە. من زۆر شارەزای یاساکانی ئێرە نەبووم، بەڵام وەک تازە بەشداری پارتی بووبم مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت. لە گووتەی بەرجەستە و کۆنکرێتی زیاتر گووتم کە بە پراکتیک نیشانی دەدەم. پێدەچێت پارتییەکی باش نەبم، بەڵام لەناو پارتی دام، نازانم، لەم خاڵەدا گومان دەکریێ؟ بێگومان زۆر شت دەگووترێت. هەر قسە و گفتوگۆیەکم بەشێوەیەکی تر لێکدەدرێتەوە. ئەگەر شتێک هەبێت با بەئاشکرا بگووترێت. ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەمجۆرە ناڕاستەوخۆیانە بەڕاست نازانم. هیچ ترس و سامێکی کەسێتیم لەخۆم نییە، دۆست و دووژمن دەمناسن. متمانەم بەخۆم هەیە و نەک وەک ساکینە، بەڵکو لەگەڵ ئەم پارتییە هەم. لەبەر ئەوەی ئەندامی پارتیی بووم خرامە زیندانەوە و لە زیندان بووم. دووژمن منی کردە ئامانج، بەڵام شتی وەها دەگووترێت کە هەر باس ناکرێت... بە ئاشکرا جاڕدەدەم و دەیڵێم من شۆڕشگێڕێتیم و (PKK) یی بوونم ناخەمە بەر قسە و باسەوە".

لە قسەکانمدا گڕ کڵپەی دەکرد، وەکو شەڕ بکەم قسەم لەدەم دەردەکەوت. بەپێوە بووم، رووم لە هەڤالان بوو. (سەرۆک) لەسەر کورسی دانیشتبوو و مێزێکی لەبەردەمدا بوو، ئارام ئارام گوێی لێدەگرتم. دواتر سەیری وێنەیەکم کرد کە وێنەی ئەو ساتەوەختە بوو، بە جوڵەی دەست و مەچەک، بە شێوازی دەربڕینەکانم، بە هەموو شتێکمەوە تووڕەییم لێدەبیندرا. سەرەڕای ئەوەش (سەرۆک) زۆر بە

خۆشەویستییەوە و تا رادەیەکیش بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو شێتحاڵییەی دەکردم. کاتێک وێنەکەم بینی ئاهێکی قووڵم کرد، بەڵام بێ سوود.

(سەرۆک) گووتی: "بە قسەکانم تاکە کەسم نەکردە مەبەست. بەلامەوە زوو بوو بۆ دیالۆگ، بەڵام مادام ویستت قسە بکەیت، کەواتە با زیاتر روونی بکەینەوە. باشە هێزی قبوڵکردن و هەرسکردنت هەیە؟". منیش بە هەمان تووڕەیی و لە دڵگرتنەوە وەڵامم دایەوە: "بەڵێ ئەو هێزەم هەیە. بۆچی نەمبێت؟ ژیانم لەبەر چاوانە و ئاشکرایە. پێدەچێت پارتی ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ژیانی زیندانم نەبێت، بەڵام من ئامادەم تا بچووکترین وردەکارییەکانی روونی بکەمەوە، باسی بکەم و باجی هەڵەکانیشم بدەم. لەم مژارەدا ئاسوودەم و هیچ نیگەرانییەکیشم نییە".

سەرۆک: "باسی متمانە دەکەیت. نەخێر، کەس ناڵێت لایەنی بەئەنقەستت هەیە. بەڵام بڕوانە، دەیڵێم، هیچ مەترسییەک لە گووتنیدا نابینم؛ هەڤاڵێکت نامەی نووسیوە و قاسیدەکەشی زۆر بە جوانی تەمبێ کردووە و دەڵێت؛ گومانمان لە ساکینە هەیە، کاتێک لەگەڵ قازی قسەیان دەکرد، بینیم.. لەم بوارەدا ئاگادارکردنەوەی رێکخستنی بە ئەرک زانیوە. بۆمن مایەی کێشە نییە، خۆیشت کە یەکەمجار هاتیتە ماڵەکە باست کرد. بەڵێ، هەر زۆر بە دڵسافیشەوە. ناوی ئەو کەسە دەدات کە تونێلەکەی بۆ دەوڵەت ئاشکرا کردووە. بڕوای بە قازییەکەی دەوڵەت کردووە. (PKK)ییەک ناچێت لەگەڵ قازییەکی DGM[51] چاوپێکەوتن ناکات. بەتایبەتیش لە چێشتخانەیەک یان پارکێک.

---

[51] دادگای ئاسایشی دەوڵەت.

ئەمە دانیشتن نییە لەگەڵ دەوڵەت؟ تۆ بەچی ئەقڵێکەوە دەچیت پرسیاری تونێل لە قازی دەکەیت؟".

(سەرۆک) قسەی دەکرد و منیش تازە بە تازە هەندێک شت لە مێشکمدا زرمەی دەهات. ئەگەرچی هەموو شتێکیشم بۆ (سەرۆک) باسکردبێت، بەڵام پێویست بوو وردەکارییەکانیشی باس بکەم، ئەگەر نا من بەتایبەت نەڕۆیشتم و چاوپێکەوتنم نەکرد. قازی، قازیی دەوڵەت بوو، دەمزانی. بەڵام منیش (PKK)یی بووم! ساڵەهابوو لە زیندانی دەوڵەتدا بووم، بە قازی، پۆلیس، سەرباز و فەرمانبەری ئەو دەزگایە دەورە درابووین. ناچاربووین دوولایەنە یەکتر بە موخاتب دابنێین. بەڵام لە هەمانکاتدا دووژمنی یەکتریش بووین. ئەمە زۆر روون و ئاشکرا بوو.

گووتم: "پێشتر بە سەرۆکایەتی پارتیم راگەیاند، دەمەوێت سەرلەنوێ باسی بکەمەوە. سەرەنجام لەگەڵ قازییەکی دەوڵەت چاوپێکەوتنم کرد. تا ئێستاش هەرگیز بیرم لەم رەهەندەی رووداوەکە نەکردۆتەوە. ئێستاکە بەڕاستیش هەژام. لە جددییەتی بابەتەکە تێگەیشتم بۆیە هەژام. من تا رادەیەک لە رەهەندی پەیوەندییەکانی زیندانەوە دەمڕوانییە رووداوەکە. دەشێت شتێک نەبێت کە پێشتر پلانم بۆ داڕشتبێت، رێکەوتێک بوو، دیسان دەبا زۆر وریا بوومایە. پێدەچوو دووژمن بەکاریشی بهێنێت. چاوپێکەوتنێک بوو کە لەژێر دەستپێشخەری خۆمدا بوو، گومانی تێدا نییە کە دەیانتوانی بەبێ گوێدان بە ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە؛ ئەو دانیشتنەی من لە تەنیشت قازییەوە بۆ خۆیان بەکار بهێنن. هیچ بیرم لەم ئەگەرە نەکردەوە. هەڤاڵ گەزگێۆر لە ئامەد تێکستی بەڵگەفیلمێکی ئامادەکردبوو. ئێمە لە قاوشەکەی خۆمان رێکماندەخست و

بەنهێنی بەش بەش دەماننارده دەرەوە. هێشتا بەشێکی زۆر کەمیمان ناردبوو ئەوەی تریان لە پەلامارە گەورەکەی 1988 دا دەستی بەسەردا گیرا. پەلاماری دوای ئاشکرابوونی تونێلەکە بوو. سەرجەم نووسینەکانمان، گۆڤارە چاپکراوەکان هەموویان زەوتکران. دوای ئەوەی دەرکەوتم لە زیندان، گەزگێور داوای لێکردم کە دەبێت چارەنووسی ئەو نووسراوانە ئاشکرا بکەم و بۆی بدۆزمەوە. هەر خۆشم دەمویست ئەو نووسراوانە بدۆزمەوە. چونکە کارێکی زۆر بەرفراوان بوو. لە ئاستی نیشاندانی هەموو رەهەندەکانی قۆناخی زیندان دا بوو. ناڕاستەوخۆیانە پرسیارم بۆ کرد. زیاتر دەمویست پارێزەرەکان بکەم بە نێوانگیر. کاتێک کە چووین بۆ ئامەد، منیان لەگەڵ فەوزی و هاوژینەکەی بینی کە فەوزی یەکێک بوو لە پارێزەرەکانمان. قازی پێی دەڵێت: ساکینەمان لەگەڵ تۆ بینی.. ئەویش دەڵێت: بەڵێ خۆشتان دەزانن من بریکاری ئەوم، هەندێک کاری هەبوو. هەندێک نووسراو هەبوون کە لە قاوشەکەیاندا دەستیان بەسەردا گیرابوو، بۆ دۆزینەوەیان هاتبوو.. قازییش دەڵێت: بابێت بزانین.. تەنانەت دەشڵێت: هیوادارین بۆ داڕشتنی پلانی کوشتنی ئێمە نەهاتبێت.. دووژمن منی بە ساکینەی (PKK) یی دەناسی. ئەوان بەشێوەیەکی تر بیریان دەکردەوە و بۆیان دەڕوانیم. تەنانەت پێدەچێت خودی ئەوانیش بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە بۆ نووسینێک بچمە لایان. مەبەستیشیان دیاربوو لە پلانی تر. کاتێک فەوزی ئەوەی پێگووتم، خۆشحاڵ بووم و گووتم کارێکی باشت کرد. لە راستیدا قازی دەیزانی کە پێمزانیوە ئەو نووسراوانە لەلای خۆیانە و بەو هۆکارەی ئەگەر لە دەرەوە پێکەوە بمانبینن لەوانەیە مەترسیدار بێت، بۆیە بانگی کردین بچین بۆ شوێنەکەی

خۆی. نووسینەکان زیاتر ئەوانی پەیوەندیدار دەکرد. پێکەوە چووین بۆ ژووری قازییەکان لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت. وەکو ئەوە وابوو کە لە زیندان بچیتە ئیدارە. لەڕووی روواڵەت و لەرووی ئەو کەسانەی کە بینیمن هیچ واتایەکی تری نەبوو بۆ من. فەوزییش پارێزەر بوو و بەردەوام بەڕێی دادگاوە بوو. ماوەیەک بە سارد و سڕی و بەبێ دەنگی راوەستاین. پاشان من بابەتی نووسینەکانم هێنایە بەر باس و دەستم پێکرد. لە وەڵامدا گووتی: ئەو نووسراوانە رەوانەی دادگای کۆماری کراون و ناوی قازییەکەی ئەوێشی پێدام. ئەویش قازی زیندانەکانە و شوێنی ئەمی گرتۆتەوە. دەیگووت: بە منتان دەگووت فاشیست، کەچی بڕوانە DGM منی دوورخستەوە.. وەهای دەگێڕایەوە کە نەنەی کوردە و خۆیشی لە کۆنە دیموکراتەکانە. تەنیا مابوو بڵێت: من (PKK) ییم! پێشتریش لە زیندان لە رووالەتی دیموکراتیبووندا بوو. لە پەیوەندییەکاندا وریا بوو، لە شێوەی قازییەکی سەر بە عەبدوڵلا کاهرماندا بوو.

پاشان قسەی هێنایە سەر تونێلەکە و گووتی: بە منتان دەگووت جەلاد و نەتان بڕییەوە. من خۆم تێوە نەگلاند. دەستێوەردانێک بوو کە دەسەلاتی ئێمەی تیادا نەبوو.. پێی گووتم: دیارە تۆش راتدەکرد.. دیاربوو زانیاری پێگەیشتبوو. لە وەڵامدا گووتم: ئەگەر ئاشکرا نەبووایە، بەڵێ.. ئەویش گووتی: تونێلێکی سەیر بوو. چۆن دروستتان کرد؟ زیندانەکان بە تونێلەکانیانەوە ناوبانگیان هەیە. لەوانەیە بڕوا نەکەن، بەلام من ئاگام لێ نەبوو. تونێل دۆزرایەوە، دەستیان بەسەر رووداوەکەدا گرت، من ئاگام لێ نەبوو، دواتر پێمزانی، دوورخرانەوەکەشم لەبەر ئەو هۆکارەیە. ئێوە دەزانن کێ تونێلەکەی دا بەدەستەوە؟ حەتمەن ساکینە بۆ کوشتنی ئەو هاتووە.. ئەم کەشەی قسەکانم

به هەل زانی و پرسیم: ئێوە لێپرسینەوەتان لێکرد؟ کێ بوو، یان کێ نەبوون؟..

کاتێک قازییەکەی تر چووە دەرەوە پێمگووت: کێ بوو، ئێوە دەزانن؟.. جارێک لەخۆڕا ما و هێندەی نەمابوو بیڵێت، پەشیمان بووەوە و گووتی: سەرم بەدەرددا دەبەن.. منیش گووتم: نەخێر، شتی ئاشکرایە، وەکو خۆم مەراقمە ئەو کەسە بزانم کە ئەو تونێلەی دا بەدەستەوە. لە راستیدا کێ گووتی؟ بە ناوهێنانی هیچ شتێک ناگۆڕێت. هیچ مەترسییەکیشی نییە ئەگەر بیڵێن. کە بەخۆشتان دەڵێن (دیموکراتم)، لانی کەم دەبێت دژی لایەنە نا ئەخلاقییەکەی ئەو کارە بن. ئەو هەمووە رەنجە درا و کەسانی تر خیانەت لەو رەنجە دەکەن. کێشەکە بە کێشەی (PKK)، یاخود بە کێشەی دەوڵەت لێکمەدەنەوە.. دوای ئەم قسانە تۆزێک ئاسودە بوو و گووتم: ئەگەر پێتان باش بێت لە شوێنی تر دەتوانین قسە بکەین. لەلای فەوزی و ئەوانیش دەبێت، پارێزەرمە. هەڵبەتە ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدات.. ئەویش گووتی: نابێت، ئەگەر لە دەرەوە لەگەڵ تۆ بمبینن، دەڵێن پیاوی (PKK)یە و مەگەر خوا بزانێت چیم لێدەکەن. کەوابوو لە چێشتخانەیەک دەبێت.. سەرەتا رازی ببوو. تەنانەت شوێنێکیشمان لەدەرەوەی شار دەستنیشان کرد، بەڵام پاشان دووبارە پەشیمان بووەوە.

ئەمە هەڵوێستێکی میانڕەوانە بوو. هەلێک بوو بۆ من. کاتێک لە ئاماسیا بووین دەنگۆی بەوجۆرە لەسەر شەنەر هەبوون. گەرچی دواتر گووتیان دەنگۆیە و کۆتایی پێهێندرا، بەڵام بێزارییەکی دروست کردبوو و لەڕاستیشدا ئەو هەستە بەکاریگەرە منی هەتا لای قازی برد. مسۆگەر دەبووایە ئاشکرا ببێت. ئەم گومانە ناوەکییەم لەگەڵ هەر دەنگۆیەک سەبارەت بە

شەنەر، سەرلەنوێ نارەحەتی دەکردم. ئەوەندە خاوەنداریم لە شەنەر کردبوو، پاراستبووم، ببووم بە قەڵغانێک بۆی، پرسیاری (ئەی ئەگەر کەسێکی جیاواز بێت؟) منی هەراسان دەکرد. ئەگەر لەبارەی خائین بوونیشی بەتەواوی بەناوی نەکەم یاخود لەناخی خۆمدا بە ئەنجامێکی مسۆگەر نەگەم، لە ئاستی هەست، شیمانە و گوماندا کاری لە ناخم دەکرد".

ئەگەر ئەمانەم بە "تەواوی گرێدراو بەیەکتریش دەرنەبڕی بێت، بەدوور و درێژی هۆکارەکانی کەوتنە دووی ئاشکراکردنی تونێلەکەم باسکرد.

پێشتر (سەرۆک) ڕەهەندی سۆز و خۆشەویستیی بە وردەکارییەوە خستبووە ڕوو و گووتبووی "منیش ژییام، عەیب نییە". ئاماژەی بەوە دەکرد کە دەزانێت لەو قۆناخەی ڕابردوودا چەند تووشی زۆر و زەحمەتی بووم و دەبمەوە و ئەوەشی دەستنیشان کرد کە بەشێوەیەکی تر بە چارەسەری ناگەم. بەشێوەیەکی بەرفراوان و سەرتاپاگیری بابەتەکانی وەک هێشتاش پارێزگاریکردنم لە خۆشەویستی و ڕاستگۆیی لە ڕوانگەی خۆمەوە، ڕوونکردنەوەی کێشەکان بە نیاز و نییەت، تەنانەت هەستیارییەکی زۆرم لەم بوارەدا، کاردانەوەم لەبەرامبەر بەجۆرێکی تر تێگەیشتن و لێکدانەوەیانی بە ڕەهەندە جیاجیاکانییەوە هەڵدەسەنگاند.

بەگشتی هەڤاڵانیش لایەنی گێرەشێوێنییەکەی و ئامانجەکانیان لە ئاستێکدا وەلاخستبوو و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ مندا دەستیان بە گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن کردبوو. کاتێک ئەمەش لەگەڵ بەهەڵەداچوونە قووڵەکەی من یەکیان دەگرتەوە لەو زەمینەیەدا دەکەوتمە پێگەی پاراستنەوە. واتا لەجیاتی ئەوەی بە ڕوانگەی بنچینەییمان لەبەرامبەر بە

هێرشەکانی گێرەشێوێنییەکەی دژی پارتیمان راوەستم، بەشێوەیەکی بابەتییانە دەبوومە مایەی کردنەوەی بەرەیەکی تر.

دەمگووت: "نەخێر، ئەوەی من خۆشەویستی بوو، سۆزی راشکاوانە بوون. دەشێت ئەو خائینانە بیری کردبێتەوە، پلانی خائینانەی هەبووبێت. ئەگەر هەستم بەوانە بکردایە، هەڵبەتە ئاستێکی بەمشێوەیەی پەیوەندیش نەدەبوو. من لە مامەڵەکانمدا ئامانجم جیابوو. شەنەر قسەی لەسەر دەکرا، راستە، بەڵام وەک لایەنی لاواز و کەموکورِ هەڵسەنگێندرا. کەس هەڵسەنگاندنی جیاوازی نەبوو. لەلایەک قسەیەکی زۆری لەسەر دەکرا و لەلایەکی تریشەوە -سەرەڕای ئەوەش- زۆر بەکاریگەر بوو، هەر ئەمەش سەرنجی منی راکێشا. نەکەوتمە ژێر کاریگەرییەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەکارهێنان بێت، من هێزی ئەوم بەکارهێنا. بەهرەدار بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیدا بووین. بێگومان ئەویش پێگەی منی بەکارهێنا. لەخاڵێکدا من دەبوومە پارێزوانی ئەو. لەم خاڵەدا ئەو منی بەکارهێنا. بەڵام نەمهێشت سۆزەکانم بەکاربێنێت..."

لەخاڵی خۆشەویستی و سۆزدا دونیام خراپ دەکرد. بە ئەندازەیەک لە جەوهەری رەخنەکانی (سەرۆک) دەگەیشتم. ئەگەر لەو خاڵەدا قاڵبووومایەتەوە کێشەکەم زووتر چارەسەر دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لێکدانەوەی هەڤاڵان لە چوارچێوەی کێشەیەکی بەرتەسکی نامووس و رەوشتدا بوو، لێرەوە کۆمەڵێک رەخنەیان لێدەکردم ئەمەش هەستی دەرووشاندم. پێم هەرس نەدەبوو، چۆن دەبێت بخەڵەتێندرێم؟ چۆن دەبێت گووتەیەک، گفتوگۆیەک، گرنگی پێدانێک بخرێتە شوێنی هەموو شتێکەوە؟ خۆ من بە (شەنەر) دەستم بە شۆڕشگێڕی نەکردبوو کە ئەو خیانەتی کرد منیش خۆم بدەم بە

زەویدا. پەیوەندییەکم دروست نەکردبوو لە ئاستی کەوتوویيدا "ساقط" بێت، کەوابوو بۆچی ئەو هەموو رەخنە قورسە، ئەو هەموو تۆمەتبارکردنانە دەکران؟ کەوابوو متمانە بە من نەدەکرا. ئەو هەموو هەڤاڵە لە زیندان بوون، هەموویان نزیکتربوون لە (شەنەر)ەوە، دەتوانم بڵێم دوورترینیان من بووم. بە چی لۆژیکێک ئەم پەیوەندییە تەنیا و تەنیا دەخرایە شوێنی هەموو شتێکەوە؟ پارتی نەیدەناسیم؟ هەرگیز بۆ پیاوێک، بۆ پەیوەندییەکی خۆشەویستی و سۆز دەستم لە دۆزەکەم بەرنەدا. تەنانەت لە منداڵکارانەترین رۆژگارمدا هەموو ئەو پەیوەندیانەم رەتکردەوە کە لەگەڵ دۆزەکەم یەکانگیر نەدەبوون، بەخێرایی لێیان دابڕام. هەر کە زانیم (شەنەر) خیانەتی کرد، ئەم پەیوەندییەش کۆتایی هات. ئەوەی بۆ من دەمایەوە تێکۆشان و زیاتر پابەندبوون بوو بە تێکۆشانەوە.

ئەمانەبوون ئەو پرسیارانەی کە بەبنەمام وەرگرتبوون، لەناویدا چەقبەست ببووم و بەهیچ شێوەیەک رزگار نەدەبووم. بەتایبەتیش بەجۆرێک چەقی بووم کە تەنانەت هەستم بە جددییەتی بوونی تەڵەکەبازییەکی زۆر مەترسیدار نەکرد، ئەو تەڵەکەبازییانەش لە کەسایەتی من و ئێمەدا بەسەر پارتیدا دەسەپێندرا. هەستکردنم بە هەندێک شت لەگەڵ هەڵوێستی کردەییانەی رۆژ لە دوای رۆژم یەکانگیر نەدەبوون.

ئەو قۆناخەی کە راستەوخۆ کارم لەسەر کێشە گشتییەکانمان دەکرد، لە بەڕێوەبەرایەتی زینداندا جێمگرت ساڵی 1988 و دواترەکەی بوو. تابەو قۆناخە هەمیشە تەنیا و جیا بووین. پێگە و شوێنگەمان نوێنەرایەتی گشتیی نەدەکرد. هەم لەناو رووداوەکان و هەم زۆر لە دووریشیان بووین. کارەکان چۆن راپەڕێندران، قۆناخەکان چۆن هاتنە پێش؟ تا چەند

سیاسەتی بەرخودانمان پەیڕەوکرد، چەند لاماندا؟ هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی دۆخی تایبەت بەخۆماندا لێکدرانەوە و بە پێناسەی خۆی گەیشت.

ئێستا لە هەموو رووێکەوە سیاسەت و راستینەی زیندان روون دەکرایەوە. پراکتیکی زیندان، بەگشتی پەیوەندی بە تێکۆشانی رزگاری نیشتمانیمانەوە هەیە، تایبەتمەندییەکانی گۆڕەپانەکە بەگشتی سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرا. چونکە دووژمن هەموو جۆرە سیاسەتێکی لە زیندان تاقی کردبووەوە. سەرەتا پێویستی بە گوێگرتن و تێگەیشتن بوو. ئەگەرچی ئێمە لەناو راستینەی زیندانیشدا ژییابین، بەڵام پارتی راستترین هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرد. هەر شیکارێک، هەر هەڵسەنگاندن و هەر رەخنەیەکی (سەرۆک) ئاسوودەییەکی دەهێنا. بەڵام لەم بوارەشدا لە دیالۆگەکاندا دەکەوتمە ناو بێ پێوانەییەکی بێ وێنەوە. شێوازی شەڕە قسە زاڵبوو. خۆمم لە هەموو شتێک زیاتر بە بنەما وەردەگرت و بەڕاستم دەزانی. لە هەمووشی خراپتر هێشتا سۆزدار (عاتفی) بووم. بەردەوام قسە و گفتوگۆکانم لە چوارچێوەیەکدا بوو وەک ئەوەی ناچاربم بۆ هەموو بابەتێک روونکردنەوەیەک بهێنمەوە، وردەکارییەکانی دەستنیشان بکەم و ئیلا و بیلا هەر دەبێت وەڵام بدەمەوە. سەبارەت بە کەسێک شتێک گووترا، دەستبەجێ مافی قسەم وەردەگرت و سەبارەت بەو روونکردنەوەم دەدا، باس لە رووداوێک دەکرا، دەستبەجێ دەردەپەڕیم و دەمگووت: "نەخێر، وەها نییە... ئاوەهایە". دەمگووت: "زیندان شتێک نییە وەها بە ئاسانی و ئەوەندەش بەگوێرەی روانگەی هەموو کەسێک لێکبدرێتەوە". بەمشێوەیە خۆمم بەجۆرێک دەکرد بە بەرپرسیاری هەموو شتێک. بەرپرسیارییەک بوو کە لە هێزی

من بەولاتربوو. بەمشێوەیە خۆمم دەکردە زەمینە و ئامانج بۆ ئەوە و بۆ هەموو رەخنەیەک کە بکرایە. نیازی دەستەبەرکردنی رەنگدانەوەی راستەقینەی راستییەکانی زیندانم بۆ پارتی و هاورێیانم، بەدەستی خۆم بۆ پێگەیەکی پێچەوانەیی وەردەچەرخاند. چونکە سۆزەکانم؛ جوڵە و رەفتاری پێدەکردم.

سەرجەمی مامەڵە چەوت و بەهەڵەداچووەکانم دەچوونە ریزی گێرەشێوێنییەوە. ئەو پێچوواندنەش زۆر بە ئاسانی دەکرا. هەر رەخنەیەک لەم بوارەدا پاڵی زیاتری پێوە دەنام تا بەرەو هەڵوێستی چەوتترەوە برۆم. جارجار هیچ قسەم نەدەکرد، قسەم پێنەدەکرا، لەژێر قورساییەکەی دەپلیشامەوە و بێ هێز و تاقەت دەبووم، جارجاریش بەبێ ئەوەی شوێن و کاتەکەی بە باشی هەڵبژێرم زیاتر بەناو وردەکارییەکانیدا رۆدەچووم و دەکەوتمە ناو شەڕە قسە "پۆلیمیک"ەوە.

ئەوکاتانە زۆر جیاواز بوو کە (سەرۆک) لە ئەکادیمیا دەبوو. شیکارەکانی لەناو خودی کەسایەتیدا مەیدانی لەخۆپرسینەوەی دروست دەکرد. سەرەڕای هەموو رەخنەیەک هێز و متمانەی دەبەخشی. بەڵام کاتێک (سەرۆک) ئامادە نەبووایە بێ متمانەیی، هەڵوێست و مامەڵەی توند و زبر، رووداوگەلێک کە مەیدانەکەیان گرژ و ئاڵۆز دەکرد زیاتر دەبوون.

هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی[52] لەوانەکاندا هەر لە گفتوگۆ و پرسیارەکانەوە هەتا کۆتا، ئاراستەپێدانێکیان بە بنەما وەردەگرت. ئەم شێوازی ئاراستەپێدانەش زۆر دووربوو لە یەکانگیرکردن، چارەسەرکردنی کێشەکان و روونکردنەوەی تەواوەتییان. بەشێوەیەکی گشتی پێشداوەریی دوولایەنانە و

[52] . مەبەست لە بەڕێوەبەرایەتی ئەو خولەی ئەکادیمیایە.

ئاڵۆزی دروست دەکران. بەبێ ڕووانین لە ڕاست و چەوتی هەر یەکێک لەو باسانەی لە وانەکاندا دەمانخستنەڕوو، ڕاستەوخۆ بەشێوەی کاریگەرییەکانی زیندان لێکدەدرانەوە. بەلای ئەوانەوە ئێمە بەهەموو شتێکمانەوە ریفۆرمیستین، دژی هێڵی ڕێکخستنیین، ئەو کەسانەین کە سیاسەتی دەستەمۆکردن لەناوببردووین! ئەم پێناسانە تا کۆتا تاوی بە تاکڕەوییەکانمان دەدا. گفتوگۆکان لەبار دەچوون. لە دۆخێکی وەهاشدا گفتوگۆکان بە ئامانج نەدەگەیشتن، لێرەشدا ڕاپۆرتی زۆر بە ئەنقەست دەدرا بە (سەرۆک). تەنانەت ئەمانەشیان لە پلاتفۆرمدا دەکرد و دەیانگووت: "سەرۆکی من، گرووپیان پێکهێناوە، لەدژی سەرۆکایەتی پارتی قسەیان کرد، لە بابەتی پرسی ژندا وەهایان گووت، چەکەکەیان بەوجۆرە گرت، لەگەڵ یەک ئاوەها گەڕان... هتد" هەڵسەنگاندنێکی بێشومار دەکرا!

باشترین و ڕاستترین ڕێگەی کۆتکردنی ئەوانەش گەیشتن بە پێوانەکانی پارتی، هەڵسوکەوت بەپێی ئەو پێوانانە و سەرکەوتن لە ڕەنگدانەوەی بەپێی ڕێکارەکانی ڕێکخستن بوو. ئەوەش لەلای ئێمە نەبوو. بە خوو و ڕاهاتنی ساڵەهاوە، بە پێوانەی پارتیی بوونی ئاسایی و بەبێ ئەوەی پلە و پێگە ڕەچاو بکرێت، ڕووکەشانە، ناسیاسییانە و بەگوێرەی خۆمان مامەڵەمان دەکرد. واتا زەمینەیەکمان دروست دەکرد کە بۆ هەموو جۆرە شیرۆڤەیەک لەباربوو. چونکە خودی ڕاستییەکانمان لاوازی و ڕەهەندەکانی دژەپارتی لەخۆگرتبوو.

لە ئەکادیمیا بووم، لەناو کۆمەڵانی هەڤاڵاندا، بەڵام بەتەنیابووم. خۆمم بە شێوازەکانی خۆم بە تەنیا کردبوو. خەمباری، گریان و خۆ بەزەوییدادان چارە نەبوون. لەڕوویەکەوە کەوتنە ناو دۆخێکی وەهام پێ هەرس نەدەبوو. چونکە دۆخێکی

زۆر بێ چارەیی بوو. لەلایەکی تریشەوە لە چاوی هەڤاڵاندا من مسۆگەر پەیوەندیم بە گێرەشێوێن و دەوڵەتەوە هەیە، کەسم بەدڵ نییە، سەردەکەمە سەر بەڕێوەبەرایەتی، سەردەکەمە سەر (سەرۆک) و ئامانجم جیایە. چاودێری دەکرێم، هەڤاڵان وەک هەواڵگرێک دەکەونە دووم، گوێ لە قسەکانم دەگرن، هەڵسوکەوتەکانم تا بە جلەکانم دەگات لە ژێر چاودێری دایە و بۆ شوێنەواری گێرەشێوێنی و کاریگەرییەکانی دەگەڕێن. تەنانەت کۆمیسیۆنی وانەکان و ئەو هاوڕێیانەم کە پێکەوە لە یەک کۆمیسیۆندا جێگەمان دەگرت، ئەو گووتانەی (سەرۆک)م کە لە شیکارنامەکانەوە وەردەگرت، بە قسەی (شەنەر)یان لێکدەدایەوە و دەمەقاڵێیان لەگەڵ دەکردم.

لە وانەی (ژن و خێزان)دا لە کۆمیسیۆندا بووم. جگە لەمنیش (سەرحەد، شەریف و مەراڵ)یش هەبوون. خۆمان لەسەر شیکارەکانی (سەرۆک) ئامادە دەکرد. پرسیارمان ئامادە دەکرد و گەلاڵەیەکمان دەردەخست. ئەم کارە قاڵبوونەوەمی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەمەش مایەی بەختەوەریم بوو. هاوکات هەستی متمانەیەکت لەلا دروست دەکات، وانە بە هەڤاڵان دەڵێیتەوە کە لێپرسراوێتییەکەی مرۆڤی هۆشمەند و ئاگادارتر دەکرد. هەست بە زێدەڕۆییەکان دەکەیت و ڕێکوپێکی و سیستەمێکی جددیترت بە خۆت دەدا. لەم ڕووەوە دەبووە مایەی حزورێک بۆ مرۆڤ. هەستم بە چەوتیی خۆسنووردارکردنەکانم دەکرد. بەڵام هەڤاڵان سەبارەت بەو گووتانەی لە شیکارەکانی (سەرۆک)ەوە وەرمگرتبوون دەیانگووت: "تۆ تێڕوانینی شەنەر سەبارەت بە ژن بەسەر هەڤاڵاندا دەسەپێنیت" و بەمەش حەز و ئاسوودەییان تێکدەدام. دوای ئەوەش بۆ چەندین کاتژمێر هەوڵم دەدا تا تێیانبگەیەنم کە وەها نییە، دواجاریش ناچار دەبووم لە

پەڕتووکەکەوە پیشانیان بدەم. هەڵبەتە کێشەکە چارەسەر نەدەبوو. چونکە کێشە ئەوە نەبوو کە ئەو گووتانە هی کێن هی کێ نین. من بەئاسوودەیی قسەم دەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم کە هەموو شتێک بە گێرەشێوێنەکەوە دەبەستریتەوە.

لەو سەردەمەدا وانەی (ژن و خێزان) وەک تابوویەک بوو. (سەرۆک) کاتێک باسی لە کێشەی ژن، کێشەی خۆشەویستی و سۆز دەکرد دەیگووت: "بەلامەوە زەحمەتە، ئێوە تێناگەن. وەک قوتوویەکی داخراوەن. پێوانە نەریتییەکانی ژن – پیاوتان تێپەڕ نەکردووە. بەوهۆکارەی وەک کێشەیەکی سیاسی، شەڕ و ژیان لێکدانەوەی بۆ ناکەن، ئەوەندە سەرەتایی و پاشکەوتووانە رەفتار دەکەن. بەلای ئێوەوە هەموو شتێک قێزەونە. نازانن چی قێزەونە، چی جوانە و چی مایەی ژیانە". ئەو جۆرە هەڵوێستە پاشڤەڕۆیانەشی بە "کولتوری تەویلە" پێناسە دەکرد.

بۆیە پێویست بوو زۆر بە سەرنجەوە مامەڵە بکرایە. سەرەڕای ئەوەی وانە و پەروەردەش بوو، ئەگەر تۆزێک لە رەهەندی ژنەوە بابەتەکەت روون بکردایەتەوە و بە هەموو رەهەندەکانییەوە بتخستایەتە بەر گفتوگۆ دەستبەجێ دەست بەرزدەکرایەوە و دەگووترا: "بۆچی ئەوەندە قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت؟ با هەڤاڵ قسە لەسەر شەڕ بکات، قسە لەسەر شتی تر بکات. دەیەوێت سەرمان لێ بشێوێنێت؟" و قسەیان پێدەبڕیت. بەکورتییەکەی نەدەبووم بە وەستایەکی شارەزا لە بواری روونکردنەوە و گووتار دا.

هەندێک یاریزانی نابەجێ و ناوەختەش هەبوون لەم وانانەدا. من لە باسەکە زیاتر بە وەڵامی قسەکان و شیرۆڤەکانەوە سەرقاڵ دەبووم و هەوڵم دەدا (بەهەڵە تێگەیشتن)ەکان راست بکەمەوە. لێرەدا نەمدەتوانی ببمە

یاریزانیش. کەچی (سەلیم) و (ئایسەل) ڕۆڵێکی زۆر ساختەیان لە ئەستۆ گرتبوو. باسیان لە ئاستی ئەنجامی پەیوەندییەکەی خۆیان دەکرد کە چۆن بە ناکۆکی دەستکرد بەدەستیان هێناوە و ئەزموونەکانی (!) خۆیانیان پێشکەش دەکرد. (ئایسەل) وەک گەورە جادوگەرێک بوو. لەڕووی رووالەتیشەوە بە ئاستی شیاویی گەیشتبوو. یاریزانە پسپۆڕەکان بۆ زیاتر تامەزرۆکردنی دەوروبەر و سەرنج راکێشانی زیاتر بۆسەر رۆڵی خۆیان، خۆیان دەخستە شێوەگەلێک لە ناشرینییەوە، بەڵام ئەوەی (ئایسەل) جیاوازتر بوو. ئەی خوایە مرۆڤ چۆن ئەوەندە خۆی پێناشیرین دەکرا. هەر ئەو (ئایسەل)ەش ئەمەی دەکرد کە پێنج ساڵ و نیو دەرد و کەسەری نەخۆشییەکەیم چەشتبوو، ئەو (ئایسەل)ە بوو کە جلوبەرگ و تا دەموچاو شووشتنیش، خزمەتیم کردبوو. ئەو (ئایسەل)ە بوو کاتێک هەواڵی شەهیدبوونیم بیست بۆی گریام و کتێبێکم بەناوی ئەوەوە دەنووسی.

ئەو (ئایسەل)ە بوو کە ئەگەر (سەلیم) دووڕوویەتی نەکات بە (شۆڕشگێڕ، میلیتان، هاوژین و ئەوین) رایدەگەیاند. خودی خۆیشی ئەو (سەلیم)ە بوو کە بە بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی (ئایسەل)ەکەی، بووە بە شاعیر و نووسەر. لەسەر شەهیدبوونی (ئایسەل) نامەیەکی رۆمانئاسای نووسی بوو. ئەمانە هەمووی چەند دوورن لە لۆژیک و ئەقڵەوە!

لە وانەکاندا (ئایسەل) پەیتا پەیتا باسی لەوە دەکرد کە چۆن بۆتە کۆیلە، هاوسەرێتی لەگەڵ (سەلیم) دەربڕی کام ئەڵقەیە لە کام زنجیری کۆیلایەتی، کارێکی چەندە ریسوا، کەوتوو "ساقط"، نازانم قرێژ و قێزەون بووە. ئەمەشی بە نمایشێکی زۆر میلیتانانە دەگووت. (سەلیم)یش ئاماژەی بەوە دەکرد کە

(ئایسەل) چەندە لەدوای سەردەمەوەیە، توانستی بەشی لێکدانەوە و تێگەیشتنی کێشەکان ناکات، پاشکەوتوو و سەرەتایی ماوەتەوە و بەمشێوەیەش ئەقڵی پێدەدا. لە هەمانکاتدا باسی لەوە دەکرد کە پەیوەندییەکەیان قێزەون و قرێژ نەبووە و دەیویست (ناموس)ی رزگار بکات. ئەوەشی لەسەر زیاد دەکرد کە تازە بە تازە (ئایسەل)ی بۆ دەرکەوتووە و دەیناسێت. تووشی سەروسیمای (ئایسەل)ێک هاتبوو کە وەهای لێبکات بەخۆی بڵێت "نەمزانی لەگەڵ کەرێک هاوسەرگیریم کردووە!".

ئەم خۆنمایشکردنە دوو لایەنەیان لە پلاتفۆرمەکەدا کە رەنگدانەوەی شەڕی (ژن و مێرد)ی نەریتی لەناو خەڵکدا وەبیر دەهێنایەوە، بەلای منەوە مایەی بڕوا پێکردن نەبوو.

(ئایسەل) لە زیندان ماندوو نەدەبوو لە پیاهەڵدان بە هێزی مەعنەوی پەیوەندییەکەیاندا، ئێمەش چەپڵەمان بۆ لێدەدا و بەو بیرکردنەوەیە گەیشتبووین کە مادام ئەوەندە هێز و مەعنەویاتی پێدەدا "کەوابوو خۆشەویستی و هاوسەرگیریی شۆڕشگێڕانەیە"، بەڵام (ئایسەل) دوای دەرکەوتنی لە زیندان هەم (سەرچاوەی هێزی مەعنەوی)ییەکی تری پەیداکردبوو و هەم لە شاخیش، لەناو ئەو ئاگرەدا هێزێکی بەدەستهێنابوو کە بە ئاستی کوشتنی هاوڕێیانی بگات. ئایا ئەمە چەتوونییەکی سەرەنجامی ئەو قۆناخانەی پێشووی بوو؟ ناهاوسەنگ ببوو، بەڕاستیش خاسیەتی مرۆڤی تیادا نەمابوو. ئەمەم لە گفتوگۆیەکمدا لەگەڵ (سەرۆک)یش دەربڕی.

کاتێک گووتم: "سەرۆکی من، لە مرۆڤبوون دەرچووە، تاکە وشەیەکیشمان لەگەڵ ناڵێت" (سەرۆک)یش گووتی: "ئەگەر چانستان هەبووایە تووشی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە (مەبەست لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوکاتەی ئەکادیمیایە -و) نەدەهاتن. لە شاخیش

هەر یەکێکیان خۆیان بە جانەوەر نیشانداوە. لایەنی پاشکەوتوو و سەرەتاییان زۆرە. سەرەنجامی دەرکەوتەی شێوازی شەڕە، من چی بکەم؟ دانیشە و بنووسە!" منیش گووتم: "دەیاننووسم سەرۆکی من".

لەگەڵ (گەزگیۆر) دەستمان بە کاری نووسنێک دەکرد سەبارەت بە راستینەی سەرۆکایەتی. (گەزگیۆر) توانستی هەبوو، لێکۆڵەرەوەیەکی باش بوو و حەزی لە کارەکەی دەکرد. (سەرۆک) لەو بارەیەوە دەیگووت: "کێ دەینووسێت؟ لە من تێدەگەن؟ ئەم هێزەتان هەیە؟". ئەم کارە دەبووە مایەی بەرفراوانکردنێکی باشی هەڵسەنگاندنە فەلسەفییەکانی (گەزگیۆر)، لەلایەک خاڵی بەهەڵەداچوونەکانی چارەسەر دەکرد، لەلایەکیش دەوڵەمەندی لە هەڵسەنگاندن و شیکارکردندا دەخوڵقاند و بەمەش کرانەوەیەکی گەورەی دەستەبەر دەکرد. ئەم بەرفراوانبوونە فیکرییەی (سەرۆک) زۆر کاری تێدەکرد. جارانیش وەهابوو، بەڵام ئێستا دەوڵەمەندییەکی بەدەستهێناوە، بواری کاریگەری بەرفراوان بووە و هێزی خوڵقاندن، شیکارکردن و ئەنجامگیرکردنی زیادیکردووە. ئاپۆچێتی (گەزگیۆر) و ئاپۆچێتی من لەم خاڵەدا بەیەک دەگەیشتنەوە. جاروبار دەمانگووت: "خۆزگە هەموو شتێک بەو شێوەیە جوان و خۆش دەبوو"، بەڵام دەرکمان بەوە نەکردبوو کە جوانی و خۆشی شەڕ و تێکۆشانە، شەڕ و تێکۆشانیش زۆر جیاوازە و ئەویش پشودرێژی، هێزی قانیعکاری، تایبەتمەندی یەکانگیرکردنی تایبەت بەخۆی هەیە. بەشێوەیەکی ساف، بەرتەسک، بەنیاز و نییەت، بەگوێرەی راستییە گشتییەکان و تەنیا بەپێی بڕوا و پابەندی ناڕوات. یەکترمان ورد و خاش و

پەرتەوازە دەکرد. ئاپۆچێتییەکەی خۆمانمان بەشێوازی سەرهەڵدێرانە نیشان دەدا.

نووسین لەسەر ئەم بابەتە؛ گومانی هەڵنەدەگرت کە قاڵبوونەوە و بیرکردنەوەشی بەهێز دەکردین. پێدەچێت هێشتا زوو بێت، چونکە لەو هەرا و هۆریایەدا خۆمان نەناسیبوو، بەپێی پێویست پەیمان بە سەرەنجامەکانی نەبردبوو، سەرباری ئەوەش (گەزگیۆر) بەشێوەیەکی زۆر بانگەشەدارانە خۆی بۆ نووسین کاندید کردبوو. (سەرۆک) پرسیاری لێکرد: "کێی تر دەتوانێت بنووسێت؟ لەگەڵ کەسێکی تر پێکەوە بینووسن. سارا دەبێت؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "سەرۆکی من، زەمانیش دەبێت" و ئەرێشی کردبوو.

لە خێوەتەکەدا دەستمان بە ئامادەکردنی رەشنووس و کۆکردنەوەی پەرتووکەکان کردبوو. (زەمانی) خێرا بوو. ئەو لە من زیاتر و من لەو زیاتر بێ ئۆقرەبووین. بەڵام هەڤاڵانی بەڕێوەبەری ئەکادیمیا، شێوەیەکی سەیری (سەرپەرشتی)یان داهێنابوو. بێگومان من هەستم پێ نەکرد. (گەزگیۆر) کە بۆ دووجار دووبارەبوونەوەی بینی، تەقییەوە! لەناکاو دەستی بەجوێندان و باسکردنی شتی تر کرد و بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد. یەکەمجار واتام پێنەدا، پاشان بینیم کە لەدەرەوە کەسانێک هەن.

وازمان لەوان هێنا و لەگەڵ (گەزگیۆر) کردمان بە دەمەقاڵێ و پێمگووت: "ئەوە چی دەکەیت؟ خۆی لە خۆیدا پێشداوەرییەک لە ئارادایە، تۆش بەو قسە نابەجێیانەت زیاتر گڕی دەدەیت. قسەی پڕ لە جوێنت دا. هەڤالان چۆن لێکیدەدەنەوە؟ ئەی باشە نالێن هەر ئاوەهان؟" (گەزگیۆر) گووتی: "باشم کرد، هەڤاڵێتی چی؟ هەڤاڵێتییەکەی (PKK) بەو جۆرەیە؟ ئەمانە رێبازی کێ

لەبەرامبەر بەکێ بەکار دەهێنن؟ ئەوانەی لەبەرامبەر بە سەربازێکی تورک کە یەک فلس ناهێنن، نازانم چیان لەخۆیان دەکرد، ئێستا بۆیان نییە گوێ لە من بگرن. بۆ من خائینم؟ کەس بۆی نییە من کۆنترۆڵ بکات..' و کاردانەوەی خۆی نیشاندا. لەگەڵ توندبوونی ئاستی گفتوگۆکەمان گووتم: 'ئەم کارە وەها بەڕێوە ناچێت، من دەکشێمەوە'.

ڕەخنەم لە (گەزگیۆر) گرت، بەڵام ئەوەی خۆشم لەو ساتەوەختەدا کردم زۆر جیا نەبوو لەوەی ئەو. لە ڕاستیدا هۆکاری شەڕکردنم لەگەڵ (گەزگیۆر) هەمان شت بوو. منیش ئیتر هێزی ئەوەم نەمابوو. لەجیاتی کارکردنێکی بە سەبر، پێگەیشتوو و متمانەبەخشانە، خۆ دوورخستنەوە لە گفتوگۆ و شەڕی نابەجێ و گەیاندنی کارەکە بە ئەنجامی پێویست، بەپێچەوانەوە زوو کەوتمە بەر دنەدانەوە، سۆزدارانە و بە کاردانەوە ڕەفتارکردن، یان شێوازێک کە بەر لەوەی دەست پێبکات کۆتایی پێدێنێت؛ هەموو ئەمانە کێشەکانیان درێژخایەن دەکرد.

بەر لەوەی بەباشی تێبگەین کە کێشەکان سەرچاوەیان چییە، هەڤاڵان بە چ هۆکارێک ئەو کارەیان دەکرد، پێویست بوو چۆن تێکۆشان بکرایە؟ دەمانگووت: 'بۆچی وەها دەکرێت؟ کەس مافی ئەوەی نییە... بۆچی، متمانەیان پێمان نییە؟...هتد' کە ئەمەش تەنیا بێ متمانەییەکەی زیاتر دەکرد.

متمانە؛ خاڵێکی گرنگ بوو. یەکەمین هەڵسەنگاندنەکانی قۆناخی سەرەتام بەر لەوەی بەو خاڵەی بگەیەنم، لێکدانەوەم بۆ دەکرد. ڕەهەندی کارتێکران دەگۆڕا، بەڵام تا دەچوو لەگەڵ هەستکردنم بەو جۆرە مامەڵە و ڕەفتارانە، زیاتر تووڕە دەبووم. تەنانەت گووتە ناڕاستەوخۆکانیش بە ئاشکرا دەیدام بە زەویدا و

برینداری دەکردم، بە ڕۆژان لەژێر کاریگەرییەکەیدا دەبووم. هەرچییەک بگووترایە کێشە نەبوو، بەڵام لە بابەتی متمانەدا لەبەرامبەر بچووکترین گووتە و قسەدا خۆمم پێ ڕانەدەگیرا. ژیانی زیندانم ڕوون و ئاشکرا نەبوو؟ هەمووان نەیاندەزانی؟ خیانەتکارەکان دیار و لەبەرچاو نەبوون؟ کەوابوو بۆچی پەڵەی گومان دروست دەکرا؟ هەر شتێک لەم مژارەدا بگووترایە وەکو ژانێکی گەورە دەکەوتە سەر دڵم. هەموو فیکر و بیرێکم لەو خاڵەدا ناوەندگیر دەبوو. جاروبار سەردەکەوتم لە شەڕی شکست پێهێنانی کاریگەرییەکانیدا. لەو قۆناخی گفتوگۆ و شەڕانەدا زۆر بیرم لەم لایەنەی نەدەکردەوە. لە ڕاستیدا ئەگەرچی بەشێوەیەکی بێ ڕێبازانەش بێت؛ لەناو شەڕێکدابووم، بەهیچ شێوەیەک خۆم نەدەخستە دۆخێکەوە کە بێدەنگ، کڵۆڵ، نیگەرانی و خەمی کەسێتی هەڵبگرێت. بەڵام کاتێ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنەکان لە هەمان خاڵدا دووبارە بوونەوە، شایانی شتی نابەجێ بینرا، نەمدەتوانی هێزی دانبەخۆداگری پیشان بدەم.

ئا لەو ڕۆژگارەدا بوو بیرم لە (هاراکیری)[53] کردن کردەوە. پێدەچێت لەڕووی تەکنیکییەوە بیرم لەوە نەکردبێتەوە کە هاراکیری چۆن دەبێت، چۆن دەتوانم بیکەم، بەڵام هۆکارەکانی، واتای ئەنجامدانی، بیر و سۆزی لەلای من بەخاڵێک گەیشتبوو کە دەمگووت: "دەیکەم". تەنانەت لە ڕاپۆرتێکمدا بۆ (سەرۆک) باسم لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان و

[53] بە یەکێک لە ڕێساکانی سامورای دادەنرێت، سامورای وەک کەسێک کە بەسەر هەموو ترسەکانیدا زاڵ بووە، دوای هەر جۆرە شکستێک بۆ پاراستنی شکۆی خۆیان خەنجەریان بەلاڕاستی سکی خۆیاندا دەکرد و تا لای چەپ دەیان دڕی و بەمجۆرە خۆکوشتنەیان دەگووت هاراکیری.

ڕەخنەکانم نووسی بوو و پاشانیش گووتم: "ئەوەی دەمێنێتەوە هاراکیرییە". بە ئاشکرا گووتم کە ئیتر ناتوانم دانبەخۆمدا بگرم.

لە ڕاستیدا خودی ئەمەش ئاستی کاریگەریی کێشەکانی پیشان دەدا. لە سەرەنجامەکاندا خۆمم دەبینییەوە. چی دەبێت با ببێت نەدەبا من خۆمم بخستایەتە ئەو ڕەوشەوە و دەمگووت: "مادام ئەم پەیوەندییە هۆکار بوو بۆ ئەو سەرەنجامە، لەم خاڵەدا هەڵەی خۆمە و هەر خۆشم سزاکەم دەستێنیشان دەکەم".

کاتێک لە زیندان دەرکەوتم بیرم لەچی کردبووەوە و خەیاڵی چیم دەکرد، ئێستا چی ڕوویدەدا. لەناو هاوڕێیانمدا تەنیایی و نامۆیی و بەتایبەتیش بەشێوەیەکی بابەتییانە دۆخی پەیوەندیدارکردن بە گێرەشێوێنەکەوە، ئەو ڕەوشەبوو کە تیایدا دەژیام. ئەوەی دەیناسیم و ئەوەی نەیدەناسیم، ئەوەی ڕووداوەکانی دەزانی و ئەوەی نەیدەزانی هەر یەکە و شتێکی دەگووت، هەر یەکە و ناوێکیان لێدەنا. ئەی خوایە بەو ڕادەیە خۆمم خستبووە ئەو دۆخەوە کە کەس نەیدەناسیم؟ بەتایبەتیش ئەوانەی لە زیندان دەرکەوتبوون، گوایا ئەوانە بوون کە بەباشترین شێوە دەیانناسیم. بەڵام زۆربەیان شتی وەهایان دەگووت کە نەبیسترابوون و نەگووترابوون، توندترین ڕەخنەیان دەکرد. ئەوانەی کە گەورەترین لاوازییان نیشاندا بوو، حاڵی حازر خۆیان بە خۆڕاگرترین کەس ناوزەد دەکرد. هەر کەسە و لەلای خۆیەوە هەموو شتێکی دادگایی دەکرد! هەموو ئەو کەسانەی کە لە زیندان لەناو لیبڕاڵیدا، لەناو سازش دابوون و کێشەی جیاجیایان هەبوو، لەگەڵ (شەنەر) کێشەیان هەبوو، ئێستا هەموو تووڕەیی و قینی خۆیان بەمن هەڵدەڕشت.

سەیرترینیش لەوەدابوو کە ئەو جۆرە کەسانە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەدا شتێک بوون، لە پلاتفۆرم، وانە، ڕێکارە

فەرمییەکاندا هەڵوێستیان شتێکی تربوو. نیگەرانی و خەمی کەسێتییان بەو ئەندازەیە بە لوتکە گەیشتبوو! بێگومان لەمەدا دەرک نەکردن و پەینەبردن بە کێشەکان هەبوو، بەڵام ئەو ڕەفتارانە بەرەو شتی نەرێنییەوە ئاراستەی دەگرت. شتە شکاو و پەرتبووەکان سەرەنجام دەبوون بە ژانی هاوبەش و هاوڕێیەتی ڕەنج. هێز و وزەی خۆمان بە ئاراستەی شکاندنی کاریگەرییەکانی گێرەشێوێنی و شەڕی توند لەبەرامبەریدا نەدەخستە گەڕ، ئاراستەی یەکترمان دەکرد. ئەمەیان مایەی زیاترین ئێش و ژان بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆشم وەکو چۆن لە هێرشکردنە سەر دەرەوەدا بێ پێوانەییم هەبوو، لەبەرامبەر بەخۆشمدا هەمبوو، بەشێوەیەک کە تۆڵە لەخۆم بکەمەوە. پرسیارێکی وەک "ئایا من بووم بە زەمینەسازی ئەم سەرەنجامە؟" بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کاریگەری هەبوو لەسەر بیرکردنەوە و قاڵبوونەوەم سەبارەت بە "چۆن بتوانم کێشەکان چارەسەر بکەم، چۆن دەتوانم هەڵسوکەوتی ڕۆژانەم ڕێکبخەم، چۆن دەتوانم خاڵی هاوبەش پەیدا بکەم؟...هتد".

مەگەر بەمشێوەیە بتوانم باس لە حاڵەتی ڕۆحی کەسێک بکەم کە لەو ئاستەدا بێ پێوانانە هێرش دەکاتە سەرخۆی. بەر لە هەموو شتێک لەناو ئێش و بێچارەییەکی جەرگبڕدا دەتلێیتەوە. دەتەوێت لێی دەربکەویت، ناتوانیت. چونکە سۆز، کاردانەوە، قین و تووڕەیی هەموو لە دۆخی یاخیبوون دایە. کاتێک دەهری بوون، بێ ئۆقرەیی، دۆخی پەلەپرووزی، ڕووکەشی، تەنگبوونیشی لەسەر زیاد بوو، بەبێ خواستی خۆت یەک لە دوای یەک هەڵە دەکەیت.

بەهۆی ئەمە و هەڵەی هاوشێوەیەوە، بەهۆی ناتەواوی و کەموکورپییەکانمەوە لەکاتی هەرگیز چاوەڕوان نەکراودا چەندەها کاردانەوەم ئاراستەی خۆم دەکرد. هێشتا هەستم بەوە نەکردبوو و کاریگەرییەکانیم نەشکاند بوو کە ناتەواوییەکی تری بەدوادا دەهات. زۆرجاریش دەکەوتمە بەر هاندانەوە و بە چەوتی وەڵامی چەوتییەکانم دەدایەوە.

ئەمجارەیان رووم دەکردە پرسیاری: "جاران بەو شێوەیە بووە؟ لە زیندان وەها دەکرا؟" و چەندین بەراوردکاری و گەڕانم دەخستە بەردەم خۆمەوە. کەچی چارەسەری کێشەکە لەلای خۆم بوو. لەم خاڵەدا شۆڕشگێڕیی و (PKK) یی بوون گرنگی زیاتری بەدەست دەهێنا، لێرەدا بە بوون بەهێزی چارەسەری دیار دەبوو.

هەر کاتێک نەمتوانیبا ئاڵۆزییەکانی ناو کێشەکان چارەسەر بکەم، تووڕەییەکەم بەسەر خۆمدا هەڵدەڕشت. دەگەڕامەوە و دەمکێشا بەو دۆخەمدا کە لەناو ئێش و ئازاردابوو. ئەم حەیف کردن و گریانانەم بەردەوام بەشێوەی تر لێکدەدرانەوە. وادەزانرا کە من لەبەر ئەوەی "خۆشەویستیم چووە و دونیام کاول بووە" سەرم هەڵگرتووە و یاخیبووم.

نەخێر!

هەزاران جار نەخێر!

هەر لەبەر ئەو جۆرە لێکدانەوانە و ئەو شیکارە هەرزانانە خۆمم دەخواردەوە. خۆ دونیای من لەسەر ئەو پەیوەندییە بونیاد نەنرابوو. خۆ بەو پەیوەندییە دەستم بە شۆڕشگێڕی نەکردبوو. خۆ هەرگیز ئەو پەیوەندییەم نەخستبووە پێش دۆزەکەمەوە. ئەی بۆچی و چۆن دەبێت شتی وەها بگووترێت،

بەدوای ئەم پرسیارەشدا فریادم دەکرد. ئەی یەکێک لە ((کەس لە من تێناگات..))ەکانیشم هەر لەبەر ئەوە نەبوو؟

خۆشەویستی ئەگەر بە ئاراستەی راستدا نەڕوات، ئەگەر لەگەڵ خودی دۆزەکەدا یەکانگیر نەبێتەوە هیچ بەهایەکی نابێت. من بڕوام بە یەکانگیربوونەکەی کردبوو، ئەو پەیوەندییەم خستە ناو گشتگیریی ژیانمەوە و وام دەزانی هێز بە تێکۆشانم دەدات، ئەگەر ئەم خۆشەویستییە نەڕژێتە ناو ئەشقی شەڕ و تێکۆشانمەوە، پێی ناڵێم پەیوەندی، خۆشەویستی یاخود ئەشق. لەدۆخێکی وەهاشدا دڵنیابووم لە بڕیاری بێ باکانە فڕێدانی. ئەوەندە شعورم هەبوو کە بەدوای خۆشەویستی، نازانم پەیوەندی ناکەسێکدا نەگەڕێم کە خیانەتی لە پارتی کردووە و نەکەومە ژێر کاریگەرییەوە و بەو ئەندازەیەش لە راستی و حەقیقەتی خۆم دوور نەکەوتبوومەوە، ئەقڵی خۆم لەدەستنەدابوو. لانی کەم بە ئەندازەی بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوەی خیانەت لە پارتی بکات خیانەتی لە خۆشەویستییەکەی منیش کردووە، شعوورم هەبوو. دڵ و مێشک و ویژدانی خۆمم بۆ فیدا نەکردبوو.

بە قۆناخێکدا گوزەرمکردبوو کە دووژمن هەزار و یەک جۆر تەڵەکەبازی لەسەر تاقی کردبووینەوە. لەوێ کەسایەتییەک و لێرەش کەسایەتییەکی تر نەبووم. بەهەڵەداچوون، چەوتی، کەموکوڕی و لاوازی جددیم هەبوو. هەر هەمووشیان لەو دۆخەدا زیانیان پێدەگەیاندم، مەترسیدار بوون. لەکاتێکدا کە بەدەیان خیانەت لە تەنیشتمەوە چەکەرەی کردبوو و هەموو ئەو شتانەش هەبوون کە سووریان دەکردم، گڕیاندەدام و هانیان دەدام، هەرگیز نەیانتوانی لە رێگەی شەڕ و تێکۆشانە گەورە و پیرۆزەکەم دەرمبکەن کە لەپێناویدا هەموو شتێکم لەبەرچاو

گرتبوو، پابەندبووم و بڕوای پتەوم پێهەبوو. بڕواکردن بەو تێکۆشانە مرۆڤی لەسەر پێیان دەهێشتەوە. بەر لە هەموو شتێک لە گۆڕەپانی پارتی دا بووم. هێزی پێویستم نەبوو بۆ تەواو تێگەیشتن و دەرککردن بە شێوازی (سەرۆک)، بەڵام هێزێکی بێ وێنەی پێدام و ئەوەندە بە توندی لایەنە زیندوو و ژیانییەکانمی گرتبوو کە هەرگیز هیچ ئەشق، خۆشەویستی و پەیوەندییەکی دڵدارانە، هیچ شێوەیەکی خیانەت پێینەدەوێرا.

حەپەسابووم، بێ ڕێکاربووم، دەرکم بە قووڵاییەکەی نەکردبوو، بە ئاستی شارەزایی و پسپۆڕی پووچەڵکردنەوەی تەڵەکەبازییەکان نەگەیشتبووم. هەموو ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە هێشتا بەو ئەندازەیە خۆمم ون نەکردبوو کە پەیوەندییەکەم بخەمە پێش هەموو شتێکەوە. وەکو ڕووداوێکی ئاساییش لە پەیوەندییەکەم نەدەڕوانی. بێگومان لەبەر ئەوەی خۆم بەو قسانەی هەڤاڵانەوە گیر دەکرد کە بەشێوەیەکی گشتی دەیانگووت؛ کێشەیەکی سادەی ڕەمەک (غەریزە)یە، بەهۆی مانەوەی ساڵانێکی زۆر لە زینداندا و لەژێر کاریگەری سۆزدارییانە ڕۆیشتن بە ئاراستەی (شەنەر)دا...هتد، بەو هۆکارەی هەوڵمدەدا ڕوونکردنەوە بۆ هەر یەکێکیان بکەم، تا ڕادەیەک هەڵەم دەکرد لە وەڵامدانەوەدا. لێکدانەوەیەکی وەکو گوایە من بەشێوەیەکی زۆر خۆپەرستانە و خودڕەوانە کەوتوومەتە دوای شتێکەوە کە لەدەستم چووبێت، کاردانەوەیەکی زۆر توندی لەناخمدا دروست دەکرد. تەنانەت قسەڵۆکی وەک: (ژووری تایبەت بە خۆیان دروست کردبوو)یان بڵاو کردبووەوە. تەنانەت دووژمنیش ئەوەندە بەجەرگ و بوێر نەبوو هەڵسەنگاندنی وەهام لەسەر بکات. ڕێک ناموسپارێزییەکی دەرەبەگییانە بوو. کاردانەوەی ئەوانە بوو یان کاردانەوە بوو

لەبەرامبەر بەو شتانەی کە بە نیازی خراپ و بە ئەنقەست بەلاڕێدا دەبردران. ئەمە ڕاستیەکەیە، بەتایبەتیش جۆرە ڕاستینەیەک کە سەرباری هەموو نیازێکیشم بەهیچ شێوەیەک پێم هەرس نەدەبوو: سۆزەکانم، خۆشەویستییەکان کە زۆر گرنگیم پێدەدان و زۆر واتام بەبەردا کردبوو، لەگەڵ گێرەشێوێنێک یەکیان گرتبوو! (شەنەر) ئەم لایەنەمی بۆخۆی کردبوو بە پاڵپشت. چونکە لاوازترین و بێ ڕێکارترین لایەنم بوو.

لە ڕاستیدا ئاڵۆزیی قۆناخەکە و ناکۆکییەکان هەر دەبا ڕوویاندابایە. چونکە لە کەشوهەوای شەڕێکی زۆر گەورەدا بووین. شێوازی شەڕێک بوو کە پێدەچێت هیچ کەسێک بووێری بەشداریکردنی نەبوبێت و نەشبێت. بێگومان هەموو کەسێک بە خۆشمانەوە کە لەناو شەڕەکەدا بووین تووشی سەرسوڕمان ببووین. سەرەڕای هەبوونی زۆر کەموکوڕی، بێ شێوازییەکی جددی و لایەنگەلێک لە دەرەوەی ڕێساکانی پارتیمان؛ بەسەرهاتەکان لەناوەڕۆکدا کێشەی پێشکەوتن و گشتگیربوون بوو. چ بۆ یەکە بە یەکەی تاکەکان و چ بۆ گشتی بێت، لەڕووی قۆناخەکەوە بە گشتی و بۆ تێکۆشان بەتایبەتی هەلومەرجێکی گرنگی هەنگاونان، گشتگیربوون و نوێبوونەوەی لەخۆ دەگرت. لەهەمانکاتدا دەبووە زەمینەی ناسینی ئەزموون و یەکانگیرکردنییان.

پرسەکانی بە پارتیبوونمان، بە ڕەچاوکردنی دۆخی تایبەتی هەر یەکێک لە گۆڕەپانەکان چۆن چارەسەر دەکران؟ بەتایبەتیش لە کەسایەتی ئێمەدا شیکارکردنی زیندان، گەیاندنی ئەنجامەکانی بە زیندانەکان، بە ئامانجکردنی قۆناخێکی هاوشێوە لەوێش، بە مانای پووچەڵکردنەوەی تەڵەکەبازییە فرە لایەنەکانی

دووژمن دەهات. دووژمن لەبەرەی خۆیەوە دەیویست سیاسەتی تایبەتی بە زیندان بە ئەنجام بگەیەنێت کە چەندین ساڵ بوو پەیڕەوی دەکرد، یان دەیویست لەو بەرەیەوە و بە بەکارهێنانی ئەو زەمینەیە زۆر بۆ پارتیمان بهێنێت. بەکورتی دەیویست لەناوخۆدا هەموو ئەو زەمینانە بەکار بهێنێت کە گێرەشێوێن "تەسفیەکار" پشتی پێ دەبەست.

بەڵێ، سۆزەکانم لە زیندووترین لایەنی خۆمیان دەدایەوە. گێرەشێوین بە پشتبەستن بەم لایەنەم بۆشایی دەستکەوتبوو. لەم بوارەدا ئاستی کارتێکردنم لەبەر چاوان بوو. خودی (شەنەر) یەکێک بوو لەو شاهێدحاڵانەی بینی بووی و دەیزانی کە دروستکردنی پەیوەندی و تێکدانی چەندە سەرقاڵم دەکات، هێز و وزەی خۆم چۆن بۆ ئەو خاڵە دەخەمە گەڕ، چۆن بە ئازارەکانییەوە تلاومەتەوە. ئەو لایەنەشمی بینی بوو کە چۆن پابەند دەبم و چۆن سۆزەکان بەشێوەیەکی بێ پێوانە دەخەمە کار. چاک دەیناسیم، چەند جارێک بینیبووی کە پرسیاری "بۆچی وەهای لێهات" لەخۆم دەکەم و بچووکترین کێشە لە مێشکمدا گیر دەکەم و بۆ چەندین مانگ خۆمی پێوە دەکوژم و هەروەها ئەم جۆرە پەیوەندییانە لای ئێمە چۆن لێکدەدرێتەوە، روانگە و کاردانەوەی گشتی چۆنە و ئەمجۆرە شتانە چەندە فشار و زۆری بۆ پارتی دەهێنن.

خاڵێکی تر هەبوو کە دەیزانی و زۆر لێی دڵنیابوو؛ چی دەبێت با ببێت، ئەگەر کەسێکیش بێت کە خۆشەویستی کوێرانەم هەبێت بۆی، هەرگیز بەردەوامییەکەیم نەدەفرۆشت!.. هەر خۆی بە باشترین شێوە چاودێری کردبوو کە لە بچووکترین هەڵەدا پەیوەندییەکە دەپچڕم و تووڕی دەدەم و لەم بابەتەشدا زۆر بێ رەحمم. توانی پارتی بە منەوە سەرقاڵ بکات. شیمانەی ئەوەشی

دەکرد کە هەندێک تایبەتمەندیم رووبەڕووی دەوروبەر، پارتی و تەنانەت (سەرۆک)یشم دەکەنەوە و چاوەڕێش بوو. بەڵام وەکو گووتم شتێکی زۆر راستی دەگووت: من (ئاپۆچی) بووم، (ساکینە) بووم، ئەو رۆحە کاری لە مێشک و دڵ و تا سەرئێسقانیشم کردبوو. دووژمن ئەمەی باش دەزانی بۆیە بەشێوەیەکی زۆر پیلانرێژانە ئاراستەی بەم لایەنەم دا و لە ئاستێکی گرنگدا لەم بوارەدا ماوەیەکی دوور و درێژ گفتوگۆکردنی و بە گومانەوەو شیلوکردنیشی، لەمبارەیەوە ئەنجامیشی بەدەستهێنا.

زۆر جار بە کڵپە و ئازارەوە گووتوومە: "خۆزگە هاوڕێکانیشم لانی کەم بە ئەندازەی دووژمن تێبگەیشتنایە کە من هەرگیز دۆزەکەم نافرۆشم" جێی داخە کە بەو رادەیەی بیر لە شتێکی وەها بکەمەوە تووشی زەحمەتی هاتبووم. بێگومان شیمانەی ئەوەش کرابوو کە لەبەر ئەوەی سۆزەکانم دووچاری خیانەت هاتووە یاخود لەلایەن گێرەشێوێنێکەوە بەکارهاتووە، کاریگەری لەسەر درێژایی ژیانم دەبێت. چونکە لە نامەکانمدا و لە رۆژنووسی یادەوەرییەکانمدا سۆز، خواست، ئاوات، خەیاڵ و خەونەکانیشم هەبوون. بێ خەوشانە سەرجەم تایبەتمەندییەکانمیان نیشان دەدا، کە سەرجەمی ئەو نووسینانەم کەوتنە دەستی دووژمنەوە.

ئەگەر بەشێوەیەکی سەرتاپاگیریش نەبێت تا رادەیەک تێدەگەیشتم کە دووژمن هەڕەمەکییانە، بێ پلان و حیساب هێرشی نەدەکرد، هێرشەکەشی هێرشێکی ئاسایی نەبوو. بەردەوام دەمگووت: "دووژمن بە بەرنامە دەیکات، منی بە ئەنقەست هەڵبژارد، بەکارهێنانی ناوم لە دژەپڕووپاگەندەکانیاندا و ئاماژەدانیان بە کاراسو رێکەوت نییە" و هەوڵمدەدا دەوروبەر

تێبگەیەنم. بەڵام نەمدەتوانی ناوەڕۆکی ئەو گووتەیەیان بۆ پڕبکەمەوە و بەجوانیش دەریببڕم. دەمگووت: "چیان تێبگەیەنم، چ سوودێکی دەبێت" و لەو خاڵەشدا خۆمم سنوربەند دەکرد. ناوە ناوە کە گفتوگۆکان هانیان دەدام و تووڕە دەبووم دەمگووت: "دووژمن بە ئەنقەست ناو زڕاوم دەکات و دووبەرەکی دەنێتەوە. هیچ نەبێت ئێوە مەیڵێن، ئێوە مەیکەن. دووژمن هەوڵدەدات گومان دروست بکات". وەک بە هاوار و فریادەوە ئەمەم دەگووت کە هەرچەندە هاوارەکانیش هەر لەلای خۆم دەمانەوە، نەمدەتوانی بەشوێنی مەبەستیان بگەیەنم. ئەوەی دەمگەیاند زیاتر دۆخی لە لۆژیک هەڵقوولاوی ئەو کاردانەوە و تووڕەییانە بوون کە ئازارەکان لەناخمدا کوڵاندبووی. لە هەمووی خراپتریش ئەوەبوو کە تووڕەییەکانم بەسەر خۆمدا هەڵدەڕشت و خۆمم هەراسان دەکرد.

(سەرۆک) لە دیدارێکدا زۆر بە جوانی منی بە خۆم ناساند. قۆڵەکانی بە تەواوی کردەوە و گووتی: "تۆش ئاها بەم شێوەیە سنگت دەکەیتەوە و دەڵێیت: بمکوژن.. هەموو کەسێک تیرەکانی دەستیانت تێدەگرن، خەڵتانی خوێن دەبیت و پاشان روومەتت لە ناو لەپی دەستت توند دەکەیت و دەڵێیت: ئەم هاوڕێیانەم بۆچی وایان لێکردم.. و دەگریت. وەها نابێت! بڕوانە، منیش بە قۆناخی زۆر سەختتدا گوزەرم کرد، تەنانەت پێدەچێت گریابیشم، بەڵام بە نهێنی گریام، پیشانی هیچ کەسێکم نەدا. زانیم چۆن سۆزەکانم لەخۆمدا رابگرم. سیاسەت؛ سۆز و مۆز نازانێ، دەبێت ئاقڵ بیت. هەموو شتێک لەونێوە هەڵمەڕێژە و پاشان مەڵێ: ئەمە بۆچی وای لێهات، فڵانەکەس بۆچی وەهای پێ گووتم.. ئەمە شێوازی سیاسەتمەدارێکی ئاقڵ نییە".

بەڵێ، بەڕاستیش ڕێک بەو شێوەم دەکرد. وامدەزانی ڕوونکردنەوەی زۆر، ڕۆچوون بەناو وردەکاری ڕووداوەکاندا و ڕاشکاوی لە باسکردنیاندا هەموو کێشەیەک چارەسەر دەکات. ئەمە جۆرە شێوەگرتنێک بوو، شێوازێک بوو کە هەڵگری خاسییەتێکی تایبەت بەخود، دەهری، توند و دەمارگیرانە بوو. سیاسەت بەمانە بەڕێوە نەدەچوو، ڕێکخستن بەو شێوەیە دروست نەدەکرا و خۆڕێکخستنێکی بەهێزیشم لەسەر ئەو شێوازە بۆ فەراهەم نەدەبوو.

لەلای هاوڕێیانم، لەیەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی پارتیمدا بووم، پێویست نەبوو بەرگری لەم و لەو بکەم و گیرۆدەی لایەنێکی ئەم یان ئەو ڕووداوە ببم. هەڵوێستێکی بەوشێوەیە لایەنێکی چارەئامێزی بۆ کێشەکان نەبوو. لەهەمانکاتدا شێوازێکی ڕاست و گونجاوی پاراستن و بەرگریش نەبوو. ڕێکخستن ڕاستی و پێوانەی خۆی هەبوو. ئەوەی ڕاست و چاوەڕێ دەکرا ئەوە بوو کە پێویستە هەموو شتێک لە بێژنگی ئەو ڕاستی و پێوانانەی پارتی بدرێت، ئەگەر پێویست نەکات تاکە وشەیەکیش نەگووترێت و بە سەبر و پشوودرێژییەوە مامەڵە بکرێت. ئەوەی تر بەر لەهەموو شتێک خودی مرۆڤ تووشی زۆری و زەحمەتی دەکات و بە ئاراستەی چەوتی و بەهەڵەداچوونی گەورەی دەبات.

ئەگەر کەسێک هەستایە و قسەیەکی بە (کاراسو) یان کەسێکی تر بگووتایە بەر لە هەمووان من دەردەپەڕیم و وەڵامم دەدایەوە. بە پێویست و ئەرکێکی سەرشانم لێکدەدایەوە کە ڕوونکردنەوە لەسەر هەموو شتێکی سەبارەت بە زیندان بکەم و ڕاستییەکانی بخەمەڕوو. بە پێچەوانەوە ئاسودە نەدەبووم. لەم بابەتەدا کاردانەوەکانم زۆر بەهێز بوون. نەمدەزانی و

تێنەدەگەیشتم بۆچی ئەم ڕووداوانە هاوکاتن لەگەڵ هاتنی نامەیەک لەلایەن گێرەشێوێنەکەوە کە تیایدا ناوی ئێمەی بەکارهێنا بوو. دوای بانگەوازییەکەی؛ رەخنە لە هەڤاڵ (کاراسو) گیرا. هەروەها هەڵوێستی لەمەڕ قۆناخی (HEP) خرایە بەر باسەوە و لەم مژارەشدا رەخنەی لێگیرا. لەکاتێکی وەهادا یەکێک گووتی: "سەرۆکی من، لە زیندان کاراسو بەخۆی دەگووت: من ئاپۆچی زیندانەکانم" و ئەمەش تا کۆتا منی پەلکێشی ناو تووڕەیی کرد. لەبەرامبەردا دەستبەجێ کەوتمە ناو پاراستنەوە و گووتم: "نەخێر، قسەی راست ناکات. خۆی سزای گۆشەگیری پێدرابوو، بە قین و کاردانەوە قسە دەکات. پێدەچێت هەموو کەسێکیش هەمان شت بڵێت و هەمان هەڵەش بکات، بەڵام کاراسو دڵنزمە و پابەندە بە سەرۆکەوە، هەرگیز ئەو رستەیە بەکارناهێنێت. راستە، ئەو سەرۆکی زیندووی بەرخودانییەکانی زیندانە، ئەمەشی بە ژیانی خۆی خولقاند، کاریگەرییەکی بەوجۆرە مەعنەوییەی هەیە. بێگومان شەنەر لەبەر ئەو هۆکارەیە کە بە ئەنقەست ناوی بەکار دەهێنێت.."

لێرەشدا کاتێک گووتم: "کەس مافی نییە قسە بە کاراسو بڵێت" بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ (سەرۆک)یش واتای: "ناتوانن رەخنەی بکەن"ی دەگەیاند. زۆر زەحمەت نەبوو بە پارێزوانی چەوتی و بەهەڵەداچوونەکانیشی ناوزەد بکرێم. ئەم شێوازەم هەمیشە زیانی پێدەگەیاندم، ئەگەر لایەنی راست و مافداریشی هەبێت، بەڵام بەو شێوەیە لەبەرامبەر بە رێکخستن دەکەوتمە دۆخی پاراستنی کەسەکانەوە. ئەمەش پێچەوانە بوو.

دەبووایە پاراستن و بەرگری لە چی بکرێت؟ چی بوون ئەوانەی دەبووایە خاوەندارییان لێبکرێت؟ ئەو دیاردانە ئاشکرا نەبوون کە بەرژەوەندییەکانی شەڕ و تێکۆشانەکەمانی بە بنچینە

وەردەگرت؟ ئەوانە هی تاکە کەسەکان نەبوون، هەریەکێک لەو کەسانە بەهایەکی پارتی بوون، بەجیا پاراستن و بەرگریکردن لەو لایەنانەی تاکە کەس کە هی پارتی بوون هیچ واتایەکیشی نەدەبوو. دیارە دەشێت کاردانەوەیەک بێت لەبەرامبەر بە جەمسەربەندییەکان، قسە و قسەلۆکەکان، لەبەرامبەر بەو هەڵوێستانەی کە هەموو شتێکی بە چەوتی و هەڵەکانییەوە دەگرت و دەیبرد و بە نەبووی لەقەڵەم دەدا، بەڵام هەڵوێستێکی رێکخستنیانەی راستیش نەبوو.

بە ئەندازەی ئاشکرابوونی چەند و چۆنێتی گێرەشێوێنییەکە و روونبوونەوەی ئامانجەکانی، بەشێوەیەکی ئاسایی ئاستی لەخۆپرسینەوەشم دەگۆڕا. ئەگەرچی لە هەڵسەنگاندن، پێناسە و رەخنەی سەبارەت بە هەندێک بابەت قانیعیش نەبم، لە چوارچێوەی بە بنەما وەرگرتنی بەرژەوەندییەکانی رێکخستندا؛ هەمیشە رەچاوی بڕیار و هەڵوێستی هاوبەشمکرد. بەڵام پێویست بوو رۆژانە و لە هەموو ئان و ساتێکدا بە شێوەیەکی راست یەکانگیربوون بەدیبهێندرێت، لایەنە پێچەوانە و ناڕێکەکانی ژیان چارەسەر بکرێن و تێپەڕ بکرێن. لە رەچاوکردنی رێکارە گشتییەکان و سیستەمی کاری رۆژانەدا کێشەیەک لە ئارادا نەبوو. نەخێر، بەپێچەوانەوە هەموویان حەز و ئارەزوویکی تایبەتیان پێدەبەخشیم و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە هەموویانم جێبەجێ دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی مۆراڵم بە پەیوەندییەکانمەوە بەدیدەکرا. لە دڵشکاوی و خەمبارییەکەم دەرباز نەدەبووم. رۆژ بە رۆژ لەناخدا بەرەو توانەوە دەچووم. خۆم لە بانگهێشتکردن بەناوی (ساکینە)ش پێڕانەدەگیرا. چونکە (ساکینە)بوونم، (PKK)یی بوونم بوو، ئاپۆچێتیم بوو. رووداو و ئەندامەکانم لە

دۆخی هەنووکەیم جیا دەکردەوە. دەمگووت: "من سارام، ساکینە نیم" و خۆم دەکرد بە دوو کەرتەوە. بەڵام ئەمە تاچەند واقیع بینی بوو؟ لەلای خۆم کردبووم بە مەسەلەیەکی رق و قین هەڵگرتن.

بەڵێ؛ شکۆی شۆڕشگێڕیم روشابوو، بریندار ببوو، سێبەری خرابووە سەر، دیارە هیچ شۆڕشگێڕێک ئەمەی پێ هەرس نەدەکرا. بەڵام من هەڵەم دەکرد. مەحاڵ و زەحمەت نەبوو نەرێنییەکان لە خاڵە شکاو، بریندار، زیان بەرکەوتوو و تەنانەت لەو خاڵەوە کە هەوڵی لەکەدار کردنی دەدرا بەرەو دۆخێکی بەشکۆتر و بە واتاتر وەربچەرخێندرێت. بەو ئەندازەیە نوقومبوون لەناو نەرێنییەکاندا و بەردەوام هێنانە پێشەوەیان، رێگەی بۆ لەدەستچوونی هەلی وەرچەرخاندنیان بۆ ئەرێنیکردنیان دەکردەوە. وەکو (سەرۆک) ئاماژەی پێدەکرد، کۆمەڵە شتێک بوون کە تاڕادەیەک ئاقڵبوون، بە هەوڵی تێگەیشتن و پشودرێژیی، دەکرا زۆر بەخێرایی وەرچەرخێندرێت. ئاشکرایە کە من زۆر دەمکرد بە دەرد بۆ خۆم و هێزی خۆمم لەوێکانەدا خەرج دەکرد.

(سەرۆک) بۆ یەکەمجار لە رەهەندێکی جیاوازدا و بەشێوەیەکی بەرفراوان کێشەی ژنی دەخستە بەر باس. تایبەتمەندی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کەسیرە، بەو پەیوەندییە چی خولقێنرا و بەدەستهێنرا، چۆن بە پشوودرێژییەوە شەڕی لەگەڵ کردووە، لە بونیادنانی رێکخستن و گەرەنتی کردنییەوە تا بە پسپۆڕی شۆڕشگێڕییانە لە سەرلەنەوێ خولقاندنەوەی ژندا، سەراپای تێکۆشانی خۆی بە وردەکارییەکانییەوە دەخستەڕوو.

هەر شیکارێکی (سەرۆک) گەرم و گوڕییەکی تری دەبوو و شیکاری بابەتێکی بەوجۆرەش لە هەمانکاتدا وانەی مێژووی

پارتی بوو، مێژووی تێکۆشان بوو. حەقیقەتی (سەرۆک) زۆر جیاواز بوو. بەشێوەیەکی گشتی بە هەندێک پێناسە باسمان لە حەقیقەتی (سەرۆک) دەکرد، بە هەندێک نمونەی بەرجەستە رۆڵی دەستنیشان و بەرچاویمان لە شۆڕشەکەماندا دەخستەڕوو کە زۆر گشتییانە و ناتەواو بوون. شێوازی شەڕکردنی بەردەوام و لەکات و ساتی خۆیدا، خاسیەتی خولقاندنی جێگرەوەی هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا؛ بەتەواوی زاڵبوون بەسەر ژیان، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکاندا، لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەگەرێک و وەرگرتنی هەموو جۆرە رێوشوێنێک لەناو تەوژمی ئەو هەموو جووڵە و چالاکییەدا...هتد. باشتر دیار دەبوو کە هەوڵە بوێرانەکانی، پشتئەستوورن بە بیرکردنەوەیەکی راست و پتەو، پلانێکی گونجاو و هێزی جێبەجێکردن و بەدیهێنانەوە.

لە کاتی باسەکەدا ئەو قسانەیم وەبیرهاتەوە کە لە 1977 دا سەبارەت بە (کەسیرە) دەیگووت: "خانەوادەیەکی کەمالیستین. گورز وەشاندن لە رێی ژنە بەکرێگیراوێکەوە گرنگی تایبەتی هەیە. تۆڵەسەندنەوە بەرێگەی بە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرکردنی کچەکەیان، نابێت بە کارێکی هەڵە. هەڵبەتە زۆر قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش وەها دەکات کە هەستیار بین. من پەیوەندی کۆیلایەتی ناسەپێنم".

(سەرۆک) لە باسەکەیدا دەیگووت: "شوورەیی نییە، ئێمەش سۆزمان هەیە، بەڵام من سۆزەکانم کرد بە سیاسەتێکی ناوازە، کردم بە ئامرازێکی ناوازە بۆ تێکۆشان. بێگومان سەرەتا تێکۆشانەکەم لەگەڵ خۆم کرد. ئەوەی بەرامبەریش سەرکردەیەکە. بەڕاستیش ئەگەر بەشێوەیەکی راست بەکاریبهێنێت ئەوا دەبێتە ژنێکی سەرکردە. بەڵام ئەو چاوی

بڕیبووه کوردستانەوه. کەسایەتییەک بوو کە پڕبەپێست بە هەموو شتێکی کەمالیزم پێگەیەندراوه، پیلان و بەرنامەڕێژ کراوه... کێشەکە ئەوه نییە کە سیخوڕه یاخود نا، سەرەتا دەیەوێت لە لایەنی (پیاوی کلاسیکی کورد)یم بدات. دەیەوێت بزانێت بەوشێوەیەم یاخود نا. نەخێر، ئەوەی لەمندا پەیدا نەکرد. واقی وڕدەمێنێت و دەڵێت: ئەمە چۆن کوردێکە؟ چۆن پیاوێکە؟ چۆن سەرۆکێکە؟.. دەیانویست بە ماڵ، ژن و پارە گیرۆدەم بکەن. دەیانویست زۆر بەخێرایی ئاراستەی چالاکیم بکەن. دەیانگووت: با بیکوژین.. دەیانگووت: با ماڵێک بگرین و رێکی بخەین..

خۆ ئەوانەی خۆشمان تێنەگەیشتن چۆن ئەم کارانە بەڕێوه دەبەم. جومعە "جەمیل بایک" و کەمال پیر دەیانگووت: با ئەم ژنە بکوژین، (مەبەست لە فاتیمەیە). کەچی من چەندین ساڵ هەم دووژمنم خەڵەتاند و هەم هەنگاو بە هەنگاو رێکخستنم دروستکرد. لەبەردەم سۆزەکانمدا نەدۆڕام و نەمفرۆشت. ئێستا پێویستە زۆر بە باشی تێبگەین: من ناڵێم سۆزەکانت خراپن یان سووک و ریسوان. یان بە نیازێکی خراپەوه کەوتیتە ناو ئەم کارەوه. بەڵام بەرامبەرەکەت دڕندەیەکە. دەوڵەتی تورک تۆڵەی خۆی دەکاتەوه. تۆ دەرک بەمە ناکەیت. من هەرگیز هەل و دەرفەتم بە کچەکانی دەوڵەتی تورک نەدا. بەتایبەتیش نەک بەو شێوەیەی کە جومعە و ئەوان دەیان گووت.

دەوڵەتی تورکیش کچە خۆڕاگرێکی لە (PKK) دا بە ئامانج گرت. شەنەر رۆڵی گێڕا. تۆشیان لە جیاتی فاتیمە دانا. سۆز و پابەندییەکانت بێ پێوانن؛ سیاسی نیت. کابرا وەکو گورگێکە

شتێکیشی بەناوی خۆشەویستی و مۆشەویستییەوە نەبوو. درۆی دەکرد، زۆر سووک و ریسوایانە رۆڵی گێڕا. لێرە زۆر کچی تری وەکو سەگ بەخۆیەوە بەستبووەوە. ئەی تۆیشی بەهەمان شێوە نەبەستبووەوە؟ کە بیستت بەلێزمە نەگریایت؟ گرنگی سیاسەت لەم خاڵەدا خۆی دەنوێنێت. خۆشەویستی رێک گەمەیەکی سیاسییە، گەمەیەکی ململانێیە. لێرەدا پێویستە تێبگەیت کە گێرەشێوێنەکە چۆن سۆزەکانی تۆی بەکار هێنا. دەستەواژەی: خۆشەویستیی من، ئەوینی من (مەبەست لە ژیانی تایبەتە - و).. بە ئاشکرا دەیڵێم سووک و ریسواییە. ئەو سۆز و خۆشەویستییانە چوون بۆ کوێ؟ هێشتا بەوە دەڵێیت خۆشەویستی؟".

بە رۆژان بیرم لێکردەوە. تەڵەی تۆڵەی دەوڵەتی تورک! تەڵەیەکی پێچەوانەکراوە. سۆز و بیرم لەناو مەنگەنەیەکدا گیری دەخوارد. مێشکم زینگە زینگی دەکرد. هەموو شتێک هەر لە سەرەتاوە پیلان بووە و لەم پیلانەدا بەکارهێندرابووم. بیر و هۆشم حەوسەڵەی قبوڵکردنی نەبوو. باشە، تا خاڵێک زۆرێک لە کەموکورتی، چەوتی و لاوازییەکانمی بەکارهێنابوو و کردبووی بە پاڵپشت بۆ خۆی. منی بۆخۆی کردبوو بە قەڵغانێکی بێ وێنە، ئەمەم بەلاوە روون و ئاشکرا بوو. ئەو لایەنی سۆز و لەو بوارەدا تایبەتمەندییەکانمی دەزانی، بەڵام هەموو ئەمانە دواتر ئاشکرا بوون. ئەگەر ئەوسا بە بچووکترین شێوە هەستم پێبکردایە، سەرەنجامەکەی بەمشێوەیە دەبوو؟ چۆن کەسێکم خۆشبوویستایە کە عەودالی تۆڵە کردنەوەیە؟

لێرەدا دەکەوتمە ناو چەقبەستییەکەوە. شیکارەکانی (سەرۆک) قۆناخی گشتی، سیاسەتی دووژمن و چۆنێتی پەیڕەوکران و بەکارهێنانی و دۆخی هاوشێوەی و ئەگەرەکانی لەخۆ گرتبوو. هاوکات دەیگووت: "منیش ساڵێک لەلای خۆم بەخێوم کرد، بەچاوی کەسی دووەم تەماشام کرد. منیشی خەڵەتاند". هەوڵمدەدا لە شێوازی شیکارکردنەکانی (سەرۆک)، پەیوەندی نێوان رووداوەکان و سەرەنجامەکانی تێبگەم. هەرچەندە گوێم بۆ ئەو شیکارانە شلبکردایە، ئەوەندەش تێدەگەیشتم کە گفتوگۆکانی ناوخۆمان چەندە بەرتەسک و شەکەتکارە و چەندە مرۆڤ بۆ دواوە پەلکێش دەکات.

## پیرۆزبایی 15ی ئاب...

لە پاش ئاهەنگی نەورۆزی 1991 کە بەناوی (HEP)ەوە بە بەشداری زیاتر لە (20) هەزار کەس لە هۆڵی وەرزشی (عەبدی ئیپەکچی)[54] سازکرا کە وەک خۆپیشاندانێکی گەورە و گرنگ بوو، ئەگەرچی زۆر ڕێکوپێک و لە ئاستی خوازراویشدا نەبێت، بەڵام بەکاریگەر بوو؛ ئەمجارەیان ساڵڕۆژی 15ی ئاب بوو. یەکەمجاربوو لەنزیکەوە جەماوەرێکی زۆر و چالاکم دەبینی.

پێشتر لە کاسێتە ڤیدیۆییەکاندا سەیری دیمەنی هاوشێوەیمان کردبوو، بەڵام جێگرتن لەناویدا واتادار و خرۆشێن بوو. خەڵکەکەمان بەپیر و گەنجەوە، بە کۆرپەی باوەشیانەوە تا بڵێی بەشێوەیەکی بەسیستەم و دیسیپلینەوە بەشداریان دەکرد. هیوا لەچاوی هەموویاندا دەدرەوشایەوە. ئەو ڕۆژە (سەرۆک) گووتاری پێشکەش دەکرد. دیمەنێکی زۆر دڵڕفێن بوو. گەلی کورد؛ ژیان، هیوا، ئاوات، خواست و پابەندییەکانی گۆڕابوون. شۆڕش ئەمە بوو، حەقیقەتی (سەرۆک) ئەمە بوو. ئەو هێز و کۆششەی ئەم گۆڕانکارییەی لە گەلەکەماندا خولقاندبوو، سەرلەنوێ هێزی لەم پابەندبوون و بڕواداریی ەی گەلەکەمان وەردەگرتەوە. (سەرۆک) ببوو بە سەرچاوەیەکی دەستلێبەرنەدراوی ژیان کە بەردەوام دەخولقێنێت و سەرلەنوێ گەورە و دەوڵەمەند دەبێتەوە. بەدیکردنی ئەم ڕاستینەیەش لە خۆشەویستی و خرۆشی گەلدا سەراپا کاری تێدەکردم. ئەم گەلە شایستەی جوانترین

---

[54] - یەکێکە لە گەورەترین هۆڵە وەرزشییەکانی تورکیا کە لە شاری ئەستەنبۆڵە.

سەرکەوتنە و گەیشتنیش بەو ئاواتە دوور نەبوو. ئەو ساڵانە بەم بڕواوە گوزەری. زۆر سوور بووم و دەمگووت: "هەر دەیبینم" و ئەوا بینیم. ئایا هەڵویستێکی زۆر خۆویستانە بوو. ئەو شتانە یەک بە یەک بەدیدەهاتن کە پێشتر گووتبووم "دەیبینم، دڵنیام دەیبینم". (سەرۆک)م بینی، نیوەی کوردستانم بینی، بینیم گەلەکەمان شەیدای ئازادییە و بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێت. دەشمگووت: "ئەگەر بچم بۆ شاخ، بگەم بەو گەریلاییەی کە زۆر خەیاڵم دەکرد و وەک لەناویدا ژیابم تامەزرۆییم دەکرد، هیچی ترم ناوێت".

لە خێوەتی شەهید (حەسەن)[55] کارەکانی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرخودانی زیندان لە کۆتاییەکانیدا بوو. کۆنفرانس بە فەرمی دەستی پێدەکرد، بەڵام بەهۆی پیرۆزباییەکانی 15ی ئابەوە خرایە رۆژی دواترەوە. ئەو رۆژە ئێمەش پێشوازیمان لە جەماوەر کرد. بەڵام دواتر بۆ تەواوکردنی کاروبارەکانی کۆنفرانس گەڕاینەوە بۆ خێوەتەکە. (سەرۆک) هەواڵی ناردبوو گووتبووی: "ناوبڕ بە کارەکان بدەن و بچنە ناو جەماوەرەوە". هەموومان دەستبەجێ دەرکەوتین. هەموو لایەک پڕبوو لە جۆش و خرۆشی مرۆڤ، سەرجەمی هەڤاڵان لە خێوەتەکاندا و لە شوێنە دەستنیشانکراوەکان دان بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک و پەیوەندیداربوون لەگەڵیاندا. زیاتر هەڤاڵانی ژن بە ژنانەوە پەیوەندیدار دەبوون.

ئەو هەرێمە ئێمەی تیادا بووین. بەشی زۆرینەی هێزی ژنانی ناو خولی پەروەردەکەمان خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوون. بە هاتووانیان دەناساندم و دەیانگووت: "ساکینە جانسزە".

---

[55] یەکێک لە نەریتەکانی(PKK) یە کە هەر دەستەیەک یان هەر کۆمەڵە گەریلایەک ناوی شەهیدێک بۆ کۆمەڵەکەی خۆیان دەستنیشان دەکەن.

لە باوەشگرتن ماندووی کردبووم، هەر کەسێک دەهات باوەشی پێدا دەکردم و ماچی دەکردم. کورمانجی نەزانیت زۆر خراپە. جگە لە چەند وشە و گووتەیەک هیچی ترم نەدەزانی. ئەمەش لە رەخساندنی دیالۆگ و پەیوەندیدا زەحمەتی دروست دەکرد. هەموو کەسێک تووڕە دەبوون و رەخنەیان دەکردم، داخێکی زۆریان لێدەهات کە کورمانجی نازانم و دەیانگووت: "چۆن دەبێت؟ چۆن ئەو هەمووە ساڵە لەناو پارتیدایت و کورمانجی نازانیت؟ ئێمە دەمانەوێت قسەت لەگەڵ بکەین...هتد" شەرمەندەیان دەکردم، خەجاڵەتیان دەکردم. دروست نەکردنی پەیوەندی منیشی بێزار دەکرد، هەر دەبوو کەسێک وەرگێڕیمان بۆ بکات. بەڵام لەنێوانگیرکردندا، قسەکردن بواری خۆڕسکبوونی لەدەست دەدا. نە من دەمتوانی باس لەو شتانە بکەم کە بەپێویستم دەزانین و نە ئەوی بەرامبەریشم بەتەواوی لێمتێدەگەیشت. دەمگووت: "زازاکی دەزانم" کە ئەمەش دەربازی نەدەکردم. لەبەر ئەوەی ئەویشم زۆر بەکار نەدەهێنا هێندەی نەمابوو لەبیرم بچێتەوە.

لەسەروبەندی کاتی پێشوازی و لە باوەشگرتندا کچۆڵەیەکی گەنج شتێکی خستە ناو دەستمەوە. سەرەتا مەراقمکرد کە چییە. وەها بیرمکردەوە کە دەیانەوێت دیاری و شتم پێبدەن، بەڵام لەبەر شەرم بەو شێوەیە لە دەستمی توند دەکەن. پاشان چاوێکم لێکرد بینیم لە نامە دەچێت. لەسەر ئەمەش زۆر بە وردی لە کچەکەم روانی، شکڵ و شەماڵیم لە مێشکمدا وێنەکرد. ئەم کارە کارێکی ئاسایی نەبوو، ئەو کچە کێ بوو؟ پێویست بوو بەر لە تاریک داهاتن سەیرێکی نامەکە بکەم. ئایا راستەوخۆ بڕۆم بۆ بەڕێوەبەرایەتی، کە رووناکی لێبوو و باشتریش دەبوو. پاشان لە ژووری راگەیاندن سەیرمکرد. لەسەر پارچە

کاغەزێکی بچووک نووسراوە. بە (ساکینە) دەستی پێکردووە و لەخوارەوەش واژۆی (شەنەر) هەیە. تەماشای جۆری نووسینەکەم کرد، دەستنووسی خۆی بوو... هۆی هاااا! ماوەیەک بەو شێوەیە بەدەستمەوە چاوەڕێم کرد.

ئەو کچە کێ بوو؟ چی بوو، دیار بوو کە هەڤاڵ نەبوو، لەڕیزی جەماوەر و نیشتمانپەروەرانیش نەبوو. چۆن لە زیندان کەسوکار و خەڵک لە چاوپێکەوتنەکاندا نامەیان پێدەگەیاندن ئەویش بە هەمان شێوەی کرد. لەکاتی لە باوەشگرتن و ماچکردندا، لەکەلەبەرێکی جلەکانییەوە نامەکەیان دەردەهێنا و دەیان داینێ. ئەم کارەش زۆر دەکرا. بۆ ئەوەی دووژمن پێی نەزانێت و نەیبینێت چی دەکرا و چی نەدەکرا. ئەگەر گومانیان بکردایە، دەیانپشکنین. ئەم کچەش نامەکەی بە نهێنی لە دەستم گیرکرد. بەکوردی بڕێک شتیشی گووت، بەڵام تێنەگەیشتم. (شەنەر) نووسیبووی: "دەزانم سەبارەت بەمن زۆر شتی جیاوازت پێدەگووترێت. بەڵام دۆخەکە بەو شێوەیە نییە، بەپێی کات راستییەکانیش ئاشکرا دەبن. من نەچووم بۆ هیچ شوێنێک، لە کوردستانم. هەر چییەکم گووتبێت بە ئاشکرا گووتوومە. هەندێک کەس خۆیان بۆ لوتکەی رێکخستن مۆڵداوە. بەچاوی خۆشت دەیبینیت کە رێکخستن خراوەتە چ دۆخێکەوە. ناڵێم رەوایەتیم پێبدە، دەزاشنم ئەو کارە ئەرێ ناکەیت کە کردوومە. بەڵام کەمێکیش بێت هەوڵی تێگەیشتن بدە، دواتر چی دەڵێیت بیڵێ. من بەردەوام دەبم لە تێکۆشانەکەم. چاوەکانت ماچ دەکەم. شەنەر".

هەواکەی زۆر ساردیش نەبوو کەچی وەک گەڵایەکی بەر رەشەبا دەلەرزیم، قورگم وشک ببوو. چاو و رووخسارم وەک ئاگری لێهاتبوو. تاریک نەبووایە بە ئاشکرا بە رەنگی

رووخسارمدا دەزانرا چی روویداوە. رووومەتەکانم سوور هەڵگەرابوون. چەند بە ئاسوودە و ئاسایی بوو لەلای، وایدەزانی شتێکی زۆر ئاسایی نووسیوە. بەڵام تاکە شتێک کە زۆر بە باشی دەمزانی ئەمەیە: "شەنەر دەیناسیم". لە هەموو کەسێک باشتر شیمانەی چۆنێتی هەڵوێستمی دەکرد لەبەرامبەر بە راکردن، لەبەرامبەر بەخیانەت. لە بچووکترین گفتوگۆدا، لە بچووکترین جیافیکریدا دونیام بەسەردا خراپ دەکرد. راکردن و خیانەت هیچ بیانووێکی هەڵنەدەگرت و بەتایبەتیش بۆمن هەرگیز. تۆ بڵێی کەسی تر ئەو نامەیەی نووسی بێت؟ دووبارە سەیرێکیم کردەوە.

تۆبڵێی ویستبێتی پەیوەندی دروست بکاتەوە، پەشیمان بووبێتەوە؟ دەزانێت کە من حەتمەن نامەیەکی وەها دەخەمە رۆژەڤەوە، تۆبڵێی لەرێگەی منەوە بیەوێت زەمینەی گەڕانەوە تاقی بکاتەوە. تاوێک وازم لە ناوەڕۆکی نووسینەکە هێنا و دەستم کرد بە بیرکردنەوەیەکی بەوجۆرە. پاشان دەستبەجێ خۆم کۆکردەوە. نەخێر! بەپێچەوانەوە ئەمە؛ بانگەوازییەکە بۆ من، دەیگووت: "تۆش تێدەگەیت". هۆکار بۆ راکردنەکەی خۆی دروست دەکرد و پاساوی دەهێنایەوە، جگە لەوەی خیانەتەکەشی بە؛ درێژەدان بە تێکۆشان ناوزەد کردووە. دەیگووت: "هەندێک کەس خۆیان بۆ لوتکەی رێکخستن مۆڵداوە" کێ بوون؟ ئاشکرایە (سەرۆک)یان کردبووە ئامانج. (بەلیخانۆڤ) لە نووسراوێکیدا بێگومان بەبێ ئەوەی ناوی ببات خۆی خستبووە شوێنی (لینین)ەوە. جیا لەوانە؛ راستە کێشەمان هەبوو، ئەو دەیویست دیمەنێک دروست بکات کە خۆی ویستوێتی چارەسەریان بکات، رێگەی پێنەدراوە و تەگەرە هەبووە لەبەردەمیدا. واتا سەرقاڵی بووە، چارەسەری نەکردووە،

نائومێد بووە و رایکردووە! ئاشکرایە خیانەتەکەی گرانبەها دەکردا تەنانەت دەیویست وەها نیشانبدات کە خۆی شەڕڤانێکی ئازادی و دیموکراسییە. یەکەم جار وابیرمکردەوە و گووتم: "ئەو دەمناسێت، بۆچی نامەیەکی وەها بنووسێت؟ چونکە ئەمە خۆی زیاتر دەدا بەدەستەوە". ئەگەری تریش بە خەیاڵمدا دەهاتن، بەڵام ئەمە گەورەترینیان بوو کە بانگەوازی خیانەت بوو. بیرم لە کام ئەگەر بکردایەتەوە دەیبردمەوە سەر هەمان سەرەنجام و پێناسە.

هەرگیز چاوەڕێی شتێکی وەهام نەدەکرد. بەتایبەتیش لە رۆژێکی وەها خۆشدا بەدەستگەیشتنی نامەیەک کە بانگهێشتی خیانەتم بکات، دۆخێکی ترسناک بوو. پێویست بوو دەستبەجێ نامەکە بگەیەنمە دەستی (سەرۆک). پێویست بوو بەدەستی خۆم پێم بدایە. سەرەتا پێم باش نەبوو رەوشەکە بە بەڕێوەبەرایەتی (مەبەست لە بەرێوەبەرایەتی ئەکادیمیایە -و) بگەیەنم. دیسانەوە دەبووە مایەی قسە و قسەلۆک. کێ دەیزانی چی بڵێن و چی نەڵێن. بە هەڤالانم گووت: "پێویستە زۆر بە پەلە چاوم بە سەرۆک بکەوێت". حەپەسان و گووتیان: "چی بووە". گووتم: "کارێکم هەیە". ئەوانیش گووتیان: "ئێمە رێگە نادەین کێ کەی بیەوێت بچێتە لای سەرۆک. پێدەچێت کاری هەبێت" و هەوڵیاندا کۆتایی بە بابەتەکە بهێنن. بێگومان من پێداگر و سوور بووم. داوامکرد نامەکە بگەیەندرێتە دەستی. وەها بیرمکردەوە کە ئەگەر بیخوێنێتەوە بانگم دەکات. سەرەنجام هەر بەو شێوەیەش بوو. پاش ماوەیەک (سەرۆک) بانگی کردم. دیدارمان کرد. (سەرۆک) وەکو هەمیشە بەپێوە رایەڵکەی دەکرد و بەردەوام لە جوڵەدا بوو؟

پرسی: "ساکینە، چی لەو نامەیە تێگەیشتیت؟ کابرا راناوەستێت. بەکێدا ناردوویەتی؟" گووتم:"سەرۆکی من، کچۆڵەیەک لەکاتی یەکتر ئامێزگرتندا لە دەستمی گیرکرد. بەو جۆرە مامەڵەیە نارەحەت بووم و بە جوانی لە کچۆڵەکە وردبوومەوە. دەیناسمەوە. ئەگەر بێینە سەر ناوەڕۆکی نامەکەش. سەرۆکی من، شەنەر دەمناسێت، لانی کەم دەزانێت کە من ئەو راکردنەی چۆن لێکدەدەمەوە. بۆیە نووسینی ئەو نامەیە خۆی لەخۆیدا دەبێت تەڵەکەیەکی تر بێت. بە ئەنقەست دەیەوێت بمخاتە بەر قسە و گفتوگۆوە. دەیەوێت گومانی هەبوونی پەیوەندیەکم لەگەڵیدا دروست بکات. دووەمیش: بانگەوازییەکە، بیانوو بۆ راکردنەکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەیەوێت وەها نیشان بدات کە ناحەقی لێکراوە. دەیەوێت لەسەر ئەو بنەمایە خاوەنداری لێبکەم. بەڵام وادیارە بانگەوازییەکی فاسق و نیاز رەشانەیە. ئەگەر هیچیشی پێنەکرێت، گومڕایی دەخاتە مێشکەوە. دڵنیایە کە ئەمە دەکەم بە رۆژەڤ و دەیخەمە بەر باسەوە. دەزانێت کە راشکاوم، تایبەتمەندی گفتوگۆکارم هەیە، بێ ئۆقرەم، بە سۆز و کاردانەوە دەجوڵێمەوە. دەشێت بیەوێت ئەمانە بەکاربهێنێت. لەسەر ناوی من و کاراسو و تەڵەکەبازی دەکات. هەر دووکیشمان دەناسێت. سەرەڕای ئەوەی کە من و کاراسو هەر یەکەو لە شوێنێک بووین، بانگەوازیمان بۆ شەنەر کرد کە بگەڕێتەوە. لە راستیدا یەکسەر خاوەنداریمان لێ کرد. ئەمەش شێوازێکی مامەڵە کردن بوو. لە زیندان ئەم جۆرە هەڵوێستەی زۆر بەکار هێنا. چەندین ساڵ ئەم تایبەتمەندییەی کاراسوی بەکارهێنا و بەم دوایبانەش تایبەتمەندییەکانی منی بەکارهێنا. لە هەمانکاتدا بەمشێوەیە

دەیخستنە ناو باس و ڕۆژەڤەوە و شەکەتی دەکردین. هەوڵی دەدا ڕووبەڕووی پارتیمان بکاتەوە".

ئەمە هەر ئەو خاڵە بوو کە لە بنەمادا (سەرۆک) ڕەخنەی دەکرد. ئەمە هەر ئەو هۆکارە بوو کە (سەرۆک) پێمان بڵێت: "ئێوەی بەکارهێنا". ئەم ڕەخنەیە زۆر کاری لێکردم، هەم زۆر زەحمەت و هەم زۆر قورسیش بوو، بەهیچ شێوەیەک پێم هەرس نەدەبوو. (شەنەر) چۆن منی بەکار دەهێنا؟ ئەو وشەی "بەکارهێنان"ە وەکو گوللەیەک وابوو. وشەیەکی بە نەفرەت بوو. من چۆن خۆمم بەکاردەبرد؟ بەڵێ لەو خاڵەدا وەک ئەوەبوو شکۆم شکابێت. نەخێر، من خۆمم بەکار نەبرد. لەوانەیە ئەو بیەوێت بەکارم بهێنێت، پیلانی بۆ دابنێت، بەڵام من ئیرادەم هەبوو، ئەقڵم هەبوو، ئەوەندەشم لەدەست نەدابوو.

زیاتر هەر لەم خاڵەدا زەحمەتیم دەبینی. کاردانەوەم نیشان دەدا و ڕقگیریم دەکرد. لەبەر ئەوەش لەم چاوپێکەوتنەدا هەوڵی باسکردنیم دەدا و گووتم: "سەرۆکی من، من بەئەنقەست بەئامانج دەکرێم"و... هتد. دووژمن هەوڵیدەدا بەمشێوەیە بمکات بە ڕۆژەڤ و بەشێوەیەکی جیاواز نیشانم بدات، چاوەڕێی ئەنجامیان لێ دەکردم. منیان لە ڕۆژنووسی یادەوەرییەکانم و لە نامەکانمەوە دەناسی. دەیانزانی چی کارم لێدەکات. تەنیا گووتەیەک بەسبوو، چونکە من ئەو گووتەیەم دەکرد بە دەردێک و ماوەیەکی دوور و درێژ پێوەی دەتلامەوە. بەدەستی خۆم؛ خۆمم شەکەت دەکرد.

لایەنی سەرەکی کارەکە بەو جۆرە بوو. بەڵام بێگومان دەشیویست لە خاڵی پەیوەندی نێوانم لەگەڵ (شەنەر)یشەوە گورز بووەشێنێت. قۆناخێکی پڕ لە پابەندی و سۆزداری و هەروەها کار و خەبات پێکەوە گوزەری دەکرد، هەڵبەتە

سیستەمی پەیوەندی ڕێکخستنیم لەگەڵ هەر هەڤاڵێکدا سۆزداریی لەخۆ دەگرت. ئەوجار پەیوەندییەکی جیاوازی بەمجۆرەی سۆزداریش زیاتر پەیوەستکار دەبوو. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر هاوسەنگی و پێوان نەبن، ئەگەر ئەمانە لەناوخۆدا یەکانگیر نەبووبن، ئەستەم بوو بتوانرێت چەوتی و راستی و خاڵە بنەڕەتییەکان بە هێڵی سوور لێک جیابکرێتەوە و لەم خاڵەشدا شەڕێکی بەهێز بکرێت. زۆر دڵنیام کە دووژمن دەیزانی لەم شەڕەدا تووشی زەحمەتی دێم و هەر جارەو دەگەڕێمەوە و گورز لەخۆم دەدەم، بێ ڕێبازانە شەڕ لەگەڵ هاوڕێیان، پارتی و (سەرۆک) دەکەم.

کاتێک (سەرۆک) پێیگووتم کە وەڵامێک بنووسم، سەرەتا هەستم بە بێزاری کرد و دەستنیشانم کرد کە ناتوانم شتێکی وەها بکەم و بەلامەوە زەحمەتە. بەڵام بەرژەوەندی ڕێکخستن جێگای باس بوو. (سەرۆک) لایەنگر نەبوو کە (شەنەر) لە باشوور دوور بکەوێتەوە. پێدەچوو ئەو شتانەی من دەمنووسین بەکاریگەر ببوونایە لە راگرتنی (شەنەر) لە باشوور. (سەرۆک) گووتی: "تۆزێک بە وریاییەوە شێوازێکی ئاسایی بەکار بهێنە. پێی بڵێ کە بەسەرهاتەکان کاری تێکردوویت و دوای ئەم خولی پەروەردەیە بۆ راپەڕاندنی خەبات بۆ باشوور دەنێردرێیت و پێدەچێت لەوێش دەرفەتی چاوپێکەوتنتان هەبێت. دەبێت بڕوا بە چاوپێکەوتنت بکات. ئەو هیوایەی پێ بدە، ئەگەر بڕوا بکات زۆر باشە".

دوای قسەکانی (سەرۆک) ماوەیەک بەبێ دەنگی راوەستام و هیچم پێنەگووترا. پاشان گووتم: "باشە سەرۆکی من، چۆن بەگونجاو بزانرێت من وەها دەکەم" و گەڕامەوە.

ئەو شەوە دەستم بە بیرکردنەوە و قاڵبوونەوە کرد بۆ نووسینی نامەیەک. بەڵام بەهیچ جۆرێک پێم نەدەنووسرا. ماوەیەکی زۆر بە پێنووسەکەی دەستمەوە مامەوە. بەلامەوە مایەی ئازار بوو، ئەمەش بەکارهێنان بوو لەبەرژەوەندی پارتی دا. لەڕووی ئاکارەوە پێم هەرس نەدەبوو. من دەمویست راشکاوانە پێی بڵێم: "تۆ خیانەتت کرد! راتکرد! ناتوانیت خۆت حەشار بدەیت. ئێستاکە تۆم بۆ دەرکەوت...هتد" و هەرچییەکی ترم بەدەمدا بهاتایە بۆم بنووسیبایە. ئێستا چۆن بەشێوەیەکی تر کاردانەوە و هەڵوێستەکانمی نیشان بدەم؟ نەمدەتوانی ببم بە (ساکینە)یەکی تر. ئەی ئەگەر ئەمەشی بەکارهێنا؟ بڵێت "نامەیەک لە ساکینەوە" و بڵاوی بکاتەوە! چۆن بەرگەی شتێکی وەهام بگرتایە. دووبارە دەستمکردەوە بە گریان.

بەهیچ شێوەیەک ئەو دۆخەم پێهەرس نەدەکرا کە کەوتبوومە ناوییەوە. چۆن کەوتبوومە ناو ئەو هەمووە کێشە جددییەوە؟ وەک گەردەلولێک وابوو. تاوێک هەناسەمدا، هەبوونی (سەرۆک) مایەی هەناسەدانم بوو، کەمێکیش بێت ئەم راستییە ئاسوودەی دەکردم. هەوڵم دەدا بێ ئەوەی متمانەی خۆم لەدەست بدەم لەگەڵ هەموو شتێک و لەگەڵ هەموو کەسێک شەڕ بکەم. بەڵام شتگەلێکی چاوەڕوان نەکراو لە کاتی هەرگیز چاوەڕوان نەکراودا دەهاتن و منیان دەدۆزییەوە. وەها هەستم دەکرد کە لەناو گەردەلوولێک دام. باشە کە (سەرۆک) لە ئەکادیمیا بوو، ئەگەر نا دیسان ئەگەری هەڵەیەکی ترم هەبوو. ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی پێی بگووتمایە نامەیەکی بەو جۆرە بنووسە، دیارە بە (تەڵەکەبازی)یەک لە قەڵەمم دەدا. ئەوەی (سەرۆک)یش تەڵەیەک بوو، بەڵام تەڵەیەک کە بەرژەوەندییەکانی پارتی بە بنەما وەرگرتووە، تەڵەیەک کە لە

یەککاتدا بیر لە زۆر شت کراوەتەوە و دانراوە. دواجار قانیع بووم و دەستم کرد بە نووسینی نامەکە.

لە نامەکەدا بە (محەمەد) ناوم هێنا. چونکە (شەنەر) ناوێک بوو لەناوخۆی ڕێکخستندا بەکاری دەهێنا. پێشتر هەر بەو ناوە گوزارەم لێدەکرد. لە یەکێک لە گفتوگۆکانی ڕابردوومانداا کاری کردبووە سەرم و بۆ ماوەیەک ناوی (شەنەر)م نەبردبوو. پێم گووت: "تۆ محەمەدیت". چونکە ناوی (شەنەر) وەکو ناوێکی ڕێکخستنی بەکارهاتبوو، واتایەکی ئەرێنیم بەسەردا بارکردبوو. لەسەرەتای نامەکەدا بە ڕستەیەک ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆ نووسی و گووتم: "تۆ بەو بەها و نرخەت نەزانی کە من بەناوی شەنەرم دابوو، بۆیە بەکارم نەهێنا". پاشان گووتم: "دەزانرێت کە کێشە ناوخۆییەکانی پارتی چۆن چارەسەر دەکرێن و بە چۆن ڕێبازێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام تۆ ڕێگەیەکی ترت هەڵبژارد و پاساو بۆ ئەو کردارەت دەهێنیتەوە. ئەم کارەت هیچ بیانووێکی ڕەوا هەڵناگرێت. دەشێت شتگەلێک هەبن کە بەلاتەوە چەوت بن، دەتتوانی پەسندیشیان نەکەیت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە ڕێبازی ڕێکخستنی چارەسەریان بکەیت، ڕێگەی تەرککردنی ریزەکانی ڕێکخستنت هەڵبژارد کە بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات واتاکەیت بۆ ڕوون بکەمەوە. دەبێت ئەوە بڵێم کە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەرم. منیش گفتوگۆ و دەمەقاڵێ دەکەم، لەگەڵ. دەورووبەرم شەڕ دەکەم، تەنانەت متمانەشم پێناکەن، هەستی پێدەکەم، بەڵام لەو بڕوایەدام کە هەموو ئەمانە بەپێی کات چارەسەر دەبن.

تا کۆتایی ئەم خولی پەروەردەیە، لێرەم. سەرۆک پێی گووتم کە دوای ئەم خولە دەنێردرێم بۆ خەباتی ناو گەل. هەم زمان فێردەبم و هەم کارکردن لەناو گەلدا، دەرفەتێکی باشە.

ئەگەرێکی گەورە هەیە کە بنێردرێم بۆ جزیرە یان قامیشلۆ. ئەوکاتە دەرفەتی چاوپێکەوتنمان دەبێت. هیوادارم نەکەویتە دۆخی ترەوە. لەگەڵ سڵاوم. ساکینە.."

نامەکەم برد بۆ (سەرۆک) کە بیخوێنێتەوە. گووتی: "پێویست ناکات". سەرەڕای ئەوەش ناوەڕۆکەکەیم پێگووت و ئەویش گووتی: "باشە". بەڵام هێشتاش دڵئاسوودە نەبووم. گووتم: "دەمەوێت نمونەیەکی لەبەر بگرمەوە و وەکو بەڵگەیەک لەلای خۆم هەڵیگرم. سبەی رۆژ شتێکی تر روویدات، بەرگە ناگرم". لەو نێوەدا دەوروبەر کەس بە کەس نەبوو. زۆربوون ئەوانەی کە بەدوامدا دەگەڕان و دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن. کەمێکم لێ نووسییەوە، هێشتا تەواوم نەکرد و هەڵسام. ئەوانەی کە لە باشوورەوە هاتبوون دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن، ئەمەش بتەوێت و نەتەوێت دەیترساندم. بەنابەدڵی دەچووم بۆ لایان. با بە ئاشکرا بیڵێم؛ تۆزێکیش قەلەق بووم. جارێکیان دوو گەنج هاتن بۆ لام، گووتیان کە دەیانەوێت لەشوێنێکی تر قسەم لەگەڵ بکەن. لە شوێنێکی تەنیا راوەستان. من بە بیانووی نەزانینی کورمانجی تۆزێک خلافاندنم و گووتم: "با هەڤاڵێکی تر بێت و وەرگێڕیمان بۆ بکات" کەچی گووتیان: "یەکتر حاڵی دەکەین"، رازی نەبووم و هەتا چووم هەڤاڵێکی ترم هێنا ئەوان رۆیشتبوون. ئەمەش گومانی لەلا دروست کردم. پاشان دۆزیمانەوە، قسەی زۆر ئاساییان هەبوو. گووتیان کە منیان بە بەرخودانی زیندان ناسیوە، لە گۆڤارەکاندا گووتارەکانمیان خوێندۆتەوە و مەراقیان لەلا دروست بووە. کەسانێکی زۆری وەکو ئەمانە هەبوون و بەدوامدا دەگەڕان و پرسیاریان دەکردم.

رۆژی دواتر چووم بۆ گەڕان بەدوای ئەو کچۆڵەیەدا کە نامەکەی پێدام. راستییەکەی چوومە ناو ژنانەوە. هەلێکم

ڕەخساند تا بمدۆزێتەوە و قسەم لەگەڵ بکات. هات، نامەکەم پێدا و گووتی: "ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنت پێویستە، با ژمارەیەکت پێ بدەم". ژمارەکەم لێوەرگرت، پرسیارێکی زۆر سەیری لێکردم. گووتی: "جگەرە دەکێشیت؟" ئەو نەیدەزانی کە جگەرە دەکێشم یان نا، ئاشکرایە ئەم پرسیارە پرسیاری (شەنەر)بوو و ئەو کچۆڵەیە لێی دەکردم. لەدوای قۆناخ و بەسەرهاتەکانی 1984 وازم لە جگەرە هێنابوو، جگە لە ڕۆژی ئاشکرابوونی تونێلەکە جگەرەم نەکێشا. ئاشکرابوونی تونێلەکە کاری لێکردم. لەوە بەدوا شتی زۆر بە ئازارم دەبیست، بەڵام هیچ یەکێکیان نەبوون بە مایەی جگەرەکێشانم. بڕیارداربییەک بوو، لاوازیم نەکرد. هەوڵی (شەنەر) بۆ زانینی تەنانەت جگەرە کێشان و نەکێشانم، بابەتێکی گرنگ بوو. تاچەند توانیبووم دانبەخۆمدا بگرم! سەرلەنوێ دەستبردنەوە بۆ جگەرە، شکاندنی بڕیارێک بوو، دۆڕانێک بوو، ئانی لاوازییەک بوو، بێ چارەیی و نائومێدییەک بوو...هتد. بۆ هەموو جۆرە شیرۆڤەیەکیش کراوەبوو. بەڵام من جگەرەم نەکێشابوو و نەمکێشا. بەڵێ تا ئەوکاتەش سەرکەوتوبووم لە نەکێشانیشیدا. سووربوون و پێداگیریم لەو بابەتەدا باش و ئەرێنی بوو.

کەواتە سەرەڕای هەموو شتێک دەستم لە خۆم بەرنەدابوو. لەوانەیە بە شتێکی زۆر ئاسایی لێکبدرێتەوە، بەڵام جگەرەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە تاکەکەس پێویستە خۆی لەسەر تاقی بکاتەوە. ئەگەر بتوانێت ئالودەبوون تێکبشکێنێت، خۆی لەو خووە ڕزگار بکات، سەرەنجامەکەی بەدەستهێنانی دۆخێکی ئەرێنییانەی ڕۆحی دەبێت کە کاریگەری لەسەر چۆنێتی خوێندنەوە و ڕەفتارەکانی تریشی دەکات. لەسەرەنجامی ئەوانەشدا بە بڕیارێکی پراکتیکی ئەرێنی دەگات. پرسیاری

جگەرەم پشتگوێ نەخست، بیرم لێکردەوە. هەرچەندە بڵێم: "نەخێر، من ناکەوم، من بێ چارە نییم" و هەوڵی خۆ قانیعکردنیش بدەم، ڕووداوەکان کاریان تێدەکردم.

ئەمەشم بەتەنیا وەک هەڵوێستێک لێکنەدەدایەوە. شێوازێکی شەڕەکەم بوو لەبەرامبەر بە (شەنەر)، لێرەدا نامەکە ڕۆڵی دەبینی کە هەر چەندە شوێنێکی زۆر گرنگیشی نەبێت. لەم واتایەدا پارتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی دەکرد، گۆڕەپانەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبار و گونجاو بوو. دەرک کردن بەم ڕاستییە، دەرخستنی کێشەکان لە خاڵە بەرتەسکەکانی کەسێتی و بەهەندوەرگرتنی چارەسەرکردنیان بە گشتگیریی لەگەڵ هەڵوێستی گشتی ڕێکخستندا، مسۆگەر ڕێگەی لە ئەندێشە و نیگەرانی نابەجێ و شەکەت بوون دەگرت. ئەگەر چەوتیش بێت وەک کردەیەک دەبووەماڵی ڕێکخستن. چەوت یان ڕاست، لەبەردەم ئەنجامەکانیدا بە بەرپرسیارێتی هاوبەشەوە وەڵام دەدرایەوە. ئەگەرنا کەسێتییەک بەتەنیا ئەگەر زۆر سۆز و نیازی زۆر جوانیشی هەبووایە ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەدەهێنا.

جارێکیان گووتیان: "دەکرێت تەلەفۆن تاقی بکرێتەوە". وا بیر دەکرایەوە لەگەڵ (ک..) بچم بۆ بارلێس، پاشان پاشگەز بووینەوە.

پیرۆزباییەکانی 15ی ئاب کەش و هەوای گۆڕی. جەماوەر بە کۆمەڵەی سەدان کەسییەوە دەهاتنە ناو خێوەتی کۆنفرانسەوە و ئێمەش بە گووتاری کورت کورت هەوڵمان دەدا ئامانجی کۆنفرانسی بەرخودانی زیندان و ئاستی گێرەشێوێنییەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە. (سەرۆک) وەک هەمیشە هەوڵیدەدا هەلومەرجەکە بە باشترین شێوە هەڵسەنگێنێت. لەم

ڕێگەیەشەوە هەم ئێمەشی دەخستە ناو بیرکردنەوە و قاڵبوونەوە و هەم لەبەردەم گەلەکەماندا دەیخستینە ناو لەخۆپرسینەوەیەکەوە، بەمەش هەوڵیدەدا زیاتر لە هەلومەرجەکەمان تێبگەیەنێت و شتێک بکات کە خۆمان زیاتر شیکاری بکەین.

کەسێک کە نەیتوانیبا رقئەستوورییەک لەخۆیدا بشکێنێت، لەبەردەم گەل و خەڵکدا، لە بەردەم هەر چالاکییەکی کردەیی پەیوەستداردا دەیشکاند. بەرپرسیارانەتر، تێگەیشتووانەتر، پێوانەدارتر دەبوو و نەیدەیویست بکەوێتە دۆخێکی تاکڕەوی و خۆپەرستانەوە، لێرەشەوە دەیتوانی بەدیهێنانێکی ئەرێنی لە کەسێتی خۆیدا بونیاد بنێت.

کۆبوونەوە و گردبوونەوەی ناو خێوەتەکان کاریگەری لەسەر جەماوەریش دەکرد. بێگومان زەحمەتی و چەرمەسەرییەکانی نەزانینی کورمانجی لێرەش خۆی نواندەوە. قسەکردن بۆ خەڵک بە نێوانگیریی وەرگێڕ، سەختترین کار بوو لە دونیادا. دڵگران بووم کە نەمدەتوانی بیر و بۆچوونەکانم بەشێوەیەکی راستەوخۆ بگەیەنم. هەڵبەتە خەڵکیش لەوێکانەدا دەسبەجێ لەم بوارەدا رەخنەیان کردم. دەیانگووت: "بەکوردی قسەت بکردایە باشتر دەبوو"، بێ ئەملاو ئەولا یەکە بە یەکەی کۆمەڵەکەیان ئەم رەخنەیان لێگرتووم. بەتایبەتیش بۆ جەماوەرمان لە باشووری رۆژئاوا، باسێکی زۆری بەرخودانییەکانی زیندان کرابوو. لە گۆڤارەکاندا، لە خەباتی رێکخستنی دا چەندین ساڵی رابردوو باس لە زیندان کرابوو.

کاریگەرییەکی جددی لە ئارادا بوو. خۆڕسکانە پەیوەستی و رێزێک دروست ببوو. بەڵام بەهۆی گێرەشێوێنییەکانی ئەم دواییانەوە رەهەندی ئەو کاریگەرییەش گۆڕانی بەسەردا هاتبوو.

چونکە بە ئەندازەیەک زیندان کرابوو بە سەرمایە و بەکارهێنرابوو. ناوی شەهیدان بەکارهێنرابوو، بە بەکارهێنانی لایەنی سۆزداریی، بەرتەسک و رووکەشیانەی خەڵکەکەمان، هەوڵیاندا شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و قێزەونی پەیوەستکردن و پابەندکردنیان بە کەسێتی خۆیانەوە بەکاربهێنن.

سەیر بوو، هەموو کەسێک سەرەتا پرسیاری (مەزڵوم)یان دەکرد پاشانیش (شەنەر)، پرسیاری بەرخودانی، کەسێتی و تایبەتمەندییەکانی (مەزڵوم)یان دەکرد. پاشان پرسیاری وەک "شەنەر لە زیندان چۆنبوو؟ بۆچی رایکرد؟"یان دەکرد. ئاشکرایە کە (شەنەر) ناوی (مەزڵوم)ی زۆر بەکارهێنابوو. ئەوجا بەشێوەیەکی زۆر ساختەکارانە! لە شیعرەکەیدا بۆ من گووتبووی: "خۆشەویستیم بۆ تۆ، وەکو خۆشەویستییەکەمە بۆ مەزڵوم". کەسی بەوەندەی (مەزڵوم) خۆش نەویستبوو. تەنیا من نەبێت کە لەو ئاستەدا خۆشیویستووم! ئەمەیە پێیدەڵێن خیانەت و تەڵەی گەورەی سیاسی ژێر ساختەکاری.

بەڵێ؛ تێگەیشتن لە رووی ناوەوەی خیانەت و باسکردنی بۆ خەڵک، ئەرکێکی سەرەکی بوو. ئاڵۆزی و چڕیی ناکۆکییەکان رۆڵی گۆڕانکاری مسۆگەری دەگێڕا. یاسای دیالێکتیکی ژیان، بەدەر لە نیاز و نییەتی کەسەکان، بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشانە هۆکار و ئەنجامی رووداوەکانی ئاشکرا دەکرد. تاکیش بەئەندازەی بەرجەستەکردنی ئەم یاسایە لەخۆیدا، ئاڵۆزییەکانی تێپەڕ دەکرد. بەپێچەوانەوە رزگاری نەدەبوو.

تا چەند رووی ئاستی چۆن و چەندێتی گێرشێوێنەکە ئاشکرا ببووایە و ئامانجەکانی روون ببوونایەتەوە، ئاستی لەخۆپرسینەوەشم دەگۆڕا. لەهەندێک بابەتدا هەرچەندە

هەڵسەنگاندن و رەخنەکانیش مایەی هەرسکردنیش نەبوونایە، بەڵام بەرژەوەندی ڕێکخستنم بە بنەما وەردەگرت. بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە رۆژانە بەشێوەیەکی راست و دروست ئاوێتەی یەکانگیربوون و گشتگیربوون ببیت، لایەنە دژبەرییەکانی ناو ژیان تێپەڕ بکەیت و ئاستی تێگەیشتن بە کردار بگەیەنیت. هەر چەندە لەئاستی بەشداریکردن لە سیستەمی ڕێکاری گشتی و کاری پراکتیکی رۆژانەدا کێشەیەک لە ئارادا نەبوو، بە حەز و خۆشەویستییەوە هەمووشیانم دەکرد، بەڵام ناتەواوی و بەهەڵەداچوونی جددی لە ئاستی مۆڕاڵ، قووڵتر تاووتوێکردنی کێشەکان، گەیشتن بە ئەنجامی بەهێز و بەدەستهێنانی پێوانە سیاسییەکانیدا هەبوو.

لە راستیدا کار و خەباتی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرخودانی زیندان، خۆی لە خۆیدا بەرپرسیارێتییەکی جددی هەڵگرتبوو. لەبەرامبەریشدا هەستکردن بە قورساییەکە، خواستی ئەنجامگیربوونی بەهێز و بیرکردنەوە و قاڵبوونەوەیەکیشە لەم بوارەدا لەئارادبوون. راپەڕاندنی کار و خەباتی ئامادەکاری کۆنفرانس نزیکەی (40) رۆژێکی خایاند. (سەرۆک) بەشێوەیەکی بەردەوام و بە ئامانجی رۆشنکردنەوەی کار و خەباتەکە و هاوکاربوون، شیکاری دەکرد و دیالۆگی لەگەڵ دەکردین. هاوکات ئێمەش لەنێو خۆماندا گفتوگۆمان دەکرد کە هەرچەند کەم ڕێبازیش بێت. بە قۆناخەکاندا دەچووینەوە. "سیاسەتی بەرخودانیمان لە زیندان چی بوو؟ تا چەند توانیمان نوێنەرایەتی بکەین؟ چەند لێی دابڕاین و دوورکەوتینەوە؟ پێکهاتەی ڕێکخستنیمان لە چ ئاستێکدا بوو؟ ناوەڕۆکی چالاکییەکان چی بوو؟ روانگەمان بۆ دەرەوە چی بوو؟" ئەمە و چەندین پرسیاری ترمان لەهەمان بواردا لەخۆمان دەکرد. لە لایەکی تریشەوە هەر

لەو رۆژانەدا راپۆرتی کەسێتی و راپۆرتی گشتیشمان نووسی. بە هاوبەشی و کاربەشی راپۆرتی گشتی و رەشنووسی بڕیارنامەمان نووسی و تەواومانکرد. لەم بابەتانەدا لایەنە ناکۆک و ناتەباکانیشمان ئاشکرا دەبوون.

هەروەها جیاوازی روانگەیان هەبوو لە بابەتەکانی تری وەک لێکدانەوەی چالاکییەکانی بەرخودان لەسەر بنەمای هەلومەرجەکانیان، چۆنی و چەندێتی ئاستی گرووپ گرووپێنەکان و ئەنجامەکانیان و چەند بابەتێکی تردا. پێداگیربووم لەسەر پێناسەکەم بۆ ڕووداوی (فوئاد چاڤگین) و کاریگەرییەکانی و دەمگووت: "پێکهاتەی ڕێکخستنیمان هەرچەندە کەموکورتیشی هەبێت، ڕووداوەکەی فوئاد کودەتایەک بوو لەبەرامبەر بە ڕێکخستن" لە ئاستێکدابوو کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێکهاتەی ڕێکخستنیمانی لەزیندان بەخۆیەوە سەرقاڵ و تووشی زەحمەتی کرد.

(فوئاد) لە رۆژانی کۆنفرانسیشدا هەوڵیدەدا خۆی بشارێتەوە و دەوروبەرێک بۆ خۆی دروست بکات. شتێکی پەنهان و شاراوە نەبوو. نە ئەو قۆناخە و نە قۆناخی دوای دەرکەوتنیشی لە زیندان بەشێوەیەکی راست دەستنیشان دەکرد. راشکاو و دروست نەبوو. دوای ئەوەی (سەرۆک) باسی لە ئامانجی (شەنەر) لە هەوڵە تێکدەرییانەکەی لە دژی بەرخودانی گرێ سۆر[56] – جوڕنەڕەش[57] کرد و ئەوەی خستەڕوو کە چۆن ویستویێتی بنکەی ڕێکخستنی بۆخۆی بەکاربهێنێت، (فوئاد)یش ئەمەی بە هەل زانی و دەستی کرد بە هەوڵی خۆ خاوێن

[56] شارۆچکەیەکی سەر بەپارێزگەی رۆحای باکووری کوردستانە و دەوڵەتی تورک بە سیڤەرەک ناوزەدی کردووە.

[57] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی رۆحای باکووری کوردستانە و دەوڵەتی تورک بە حیلوان ناوزەدی کردووە.

نیشاندان. پێداگیربوونە بەردەوامەکەی منیش لەسەر رەخنەکانم سەبارەت بەو بابەتە؛ سەرەنجی هەموو هەڤاڵانی بۆ سەر (فوئاد) راکێشا. ئەویش بۆ مایەپووچکردنی قسەکانم هەڵمەتێکی گەورەی هێنا. ژێر بە ژێر ئەوەی بڵاودەکردەوە کە من چەندە لایەنگری (شەنەر)م. ئەو پێشداوەری و کاردانەوانەی دەوروژاند کە خۆی لەخۆیدا لە ئارادابوون، دەیویست ئەوانە بەکار بهێنێت.

لە راپۆرتی رەخنەدانەکەیدا خۆی لە ناوەندی هەموو شتێکدا جێگر کردبوو. هەوڵی دەدا هەر لە شەهیدبوونی هەڤاڵ (خەلیل چاڤگوین) تا بە کەمئەندامبوونی خۆی، هەموو شتێک بەکار بهێنێت. خۆی بە راست و رێکترین خاوەنداری (PKK) و کەسانی تریشی بە دژە پارتی رادەگەیاند. شێوازێکی زۆر دووڕوویانەی بەهەند وەرگرتبوو. نەخۆشی و ناتەواوی جەستەی خۆی زیاتر دەخستە ناوچاوانەوە، خۆی داماو دەکرد و بەمەش سەنگەرێکی لەبەردەم هەر ئەگەری رەخنەکردن و بەسەرداچوونێکدا دروست دەکرد. (سەرۆک) هەستی بە دۆخەکە دەکرد. دەیویست باشتر روون ببێتەوە. بە رەچاوکردنی دۆخی تەندروستی و مۆراڵی، نەیویست زۆر بە توندی بەسەریدا بچێت، بەڵام رەخنەشی لە هەڵسەنگاندنی ناو راپۆرتی رەخنەدان و خۆهەڵسەنگاندنەکانی کرد. کە زۆریشی نەبرد (فوئاد)یش ئاشکرا بوو.

پلاتفۆرمی رەخنەدانمان زۆر گەرم و گوڕ بوو. (سەرۆک) لە پلاتفۆرمی هەندێکماندا ئامادە بوو. راپۆرتەکەی من تا بڵێی درێژ بوو. بە شێوازی جارانم نووسی بووم. بە هەموو وردەکارییەکانییەوە خستبوومەڕوو. هەتا ئەو رۆژە زۆر راپۆرتی زانیاری، نامە و راپۆرتی رەخنەدانم پێشکەشی (سەرۆک) کردبوو. هەمووشیان درێژ و پڕ لە وردەکاری بوون،

وەک رۆژنووسێکی یادەوەری بوو و دەشموویست هەموو رۆژەکانیان تیادا روون بکەمەوە. دوای دەرکەوتنم لە زیندان، قۆناخی رابردووم بە هەموو وردەکارییەکانییەوە کردبوو بە راپۆرت و پێشکەشم کرد. بەتایبەتی سەپاندنی فەرمییەت و هەوڵی ریفۆرمیزەکردنی هێڵی رێکخستنی لەلایەن گێرەشێوێنانەوە، کار و خەباتی بواری فەرمی خستبووە بەر باسەوە. راستەوخۆ و بە ئاشکرا بەشداریم لە زۆرێک لە کاروبارەکان دەکرد و هەوڵمدەدا کارابم لە راپەڕاندندا، ئەمەش سەرنجی ئەوانی بەلای مندا راکێشابوو. بەو رۆحەوە سڵاوم لەکێ کردبێت و لەگەڵ کێ چۆن کارێکمان کردبێت هەموویم باسکرد. بە هەمان شێوە لە راپۆرتەکەمدا بۆ پلاتفۆرم، لە پەیوەندییەکانی کەسوکار و دەوروبەرمەوە تا هاتنم بۆ ئەکادیمیا، هەموو ساڵەکانم نووسی بووەوە. تەنانەت هەڤاڵان رەخنەی ئەوەیان لێگرتم گووتیان: "رۆمانی نووسیوە، دەڵێی چیرۆک دەگێڕێتەوە، وەکو سیناریۆ نووسیویەتی...هتد".

ئەمانە رەخنەی گشتی بوون سەبارەت بە راپۆرتەکە. بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەمجۆرە لێکدانەوەی راپۆرتەکە بەشی ئەوەی دەکرد کاریگەری لەسەر پێشهاتەکانیش بکات. هێشتا خوێندنەوەی راپۆرتەکەم تەواو نەکرد و رەخنەیان کردم. (سەرۆک)یش گووتی: "با ئەوەی ماوەتەوە بە زارەکی بیڵێت" و هەوڵمدا بە زارەکی تەواوی بکەم. ئەوجار لەکوێ؟ دەستوەردانێکی بەوجۆرە کاری کردبووە سەرم. تۆزێک بە تووڕەییەوە گووتم: "ئیتر باس بکەم؟ جگە لە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو شتانە، هیچم نییە بیانڵێم". لەلای منیش پێشداوەرییەکی بەمجۆرەش دروست ببوو: هەر چییەکیش باس بکەم، هەر چۆنێک بێت هەڤاڵان بەهەمان داوەرییەوە قسە و

شیرۆڤەی خۆیان دەکەن!.. بەم داوەرییەشەوە هەندێک شتم بە زارەکیش باس کرد. بەڵام بەشێوەیەکی سیستەمیانە نەبوو، پەرتەوازە و لە شێوازێک تێپەڕی نەکرد کە لەجیاتی دانانی خاڵە بنچینەییەکان، روونکردنەوەی دیاردەکانی هەڵگرتبوو.

لە گفتوگۆکانی تری کۆنفرانسەکەدا لەسەر خاڵەکانی تریشی کێشە دروست ببوون. بە زۆرێک لەو خاڵانە رازی نەبووم کە لە راپۆرتی گشتیدا دەستنیشان کرابوون. رەخنەم کرد و زۆر خاڵ هەبوون کە لەبارەیانەوە دەمگووت: "لەم خاڵەدا قانیع نیم بۆ بەرژەوەندی پارتی دەنگی لەسەر دەدەم" و ئەم هەڵوێستەشم خۆی لە خۆیدا کاردانەوەی دروست کردبوو. زیاتر لە (40) هەڤاڵ رەخنەیان کردم. بەگشتی نزیکەی (8) کاتژمێر بەپێیوە راوەستام.

رەخنەی بەجێ و هەڵگری خەم و نیگەرانی رێکخستنیش هەبوون، ئەوانە هەژێنەر بوون، بەڵام شەکەت و وەڕەسکار نەبوون. لەلایەکی ترەوە هەندێک رەخنەش هەبوون کە بەڕاستیش مرۆڤی وەڕس و لەهێز دەخست. رەخنەی زۆر سەیر و زۆر نابابەتییانە بوون. بنەمایان بۆ دەنگۆ، کاردانەوە، ئەگەر و پێشداوەری کەسەکان دەگەڕایەوە. وەک:

"لە زیندانەکاندا دۆخی وەک ئەشقایەتی کۆشک و سەراکان دەژیان".

"نەک لە دەرەوە، هێشتا لە ژیانی زیندان دا دەژیێ".

"... مرۆڤ کەسێکی خۆش دەوێت، سارا لە کاتێکدا چوار – پێنج کەسی خۆشویستووە. با ئەمە روون بکاتەوە!".

" لە بواری سیاسی و فەرمیدا ماوەیەک پێکەوە کارمان کرد، هێندەی نەمابوو بە زۆنگاوی ئەو فەرمییەتەدا رۆبچم، بەزۆر رزگارم بوو".

"بۆچی دەستی لە حاملی بەردا و شەنەری خۆشویست؟".
"لەزیندان جیا بوو و کە هاتە دەرەوەی زیندان گۆڕا. ئەوانەی لەبەردەم زیندانی (جەیهان)[58] بینیبوویان دەیانگووت وەکو ژنە بۆرژواکان جل و بەرگی پۆشی بوو".
"لە ئەورووپا بینیم، وەکو هەموو کەسانی بۆرژوازی بچووک جلوبەرگی لەبەر کردبوو، بە خشڵەوە دەگەڕا. تووشی نائومێدی کردم".
"پەرچەکردارەکانی هی خودی ساکینەیە، پێویستە پەرچەکرداری (PKK) بۆخۆی بە بنەما وەربگرێت".
"شێوازی بیرۆکراسیانەی هەیە، نایەتە ناو هەڤالانەوە".
"ئەریستۆکراتە، هەمیشە لەگەڵ هەڤالانی بەڕێوەبەرایەتی گفتوگۆی دەکات، لوت بەرزە".
"خۆی بە دادە و دایکی (PKK) دەزانێ، لەخۆباییە"...هتد
ئەمانە و زۆر رەخنە و پێناسەی تر کرا. هەڤاڵێکیش کە هەموو ئەو رەخنانە کاری تێکردبوو و گووتی: "بەر بەڵای خوا بکەوێت، بۆچی خۆی هێناوەتە ئەو ئاستەوە؟ خۆی وەهای کرد کە ئەم شتانەی پێ بگووترێت" و دانیشتەوە.
ئەی باشە من لە چی دۆخێکدا بووم؟ چەندە هەوڵمدەدا تا بەسەر زەویدا شۆڕنەبمەوە؟ هەر تفم قوتدەدایەوە. زۆر زۆرم لە خۆم دەکرد تا بە خوڕ نەگریم. ئەوجار (سەرۆک)یش ئامادە بوو، لەبەرامبەرمدا و لە ریزی پێشەوەدا دانیشتبوو. بەڕاستی زۆر زەحمەت بوو. یەکەمجار بوو تووشی دۆخێکی وەها دەبووم. (سەرۆک) زۆر رەخنەی بەرفراوانتر و قورستری هەبوون، بەڵام هیچ یەکێکیان بەو شێوەیە هەراسانی نەکردم.

[58]شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئەدەنەی تورکیایە، نزیکترین شارۆچکەی ئەدەنەیە لە شاری حاتای سەر سنووری سوریاوە.

هەڤاڵان تووڕەییان بەسەردا دەباراندم، منیش لەخۆم تووڕە بووم. هێنانەوەی هەموویان سەرەنجامێک بوو. بۆچی بە دۆخێکی وەها گەیشتبوو؟ بەڵێ، بۆچی، بۆچی، بۆچی؟... ئەم تووڕەبوونەم سەرەتا ئاراستەی خۆم کرد. دەمتوانی بەهێزتر پێشوازی لەقۆناخەکە بکەم. لەجیاتی ئەوەی بۆ دۆڕان و شکست بگریم و بکڕوزێمەوە، دەمتوانی هەر یەکێکیان بکەم بە پلیکانەی بەرەو سەرکەوتن و دەبووایە بەر لە هەموو شتێک خۆمم بەهێز بکردایە. چونکە گێرەشێوێن بە پشتبەستن بەناوی من هێرشی دەکرد و راستەوخۆش رووی کردبووە من.

دووژمن لە میدیاکانییەوە بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵی بڵاو دەکردەوە، پڕووپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە گوایە لەلایەن پارتییەوە کوژراوم و لەناوبراوم. ئەگەر کێشەکە لەناوبردنی من بووایە زۆر لەمێژبوو و هەر لە زیندان منیان لەناو دەبرد، ئەو لەناوبردنە لەوێ دەبوو بە دەرد و بەڵا بۆ خۆیان. بەڵام ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بکرێم بە دەرد و بەڵا بەسەر پارتییەوە و لەناو بردنم ئاسانتر دەبوو. دووژمن چاوەڕێی ئەنجامێکی وەهای دەکرد.

(سەرۆک) بەدرێژایی پلاتفۆرم چاودێری هەموو شتێکی دەکرد، بە ئارامی گوێی بۆ قسەکان شلکردبوو. دواجار داوای مافی قسەی لە دیوانی پلاتفۆرم کرد و دەستی بە قسە کرد. هەڤاڵ (نومان) کە گووتەبێژی دیوان بوو سوور هەڵگەڕا. چونکە (سەرۆک) وەکو هەر هەڤاڵێکی تر دەستی هەڵبڕی و داوای مافی قسەی کرد. لەبەردەم ئیرادەی دیوان زۆر بە رێزەوە و بە دڵنزمییەکی گەورەوە جوڵایەوە.

(سەرۆک) بەر لە هەموو شتێک رەخنەگرتنێکی بەوجۆرە چڕوپڕەی هەم وەک بێ چانسییەک لێکدەدایەوە و هەم

دەستنیشانی کرد کە راستییەکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ خۆیدا دەرخستۆتەڕوو.

کاتێک (سەرۆک) دەستی بە قسە کرد کەشوهەوا گۆڕا. توندی و سەختی شەڕ و ناکۆکییەکانی چەندین کاتژمێری رابردوو بە خاڵێکی وەها گەیشتبوو کە مەرج بوو سەرەتایەک دابنرێت و لەوێوە یەکە بە یەکەیان شیکار بکرێن و لە خاڵی پێویستدا جێگیر بکرێن. رێباز و ئامرازەکانیشی زۆر جیاواز و پێویست بوون. جیاوازییەکەی لێرەدا بوو. هەموو شتێکی لەناخی خۆیدا قووڵدەکردەوە، دەگەڕایەوە بۆ قووڵاییترین و سەرچاوەکەی، لەوێوە دەیخستە بەر لێکدانەوە و پەیوەندییەکانی دەدۆزییەوە ئەوجار دەیهێنایەوە بۆ رۆژی ئەمڕۆمان. رەخنەکانی لەلایەک هەژێنەر و هێزبەخش بوون، لەلایەکیش زۆر توند و بێ رەحمانە بوون. بەڵام نەیدەشکاندیت و پەرتەوازەی نەدەکردیت، هەرچەندە لە قووڵاییەوە هەست بە ئازارەکانیشی بکەیت، بەڵام هەر لەوێوە هێزی سەرەتایەکی بەهێز و مۆڕاڵی پێویست لەخۆتدا بەدی دەکەیت، نارووخێیت.

(سەرۆک) لە کەسایەتی خودی خۆتت تێدەگەیەنێت، وەهات لێدەکات لەناخی خۆتدا دان بە خۆتتدا بنێیت. ناتەواوی، چەوتی و بەلارێداچووەکانت تەختی زەوی دەکات، بەڵام دەستبەجێ جێگرەوەکانیشیت بۆ دەستنیشان دەکات. سەرکەوتنت بەسەردا دەسەپێنێت، جگە لەوە هیچ رێگە و دەرگەیەکی ترت بۆ ناهێڵێتەوە. لەکاتێکیشدا بەدوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێت کە سەرچاوەی لاوازییەکانن، رەش و سپی تێکەڵاو ناکات، وێرانکاری ناهێنێت، بەسەر تایبەتییەکاندا باز نادات، هەموو شتێک ناشیرین ناکات، بەهێڵێکی ئەستوور ناشیرین و جوان، راست و چەوت لێک جیادەکاتەوە. سۆز، خۆشەویستی و

پەیوەستی روون دەکاتەوە، پاشان پەیوەندییان لەگەڵ سیاسەت، شەڕ، ڕێکخستن و سەرکەوتن دەستنیشان دەکات. بە هێنانەوەی نموونە لە ژیانی خۆی، باس لەوەدەکات کە چۆن درێژەی بەو شەڕە داوە و لەم خاڵەدا چۆن خۆی پەروەردە کردووە و چۆن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

لەساتەوەختی وەهادا هەست و سۆزەکان خۆی لە خۆیدا یارییەکی شەڕ بوون، دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە هەست و سۆزدا؛ کردنەوەی سەرجەم مەمیلەکانی پێشکەوتنە بەڕووی شۆڕشدا. کاتێک (سەرۆک) قسەی دەکرد، دەتتوانی بەشێوەیەکی گشتی دەرک بەو راستییانە بکەیت. قۆناخەکانی رابردووم بەناو ململانێی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی سۆز و خۆشەویستیدا گوزەریان کردبوو. بەڵام (سەرۆک) ئەوەندە سەرنجڕاکێشانە پەیوەندی پراکتیکی ئەو قۆناخانەی لەگەڵ سیاسەت، ڕێکخستن، شەڕ و دووژمن دادەنا کە هەم بە زەحمەت تێدەگەیشتیت و هەم زۆر شتیشی لێوە فێر دەبوویت. چۆن کەسێک لەخۆیدا نوێنەرایەتی دەوڵەتی دەکرد، سەرۆکێکی دژبەر کە بە کولتووری کەمالیستی پێگەیەندرابێت، ژنێکی وەها چۆن نوێنەرایەتی (سەرۆک)ەکەی دەکرد؟ چۆن بە پێگەیەکی بەرنامەڕێژکراو، پیلانڕێژکراو و ڕێکخراو گەیەندرابوو؟ (کەسیرە) لە پێگەیەکی وەهادا بوو؟ هەڵسەنگاندنەکانی ساڵانی پێشووی (سەرۆک) لەگەڵ هەموو ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی (کەسیرە) کە وەبیرم دەهاتنەوە دەمهێنانە لای یەک و بیرم دەکردەوە. ئەویش رایکردبوو. (سەرۆک) ئەو هەموو ساڵە چۆن شەڕێکی لەگەڵ کردبوو؟ ئەمە چۆن پشوودرێژییەک بوو؟ هەوڵی تێگەیشتنی هەموو ئەمانەم دەدا و دەمویست بزانم چۆن پەیوەندییەک لەنێوان هەردوو رووداوەکەدا دروست بکەم؟ ئەی من؟ دەبووایە

چۆن بەپێچەوانەوە رووداوەکەم لێکبدایەتەوە؟ لەکام خاڵەوە و لەکوێوە دەستم بە بەراورد بکردایە؟

پلاتفۆڕمی رەخنەدانی کۆنفرانس زۆر قورس و بە ژان بوو. لە ساڵانی دواییدا لە زیندانیشدا لەکاتی رەخنەدانەکاندا هەوڵ و هەڵمەتی توند دەهاتنە ئاراوە. ئەگەرچی بەلای خۆمانەوە بە بەرفراوان و هەژێنەر دامان دەنا، بەڵام لێرە لێکدانەوەی کەسایەتی و کێشەکان لەناو گشتگیری راستینەی شەڕەکەماندا زۆر جیاوازتربوو. قۆناخی رەخنەدان لەهەندێک لە زیندانەکان تەنانەت چەند مانگێکی دەخایاند.

بەتایبەتیش لە زیندانی (جەیهان)، هەڤالان بە نامە لەو رەوشانەیان ئاگادار دەکردینەوە. تەنیا رەخنەدانەکەی (سەلیم) چەند هەفتەیەکی خایاندبوو. هەڵبەتە ئەوە نیشان نادات کە چەندە بە قووڵی لەسەر کێشەکان راوەستەکراوە و هەموو شتێک بە راست و ئەنجامگیرانە راپەڕێندراوە. لە راستیدا کێشەیەک هەبوو، ئەویش رێگەی پێدراوە تا شێوازی دیماگۆژی خۆی بنوێنێت و زەمینەی پلاتفۆرم بەو بارەدا پەلکێش بکات، کە ئەمەش ڕێگەدانە بە نواندنی تەرز و شێوازەکانی خودی (سەلیم) خۆی. هەمان قۆناخ لە زیندانی (چاناک کالە) تا رادەیەک لایەنی ئەرێنیانەتری هەبوو. شێوازی رەخنە و لێکدانەوەی کێشەکان تا رادەیەک گونجاو بوو بە راستینەی خۆمان، بەڵام لەوێش لە ئاستی وەرچەرخاندنی رادیکاڵانەی شۆڕشگێڕییانەدا بەهێز نەبووین.

نەخێر، هەموو شتێک زۆر جیاوازبوو، زۆر گۆڕابوو. تەرز و شێوازی (سەرۆک) جیاواز بوو. ئێمە لەلای خۆمانەوە تا دوایین ساتەکانیش جیاوازییەکی دەمارگیرانەمان لەنێوان کادیر و بنکەی گشتیدا دەکرد. زۆر لە شێوازی پەیوەندییەکانی

یەککاتدا بیر لە زۆر شت کراوەتەوە و دانراوە. دواجار قانیع بووم و دەستم کرد بە نووسینی نامەکە.

لە نامەکەدا بە (محەمەد) ناوم هێنا. چونکە (شەنەر) ناوێک بوو لەناوخۆی ڕێکخستندا بەکاری دەهێنا. پێشتر هەر بەو ناوە گوزارەم لێدەکرد. لە یەکێک لە گفتوگۆکانی ڕابردوومان‌دا کاری کردبووە سەرم و بۆ ماوەیەک ناوی (شەنەر)م نەبردبوو. پێم گووت: "تۆ محەمەدیت". چونکە ناوی (شەنەر) وەکو ناوێکی ڕێکخستنی بەکارهاتبوو، واتایەکی ئەرێنیم بەسەردا بارکردبوو. لەسەرەتای نامەکەدا بە ڕستەیەک ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆ نووسی و گووتم: "تۆ بەو بەها و نرخەت نەزانی کە من بەناوی شەنەرم دابوو، بۆیە بەکارم نەهێنا". پاشان گووتم: "دەزانرێت کە کێشە ناوخۆییەکانی پارتی چۆن چارەسەر دەکرێن و بە چۆن ڕێبازێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام تۆ ڕێگەیەکی ترت هەڵبژارد و پاساو بۆ ئەو کردارەت دەهێنیتەوە. ئەم کارەت هیچ بیانووێکی ڕەوا هەڵناگرێت. دەشێت شتگەلێک هەبن کە بەلاتەوە چەوت بن، دەتتوانی پەسندیشیان نەکەیت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە ڕێبازی ڕێکخستنی چارەسەریان بکەیت، ڕێگەی تەرککردنی ریزەکانی ڕێکخستنت هەڵبژارد کە بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات واتاکەیت بۆ ڕوون بکەمەوە. دەبێت ئەوە بڵێم کە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەرم. منیش گفتوگۆ و دەمەقاڵێ دەکەم، لەگەڵ دەوروبەرم شەڕ دەکەم، تەنانەت متمانەشم پێناکەن، هەستی پێدەکەم، بەڵام لەو بڕوایەدام کە هەموو ئەمانە بەپێی کات چارەسەر دەبن.

تا کۆتایی ئەم خولی پەروەردەیە، لێرەم. سەرۆک پێی گووتم کە دوای ئەم خولە دەنێردرێم بۆ خەباتی ناو گەل. هەم زمان فێردەبم و هەم کارکردن لەناو گەلدا، دەرفەتێکی باشە.

ئەگەریکی گەورە هەیە کە بنێردرێم بۆ جزیرە یان قامیشلۆ. ئەوکاتە دەرفەتی چاوپێکەوتنمان دەبێت. هیوادارم نەکەویتە دۆخی ترەوە. لەگەڵ سڵاوم. ساکینە.."

نامەکەم برد بۆ (سەرۆک) کە بیخوێنێتەوە. گووتی: "پێویست ناکات". سەرەڕای ئەوەش ناوەڕۆکەکەیم پێگووت و ئەویش گووتی: "باشە". بەڵام هێشتاش دڵئاسوودە نەبووم. گووتم: "دەمەوێت نمونەیەکی لەبەر بگرمەوە و وەکو بەڵگەیەک لەلای خۆم هەڵیگرم. سبەی رۆژ شتێکی تر روویدات، بەرگە ناگرم". لەو نێوەدا دەوروبەر کەس بە کەس نەبوو. زۆربوون ئەوانەی کە بەدوامدا دەگەڕان و دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن. کەمێکم لێ نووسییەوە، هێشتا تەواوم نەکرد و هەڵسام. ئەوانەی کە لە باشوورەوە هاتبوون دەیانویست قسەم لەگەڵ بکەن، ئەمەش بتەوێت و نەتەوێت دەیترساندم. بەنابەدڵی دەچووم بۆ لایان. با بە ئاشکرا بیڵێم؛ تۆزێکیش قەلەق بووم. جارێکیان دوو گەنج هاتن بۆ لام، گووتیان کە دەیانەوێت لەشوێنێکی تر قسەم لەگەڵ بکەن. لە شوێنێکی تەنیا راوەستان. من بە بیانووی نەزانینی کورمانجی تۆزێک خلافاندنم و گووتم: "با هەڤاڵێکی تر بێت و وەرگێڕیمان بۆ بکات" کەچی گووتیان: "یەکتر حاڵی دەکەین"، رازی نەبووم و هەتا چووم هەڤاڵێکی ترم هێنا ئەوان رۆیشتبوون. ئەمەش گومانی لەلا دروست کردم. پاشان دۆزیمانەوە، قسەی زۆر ئاساییان هەبوو. گووتیان کە منیان بە بەرخودانی زیندان ناسیوە، لە گۆڤارەکاندا گووتارەکانمیان خوێندۆتەوە و مەراقیان لەلا دروست بووە. کەسانێکی زۆری وەکو ئەمانە هەبوون و بەدوامدا دەگەڕان و پرسیاریان دەکردم.

رۆژی دواتر چووم بۆ گەڕان بەدوای ئەو کچۆڵەیەدا کە نامەکەی پێدام. راستییەکەی چوومە ناو ژنانەوە. هەلێکم

ڕەخساند تا بمدۆزێتەوە و قسەم لەگەڵ بکات. هات، نامەکەم پێدا و گووتی: "ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنت پێویستە، با ژمارەیەکت پێ بدەم". ژمارەکەم لێوەرگرت، پرسیارێکی زۆر سەیری لێکردم. گووتی: "جگەرە دەکێشیت؟" ئەو نەیدەزانی کە جگەرە دەکێشم یان نا، ئاشکرایە ئەم پرسیارە پرسیاری (شەنەر)بوو و ئەو کچۆڵەیە لێی دەکردم. لەدوای قۆناخ و بەسەرهاتەکانی 1984 وازم لە جگەرە هێنابوو، جگە لە ڕۆژی ئاشکرابوونی تونێلەکە جگەرەم نەکێشا. ئاشکرابوونی تونێلەکە کاری لێکردم. لەوە بەدوا شتی زۆر بە ئازارم دەبیست، بەڵام هیچ یەکێکیان نەبوون بە مایەی جگەرەکێشانم. بڕیارداریيەک بوو، لاوازیم نەکرد. هەوڵی (شەنەر) بۆ زانینی تەنانەت جگەرە کێشان و نەکێشانم، بابەتێکی گرنگ بوو. تاچەند توانیبووم دانبەخۆمدا بگرم! سەرلەنوێ دەستبردنەوە بۆ جگەرە، شکاندنی بڕیارێک بوو، دۆڕانێک بوو، ئانی لاوازییەک بوو، بێ چارەیی و نائومێدییەک بوو...هتد. بۆ هەموو جۆرە شیرۆڤەیەکیش کراوەبوو. بەڵام من جگەرەم نەکێشابوو و نەمکێشا. بەڵێ تا ئەوکاتەش سەرکەوتوبووم لە نەکێشانیشیدا. سووربوون و پێداگیریم لەو بابەتەدا باش و ئەرێنی بوو.

کەواتە سەرەڕای هەموو شتێک دەستم لە خۆم بەرنەدابوو. لەوانەیە بە شتێکی زۆر ئاسایی لێکبدرێتەوە، بەڵام جگەرەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە تاکەکەس پێویستە خۆی لەسەر تاقی بکاتەوە. ئەگەر بتوانێت ئاڵودەبوون تێکبشکێنێت، خۆی لەو خووە ڕزگار بکات، سەرەنجامەکەی بەدەستهێنانی دۆخێکی ئەرێنییانەی ڕۆحی دەبێت کە کاریگەری لەسەر چۆنێتی خوێندنەوە و ڕەفتارەکانی تریشی دەکات. لەسەرەنجامی ئەوانەشدا بە بڕیارێکی پراکتیکی ئەرێنی دەگات. پرسیاری

جگەرەم پشتگوێ نەخست، بیرم لێکردەوە. هەرچەندە بڵێم: "نەخێر، من ناکەوم، من بێ چارە نییم" و هەوڵی خۆ قانیعکردنیش بدەم، ڕووداوەکان کاریان تێدەکردم.

ئەمەشم بەتەنیا وەک هەڵوێستێک لێکنەدەدایەوە. شێوازێکی شەڕەکەم بوو لەبەرامبەر بە (شەنەر)، لێرەدا نامەکە ڕۆڵی دەبینی کە هەر چەندە شوێنێکی زۆر گرنگیشی نەبێت. لەم واتایەدا پارتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی دەکرد، گۆڕەپانەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبار و گونجاو بوو. دەرک کردن بەم ڕاستییە، دەرخستنی کێشەکان لە خاڵە بەرتەسکەکانی کەسێتی و بەهەندوەرگرتنی چارەسەرکردنیان بە گشتگیریی لەگەڵ هەڵوێستی گشتی ڕێکخستندا، مسۆگەر ڕێگەی لە ئەندێشە و نیگەرانی نابەجێ و شەکەت بوون دەگرت. ئەگەر چەوتیش بێت وەک کردەیەک دەبووەماڵی ڕێکخستن. چەوت یان ڕاست، لەبەردەم ئەنجامەکانیدا بە بەرپرسیارێتی هاوبەشەوە وەڵام دەدرایەوە. ئەگەرنا کەسێتییەک بەتەنیا ئەگەر زۆر سۆز و نیازی زۆر جوانیشی هەبووایە ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەست نەدەهێنا.

جارێکیان گووتیان: "دەکرێت تەلەفۆن تاقی بکرێتەوە". وا بیر دەکرایەوە لەگەڵ (ک..) بچم بۆ بارلێس، پاشان پاشگەز بووینەوە.

پیرۆزباییەکانی 15ی ئاب کەش و هەوای گۆڕی. جەماوەر بە کۆمەڵەی سەدان کەسییەوە دەهاتنە ناو خێوەتی کۆنفرانسەوە و ئێمەش بە گووتاری کورت کورت هەوڵمان دەدا ئامانجی کۆنفرانسی بەرخودانی زیندان و ئاستی گێرەشێوێنییەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە. (سەرۆک) وەک هەمیشە هەوڵیدەدا هەلومەرجەکە بە باشترین شێوە هەڵسەنگێنێت. لەم

ڕێگەیەشەوە هەم ئێمەشی دەخستە ناو بیرکردنەوە و قاڵبوونەوە و هەم لەبەردەم گەلەکەماندا دەیخستینە ناو لەخۆپرسینەوەیەکەوە، بەمەش هەوڵیدەدا زیاتر لە هەلومەرجەکەمان تێبگەیەنێت و شتێک بکات کە خۆمان زیاتر شیکاری بکەین.

کەسێک کە نەیتوانیبا ڕقئەستوورییەک لەخۆیدا بشکێنێت، لەبەردەم گەل و خەڵکدا، لە بەردەم هەر چالاکییەکی کردەیی پەیوەستداردا دەیشکاند. بەرپرسیارانەتر، تێگەیشتووانەتر، پێوانەدارتر دەبوو و نەیدەیویست بکەوێتە دۆخێکی تاکڕەوی و خۆپەرستانەوە، لێرەشەوە دەیتوانی بەدیهێنانێکی ئەرێنی لە کەسێتی خۆیدا بونیاد بنێت.

کۆبوونەوە و گردبوونەوەی ناو خێوەتەکان کاریگەری لەسەر جەماوەریش دەکرد. بێگومان زەحمەتی و چەرمەسەرییەکانی نەزانینی کورمانجی لێرەش خۆی نواندەوە. قسەکردن بۆ خەڵک بە نێوانگیریی وەرگێڕ، سەختترین کار بوو لە دونیادا. دڵگران بووم کە نەمدەتوانی بیر و بۆچوونەکانم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگەیەنم. هەڵبەتە خەڵکیش لەوێکانەدا دەسبەجێ لەم بوارەدا ڕەخنەیان کردم. دەیانگووت: "بەکوردی قسەت بکردایە باشتر دەبوو"، بێ ئەملاو ئەولا یەکە بە یەکەی کۆمەڵەکەیان ئەم ڕەخنەیان لێگرتووم. بەتایبەتیش بۆ جەماوەرمان لە باشووری ڕۆژئاوا، باسێکی زۆری بەرخودانییەکانی زیندان کرابوو. لە گۆڤارەکاندا، لە خەباتی ڕێکخستنی دا چەندین ساڵی رابردوو باس لە زیندان کرابوو.

کاریگەرییەکی جددی لە ئارادا بوو. خۆڕسکانە پەیوەستی و ڕێزێک دروست ببوو. بەڵام بەهۆی گێرەشێوێنییەکانی ئەم دواییانەوە ڕەهەندی ئەو کاریگەرییەش گۆڕانی بەسەردا هاتبوو.

چونکە بە ئەندازەیەک زیندان کرابوو بە سەرمایە و بەکارهێنرابوو. ناوی شەهیدان بەکارهێنرابوو، بە بەکارهێنانی لایەنی سۆزداریی، بەرتەسک و رووکەشیانەی خەڵکەکەمان، هەوڵیاندا شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و قێزەونی پەیوەستکردن و پابەندکردنیان بە کەسێتی خۆیانەوە بەکاربهێنن.

سەیر بوو، هەموو کەسێک سەرەتا پرسیاری (مەزڵوم)یان دەکرد پاشانیش (شەنەر)، پرسیاری بەرخودانی، کەسێتی و تایبەتمەندییەکانی (مەزڵوم)یان دەکرد. پاشان پرسیاری وەک "شەنەر لە زیندان چۆنبوو؟ بۆچی رایکرد؟"یان دەکرد. ئاشکرایە کە (شەنەر) ناوی (مەزڵوم)ی زۆر بەکارهێنابوو. ئەوجا بەشێوەیەکی زۆر ساختەکارانە! لە شیعرەکەیدا بۆ من گووتبووی: "خۆشەویستیم بۆ تۆ، وەکو خۆشەویستییەکەمە بۆ مەزڵوم". کەسی بەوەندەی (مەزڵوم) خۆش نەویستبوو. تەنیا من نەبێت کە لەو ئاستەدا خۆشیویستووم! ئەمەیە پێیدەڵێن خیانەت و تەڵەی گەورەی سیاسی ژێر ساختەکاری.

بەڵێ؛ تێگەیشتن لە رووی ناوەوەی خیانەت و باسکردنی بۆ خەڵک، ئەرکێکی سەرەکی بوو. ئاڵۆزی و چڕیی ناکۆکییەکان رۆڵی گۆڕانکاری مسۆگەری دەگێڕا. یاسای دیالێکتیکی ژیان، بەدەر لە نیاز و نییەتی کەسەکان، بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشانە هۆکار و ئەنجامی رووداوەکانی ئاشکرا دەکرد. تاکیش بەئەندازەی بەرجەستەکردنی ئەم یاسایە لەخۆیدا، ئاڵۆزییەکانی تێپەڕ دەکرد. بەپێچەوانەوە رزگاری نەدەبوو.

تا چەند رووی ئاستی چۆن و چەندێتی گێرشێوێنەکە ئاشکرا ببووایە و ئامانجەکانی روون ببوونایەتەوە، ئاستی لەخۆپرسینەوەشم دەگۆڕا. لەهەندێک بابەتدا هەرچەندە

هەڵسەنگاندن و رەخنەکانیش مایەی هەرسکردنیش نەبوونایە، بەڵام بەرژەوەندی ڕێکخستنم بە بنەما وەردەگرت. بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە رۆژانە بەشێوەیەکی راست و دروست ئاوێتەی یەکانگیربوون و گشتگیربوون ببیت، لایەنە دژبەرییەکانی ناو ژیان تێپەڕ بکەیت و ئاستی تێگەیشتن بە کردار بگەیەنیت. هەر چەندە لەئاستی بەشداریکردن لە سیستەمی ڕێکاری گشتی و کاری پراکتیکی رۆژانەدا کێشەیەک لە ئارادا نەبوو، بە حەز و خۆشەویستییەوە هەمووشیانم دەکرد، بەڵام ناتەواوی و بەهەڵەداچوونی جددی لە ئاستی مۆڕاڵ، قووڵتر تاووتوێکردنی کێشەکان، گەیشتن بە ئەنجامی بەهێز و بەدەستهێنانی پێوانە سیاسییەکانیدا هەبوو.

لە راستیدا کار و خەباتی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرخودانی زیندان، خۆی لە خۆیدا بەرپرسیارێتییەکی جددی هەڵگرتبوو. لەبەرامبەریشدا هەستکردن بە قورساییەکە، خواستی ئەنجامگیربوونی بەهێز و بیرکردنەوە و قاڵبوونەوەیەکیشە لەم بوارەدا لەئارادبوون. راپەڕاندنی کار و خەباتی ئامادەکاری کۆنفرانس نزیکەی (40) رۆژێکی خایاند. (سەرۆک) بەشێوەیەکی بەردەوام و بە ئامانجی رۆشنکردنەوەی کار و خەباتەکە و هاوکاربوون، شیکاری دەکرد و دیالۆگی لەگەڵ دەکردین. هاوکات ئێمەش لەنێو خۆماندا گفتوگۆمان دەکرد کە هەرچەند کەم ڕێبازیش بێت. بە قۆناخەکاندا دەچووینەوە. "سیاسەتی بەرخودانیمان لە زیندان چی بوو؟ تا چەند توانیمان نوێنەرایەتی بکەین؟ چەند لێی دابڕاین و دوورکەوتینەوە؟ پێکهاتەی ڕێکخستنیمان لە چ ئاستێکدا بوو؟ ناوەڕۆکی چالاکییەکان چی بوو؟ روانگەمان بۆ دەرەوە چی بوو؟" ئەمە و چەندین پرسیاری ترمان لەهەمان بواردا لەخۆمان دەکرد. لە لایەکی تریشەوە هەر

لەو ڕۆژانەدا ڕاپۆرتی کەسێتی و ڕاپۆرتی گشتیشمان نووسی. بە هاوبەشی و کاربەشی ڕاپۆرتی گشتی و ڕەشنووسی بڕیارنامەمان نووسی و تەواومانکرد. لەم بابەتانەدا لایەنە ناکۆک و ناتەباکانیشمان ئاشکرا دەبوون.

هەروەها جیاوازی ڕوانگەیان هەبوو لە بابەتەکانی تری وەک لێکدانەوەی چالاکییەکانی بەرخودان لەسەر بنەمای هەلومەرجەکانیان، چۆنی و چەندێتی ئاستی گرووپ گرووپێنەکان و ئەنجامەکانیان و چەند بابەتێکی تردا. پێداگیربووم لەسەر پێناسەکەم بۆ ڕووداوی (فوئاد چاقگین) و کاریگەرییەکانی و دەمگووت: "پێکهاتەی ڕێکخستنیمان هەرچەندە کەموکورتیشی هەبێت، ڕووداوەکەی فوئاد کودەتایەک بوو لەبەرامبەر بە ڕێکخستن" لە ئاستێکدابوو کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێکهاتەی ڕێکخستنیمانی لەزیندان بەخۆیەوە سەرقاڵ و تووشی زەحمەتی کرد.

(فوئاد) لە ڕۆژانی کۆنفرانسیشدا هەوڵیدەدا خۆی بشارێتەوە و دەوروبەرێک بۆ خۆی دروست بکات. شتێکی پەنهان و شاراوە نەبوو. نە ئەو قۆناخە و نە قۆناخی دوای دەرکەوتنیشی لە زیندان بەشێوەیەکی ڕاست دەستنیشان دەکرد. ڕاشکاو و دروست نەبوو. دوای ئەوەی (سەرۆک) باسی لە ئامانجی (شەنەر) لە هەوڵە تێکدەرییانەکەی لە دژی بەرخودانی گرێ سۆر[56] - جورنەڕەش[57] کرد و ئەوەی خستەڕوو کە چۆن ویستوێتی بنکەی ڕێکخستنی بۆخۆی بەکاربهێنێت، (فوئاد)یش ئەمەی بە هەل زانی و دەستی کرد بە هەوڵی خۆ خاوێن

---

[56] شارۆچکەیەکی سەر بەپارێزگەی ڕۆحای باکووری کوردستانە و دەوڵەتی تورک بە سیفەرەک ناوزەدی کردووە.

[57] شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگەی ڕۆحای باکووری کوردستانە و دەوڵەتی تورک بە حیلوان ناوزەدی کردووە.

نیشاندان. پێداگیربوونە بەردەوامەکەی منیش لەسەر رەخنەکانم سەبارەت بەو بابەتە؛ سەرەنجی هەموو هەڤاڵانی بۆ سەر (فوئاد) راکێشا. ئەویش بۆ مایەپووچکردنی قسەکانم هەڵمەتێکی گەورەی هێنا. ژێر بە ژێر ئەوەی بڵاودەکردەوە کە من چەندە لایەنگری (شەنەر)م. ئەو پێشداوەری و کاردانەوانەی دەورووژاند کە خۆی لەخۆیدا لە ئارادابوون، دەیویست ئەوانە بەکار بهێنێت.

لە راپۆرتی رەخنەدانەکەیدا خۆی لە ناوەندی هەموو شتێکدا جێگر کردبوو. هەوڵی دەدا هەر لە شەهیدبوونی هەڤاڵ (خەلیل چاڤگوین) تا بە کەمئەندامبوونی خۆی، هەموو شتێک بەکار بهێنێت. خۆی بە راست و رێکترین خاوەنداری (PKK) و کەسانی تریشی بە دژە پارتی رادەگەیاند. شێوازێکی زۆر دووڕووییانەی بەهەند وەرگرتبوو. نەخۆشی و ناتەواوی جەستەی خۆی زیاتر دەخستە ناوچاوانەوە، خۆی داماو دەکرد و بەمەش سەنگەرێکی لەبەردەم هەر ئەگەری رەخنەکردن و بەسەرداچوونێکدا دروست دەکرد. (سەرۆک) هەستی بە دۆخەکە دەکرد. دەیویست باشتر روون ببێتەوە. بە رەچاوکردنی دۆخی تەندروستی و مۆراڵی، نەیویست زۆر بە توندی بەسەریدا بچێت، بەڵام رەخنەشی لە هەڵسەنگاندنی ناو راپۆرتی رەخنەدان و خۆهەڵسەنگاندنەکانی کرد. کە زۆریشی نەبرد (فوئاد)یش ئاشکرا بوو.

پلاتفۆڕمی رەخنەدانمان زۆر گەرم و گوڕ بوو. (سەرۆک) لە پلاتفۆرمی هەندێکماندا ئامادە بوو. راپۆرتەکەی من تا بڵێی درێژ بوو. بە شێوازی جارانم نووسی بووم. بە هەموو وردەکارییەکانییەوە خستبوومەڕوو. هەتا ئەو رۆژە زۆر راپۆرتی زانیاری، نامە و راپۆرتی رەخنەدانم پێشکەشی (سەرۆک) کردبوو. هەمووشیان درێژ و پڕ لە وردەکاری بوون،

وەک رۆژنووسێکی یادەوەری بوو و دەشموویست هەموو رۆژەکانیان تیادا روون بکەمەوە. دوای دەرکەوتنم لە زیندان، قۆناخی رابردووم بە هەموو وردەکارییەکانییەوە کردبوو بە راپۆرت و پێشکەشم کرد. بەتایبەتی سەپاندنی فەرمییەت و هەوڵی ریفۆرمیزەکردنی هێڵی رێکخستنی لەلایەن گێرەشێوێنانەوە، کار و خەباتی بواری فەرمی خستبووە بەر باسەوە. راستەوخۆ و بە ئاشکرا بەشداریم لە زۆرێک لە کاروبارەکان دەکرد و هەوڵمدەدا کارابم لە راپەڕاندندا، ئەمەش سەرنجی ئەوانی بەلای مندا راکێشابوو. بەو رۆحەوە سڵاوم لەکێ کردبێت و لەگەڵ کێ چۆن کارێکمان کردبێت هەموویم باسکرد. بە هەمان شێوە لە راپۆرتەکەمدا بۆ پلاتفۆرم، لە پەیوەندییەکانی کەسوکار و دەوروبەرمەوە تا هاتنم بۆ ئەکادیمیا، هەموو ساڵەکانم نووسی بووەوە. تەنانەت هەڤاڵان رەخنەی ئەوەیان لێگرتم گووتیان: "رۆمانی نووسیوە، دەڵێی چیرۆک دەگێڕێتەوە، وەکو سیناریۆ نووسیویەتی...هتد".

ئەمانە رەخنەی گشتی بوون سەبارەت بە راپۆرتەکە. بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەمجۆرە لێکدانەوەی راپۆرتەکە بەشی ئەوەی دەکرد کاریگەری لەسەر پێشهاتەکانیش بکات. هێشتا خوێندنەوەی راپۆرتەکەم تەواو نەکرد و رەخنەیان کردم. (سەرۆک)یش گووتی: "با ئەوەی ماوەتەوە بە زارەکی بیڵێت" و هەوڵمدا بە زارەکی تەواوی بکەم. ئەوجار لەکوێ؟ دەستوەردانێکی بەوجۆرە کاری کردبووە سەرم. تۆزێک بە تووڕەییەوە گووتم: "ئیتر باس بکەم؟ جگە لە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو شتانە، هیچم نییە بیانڵێم". لەلای منیش پێشداوەرییەکی بەمجۆرەش دروست ببوو: هەر چییەکیش باس بکەم، هەر چۆنێک بێت هەڤاڵان بەهەمان داوەرییەوە قسە و

شیرۆڤەی خۆیان دەکەن!.. بەم داوەرییەشەوە هەندێک شتم بە زارەکیش باس کرد. بەڵام بەشێوەیەکی سیستەمیانە نەبوو، پەرتەوازە و لە شێوازێک تێپەڕی نەکرد کە لەجیاتی دانانی خاڵە بنچینەییەکان، روونکردنەوەی دیاردەکانی هەڵگرتبوو.

لە گفتوگۆکانی تری کۆنفرانسەکەدا لەسەر خاڵەکانی تریشی کێشە دروست ببوون. بە زۆرێک لەو خاڵانە رازی نەبووم کە لە راپۆرتی گشتیدا دەستنیشان کرابوون. رەخنەم کرد و زۆر خاڵ هەبوون کە لەبارەیانەوە دەمگووت: "لەم خاڵەدا قانیع نیم بۆ بەرژەوەندی پارتی دەنگی لەسەر دەدەم" و ئەم هەڵوێستەشم خۆی لە خۆیدا کاردانەوەی دروست کردبوو. زیاتر لە (40) هەڤاڵ رەخنەیان کردم. بەگشتی نزیکەی (8) کاتژمێر بەپێیوە راوەستام.

رەخنەی بەجێ و هەڵگری خەم و نیگەرانی رێکخستنیش هەبوون، ئەوانە هەژێنەر بوون، بەڵام شەکەت و وەڕەسکار نەبوون. لەلایەکی ترەوە هەندێک رەخنەش هەبوون کە بەڕاستیش مرۆڤی وەڕس و لەهێز دەخست. رەخنەی زۆر سەیر و زۆر نابابەتییانە بوون. بنەمایان بۆ دەنگۆ، کاردانەوە، ئەگەر و پێشداوەری کەسەکان دەگەڕایەوە. وەک:

"لە زیندانەکاندا دۆخی وەک ئەشقایەتی کۆشک و سەراکان دەژیان".

"نەک لە دەرەوە، هێشتا لە ژیانی زیندان دا دەژیێ".

"... مرۆڤ کەسێکی خۆش دەوێت، سارا لە کاتێکدا چوار – پێنج کەسی خۆشویستووە. با ئەمە روون بکاتەوە!".

" لە بواری سیاسی و فەرمیدا ماوەیەک پێکەوە کارمان کرد، هێندەی نەمابوو بە زۆنگاوی ئەو فەرمییەتەدا رۆبچم، بەزۆر رزگارم بوو".

"بۆچی دەستی لە حاملی بەردا و شەنەری خۆشویست؟".
"لەزیندان جیا بوو و کە هاتە دەرەوەی زیندان گۆڕا.
ئەوانەی لەبەردەم زیندانی (جەیهان)[58] بینیبوویان دەیانگووت وەکو ژنە بۆرژواکان جل و بەرگی پۆشی بوو".
"لە ئەورووپا بینیم، وەکو هەموو کەسانی بۆرژوازی بچووک جلوبەرگی لەبەر کردبوو، بە خشڵەوە دەگەڕا. تووشی نائومێدی کردم".
"پەرچەکردارەکانی هی خودی ساکینەیە، پێویستە پەرچەکرداری (PKK) بۆخۆی بە بنەما وەربگرێت".
"شێوازی بیرۆکراسیانەی هەیە، نایەتە ناو هەڤاڵانەوە".
"ئەریستۆکراتە، هەمیشە لەگەڵ هەڤاڵانی بەرێوەبەرایەتی گفتوگۆی دەکات، لوت بەرزە".
"خۆی بە دادە و دایکی (PKK) دەزانێ، لەخۆباییە."...هتد
ئەمانە و زۆر رەخنە و پێناسەی تر کرا. هەڤاڵێکیش کە هەموو ئەو رەخنانە کاری تێکردبوو و گووتی: "بەر بەڵای خوا بکەوێت، بۆچی خۆی هێناوەتە ئەو ئاستەوە؟ خۆی وەهای کرد کە ئەم شتانەی پێ بگووترێت" و دانیشتەوە.
ئەی باشە من لە چی دۆخێکدا بووم؟ چەندە هەوڵمدەدا تا بەسەر زەویدا شۆڕنەبمەوە؟ هەر تفم قوتدەدایەوە. زۆر زۆرم لە خۆم دەکرد تا بە خوڕ نەگریم. ئەوجار (سەرۆک)یش ئامادە بوو، لەبەرامبەرمدا و لە ریزی پێشەوەدا دانیشتبوو. بەڕاستی زۆر زەحمەت بوو. یەکەمجار بوو تووشی دۆخێکی وەها دەبووم. (سەرۆک) زۆر رەخنەی بەرفراوانتر و قورستری هەبوون، بەڵام هیچ یەکێکیان بەو شێوەیە هەراسانی نەکردم.

[58] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری ئەدەنەی تورکیایە، نزیکترین شارۆچکەی ئەدەنەیە لە شاری حاتای سەر سنووری سوریاوە.

هەڤالان توورەییان بەسەردا دەباراندم، منیش لەخۆم توورە بووم. هێنانەوەی هەموویان سەرەنجامێک بوو. بۆچی بە دۆخێکی وەها گەیشتبوو؟ بەڵێ، بۆچی، بۆچی، بۆچی؟... ئەم توورەبوونەم سەرەتا ئاراستەی خۆم کرد. دەمتوانی بەهێزتر پێشوازی لەقۆناخەکە بکەم. لەجیاتی ئەوەی بۆ دۆڕان و شکست بگریم و بکڕوزێمەوە، دەمتوانی هەر یەکێکیان بکەم بە پلیکانەی بەرەو سەرکەوتن و دەبووایە بەر لە هەموو شتێک خۆمم بەهێز بکردایە. چونکە گێرەشێوێن بە پشتبەستن بەناوی من هێرشی دەکرد و راستەوخۆش رووی کردبووە من.

دووژمن لە میدیاکانییەوە بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵی بڵاو دەکردەوە، پڕووپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە گوایە لەلایەن پارتییەوە کوژراوم و لەناوبراوم. ئەگەر کێشەکە لەناوبردنی من بووایە زۆر لەمێژبوو و هەر لە زیندان منیان لەناو دەبرد، ئەو لەناوبردنە لەوێ دەبوو بە دەرد و بەڵا بۆ خۆیان. بەڵام ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بکرێم بە دەرد و بەڵا بەسەر پارتییەوە و لەناو بردنم ئاسانتر دەبوو. دووژمن چاوەڕێی ئەنجامێکی وەهای دەکرد.

(سەرۆک) بەدرێژایی پلاتفۆرم چاودێری هەموو شتێکی دەکرد، بە ئارامی گوێی بۆ قسەکان شلکردبوو. دواجار داوای مافی قسەی لە دیوانی پلاتفۆرم کرد و دەستی بە قسە کرد. هەڤاڵ (نومان) کە گووتەبێژی دیوان بوو سوور هەڵگەڕا. چونکە (سەرۆک) وەکو هەر هەڤاڵێکی تر دەستی هەڵبڕی و داوای مافی قسەی کرد. لەبەردەم ئیرادەی دیوان زۆر بە ڕێزەوە و بە دڵنزمییەکی گەورەوە جوڵایەوە.

(سەرۆک) بەر لە هەموو شتێک ڕەخنەگرتنێکی بەوجۆرە چڕوپڕەی هەم وەک بێ چانسییەک لێکدەدایەوە و هەم

دەستنیشانی کرد کە راستییەکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ خۆیدا دەرخستۆتەڕوو.

کاتێک (سەرۆک) دەستی بە قسە کرد کەشوهەوا گۆڕا. توندی و سەختی شەڕ و ناکۆکییەکانی چەندین کاتژمێری رابردوو بە خاڵێکی وەها گەیشتبوو کە مەرج بوو سەرەتایەک دابنرێت و لەوێوە یەکە بە یەکەیان شیکار بکرێن و لە خاڵی پێویستدا جێگیر بکرێن. رێباز و ئامرازەکانیشی زۆر جیاواز و پێویست بوون. جیاوازییەکەی لێرەدا بوو. هەموو شتێکی لەناخی خۆیدا قووڵدەکردەوە، دەگەڕایەوە بۆ قووڵاییترین و سەرچاوەکەی، لەوێوە دەیخستە بەر لێکدانەوە و پەیوەندییەکانی دەدۆزییەوە ئەوجار دەیهێنایەوە بۆ رۆژی ئەمڕۆمان. رەخنەکانی لەلایەک هەژێنەر و هێزبەخش بوون، لەلایەکیش زۆر توند و بێ رەحمانە بوون. بەڵام نەیدەشکاندیت و پەرتەوازەی نەدەکردیت، هەرچەندە لە قووڵاییەوە هەست بە ئازارەکانیشی بکەیت، بەڵام هەر لەوێوە هێزی سەرەتایەکی بەهێز و مۆراڵی پێویست لەخۆتدا بەدی دەکەیت، ناڕووخێیت.

(سەرۆک) لە کەسایەتی خودی خۆتت تێدەگەیەنێت، وەهات لێدەکات لەناخی خۆتدا دان بە خۆتتدا بنێیت. ناتەواوی، چەوتی و بەلاڕێداچووەکانت تەختی زەوی دەکات، بەڵام دەستبەجێ جێگرەوەکانیشیت بۆ دەستنیشان دەکات. سەرکەوتنت بەسەردا دەسەپێنێت، جگە لەوە هیچ رێگە و دەرگەیەکی ترت بۆ ناهێڵێتەوە. لەکاتێکیشدا بەدوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێت کە سەرچاوەی لاوازییەکانن، رەش و سپی تێکەڵاو ناکات، وێرانکاری ناهێنێت، بەسەر تایبەتییەکاندا باز نادات، هەموو شتێک ناشیرین ناکات، بەهێڵێکی ئەستوور ناشیرین و جوان، راست و چەوت لێک جیادەکاتەوە. سۆز، خۆشەویستی و

پەیوەستی روون دەکاتەوە، پاشان پەیوەندییان لەگەڵ سیاسەت، شەڕ، ڕێکخستن و سەرکەوتن دەستنیشان دەکات. بە هێنانەوەی نموونە لە ژیانی خۆی، باس لەوەدەکات کە چۆن درێژەی بەو شەڕە داوە و لەم خاڵەدا چۆن خۆی پەروەردە کردووە و چۆن سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

لەساتەوەختی وەهادا هەست و سۆزەکان خۆی لە خۆیدا یارییەکی شەڕ بوون، دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە هەست و سۆزدا؛ کردنەوەی سەرجەم مەمیلەکانی پێشکەوتنە بەڕووی شۆڕشدا. کاتێک (سەرۆک) قسەی دەکرد، دەتتوانی بەشێوەیەکی گشتی دەرک بەو راستییانە بکەیت. قۆناخەکانی رابردووم بەناو ململانێی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی سۆز و خۆشەویستیدا گوزەریان کردبوو. بەڵام (سەرۆک) ئەوەندە سەرنجراکێشانە پەیوەندی پراکتیکی ئەو قۆناخانەی لەگەڵ سیاسەت، ڕێکخستن، شەڕ و دووژمن دادەنا کە هەم بە زەحمەت تێدەگەیشتیت و هەم زۆر شتیشی لێوە فێر دەبوویت. چۆن کەسێک لەخۆیدا نوێنەرایەتی دەوڵەتی دەکرد، سەرۆکێکی دژبەر کە بە کولتووری کەمالیستی پێگەیەندرابێت، ژنێکی وەها چۆن نوێنەرایەتی (سەرۆک)ەکەی دەکرد؟ چۆن بە پێگەیەکی بەرنامەڕێژکراو، پیلانڕێژکراو و ڕێکخراو گەیەندرابوو؟ (کەسیرە) لە پێگەیەکی وەهادا بوو؟ هەڵسەنگاندنەکانی ساڵانی پێشووی (سەرۆک) لەگەڵ هەموو ئەو هەڵوێست و رەفتارانەی (کەسیرە) کە وەبیرم دەهاتنەوە دەمهێنانە لای یەک و بیرم دەکردەوە. ئەویش رایکردبوو. (سەرۆک) ئەو هەموو ساڵە چۆن شەڕێکی لەگەڵ کردبوو؟ ئەمە چۆن پشوودرێژییەک بوو؟ هەوڵی تێگەیشتنی هەموو ئەمانەم دەدا و دەمویست بزانم چۆن پەیوەندییەک لەنێوان هەردوو رووداوەکەدا دروست بکەم؟ ئەی من؟ دەبووایە

چۆن بەپێچەوانەوە ڕووداوەکەم لێکبدایەتەوە؟ لەکام خاڵەوە و لەکوێوە دەستم بە بەراورد بکردایە؟

پلاتفۆڕمی ڕەخنەدانی کۆنفرانس زۆر قورس و بە ژان بوو. لە ساڵانی دواییدا لە زیندانیشدا لەکاتی ڕەخنەدانەکاندا هەوڵ و هەڵمەتی توند دەهاتنە ئاراوە. ئەگەرچی بەلای خۆمانەوە بە بەرفراوان و هەژێنەر دامان دەنا، بەڵام لێرە لێکدانەوەی کەسایەتی و کێشەکان لەناو گشتگیری ڕاستینەی شەڕەکەماندا زۆر جیاوازتربوو. قۆناخی ڕەخنەدان لەهەندێک لە زیندانەکان تەنانەت چەند مانگێکی دەخایاند.

بەتایبەتیش لە زیندانی (جەیهان)، هەڤاڵان بە نامە لەو ڕەوشانەیان ئاگادار دەکردینەوە. تەنیا ڕەخنەدانەکەی (سەلیم) چەند هەفتەیەکی خایاندبوو. هەڵبەتە ئەوە نیشان نادات کە چەندە بە قووڵی لەسەر کێشەکان ڕاوەستەکراوە و هەموو شتێک بە ڕاست و ئەنجامگیرانە ڕاپەڕێندراوە. لە ڕاستیدا کێشەیەک هەبوو، ئەویش ڕێگەی پێدراوە تا شێوازی دیماگۆژی خۆی بنوێنێت و زەمینەی پلاتفۆرم بەو بارەدا پەلکێش بکات، کە ئەمەش ڕێگەدانە بە نواندنی تەرز و شێوازەکانی خودی (سەلیم) خۆی. هەمان قۆناخ لە زیندانی (چاناک کالە) تا ڕادەیەک لایەنی ئەرێنیانەتری هەبوو. شێوازی ڕەخنە و لێکدانەوەی کێشەکان تا ڕادەیەک گونجاو بوو بە ڕاستینەی خۆمان، بەڵام لەوێش لە ئاستی وەرچەرخاندنی ڕادیکاڵانەی شۆڕشگێڕییانەدا بەهێز نەبووین.

نەخێر، هەموو شتێک زۆر جیاوازبوو، زۆر گۆڕابوو. تەرز و شێوازی (سەرۆک) جیاواز بوو. ئێمە لەلای خۆمانەوە تا دوایین ساتەکانیش جیاوازییەکی دەمارگیرانەمان لەنێوان کادیر و بنکەی گشتیدا دەکرد. زۆر لە شێوازی پەیوەندییەکانی

سەردەمی گرووپە سەرەتاییەکان تێپەڕ نەدەبووین. گفتوگۆکردنی کێشەکان لە ناو گرووپێکی تەسک لە کادیران، گەڕاندنەوەی بڕیارەکان بۆ ئەوان، بەڕێوەبردنی نهێنیپارێزی و دیسیپلین لەسەر ئەو شێوازە، بە باشترین ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆ دەزانی. بەڵام ئەمە تا کۆتا ڕێکخستنی بەرتەسک دەکردەوە. بەستنەوەی ڕێکاری دیموکراتییانە بە زەمینەیەکی زۆر بەرتەسکەوە و قەتیسکردنی تیایدا، ڕێگە بۆ تەرز و شێوازێکی دۆگما، توند و دواجاریش سەرکوتکارانە دەکاتەوە کە لە هەلومەرجی زینداندا لەلایەک پیلان و پەلامارەکانی دووژمن و لەلایەکیش ئەم تەرز و شێوازە، پێکهاتەی ڕێکخستنی دەخستە ناو زەحمەتییەکی گەورەوە. لە چاناک کالە ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئەم بابەتە کران، ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەدەست نەخست. تەنیا لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتندا هەوڵی بە ڕۆژەڤکردنی درا. کاتێک ئەم کەش و هەوایەی دەرەوەی زیندانم دەبینی، باشتر تێدەگەیشتم کە لەم بابەتانەدا زۆر لەدواوەی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان ماوینەتەوە.

خودی ئەمەش لە ڕوویێکەوە سرووشتی بوو. ساڵانێکی زۆر بوو دووربووین، جگە لە ڕەنگدانەوەیەکی گشتییانەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، کەموکورتییەکی جددی هەبوو لە ئاستی گەیشتن بە گۆڕانکارییە ڕیشەیی و قووڵکردنەوەیان. زەحمەتییەکانمان لێرەوە سەرچاوەی دەگرت. زەحمەتیمان دروست دەکرد، خووی چەندین ساڵەی زیندان و تایبەتمەندییە هەنووکەییەکانمان باڵادار بوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا نەگونجان و زەمینەی شەڕێکی دروست دەکرد. کێشەکە چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەمانە بوو لەسەر بنەمایەکی ڕاست کە

چاودێریکردن و تێگەیشتنێکی باشی دۆخی سەرتاسەریی ڕێکخستنی دەویست.

شێوازی ڕاپۆرتەکانیشمان سەمەرە بوون؛ ڕووداوەکان، دیاردە بەکاریگەرەکان، شێوازی هێرشەکانی دووژمن، تێکۆشان، ئامرازەکانی بەرخودان و بەگشتی هەموو شتێکی جیاواز بوو. چۆن دەتوانرا هەلومەرجی تایبەتی هەرێمەکان و کێشەکانیان پێکەوە لەگەڵ هەڵوێستە سەرەکییەکان هەڵبسەنگێندرایە؟ نەدەکرا هەلومەرجی تایبەتی هەرێمەکان پشتگوێ بخرێن و نە بەهۆی ئەمانەشەوە هەڵوێستە سەرەکییەکان پشتگوێ دەخران. لە شیکارنامەکاندا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کێشەکان خرابوونە ڕوو. بەڵام دیسان هەتا خۆت لەناویدا نەژیایتایە زەحمەت بوو وەکو خۆی دەرک بە ڕووداوەکان بکەیت. بۆ نموونە؛ لەناو گەریلادا دۆخی بێ چالاکی، بە مردن لە قەڵەمدەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک شوێن و ناوچەدا هێزەکان بە درێژایی چەند مانگێک بەبێ ئەنجامدانی چالاکییەک ڕادەگیران. هاوکات بە تەرز و شێوازی هەندێک چالاکی دەگووترا: "کۆنترایەتی[59]". هەر قۆناخە و بەکەسێکەوە دەناسرایەوە؛ قۆناخی (سەمیر)، قۆناخی (داود – باقی)، پراکتیکی

[59] ناوی ڕێکخستنێکی تایبەتی سەر بە گلادیۆیە لە تورکیا، ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخستنە لەکەدارکردنی هێزی بەرامبەرە، واتا بەجل و بەرگی گەریلاوە گورزیان لە خەڵکی کورد دەوەشاند، بەمجۆرە ناوی گەریلا و گەریلایان لەبەر چاوی ڕای گشتی ڕەش دەکرد. دامەزراندنی ئەو جۆرە هێزانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی سارد، بەڵام لە تورکیادا بەتایبەتیش دوای دامەزراندنی (PKK) لە چەندین کۆمەڵە و گرووپی جیاجیادا و لەچوارچێوەی دەزگاکانی دەوڵەتدا بەشێوەی زۆر کارا جوڵاونەتەوە. لە واتایەکی تریشدا بە پەردەپۆشی دەوڵەتەوە کاری چەپەڵ بۆ دەوڵەت دەکەن. ئێستاکەش یەکێک لە هێزە سەرەکی و دەستلێبەرنەدراوەکانی دەوڵەتی تورک کۆنترگەریلا و جۆرەکانێتیJITEM ،، JÖH، PÖH، TITچەند نموونەیەکن لەو دەزگایانەی دەوڵەتی تورک..

(لۆلان)، پراکتیکی (جەماله کوێر)، پراکتیکی (هۆگر)، مەسەلەی (فاتیمە)، رووداوی گێرەشێونی (حسێن یلّدرم)...هتد. هەرچەندە واتا تیۆرییە گشتییەکان لە پێناسەی سیاسییەوە بەرەو ئەنجامیشت ببات، بەڵام ئاگادارنەبوون لە وردەکارییەکان، ئەگەری هەیە بەرەو هەڵسەنگاندنی کەموکورتەوە بتبات. گەلێک رووداو و بەسەرهاتی وەکو: "بەهۆی ئازووقەوە، شەهید درا. جگەرەیەک، وەهای لێکرد کە فێری هاتوچۆی گوندەکان ببێت. چەتەگەری سەریهەڵدا. لەگەڵ دووژمن سازشێکی بچووک کرا. یاسای سەربازیی زۆرەملێیی، بەهەڵە لێکدرایەوە، زێدەڕۆیی تیادا کرا و لە ئاستێکدا گوشارێکی گەورە خرایە سەر خەڵک...هتد" گوزەری بوون. هەروەها ئەوانەی لە ئەنجامی تەقینەوەی میندا شەهید بوون، بەکارهێنانی هەمان رێ و رێڕەو، شەهید بەهۆی بەفرەوە، بەهۆی رەچاو نەکردنی نهێنی خۆپاراستنەوە، شەهید درا...هتد کاتێک هەموو ئەمانەم لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەدا دەخوێندەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەکردم. بەڵام کاتێک لە وانەکاندا لایەنی کرداری دەخرێتە بەر باسەوە، هەم سەرنجڕاکێشە و هەم بەشێوەیەکی بەرجەستە تێدەگەیت کە چۆنە و چییە.

لە زیندانیش جۆرێکی تری ئەم رەهەندەی گەریلا لە ئارادابوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە زیندان پڕە لە چیرۆکی سەیر سەیر. لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی دووژمندا بووین. نە چەک، نە بۆمب، نە پارچە زەوییەک، نە ئەشکەوت و نەڕێگەیەکی ئامادەشت لەبەردەم دایە کە پێیدا بڕۆیت. دووژمن لەڕووی تەکتیکەوە هەموو جۆرە دەرفەتێکی هەیە و زاڵە. تەنانەت ئەو هەوایەی هەڵتدەمژی لێیان دەکردیت بە ئامرازێکی ئەشکەنجە. ئەگەر لەبەردەم بێ هەواییدا شکستت خوارد ئەوا رێگەی

خیانەتت دەهاتە بەردەم. مردنی هەرزان. ئەگەر جگەرە یەکێک بێت لە لاوازییەکانت، لەبەرامبەر قەدەخەی چەند مانگەی جگەرەدا شکست دێنیت، ڕێگەی خیانەتت دێتە بەردەم. مردن لێرەشدا هەرزانە. تەنانەت ئەگەری هەیە لەبەردەم قاپە شۆربایەکدا خیانەت بکەیت، ئەمەش مردنێکی هەرزانی دیکە. گریمان لەبەردەم هەڕەشەیەکی دووژمندا شکستت هێنا، لەبەردەم بەڵێنێکیدا شکستت هێنا، بە گووتەیەک لەبەردەم تەڵەکەبازییەکانیاندا شکستت هێنا، تەنانەت پێدەچێت تاکە گووتەیەکیش ڕێگەی خیانەتت بخاتە بەردەم. پێدەچێت تاکە ئاوڕێکت هیوا و بووێری بە دووژمن بدات. تۆزقاڵێک بێ مۆڕاڵی، شەکەتی، مەلولی، بێ هیوایی؛ وەک چاوداگرتنێک وابوو بۆ دووژمن. ڕاوەستانێک لەوەی سەربازان بە نیزامتر، سەربازێک بە ئەندازەی قورگی بدڕێنێت بەهاوارەوە جوێنت پێدەدات، پێی بڵێیت "فەرمایشتە فەرماندەم"... هتد. لە هەموو ئەمانەدا نیشانەی دۆڕان، شکست و ڕادەستبوون هەیە. جگە لەمانەش لە هەر هەناسەدانێکدا لە زیندان، دەبێت حیساب بۆ دووژمن بکەیت. لەگەڵ دووژمن ڕووبەڕوویت، دەشێت ئەو هەناسەیەتی بەرکەوتبێت کە پێویستە ئەو هەناسەیەش بەبێ دۆڕان و ڕادەستبوون هەڵمژیت.

کەسێتی، تا چەند و چۆن بەوانەوە و بەبێ ئەوان ژیابوو؟ ئەو جیاوازییە پێویست بوو چۆن دەستنیشان بکرایە؟ سیاسەتی گشتی تا چەند بە ژییانی بوو، لەبەرامبەریدا چی کرا؟ وەڵامەکانیان تا ڕادەیەک لەناو ئەو وردەکارییانەدا شاراوە بوو. یەکە بە یەکەی کەسەکان چۆن ژیان؟ چونکە سیاسەتەکان لە شوێنێک بواری پەیڕەوکردنی بەرجەستەی خۆی پەیدا دەکرد. دووژمن بە کۆکردنەوەی ئەو سەرەنجامانەی لە تاقیکردنەوەی

تاکەکانەوە پێیگەیشتبوو، ڕووی لە سیاسەت و تەکتیکی نوێ دەکرد. بێگومان ئامانجی دەستنیشان کردبوو و بەم ڕێکارانەشی دەیویست بە ئامانج بگات.

لە هەڵسەنگاندنی زینداندا ناچاربوون ڕەچاوی ئەم تایبەتییەیان بکردایە. چالاکی گەورەی مانگرتنی تا مردن، یان هەر یەکێک لە چالاکییەکانی تر، لەو زەحمەتترین چالاکییانە بوون کە فیداکاری دەویست، هزر، پەیوەستداری و گەورەیی ئامانجی دەویست. ئەم نەهامەتییانەی لەسەر ڕێگەی ئامانج لەبەر چاو دەگیران زۆر واتای گرنگی هەڵدەگرت. بەڵام ئەو تایبەتمەندییە جیاوازانە، واتا و گرنگی زەحمەتی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تایبەت بە هەر یەکێک لە گۆڕەپان و بوارەکان نەدەگۆڕی، جیاکارییەکی بەسەردا بار نەدەکرد.

بەو پەرچەکردارانەی لە زیندان وەرمان گرتبوو، بە ڕوانگەی هەنووکەییمانەوە بە هۆکار و ئەنجامەکانی یەکە بە یەکەی ڕووداو و دیاردەکانەوە سەرقاڵ بووین. لە ڕاپۆرتەکانماندا کاتێک باسمان لە خۆمان و قۆناخەکان دەکرد، قورسایی زیاترمان دەخستە سەر ئەو ڕووداوانەی کاریگەربوون لەسەرمان، دەمانکردن بە خاڵی سەرەتایی و کۆتایی و ئەنجامگیرمان دەکرد، کە هەر ئەم لۆژیکەمان ڕێگر بوو لەبەردەم ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکاندا.

هەڤاڵان بە ڕاپۆرتەکەمیان گووتبوو ڕۆمان یاخود چیرۆک! ڕاست بوو. مەگەر تەنیا بە زمانی ڕۆمان بتوانرایە ئەو ڕووداوانە لێکبدرێنەوە. زانیاریدان و دەستنیشانکردنی خەبات و ئاستی پەیوەندییەکان دەشیا بە جۆرە نووسینێکی تر شیاوبووایە. دەشبوو بکرایە بە بابەتی گفتوگۆکردن. کەچی ئێمە لەپێچەوانەکەیەوە دەستمان پێکردبوو. سەرەنجامێک

لەبەردەستدا بوو، پێدەچێت چارەسازتر بێت ئەگەر لەوێوە لێپرسینەوە لە قۆناخەکان و لەناویشیدا رووداو، دیاردە و کەسێتییەکان بکەین، بەڵام ئێمە شتگەلێکمان کردبوو بە ناوەندی رۆژەڤەکەمان کە تەنانەت لە هەلومەرجی زۆر ئاساییانەشدا بە زەحمەت لێکدانەوەیان بۆ دەکرا.

دوابەدوای رەخنەکان بڕیارێک دەرکرا و لەچوارچێوەی ئەو بڕیارەدا هەمووان سەرلەنوێ دەستمان بە نووسینەوەی راپۆرت کردەوە. سەرلەنوێ نووسینەوەی راپۆرت، قاڵبوونەوە و بیرکردنەوەی زیاتری دەویست. (سەرۆک) دەیویست تاڕادەیەکی تر قاڵبوونەوەکان بە مایندەیی بکات. بەڵام ئەوەندەش بە ئاسانی ئەمەمان پێ هەرس نەدەبوو. کاردانەوەمان نیشان دەدا. نووسینی راپۆرت ئاسان نەبوو، زۆری بۆ دەهێناین، دەمانگووت: "چیتریان لێمان دەوێت، هەموو شتێکمان ئاشکرا کرد، باسمان کرد و دەیکەین، شتێکی نهێنی نەما.." و سکاڵامان دەکرد. بێگومان خۆمان لە جەوهەری کێشەکە نەدەگەیاند. کێشەکە؛ سەراپا باسکردنی بەسەرهات و رابوردە نەبوو، لە راستیدا حاڵەتی رۆحیی بەرگریکاری بوو. میکانیزمی بەرگریمان زۆر گەشەی سەندبوو. شێوازێکی گرتبوو. ئەم شێوازی بەرگرییە دەستکەوت و سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ئێمەی لەخۆیدا دەپاراست.

لە نووسینی راپۆرتەکەی خۆمدا کاریگەری خووێکی ساڵەهام لەسەر هەبوو. لە زمانی راپۆرت زیاتر، زمانی یادەوەری و بەڵگە بوو. دەمگووت چی روویدابێت، چۆن روویدابێت؛ دەبێت وەکو خۆی بزانرێت. نەک لەبەر ئەوەی کەسی تر وەهای خواستووە، من خۆم وەهام دەویست. تەنیا لە روانگەی خۆمەوە دەمڕوانی. واتا؛ بەگشتی پێویست بەچی

هەبوون یان پێویستییەکان چین؟ بەپێی پێویست ئەوەم نەدەبینی کە ڕەهەندی گێرەشێوێنی تایبەت بە زیندان چۆنە، پشتی بەچی بەستووە، بۆچی هەستمان پێنەکرد. هەست، پەی، گومان، دەنگۆ و قسە هەبوون، بۆچی بەپێی پێویست گوێمان پێنەدان؟ سیاسەتەکانی دووژمن لە کەسەکاندا ڕێگەی لەبەر چ ئاوەڵا کردبوو؟ چ پەیوەندییەکی لەگەڵ سەرەنجامەکان هەبوو؟ حەتمەن دەبا دەرکی پێ بکرایە. واتا؛ پێویست بە شیکارێکی بەهێزی کەسێتی هەبوو. مەگەر تەنیا بە ڕەنگدانەوەمان بە ڕوانگەیەکی سیاسیانە کە تەڵەکە و پیلانەکانی دووژمن پووچەڵ بکاتەوە، بە پێوانەکانی ڕێکخستن و شەڕێکی ڕاستەقینە لەگەڵ لایەنە نەگونجاوەکانی کەسێتیمان بە پێوانە و شێوازی ڕێکخستنی بتوانێت گشتگیری فەراهەم بکات و بە زەمینەی پارتیمان بگەیەنێت.

لێرەوە زیاتر بابەتی ژن شیکار دەکرا. (سەرۆک) ئاماژەی بەوە دەکرد کە چۆن لە کەسایەتی خۆیدا پیاوی کلاسیکی کوردی تێپەڕکردووە، چۆن پەردەی لەسەر چەمکی بێ ناوەڕۆکی (نامووسی کورد) هەڵماڵیوە، چۆن لەشەڕی لەگەڵ ژنێکدا توانیوێتی ڕێکخستن بونیاد بنێت، چۆن سەرلەنوێ ژنی بونیادناوەتەوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەروونییەکانی ئەمانەشی بە زانستیانەترین شێوە دەستنیشان دەکرد و هەوڵی تێگەیاندنی دەداین و هەوڵی دەدا بە دیالۆگیش بنکەی گشتی ڕێکخستن پەروەردە بکات. بەڵام هەمووومان وەکو (سەرۆک) دەیگووت: "قوتووی سەرداخراو" بووین.

بەتایبەتیش لەگەڵ ڕوونکردنەوە و تاووتوێکردنی ئاستی پەیوەندییەکانی ڕابردووم، بەقووڵتر لە تایبەتمەندی بەکارهێنانی زەمینەی ژن لەلایەن گێرەشێوێنەکانەوە تێگەیشتین. لەم

چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی دوایین گێرەشێوێن بۆ مایەپووچەکردنی کار و خەباتی ژنان لەناو پارتیماندا و هەوڵدانیان بۆ رەواکردنی پەیوەندی بۆرژوازی بچووک، لیبڕاڵ، ساختە، بێ پرەنسیپ و پڕ بە پێستی خۆی بۆ رەوایەتی دان بە کۆیلایەتی ژن، سەپاندنی هەموو ئەمانەش بەناوی ئازادی، خۆشەویستی و سۆزەوە بەسەر پێکهاتەی گشتی رێکخستندا، بەشێوەیەکی تایبەت کەوتبوونە بەر باسەوە.

هەندێک هەڤاڵ بەهۆی ئەوەی بەپێی پێویست لێکیان نەدابووەوە، ترسابوون، دۆخی تەواو خۆ داخستن و شاردنەوە دەهاتە ئاراوە. لە هەمان خولی پەروەردەدا هەندێک هەڤاڵ هەبوون کە پێشتر ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنابوو، هەبوون دەستگیراندار بوون، یان تا ئەو کاتە پەیوەندی خۆیانیان لە پارتی شاردبووەوە. هەندێکیان تەنیا لەبەر ئەوەی کەس بە شێوەیەکی تر تێنەگات؛ تەنانەت سڵاویان لە یەک نەدەکرد و دوورەپەرێزییان دەکرد. هەندێکیان بە ئەندێشەی ئاشکرابوونی پەیوەندی خۆیان، بێدەنگ دەبوون، هەندێکی تر بە هەڵسەنگاندنی توند و زبر حەقیقەتی ژیانی ناخی حەشار دەدا. لە ژیانی رۆژانە دەکرا ئەمجۆرە هەڵوێستانەش ببیندرێن و هەستیان پێبکرێت.

سەیرترین خۆنمایش کردنیش، نمایشەکەی (سەلیم) بوو، هەڵوێستی (ئایسەل) لەمەڕ ناهاوسەنگی، ناسەقامگیری، بێ بڕیاری و راکردن لە راستییەکانی خودی خۆی، رۆڵی هاندەری لە ئاشکرابوونی راستییەکانی (سەلیم)دا دەگێڕا. لە راستیشدا ئەو شیکارانەی (سەرۆک) دەیکردن، سەراوژێربوونی لەگەڵ خۆی دروست دەکرد. رەخنەکان دۆخی هەموو کەسێکی دەردەخستەڕوو. هەڵوێستی بە هەڵەداچوو و ساختە بە زوویی ئاشکرا دەبوو. (سەلیم) بەهۆکاری ئاخ و داخی ئەوەی (ئایسەل)

بۆی نەبووە بە (یار)، لە ڕواڵەتدا وەهای نیشان دەدا کە "نەفرەت لە هەموو ژنێک دەکات"، لە بێ وەفایی ژن توورەیە، بە بۆچوونی ئەو؛ لەبەر ئەوەی ژن پابەند نابێت بە پیاو، هەرگیز جێگەی متمانە نییە، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی دەهێنایەوە کە گوایە ژن زۆر هەڵخەڵەتێنە، بەڵام لەناو ناخیدا گڕ و ڕاپەڕینی موڵکپەرستی هەبوو، هەڵوێستی بەڕەوا بینینی هەموو ئەو شتانە هەبوون کە لەناو خۆیدا دروستی کردبوون. دژایەتیکردنی ژن؛ لە ڕاستیدا لێرەوە گەورە لاوازیی و لاوازبوونی خۆی لە بەرامبەر بە ژن دەخستەڕوو. هاوکات هەر ئەم لێکدانەوەیە؛ جەوهەری هەڵوێستەکانی لەبەرامبەر بە ڕێکخستنیش ئاشکرا دەکرد. لە حاڵێکدا کە خۆی زیاترین دژبەری دەکرد، هەر خودی خۆی بە زیاترین شێوە ئەو کارەی دەکرد. کەڵەکەیەک بوو لە چەمکی؛ شوێنگرێکی ئاسایی و مەدەنییانە لەناو پارتیدا، شێوازی دیماگۆژی و ئاڵۆزی نانەوە هەموو شتێکە و جگە لە تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە تایبەتمەندییەکی دەرەکی دەدات.

لەلایەک لە دژی (فاتیمە) لەپێناو بونیادنانی کەسایەتی ژن تێکۆشان دەکرا؛ (سەرۆک) کە خۆی هەوڵ و هەنگاوی بەرجەستەی کرداری هەڵدەگرت و بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەناویدا ڕۆچووبوو، بەهۆی (فاتیمە)وە نەفرەتی لە ژن نەکرد. نەفرەتی لە تایبەتمەندییە کلاسیکەکان و ژنی کۆیلە کرد، بەڵام ئافراندنی ژنی ئازادی بە یەکێک لە جوانترین کۆششەکانی شۆڕش لەقەڵەمدا و هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی بەمجۆرە بوو. بەڵام بەگوێرەی (سەلیم) چونکە ژن بۆ ئەو نەبووە بە (یار) هەموو ژنان خراپ و مایەی نەفرەتی بوون! لێرەشدا بە پرەنسیپ

نەبوو. ئەو ژنەی کە بەلایەوە خراپترین بوو، بوو بە ژیانی دەستلێبەرنەدراوی خۆی.

جاروبار قسەم لەگەڵ دەکرد و دەمگووت: "بەهۆی خیانەتی شەنەرەوە دەبێت منیش نەفرەت لە پیاو بکەم؟ نەفرەت لە پیاوی ساختە دەکەم، بەڵام؛ هەر پیاوێک کە هی خۆم نەبێت؛ نەفرەتییە؟!.. ئەمە شتێکی زۆر بێ واتایە". لەگەڵ (سەلیم) گفتوگۆکردن بێ کەڵک بوو. هەموو گفتوگۆیەکی بەرەو قەیران و بێ چارەییەوە دەبرد.

بێگومان واتام بە کاردانەوەی هەندێک کەس دەدا. رەخنەکانیان سەبارەت بە من، روانگەیەکی سیاسییان نەبوو، کاردانەوە و تووڕەیی بوو. ئەگەر من رەوشێکی وەهام نەژییابام، ئاستی رەخنەکانی پارتیش بەم ئەندازەیە گەشەی نەدەکرد. پرسی ژن – پیاو بەم ئەندازەیە نەدەبوو بە رۆژەڤ. ئەنجامێکی بەمشێوەیەی ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکانی تریشی دەخستە بەر مەترسییەوە. رەخنە لە سۆز و خۆشەویستی دەکرا. دەگووترا کە ئەوانە سۆز و خۆشەویستی راستەقینە نین، نرخ و بەها ناخولقێنن و سەرکەوتن بەدیناهێنن. وەک بڵێی پێشتر هەلومەرجی ژیانی ئەو جۆرە پەیوەندییانە هەبووبێت و من کوێرم کردبێتەوە! چەندە بێ چانسییەک بوو بەهۆکار دەزانرام! بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم هاوڕێیانەم تۆزێک هەوڵبدەن لە راستینەی کوردستان تێبگەن، تۆزێک سۆزەکانی خۆیان بەراورد بکەن ئەوا دەبینن کە لەکوێن و تا چەند خۆیان هەڵخەڵەتاندووە.

منیش زۆر بە بانگەشەبووم و دەمگووت: "بەر لە هەموو شتێک ئازادترین و نموونەییترین پەیوەندی بونیاد دەنێم. دەیسەلمێنم کە خۆشەویستی تێکۆشان گەورە دەکات و مۆڕاڵی

پێ دەدات. هەمیشە خیانەتی ئەو کەسانە لەبەرچاوبوون و بینراون کە خۆشەویستی و ئەشقیان لە تێکۆشان دابڕیبوە. بەلای منەوە ئەشقم: یەکسانە بە تێکۆشانم. ئەم گووتانە چەند بە نیازپاکییەوە گووترابوون و بەڕاستیش لێرەدا راستگۆ بووم، بەخواست و راشکاو و دروست بووم. بەڵام لەونێوەدا بینیم کە گێرەشێوێنێک خۆشەویستی، ئەشق و سۆزەکانمی هەڵگرتووە و بردوێتی، دزیویەتی! ئەویش لە چاو تروکاندنێکدا! ئەمە لەکاتێکدا بوو کە گوایە منی بەخوداوەند دەبینی! خۆشەویستییەکەمی بە پیرۆز دەزانی! وەک (مەزلۆم) خۆشیویستووم! ئاشقی ئاپۆچێتییەکەم ببوو! لەلایەک ئەم گووتانە و لەلایەکیش خیانەتێک کە بەبوێرترین شێواز لێت دەدات! سەرەڕای هەموو ئەمانە، بۆ من بەواتای کۆتایی هاتنی هەموو شتێک نەهات، نەخێر، بەوشێوەیە لێمنەدەڕوانی. من لەگەڵ پارتییەکەم بووم، لە مەیدانی پارتی دا بووم. هێزی تێکۆشانی ئەم دۆزە، سەرەنجڕاکێشی ناوازەی شۆڕش و بانگەشەی رێکردنم لە شۆڕشدا گەورەبوون. ئەو پەیوەندییەش نەبووایە ئەو خیانەتە هەر دەبوو. ئەم پەیوەندییە (شەنەر)ی دروست نەکرد، بەڵام دەیویست لەو خاڵەوە گورز بووەشێنێت و هەوڵیدا لەو شوێنە لاوازەوە تۆڵە بکاتەوە. من ئەم بەرەیەی خۆمم پتەو نەکردبوو، دەرگەم بۆ ئەو هێرشە لەسەر پشت بەجێهێشتبوو.

لێرەدا گرنگ تێگەیشتنێکی راستبوو لە گێرەشێوێنێک کە زۆر بە زوویی ئاشکرا کرابوو، بەڵام من هێشتاش لە بابەتی پەیوەندییەکەدا چەقم بەستبوو. شکست و دۆڕانم لەم مژارەدا پێ هەرس نەدەبوو و نەمدەتوانی خۆم لەکاریگەرییەکانی رزگار بکەم. ئەوەی کە دووژمنیش دەیویست هەر ئەوە بوو. تەنانەت خودی دووژمنیش بەو هیوایە نەبوو من لەپێناوی پەیوەندییەکدا

دۆزەکەم فیدا بکەم، ئەمە راستییەکی روون و حاشا هەڵنەگرە. بەڵام ئەو کاریگەرییانەی بەسەرمدا هاتن، تێکۆشان و یاخیبوونم لەگەڵ خۆم و پارتی و خەرجکردنی هێزی خۆم لەم خاڵەدا، بێگومان بۆ دووژمن سەرکەوتنێک بوو. کاردانەوە، رقئەستووری و توورەییەکانم کردبوو بە گێژاوێک و خۆم کەوتبوومە ناوییەوە، پەلەقاژەم دەکرد و نەشم دەهێشت کەس لێم نزیک ببێتەوە. پێویستبوو تاوێک زووتر خۆمم رزگار بکردایە. هەر راوەستانێک بەواتای بەردەوامیی کاریگەرییەکانی گێرەشێوێنی و زیانەکانی دەهات. هەستم بەمەش دەکرد. هەر رێبازێک هانام بۆ دەبرد، کاردانەوەی لێدەکەوتەوە.

تا دەهات زیاتر بێدەنگی دایدەگرتم، چونکە بەرگەی هەموو گفتوگۆ و رەخنەیەکم نەدەگرت. ئەگەر چارەسەرییەکی ئەوتۆش نەبێت، بەڵام خۆمم سنووردار دەکرد. بەکاریگەر بوونیشم بەشێوەیەکی تر لێکدەدرایەوە، ئەویشم بە شێوەیەکی شارەزایانە نەدەکرد. کاتێک دەیانگووت: "دەیەوێت خۆی زاڵ بکات، چاوی بڕیوەتە سەرکردایەتی...هتد" بەرەو دواوە پەلکێشیان دەکردم. لەو قۆناخەدا (سەرۆک) بە ئامانجی تاقیکردنەوە یەکینەیەکی ژنی دامەزراند. جگە لە کاروبارە گشتییەکان، بەڕێوەبەرێکی خۆسەر پێکهێندرا. لەگەڵ (مەراڵ، هاجەر، ئایسەل، عەزیمە) پێکەوە بەڕێوەبەرایەتییەکی پێنج کەسی بووین. کۆبوونەوەی خۆسەر و تایبەت بەخۆمان هەبوو، (سەرۆک) بەتایبەت کۆبوونەوەی بۆ دەکردین. بەشداریم لە نزمترین ئاستتدا بوو. فێری ئەو جۆرە هەڵوێستانە نەببووم، حەزم لەکار و خەبات بوو، بەڵام خۆم سنووردار کردبوو. ئەمەشم لە راپۆرتەکەمدا نووسی. بێگومان بێ ئاگا و ناپەیوەست و نا تەبا مامەڵەم نەدەکرد. لەم بوارەدا پەرچەکردارەکانم چالاک بوون.

## لە شۆڕشدا بەمامەڵەکردن بڕناکرێت

خولی دووەم بوو، بەڕێوەبەراتی گۆڕابوو. (د.باران) و (سەرحەد) و ئەوان روویان لە وڵات کردبوو. گەڕانەوەی گرووپەکان بۆ وڵات جوانییەکی تری هەبوو، کاریگەرییەکی زۆری لە مرۆڤ دەکرد. لە بەڕێکردنی گرووپەکاندا دەگریام. دەمویست هەرچی زووە بچمە وڵات. هەم ئاواتی شاخم هەبوو، هەم دەمویست رووبەڕووی دووژمن ببمەوە و شەڕی لەگەڵ بکەم. ئەم شەڕی ناوخۆیە منی دەخنکاند، بێ واتا بوو، شەکەت و بێتاقەتی دەکردم.

پاشان گرووپی نوێ هاتن بۆ ئەکادیمیا. لەناویشیاندا هەبوو کە لەزیندان دەرکەوتبوو. بێگومان وەک جاران پێشداوەرییەکی زۆر لە ئارادا نەبوو. کۆنفرانس پێگەیشتوویی و کامڵییەکی دیار و بەرچاوی دروست کردبوو. هەڵسەنگاندن و بڕیارەکانی بە بنەما وەردەگیرا. تەنانەت ناوەڕۆکی دیالۆگ لەگەڵ هەڤاڵە تازە هاتووەکانیش گۆڕابوو. بە ئێش و ئازارترین قۆناخ تێپەڕکرابوو. (سەرۆک) لەم بارەیەوە دەیگووت: "بەهەر حاڵ؛ ئێوە زەحمەتییەکی زۆرتان بینی، زیاتر قورساییمان خستبووە سەر ئێوە، ئەگەر بمزانیبا ناتوانن بەرگە بگرن، هەڵبەتە ئەوەندە قورساییمان نەدەخستە سەرتان. ئەگەر ئەنجامی راستی لێوەدەرخەن ئەوا بەهێز دەبن. ئەنجامەکانیشمان گەیاند بە زیندانەکان. لەوێش کۆنفرانس سازدەکرێت. هیوادارین نوێبوونەوەیەک بێتە کایەوە، ئەگەر کاراسو و ئەوانی تر بێن دیارە تووشی ئەوەندە زەحمەتیی نابنەوە. دەشێت بڵێین ئەوان بە چانسترن؟ نەخێر، ئێمە سەرکەوتین. (PKK) سەرکەوت.

ئەمە روون و ئاشکرایە، تەڵە و پیلانەکانی دووژمنمان پووچەڵ کردەوە". و بە شیکاری نویێ بۆ قۆناخەکە بەردەوامی کرد.

وانە سەربازییەکان دەستی پێکردبوو، وانەکانی تر ئەنجامگیر ببوون. هێز لەناو ئامادەکاری کرداریدا بوو. بەمجۆرە پەروەردەی سەربازی هەردوو خولەکەم دەبینی. پەروەردەی یەکەم خول بەهێزتر بوو. ژمارەی ئەو هەڤاڵانەی لە گۆڕەپانی پراکتیکەوە هاتبوون زۆرینەی پێکدەهێنا. لەو خولەدا نزیکەی مانگێک پەروەردەی سەربازیمان بینی. چ لەڕووی تیۆری و چ لەڕووی پراکتیکەوە؛ لەسەر سەرجەم تەکتیکە سەربازییەکان وانە گووترابوونەوە. وەها هەستم دەکرد لە وڵاتم. پلاننامە و چالاکییەکان وەک گۆڕەپانێکی راستەقینەی شەڕ وەها بوون. لە هیچ یەکێکیاندا تووشی زەحمەتی نەبووم. لە نیشانگرتنەکانیشدا دەستڕاستیم خراپ نەبوو، لەبەر ئەوەی چاوی چەپم بە تەواوی پێ دانەدەخرا، بە پەڕۆ دەمبەست. ئەمەش هەرچەندە ببووە بابەتی گاڵتە و گەپ، بەڵام نیشان شکێنییەکانم خراپ نەبوون. لە قۆناخی پەروەردەی سەربازیدا وەخۆهاتبوومەوە.

کاتێک گەڕاینەوە بۆ کەمپ زانیم کە (جاهیدە شەنەر) خراوەتە بەر ڕێکاری ڕێکخستنییەوە. دەگووترا کە بەشداری لە پەروەردە و ڕەچاوی فەرمانەکانی نەکردووە. ئەمەم بەلاوە هۆکارێکی جێی بڕوا نەبوو، لە (مەسعودی زازا)م پرسی کە خۆی لە بەڕێوەبەرایەتیدا بوو، لە هەمانکاتدا ئەندامی کۆمیسیۆنی لێپرسینەوە لە (جاهیدە)ش بوو.

ناوەناوە لەگەڵ (جاهیدە) لەسەر گەڕانەوە بۆ وڵات قسەمان دەکرد. متمانەی بەخۆی نەبوو، بێ خواست و ویست بوو. بڕوایەکی وەهای لەلای خۆی دروست کردبوو کە لەڕووی جەستەییەوە بەرگەی شاخ ناگرێت. هەڵوێستی زۆر بەحیساب و

کیتابانەی هەبوو. ئەو بەردەوام لە مامەڵە و سەوادکردندا بوو، لەبەرامبەر بە ڕێکخستن و لە بەرامبەر بە دووژمنیش لەناو سەودا و مامەڵەکردندا بوو. دیارە لۆژیکی بازرگانی بوو. لە منداڵییەوە بە شیرینی فرۆشتن و کۆکردنەوەی پەمۆ لە زەوییەکاندا دەستی بە بازرگانی کردبوو و کە ئەمەش شێوەیەکی پێدا بوو. لەناخی ئەودا سیاسەت لەسەر ئەم بازرگانیکردنە بونیادی گرتبوو. سیاسەتەکەی ئەو خۆی لە قەرەی شەڕێکی بەهێز و بوون بە ڕەقیبێکی بەهێز نەدەدا. ئایا تایبەتمەندی جیاوازتر بوون؟ لە زیندانی ئاماسیا گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر ئەم بابەتە کرد. دیار بوو ترسی مەرگی هەڵگرتبوو. ترسی مەرگ، وای دەکرد بەرگەی زەحمەتی و گوشارەکان نەگرێت و کەسێتیش تا شوێنێک مەترسی لەبەر چاو بگرێت. لە ژیاندا بەردەوام چاوی لە حیسابات دەبێت، متمانەی بەخۆی نابێت، ئاسوودە نابێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە کێشەکە تەنیا بریتی نەبوو لەوەی (جاهیدە) بچێت بۆ شاخ یان نەچێت. هەر لەسەرەتاوە خواستێکی سەیری هەبوو لەمەڕ شارە گەورە و پیشەسازییەکانی تورکیا "مەترۆپۆڵەکان" و خۆ ڕێکخستن لەو تەوەرەیەدا. شتێکی ئاسایی بوو کە کەسێتی سەبارەت بە خۆی پێشنیازی ئەرک پێشکەش بە ڕێکخستن بکات، لەم بوارەدا زۆرێک لە هەڤاڵان پێشنیازیان دەکرد، بەڵام پێداگریکردنی (جاهیدە) لەمەڕ چوونە مەترۆپۆڵەکان، بە شکست لەقەڵەمدانی چوونە شاخ، دانانی شاخ بە گۆڕەپانی دۆڕان و دروشمی "ناتوانم بیکەم" مەیل و دۆخێکی دەروونی دەردەبڕی. شارەکان شوێنی سەخت و زەحمەت بوون و کەسێکیش لە زیندان دەربکەوتایە، بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی پێ

نەدەشاردرایەوە. دەشیا زۆر زوو ئاشکرا بووایە، کە هەریەک لەمانەش مەترسی بوون.

ئەم مەیلەی پێشوازییەکی خۆش و جوانی نەدەهێنا. ئەمە لەکاتێکدابوو کە ئەویش لە زیندان دەرکەوتبوو، لەناو هەڤاڵاندا لە ئاستێکدا هەندێک پێشداوەری سەبارەت بە خۆی لە ئارادا بوون. ئەگەری زۆری هەبوو کە زۆر بە ئاسانی مۆرکی "هەلاتووی شەڕ"ی لێبدرێت. کە پێیشی دەگووترا. کاتێک گەڕاینەوە کەمپ و بیستم دەستگیرکراوە، یەکەم شت ئەمانەم بە خەیاڵدا هاتن.

بە (مەسعود)م گووت: "پێدەچێت ئەو هەڵوێستەی کاردانەوەی دروست کردبێت، یان بەمەبەستی روونکردنەوە و ئاشکرا کردنی چۆنێتی کەسێتییەکەی بێت". هەروەها گووتم: "باشتان نەکرد، دەتانتوانی بەشێوازی تریش هەوڵی ئاشکراکردنی کەسێتییەکەیتان بدایە، ناچار نەبوون بیخەنە بەردەم رێکاری رێکخستنییەوە. بەلای منەوە پێچەوانەیە. لە مژاری شاخدا ئێمەش گفتوگۆمان کرد، باشترین شوێنە بۆ خۆی. ئەگەر هیچیشی پێنەکرێت؛ دەتوانێت لە بڕیارگەکاندا پەروەردە بدات، ئەو بەهرەیەی تێدایە. سەوداسەری مەترۆپۆڵەکان بووە. یان دەچێت و دووبارە دەکەوێتەوە زیندان، یان بە ئاشکرا دەیڵێم ئەگەر بەشێوەیەکی بەهێز خۆی رێکنەخات، هەندێک تایبەتمەندی کەسێتی خۆی نەگۆڕێت، زۆر بە خێرایی و خراپ دەکەوێت. ئەو مەیلەی تیادا دەبینم".

مەسعود: هەندێک شتی تر هەیە کە تۆ ئاگات لێی نییە.

بە سەرسوڕمانێکەوە گووتم: چییە، دەبێت چی بن؟ شتێک نەماوە کە بەمنی نەگووتبێت. ئەوەندەی دەیناسم کەسێکی کراوە و رووکەشە. لەبەرامبەر بە رێکخستن داخراو نییە.

مەسعود: نا نا، تاکە شتێکە کە بەتۆی نەگووتووە. لە راپۆرتێکدا بۆ سەرۆکی نووسیوە. راپۆرتی بۆ ئێمە نەنووسی، بۆ سەرۆکی نووسیوە. نەیویستووە بخوێندرێتەوە و بزانرێت.

بەتەواوی بوو بە مەراق بۆم.

مەسعود: دوای دەرکەوتنی لە زیندانی ئاماسیا، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ (ئەحمەد). لەبەر ئەوە پەست بووە و سامی هەبووە لە ئاشکرا کردنیشی. رەخنە و کاردانەوەکانی رێکخستنمان سەبارەت بە تۆ، ئەوی ترساندووە. بۆیە نەیتوانیوە ئاشکرای بکات. ئێستا لە راپۆرتەکەیدا بۆ (سەرۆک)ی ئاشکرا کردووە. (سەرۆک) بەمە تووڕە بوو و گووتی: "پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، سۆزدارانە بە کێوە پەیوەستبووە با ببێت. وەها دەزانێت کە پرسیارمان لێکردووە؟ بۆچی لەسەر بنەما و ریشەی سەرەکی کێشەکە قاڵنابێتەوە؟ با خۆی شیکار بکات..". (جاهیدە) قسەمان لەگەڵ ناکات و بە موخاتبمان دانانێت. شەرمەزاری کردووین...

(ئەحمەد نیتەلیک) لەکوێوە پەیداببوو؟ هەوڵمدەدا دۆخی دەروونی و رەفتارەکانی (جاهیدە) لەقۆناخی زیندانی ئاماسیاوە تا ئێستا بهێنمە بەرچاو. سەیرە، چۆن ئەمەی کردووە؟ ئەی باشە بۆچی باسی نەکرد؟ (ئەحمەد) بەهۆی رووداوەکەی (فوئاد چاڤگین)ەوە لەژێر سزای گۆشەگیرکردندا بوو. دواجار لە زیندانی دیلۆکەوە هاتبوو بۆ زیندانی ئاماسیا. سەرەتا لە قاوشی تردا بوو. لە قۆناخی مانگرتنەکاندا پێشنیازی کردبوو، لەسەر ئەمەش هەڤاڵان هێنایانە قاوشی خۆیانەوە. لەلای (موزەفەر)[60] و ئەوان دەمایەوە و داوای راپۆرتی رەخنەدانمان لێکردبوو.

[60] موزەفەر ئایاتا: یەکێکە لە ئەندامانی ئێستای کۆمیتەی ناوەندی (PKK) و ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتیKCK یە.

ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەندی ڕێکخستنییانەی ڕاگیرابوو. داوامان لێکرد ئەو قۆناخە و ماوەی سزاکەی لە ڕاپۆرتەکەیدا هەڵبسەنگێنێت. پاشان ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی نووسی بوو و ئێمەش ڕاپۆرتەکەیمان نارد بۆ ئەورووپا. لە ڕاپۆرتەکەدا بە وردەکارییەوە قۆناخەکەی خستبووەڕوو. باسی لە سەردەستەی گرووپ گرووپێنەکان و ڕۆڵی (فوئاد) کردبوو و بەدرێژیش دۆخی خۆی روون کردبووەوە. بڕیاردرا سەرەتا بخرێتەوە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دواتریش پەیوەندییە گشتییەکانەوە. ماوەیەکی درێژخایەن ڕاگرتنی لە سزای گۆشەگیریدا و بەتایبەتیش لەناو هەلومەرجی زینداندا؛ کاری تێکردبوو. لەم بوارەدا هەڵوێستی بەرامبەری توند بوو. ئەگەرچی لە 1988 دا هەوڵماندا لەگەڵ هەندێک لەو گرووپانە دیالۆگ بکەین. من خۆم چوومە قاوشەکەیانەوە و پێم ڕاگەیاندن کە کراوەین بۆ سەرلەنوێ بەستنەوەی پەیوەندی. (موستەفا کەسەر)ی خوشکەزای (سەرۆک) دەیگووت: "هەتاکو پیاوانی دانپێدانەر و پیاوانی ئیدارە لەسەر ئەرک بن، ئێمە ئامادە نین". زۆر رەق و بە کاردانەوە بوو، هەموو دەرگەکانی دادەخست. (ئەحمەد) بەر لە ئێمە لە زیندانی ئامەد دوورخرابووەوە. هێشتا بە تەواویی وەخۆی نەکەوتبوو، داخراو و کەمدوو بوو. دوای دوورخستنەوەی من و (موزەفەر) لە ئاماسیا، ماوەیەک (سەعید کۆرکماز) لێپرسراویێتی بەشی هەڤاڵانی پیاوی کردبوو و دوای ئەویش (ئەحمەد). (جاهیدە)ش یەکێک بوو لە لێپرسراوەکان. ئەمانە هەم لەگەڵ (کاراسو) لە زیندانی جەیهان و هەم لەگەڵ (موزەفەر) لە زیندانی دیلۆک لە پەیوەندیدا بوون. هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ زیندانی چاناک کەلەش هەبوو و ئاڵوگۆڕی نامەمان هەبوو لەگەڵیان.

(سەرۆک) شەوێکیان بانگی من و (سەلیم)ی کرد و دۆخی (جاهیدە)ی لەگەڵ تاووتوێ کردین.

سەرۆک دەیگووت: "ئێمە قورسایی زیاترمان خستە سەر تۆ، هەوڵماندا لە کەسایەتی تۆدا زیندان شیکار بکەین. قورساییەکی ئەوتۆمان نەخستە سەر ئەوانی تر و جاهیدەش. خۆمان نەمان کرد، چونکە بەرگەی نەدەگرت. بەڵام کەسێکی سەیرە. وەک شتێکی زۆر گرنگ و پێویستی هەبێت؛ راپۆرت بۆ من دەنووسێ و دەینێرێت. هیچ کەسێک لەسەر ئەم بابەتە پرسیاری لێنەکردووە. کەچی لە دەستپێکدا نووسیویەتی: هەموو شتێکم بۆ ساکینە باس دەکرد، هیچ شتێکم لێ نەدەشاردەوە، بەڵام ئەمەم لێ شاردەوە، لەبەرئەوەی دەمزانی لەم بوارەدا چۆن هەڵویستێکی دەبێت. ئەو رێگەی بە شتێکی وەها نەدەدا.. کەسێکی سەیرە، ئێمە چیت لێبکەین؟! گوایا لە بێ چارەییدا دڵبەندی ئەحمەد بووە. ئەمانە نایانەوێت لێمان تێبگەن. ئێستا چی بکەین باشە؟"

(سەلیم) دەستبەجێ سەمەرەییەکەی خۆی نواندەوە و گووتی: "جاهیدە ماوەیەکی درێژ لەلای ساکینە بوو، زۆر پێوەی پەیوەستە. لاسایی ئەو دەکاتەوە، دەیەوێت وەکو ئەوی لێبێت. ئەم پەیوەندییەشی بەو ئەقڵەوە دروست کردووە".

رووخساری (سەرۆک) گۆڕا و لە (سەلیم) تووڕە بوو و گووتی: "چۆن؟ چ پەیوەندییەکی هەیە؟ ساکینەی چی؟ تەنانەت ناشیناسیت..".

(سەلیم) هەمیشە هەڵسەنگاندنی لە هەمووان جیاوازتر بوو. بە هەرشێوەیەک بووایە، جیاوازی خۆی نیشان دەدا. قسەکانی پەستی کردم. ئەو سەردەمانەی (جاهیدە) زۆر پەیوەست بوو بە منەوە، من چوومە شوێنێکی تر و ئەویش چووبوو لە گرێ سۆر

شەکراوی دەستگیرانداری خواردبووەوە. زۆر تایبەتمەندی جوانیشم هەبوو، ئەی باشە بۆچی ئەوانەی بۆخۆی وەرنەگرتبوو؟ قسە بێ واتاکانی (سەلیم) تووڕەی کردم. قسەکانی (سەرۆک) تۆزێک ئاسوودەی کردم. (سەرۆک) پێیگووتم: "حەزدەکەی خۆت قسەی لەگەڵ بکە. چییە و چ دەردێکی هەیە؟ با شتی ترمان بۆ باس بکات، کەسێتی خۆی بە باشی شیکار بکات. ئەحمەدی چی، پێویستمان بەوانە نییە".

دواتر هاتینەوە و جارێکی تر بەڕێگەوە لەگەڵ (سەلیم) بوو بە قسەمان، کەچی دەیگووت: "من راستم گووت" و هیچی تر.

بە تووڕەیی و کاردانەوە پێمگووت: "ئەگەر وایە، خۆشتان ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ شەنەر و کەسانی تربوون، ئاگاتان لەخۆتان بێت... جارێکی تر قسەی وەها بێ واتا مەکە. جاهیدە هەندێک بەسەرهاتی تری هەیە. هەموویان گرێدراوی یەکن و شتگەلێکن کە لە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن. دیارە هەتا کێشەکان نەهێنێت و لەمنیان نەساویت کزەی دڵت دانامرکێت. یان ئەوەتا پێتناخۆشە کە تاسەر پابەند نەبووە بە سلێمانەوە. چەمکی نامووسی دەرەبەگییانە بە قسەت دەهێنێت، ئەگەرنا تۆ رقئەستوورییەکانی جاهیدە بۆ خۆت ناکەیت بەدەرد. بێگومان ئەو خاڵە تۆ پەیوەندیدار ناکات، چونکە رێکخستن پەیوەندیدار دەکات! تۆ مەگەر تەنیا ناوبژێوانی بکەیت. رۆڵی ناوبژێوان، رۆڵی ئۆپۆزسیۆن پەیوەندیدارت دەکات." و پاشان چوومەوە بۆ قاوشەکەی خۆم.

دوای ماوەیەک پلاتفۆرمی (جاهیدە) سازکرا، لە رێکارەکە دەرچوو. هەتا پێمکرا درێژەمدا بە پەیوەندی نێوانمان، گفتوگۆی قووڵتر و جددیترمان کرد. لە یەکێک لەو گفتوگۆیانەماندا دانی بە کۆمەڵێک راستی دا ناو گووتی: "دوای رۆیشتنی تۆ و موزەفەر،

هەستم بە بوونی بۆشاییەک کرد. لەو ماوەیەدا کە دڵبەندیم بۆ ئەحمەد پەیدابوو. جۆرە هانابردنێک بوو. بە تۆ و موزەفەرەوە پەیوەست بووم، رۆیشتنتان کاری تێکردم. جارێکیان داوام کرد بگوازرێمەوە چ بۆ دیلۆک بێت یان بۆ چاناک کالە، هەڤالان بە شیاویان نەزانی. هەوڵمدا ئەو بۆشاییە بە پەیوەندیم لەگەڵ ئەحمەد پڕبکەمەوە. هەردووکمان لە بەرێوەبەرایەتیدا بووین، کە لەوێ بووین نەمتوانی بۆی ئاشکرا بکەم. خۆت دەزانی، ئەوکاتە دەستگیراندار‌بووم، ئەویش لەم بوارەدا نیگەران بوو. هەڵبەتە لە 1988ەوە پەیوەندیم لەگەڵ سلێمان ساردببووەوە. لە نامەکانیشمدا ئاماژەم پێدەکرد، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئامادەیی دابڕانم لەخۆمدا نەدەبینییەوە. پاشان ئەحمەد لە زیندان دەرکەوت، دوای دەرکەوتنی دەستمان بە نامەگۆڕینەوە کرد و ئەوکاتە بە ئاشکرا نووسیم. دوای ئەوەی منیش دەرکەوتم چاومان بەیەک کەوت. ماوەیەک لە رۆحا، پاشان لە تارسوس[61] دواتریش هاتینە ئەستەنبوڵ. کاتێکیش لە کۆمەڵە چاومان بەیەک کەوت ویستم بۆت باس بکەم، بەڵام نەمتوانی. لەبەر ئەوەبوو دەگریام".

پێمگووت: "گووتن و نەگووتنت ئەوەندە گرنگ نییە، بەڵام ئاشکرایە کە کارێکی راستت نەکرد. نزیکەی (10) ساڵ دەستگیرانی سلێمان بوویت و ئەو پەیوەندییەش هێندەی نەمابوو بتخاتە ناو خیانەتەوە. ئەو کێشانەت وەک دۆزی خوێنداری لێکدەدایەوە و کردت بە پرسی نامووس و هەر بەهۆی هەمان هەڵوێستتەوە بوو کەوتیتە زیندانەوە. هەر

---

[61] شارۆچکەیەکی گەورەی سەر بە شاری مێرسینی تورکیایە، دەکەوێتە هەرێمی دەریای سپی لە بەشی ئەو وڵاتە، هاوکات مێرسینیش یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی باکووری کوردستان دوای کۆچ و رەو پێکردنیان لەوێ گیرساونەتەوە.

شەلەشەلت بوو، لاوازی و شکستەکانت دەدا بەدەم کاتەوە کە زۆری نەمابوو ببێت بە مایەی لەدەستدانی ژیانیشت. ئەوجار هێشتا کۆتاییت بەو پەیوەندییە نەهێنابوو کە ئاوڕت لە شوێنێکی تر دایەوە. کەوابوو کاتێک لە زینْدانی ئاماسیا دەتویست کۆتایی بە پەیوەندییەکەت بهێنیت هۆکارەکەی ئەحمەد بوو، قسەکانت روون و ئاشکرا نین". (جاهیدە) لەسەر ئەم قسەیەم سوێندی خوارد و دەیگووت: "نەخێر وەها نییە. دواتر سەریهەڵدا. خۆشەویستی نەبوو، بێ چارەییەک بوو. رەخنەت لە من دەکرد و دەتگووت: فێربە لەسەر پێیەکانی خۆت راوەستیت.. من لەوەدا سەرکەوتوو نەبووم". و دووبارە دەستی کردەوە بەگریان. بە حاڵی بێچارەییەوە گووتی: "دوای ئەوەی لە زیندان دەرکەوتم، سەردانی سلێمانم کرد، ویستم ئەڵقەکەم فرێبدەم، کە بینیم کاری لێدەکات، دووبارە پاشگەز بوومەوە. لەم بابەتەدا هەست بە تاوانباریی دەکەم. هەم بەڵێنم پێدا و هەم نەمتوانی پابەندبم، راستییەکەیم پێ نەگووت".

چەند سەیرە! لەبەر بێچارەیی هانا بۆ کەسی تر دەبەن. کاتێک لە ئەستەنبوڵ بینیم هەستم بە شتێک کردبوو. رەفتار و قسە و هەموو شتیکی گۆڕابوو، ئاسودە نەبوو. (ئەحمەد)یش کە تازە دێتەوە، لەگەڵ (عەلی ئیحسان) قسە دەکات، لە رۆحا ئەرکی بە سزاگەیاندنی سیخوڕێکی پێدەدەن و پاش ماوەیەکی کورت دەگەڕێتەوە. بەڵام دەچێت و ماوەیەکی دوور و درێژ نایەتەوە، چالاکییەکەش بە ئەنجام ناگەیەنێت. لەگەڵ (جاهیدە) پێکەوە دەچنە تارسوس، دوای ئەوەی لەوێش دەگەڕێتەوە دونیایەک بیانوو دەهێنێتەوە. کە بێگومان ئەوکاتە شتی تر بە ئەقڵی کەسدا نەدەهات.

بەڵێ فانتازیا و خەیاڵەکانی (جاهیدە) سەبارەت بە دوای زیندان شتێکی تر بوو. بەلای خۆیەوە شتێکی ئاسایی بوو. پێشتر گووتبووی: "دەردەکەوم و دەچم لە کەناری دەریا بۆ شەرەفی دەرکەوتن پێکێک لێدەدەم!" کاتی خۆی گفتوگۆیەکی زۆر کتوپڕ هاتە ئاراوە و لەو بابەتەوە دەستم بە هەڵسەنگاندن کرد و پێمگووت کە ئەگەر بێتوو هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی نەگۆڕێت، دوورنییە بەرەو خیانەتیشی ببات. ئەوکات پێی ناخۆش بوو و دەستی بەگریان کرد. زۆرێک لەوانەی کە لە زیندان دەردەکەوتن دەیانگووت "با تۆزێک بژین". لەچیدا دەژیان و دەیانویست چی بژین؟ هەتا لەملاوە پێویستیی بە خێرایی کار و خواستی خەبات هەبێت، لەولاوە چی هەیە بژیت؟ ئەو رۆژە لەگەڵ دەستەیەک لەوانەی لە زیندان دەرکەوتبوون پێکەوە دەچنە دارستانی بەلگراد بۆ پیاسەکردن و بەمنیشیان گووت: "محافەزەکاریت" و قسە و تانەی ئەوەیان لێدەدام کە نازانم کەیفی ژیان چییە و چۆنە. منیش ئەوکات لەگەڵ (فەردا) و ئەوان لەناو گەرمەی کار و خەباتی بواری سیاسییدا بووم. (بێریتان)یش لە زیندان دەرکەوتبوو. لە ئاستی بە کۆتایی گەیاندنی کار و خەباتی دامەزراندنی (کۆمەڵەی یەکێتی ژنان – YKD) دا بوو. خۆشحاڵی و بەختەوەرییەکەی هەزار ئەوەندەی بینینی دارستانەکانی بەلگرادی دەهێنا و ئەمەش بۆمن دونیای دەهێنا. ئەگەر ئەمە محافەزەکاری بێت، با وەها بێت..

لە ئەکادیمیا لەگەڵ (جاهیدە) لێک نامۆ ببووین. لە زیندان ماوەیەکی درێژ پێکەوە بووین و بەردەوامیش لە دۆخێکی ململانێ و تێکۆشاندا بووین. ئەویش حەقیقەتێک بوو، هێشتا کاریگەری ئەو ساڵانە درێژەی هەبوو. لە ئەکادیمیاش بە هەمان شێوە بوو، بەڵام دوایین رووداوەکان بە شێوەیەکی

سرووشتیانە ساردبوونەوەیەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. (جاهیدە) کۆمەڵێک لایەنی هەبوون: هەر کە هەلی دەست دەکەوت خۆی دەژییاند، هانای دەبرد، بێ چارەیی خۆی بە شوێنێکەوە دەبەستەوە و وایدەزانی بەمەش خۆی لە بێچارەییەکەی دەرباز دەکات کە هەموو ئەمانە مەترسیداربوون و منیان دەخستە ئەندێشەوە. بۆ ئەوەش نەمدەویست بڕوات بۆ مەترۆپۆڵەکان. چونکە تایبەتمەندی و ئاواتی ژیانی بۆرژوازی بچووکی هەبوو کە ئەگەرچی زۆر پێوەشی دیار نەبووایە. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە خۆشەویستی — سۆزە لە ڕێدەرچووەکەی، کەسایەتەکەی خۆیشی تێکدابوو. لایەنگری ڕۆیشتنی نەبووم هەتا ئەو کاتەی وەرچەرخاندنێک لە خۆیدا بە ئەنجام نەگەیەنێت. خۆیشیم پێ قانیع نەببوو، بێ متمانەبوونەکەی خودی خۆی دەدا بەدەستەوە. سەرەنجام چووە مەترۆپۆڵ و بێگومان ئەو شوێن و شوێنگەلەی کە کۆتایی بە کەسایەتییەکەی دەهێنا.

لە شۆڕشدا بە مامەڵە و سەودا بڕ ناکرێت. هەر کەسێک ئەگەر بە زەوقێکی گەورەوە، بە باوەڕییەکی گەورە و بە ئەشقی تێکۆشانێکی گەورەوە شۆڕش لە ئامێز بگرێت دەتوانێت بڕ بکات و هەنگاو بنێت. بەپێچەوانەوە ئاوات، ئارەزوو، چاوبرسێتی و سۆزی تۆڵەکردنەوەی کەسێتی، کەسەکە بەرەو نزمترین شوێن دەبات. ئەوانەی چاویان جوانییەکانی شەڕ و تێکۆشان نابینێت، ناتوانن خۆیان ڕزگاربکەن لە خۆفرۆشتن بە خیانەت.

ڕێکخستنی کۆمەڵەی یەکێتی ژنانی وڵاتپارێز، تاقیکردنەوەیەکی کەمخایەنی سەرەتایی بوو. پاشان (سەرۆک) لەو سەردەمانەدا گووتی: "دەکرێت کۆنفرانسێکی ژنان ساز بکرێت. پێکهاتەکەشی لەبار و ڕەخساوە". بەرنامەیەکی بەمجۆرەی کار و خەبات بەختەوەری دەکردم. لەلای ئێمە بەم

ئەندازەیە گرنگی بە پرسی ژن دەدرا، شیکارەکانی (سەرۆک) سەبارەت بەم پرسە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بەتایبەتیش شیکارەکەی مانگی ئاداری 1987. بەرنامەی کارێکی تایبەتە کە بەدیهێنانی گرنگییەکی زۆری دەبوو. بەڵام هێشتاش لە ئاستی گشتیدا لێکدانەوە بۆ ئەم پرسە رووکەشانە بوو. چ لەبەرەی هەڤاڵانی ژن یان پیاو بێت بەو جۆرەبوو. تەنانەت گفتوگۆی وانەکانیش دەبوون بە مایەی شیرۆڤەی زۆر جیاواز. پرسەکە وەک تابۆیەک بوو. کەس نەیدەتوانی بەپێی پێویست لێی نزیک ببێتەوە. بەڵام تا کێشەکان لە کەسێتیدا چارەسەر نەبن تێگەیشتنیشی ئەستەمە. گریمان لە رووالەتدا وەها نیشان دەدەیت کە گوێت بۆ (سەرۆک) شلکردووە، بەڵام لەجەوهەردا گۆڕانکارییەکی ریشەیی فەراهەم نەکەیت، ئەوا ئەم خەسڵەتە زیاتر بەرەو دواوە پەلکێشی دەکردیت.

لە کۆبوونەوەکانی خۆشماندا تەنیا تا سنوورێک قسەی لەسەر دەکرا و نەماندەتوانی تێپەڕی بکەین. قسەکانی (سەرۆک) دووبارە دەکرانەوە. بەشێوەیەکی قووڵ و بەرفراوان شیرۆڤە نەدەکران و ئەو شیرۆڤانەش کە دەکران زۆر لاواز بوون. ئەم کۆنفرانسە مسۆگەر پەرەسەندنێکی دروست دەکرد. هزری (یەکێتی رەگەزیی) و هەوڵەکانی بونیادنانی لەلای هەڤاڵانی ژن زۆر لاواز بوو. بەڕێوەبەرایەتی و لێپرسراوێتییەکان بەشێوەیەکی رەمزی چاویان لێدەکرا، خۆیان نەدەکرد بە هێزی کارای بڕیاردان. گرووپێک هەڤاڵی خەڵکی تورکیاش لەوێ بوون، ئەوانیش ئامادەکارییان بۆ کار و خەباتی ناو تورکیا دەکرد، هاوکات (مەراڵ) شیکارنامەکانی (سەرۆک)ی گوڵبژێر دەکرد. (مزگین) و چەند هەڤاڵێکی خەڵکی تورکیا کە لە ئەکادیمیا پەروەردەیان بینی بوو، بۆ کار و خەباتی ناو تورکیا

ئامادەکارییان دەکرد. بەڵام زۆر بە خواست و ویستەوە باوەشیان بەم کارەدا نەکرد، سەرەتا بە سەرسوڕماوییەوە خوێندنەوەیان بۆ کرد. (مزگین) دەیویست بچێت بۆ بۆتان. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لە تورکیا پێویستییەکی زۆر بە پەلە هەبوو. (سەرۆک) بیری لە ناردنی گرووپێک لە هەڤاڵانی ژن دەکردەوە و لەو بڕوایەدا بوو کە دەرفەتی زیاتری کار و خەبات بەدەست دێنن. ئەگەر شێوازێکی راست بگرنە بەر ئەوا دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بمێننەوە.

دوایین گفتوگۆمان لەگەڵ (مەراڵ) و راستییەکەی دوایین ماڵئاواییمان زۆر سەیر بوو. چانس و هەلێکی نایابی پێ درابوو، بەڵام ئەو هێشتاش حیسابی ناردنی کچانی تورکی بۆ بۆتان دەکرد و دەیگووت: "دەیبینیتەوە، رێک 500 کچت بۆ دەنێرم" لە وەڵامدا منیش پێم گووت: "تۆ 5 پێنج کچ بنێرە بۆ هەرێمەکانی دەریای رەش، وەک ئەوەیە 500 کچت ناردبێت بۆ بۆتان". بەڵێ؛ شەڕ و تێکۆشان لە هەرێمەکانی دەریای رەش هیوا و ئاواتی هەمووومان بوو. دیارە (بچکۆل) هێشتاش بەپێی پێویست گیانی ئەو تایبەتبوونەی هەڵنەگرتبوو.

(مزگین) کاتێک دێتە گۆڕەپانی پەروەردەی (سەرۆک)، بە بۆتاندا گوزەر دەکات. نزیکەی سێ مانگ گەڕا بوو. سێ مانگ مانەوە لەو شاخانە کەم نەبوو. (مزگین) پراکتیکێکی بینی بوو. سەیر بوو، ئەو شوێنەی دەویستەوە؛ کە تیایدا ئاشنای گەریلا بووە، دڵگیری ببوو. کاتێکیش پێیان گووت کە ناچێت بۆ بۆتان، دەستی کرد بە گریان. تورکمان بوو، لە تورکمانە عەلەوییە مەزهەبەکانی تۆکات[62] بە زیندەیی، چالاکی، گەرم و گوڕی،

[62] پارێزگایەکی تورکیایە کە دەکەوێتە هەرێمی دەریای رەش لە بەشی ئەو وڵاتە و هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سیواسی باکووری کوردستان.

سادەیی و خەندەی پڕ لە هیوای کاری تێکردبووم. بە گاڵتەوە پێم دەگووت: "خوێنی عەلەوییان دەکوڵێت". لە ڕاستیدا گەرموگوڕی هاوبەشی باوەڕی و تێکۆشان بوو.

بەدرێژایی خولی پەروەردە لەگەڵ (مەراڵ) زۆر کەم گفتوگۆمان هەبوو. بە ئێش و ئازارترین قۆناخ بوو. ئەو گووتە و گفتوگۆیانەی لە پلاتفۆڕمە فەرمییەکاندا دەمانکردن، بە نەزۆکی دەمانەوە، لە پێوانەی ڕەخنە و هەندێک هەڵسەنگاندن تێپەڕ نەدەکرا، کە ئەمەش کەموکوڕ بوو. بە خاسیەتگەلێکمان نەدەگەیاندن کە یەکە بە یەکەیان لەناوخۆیدا ڕوون بکاتەوە و کاملیان بکات. سڵەمینەوەیەک هەبوو. بە کردنەوەی بواری گفتوگۆ و قسەی بوێرانە و ئافراندنی دیالۆگێک کە لێکتێگەیشتنێکی باشتر بڕەخسێنێت، دەمانتوانی ڕێگە بۆ کەمژانی و کەمئێشی تێپەڕکردنی قۆناخەکە ئاوەڵا بکەین. ئەمەمان پێنەدەکرا. هەڵوێستی وشک، ڕەق، ناسیاسییانە، یەکلایەنە و خۆخۆییانە بەشێوەیەکی خۆڕسکانە مەیدانی دیالۆگی دەخستە ناو زەحمەتییەوە.

جارێکیان کەوتینە ناو گفتوگۆیەکی بەتین و بنچینەییەوە. سەرەنجام شەڕ و ململانێیەکی ئەرێنی و هاوڕێیانە بوو، پێویستییەکی زۆرم بەم چەشنە دیالۆگانە هەبوو. بەبێ هەڵگرتنی هیچ قەلەقی و نیگەرانی و شتی وەک: "ئایا چی دەبێت، گفتوگۆکان بەرەو کوێ دەچن، چۆن تێگەیشتنێک دەهێنن...هتد"ەوە قسەم کرد. یەکێک لە درێژترین گفتوگۆکانمان لەسەر ئەڵقەی پەنجە بوو. لەکوێ بمزانیبا ئەوەندە بە شتێکی تر لێکدەدرێتەوە؟ ئەگەر تۆزێک بیرم بکردایەتەوە، ئەگەر دەرکم بە هەستیاریی شوێن و کاتەکەی بکردایە و حیسابم بۆ بکردایە، ئەوا هەر لە ڕۆژانی یەکەمدا و لە دوای گفتوگۆم لەگەڵ

(سەرۆک) دەستبەجێ دەرمدەهێنا. هەڵبەتە ئەوکاتیش دەرمهێنا، بەڵام دەستبەجێ کردمەوە پەنجەم. من وای بۆدەچووم کە دەرهێنانی ئەڵقە بەواتای شاردنەوەی شتگەلێک یاخود هێنانە پێشەوەی پەیوەندییەکە دێت. ئەگەر ترس و خەمی شاردنەوەی پەیوەندییەکەم هەبووایە، دەمتوانی زۆر بەجوانی بیشارمەوە، لەبەرامبەر گۆڕان و پێشهاتەکان بێدەنگ دەبووم و بە حیساب و کتاب دەبووم. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو؛ چالاکی فڕێدانی ئەڵقە؛ لە سەروبەندی بیستن و زانینی خیانەتەکەدا ئەڵقەکەم فڕێبدایە لە ئاستی فیکردا، دەبوو بە بەهیچ دانانی پەیوەندییەکە.

ئیتر بۆ من هیچ شتێکی ئەو بچووکترین واتاشی نەبوو؛ قێزەون بوو، بە نەفرەت بوو. ئەڵقە تۆزێک جیاوازی هەبوو. ئەو نەیدەزانی، کاتێک (سەرۆک)یش بینی، ئەگەر روونکردنەوەیەکم نەکردایە، بەواتای هەڵخەڵەتاندن و ناڕاستبوون بەرامبەر بە (سەرۆک) دەهات. هەستیارییەکەم لەم خاڵەدا بوو. ئەمانە و سەرجەم رەهەندەکانی ترم بە درێژیی بۆ (مەراڵ) باسکرد. رەخنەم لەخۆیشی گرت کە بۆچی لە ئەڵمانیا رووداوەکەی بۆ باس نەکردبووم. هێشتا سکاڵای ئەوەم بوو کە بۆچی بە منیان نەگووتووە. لەم بارەیەوە دەیانگووت: "پێمان راگەیەندرا کە بڕیاری رێکخستنە، نابێت پێی بگووترێت"، بەڵام منیش هێشتا لە کەش و هەوای "متمانەتان پێم نەبوو؟" دا بووم.

دیاردەی متمانە زۆر کاری لێکردبووم. دەمگووت: "هەر هیچ نەبووایە بەو شێوەیە نەدەچوومە بەردەم سەرۆکەوە". (سەرۆک) لە شیکارەکانیدا بەردەوام ئەو رۆژەی وەبیر دەهێنامەوە. هەرچەند بیگووتایە "دەگریا، حیسابی دەخواست، یاخی دەبوو" من زیاتر خۆمم دەخواردەوە. ئەگەر بێتوو هەوڵیش بدەم و بڵێم: "نەخێر؛ سەرۆکی من، من لەبەر ئەمە و

لەبەر ئەوە گریام" بە واتای پەسندنەکردنی ئەو رەخنەیە دەهات کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا دەبوو بە بێ چانسییەکی تر بۆ من. لەبەر ئەمەم بوو، ئەگەر پێشتر بمبیستایە، لانی کەم بێ پێوانەییەکی بەم جۆرەم نەدەبوو. دیسان "بریا"کان دەهاتنەوە گۆڕێ و دەمگووت: "بریا لە زیندان پێم بزانیبایە... بریا کاتێک لە ئەستەنبۆل بووم، یان کە لە ئەڵمانیا بووم.. بریا... بریا... بریا..."!، بەڵام تازە روویدا بوو! ئاوڕدانەوە و سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە رووداوەکان شەکەتی دەکردم. چونکە تێگەیشتبووم کە هەڵەم کردووە.

میدیاکانی دەوڵەتی تورک بەردەوام بوون لە پڕووپاگەندەکانیان. گۆڤاری 2000'e doğruیش زمانحاڵێتی ئەو هێرشانەی دەکرد. وەهایان بڵاو کردبووەوە کە پارتی من و (سەلیم چروککایا)ی بە سزا گەیاندووە. گوایا دەیانوویست هەموو کەسێک تێبگەیەنن لەوەی (PKK) لەناوخۆیدا چەندە بێ بەزەیی و تیرۆر پەیڕەو دەکات!

نازانم مەرگ چەند جار لە تەنیشتمەوە و لەنزیکمەوە دەستی پێ گەیاندم. زەحمەت نەبوو، منیش ئامادەبووم، بەڵام سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا. لە مردن نەترسام، بەپێچەوانەوە مردن ترسا. دەشبێت رێککەوتبین. دەمگووت: "نامرم هەتا سەربەخۆیی کوردستان نەبینم". رقئەستوورییەک بوو، گرتنی یەخەی مەرگ بوو. ئەگەرچی رۆژانە بۆ سەدانجار تووشی مەرگ دەهاتین و سامیشمان لێ نەدەکردەوە، بەڵام مردن لە کات و شوێنی خۆیدا جوانترین مەرگە. هەبوون بەشێوەیەکی نایاب سەرکەوتبوون تیایدا.

ئەو هەواڵ و دەنگۆیانە جارێکی تر رقئەستووری لەبەرامبەر بە مەرگ خولقاندبوو. دەمگووت: "ئەگەر دووژمن

ئەمەی دەوێت و چاوەڕێی شتێکی وەها دەکات، کەواتە هەرگیز!"
ئەو تەڵەکەبازییانەی دووژمن زیاتر بە ئاگا و هۆشمەندی دەکردم. دەمگووت: "ئەگەرچی هەڵە و چەوتییەکانم لە ئاستی ڕێبازدا درێژەش بکێشن، بەڵام وایان لێدەکەم سەد جار پەشیمان ببنەوە لەهەر یەکێک لەو قسانەی دەرحەق بە من کردوویانە". تووڕەییەکی زۆر گەورە هەبوو لەناخمدا. لەجیاتی ئەوەی بەسەر خۆمدا هەڵیڕێژم، دەبووایە پشوودرێژییەک نیشان بدەم تا دەگەمە شاخ و لەوێ بەسەر دووژمندا بتەقێنمەوە. زۆرم بۆخۆم دەهێنا. تاکە شتێک کە مابووەوە، سەرکەوتن بوو لە خۆ گەیاندن بە شاخ و گەریلا. لەم خاڵەدا خەم و نیگەرانیم هەبوو. ئەی ئەگەر (سەرۆک) نەمنێرێت چی دەبێت؟ من ناتوانم لێرە زۆر بمێنمەوە. مەیدانێکی هەمیشە پڕ لە گفتوگۆ و شەڕی تیۆری تا ڕادەیەکیش شەکەتکار بوو. دەمگووت: "کاتی ئەوەیە رق و کین و تووڕەییم بەسەر دووژمندا هەڵڕێژم"... دەمگووت: "مادام دووژمن چاوەڕێی مردنم دەکات، ئەگەر مەرگێکم هەبێت دەبێت بە گوللەی دووژمن بێت. هەرگیز دووژمن خۆشحاڵ و بەختەوەر ناکەم".

لەڕووی جەستەییەوە تا کۆتا زیندە و چوست بووم. لە خولی یەکەمیشدا ئامادەبووم بچم. لەکۆتایی خولی پەروەردەکەدا بوو لەکاتی سوێندخواردنی گرووپەکاندا (سەرۆک) لە دیالۆگدا جارێکی تر لەسەر پراکتیکی گەریلا لە هەرێمی دێرسیم ڕاوەستا. پێشتر (سەرحەد) لەوێ بوو، ئێستا (د.باران) دەڕۆیشت بۆ ئەوێ. لە دیالۆگدا لەگەڵیان، ڕەخنەی وەپێشدەخست. دوو هەڤاڵی ژن هەبوون کە پێشتر لە هەرێمی دێرسیم گەریلاییان کردبوو و لەوێشەوە هاتبوون بۆ پەروەردە. (چیچەک) و (سەعادەت). (سەعادەت) بە گریانەوە قسە و

ڕەخنەی کرد. لێکدانەوەی بۆ ژن، لێکدانەوەی سەبارەت بە هاوڕێیەتی، لەو هەرێمەدا زیاتر لە هەرێمەکانی تر زیانی بەرکەوتبوو و چەمکی کرداری دژبەری پارتی، بە سەرنجڕاکێشترین شێوە هاتبووە ئاراوە.

(سەرۆک) لە سەروبەندی ئەو گفتوگۆیانەدا منی هەڵساند و بە ئاماژەکردن بۆ ئەو دوو هەڤاڵەی تر گووتی: "سارا، دەبینی؛ لە دێرسیم چییان لە ژن کردووە؟ ئەم داماوانە بەزۆر لەدەستیان رزگارییان بووە. چی بکەین؟ ئەمجۆرە شتانە لە دێرسیم چۆن دەگۆڕین؟ دەتەوێت بچیت؟" منیش گووتم: "بەڵێ، دەمەوێت، بەڵام سەرەتا دەمەوێت بچم بۆ هەرێمی ئامەد، بەڵێنێکم بۆ ئەوێ داوە. جگە لەوەش دەمەوێت بە ئاشکرا بیڵێم، لەگەڵ ئەم هەڤاڵانە بۆ دێرسیم..." قسەکەم تەواو نەکرد (سەرۆک) رووی کردە (د.باران) و پرسی: "خوازیاریت سارا لەگەڵ خۆتان ببەن؟" (د.باران) وەک پیشەی هەمیشەی خۆی، سەرەتا لە سەر گوێسەی چاویلکەکەیەوە تەماشایەکی کردم، تفێکی قووتدایەوە و پاشان گووتی: "با بێت، سەرۆکی من؛ من دەبمە فەرماندەی چەکداری و ئەویش دەبێت بە فەرماندەی سیاسی". (سەرۆک) پێکەنی و دووبارە گەڕایەوە بۆ من و گووتی: "باران دەخوازێت، بەتایبەتیش وەکو فەرماندەیەکی سیاسی". منیش گووتم: "نەخێر، سەرۆکی من؛ با تۆزێکی تریش بەهێز ببم، فێری شەڕی چەکداری ببم و پاشان بچم، ئەگەر نا زۆرم بۆ دەهێنێت". (سەرۆک) بە قاقایەکی زۆر خۆشەوە گووتی: "ئاوەها؟ خراپە! دکتۆر بڕوانە؛ ترساندووتە! باشە چی دەبێت؟ چۆن شتی وەها دەبێت؟" و لێرەوە ئاماژەی بە پێویستی شێوازێک کرد کە لە دێرسیم پەرەسەندنی نەتەوایەتی بڕەخسێنێت، گەریلاییەکی شایستەی خۆڕاگری دێرسیم

بخولقێنێت، گۆڕانکارییەکی ریشەیی لەو پێکهاتەیەدا دروست بکات کە خیانەت و کەمالیزم بونیادیان ناوە و پێویستە بە ئاوازێکی هاوشێوەی (سەید رەزا)[63]وە رەوت بکات. سەرەنجام (سەرۆک) رۆیشتنی منی بە ناوەخت و زوو دانا و لە پەروەردەکەدا مامەوە.

بەلام ئیدی نزیکتر ببوومەوە لە شاخەوە. هەستم پێدەکرد. رۆیشتنم بۆ شاخ زۆر نزیک ببووەوە. ئاوات، خواست و هەستی شابوونەوە بە شاخ چەند خۆش و نایاب بوو. هێشتا نەڕۆیشتبووم کەچی لەناو جۆش و خرۆش و حەزی شاخدا دەژیام. باشە چی دەبوو ئەگەر لەوێ بوومایە!.. بیقاعیش وەک پارچەیەک بوو لە ولات. ئەوێشم زۆر خۆش دەویست. بە سەدان هەڤاڵ لەوێ پەروەردەیان بینی بوو و لەوێوە چووبوون بۆ شاخ. چەندێکیان شەهید ببوون و چەندێکیشیان هێشتا لە شاخ بوون.

[63] رێبەری یەکێک لە گەورەترین سەرهەڵدانەکانی خەڵکی دێرسیم و ناوچەکانی دەوروبەرێتی لەبەرامبەر بە دەولەتی تورک، لە ساڵی 1863 لە دێرسیم لەدایک بووە و لە 1937 لە گۆڕەپانی گەنم لە شاری خارپێت لە سێدارە درا.

## شەڕە و تێکۆشانە سەراپای ئەشقی کەسێکی سیاسی

بە تەواوی مێژووەکەیم لە بیر نییە، مانگی ئەیلول بوو. ئەو رۆژە (کانی یلماز) هەتا لای خێوەتەکانمان هات. کەش و هەوا خۆش بوو، هەرچەندە دەمەو پایز بوو، بەڵام هێشتاش هەوا گەرم بوو. کاتێک بانگی کردم، موچڕکەیەکی سوکەڵە بەلەشمدا هات. هەستم بە شتێک کردبوو، کە خۆشم لەناو سۆزێکی ئاڵۆزدا بووم، لەکاتی وەهاشدا دەکەوتمە ناو دەروونی چاوەڕوانییەوە. سەرەتا زۆر شاد دەبووم، بەڵام دواتر تووشی دڵشکاویی دەهاتم. حوزنەکەی من لەبەر ئەوە بوو کە سەرەتا دەیخستمە ناو چاوەڕوانییەوە و پاشان هەواڵێکی بێزارکەرم پێدەگەیشت. کە زیاتر لە ریزی هەواڵی چاوەڕوان نەکراودا جێگەی دەگرت. بێگومان هەواڵەکەی ئەمجارەیان پڕ بەپێست بەمجۆرە نەبوو. چاودێری رەوتی گۆڕانکارییەکانم دەکرد، بۆیە دەمتوانی شیمانەی سەرەنجام و پێشهاتەکانیش بکەم.

لە کۆنفرانسدا بڕیار لەسەر سزادانی (شەنەر) درابوو. ئەمڕۆ بێت یان سبەی؛ باجی خیانەتەکەی دەدایەوە. ئیتر؛ هەبوون و نەبوونی جەستەییانەی گوزارەی لە هیچ شتێک نەدەکرد. لەبەر ئەوەی خۆم لەناویدا ژیابووم، هەر هەواڵێکیش لەم بوارەدا بهاتایە بەلامەوە هیچ گرنگییەکی نەمابوو. ئەگەر ژیان و مردنی مرۆڤ بە هەمان هۆکارەوە وابەستبێت، تەواوە. شەرەفمەندانە بژیت، مردنیشت شەرەفمەندانە دەبێت. بەپێچەوانەوە بێ شەرەفیت بە ژیان هەڵبژاردبێت، لەوێدا کۆتاییت دێت و دەمریت و هیچی تر.

لە زیندان ئاشنای شێوەی هەردوو دیاردەی ژیان و مردن ببووم، زۆر لەنزیکەوە شاهێدحاڵی بووم. لەلایەکی تریشەوە ئەو

مردووانە هەبوون کە هێشتاش لە ژیاندابوون. هەر چەند ئەوانەم دەبینی دڵتەنگ دەبووم و نەفرەتم زیادی دەکرد. هەر لێرەشەوە کاردانەوە و تووڕەییم لەمەڕ ژیانی قێزەون و قێزەونکراو هەبوو. هەر چەند ئەوانەم ببینیبا، زیاتر باوەشم بە هەڵوێستی شەرەفمەندانەدا دەکرد. هەرگیز ژیانی قێزەونکراو، رەنجی بە فیڕۆدراو، پێشێلکردنی هیچ بەها و نرخ و رەنجێکم پێ هەرس نەدەبوو.

(کانی یلماز) گووتی: "وەرە با تۆزێک پیاسە بکەین، دەمەتەقێیەک بکەین". تا ئەو رۆژە بۆ تەنیا جارێکیش لەگەڵ ئەو رایەڵکە و گفتوگۆمان نەکردبوو. هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی مایەی کاردانەوە بوون لەلای من، هاندەر و دنەدەر بوون. شێوازی قسەکردنیم بە شێوازی قسەکردنی بازرگانەکان دەچواند. بازرگانیی سیاسەت زۆر خراپتر بوو. رابردووی زیندانیشی زۆر باش نەبوو، خۆی رادەست کردبوو، تەنانەت ماوەیەکیش ببوو بە دانپێدانەر و خۆی رادەستی دووژمن کردبوو. بۆیە زۆر خۆشەویست نەبوو. بەڵام دواتر هەوڵیدا خۆی راست و رێک بکاتەوە.

هەلومەرجی سازش و تێکهەڵچوون لە سیاسەتدا جێگەیەکی گرنگی هەیە. هەر دووکیشیان بنەمای چینایەتییان هەیە. روانگەکانیان و بەرژەوەندی دوو لایەنەییان هەم سازشهێنە، هەم تێکهەڵچوون دەهێنێت. ئەگەر لەچوارچێوەی رێساکانیدا بێت، مسۆگەر ئەنجام دەهێنێت. هەموو ئەمانە لە کەسێتی (کانی) دا تا رادەیەک بێ پێوان و بێ پرەنسیپ بوون.

لەگەڵ (کانی) لە زیندان جگە لە دووربەدوور یەکتر بینین، هیچ پەیوەندییەکی ترمان نەبوو. ئەو زووتر دەرکەوت. دوای دەرکەوتنیشی کارتی بۆ ناردبووم. ئەو ساتانەی هەواڵمان

پێدەگەیشت کە دەرکەوتووانی زیندان گەیشتوونەتە لای پارتی، دەبوون بە بەختەوەرترین و شادترین ساتەوەختەکانی ژیانم. هاورێیان ئەو کاتە دەیانزانی گرنگی بە چی دەدەم، چیم خۆش دەوێت و بەچی شاد دەبم، دەیانویست خۆشحاڵم بکەن.

ئێستاش بەشێوەیەکی تر مامەڵەیان دەکرد. بەلای ئەوانەوە ئیتر من کەسێکی ترم، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستێکی تەواو قەدەرگەرایی بوو. وەک چۆن کاتێک خێزانێک وادادەنێن کچەکەیان "بەخشراوە" بە پیاوێک و ئیتر پەیوەندی بە خۆیانەوە نەماوە، لێرەش هەڵوێستێکی وەها پاشقەرۆ و سەرەتاییانەیان وەبیر دەهێنامەوە. بەلای هەندێک لەو کەسانەوە من وێران ببووم و مسۆگەر رامدکرد! کەچی من لەناو تێکۆشانەکەمدا بووم، لەناو پارتییەکەمدا بووم، بەتایبەتیش لەناوەندەکەیدا بووم. من کەسێکی ئەم دۆزە بووم، کچێکی ئەم دۆزەبووم. کچی کەسی تر نەبووم. ئەوەی کە لەڕاستیدا هەراسانی دەکردم، ئەوە بوو بە کەسی خەڵکی تر لێکدەدرامەوە. منیش هەر جارە و دەبا هاوارم بکردایە بمگووتایە: "نەخێر من کەسی کەسیتر نیم، من کچی پارتییەکەمم. من نەڕۆیشتم، نەکەوتم. ئەو پەیوەندییە نامبات بە دۆزەخەکاندا!".

بەڵێ؛ ئەو پەیوەندییانەم بە باشی و بەڕاستی نەئافراندبوو. کەسێکی سیاسی، سەرتاپای ئەشقەکەشی و خۆشەویستییەکەیشی شەڕ و تێکۆشانە. لەم بوارەدا بێ شەڕ و تێکۆشان نەبووم، بەڵام سەنگەرێکی بەهێزم نەگرتبوو و دۆڕام. لەجیاتی ئەوەی هەمیشە ئەو عەیبەیە وەک چەکێکی (بە روودا دانەوە) بەکاربهێندرێت، پێویست بوو هاوکاری و پشتیوانی هەوڵەکانی خۆڕزگارکردن و وەرچەرخاندنی بۆ سەرکەوتن

بکرایە. ئەوەندە شت هەبوون کە کاریگەرییان لەسەر دەکرد کە هەر باس ناکرێت...

بەپێچەوانەوە بەجۆرێک بۆم بڕوانرێت کە ئەوەی کاری لەمن کردووە (شەنەر)ە، قوتم دەدات و بۆ خیانەتم دەبات، جگە لە شکاندن و بێ مۆڕاکردنی من هیچی تری نەدەهێنا. من درۆم پێنەدەکرا، بە هەڵوێست و ڕەفتاری ساختە خۆم وەها نانوێنم کە هیچ شتێک کاری تێنەکردووم. کەسێک نەبووم هەر سەرە خولەکێک بە وشە و قسەی زۆر توند و زبر نەفرەتم لە خیانەت بکردایە و هەڵویستی (پارتییەکی باش)م بنواندایە. ئەمانە ڕاستگۆیی نیین. نە پارتی پێویستی بە شتێکی وەهایە و نە کەسایەتی منیش تایبەتمەندییەکی وەهای هەڵگرتووە کە ئەو جۆرە شتانە بکات. کاریگەری لێکردم، زۆریش، چونکە بە چاوێکی ئاسایی لێم نەڕوانی، ئەوەی منی بەرەو ئەو پەیوەندییە برد؛ ڕەمەک، حەزی بێ پەروا، بێ چارەیی و لاوازییەکانم نەبوو، ئاستی سنووربەزێنی سۆزەکانم نەبوو. بەپێچەوانەوە لە دەمێکدا بوو کە بەهرەی ڕێکخستنیم ئەرێنیی بوو، لە هەلومەرجێکدا بوو کە زیاترین متمانەم بەخۆم دەکرد و بە زەوق و شەوقێکی زۆرەوە کارەکانم بەڕێوە دەبرد.

ئەوەی لە بەرەی لاوازیدا و مایەی قسە و باس بوو؛ (شەنەر)بوو. ئەم خاڵە زۆر گرنگە، هۆکارێک بوو بۆ شەڕ. بەداخەوە من لێرەدا تەنیا لایەنێکی ئەم خاڵەم دەبینی. (شەنەر) لە هەمانکاتدا هێزێک بوو، بەڵام پشتی بەچی دەبەست، ئاستی چۆن و چەندێتییەکەی چی بوو، چی پێدەکرا؟ ئەمانەم بەشێوەیەکی وردبینانە نەخستبووە بەر لێکدانەوە. لە ئاستێکیشدا نەبووم کە دڵسافانە بێت، خۆی ڕادەستی ئەو کردبێت و هەموو شتێکی خستبێتە بەر ڕەحمی بەرامبەرەکەیەوە. ئەگەر (شەنەر)

لەم شەڕەدا دەبێت بە خاوەنی هێز و کارێک دەکات، دەبێت لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕێکخستندا بێت. دەمگووت: "ڕێکخستن لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەودا نییە". منیش هێزم، بەڵام من متمانەم بە ڕێکخستن هەیە، ئاسوودەیی و متمانەی پابەندبوونم بە ڕێکخستنەوە بەلاوە بەس بوو. بەهەڵەداچوونم لەم خاڵەدا بوو. ئەمانە بۆ شەڕێکی بەمجۆرە بەس نەبوون.

لەگەڵ (کانی) لە گۆڕەپانەکە هەم قسەمان دەکرد و هەم پیاسە. پاشان (نو..)ش هات بۆ لامان. دیاربوو (کانی) نەیدەزانی چۆن دەستپێبکات. بە زەمینە خۆشکردن دەیویست "هەواڵی ڕەش"م بداتێ. دانم بەخۆمدا نەگرت و گووتم: "چیت لەژێر زارە بیڵێ، شیمانەی دەکەم، بەڵام تۆ بیڵێ. هێزی بەرگەگرتنی هەموو جۆرە هەواڵێکم هەیە، ئەوەندەش نائومێد و لاواز نەبووم. چییە، بڵێ".

(کانی) گووتی: "دواجار کوشتیان، ئێمەش ڕزگار بووین و تۆیش". پاش کەمێک بەردەوامی کرد: "لە ماڵەکەدا ژنیش هەبووە، چجای لە ژنێک زیاتریش. هەڤاڵان یەکێکیان بە ساغی گرتووە، ئەوی تریان کوژراوە". ماوەیەک بەبێ دەنگی پیاسەمان کرد. چاویان لەسەر من بوو کە کاریگەرییەکی چۆنم لەسەر دەکات و چی دەڵێم! منیش بێ دەنگ بووم. نەمویست قسە بکەم. (کانی) گووتی: "لەلای خۆمانەوە گووتمان باش نابێت بەشێوەیەکی تر بێتە گوێت. باشترین شت، بەمجۆرە بانگکردن و پێگووتن بوو. سەرۆک گووتی: بڕۆ قسەی لەگەڵ بکە.. هێشتا هەڤالان نەیانزانیوە، هێشتا بە بەڕێوەبەرایەتیشم نەگووتووە".

پێمگووت: "ئێوە نامناسن، ئەگەر بتانناسیبام بەم شێوەیە قسەتان نەدەکرد. هیچم نییە لەسەر هاتن و پێگووتنتان، بەڵام بەشێوەیەکی تریش بمبیستایە جیاوازی نەدەبوو. چجای شەنەر

لای من بە راکردن و خیانەتەکەی مرد. دیاردەی خۆشەویستی و قین هەرزان نین، هەڵگرتن و وەرچەرخاندنیان بۆ یەکتر هەرگیز ئاسان نییە. لەو بڕوایەدام کە لەمەدا سەرکەوتووم، خۆ چاوەڕێ نین هەلهەلە و چەپڵەڕێزان بکەم. چونکە لەلای ئێمە هەوڵدەدرێت کاردانەوەیەکی وەهای زۆر سەمەرە بە بوێری و باشترین شۆڕشگێڕی ببیندرێت و نیشان بدرێت. باشە؛ سوپاستان دەکەم کە بەمشێوەیە ئاگادارتان کردمەوە. ئەگەر شتێکی تر نەبێت، من دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ قاوشەکەم" و لەلایان رۆیشتم.

پاش کەمێکی تر دەنگی چەک هاتە گوێم. تەقە، هات و هاوار، هەلهەلە، گۆڤەند.. هەمووی ئاوێتەی یەک ببوو. هەموومان بە پەرۆشەوە رامانکردە دەرەوە. هەوڵماندەدا بزانین چی روویداوە. پاشان زانیمان کە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵی سزادرانی (شەنەر)ی راگەیاندووە و هەڤاڵانیش رایانکردۆتە دەرەوە و دەستیان بە پیرۆزبایی کردووە. هەندێکیان فیشەکیان بە هەوادا دەتەقاند. ترسام، پێدەچێت بە هەڵە لە یەکێک بدەن، برینداری بکەن یان شتێکی تر. هەوڵمدا چەند کەسێک ئاگادار بکەمەوە، کەس گوێی پێنەدەدا. پاشان ئاگاداریم دا بە هەڤاڵانی بەڕێوەبەرایەتی. رێک و پێک ئاوەهایان پێگووتم: "هیچ نابێت. شەنەر کوژراوە. وازیان لێبهێنە با بەدڵی خۆیان پیرۆزی بکەن". پێکەنینێکی واتادارم بە قسەکانیان کرد. رێک کەشوهەوای لەهۆشخۆچوون بوو. دەیترساندم. بۆ پیرۆزبایی سزادرانی گێرەشێوێنێک "تەسفیەکارێک" تەقاندنی ئەم هەموو فیشەکە چۆن کاردانەوەیەک بوو؟! خۆزگە کاردانەوە و تووڕەییەکانیش بەوجۆرە بەئاسانی بەشوێنی مەبەست بگەیشتنایە. ئەم کاردانەوانە قورساییەکی سیاسییان نەبوو. وەکو لە گرێژنە

چوون وابوو. وەکو بڵێی شەڕەکانی تا ئەو رۆژەش کەم رەهەند بووبن. (سەرۆک) چەندین مانگ رانەوەستا و قاڵبووەوە و دەوروبەری لەگەڵ خۆیدا قاڵکردەوە، هەڵسەنگاندنی کرد، رەخنەی کرد، هەژاندینی، لەچەندین لایەنەوە سەرلەنوێ مێژووی تێکۆشانی روونکردەوە. پیلانەکانی دووژمنی سەراوبن کرد، بڵاوکردنەوەی گەریلا بە هەرێمەکاندا و راپەڕاندنی خەڵک بە وڵاتدا وەڵامی هەموو هێرشەکانی دایەوە. مەراسیمی بەخاکسپاردنی (ویداد ئایدین)[64] لە ئاستی راپەڕینی خەڵکدا بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وەرگرتنی رێوشوێنی پێویستی رێکخستنی لە هەموو بوار و گۆڕەپانەکاندا، هۆشمەندکردنی سەرجەم پێکهاتەی رێکخستنی لەبەرامبەر دوایین گێرەشێوێنییەکانی دووژمن و سەپاندنی شێوازی راستەقینەی ژیان و شەڕ، بەکاریگەرترین وەڵام بوون.

کاتێک ئەم شێوازەم لەگەڵ رووداوەکانی تر و هەڵوێستە قەبا، ساکار و تۆڵەسێنییەکاندا بەراورد دەکرد، واقم وڕدەبوو. بەتایبەتیش هەندێک هەڤاڵ هەبوون کە زۆر ناکامڵانە رەفتاریان دەکرد.

جارێکی تر لەناو ئەو هەموو سەرگەرمیی و زیادەڕۆییانەدا، بە بێ دەنگی سەرلەنوێ کەوتمەوە ناو لەخۆپرسینەوەیەک. گێرەشێوێنییەک لە ئارادابوو کە هەڕەشەی جددی دەکردە سەر

[64] سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی کوردبوو، لەو کەسانە بوو کە لەدادگای کودەتا بە زمانی کوردی قسەی کرد، لە سەردەمێکدا کە سەرۆکی لقی ئامەدی پارتی (HEP) بوو، رۆژی 5ی تەممووزی 1991 لەلایەن ژیتەمەوە دەڕفێنذرێت و دوو رۆژ دواتر تەرمەکەی لە ناوچەیەکی نزیک شاری خارپێت دەدۆزرێتەوە، هەر لە مەراسیمەکەشیدا کە رۆژی 10ی هەمان مانگ ئەنجامدرا، پۆلیسی دەوڵەتی تورک بەچەک پەلاماری ئاپۆڕای جەماوەر دەدات، کە بە کوژراو و بریندارەوە زیاتر لە (50) قوربانی لێکەوتەوە.

پارتیمان، بەر لە هەموو شتێکیش بەهەند وەرگرتنی بەرژەوەندییەکانی شۆڕشەکەمان بنەمای هەموو شتێکمان بوو. تەنیا ئەم رەهەندە بەسە بۆ منێکی (PKK)یی کە ئەرێی بکەم و قانیع ببم بەوەی ئەنجامدراوە. بەڵام ئەمەش بەو واتایە نەدەهات کە سۆز و کاردانەوەی تر لەگەڵ خۆی ناهێنێت یان ئەوانەی رەت نەدەکردەوە. وەکو (کانی) دەیگووت" ئێمەش و تۆش رزگارمان بوو"، نەخێر رزگاربوون ئەوەندە بە ئاسانی نەدەهاتە پێش.

ئاستی چۆنایەتی گێرەشێوێنییەکە هەڵوێستێکی بەوجۆرەی کردبووە ناچاری. بەڵام لەجەوهەردا بوون و نەبوونی جەستەییانەی، تایبەتمەندی شەڕەکەمی نەدەگۆڕی. خەسڵەتی تێکۆشانی چینایەتی ناوخۆ لەلای ئێمە چۆن گەشەی دەکرد، بۆچی مەیل و چەمک لە پرێکدا روویان لە خیانەت دەکرد؟ یان چۆن دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن مەیلەکانیان بژیێنن، پشتیان بەچی دەبەست؟ قۆناخی دوای ئاشکرابوونیان لەلای ئێمە رێگەی بۆ دۆخی پڕ بە ئازار دەکردەوە. کاتێک چۆنایەتی و پشتیوانەکانی گێرەشێوێنی بەشێوەیەکی راست دەستنیشان نەکرێن، یان ئەگەر کادیر و بنکەی گشتی بەشێوەیەکی راست دەرکی پێنەکەن، هەڵوێستگەلێکی مەترسیدار روویان دەدا و دەبوونە هۆکاری ئەو تێکدانەی گێرەشێوێنەکان پێیان نەکراوە. گەڕان بەدوای کاریگەرییەکانی گێرەشێوێنی لە هەر کەسێکدا و دانانی هەموو کەسێک بە پشتیوانی ئاسایی و لایەنگری گێرەشێوێنی؛ تێکدەرانەترین شێوازێک بوو لەناو پارتیدا. ئەم جۆرە هەڵوێستانە پشتیوانی سەرەکی و مەیلە گەشەپێدەرەکانی پەردەپۆش دەکرد و حەشاری دەدا. هەموو جۆرە مەیلێکی شێوێنەر و لەڕێ لادەر لە هێڵی تێکۆشان بەم شێوازە لەناو

نەدەبران. لە هەمووی گرنگتریش؛ بەبنەما وەرگرتنی هێڵی تێکۆشان، جوڵانەوە بەپێی ئەو شێوازەی شەڕ کە هێڵەکە دەستنیشانی دەکات و لەم واتایەدا یەکانگیربوونە لە پرەنسیپەکاندا. هەروەها پێویستترین و راستترین رێگە و شێوازیش؛ بەهەند وەرگرتنی شارەزاییەکە کە هەموو بەهرەکان کۆبکاتەوە و بیکات بە هێزی رێکخستن و لێرەوە ئاراستەگرتن بەرەو ئامانج.

(سەرۆک) ئەم شێوازەی زۆر بە شارازەیانە پەیڕەو دەکرد. بە ئاراستەی ریشەی ئەو گرفتانەدا دەچوو. هەر کە بچووکترین خاڵێکی ئەرێنی بەدی بکردایە، تا کۆتا کاری لەسەر دەکرد. بەڵام لەولاشەوە بەگشتی لە شێوازی بنکە و پێکهاتەی هەڤاڵاندا؛ ئەو رێبازەی کادیر جێبەجێی دەکرد، تایبەتمەندی تەگەرەکردنی زۆر هەوڵی بەوجۆرەیان هەڵگرتبوو. هەڵوێست و شێوازێک هەبوو کە مرۆڤی رووبەڕووی خۆی دەکردەوە، بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە بە نەرێنی دادەنا و هەوڵی دەدا بەخۆی بچوێنێ. ئەمەش شێوازی تێکۆشانێکی راست و دروست نەبوو. بەکارهێنانی هێزی کاریگەری بوو، بەتایبەتیش کاتێک هێزی رێکخستنییان بۆ خۆیان بەکار بهێنایە سەرەنجامی زۆر نەرێنیتری لێدەکەوتەوە. چونکە کەس یان لایەنی بەرامبەر کە بێبەریین لە ئامرازەکانی رێکخستن؛ بەشێوەیەکی بێهێز دەمایەوە. هیوای قازانجکردن و گەشەکردنی تاک لێرەدا جێگەی نەدەبوو، بە تەواوی واتاکەیەوە شەڕێکی ناهاوسەنگ بوو و کەسی بەرامبەرت لەدەست دەدا.

کەوابوو پێویستبوو چۆن شەڕ بکرایە؟ شێوازەکەی منیش ئەو نیوەی بەکڵپە و گڕ دەبرد. شێوازی جێگای باس، نایابانە کەڵکی لە چەوتییەکانم وەردەگرت و دەیکرد بە پلیکانە بۆخۆی.

ماوەیەک منیش وەکو تۆڵە لەخۆم بکەمەوە دەمگووت: "چۆن تێدەگەن با تێبگەن" خۆم وەک تەختەی نیشانبڕین لە مەیدان دانابوو. ئەم رقئەستوورییەش زیانی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی کەسێتیم لەجیاتی راگرتنی ململانێ، گڕتری دەکردەوە. زۆر زوو لەگەڵ هەندێک کەس یان کەسێتی تێهەڵدەچووم و شەڕم دەکرد. لە چارەسەری ریشەیی نزیک نەدەبوومەوە. ئەم شێوازەش شکستی دەهێنا کە تیایدا هەموو کەس و هەموو شتێکی رووبەڕووی خۆم دەکردەوە.

بەڵێ، جیاوازی ئەو شەوە؛ باجی قورسی بۆ بەیانییەکەی هەڵدەگرت. بەڕێوەبەرایەتی بانگی کردم و قسەمان کرد. (نومان) بە تووڕەییەوە گووتی: "خەمگین بوویت، خۆت پەراوێز کردووە و تێڕاماویت، تەنانەت خۆت بەسەر هەڤاڵاندا تووڕە کردووە و گووتووتە: بۆچی فیشەک دەتەقێنن، بۆچی گۆڤەند دەگرن؟...." و زۆر شتی تریش بەبێ ئەوەی هیچ گوێ لەمن بگرێت.

مێشکم فیوزی کرد. بۆ یەکەمجار بوو لەگەڵ (نومان) بەم چەشنە تووڕەییە قسەمان دەکرد. (نومان)م لە چەناک کالە ناسی. لە ئامەد زۆر نەمابووەوە. تایبەتمەندی پێگەیشتوویی و پێشکەوتووانەی هەبوو. پێشتر لەسەر زۆر بوار و بابەت گفتوگۆمان هەبوو. ئەو لەدوای من لە 1991دا لە زیندان دەرکەوتبوو. واتا بە یاسا نوێیەکە بەردرابوو. دوای ماوەیەک مانەوەی لە ئەستەنبوڵ، پێکەوە چووین بۆ ئامەد. لەوێش زۆر نەمایەوە و دەرکەوت. لە قۆناخی کۆنفرانسیشدا یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی کە لەنێوانماندا زیاترین گفتوگۆمان کردبوو. لە زۆر رووەوە دەیناسیم، شاهێدی کاردانەوە و لایەنە سۆزدارییەکانیشم بوو. ئەگەر کەسی تر شتی زۆر جیاوازیشی بۆ گێڕابێتەوە، ئەو ئاستەی هەبوو کە لێکدانەوەیان بۆ بکات.

سەرەڕای ئەمەش کە ئەو هەموو شتەی هێنا و پێی گووتم، کاری تێکردم.

زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی لەو هەڤاڵانەبوون کە لە زیندان دەرکەوتبوون. بەتایبەتیش هەندێک هەڤاڵ هەبوون کە نابەجێیانە فشاریان لەخۆیان دەکرد و بەسەرمندا تووڕە دەبوون. وایاندەزانی چەندە توند و رەق بن لەبەرامبەر بەمن، ئەوەندەش هەڵوێستێکی باشیان نیشان داوە. لەکاتێکدا پێویست بوو رێکاری هەنووکەیی جێبەجێ بکەن، بە دوورکەوتنەوە لەو رێکارانە و بە دروستکردنی زەحمەتی و هەڵگرتنی هەڵوێستی محافەزەکارانە مرۆڤیان تووشی سەرسوڕمان دەکرد. بەشێکی زۆر لەوانەی لە زیندان دەرکەوتبوون، دۆخێکی دەروونی بەمجۆرەیان هەبوو. (نومان) تا ئەورۆژەش زۆر هۆشمەندانە رەفتاری دەکرد کەچی ئەو رۆژە بە هەر هۆکارێک بێت تووڕە بوو. بە تووڕەیی و کاردانەوەی دوولایەنە دەمەقاڵێمان کرد. پێمگووت " ئیتر بەسە!" و دەستم پێکرد: "تۆزێک ئینسافتان هەبێت. مافی ئەوەتان نییە هەر شتێکتان بیست بانگم بکەن و هەموو کاردانەوەکانتانم بەسەردا هەڵڕێژن. بۆچی بەرلەوەی گوێم لێبگرن داوەری دەکەن؟ بۆچی هەوڵی چەواشەکردنی رووداوەکان دەدەن؟ بۆچی گفتوگۆ و پەیوەندییەکان بۆ دواوە پەلکێش دەکرێن؟ ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە؛ فیشەک تەقاندنێکی بەوجۆرە راست نییە. ئەمە بۆ سەرۆکیش دەنووسم. چی و کام سەرکەوتنمان پیرۆز دەکەین؟ ئەوانەی ئەو هەمووە فیشەکە دەتەقێنن، بەڕاستیش پڕبەپێست دەرکیان بە چۆنێتی گێرەشێوێنییەکە کردووە؟ ئەمە بڕیارێکی کۆنفرانس و پارتی بوو، خۆ شتێکی تازە نەبوو. چجای نیگەرانییەکەی منیش بۆ سەرشێتانە تەقاندنی فیشەک بوو. بۆ روونەدانی هیچ شتێکی

نەخوازراوبوو، یان ئەگەر بێتوو کەسێکی نیازجیا هەبێت بە ئاسانی دەتوانێت گێرەشێوێنی دروست بکات، یەکێک بکوژێت، ئێوە دەتانتوانی ڕێگە لە ڕووداوێکی وەها بگرن؟ ئەگەر شتێک ڕووینەدابێت ڕێکەوتە، چونکە هیچ سەرپەرشتییەک، هیچ کۆنترۆڵێک نەبوو، بەڕێوەبەرایەتی لە سەرووی هەموویانەوە سەرشێتی گرتبووی. گۆڤەندیش بە هەمان شێوە. بەتایبەتیش هاتنە ئەو شوێنەی من لێی دانیشتبووم و گۆڤەندیان گرت. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هەموو کەسێک لەدەرەوە گۆڤەندیان گرتبوو، کەچی هەندێکیان بە ئەنقەست هاتنە چادرەکەوە و لەوێ گۆڤەندیان گێڕا. ڕەفتارێکی تەواو منداڵانە. بۆچی من دووژمنم؟ ڕەفتاری (شێتکردنی دووژمن)یان لەگەڵ نواندم. ئەوجار پێشم دەڵێن: تۆش وەرە گۆڤەند بگێڕە. هەرگیز بینیتان من گۆڤەند بگێڕم؟ ڕووداوەکان ئەمانەبوون".

دوای ئەم قسانەم (نومان) هێورببووەوە و پاشان بردمییە دەرەوە.

خۆمم پێڕانەگیرا و دەستمکرد بەگریان و پێمگووت: "لێکدانەوە و هەڵوێستەکانتان بەتەواوی لاوازم دەکەن، هێزم پێنادەن. بۆتان نییە هەمیشە بە تاوانبارم بزانن. ئەمەم پێ ڕەوا نییە. چۆن کاریگەری لەسەر کردم دەزانیت؟ لێرە تووڕەیی وەک میزەڵدانە. لەناکاو دەتەقێتەوە. ریشەیەکی بەهێز و کاملی نییە. ئەگەر ریشەی بەهێزی ئایدۆلۆژییانەی هەبووایە؛ هەڵبەتە بەمجۆرە بەسەر یەکتردا دەمانتەقاندەوە؟ من قۆناخێکم لەدووی خۆم جێهێشت، شتێکی سرووشتییە. تەنیا شەنەر و تەنیا ئەو پەیوەندییەی تیادا نەبوو، هەمووتان هەبوون. هەر شتێک لە تێکۆشان دابڕا و فڕێدرا ئازار بەخشە. منیش شتێکم بڕی و فڕێمدا، چەشتنی ئێش و ئازارەکەشی مسۆگەرە. هاوڕێکانم زۆر

ئاساییانه بۆ هەموو شتێک دەڕوانن. ئەم ڕۆژانەم زۆر بە ئێش و ئازار بوون، بەڵام بڕوا بکە چی دەبێت با ببێت، هێزم هەیە بەرگەی هەموو شتێک بگرم و تێپەڕی بکەم. لەم خاڵەدا تەنیا یەک تۆزیش بێت متمانەم لە ئێوە دەوێت، یان هەر هیچ نەبێت ئەوەندە قووڵکەرەوە مەبن، شتێک مەڵێن کە دڵ و دەروون بشکێنێت".

(نومان) تا کۆتا گوێی بۆ ڕاگرتم و قسەی نەبڕیم. پێشتر پێی گووتبووم: "سیاسی بە. فێری ئەو سیاسەتە ببە، تۆزێک سۆزەکانت بۆخۆت بشارەوە. ئەو کاتە هێزی وەڵامدانەوەی هەموو شتێکت دەبێت، بڕوام پێت هەیە...هتد" گفتوگۆکەمان کە بە شەڕ و تووڕەیی دەستی پێکردبوو، بەشێوەیەکی جوان و هاوڕێیانە ئەنجامگیر ببوو. بەڵام ئێش و خەمبارییەکەم پێ فڕێنەدرا.

# بوون بە گەریلایەکی باش

لە دەمەو کۆتاییەکانی خولەکەدا بووین. بەردەوام بووم لە نووسینی تایبەت بە (سەرۆک)، نامە، یادەوەری و هەروەها راپۆرت. ئەو رووداوانەی کاریان لێکردبووم، سۆزەکانم، بەهەڵەداچوون و رەخنەکانمم دەنووسینەوە. لەڕاستیدا هەرگیز نووسینم وەلانەخست. هەر لە سەرەتاوە چەندین راپۆرتی ئاگادارکردنەوە، رەخنەدان و راپۆرتی مانگانم نووسیبوو. هەمووشیان درێژ و پڕ وردەکاریی بوون. جگە لە مانەش سەبارەت بەو بابەت و بوارانەی تووشی زەحمەتییان دەکردم، بەهەڵەم دەزانین، یان بەپێویستم دەزانین نامەی جیاجیام دەنووسی.

هەڵوێستی سەخت و زەحمەت لە خولی یەکەمدا زیاتر بوو، رەخنەکانی (سەرۆک)، رەخنەی هەڤاڵان بەگشتی، ئەمە و کاتێک رۆژەڤە لاوەکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیشی لەسەر زیاد دەبوو، قورساییەکی زۆری لەسەر دروست دەکردم. سەرەڕای ئەوەش هەمیشە بە پێویستم دەزانی بۆ (سەرۆک) بنووسم. ئەگەرچی ناوەڕۆکی نووسینەکانیشم لێوانڕێژ بوون لە کاردانەوە، ستەم و رەخنەش، بەڵام باوەڕی و هیوام بە تێگەیشتنی (سەرۆک) و گەڕانم بەدوای چارەسەری پرسەکاندا، هەمیشە چالاک و زیندە رایدەگرتم.

رۆژێکیان (سەرۆک) لە میوانخانەکە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی ژن دانیشتبوو. لەنێوان دیالۆگەکەیاندا پرسیاری من و هەڵسەنگاندنی فرەچەشنیشی کردبوو. لەم بوارەدا شیرۆڤەی زێدەڕۆیی و نابابەتییانە تاکۆتا زۆر بوون. لە پلاتفۆرمەکانیشدا بەدی دەبوون. کۆمەڵێک رەخنەی (سەرۆک)یش هەبوون. کەچی

هەڵسەنگاندنێک کراوە کە هەڵوێستم سەبارەت بە (سەرۆک) بۆرژوازی بچووکانەیە و لێرەوە تا بە پۆشاک و هەڵسوکەوتەکانم دەگات، گوایە ئەو هەڵوێستەم بەسەر هەموو شتێکمدا زاڵە. شتی وەکو ئەوە باسکراوە کە من زیاتر پرسی ژنم خستۆتە بەرباس، لەم بابەتەدا هەڵسەنگاندنەکانم هاوشێوەی هەڵسەنگاندنەکانی (شەنەر)بووە، هەوڵمداوە کار لە هەڤالان بکەم...هتد. یەکێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوەیە ئەم قسانەی پێگەیاندم، بەڵام پێشیانگووتراوە کە نابێت قسە و باسەکان بەمن بڵێن!. ئەم قسانەم بەلاوە سەیر بوو، هاوکات تووڕەش بووم و پێمگووت: "مادام سەرۆک لەگەڵ ئێوە قسەی کرد، بۆچی بۆمنی دەگێڕیتەوە؟ جارێکی تر ئەم جۆرە شتانە بە من نەڵێیت". پاشان دەستبەجێ دانیشتم و نامەیەکم نووسی. بەتایبەتیش ئەوەم خستەڕوو کە بەو جۆرە لێکدانەوەی هەڵوێست و نزیکبوونم سەبارەت بە (سەرۆک) مایەی رەخنەیەکی توندە، بەلامەوە راست نییە کە بەم شێوەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و کاری کردۆتە سەرم. هاوکات ئەوەشم دەستنیشان کرد کە تاووتوێکردنی رەخنەکانی (سەرۆک) سەبارەت بەمن لەگەڵ کەسی تردا بەلای منەوە کارێکی هەڵەیە. واتا لەبەرامبەر بە (سەرۆک) تووڕەیی خۆمم دەردەبڕی.

خۆڕسکانەترین هەڵسوکەوتم بە شێوەی تر شیرۆڤە دەکرا. هەموو قسەکانم دەکران بە موڵکی (شەنەر). دەمویست مۆڵەت بەوە نەدرێت. ئەمە و شتی هاوشێوەم بۆ (سەرۆک) نووسی بوو.

هەڵبەتە شتی زۆر سەیر و سەمەرە روویاندەدا، ئەوانەش دەبوونە هاندەر. سەرەنجام؛ لەبەر ئەوەی هەمیشە بڕوام بە

چارەسازیی (سەرۆک) هەبوو، هانام بۆ ئەو دەبرد ئەگەرچی قسەکانم ستەمیشیان لەناوخۆدا هەڵگرتبایە، بەتاقی تەنیا هێزی بەرەنگاریم نەبوو، یان بە گفتوگۆی جیاواز، مەیدانی چارەسەریم پێ پەیدا نەدەبوو. هەوڵی خوڵقاندنیم دەدا، دەمویست گفتوگۆ بکەم، چارەسەرکردنیم لەگەڵ هەڤالان تاقی دەکردەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک ڕێبازێکی جێگیرم دەستنەدەکەوت. بچووکترین گووتە و هەڵسوکەوتی پێچەوانەی کەسی بەرامبەرم، دەیخستمە دۆخی بێ شێوازییەکی ترەوە. لێرەشدا کاریگەرییەکی گەورەی هەم چۆنێتی لێکدانەوەی ڕووداوەکان و جیاوازی شێوازمان لە دەربڕینیاندا هەبوو، هەم پێشداوەری هەمەلایەنە. بەڵام جاروباریش ئەگەر لە جەوهەردا هیچ پێچەوانەیی و جیاوازییەکیش نەبووایە، مسۆگەر شتێک پەیدا دەکرا و پێوەی دەلکێندرا. هەوڵێک لە ئارادا نەبوو کە لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی خوو و تایبەتمەندییەکانی شوێن و دۆخە جیاوازەکان مامەڵە بکرێت. هەر خوویێک نامۆ و جیاواز بووایە؛ دیارە خراپیش بوو، چەوت و دژی پارتی بوو! هەڵوێستەکان بەم ئەندازەیە چەمسەرگیربوون.

کاتێک لە ئەوروپا هاتم هەندێک جلوبەرگم لەگەڵ خۆم هێنابوو. بەدلەیەکی ژنانەشم هێنابوو کە ڕەنگەکەی سەوز و سەربازی بوو. جلێکی سادە و خەتتداربوو کە خەتەکانی لەوەی جلە سەربازییەکان زۆر ئاساییتر بوو. ئەوکاتەی لەماڵەوە لەبەرم کرد و چووم بۆ ئەکادیمیا، (سەرۆک) بە خەندیەکەوە پێی گووتم: "چیە ئەو جلە ئەفسەرییەت لەبەرکردووە، تۆ جارێ ببە بە سەرباز، ئەوجار". بێگومان من ئەمەم بە ڕەخنە وەرگرت. پێویستە سەرەتا ببووماێە بە سەربازێکی باش، بە چاودێرێکی باش و خوێندکارێکی باش. ئەو جلانە فراوان و ڕەحەت بوون

بۆیە هەڵمبژارد و لەبەرمکرد. تەنانەت (سەرۆک) پێی گووتم: "ئەگەر بەرگەی گوشاری د.باران دەگریت، هەر بە جلەکانی بەرتەوە برۆ" پێی دەگووتم: "کچەکانی ئێمە لەڕووی شێوە و سیماشەوە خۆیان کردووە بە پیاو. بەتایبەتیش کاتێک قژیان کورت دەبڕن و کراس و پانتۆڵ لەبەردەکەن، ڕێک دەبن بە پیاو. تەنانەت کەسانێکیشیان بۆخۆیان دەستنیشان کردووە کە لاسایی بەرگ و پۆشاکی بکەنەوە، لە ئاستێکدا کە هەوڵی خۆپێچواندنیشی بۆ دەدەن".

من بەگشتی تەنوورەم لەبەر دەکرد. پانتۆڵم بە جلێکی فەرمی دانەدەنا. بۆیە ئەم هەڵسەنگاندنەی (سەرۆک) وەک ڕەخنە و ئاگادارکردنەوەیەکیش بوو. ئەوسا بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ئەمجۆرە شتانە بەو ئەندازەیە گرنگی پێدەدرێت. لە ئەورووپا هەر بەو هۆکارە هەڤاڵانم ڕەخنە کردبوو. سەرەڕای ئەوەی لە پەیوەندیدان لەگەڵ خەڵکدا کەچی هەندێک لە هەڤاڵان بەرگ و پۆشاکیان شپرزە و شەپرێو بوو. پاشان بەهۆی جل و بەرگمەوە منیان بە بۆرژوازی بچووک ناوزەد کرد.

لە ئەکادیمیا (15) ڕۆژ جارێک خۆشوشتن، کۆبوونەوەی کەمپ، ڕاپۆرت، ئاهەنگ و بەرنامەی هاوشێوە جێبەجێ دەکرا. هەمووی دەخزێندرایە ڕۆژێکەوە. یەکێک لەلایەنە هەرە خۆشەویستەکانی کەمپەکە ئەمە بوو بەلامەوە. سیستەم جێگیر ببوو. لەلایەک وانەکان بەشێوەیەکی بەردەوام بەیانی، نیوەڕۆ و ئێوارەش هەبوون، لەلایەکیش لە وەرزشی بەیانییانەوە تا دانیشتنەکانی شەوان بۆ گفتوگۆکردن، هەموو شتێک چوستی و زیندەیی دروست دەکرد. لەم واتایەدا ڕۆژی کۆبوونەوەش یەکێک بوو لە ڕۆژە پڕەکان. تەوەرەکانی وەک ڕەخنە، پێشنیاز

و هەڵسەنگاندنی کار و خەبات، لێپرسراوێتی هاوبەش، هێزی بڕیاری هاوبەشی دروست دەکرد.

لەلای ئێمە ژنانیی ناو ریزەکانی تێکۆشان، بەڕاستیش مایەی خۆشەویستی و نرخێکی گەورە بوون. لە سەرەتاکاندا ئەگەرچی پێوانەکان هێشتا بە ئاستێکی باڵا نەگەیشتبوون، بەڵام پێگەیشتوو و رێکوپێک بوو. بەشداریکردنی ژن لە شۆڕشدا، بەڕێوەبردنی کار لەگەڵ ژن، بوون بە هاوڕێ لەگەڵیدا، دیاردەی جوان و دڵگیر بوون. چەوتی، کەموکورتی و پێوانە نەرێتییەکان رەخنە دەکران و متمانەیان پێنەدەکرا. بەڵام ئێستاکە دەڕوانم، هەندێک هەڵوێستی بچووک بینین و سووکایەتی پێکردن هەن. کاتێک لە گفتوگۆکانی وانەکاندا چەند وردە نموونەیەک لە بوارەکانی پراکتیک دەهێندرایەوە، شۆک دەبووم. گەڕان بەدوای ژنێتی لەناو هەموو شتێکدا یاخود لەو خاڵەوە هەڵمەت بردن؛ چۆن جۆرە رەخنەیەک بوو، چۆن هاوڕێیەتییەک و چۆن تێکۆشانێک بوو؟

جارێکی تر لەگەڵ (سەرحەد) گفتوگۆیەکی توند لەنێوانماندا لەسەر ئەو بابەتە روویدا. (سەرۆک) هاتبوو بۆ خوێندنگەکەی ئێمە. هاتنی (سەرۆک) دەبووە مۆراڵ و هێزێکی گەورە بۆ من، بەڵام لەولاشەوە هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە من پێیان رادەگەیاند بێزارکەر بوون. نازانم چۆن پەیدایان دەکرد، لەکوێوە دەیانهێنا، بۆچی دەیانکرد، تەکتیکێک بوو، هاندانێک بوو، کەس یان کەسانێک دەیانویست دۆخەکە بشێوێنن، هەرگیز نەمدەتوانی واتای پێبدەم. لە راستیدا هەر کاتێک تۆزێک بە پشوودرێژی و خوێنساردانە بیرم بکردایەتەوە پەیم پێدەبرد چی هەیە و لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام کاتێک گوشاریان بۆ دەهێنام، هەرگیز نەمدەتوانی بە ئاسانی بیر بکەمەوە، تووڕەیی و

کاردانەوەکانم ئاراستەیان پێدەدام. ئیتر لەو کاتەدا دەبووم بە تۆپەڵە ئاگر. ئەوەندە کاری تێدەکردم، بۆی هەبوو هەر ئانوساتێک بە کارێکی شێتانە هەڵسم و دەمگووت: "بافیشەکێک بنێم بەسەرمەوە، بەڵام ئەو قسانە نەبیستم". بە ئاستی گیرۆدەیی گەیشتبوو.

(سەرۆک) کاتێک دەهات سەرەتا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی قسەی دەکرد، پاشان لەگەڵ سەرپەرشتیاری گشتی ئەو رۆژە و بەر لەوەی بێتە ناو وانەکەشەوە؛ قسەی بۆ گشتمان دەکرد. (سەرۆک) بە بەرنامە بوو. دەیزانی شیکار لەسەر چی بکات و بابەتی شیکارەکەی چی بێت و بەمجۆرە دەستی بە هەنگاوەکانی رۆژەکە دەکرد. بە هەر شێوەیەک بووایە هۆکارێکی پەیدا دەکرد بۆ دەستپێکردن. ئەو رۆژەش پرسیاری رەوشی خوێندنگەکەی ئێمەی کردبوو.

حەتمەن پێشتر بەڕێوەبەرایەتی ئامادەسازی کردبوو، بە ئەگەرێکی گەورە پێشتر شتێکیان بە (سەرۆک) گووتبوو. سەبارەت بە ئێمە زۆرێک زانیارییان پێدابوو. هەرکەسە و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی زانیاری پێدەدا. (سەرۆک) چەندین جار دەهات و دەیگووت: "ئەوەتا، هەڤاڵانتان، نزیکترینەکانتان دەڵێن: با بیکوژین، لەسێدارەی بدەین، من چی بکەم؟" سەیر بوو. دووژمن بەردەوام پڕووپاگەندی دەکرد و دەیگووت: "تیربارانیان کرد، کوشتیان". ئەوانەی خۆشمان دەیانگووت: "مەترسیدارن، با بییانکوژین".

دیارە دووژمن زۆر بەباشی چاودێری دەکرد کە سەرچاوەی مەیلی لێکدانەوەکانمان بۆ رووداوەکان چییە. چەندساڵێک لە شاخەکان و لە پراکتیکی هەرێمەکاندا ژمارەیەک هەڵوێستی وەک: بە سیخوڕ دانان و ئەشکەنجە و تەنانەت

کوشتنی هاوڕێ، به ڕاکردن دان و هەڵوێستی سەرکوتکەرانە ڕوویاندابوو. کاتێک ڕاپۆرتی چوارەمین کۆنگرەم خوێندەوە بڕوام نەکرد. پێناچێت دووژمن بەمانەی نەزانی بێت، دانپێدانەر و خیانەتکارەکان بە کۆڵ ئەم شتانەیان بە دووژمن دەگەیاند.

ئەو ڕۆژەش (ما..) ڕاپۆرتی ڕۆژی پێشکەشی (سەرۆک) کرد. ئەویش لە زیندان دەرکەوتبوو. لە زیندان هەڤاڵان سزای گۆشەگیرییان پێدابوو، تەنانەت ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتییانەشی نەبوو. دەنگۆی فەسادکردن و تەنانەت سیخوڕیشی لەسەر هەبوو. لە ئەکادیمیا نازانم تاچەند خۆی شیکار کردبوو، تاچەند خۆی بۆ پارتی ئاوەڵا کردبوو، تاچەند تاوانەکانی خۆی بە لێبوردن گەیاندبوو، بەڵام بەردەوام قسەی هەلەق و مەلەقی دەکرد. قسەی وەک: سەرۆکی من، سەلیم هەندێک شت دەکات، شت بەسەر (میدیا) (ئایسەل-و)دا دەسەپێنێت. سەرۆکی من؛ (سارا) چاوپۆشی دەکات. سەرۆکی من؛ فڵانی نازانم چی کرد و چی نەکرد...هتد. (سەرۆک)یشی هان دەدا. لەسەر ئەم قسانە (سەرۆک) تووڕەبوو، کەچی ئەو هەر ڕانەدەوەستا. (500 – 600) هەڤاڵ ئامادەبوون. (سەرۆک)، (سەلیم و ئایسەل)ی لە وانەکە دەرکردە دەرەوە. بەڕاستیش قسەی نێوان ئەو دووانە بێزارکەر بوون، بێ بڕیار و دووڕوویانە ڕەفتاریان دەکرد. خۆیان بەزۆر کردە ڕۆژەڤ. بەڵام (ئایسەل) ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی بوو. ئەرکی قسە و گفتوگۆکردن لەگەڵ هەموو کەسێکی لەسەر شانبوو، ئەگەر شتێکی تریشی هەبووبێت ئێمە نەماندەزانی. ئەی باشە بۆچی منی تێوەگلاند؟ چاوپۆشیم لە چی کردبوو؟ وەکو بڵێی شتێکی ناڕەوشتانە کرابێت و من چاوپۆشیم لێکردبێت! بەشێوەیەکی زۆر ناڕوون و چەواشەکارانە قسەی دەکرد. مێشکبەری وەکو

خۆی نەبوو. کاتێک (سەرۆک) گووتی: "با ساراش دەرکەوێت".
هەڵسامە سەر پێ و گووتم: "سەرۆکی من دەمەوێت قسە بکەم...
دەمەوێت باس لەوە بکەم کە چی روودەدا. باشە دیسان با من
دەرکەوم، بەڵام دەمەوێت بزانن کە ئەو شتانەی دەیانڵێت راست
نین".

چەندە رەتدانەوەیەکی بێ ئەقڵانەم دەکرد. چجای لەبەردەم
ئەو هەمووە هەڤالانە و لەبەردەم (سەرۆک)دا. تەڵەکەبازییەکان
ئاشکرا بوون، (سەرۆک)یش دەیزانی و تێدەگەیشت. (سەرۆک)
دەیویست بمانناسێت و بزانێت کێین. قسەی هەڵبەستراو،
زێدەڕۆیی و تاوانبارکارییەکانی ئەوانەی قسەیان دەهێنا و دەبرد
بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو. خۆم بەوانەوە گیر کردبوو و
دەمویست راست و چەوتیان بۆ جیابکەمەوە. (سەرۆک) ڕێگەی
بە قسەکردنم نەدا و گووتی: "نەخێر، گوێت لێناگرم". دەرکەوتم
و تا شوێنی بەڕێوەبەرایەتی بەدەم گریانەوە ڕێگەم بڕی.
بەدوامدا (جاهیدە).

هەر لەوێکانەدا (گەزگیۆر) دەڵێت: "فیشەکێک دەنێم
بەسەرمەوە باشترە لە بیستنی ئەو قسانە". (سەرۆک) ئەویش
دەردەکاتە دەرەوە. لە شوێنی بەڕێوەبەرایەتی؛ (سەرحەد)
لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، هەردوو دەستی بەملاولادا
پەرتەوازە کردبوو و پانببووەوە، بەو رەوشەمان پێدەکەنی. من
بەدەم بۆڵەی پڕ بە دەنگی بەرزەوە خۆمکرد بە ژووردا و لەبەر
خۆمەوە دەمگووت: "تەڵەکەبازییە، هەندێک کەس تەڵەکەبازی
دەکەن". (سەرحەد) گووتی: "دەست لەو گریانە ژنانەیە بەردە! لە
راستیدا تۆی کە رۆڵ دەگێڕیت. وەها دەزانیت بەگریان خۆتت
پێ دەشاردرێتەوە. باش دەتناسین، بە گریان ناتوانیت دڵمان
بەخۆت بسووتێنیت. ناخوات.." ئەوکاتە وەکو شێتم لێهاتبوو.

چاوم دەرپەڕی بوو، چەند ترسناک ببوو نازانم، بەڵام لەولاوە جامەکە ئیتر سەررێژ ببوو.

پێمگووت: "ئەمەی دەکرێت بێ ناموسییە. تۆ هاوڕێ نیت. بمکوژە، چەکەکەت دەربهێنە و بمکوژە، بەڵام ئەو قسانە مەکە. دڵی تۆ بەخۆم دەسووتێنم؟ خۆم دەشارمەوە؟ بەچی بوێرییەکەوە ئەم قسەیە دەکەیت؟ ئاشکرایە کێن ئەوانەی خۆیان دەشارنەوە. هەموو رۆژێک سیناریۆیەک پێشکەشی سەرۆک دەکەن. هەڤاڵان لەدژی ئێمە هان دەدەن، ئامانجتان چییە؟ لە دەرەوەی زیندانیش بەدەیان خائین دەرکەوتن، ئێوە هەمووشتان دادگایی کران. خوێندمەوە، دەزانم چیتان کردووە و چیتان نەکردووە. ئێستاش بە تاوانبارکردنی ئێمە دەتانەوێت کێشەکەتان چارەسەر بکەن. تۆڵەی شەنەر لە من دەکەنەوە؟ بچن پرسیاری من لە دووژمنەکەم بکەن. ئاشکرایە کێ، چییە".

(سەرحەد) هەڵسا و ئەم قسانەی منی لە پلاتفۆرمی وانەدا بۆ (سەرۆک) باس کرد و گووتی: "سەرۆکی من؛ سارا بە ئاشکرا جوێنمان پێدەدات، پێمان دەڵێت بێ ناموسینە" بەم هۆکارەش من و (ئایسەل) و (جاهیدە)یان گۆشەگیر کرد. قاوشێکیان لە هەڤاڵان والا کردبوو. بە درێژایی ئەو سێ رۆژەی مامەوە گریام. زۆر سەیربوو هەر لەو رۆژانەدا چەندین لاپەڕەم نووسی. هەر راپۆرتێکم (40 – 50) لاپەڕە بوون. لەو راپۆرتەدا بوو کە دەمگووت: "هاراکیری دەکەم". باسم لەوە کردبوو کە پەیوەستداربوون بە (سەرۆک)ەوە چییە، وەکو ئەوانە ناکەم کە ساختەکارانە خۆیان پەیوەستدار نیشان دەدەن، ساڵانێکە بەم پابەندییەمەوە ژیاوم. هەروەها ئەوەشم لەسەر زیاد کرد کە بە راستی نازانم (سەرۆک) بەبێ ئەوەی گوێمان لێبگرێت بڕوای بە

قسەکان کردووە و هەڤالانیش بە سوود وەرگرتن لەم خاڵە هەموو شتێکمان لەسەر دەڵێن، بوێر دەبن.

جگە لەمانەش هەر چییەک هاتبێت بە ئەقڵمدا، تووشی چی جۆرە هەڵسوکەوت و رەفتارێک هاتبم، هەموویانم شیرۆڤە کرد و بەیەکەوەم بەستنەوە. باوەڕی و متمانەی خۆمم بە پارتی و (سەرۆک) دووپات کردەوە و ئاماژەم بەوەش کردبوو کە هەرچارە و قسە و باسکردن لەسەر ئەو رووداوانە کارم تێدەکات و خەمگینم دەکات. وەکو وەسیەتێک نووسیبووم. (د.باران) دوای ئەو راپۆرتە ناچار هات و قسەی لەگەڵ کردم. پاشان داوای راپۆرتێکی تر کرا، ئەویشم نووسی. زیاتر پرسیاریان لەسەر ئەوە بوو کە روانگەم بۆ (سەرۆک) چییە و چۆنی لێکدەدەمەوە. ئەم پرسیارەم لە هەموو شتێک زیاتر پێناخۆش بوو. لەدڵی خۆمدا دەمگووت ئەمانە بڕوا بە من ناکەن؟ مەبەستیان لە هەڵوێستم سەبارەت بە (سەرۆک) چییە؟ بۆچی، نازانن من بۆ هاتوومەتە ناو ئەم دۆزەوە، نازانن من رێگەی چیم گرتۆتەبەر؟

(سەرۆک) بەلای منەوە خودی شۆڕش بوو، خودی دۆزی من بوو، خودی تێکۆشانم بوو. چۆن وەها جیایان دەکردەوە و دەیانپرسی. گووتوێژم کرد و هەرچەندە بڵێم: "ئەم شتانەم لێ مەپرسن، بەلامەوە کارێکی بێ واتایە"، کەچی هەڤاڵ بەدوای هۆکاری تردا دەگەڕان. نەمتوانی تێیان بگەیەنم، پێمگووتن: "ئێوە نامناسن، نازانن چۆن لەسەر پێیان ماومەتەوە، ئەگەر بتانزانیبایە ئەو پرسیارەتان لێ نەدەکردم". ئەمەش هاوشێوەی "پرسیاری بوون و نەبوونی خوداوەند لە کەسێکی ئیماندار و خوداپەرست" بوو. هاوارم دەکرد و پێمدەگووتن کە خۆیان گوناهبار دەکەن

بەو پرسیارە. ئەی خودایە، ئەم رۆژانەشم بینی! سەرم زرمەی دەهات، واتام بە رووداوەکان نەدەدا.

زۆر بە ئاسانی هەموو قسەیەک دەکرا. هەڤالان مافی گووتنی هەموو جۆرە شتێکیان لەخۆیاندا دەبینی و خۆیان بە کاملترین کەسی پارتی و پابەندترین بە (سەرۆک)ەوە دادەنا. بەلای ئەوانەوە ئێمەی دەرکەوتووانی زیندان لەو کەسانە بووین کە لایەنگری گێرەشێوێنیین، دەوڵەت مێشک و ناخی نەزۆک کردوون، دژی پارتین، دژی (سەرۆک)ین و کەسانی نامۆ و بێگانەین. ئێمەش بە هەڤالانمان دەگووت: "ئەوانە کێن؟ بەچ مافێکەوە ئەو شتانەمان پێ دەڵێن؟ پابەند بوونمان بەپارتی و سەرۆکەوە هەرگیز مایەی قسە لەسەر کردن نییە. تەنیا ئەوەندە لە یەکتر تێگەیشتبووین؟! ئەوەندە لە یەک بەرەدا تێدەکۆشاین؟! بەبۆچوونی من ئەو هەڵوێستانە ئەوەندەش لە راستی و حەقیقەتی (PKK) ەوە دووربوون. بەم شەڕانەمان تەنیا لە یەکتریمان دەدا، یەکتریمان بەهێز نەدەکرد.

هەموو ئەمانەشم بۆ (سەرۆک) دەنووسی. لەکاتی نووسینیشدا شەرم دەکرد. ئەوەندەش لە شەڕ و ململانێدا چالاک بووم! بەلام بەر لە هەمووشتێک لە خۆمم دەدا. لەو راپۆرتانەمدا کە لەو سەردەمەدا نووسیبووم، تاچەند دەرکم بەمانە بکردایە دەمتوانی ئەوەندەش ناوی لێ بنێم. باشتر لە واتای "لە سەنگەری خۆمدا لەخۆمم دا" تێدەگەیشتم.

بەڵێ، فەرمانی شەڕ و ململانێیەکانیشم لەلایەن سۆز، کاردانەوە و رقئەستوورییەکانمەوە دەدران، کە هیچ یەکێکیان جۆرە فەرمانێکی جێگیر لەسەر لۆژیک، خوێنساردی و روانگەی سیاسیانە نەبوون.

لە هەمووی زیاتر، کاتێک بەمجۆرە بەرەو ڕووی (سەرۆک) دەبوومەوە، زۆرتر کاری تێدەکردم. چی دەگووترێت با بگووترێت، بەچی هۆ و بیانوویەکەوە بێت با ببێت، چی گەمە و تەڵەکەبازییەک دەکرێت با بکرێت، بەس با بەمجۆرە بە (سەرۆک)ی نەگەیەنن. ئا لەو کاتەدا قسەم پێنەدەکرا، لە پێستی خۆم دەردەچووم. یان بەگریان، کڕوزانەوە و نائومێدانە ڕەفتارم دەکرد و بەپێی پێویست مەبەستەکەمم پێنەدەگەیەندرایە جێ، یان ئەوەتا لەناکاو گڕم لە هەموو شتێک بەردەدا. دەمگووت: "چۆن شتی وەها دەبێت، ناتوانن وەهام پێ بڵێن، ناتوانن ئەمەم لەگەڵ بکەن" و باوەشێکی توندم بە دیاردەکاندا دەکرد و دەمویست بە شێوازەکەی خۆم ڕوونکردنەوەیان بۆ بهێنمەوە. ئەگەر مەبەستەکانم لە سەدا سەد ڕاست و ڕەواش بوونایە، بەو تووڕەیی و بەو کاردانەوانەم نادیارم دەکردن، لە شوێن و ئاراستەی ترەوە بۆیان دەچووم، تەنیا ئەو ڕەهەندانەیم دەبینی کە کاریان لەمن دەکرد، ئەو ڕەهەندەیم بۆ نەدەخرایە ڕوو کە هەمووانی پەیوەندیدار دەکرد. بەر لەوەی بەوێ بگەم ئەوجار کاردانەوەی تری لەسەر زیاد دەبوو، ململانێ نیوە چڵەکان، تێگەیاندنە نیوەچڵەکان، کاردانەوە نیوەچڵەکان... ئەم نیوەناچڵییانەم پێ تەواو نەدەبوو.

دوایین نامەم بۆ (سەرۆک) تا ڕادەیەک جیاوازتر بوو. ئەگەرچی دیسان هەستم بەچی کردبێت، چی کاریگەری لێکردبم، کام ڕووداو چۆن بووە، هەموویم وەکو خۆی دەنووسییەوە. ئاسوودەترین نووسینم، ئەو نووسینانە بوون کە بۆ (سەرۆک)م دەنووسین. بەپێی پێویست قسەم پێنەدەکرا، چونکە لەوکاتەدا چی کاری لێکردبم ڕاستەوخۆ ئەو کاریگەرییە بە قسەکانمەوە ڕەنگی دەدایەوە. بێگومان دیالۆگەکان هەموویان بەوجۆرە

نەبوون. دیالۆگی زۆر هێمن و درێژخایەنیش دەکران. بەتایبەتیش لە خولی دووەمدا تا رادەیەک ئەو هەلە لەبار و گونجاو بوو. بەڵام نووسین، ئاسوودەی دەکردم. لەوکاتەدا لە کاریگەرییە دەرەکییەکان دوور دەکەوتمەوە. پووختتر و بێ کۆت و بەند بە مەبەستم دەگەیشتم.

(سەرۆک) ناوەڕۆکی ئەم نامەیەی هێنایە پلاتفۆڕمیش. دوایین ئامادەکارییەکان دەکرا. ئەگەرچی بەتەواویش دیار نەبێت دەچمە وڵات یاخود نا، بەڵام سەرجەمی هێماکان رۆیشتنی منیشیان پیشان دەدا و هەستم پێدەکرد. (سەرۆک) بە زووی دەزانی و دەیگووت: "ماوەیەکی تریش بمێنەرەوە. لە باشوور[65] بڕۆ بۆ ناو جەماوەر، ناو خەڵک، لەوێ فێری کوردی دەبیت. لەڕاستیدا دەتوانیت بشنووسیت. بەشێوەکی بەرفراوان تەوەری ژنمان روون کردەوە. ئازادکردنی ژن ئاسان نییە، خۆت دەبینیت. گوایا پێشکەوتووترینمان تۆیت، بەچاوی خۆت بینیت چۆن خۆت بە دیواردا کێشا؟ ژنێک کە خۆی کۆمەڵایەتی نەکردبێت، دەکرێت باس لە ئازادییەکەی بکرێت؟ تەڵەکەبازی خۆشەویستی و سۆز چییە؟ ئێمە چۆن ئەوانەمان بۆ شۆڕش و شەڕ وەرچەرخاند؟ پێویستە ئەم بابەتانە لەقەڵەم بگریت. دووژمن چۆن ویستی ئەم گەمەی تۆڵەکردنەوەیە بکات و ئێمە چۆن مایەپووچمان کرد؟ ئەگەر ئێمە نەبووینایە لە ناو زیندانیش و لە دەرەوەش ئێوەیان قووت دەدا. بەباشی لە شێوازەکەمان تێبگەن". بەڵام من پێداگیریم لە چوونە وڵات دەکرد. (سەرۆک) دووبارە لە بواری پەلەکردنمدا رەخنەی کردم. سەرەنجام رێبازێک تاقیکرایەوە کە پێشتر بۆ هیچ کەسیک نەکرابوو.

---

[65] مەبەست لە رۆژئاوای کوردستانە، کە بەپێی دەستەواژەی ئەوکاتی (PKK) باشووری بچووکی پێگووتراوە.

له راستیدا (سەرۆک) هەستیار بوو لەبەرامبەر بەو پێداگرییانەم کە لە پێشنیاز و خواستەکانمدا هەمبوون. کە ئەمەش هۆشمەندییەکی بێ وێنەبوو؛ گرنگی بە خواستی کەسەکان دەدا. ئەگەر بە شیاویشی نەزانێت، سەرنجی دەخستەسەر. بەشێوەیەکی گشتی مەیلی هەڤالانیشی تاقیکردەوە. لە هەڤالانی پرسی: "سارا زۆر پێداگیرە لەسەر چوونە وڵات. ئێوە چی دەڵێن، بڕوات؟ ئامادەیە؟ توانای هەیە؟ ئەگەرچی ئەو شاخی خۆش دەوێت، تووشی زەحمەتی نایەت، زیندەیە، چوست و بەجوڵەیە. بەڵێ، ئێوە دەڵێن چی؟" تەنیا هەڤاڵێک بەلایەوە هێشتا زوو بوو و بە گونجاوی نەزانی، بۆیە نیگەرانییەکانی خۆیشی خستەڕوو. سەرجەم هەڤالانی تر دەستیان بەرزکردەوە و دەنگیان دا کە بچم. بۆیە (سەرۆک) گووتی: "دەی بەهەر حاڵ، مادام هەمووتان دەڵێن با بڕوات، کەواتە باشە. بڕوانە دەنگدانێکی دیموکراتییانەمان بۆ تۆ کرد" و منیش خرامە ناو گرووپی هەرێمی بۆتانەوە.

بەر لەوەی بڕۆین (سەرۆک) لەڕێگەی بێتەلەوە من و هەڤاڵ (جومعە)ی جڤاند و قسەمان کرد. هەڤاڵ (جومعە) ئەوکاتە لە چیای گابار بوو، پێیگووتم: "من لە شوێنەکەی عەگیدم". باسی ئەوەم بۆ کرد کە قۆناخی رابردوو پڕ بە ئێش و ژان بووە و هەڵوێست و خوێندنەوەی هەمەلایەنەمان کاریگەری نەرێنی لەسەر قۆناخەکە دروست کردووە و گووتم: "فشارەکان قورس بوون، لەو توانایەدا نەبووم کە دەستبەجێ بەرگە بگرم و شیکاری بکەم. بێ ڕێبازییەکانی خۆم، ئەو لایەنانەم کە لەدەرەوەی پارتین، رۆڵی سەرەکییان هەبوو، بەڵام من بەرپرسیاری هەموو شتێکی زیندان نەبووم. گوناحی تێکڕای (12) ساڵەکە لە ئەستۆی مندا نەبوو. ئەم خاڵە زۆری بۆهێنام.

ئەگەر نا زۆر زووتر هەموو شتە نەرێنییەکانمان تێپەڕ دەکرد. ئێستاکە باشم. بە ئەندازەیەکی باش خۆمم کۆکردۆتەوە. ئامادەم بێم بۆ وڵات. مەگەر تەنیا ئەوێ ئەم هەموو ئازارە سووک بکاتەوە".

زۆر دڵخۆش ببووم، مۆراڵێکی زۆر گەورە و نایاب بوو. هەڤاڵ (جومعە) جیابوو، وابۆیدەچووم کە ئەگەر ئەو لێرە بووایە یان هەڤاڵانی تر، دیارە تووشی ئەو هەمووە زەحمەتییە نەدەهاتم. هەڵبەتە ئەمەشە تەمەننایەکی زۆر نیازپاکانە بوو کە راستییەکیشی هەڵدەگرت. (سەرۆک) دەیگووت: "ئەگەر بەخت یاوەرت بووایە، تووشی ئەم کەسانە نەدەهاتی کە شاخ کردوونی بە دڕندە".

## دوایین رۆژ و دوایین ئامادەکارییەکان...

لە سەرەنجامی ململانێ و تێکۆشانێکی بێ ئامانی پێنج مانگ و نیو – شەش مانگەدا دەمویست بڕۆم بۆ وڵات و رق و کینی خۆم راستەوخۆ بەسەر دووژمندا بتەقێنمەوە. تەنیا بەم شێوەیە ناتەبایی، بێ شێوازی و چەوتییەکان تێپەڕ دەبوون. خۆزگە هیچ رێگرێکم لەبەردەمدا نەدەبوو. بەبێ ئەوەی بکەومە ناو ئەو ململانێیانەوە، ئەو تایبەتمەندی، چەوتی و کەموکورتییە نەفرەتییانە نەبوونایە؛ کە هێز و تواناميان لەبار دەبرد، هەراسانیان کردم و لە خێرایی و قووڵبوونەوەمیان کەمکردمەوە؛ ئیدی ئەوکاتە تۆڵەکەم بێ ئامان دەبوو. ئەم لایەنەم وەکو ئیفلیجە. لایەنی برینداری دەستی دۆست و هاوڕێم لەدڵمدا ئازاری دەدام. گێرەشێوێن "تەسفیەکاری" خیانەتی لە خۆشەویستییم کردبوو، با بیکات! دووژمن هەر رۆژە و شتگەلێکی لەسەر دەگووتم، با بڵێت! بە دەیان و سەدان جار بمکوژن! هێزی بەرگەگرتنی هەموویانم هەبوو، خوازیاربووم هەموو هەڤاڵانم بڕوا بەم هێزەم بکەن. دەمویست هاواری پڕ فریاد بکەم و بڵێم: "بڕوام پێبکەن، متمانەم پێبکەن"، بەڵام پێشداوەری، گومان، گەڕاندنەوەی پەیوەندی بە گێرەشێوێنەکانەوە و پەڵە هەوری شک و نیگەرانی، برینداری کردبووم. سڕینەوەی ئاسەوارەکانیان زەحمەت بوو. چارەڕەشییەک بوو بۆ من. شتگەلێک بوون کە هەرگیز نەمویستووە بەرگوێم بکەون، بیانبینم و هیچ حیسابیشم بۆ نەکردبوون. چونکە تێکۆشان و ململانێیەکانم هەمیشە راستەوخۆ و کراو و هەمیشە راشکاو و رووبەڕوو بووە. چۆن ژیابم، چۆن بیرم کردبێتەوە، چۆن هەستم پێکردبێت، چۆن

خەیاڵم کردبێت، ململانێیەکەشم ئەوەبوو، لەم ململانێیەدا جێگە بۆ هیچ شتێکی تر نەبوو.

بوون بە خوێندکارێکی خولی پەروەردەی (شەهید ئەحمەد گیولەر)ی ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز) کە تیایدا؛ هەم زەحمەت دیدە و هەم زۆر لێکەربووم، هەم وەکو خوێندکارێکی قازانجکراو کە خوازیارە لەخاڵە ونکراو و لەدەستدراوەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، هەرچەندە لایەنی گیر و شکاویشی هەبێت بە خواست و خرۆشەوە بەرەو وڵات، بەرەو خاکی خۆمان، بەرەو شاخەکانمان، بەرەو درەوشاوەترین پێگەی ئازادیمان رێگەی راستی گرتۆتەبەر. بوون بەم خوێندکارە مایەی شەرەف و شکۆیەکی گەورە بوو.

دواجار لەگەڵ سەرجەم هاوڕێیان لە گۆڕەپانی خوێندنگەکەمان کە مەراسیمەکانی هەمیشە قەشەنگ و واتاداربوون، ماڵئاواییمان کرد. (گەزگیۆر) لە بارلێیسەوە، لە نەخۆشخانەوە هات بۆ دیدەنیمان. زۆر حەزیدەکرد بێت بۆ وڵات. زیاتریش پلان و بەرنامەی چالاکی گیانبازی، نیشانبڕی و هاوشێوەی هەبوو. ئەمانەشی لە راپۆرتێکدا بە ناونیشانی (زۆر نهێنی) بۆ (سەرۆک)ی نووسی بوو. بەڵام (سەرۆک) پەردەی لەسەر هەڵماڵی! زۆر خۆشبوو. (سەرۆک) نهێنییکارییەکەی تێکدابوو و پێیگووت: "ئەوجار دەشڵێت: با کەس نەزانێت.. وەکو نهێنییەکی زۆر پەنهان بێت.. لای ئێمە نهێنی و شتی وەها نییە". (گەزگیۆر) سەرەتا حەپەسا پاشان خەندەیەکی سوعبەتچییانەی کرد. لەو رۆژانەدا نەشتەرگەری بۆ قاچی کرابوو. تووڕە ببوو، چەند چەپۆکێکی کێشا بە قاچی خۆیدا و گووتی: "ئەگەر ئەمە نەبووایە، منیش دەهاتم، ناتوانم رابوەستم.." کەسێکی چوست و چالاک بوو، بەڕاستی خۆی پێ رانەدەگیرا. بەڵام ئەو دۆخەی

نیگەرانی دەکردم و کە بەخۆیشیم دەگووت: "وەکو شێتی، چی دەبێت زوو مەمرە! ئاهی ئێمە گەورەیە، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەوەش بێت نابێت زوو بمرین. من لەگەڵ مردن رێککەوتنم هەیە. سڵ لە من دەکاتەوە، تا سەربەخۆیی کوردستان نەبینم نامرم. با نەمرین باشە؟" و پاشان بۆ دواجار هاوڕێیەتییە جوانەکەیم لەئامێز گرت و ماڵئاواییمان لەیەکتر کرد.

(سەرۆک) تا کۆتایی کەمپەکە و نزیکی شەقامەکە لەگەڵمان رێی کرد. وەک هەمیشە بە هەیبەت بوو و ئەو دوایین ساتانەشی بە فێرکردن، بە پێدانی شتێک بە هەر یەکێکمان تێروتەسەل کرد. لێوانرێژبووم لەسۆز، نەمدەویست زۆر شت بڵێم، کە پێویست بە گووتەیەکی ئەوتۆش نەبوو. لایەنی پڕ ئازارم راپەڕی بوو، ئەو ساتەوەختە نەمدەتوانی تاکە وشەیەکیش بڵێم. بەردەوام هەنسکم قووت دەدایەوە. ئایا نەدەکرا زەمان بگەڕێنینەوە، ئەوەی گوزەری بە ژیاو دانەنێین سەرلەنوێ دەستپێبکەینەوە؟ یان هەر دەبا ببووایە؟! ئەی باشە من ناحەقیم لە زەمان دەکرد؟ ئەی؛ شۆڕشگێڕی و ئاپۆچێتییەکی بێ خەوش و بێ لەکە و پڕبەپێست، دەستلێبەرنەدراوترین ئایدیال، جوانترین و پڕ لە ژیانترین ئارەزوو، خواست و ئاواتم نەبوو؟ باشە، چی بوو تا ئەو هەموو شتە گفتوگۆ بکرێت، ئەو هەموو پێناس و بێ متمانەییە دروست ببێت؟ ئەو کاتەی بەڕێگەکەدا دەڕۆیشتم بیرم لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە. ئەمانە ئەوەندە لەمێشکمدا زرمەیان دەکرد کە تەنانەت دەنگی (سەرۆک)م نەدەبیست. گووتەی "زەمان باشترین دادوەرە" بەلامەوە گووتەیەکی زۆر چەتوون و بێ واتا بوو، تەنانەت ئەگەر مرۆڤ وەک دڵدانەوەیەکیش پەنای بۆ بەرێت. رازی دڵم خۆی لەم خاڵەدا دەبینیەوە: "زەمان حەزدەکات با شتی زۆر

ئەرێنیش پیشان بدات، تازە ئەوەی ژیا و هات، ناگەڕێتەوە" بوو و ئەوانیش وەک پارچەیەک لە حەقیقەتەکان دەمێننەوە. ئەو ساتەوەختە نەمدەزانی ئەمانە تا چەند کارم لێدەکەن، تا چەند سەرقاڵم دەکەن، تا چەند زیانم لێدەدەن. بەڵام هەریەکێک لە شەڕ و ململانێیەکانم بریتی بوون لە شانۆگەرییەک، وەکو کورتە دیمەنی شانۆگەرییەکی تراژیدی و دراماتیکی کە هەرگیز هیچ شتێکیم لە یاد نەدەکرد.

(سەرۆک) لەو نێوەدا گووتی: "دەی ساکینە، تۆ شاخت خۆش دەوێت، دیارە لەگەڵ شاخەکاندا پێکوتە پێکوتە یەکانگیر دەبیت. چاوەڕێی هەواڵی سەرکەوتووانەتم".

تەنیا ئەوەم پێکرا بڵێم: "سەرۆکی من، هەمیشە بەختەوەرتان دەکەم". لە بەرزاییەکەوە کە بەرەو شەقامی شام شۆڕ دەبێتەوە، بەڕاکردن هاتمە خوارەوە. دەستی (سەرۆک) بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەر بەرز بوو.

جارێکی تر هەستم بە شکۆی ئاپۆچێتی کردەوە

ئەو ساتەوەختە چەند دڵگیر بوو. لە ئامێزگرتنی ئاپۆچێتی بەبێ بیرکردنەوە لەهیچ شتێکی تر، بەبێ حیساب کردن بۆ هیچ شتێک.

ژیان ئەمەبوو، ململانێ و تێکۆشان ئەمە بوو!

دڵڕفێنیی ئەشقی تێکۆشان لێرەدا بوو.

**دیمەشق**

## گەریلا...

لە شەوێکی سارد و پڕلە فەرتەنەی مانگی 12دا لە گردی (شەهید جودی)[66]، لەڕێگەی بێتەلەوە کە بە کەناڵێکی تایبەت بە تەلەفۆنەوە بەسترابوو، گوێمان لە گووتارێکی (سەرۆک) دەگرت. بڕیارگەی ناوەندی ماوەیەکی کەم بەر لەوە شوێنی خۆی گۆڕی بوو. بەهۆی سەختتربوونی پێکدادانەکانەوە، لە گردی رووبارۆک لە لاپاڵی ئەوبەری زێیەکەوە بەڕووی هەرێمی زاگرۆسدا جێگیر ببوون. ئەو جارەش هەڤاڵان هەر بە دەرد و بەڵایەکی زۆر و بەدەم گووتەی پڕ لە سکاڵاوە ئەو تەلەفۆنە قورس و کۆنەیان لە هێستر بارکردبوو. بەهۆی بەرزیی هەر دوو لاپاڵەکەیەوە، بێتەلەکان بەبێ بەکارهێنرانی سیستەمی رۆلا[67]، دەنگی بێتەلی تەنیشت تەلەفۆنەکەیان دەبیست. (مو..)ی لێپرسراوی ناوەندی بێتەل، پێشتر هەڤاڵانی ئاگادار دەکردەوە و کەناڵێکی تایبەتی پێدەدان کە لەکاتی پێویست و ئاگادارکردنەوەدا و پێیدەگووتن: "ئەمڕۆ لە هێڵی درێژ دیدار هەیە، لە کەناڵەکەوە گوێی لێبگرن". دوا هەفتەی شەڕەکە زۆر توند بوو و رەوتی پێشهاتەکانی دەستنیشان دەکرد. تادەهات هێزەکانمان کۆنترۆڵی ناوچەکەیان زیاتر دەکرد، کۆنترۆڵیان بەسەر هەرێمەکەدا

---

[66] لەم بەشەدا باس لە هەرێمی زاپ – زێی گەورە دەکات، بۆیە ناوە هاتووەکان دەربڕی لە شوێن و ناوچەکانی هەرێمی زاپ دەکەن.

[67] سیستەمی نێوانگیری پەخشی رادیۆییە، لەم سیستەمەدا ئەو بێتەلەی لە لوتکەدایە رۆڵی تۆڕی پەخش دەگێڕێت و دەنگی پێویست بە بێتەلەکانی دەوروبەری خۆی دەگەیەنێت. لێرەدا مەبەست لە پەیوەستکردنی ئامێری تەلەفونە بە بێتەلەکانەوە و گەیاندنی دەنگی پێویستە بەسەرجەم یەکە و هێزەکانی هەرێمەکەیە.

کردبوو. دوایین هێزەکانی دووژمنیش ئیتر لە هەرێمەکە رایاندەکرد؛ دەستپێشخەری لەدەستی ئێمەدا بوو.

گووتارە تەلەفۆنییەکە چی بووایە؟ لەسەر چی دەبوو؟ لە گووتارەکانی رابردوودا هەڵوەستە لەسەر پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان کرا. نەخێر... نەخێر! دەشبێت شتی زۆر جیاوازتریش هەبێت. خرۆشی ناو ناخم و بێدەنگی و مەنگییەکەی دەرەوەم یەکیان نەدەگرتەوە. ئەوەی من خرۆشێکی خەماوی بوو. دەشبێت هەستم بە چاوەڕوانییەک کردبێت. چ سەیرێکە! شادییەکان هەمیشە خەماوی و نیوەناچڵ دەبوون. رەشەبا و سەرمایە. ئاگرەکە برێک لە خوارمانەوەیە، سەرەڕای ئەوەش سەرما هیچ کاری تێنەدەکردم. لەوکاتەدا گەرمترین و زیندەترین ژیان بریتی بوو لەو دەنگە پووخت و روونەی لە بێ تەلەکەوە دەهات.

هەڤاڵ (ف...) راپۆرتی دوایین گۆڕانکارییەکانی بە (سەرۆک) دەدا. ئەم راپۆرتەشەی بە خێرایی و تۆزێکیش بە دەنگێکی لەرزاوییەوە پێشکەش دەکرد. (PDK) لە زاپ گورزی خوارد، بەتایبەتیش لە دوایین هەفتەدا شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە روویدا. (PDK) پیلانی وەهابوو کە لاکێ و ئەو هەرێمە بگرێت کە بڕیارگەی (YAJK)[68] بەر لە شەڕەکە تیایدا سەنگەری گرتبوو. لاکێ یەکێک بوو لەو هەرێمە گرنگانەی کە پشتر (YNK)، (PDK)، (حیزبی شیوعی)...هتد تیایدا جێگیر ببوون. دوای ساڵانی 1980 ئێمەش وەکو تەڤگەر بەشێوەیەکی نیوەچڵ لەو هەرێمەدا جێگیر بووین و درێژەمان بە کار و خەبات دا. جوگرافییایەکی سەخت و سەرکەشانەی هەیە، بۆ جێگیر بوون

[68] یەکێتی ئازادیی ژنانی کوردستان، کە رێکخستنی ناوەندیی ئەوسای ژنانی گرێدراوی (PKK) بوو.

لە هەر وەرزێکدا لەبارە. بەرفراوانی و قووڵاییەکی هەیە کە هەردوو لای چەمی زێی زاپ لەخۆی دەگرێت. لای چەپی، جوگرافیایەکی بەرفراوانتری هەیە، بەرەو باشوور بەرفراوانتر دەبێت. لەڕووی ئەشکەوت و ژێر زەمینی سرووشتیشەوە تا بڵێی دەوڵەمەندە. ئەم هەرێمە کە شوێنێکی ستراتیژی و گونجاوە بۆ خۆپاراستن لە پەلامارە ئاسمانی و زەمینییەکان و شەڕ و پێکدادانیش، لە سەردەمی رژێمی (سەددام)یشدا بۆماوەیەکی درێژخایەن وەک هەرێمێکی جێگیربوون بەکاربراوە. دووژمن هەرگیز رۆچوون بەناو بەرفراوانی جوگرافیاکەی لەبەرچاو ناگرێت. ئەگەر بەشێوەیەکی راست سەنگەر بگریت، هیچ کەسێک ناتوانێت دەربچێت. بێگومان کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمانە لەلایەن دووژمنیشەوە لە هەمان ئاستدا مەترسیدارە.

لەم واتایەدا هێزەکانی (PDK) شارەزاییەکی باشی هەرێمەکەیان هەبوو و دەیانویست لە چەند هێڵێکی سەرەکییەوە بکەونە هەرێمەکەوە و کۆنترۆڵی بکەن. تەنانەت ماوەشیان دیاری کردبوو. بە قسەی نێوخۆیان کە لە بێتەلەکانەوە دەیانکرد دیاردەبوو کە وەهایان دانابوو لەماوەی چوار رۆژدا هەرێمەکە بگرن. بەڵام پلانەکانیان سەری نەگرت. خاڵە ستراتیژییەکانی هەرێمەکە لەلایەن هێزەکانمانەوە گیرابوون و لەلای باکووری هەرێمەکەشەوە هێزەکانمان یەک لە دوای یەک و بەشێوەی بەردەوام چالاکییان کرد و نەیانهێشت سوپای تورک و (PDK) بکەونە ئەو هەرێمانەوە. بەمجۆرە ئەو هەڵە جددییە تەکتیکییانە و کەموکوڕییەکانی هێزەکانمان لە شێوازی جموجۆڵدا، بەم چالاکییانە تێپەڕکران و بە رەوانەکردنی هێزی زیاتریش، یەکینەکان دەستیان بە هەڵمەت کرد.

زرنگی و هێزی کۆنترۆڵی سەرپەرشتیکردنی ئەو هەڤاڵە فەرماندەیەی تازە هاتبووە هەرێمەکەوە رۆڵێکی گەورەی لەو هەڵمەتبردنەدا گێڕا. هەرچەند بەپێی پێویست بنکەی فەرماندەیی و جوگرافیای هەرێمەکەشی نەدەناسی، تووشی زەحمەتییەکی زۆر جددی نەهات. کاتێک هێزە بەکرێگیراوەکان لەبەرەی تروانشەوە بەرەو پردی زاپ دەستیان بە پەلامارەکانیان کرد، لەلایەن یەکینەی ئەو هەرێمەمانەوە هەستیان پێکرا و بە بڕیارێکی کتوپڕی خۆیان لەوێ کشانەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە (شوێن) گرنگییەکی تایبەتی هەبوو و بە هەر باجێک بووایە، دەبوا بپارێزرایە. هیچ فەرمانێکی لەو جۆرەیان پێنەکرابوو، فەرماندەی یەکینەکە بە دەستپێشخەری خۆی بڕیاری کشانەوەکەی دابوو. هەڤاڵی فەرماندەی گشتیش بەم کارە زۆر تووڕە ببوو و دەستوەردانی کرد. بە بێتەل ئەم قسانەی بۆ هێزی هەرێمەکە کرد:

"دووژمن هێشتا رێی 10 دە کاتژمێر لە پردەکەوە دوورە و ئێوەش بەجێی دەهێڵن و رادەکەن. ئەمە هەرگیز تێنەگەیشتنە لە شەڕ! بڕوانن، ئەوێ بۆ ئێمە زۆر گرنگە. باش لە پلان و ئامانجەکانی PDK بگەن. لەو بەرەیەوە و لە بەرەی کوڕێ ژارۆوە بەرەو ناوەوە، بەرەو دۆڵا شیڤێ دەچن. بەمشێوەیەش دەیانەوێت گەمارۆمان بدەن. مسۆگەر ئەم پیلانە پووچەڵ دەکەینەوە، هێزەکە بەدرێژایی ئەو بەرەیە، بەشێوەیەک کە یەکتر بپارێزن جێگیر بکەن. لە کوڕێ ژارۆ هێزەکانمان لە دووژمنیان دا و دووژمن لەوێوە ناتوانێت بێتە پێشەوە. ئەو یەکینەیەی لە پردەکە کشاوەتەوە، دەستبەجێ دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی"..

ئەم فەرمان و رێنماییانە هەر هەمان رۆژ چوار چالاکی سەرکەوتوو و ئەنجامگیرانەی لەگەڵ خۆی هێنا و هێزەکانمان

لەماوەیەکی کورتدا سەرلەنوێ ئەو هەرێمەیان خستەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەمجۆرە بەرەی باکوور پتەو و قاییم کرا.

هەروەها لە ڕۆژئاواشەوە دووژمن ناچار کرا بەرەو ئامێدی پاشەکشە بکات. ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی دووژمن مابوونەوە کە ئەوانیش گەمارۆ درابوون. هەڤاڵ (ف..) بە مۆراڵ و خرۆشی ئەم ئەنجامانەوە راپۆرتی بە (سەرۆک) دەدا. بەتایبەتیش رەوشی گەرووی ئامێدی بە دەنگێکی پڕخەندەوە باس دەکرد و دەیگووت: "دووژمن زیانی زۆری بەرکەوتووە، پاشەکشە دەکات. هەندێک لە هێزەکانیان – وابزانم بە ئامانجی پاراستن – لە گردەکاندان و ئەوانیش لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانمان دان؛ تەنانەت ناتوانن پاشەکشەش بکەن. لە هەندێک لە عەشیرەتەکاندا پەرتەوازەبوون هاتۆتە ئاراوە. دەنگۆ هەیە کە بارزانی (مەبەست لە مەسعود بارزانییە -و) و نێچیرڤان بە ئاراستەی شێلادزێ دا رۆیشتوون. بەپێی دوایین زانیارییەکان؛ دەگووترێت PDK عەشیرەتی بارزانی خستۆتە گەڕ، ئەمجارەیان سوپای بارزان تاقی دەکەنەوە. لە راستیدا ئەمەش دەیسەلمێنێت کە لە دۆخێکی زۆر زەحمەت و نالەباردان..."

راپۆرت بەرفراوان و درێژخایەن بوو.

بەرەی هەرێمی ئاڤەشین گرنگ بوو. رۆڵێکی گەورە دەکەوتە سەر شانی هێزەکانمان لە هەرێمەکانی زاگرۆس. PDK ئەو هەرێمەی کردبوو بە مەسەلەیەکی ناموس. بارزانی عەشیرەتەکەی و کەسوکارەکەی خستبووە گەڕ. کەوابوو پێویست بوو سەرکەوتن لە شەڕی هەرێمەکانی نێوان ئاڤەشین – شێلادزێدا بەدەستبخرێت. پێکدادانێکی زۆر هەبوو، شەو هەبوو چوار جار پەلاماریان دەهێنا. هەڤاڵ (عەباس) چووبووە هەرێمی نێوان ئاڤەشین – شێلادزێ کە شەڕێکی گەرمی

تیادابوو. سوپای تورکیش له باکوورەوە هەوڵی داوە بکەوێتە هەرێمەکەوە و پشتیوانی PDK بکات، بەڵام له ئەنجامی چالاکییە بەرفراوانەکانی هێزەکانماندا ناچاربوون پاشەکشە بکەن. دۆخەکە لەبەرژەوەندی ئێمەدابوو. ئەمانە کۆمەڵێک پێشکەوتنی گرنگ بوون کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان دەکرد.

پاش راپۆرتەکە (سەرۆک) گووتی: "دەرفەتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانتر لەلایەن PDK و دەوڵەتی تورکەوە، کەمە و لاوازە. ئاشکرایە لە ناو زەحمەتیی دان. لە ئێستا بەدواوە دەشێت راکێشانیان بەرەو زەمینەی سیاسی ئاسانتر بێت. بەڵام دەبێت لەڕووی سەربازیشەوە درێژە بە گورزەکان بدرێت تا بتوانین بەشێوەیەکی مسۆگەر هەلومەرجەکانی تریان بەسەردا بسەپێنین. پێدەچێت مل بنێن. ئێوە لە هەر دۆخێکدا دەبێت ئامادەکارییەکانتان زۆر بەباشی بکەن. لەو نێوەدا دەتوانن کۆبوونەوە بکەن. شیاوە. دەکرێت هەم شەڕ و هەم کاروباری سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوە و بەجێکردن پێکەوە بەڕێوە ببردرێت. هەروەها دەتوانن بەش بەش دەست بە ناردنی هەڤاڵان بۆ ئێرە بکەن. چەند هەڤاڵێک هەبوون کە پێشتر دەستنیشانمان کردبوون، لەوانە (زەردەشت، وەلید، هارون)، (هارون، عادل) دەتوانن دواتریش بێن. پێشنیازی (جەعفەر)یان کردووە، دەکرێت لە جیاتی ئەو؛ (ئەکرەم) بێت. (بۆتان) و (ساکینە)و ئەوانیش دەبن، با (میلان)یش بێت..."

پاشان نەمدەتوانی گوێی بۆ رابگرم. ئەوجار دڵ کەوتە خرۆشەوە. چەند هەنگاوێکی تر لە بن تەلەکەوە نزیک بوومەوە، کە لەشوێنەکەی خۆشمەوە بە ئاسانی دەنگیم دەبیست، بەڵام

پێم وابوو ئەگەر نزیکتر ببمەوە دووبارە ناوی (ساکینە)شم دەبیستەوە.

لەو نێوەدا (ک.ج..) خۆشحاڵبوونی بە رۆیشتنی (ساکینە پیر)ی لە قسەکانیدا دەربڕی و هەندێک شتی تریشی کرد بە بنێشتە خۆشە. دیاربوو داخ لەدڵی شتێک بوو و سکالای دەکرد. دواتر گووتی: "دەی بەهەرحاڵ.." و دوور کەوتەوە.

منیش حەزم نەکرد درێژە بە قسەکردن بدەم لەگەڵیدا. کە هەر لەو ئانوساتەدا (سەرۆک) باسی (ک..)ی دەکرد و ئەوەش سەرنجی راکێشام. (سەرۆک) دەیگووت: "لەو نزیکانەدا کازم[69] و ئەوان دەگەن. با لەگەڵ سارا بڕێک گفتوگۆ بکەن، دیالۆگ دروست بکەن، تەنانەت با لێپێچینەوە لە یەکتر بکەن. دەتوانن باشتر خۆیان شیکار بکەن. با سارا و (د..) و ئەوان پێکەوە لەگەڵ دوایین گرووپ بێن. دوابەدوای کۆبوونەوەکە بکەونەڕێ...".

بەبیستنی ئەمانە خەمبارییەکی سەیر هەناوی گرتم. "حیسابخواستن..." ساڵەهایەکی بەسەردا تێپەڕی بوو. رێک (7) حەوت ساڵ بوو. بەڵێ، هەڵبەتە رەخساندنی هەلومەرجی حیسابخواستنی هاوڕێیانە و لەسەر ئەو بنەمایەش لێپرسینەوە لە زۆر شت؛ سوود بەخشت دەبوو، بەڵام (حاملی) تا چەند ئامادەبوو بۆ ئەمە، تاچەند بە راست و دروستی هەڵوێستی دەنواند؟ دیالۆگەکانی نیسانی 1995ی گۆڕەپانی سەرۆکایەتیم وەبیر هاتەوە. بە هەڵسەنگاندن و پێناسەی لەسەر چەندین بابەت، تووشی واقوڕمانێکی زۆری دەکردم. رووداوەکانی لە پەنجەرەی خۆیەوە لێکداوەتەوە و هاوڕێیەتییەکەمانی بەخراپی رووشاندبوو. لە شوێنێکدا کە پێویستە بە هەستیارترین شێوە

---

[69] حاملی یلدرم.

مامەڵە بکات، کەچی زۆر نابابەتییانە بیری دەکردەوە و ئەمەش مایەی واتا پێدان نەبوو بۆ من. داتاشینی هەندێک شت بەلای خۆیدا و دەربڕینی بەرتەسکانە؛ هیچی لە کارەکە نەدەگۆڕی؟ ئایا پێشداوەرییانە لێکمدەدایەوە؟ پێدەچێت گۆڕابێت، بەهەڵەداچوونەکانی قۆناخی رابردووی تێپەڕ کردبێت. ئەگەر بێتوو قسە و گفتوگۆ بکەین دەتوانین زۆر دیاردە لە شوێنی خۆیاندا جێگیر بکەین. بەڵام لەو بڕوایەشدا نەبووم (حاملی) لەهەندێک خاڵدا بگۆڕێت. دڵنیام پەیوەندییەکەمانی لە ناوەندی لێکدانەوەی کێشەکاندا جێگیر دەکرد. لەم خاڵەدا رەنگدانەوەی کاردانەوەکانی و چۆنێتی لێکدانەوەی بۆ کێشەکان بە گفتوگۆکانیشمان دەگەیشت. دڵنیا بووم. دەمگووت: "نەخێر، ئەو زۆر نەگۆڕاوە"، دیسان بەخۆمم دەگووت؛ خۆزگە بەهەڵەدا دەچووم.. هەموو ئەوانە بەلایەک، بەڵام هاتنی بۆ ولات، بۆ شاخ، بۆ ئەو هەلومەرجەی شەڕ کە بەردەوام باسمان دەکرد، مایەی خۆشحاڵی بوو. لەدڵی خۆمدا بەختەوەر دەبووم. هەستم بە خۆشحاڵییەکی بێدەنگ و پڕ لە سۆزی تێکەڵ دەکرد. خەمباری – خۆشحاڵی، یان خۆشحاڵییەکی خەمبارانە؛ هەردووکیانم لە یەک کاتدا هەڵگرتبوو.

لەکاتی گوێگرتن لە بێ تەلەکە زۆر شت بە یەکجار شەپۆلیان هێنایە سەر هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانم. هەر بۆیە لە گوێگرتندا دابڕانێک روویدا و بەتەواوی لە باسەکە تێنەگەیشتم. تا کۆتا زۆرم لەخۆم دەکرد بۆ ئەوەی لەو کەش و هەوایە رزگارم ببێت و بەردەوام بم لە گوێ راگرتن. ناوەناوە (د..) گاڵتەی دەکرد، بە دەنگێکی نزم هەوڵی دەدا مەنگی و داڵغەییەکەم بڵاو بکاتەوە، دەیگووت:"هەڤاڵ سارا! بیستت.. کازم

دێت. ئادەی بڵێ بۆچی ئەو قەلاشییەت لە کازم کرد؟" بێگومان بە نیوە پێکەنین و نیوە گاڵتەیەکەوە.

"قەلاشی!..". ئەم گووتەیە زۆر قورسە، (د..) بێ تاقەت و بێزاری کردم.

بە تووڕەییەوە پێمگووت:"د.. ئاگات لە دەمتە؟ قەلاشی لەکوێوە پەیدابوو؟ ئەمە تۆمەتبارییەکی زۆر قورسە. نابێت ئەو گووتەیە ئەوەندە بە ئاسانی بەکار بهێنیت.. هەیهۆ! ئەی باشە بۆ یەکسەر هەڵسایت بە پاراستنی کازم؟ پێچەوانەکەی نابێت؟ بەڕای من تۆش زۆر پێشداوەریت..." قسەکانم تەواو نەکرد (د..) تۆزێک بە شەرمەندەییەوە گووتی: "چۆن بزانم؟ بڕوا بکە نازانم چی روویداوە. تەنیا لە هەندێک لە شیکارنامەکانی سەرۆک دا خوێندبوومەوە. جگە لەوە هیچی تر نازانم. بەڵام ئەو کارانە پڕ لە بەڵان، ئالۆزن! مرۆڤ زۆر واتایان پێ نادات" و هەوڵی دا هێورم بکاتەوە.

بە تەواوبوونی گووتارەکە، چووینە خوارەوە بۆلای ئاگرەکەی شوێنی مانەوەمان. شوێنەکە نایلۆنی نەبوو، تەنیا هەر زەمینەکەی تەختکرابوو. ئاگرەکە گەرمایی نەبوو، رەشەبا بڵێسەکانی بە چەپ و راستدا رادەکێشا و بڵاویدەکردەوە. ئێمەش لەتەنیشت ئاگرەکەدا درێژەمان بە گفتوگۆکەمان دا. من هەوڵمدەدا بابەتەکەمان لە کێشەی نێوانم لەگەڵ (حاملی)یەوە بگۆڕم بۆ بابەتێکی تر. باسم لەوە کرد کە بە رۆیشتنی هەڤاڵ (ساکینە پیر) خۆشحاڵ بووم و بڕیارێکی بەجێیە و گووتم: "زۆر شەکەت بوو لەناو ئەو هەموو کێشەیەدا. بەڵام ئەویش سنووردار کراوە. بێگومان خۆیشی تا بڵێی توورە، گرژ و بێ چارەیە. ساڵەهایەک تێکۆشانی لەدوی خۆی نەخشاندووە. مێژوویێکی زیندووە، بەڵام زوویرە و بووە بە تۆپەڵەیەکی

تووڕەیی. ڕۆیشتنی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەرێنییە و هێزی پێدەبەخشێت".

ئەوجار (ک..ج..) دانی بەخۆیدا نەگرت و شتەکەی ژێر ددانی دەرپەڕاند، بە ئاوازێکی مانادارانە و دڵگرانییەوە و هەروەها بە شێوەیەکی پچڕ پچڕەوە گووتی: "ئەگەر ئێمەش بمانخوێندایە، تۆزێک خوێنەری و نووسەرییمان هەبووایە، تۆزێک ڕۆشنبیر بووینایە، پێشنیازی ئێمەشیان بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی دەکرد.. پێشنیازێک پێشکەشی پارتی دەکەم: بچمەوە بۆ ماڵەوە؛ بخوێنم و دووبارە بێمەوە، بەشکم ئەوجار قیمەتمان هەبێت" و بەمەش سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

پێمان گووت کە خۆیشی باش دەزانێت خوێنەواری و نەخوێنەواری پێوەر نیین بۆ چوون بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. دواتر پێمگووت: "هەموو هاوڕێییەکمان خواستی چوونی بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی هەیە، ئەمەش هیچ گووتنێک هەڵناگرێ و مایەی ڕێزگرتنە، بەڵام خۆشت دەزانیت دەرفەتی ئەوەش نییە کە هەمووان بەیەکجار بچن. دەبێت ئەمانە بزانین. پشوودرێژ بە. تۆش ڕۆژێک دەچیت و دەیبینیت". (ک..ج..) گوێی بە قسەکان نەدا، هیچ قانیع نەبوو و نەشیدەویست قانیع ببێت.

هەربۆیە ئێمەش لەگەڵ هەڤاڵانی تر پێکەوە درێژەمان بە گفتوگۆکەمان دا. بەڵام بابەتەکە ئەمسەر وسەری دەکرد و دەهاتە سەر بابەتی من و (حاملی). (د..) بەپێداگیرییەوە ئەم بابەتەی دەخستەوە بەر باس. دیاربوو هەندێک شت هەبوو مێشکی ئاڵۆزکردبوو. دەیویست قسەیان لەسەر بکات و بە وەڵامی مەراقەکەی خۆی بگات. دەیگووت کە نایەوێت هەڵسەنگاندنێکی تەنیا پابەند بە دیالۆگەکانی ناو شیکارنامەکان

بکات، دەرفەتی ئاگاداربوونی زیاتریشی دەستنەکەوتووە، سەرەڕای ئەوەش کێشەکەی بنکۆڵ نەکردووە و لە کەسیشی نەپرسییوە. تۆزێک دالْغەی لێدا و پاشان گووتی: "لە خۆشەویستیدا قەلاشی نابێت، وانییە؟"

بەو قسانەی سەرلەنوێ تووڕەیی دایگرتمەوە. پێشتر نامەیەکم بە دوور و درێژی بۆ (حاملی) نووسی بوو کە خۆی ئاگای لێ نەبوو و هێشتا بۆم نەناردبوو، نامەکەم دەرهێنا و دام بە (د..) و پێمگووت: "ئەمە نامەیەکە کە بۆ ئەوم نووسیوە. بیگرە، بیخوێنەرەوە، ئەوجار ئاشنای ئێمەش دەبیت". تۆزێک حەپەسا. لێی وەرگرتم و لەبەر trووسکایی ئاگرەکەدا دەستی کرد بە خوێندەوە. رووخساری، هەڵسوکەوتەکانی گۆڕا. جاروبار پێدەکەنی، جاروبار رووخساری ترش دەبوو، مەنگ دەبوو. جاروباریش بە رووخسارێکی مەلولانەوە ئاوڕی لێدەدامەوە. پاش تەواوکردنی، نامەکەی پێدامەوە، ئەوجار هەڵساین و بەرەو شوێنی مانەوە و خەوتنمان بڵاوەمان لێکرد.

هەوا تابڵێی سارد بوو، بەوهۆیەوە لەو رۆژانەدا خەوم کورت و پەرش بوو. ئەو شەوە هەر نەمتوانی بخەوم. دووبارە و سێبارە بیرم لە زۆر شت دەکردەوە و سەرلەنوێ دەهاتنەوە ژیانمەوە. بەڵێ، شتێک شکابوو، شتێک تێکچوو بوو. ئەمە بوو هۆکاری دڵشکان و خەمباریی و تووڕەییەکانم. وەک ئەوەبوو نهێنییە جوانەکەی هەڤاڵێتی رێگەم، هاوڕێیەتی دۆزەکەم سەراوژێر بووبێت کە هیچ خەوش و فێڵێکی تیادا نەبوو و بەها و نرخێکی گەورەی هەبوو لەلام. ئەگەر دڵگیریی، خۆشەویستی و شەیداییەکان هەڵبڕژایەتە ناو ئەم هاوڕێیەتییەوە، ئەنجامەکەی بێ ئامان دەبوو. بەڵام بەو شێوەیە نەبوو. خۆی دەستی پێکرد و هەر خۆیشی لە هەناسەیەکدا کۆتایی بە هەموو شتێک هێنا.

باشە؛ کەوابوو حیساب و باجی چیم بدایەتەوە؟ لەبەر ئەوەی کارئاسانیم بۆ تێکدان کردووە؟ لەبەر ئەوەبوو پەلەپرووزانە، بە توورەیی، کاردانەوە، پێداگیر و بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی بە بڕیارێکی ساتەوەختییانە جوولابوومەوە؟ یان.... نەخێر، نەخێر! دەبووایە هۆکاری زیاترم بدۆزیبایەتەوە. چ سەیرێکە، (د..)ش گووتەی "قەلاش"ی بەکار دەهێنا! یەکلایەنە و بەردەوام ژن تاوانبار دەکرا و کەس بیری لە پێچەوانەکەی نەدەکردەوە. ئەی لە شیکارنامەکانی نیسانیشدا (ک..)ش یەکلایەنە تاوانباری نەکردبووم؟، بەڵام ئیتر نامەوێت بکەومە ناو ئەو باسانەوە. هەموو جارێک هەمان شت دووبارە دەبوونەوە. بەململانێ دەستی پێکرد، بە ململانێ درێژەی دەکێشا. ئەوەی ئێمەش ململانێیەکی شەکەتکار بوو.

کاتێک (د..) و ئەوانمان بەڕێکرد، قسەکەی ئەو شەوەم هاتەوە بیر کە گووتبووم: "سارا زۆر بە چانسە، پێشتر پێم نەگووتبووی؟ دڵنیام چاومان بەیەک دەکەوێتەوە"..

خەندەیەکی بە ئازاری کرد. گرووپەکەیان لە (15) کەس پێکهاتبوو. لەدەمەڕێدا قسە گەرم بوون، وێنە گیران و گاڵتە و شۆخی کران. لە دەمەو ڕۆیشتنیشیاندا لە گۆڕەپانەکە ریزیان بەست کە درێژترینییان (ب..) بوو و لە ناوەڕاستیاندا راوەستابوو.

لە یەکەم دیدارماندا بەگاڵتەوە پێم گووت: "نەوە تازەکەی دێرسیم هەموویان ئاوەها باڵابەرزن؟". (ب..) کەسێکی رێکوپێک و هۆشمەند بوو، هۆشمەندییەکەی بە هەموو هەڵسوکەوتییەکانییەوە بەدیدەکرا.

(د..) بۆچی وەها مەنگ و مەلوول بوو. لەکاتی گوێڕادێران بۆ قسەکانی هەڤاڵ (ف..) چاوی لەسەر یەک شوێن گیر ببوو.

خۆ لەبەر دەنگی خوڕەی ئاوەکەی زاپ، زۆر لە قسەکانیش تێنەدەگەیشتین. بەڵام هەمووان روو بەخەندە و پێکەنین بوون. بەختەوەری و شادمانی رۆیشتن بۆ گۆڕەپانی (سەرۆک)، بەچاوی هەموویانەوە بەدی دەکرا.

(هاجەر) لاغر و بەتەواوی رەش هەڵگەڕابوو. دەیگووت کە بەخۆشی رۆیشتنەکەیەوە چەند رۆژێکە خەو نەچۆتە چاوی. لە هەندێکی تریشدا رەنجاویی نەچوونیان زاڵ بوو. کاتێک کە پێم گووت پێکەوە دەچین، ئەویش بەخۆشحاڵییەکەوە گووتی: "1991 پێکەوە هاتین و ئێستاش پێکەوە دەچینەوە".

هاتن و چوونی گرووپەکان دڵگیرییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، زیندەییەکی بە هەموومان دەدا. گرووپەکەی پێشترمان لە گەرووی ئامێدی بەڕێکرد و هەر لەوێ پێشوازیمان لە تابوورە نوێیەکە کرد. لەو رۆژانەدا شەڕ و پێکدادان لە بەرەی ئاڤەشین – شێلادزێ گەرم ببوو. دووژمن لە زاپ پاشەکشەی کرد و دەست بەجێ هێزەکانمان شوێنە چۆڵبووەکانیان پڕکردەوە. تەنانەت لە هەندێک شوێن هێشتا پشکۆی ئاگرەکەی دووژمن مابووەوە و هەڤاڵان بڵێسەی ئاگرەکانیان بڵند دەکردەوە. هەر چۆن بەرەی زاپ – مەتینا کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە، هەڤاڵانی گرووپی ئەکادیمیا لەوێوە دەرباز بوون. جگە لە بێ ئامادەکاری و ناتەواوی و لاوازییەکانی سەروبەندی رۆژانی یەکەمی شەڕەکان، لە زاپ سەرکەوتنمان بەدەستهێنا. بەتایبەتیش لە دواڕۆژەکاندا هێزی هەڵمەتبەری زیادی کردبوو و هاوکاتیش بەرزی مۆراڵ و دەستپێشخەری کەوتبووە دەست خۆمانەوە.

## دیداری مێژوویی له زاپ

لەکاتی هەواڵگۆڕینەوەی "موخابەرەی" تایبەتدا لە بێ تەلە گەورەکەوە ڕێکەوتی کۆبوونەوەکە ڕاگەیەندرا. لەناو قسەکاندا و لەکاتێکی چاوەڕوان نەکراودا گووترا: "ئەو کارە لە 10 دایە". کەوابوو کۆبوونەوەکە لە 10ی کانوونی یەکەمدا دەکرا. لەبەر ئەوەی دووژمن گوێی لە بێتەلەکانمان دەگرت، هەڤاڵان بە وریاییەوە کارەکانیان دەکرد. هەڵبەتە لە چوارچێوەی گشتی قسەکانەوە تێدەگەیشت کە ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەیەکی گەورە دەکەین. چونکە زۆربەی جار بە ئاشکرا قسە دەکرا. ڕاگەیاندنی ڕێکەوت گرنگ بوو. پێدەچوو دووژمن بەزۆر شێوەی جیاجیا هەوڵی تەگەرەکردن و لەباربردنی بدات. ئەگەر هیچی نەکردایە، دەیتوانی پەنا بۆ هێرشێکی چڕوپڕی ئاسمانی ببات. سەبارەت بە نهێنیپارێزی لە بێتەلەکاندا هەمیشە ئاگادارکردنەوە و ڕەخنە دووبارە دەکرانەوە، بەڵام دیسان هەڵە و چەوتیش بەردەوامیان دەکرد... (سەرۆک) لەم بوارەدا بەردەوام هۆشیاری دەدا و بەشێوەی "گەورەترین سیخوڕی" دەینرخاند.

هەڤاڵان یەکەودەست لە وشە نهێنییەکە تێنەگەیشتبوون. بەوجۆرە جێگیرکردنی ڕێکەوتەکە لەناو قسەکاندا مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من. هەڤاڵ (جەمال) بەڕێوە بوو. لە بۆتانەوە تا دەگەیشتە زاپ (10) ڕۆژێکی دەخایاند. (ز..)[70] لە مەتینا بوو...

---

70 زەکی، واتا شەمدین ساکیک، یەکێکە لەو کەسانەی کە دوای هەوڵی ساڵەها بۆ بێ کاریگەرکردنی ڕێبەر ئۆجالان، لەسەرەتای بەهاری 1998 دا چووە ڕیزی خیانەتکارانەوە و سەرەتا هانای بۆ PDK برد و پاشان ڕادەستی دەزگا تایبەتەکانی دەوڵەتی تورک کرایەوە، تا ئێستاش لەژێر پاراستنی تایبەتی دەوڵەتی

گەشتی وڵات کە لە سەرحەدەوە دەستی پێدەکرد بۆ ئێستاکە لە زاپ کۆتایی دەهات. چەند دڵگیربوو: گەشتێک کە لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتییەوە دەستی پێدەکرد و سەرحەد، دێرسیم، هەرێمی ناوین، ئامەد، گارزان[71]، بۆتان و باشووری مەزنی دەگرتەوە دواجار لە مەتینا کۆبوونەوە بە هێزەکانمان کراوە و سەبارەت بە هەموو هەرێمەکان زانیاری بە گشت کادیران دراوە.

(ن..) لە خواکورک بوو و دەمانزانی کە نایەت. (سەرۆک) بە بێتەلەکە رایگەیاندبوو کە لەو هەرێمەدا پێویستی هەیە. ئەویش ناوی لە لیستی ئەو هەڤالانەدا بوو کە بە تەلەفۆن بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا دەکرد. هەڤاڵ (عەباس) نزیک بوو، لە ئاڤەشینەوە ئەوپەڕی بە دوو رۆژ دەگەیشت. (ئ.ب..) لە گارا بوو و ئەویش بەشەوێک دەیتوانی بپەڕێتەوە بۆ زاپ. بەگشتی هەڤالان دەیانتوانی لە رێکەوتی دیاریکراودا لە زاپ بن.

(سەرۆک) فەرمانی دا و گووتی: "با کۆبوونەکەوە بەرفراوان بێت، هێزی فەرماندەیی ناوینیش بەشدار بکەن" لەسەر ئەمەش هەڤاڵ (فو..) لە بێتەلەوە ئەگەری زیادبوونی ژمارەی هەڤالانی بەشداربووی کۆبوونەوەکەی خستە بەر باسەوە. لەم چوارچێوەیەدا بەشداربووانیش دەستنیشان ببوون.

بەڵێ، لە زاپ دیدارێکی زۆر مێژوویی و زۆر واتادار سازدەکرا. لە هەموو لایەکی وڵاتەوە و چەندین هەڤاڵ کە رەهەندی جیاجیای هەر قۆناخێکی مێژووی پارتییمان، مێژووی

---

تورک دایە لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە. هاوکات دوای راکردنی لە (PKK) ، کۆمەڵێک بەلگەی پەیوەندی نێوان ساکیک و رژێمی ئەرگەنەکۆنی ناو سوپای تورک لە میدیاکاندا بلاو کرانەوە.

[71] بەگوێرەی سیستەمی گەریلا؛ ناوی هەرێمێکی ستراتیژییە کە شاخ و ناوچەکانی سەر بە شاری ئێلیح تا بە ئامەد و لەو لاشەوە تا بە چەولیک و مووش دەگات دەگرێتەوە.

تێکۆشانمانیان بینیبوو و پێیدا گوزەریان کردبوو ئێستاکە لێرە کۆدەبوونەوە. ئەمە ئاواتێک بوو. لەم (5) پێنج ساڵەی دواییدا لە ئاستێکدا چێژی ئەم جۆرە بەیەکگەیشتنەوە و کۆبوونەوانەم وەرگرتبوو. هەلی بینینی زۆرێک لەو هاوڕێیانەشم بۆ رەخسابوو کە پێشتر نەمبینیبوون.

شێوەی زاپ بەرەو گۆڕان دەچوو. بە سەدان هەڤاڵ بە ئامانجی بەشداریکردن لە پەروەردەی کادیری لە ناو ئەم جوانییە دڵگیرەی چەمە قووڵەکانی دەوروبەر و کەناری زاپ کۆببوونەوە. ئەم هەڤاڵانە لە دێرسیم، سەرحەد، گارزان و ئامەدەوە هاتبوون. چەند مانگێک پێشتر کەوتبوونە رێ. هەندێکیان بۆ پەروەردەی کادیری و هەندێکیشیان هاتبوون بۆ ئەوەی بچنە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. ژمارەیەکی زۆر هەڤاڵی ناسیاو هەبوون. لەگەڵ چەندێکیان لە باشووری بچووک[72]، لەگەڵ چەندێکیان لە باشووری مەزن و لەگەڵ چەندێکیشیان لە بۆتان یەکترمان بینی بوو. سەرلەنوێ دیدار، بینینەوەی هەموو کەسێک بە گەورەبوویی و گۆڕاوییەوە سۆزێکی جیاوازی لەلام دروست دەکرد. چەند قەشەنگ بوو! دەشبێت یەکێک بووبێت لە قەشەنگترین وردەکارییەکانی ژیان، لەکاتێکی هەرگیز چاوەڕوان نەکراودا، دیدارێکی نوێ. لە راستیدا لەلای ئێمە دابڕان بوونی نییە. دابڕان پێچەوانەی ژیان و سرووشتی ئێمەیە. شەڕ لە هەمانکاتدا واتادارترین دیدارە.

لە رۆژانی یەکەمی ئەم گەورە دیدارەدا سەبارەت بە بەشداریکردن و نەکردنم لە کۆبوونەوەکەدا هێشتا بە فەرمی هیچ شتێکم پێ نەگووترابوو. لە دوایین گفتوگۆی تەلەفۆنیدا لە دۆلا شیڤێ، (سەرۆک) گووتی: "دەتوانێت بەشداری بکات". جگە

---

[72] رۆژئاوای کوردستان.

لەمە لەلایەن هەڤالانەوە هیچ شتێک دەستنیشان نەکرا. هەر لەو ڕۆژانەدا لەچەند شوێنی جیاجیا بەناو چەند یەکینەیەکی هەڤالانی ژندا گەڕام و هەوڵمدا کاتەکە بەمجۆرە هەڵسەنگێنم. لە حەفتانینەوە بەبێ ئەرک و لێپرسراوێتی هاتبوومە زاپ. بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا لە بەڕێوەبەرایەتی بڕیارگەی (YAJK)دا جێگەم گرت. لەسەروبەندێکدا کە ئەندامێکی زۆری بەڕێوەبەرایەتی هەبوون؛ ئەگەر بڵێین هەلایسانی بەڕێوەبەرایەتی هەبوو لەجێی خۆیدا دەبێت، هەڤاڵ (ف..) بە سەری زار گووتی: "هەڤاڵ ساراشمان لەلایە، ئێستاکە لێرەیە. هاوکارتان دەبێت، بەڵام پێدەچێت بڕوات بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتیش".

لەو ساتەوەختەدا ئەوجۆرە گوزارشتە نادیارانە نیگەرانی دەکردم. بۆشاییەک بوو و مانەوە لەناو نادیارییدا خراپ بوو؛ درێژەکێشانیشی خراپترین بوو. سەرەڕای هەموو شتێکیش دەستبەرداری خۆم نەبووم و دەمویست شتێک بکەم، کارێک بکەم، بە هەندێک بیانوو هەوڵی سنووردارکردنم دەدرا و ئەمەش کاری تێدەکردم. چەند سەیر بوو، کەسێک کە دەیویست کار و خەبات بکات، بەوجۆرە بێکار و بێکاریگەر دەکرا. کاتێک چەوتبوونی ئەم مامەڵەیەم هێنایە زمان، هەڤاڵ (ف..) گووتی: "ناکارایی و ناچالاکییش کارکردنە" ئەمەش پێناسەیەکی نوێی ئەرک بوو! نازانم هەر ئەوەندە پێویست بوو بڵێم: "یاااا سەبر".

لەبەر ئەوەی بەگشتی هەڤالان بیستبوویان کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەڕۆم بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، شیرۆڤەیەکی جیاوازیان بۆ ئەو گەڕان و هاتوچۆیەم نەبوو کە دۆخێکی فەرمی هەڵنەگرتبوو. ئەو ڕۆژەی لەگەڵ (نەورۆز) پێکەوە چووین بۆلای یەکە و دەستەکانی بارەگای نزیک پردەکە،

لەڕێگە تووشی گرووپێکی قەرەباڵغ هاتین. پێشەنگانی گرووپە گووتیان: "(زەکی) دێت، ئێمە پێشەنگانی گرووپەکەین".

تابلێی گرووپێکی قەرەباڵغ بوو. هەڤاڵان لە باکوورەوە، لە مەتینانەوە، لە حەفتانین و لە هەرێمی چیای سپییەوە بۆ پەروەردە هاتبوون. (سەردار)یش لەناو گرووپەکەدا بوو. ماوەیەکی کورت بەر لەوە، لە زاپەوە چووبووە حەفتانین. دووبارە گەڕانەوەی بۆ زاپ جێگەی سەرسوڕمان بوو. تازە لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتییەوە هاتبوو، لە رۆژانی ساڵیادی 15ی ئابدا، لە ئاستی فەرماندەییدا نێردرابووە هەرێمی حەفتانین. بەڵام کاتێک دێت، لەبەر ئەوەی هێز دەنێردرێتە هەرێمێکی تر، راستەوخۆ فەرماندەیی هێزی پێناکرێت. هەربۆیە بەگاڵتەوە پێمان دەگووت: "فەرماندەی بێ سەرباز". چەندە مامەڵەکردنی کەیفیی و سەرانسەرانە هەبوو لە هەڵسەنگاندنی هێزی مرۆڤ و هەروەها لە جێگیرکردن و ئەرکدارکردنیدا!

دوای ئەوەی تۆزێکی تر نزیکبوونەوە لێمپرسی؛ (سەردار) دەیگووت کە وەک یەکێک لە پاسەوانەکانی (زەکی) هاتووە. چی روویدەدا؟ (زەکی) بە هەر هەرێمێکدا تێپەڕ ببووایە هەڤاڵی هەڵدەبژارد و لەشکرێکی لە پاسەوانی تایبەتی دروست دەکرد. لەناکاو ئەو گفتوگۆیەم وەبیر هاتەوە کە 1992 بە بێتەل لەگەڵ (زەکی) کردبوومان. شێوازی هاتنی گرووپەکە و پێکهاتەکەی، هەندێک سەرەداوی بەدەستەوە دەدا... شێوازێکی فەرماندەیی زۆر خۆپەرستانە بوو.

ئەوانەی لە باکوورەوە هاتبوون بە پێکەنینەوە دەیانگووت کە بە ئۆتۆمبێل هاتوون. بەڵێ، گەریلا و ئۆتۆمبێل! زۆر سەیر بوو بەلایانەوە. لە مەتینانەوە هەتا پردی زاپ بە ئۆتۆمبێل هاتبوون و لەناو گوندێکی نزیک پردەکە رۆژیان کردبووەوە.

ئەمەش دۆخێک نەبوو کە لە باکوور پێی راهاتبن. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە دڵخۆشکەرەکەی ئەوە بوو کە هەرێمەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بوو و گرووپەکانیش بە ئاسانی تێپەڕ دەبوون. ئیدی دەتوانرا هەردوو سەری رێگەی مەتینان – زاپ (لەلای باکووری و باشوورییەوە) بەکار بهێندرایە.

هەڤاڵان ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو کە وەرزی تەوقەکردن کۆتایی نەدەهات. هاوکات دەمەتەقێیەکی سەرپێیانەشمان هەبوو. پاشان (زەکی) بەدیار کەوت. لە پێشییەوە (پڵنگ بۆتان) هەبوو کە لە 1991 لە کەمپەکانی حەفتانین یەکترمان بینیبوو، زۆر نەگۆڕابوو. لە هەرێمی گارزان بوو، دوایین ساڵی خۆی لەوێ گوزەراندبوو کە بێگومان قۆناخێکی زەحمەت و پڕ شەهید بوو. لەدوای (زەکی)شەوە (ج.. بۆتان) هەبوو... پاشان (چیچەک، زەلال، زۆزان فەڕاشین...هتد) هەبوون. بەشی زۆرینەی هێزی فەرماندەییشی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ئەو شوێنەی کە دەبووایە لەگەڵ (نەورۆز) پێکەوە بڕۆیشتینایە، زۆر دوور نەبوو، بەڵام زۆر پەلەشی نەبوو. دەمویست لەگەڵ گرووپەکە بگەڕێمەوە بۆ بڕیارگە، کە ئەمە بڕیارێکی راستتر دەبوو. چونکە ئێمە دەبووینە یەکەم کەس کە پێشوازیمان لێکردبوون. بڕیارمان نەدا و دوای راڕاییەکی کاتی درێژەمان بە رێگەکەمان دا.

# تابووری[73] گەردەلول دێت

لە بارەگای لۆجستیی بڕیارگەی (YAJK) منیش لە ریزی ئەو هەڤاڵانەدا بووم کە دەچوون بۆ پێشوازیکردن لە گرووپە نوێیەکەی سەر رێ. ئەو شەوە بەشێک لەهێزی (تابووری گەردەلول) دەهاتن. تابوورەکە بەشێوەی (3) سێ گرووپی رێکخراو هاتبوونەوە ولات. هەڵبەتە هاتنێکی مەترسیدار بوو، چونکە لە سەردەمێکدا بوو کە گەرمترین شەڕ و پێکدادان لەدژی بەکرێگیراوان دەکرا. هەرچەندە زەحمەتی و مەترسیشی هەبووبێت، هاتنی هێزێکی پەروەردە کراو هەموو کەسێکی دڵخۆش دەکرد. گەشتێکی درێژەڕێ کە لە چیای بێخێر، چیای سپی، مەتینان تا زاپ دەهات، خۆی لەخۆیدا چالاکییەک بوو. هاتن و گەیشتنی هەڤاڵان بە ساغ و سەلامەتی گرنگ بوو. ئەگەرچی لەکاتی تێپەڕبوون بە رووباری دیجلەدا دەکەونە بۆسەی تاقمە بەکرێگراوەکانیشەوە و چەند هەڤاڵێک لە گرووپەکە دادەبڕێن، پاشان بیستمان کە زیانمان پێنەگەییشتووە. گرووپە دابڕاوەکەش دواتر خۆیان گەیاندۆتەوە لای هەڤاڵان. لەوانە دووانیان هەڤاڵانی بەڕگەز ئەڵمان بوون. فەرماندەی تابوورەکەش (کازم)[74] بوو.

زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ ئەم گرووپە هاتبوون، خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوون. یەکەمجار بوو شاخیان دەبینی. لەدوورەوە خەیاڵکردنی هەرێمەکانی شەڕ و شاخ و گەلاڵەکردنی

[73] بەتالیۆن، لەو سەردەمەدا لانی کەم لە سێ تا چوار یەکینەی 60-80 کەسی پێکهاتووە.

[74] مەبەست لە حاملی یلدرمە.

هەندێک شت لە هەست و سۆزدا جیابوو لەگەڵ ژیان لەناو ڕاستییەکانیدا. بیر و بۆچوونی نابەرجەستە، سۆز و داڕشتن لەبەرامبەر بە حەقیقەتدا تووشی زەحمەتی و پەرتەوازیی دەبوو. چونکە هەر خەیاڵێک بە ڕاست بونیادنرابێت، بە نیوەییش بێت دەتوانێ حەقیقەت بەردیدە بکات کە لەدۆخێکی وەهادا زەحمەتییەکی زۆر ناهێنێت و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاسان دەکرد. نائومێدی کاری لە دانبەخۆداگریی کەسێتی دەکرد و مایندەیی یاخود درێژەکێشانیشی مەترسیدار بوو. زۆرجار تازەهاتووان خەونەکانی خۆیان بەدی نەدەکرد، تووشی دۆخی نامۆبوون دەهاتن. ئەم نامۆبوونەش بەپێی کاریگەرییەکانی توانستی جەستەیی، سۆز و فیکر، هەلومەرجی شاخ و تایبەتمەندییە چینایەتییەکان...هتد گۆڕانی بەسەردا دەهات. خواستی گەیشتنێکی ڕاست بە حەقیقەت و بڕیارداری و پابەندی، زۆر بەخێرایی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تێکدەشکاند و تێپەڕی دەکردن. چجای ئەگەر شتگەلێکی تر لەجیاتی حەقیقەت دابنرێت، ئەوا چارەسەرکردنی ناکۆکیەکە کاتی دەبرد و لە کەسەکەشدا ڕێگەی بۆ بێ بڕیاری ئاوەڵا دەکرد. ئەمەش ئەو کێشەیە بوو کە زۆرێک لە هەڤاڵانی تازە بەشداربوو و ئەوانەی تازە پێیان بە شاخ دەگەیشت تووشی دەبوون...

ئەو گەشتەی هەڤاڵان کە بە باران، قوڕ، بێ خەوی و نیوە تێری گوزەرێندرابوو کاری لە سەراپای گرووپەکە کردبوو. ئەو ماندوێتییە کاری لە هاوسەنگی ڕێکردن و هەنگاوەکانیشیان کردبوو، هەندێک لە هەڤاڵان ناچاربوون چیلکە دارێک بکەن بە گۆچان و پێی بڕۆن. ئەوانەی لەدوورەوە چاویان بە هەڤاڵ (فو..) دەکەوت، بەر لە چەند هەنگاوێک ڕێڕۆیشتنی خۆیان ڕێکوپێک دەکردەوە، بەقیتی و چوستییەوە دەڕۆیشتن. ئەوانەی

به ریزی تەوقەکردنەکەدا تێپەڕ دەبوون، دەچوونە ئەو شوێنانەی بن تاشە بەردەکان کە پێشتر بۆیان ئامادەکرا بوو، دەچوونە بەر ئاگرەکە. جگە لە چەند هەڤاڵێکی کۆنی بۆتانی، کەسی ناسیاویان تیادا نەبوو. مانگەشەو بوو بۆیە دەتوانرا بناسرێنەوە. لە بەرەو کۆتاییەکاندا دەنگێکی ناسراو، سیمایەکی ناسراو نزیک بووەوە، تەوقەمان کرد. بەهەڵەدا نەچوو بووم، ئەمە (فەردا)بوو، ئەوکاتە حەپەسام. ئەمەش خودی خۆشحاڵی بوو! سەری قیت و بەرز و قەمبوورییەکی نەبوو. پێشتر کە پێمدەگووت: "تۆزێک قیت برۆ، با قەمبوور نەبیت"، لەوەڵامدا دەیگووت: "قەیناکات، سەرم قەمبووری نەبێت هیچم ناوێت!". بەشێوەیەکی زۆر (سەربازی)یانە و فەرمی تەوقەی لەگەڵ هەمووومان کرد. ئەو کاتە دەمویست لەئامێزی بگرم. کەچی زۆر بەخێرایی تێپەڕبوو. فەرمییەتم بیرکەوتەوە. کێ دەزانێت، لەوانەیە وەهای دانابێت کە؛ (سارا) زۆر گۆڕاوە، بێ سۆز بووە و وەک سەهۆڵێکی لێهاتووە. بەڵام نەخێر... (فەردا) دەیناسیم. بێ سۆزی و دوورکەوتنەوە لە جوانی و پیرۆزی، نامۆیی و مردن و قێزەونی بوو. دیارە هێشتا لە ژیاندا بووم و ئەوەندەش قێزەون نەببووم. (فەردا) پێدەکەنی، رووخسارە پێکەنیناوییەکەی نەگۆڕابوو. دوای تێپەڕبوونی بۆ ماوەیەک ئاوڕم لەسەری بوو. ئەوکاتە بینیم کە دارێکی بەدەستەوەیە. ئەگەر دوورنەکەوتایەتەوە تۆزێک گاڵتەم پێ دەکرد. کاتێک پێشمگووت: "یەکتر دەبینینەوە، ئێمەیش دێین" وەهای بیرنەکردبووەوە کە بەوجۆرە لەماوەیەکی نزیکدا دەڕۆیشتینە لایان. دوای چەند خولەکێک ئێمەیش چووینە لای ئەو گرووپەی کە بەدەوری ئاگرەکەدا بازنەیەکییان پێکهێنابوو. لەگەڵ چەندێکیاندا دووبارە

تەوقەمان کردەوە، پاشان چوومە تەنیشت (فەردا)، سەرپێیانە کەوتینە گفتوگۆ. چەندە بیری ئەوم کردبوو!

دیدارم لەگەڵ (فەردا) شتێکی تر بوو. لەڕیزی دیدارە دڵڕفێنە مێژووییەکاندا بوو لە زاپ، بەڵام ساتەوەختێک بوو کە لێی تێر نەبووم. دواجار لە 1ی ئایاری 1991 لە ئەستەنبۆڵ بەیەکترمان گووتبوو: "بەنیازی دیدار لە ئامەد" و ماڵئاواییمان لە یەک کردبوو. ئێستاش ساڵی 1995 ەو لە زاپ یەکترمان دەبینییەوە. لە یەکەمین یەکتربینینماندا (فەردا) ئەو بەڵێنەی وەبیرهێنامەوە. کەوابوو لەیادی نەکردبوو. منیش لەلای خۆمەوە هەمیشە بڕوام بە یەکتر بینینەوە هەبوو و بەردەوام خەیاڵی ئەوەم دەکرد کە ئەم یەکتربینینەوە لە ئامەد دەبێت. لەسەر دیوارە سارد و بۆرەکەی شارەداری ئامەد بەجۆرێکی گەورە نووسرابوو (شارەداری دەوڵەتی تورک) و لەو لاتریشەوە و لەسەر چوار ڕێیانی ناوەندی شارەکەش نووسرابوو (سەرفرازییە بۆ هەرکەسێک بڵێت من تورکم)، کاتێک کە ئەمانەم دەبینی زۆر تووڕە و پەست دەبووم. کەی چاوم بەو نووسراوانە بکەوتایە رق و کینم بە لوتکە دەگەیشت و هەموو جارێکیش تێکۆشانی لەناخمدا دەخرۆشاند.

لە زاپ (فەردا) ئەوەی بەبیر هێنامەوە و بەمەش دووبارە دەیبردینەوە بۆ رۆژانی ئامەد. هەرچەند لە دۆخ و شوێنگەی سەربازیدا بین و دیارە بەکارهێنانی دەستەواژەی (پووریێ) قەدەخەش بێت، کەچی جاروبار لە زمانی دەردەچوو. منیش جاروبار پێم دەگووت: "خوشکەزا". پاشان زانیم کە نازناوەکەی (عا..)یە. ئیدی دەستمکرد بە گووتنی هەڤاڵ (عا..). هەڤاڵێتی قۆناخی کار و خەباتی دوای زیندان و ئەو کار و خەباتە هاوبەش و چەند مانگییەی پێکەوە پێی هەڵسابین جارێکی تر

خۆشحاڵی و بەختەوەری دەکردم. ئارەزوو، خواست و ئاواتێکی گەورەی هەبوو بۆ خەبات. بەتایبەتیش کارکردن لەگەڵ کەسانێکی وەها جوان و خاوێن کە کار و خەباتێکی دروست، یەک دڵ و دەروونییانە، پابەندی قووڵ و فیداکارییانەی لەخۆیدا کردبێت بە شێوازی ژیان؛ شەوق و خواستی کار و خەباتی زیاتری لەناخدا دەچاند. هاوڕێ (عا..) لە شاخ بوو، لە چیاکانمان بوو. دیارە ئەو شوێنەی یەکترمان تیادا بینییەوە، (بەردەم شارەداری ئامەد) نەبوو، بەڵام بە ئەندازەی ئەو دیدارە واتادار و لەڕووی جوگرافیشەوە لە زاپ، لە جوگرافیایەکی نایابی کوردستان یەکتریمان دەبینییەوە کە لەڕووی شوێنەوە شانی لەشانی بەهەشتێک دەدا. بەتایبەتیش لە سەردەمێکدا کە شەڕی دژی هێزە بەکرێگیراو و خیانەتکارەکان لە سەختترین ئاستی خۆیدابوو. ئینجا (عا..) سەربازێکی نوێی (تابووری گەردەلول) بوو. ئایا دەشێت حەزی ژیان، خرۆش و ئارەزووە مەزنەکەی مرۆڤ بکوژێت؟ دڵم لە قەفەسەی سنگمدا جێگەی نەدەبووەوە. پێشتر زۆرجار دەمگووت: "دیارە شادومانی دەمکوژێت". ئێستا جارێکی تر دووبارە دەبووەوە.

خۆیشی منی وەکو جاران زیندە، چوست و هەروەها "خاوێن" بینی بوو. کاتێک پرسیم: "لەو تاریکاییەدا چۆن زانیت خاوێنم؟" لە وەڵامدا دەیگووت: "تەنانەت لە تاریکیشدا دیار دەبێت".

لەناو قسەکاندا بابەتەکە دیسانەوە گەڕایەوە سەر بەڵێنی یەکتر بینینەوەمان. دەیگووت کە ئەو بەڵێنەی لەیاد نەکردووە و لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ رۆژنامەوانێکی بیانی واتای ئەو بەڵێنەی خستۆتەڕوو. وەکو تازە بۆمان دەرکەوتبێت جارێکی تر دەیڵێمەوە کە "بەڵێنێکی چەند قەشەنگ و دڵگیرە". چەندە بەواتا

بوو. ئەو بەڵێنە جارێکی تر دەمباتەوە بۆ ئامەد. لەناخی خۆمدا دووبارە و چەند بارە ئەو ڕۆژانە دەژییمەوە.

بەتایبەتیش ڕۆژانی ئەستەنبوڵ!... قۆناخی کار و خەباتی (HEP) کە بەو ئامانجە شەو و ڕۆژمان ئاوێتەی یەک کردبوو. لانی کەم لە هەموو گەڕەکەکاندا ئەنجامەمان وەرگرت. جگە لە گەڕەکی باخچەلی ئەڤلەر کە تووڕەی کردبووین. کاتێک بەدەم تووڕەییەوە بۆڵەبۆڵم دەکرد، (فەردا) هێوری دەکردمەوە. کار و خەبات لە ئاستێکی گشتیدا ئەرێنی و باش بوو و لەمەشدا (فەردا) ڕەنجێکی بەرچاوی هەبوو. هەڵبەتە من لەو بوارەدا وەکو (سەرۆک) ئاماژەی پێدەکات بە"بەرچاو ڕەشی"ییەوە کەوتبوومە ناو کار و خەباتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کار و خەبات بەردەوامی کرد و بەرهەمداریش بوو. هاوڕێیان و دۆستان بەردەوامییان کرد و هێزیان پێبەخشی. تازە پێم زانی کە کێ لەو دۆستانە بوار و شوێنیان گۆڕیوە، کێیان شەهید بوون، کێیان هێشتا بە گیان و دڵەوە لەناو جوانی تێکۆشان دایە. چەندێکیشیان هەڵگەڕاوەیان لێ دەرکەوتووە و دەست و پاشەڵیان کێشاوەتەوە.

لەگەڵ (فەردا) بەناو یادەوەری ئەو ڕۆژانەدا ڕۆچووبووین و گفتوگۆکەمان خەستکردبووەوە. لەونێوەدا هەوڵیدا گووتەیەکی (سەرۆک) بەبیر بهێنێتەوە کە لە دیالۆگێکدا بۆ من بەکاریهێنابوو. (فەردا) بە خرۆشێکەوە دەستی پێکرد و منیشی لەگەڵ خۆیدا خرۆشاند. دەیگووت: "ڕاوەستە تۆ، سەرۆک چی بەتۆ گووتبوو" و دەیویست تەواوی گووتەکان وەبیرخۆی بهێنێتەوە.

ئەوجار گووتی: "خەنزیر، نا نا وشەیەکی وەک ئەوە بوو. بێ ویژدان یان شتێکی هاوشێوەی بوو. دیارە شتێکی وەک: ئەگەر مەحاڵیی نەهێنێتەوە توانای زۆر شتی هەیە..ی گووتبوو".

بێگومان کاتێک ئەمەی دەگووت؛ هەوڵی دەدا لاسایی راوەستان و جۆری دەربڕینی ئەو کاتەی (سەرۆک) بکاتەوە کە ئەو گووتەیەی بەکارهێنابوو. بەناویدا رۆچووبوو و پارچە پارچەش دەیگێڕایەوە. دەیویست بەشێوەیەکی تایبەت بە (سەرۆک) بیگێڕێتەوە. نەیدەویست بیشیوێنێت یان بیگۆڕێت. نەشیدەویست من بە هەڵە تێبگەم. هەستیاریی منی لەم بابەتەدا دەزانی. بەشێوەیەکی ئەوەندە خاوێن و ورد رەفتاری دەکرد کە پێی وابوو دەستبەجێ بە قسەیەکی تێکبچم. بەڵام (سارا) ئەوەندە شتی دەبیست کە ئیتر کاردانەوەکانیشی بێدەنگ ببوون. نەخێر! بەهیچیان رانەهاتبووم، هەرگیز رانەدەهاتم. لەخاڵێکدا دەبووایە بەهەر شێوەیەک بێت هەرسی بکەم و لەسەر دڵم دایبنێم. چی"خەنزیر"، چی "بێ ویژدان" بێت یاخود "مەحاڵی"، دیارە هیچیان جیاوازییان نەبوو. واتای زۆر لە یەکتر دووریان هەڵنەدەگرت. لە راستیدا نەبوون بە وەڵامی هیوا و چاوەڕوانییەکان ئازار بەخش بوو. لەوکاتەدا زۆر بەسۆز ببووم و وشەکان بە کورت و بڕ لە گەرووم دەهاتنە دەر. لەم خاڵەدا زۆر بەباشی لەیەکتر تێدەگەیشتین. دەمگووت ئەمانە با بەجیا، لە زامدارترین لایەنمدا بمێننەوە.

دوای خۆڕزگارکردنم لەو خاڵە، درێژەم بە بەختەوەری دیدارەکەدا. پێکەوە رەنجدان، هاوبەشی کردن لە بەرپرسیارێتیدا، پابەندبوونی دروست بە دۆزەوە چەند دڵڕفێن و نایاب بوو، چەندە لێوانڕێژبوو لە ژیان. گەیاندنی ئەمانەش بە شاخ، دیارە ناوازەترین شت بوو لە دونیادا. جارێکی تر بە نیازی دیدارەوە لەو بارەگایە ماڵئاواییمان لە یەکترکردەوە.

هێزەکان لە شوێنی گونجاودا جێگیر دەکران. فرەزۆری هێز لە زاپ، بەهەر شێوەیەک بێت نیگەرانیشی دەهێنا. پێویست بوو

هێزەکان بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێک لە جوگرافیای ناوچەکەدا جێگیر بکرێن. بچووکترین بێ ڕێوشوێنی دەبووە مایەی شتی چاوەڕوان نەکراو. پێویست بوو هێزی تازەهاتوو ماندوویەتی ڕێگە لەسەر خۆی فڕێبدات. ئەگەر دەستبەجێ بکەونە ناو شەڕەکەوە، لەوانەیە مایەی کێشە بووایە. لە ئاستی هێزێکی یەدەگ دانران.

لە ڕۆژانی دواتردا جارێکی تر لەگەڵ (فەردا) چاومان بە یەکتر کەوت، بەتایبەتیش لە ڕۆژێکی پڕ جموجۆڵ و ئاڵۆزی شەڕەکەدا کە هێزی زیاتر ڕەوانەی شوێنەکان دەکران. (فەردا) یاخود (عا..) لە بارەگاکەی خۆیاندا لەسەر پارچە تەنەکەیەک نانی دەبرژاند. زۆر تووڕە و پەست بوو بەوەی نەیانناردبوو بۆ بەرەی پێشەوەی شەڕەکە. ئەمەشی لەدڵگرتبوو و دەیگووت: "بۆچی منیش لەناو هێزی شەڕدا نییم" و کاردانەوەی نیشانی منیش دا. ناوبڕێکم بە نان برژاندنەکەی پێدا و ماوەیەک قسەمان کرد، تادەهات هێور دەبوو، ئیتر بەبێ دەنگی تووڕە دەبوو.

گۆڕانکاری و پێشهاتەکان خێرابوون. دووژمن پەلاماری زاپی دەدا. بە ڕاکردن لە دۆڵە سەختەکەی دۆڵا شیڤێ وە چووینە لاچەمی ئەو بەری زاپەوە. بەدەم ڕێگەوە و لەناخی هاوارە بێدەنگەکانی دڵمەوە پێمدەگووت: "نەخێر تووڕە مەبە! ئێمە لەسەر بەڵێنی خۆمان دەمێنینەوە، دیدارمان لە شاخ؛ دەبێت بە ڕێگەیەک بۆ دیدار لە ئامەدیش. ئەگەر دیدارە گەورەکەمان لە زاپ ڕاستی بێت، ئەوا بەڵێنی ئامەدیشمان بەدی دێت. بڕوا بکە، ئەو ڕۆژە زۆر دوور نییە کە پڕ بە ئاواتەوە ئازادی لە ئامێز بگرین جا بەتایبەتیش لەبەردەم شارەداریدا..". هەڵبەتە پێدەکەنیم بەو کاردانەوە نابەجێیەی (فەردا) بەهۆی نەچوونی بۆ بەرەی پێشەوە. خوشکەزاکەم زۆر پەلەی دەکرد!

لەپاڵ لایەنە جوانەکانی یادەوەرییەکانیشدا پێویست بوو بکەوینە ناو ئەو لایەنانەشەوە کە سالانی رابردوو قسە، گفتوگۆ و لێپرسینەوەیان لەسەر کرا. ئایا خەستی سۆزەکانم رێگربوون یاخود خواستی قسەم نەبوو؟ بەڵێ؛ متمانە گرنگە.. هەبوونی متمانە و هیوای هەڤالان هێزی بە مرۆڤ دەدا. ئەگەرچی بەناخی وردەکارییەکانیشدا نەچین، بەسەرهات و رەنگدانەوەکانیان مایەی تێگەیشتن بوون. ئەو هەلومەرجە مەزنەی تێکۆشان رەخساندبووی، خواست و ئارەزووییەکی ناوازەی کارکردنی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ئەو کەسە دڵپاکانەم لە کار و خەباتی وەک (ئۆزگیور هالک، یەنی ئویلکە[75] (YKD)، (HEP) و ناوەندی کولتووری میزۆپۆتامیا) و سەرجەم خەباتەکانی تردا ناسی بوو، هیچ بەرژەوەندییەکی کەسێتیی و لایەنێکی ساختەیان نەبوو؛ لە هەوڵ و کۆششەکانیاندا تاکۆتا راستگۆ بوون. تەنیا بڕوا و جۆشوخرۆشیان بەو راستییەی کە رەنجەکانیان ئاوێتەی تێکۆشان دەبێت؛ بەشی هەموو شتێکی دەکردن، جگە لەمە هیچ خەم و نیگەرانییەکی تریان نەبوو.

[75] Özgür Halk و Yeni Ülke دوو ئۆرگانی سەرەکی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون لە باکووری کوردستان و تورکیا دەردەچوون.

## سۆزەکانم پڕ لە تێکۆشان و ململانێن

لە بارەگای بڕیارگەی (YAJK) رامکرد. بەڕاستیش وەک راکردنێک بوو. بڕیارگە، دەتگووت (بڕیارگەی سوڵتان)بوو. گەرمترین رۆژانی شەڕ و پێکدادانەکان و لە هەموو شوێنێک ئاگرباران بوو؛ هێزەکانمان بە ژن و بە پیاوەوە شەڕێکی بێ ئامان دەکەن، کەچی بارەگای بڕیارگە خۆی قفڵ کردبوو!..

شێوازی بەڕێوەبەرایەتییەک دەسەپێندرا کە نوقمی کێشە ئاسایی و رۆژانەییەکان دەبوو و ئەمەش هێزی ئەوسای ژنی بەتەواوی وەڕس دەکرد. دۆخێکی بێ ئیرادەیی، ناهۆشمەندانە و بێ دەنگ زاڵ ببوو. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە شەڕێکی چارەنووسساز لە ئارادابوو. بە رەنج و قارەمانێتییەکی گەورە لە کوردستاندا بۆ جاری یەکەم بوو مێژووی خیانەت بەمجۆرە ریشەکێشانە سەراوژێر دەکرا. بۆ چەند مانگێک دەچوو هاوڕێیانمان چ ژن و چ پیاو لەناو برسێتی، سەرما و بێ خەوی، لەگەڵ شەهید و برینداران پێکەوە و لەناو یەکدا و بە مۆراڵێکی گەورەوە لەدژی بەکرێگیراوی و خیانەت شەڕیان دەکرد و شەڕەکەش بەردەوامی دەکرد. کەچی لەو لاشەوە لە بڕیارگەی (YAJK) (سوڵتان س..) چەند کەسی تری هێنابووە لای خۆی کە ئەوانیش زیاتر هەوڵییاندەدا ئەو لەخۆیان رازی بکەن و خۆیشی بە خەمی تاکە کەسیی خۆیەوە لە دڵەڕاوکێی لە دەستچوونی دەسەڵاتەکەیدا بوو. ئەمانە بەڕێوەبەرایەتی چی دەکەن؟ حاڵەتی رۆحییان لەوە دەچوو شەڕەکەیان لە کەسایەتی خۆیاندا راگرتبێت. وەختەبوو لە تووڕەییدا شێت دەبووم. چونکە فەرماندەیی شەڕەکەیان نەدەکرد، یەکێتی رۆحی هاوبەش و کاری هاوبەشیشیان لەگەڵ فەرماندەیی شەڕیشدا نەبوو، بە

دەسەڵاتخوازییەکی بێ سنوور و فەرماندەییەکی هەرزانەوە دەوروبەری خۆیان وردوخاش دەکرد. نە دەمانتوانی گفتوگۆ بکەین و نە هێزی دەستوەردانیشمان هەبوو. دواجار بەسەر سوڵتاندا تەقیمەوە: "دەسەڵاتێکت بەگوێرەی خۆت دروست کردووە، هیچ ئاگاشت لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی شەڕیش نییە، خۆت لێرە زیندانیی کردووە. هێشتا ئەوەش بەکەمدەزانی و دەتەوێت ئێمەش لەگەڵ خۆت لێرە رابگریت و سنووردارێشمان دەکەیت. هەموو شتێک دەخەیتە ژێر دەسەڵات و تەسەڕوفی خۆتەوە. گوێت لێ ناگرم. گوێ بە فەرمانت نادەم. هیچ کەس ئەوەندە بێ ئیرادەیی پەسند ناکات. هەموو شتێکت لەخۆتدا چەقگیرکردووە، شەڕ هەیە، ئەی تۆ لەکوێیت؟ من دەڕۆم، وەکو شەڕڤانێک دەڕۆم. تۆش بڕۆ؛ چی بە بڕیارگە ناوەندییەکەت دەڵێیت بیلێ! حەز دەکەیت دیسانەوە سارا بکە بە هۆکاری هەموو شتێک. کە هەر خۆتیت دەچیت هەموو شتێک بەگوێرەی خۆت رادەگەیەنیت!..".

بە ئەندازەی دەنگم هاوارام دەکرد، کەچی ئەو زۆر ئاسوودە بوو، دەستی لە گیرفانەکانیدا بوو و لەسەر تاشە بەردێک راوەستابوو، قاچی دەجوڵان و بەشێوەیەکی سەیر پێدەکەنی. بەم شێوە رەفتارەیەوە دنەی منی زیاتر دەدا. لە 1993ەوە پێکەوە لە هەمان بەڕێوەبەرایەتیدا بووین. (ن..)شم لەگەڵدایە، ئەویش شاهیدحاڵی ئەم دەمەقاڵێیەمان بوو. رۆژێک بەر لەوە خۆیشی رەخنەی کردبوو و پێیگووت: "هیچ لە کارەکانتان و بەڕێوەبەرایەتیتان تێنەگەیشتم. دیارنییە کێ بەڕێوەبەرە. ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی (YAJK)ن کەچی بەپێی پێویست لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن و بە بڕیاری هاوبەش

ناگەن. ڕەخنەت دەکەم، دەبێت واز لەو شێوازە خودڕەوییەی خۆت بهێنیت".

(ن..) دڵگران بوو بەم کاردانەوەیەی من و سەری دانەواند. منیش چەک و جانتاکەم هەڵگرت و چووم بۆ شاخی شەهید جودی، بۆ شوێنی فەرماندەیی گشتی شەڕەکان.

ڕاکردنێک بوو، بەڵام بەرەو کوێ؟ شەڕێکی چەوت و بێ ڕێبازانە بکە، کە ئەنجامت وەرنەگرت، ڕابکە! پەندێک هەیە دەڵێت: بەتووڕەیی هەڵسیت بە زەرەرەوە دەنیشیتەوە، ئەویش شتێکی لەو جۆرە بوو. سەرەڕای ئەوەش بەم کردارەم زۆر شادبووم. لە ڕاستیدا ڕەوشەکە زۆر جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. کێشەکەش تەنیا بریتی نەبوو لە (سوڵتان)ێک. شێوازێک بوو و سیستەمێک بوو کە کاری لە سەرجەم کار و خەباتمان دەکرد. هەوڵی بوون بە دەسەڵات لە لوتکەدا؛ بۆ ڕەگەزێک کە بەدرێژایی مێژوو نەبووە بە دەسەڵات، تەنیا کارەسات بووە و هیچی تر. ئایا دەسەڵاتی تاکەکەس لە کوێوە هاتبوو؟ دەسەڵاتێک پشت و پەنای نەبێت، چۆن دەبێت بە دەسەڵات؟ هەمووانیش هەستیان بەم خاڵە دەکرد. لەبەر ئەوەی هەر کەسە و شێوەی ئەوی تری هەڵدەگرت و لەسەر شێوەی کەسی تر دەڕۆیشت، ئەم شێوازەش بنەمای وەردەگرت. سەرچاوەی شکست و سەرنەکەوتنیش هەر ئەو شێوازە بوو و (سەرۆک)یشی زۆر تووڕە دەکرد.

ئەو ڕۆژە ئەم کاردانەوەیەم پاڵی پێوەنام بچم بۆ گەرووی ئامێدی. زۆر فرەلایەنانە بیرم نەکردبووەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا یەکەمین دەستەی ئەو گرووپانەی لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتییەوە دەهاتن، بە سەلامەتی گەیشتبوون. دوایین دەستە لە ڕێگەی ترەوە دەهات. هەواڵمان پێگەیشت کە لە هێڵی حەفتانین –

مەتینانەوە تێپەڕ بوون. تەنانەت دەگووترا کە چالاکیشیان کردووە. (کازم)یش لەو دوایین دەستەیەدا بوو. پێشتر هەست بە هەوا و ناوی (تابووری گەردەلول) کرابوو. بریا هەموو شتێک وەکو ناوی خۆی بووایە!

پێشتر پێمان ڕاگەیەندرا کە لە شاخی شەهید جودییەوە بەرەو گەرووی ئامێدی بڵاو دەبینەوە. واتا هەم بە ئامانجی پێشوازیکردن لە گرووپی نوێ ڕێوشوێنی پێویست وەردەگیرا و هەم سەرپەشتیارێتی شەڕ دەگوێزرایەوە بۆ ئەوێ و پلانی دژ بە دوایین هێزی دووژمن جێبەجێ دەکرا. پاشان لەچوارچێوەی لەخۆگرتنی هەرێمی بەرفراواندا درێژە بە کارەکان دەدرا. لە دوایین فەرمانی بڕیارگەی ناوەندیدا دەستنیشان کرابوو کە دەبێت هێزەکانمان لە هێڵی باکووردا تا کانی ماسی بگرن و سەراپای هەرێمەکە بە هەرێمێکی سەربازی ڕابگەیەندرێت. ئەمەش بەرنامەی هەڵمەتێکی نوێ بوو. ئامانجمان ئەوە بوو لەو هەرێمانەدا کە لە دووژمن خاوێنکراونەتەوە بەشێوەکی توند جێگە بگرین و بازنەی گەمارۆکە بەرفراوان بکەین. کاتێک ڕاستەوخۆ و لە شوێنی خۆیدا چۆنێتی فەرماندەییکردنی شەڕ و سەرپەرشتیکردنی گشتیت دەبینی؛ ئەزموونی پێویستت لێوەردەگرت. لەهەمانکاتدا هەزار جار باشتر بوو لە گیرخواردن لە بارەگای بڕیارگەکاندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرووپێک دەهات. بوونی (کازم) لەناو ئەو گرووپەدا خرۆشێکی تری پێدەدام. هەستم بە خۆشحاڵییەکی ئاوێتە لە بێدەنگی و خەمگینی دەکرد. ئەگەرچی لە سەرەتادا تووشی بێ بڕیارییەک بووم، بەڵام دواتر خواستی پێشوازیکردن قورسایی زیاتری بەدەستهێنا. سەیر بوو! لەلایەک زوویری، تووڕەیی و کاردانەوەیەک لەبەرامبەر بە ڕووداوەکان، لەلایەکی تریشەوە

سەرەڕای هەموو ئەو کاردانەوە زیندوو و ئەوانەشی کە ئاسەواریان لەناخمدا هەڵکۆڵیوە، خواستی بینین و ئاواتێکی بەژانیش هەبوو. سۆزەکانم پڕ لە تێکۆشان و ململانێ بوون. بە زوویرییەکی بێدەنگەوە دەمگووت: "خۆزگە تووشی یەکتر نەدەبووینەوە" و هەستم دەکرد هێشتا لەناو هەڵسوکەوتی زۆر بە سۆز و دڵسافانە دام، حەیفم لێدەهات و تووڕە دەبووم. هاتنم بۆ گەرووی ئامێدی بەواتای هەوڵی پێشوازیکردن لەویشی دەگرتەوە. بێگومان ئەمە شتێک نەبوو کە پێشتر بەرنامە و پلانم بۆ دانابێت، بەڵام تا رادەیەکیش بڕیارەکەم دابوو بەدەم شەپۆلی سۆزەکانمەوە. ئەم لایەنە شتێکی شاراوەی نەبوو. هاوکات گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی بەر لەوە، جێگۆڕینی دەکردە ناچاری. هاوکات لەگەڵ پاشەکشێی دووژمن، هێزەکانمان لەجێگەکانیان جێگیر بوون و لەوێوە بەپێی پلانەکان فەرماندەیی شەڕەکەش دەکرا. گونجاوترین شوێن بوو بۆ ئەو مەبەستە. ئەم هەوڵە بۆ تێپەڕبوونی گرووپەکانیش پێویست بوو.

لەڕێگەیەکی زۆر جیاوازەوە بەرەو گەرووی ئامێدی سەرکەوتین... بەو ڕێگەیانەدا کە پێش چەند ڕۆژێک دووژمن تیایدا خۆی مۆڵدابوو. لەو شوێنانەشدا جگە لە بەڕوو و چیلکە و دار هیچی تری لێ نەبوو. لە بێتەلەکانەوە گوێبیست دەبووین کە دووژمن ئازووقەی لێبڕاوە. کەوابوو تەنیا ئێمە بەڕوومان نەدەخوارد، دووژمنیش دەیخوارد! لەبەرامبەر بەو گردانەی پێیاندا تێپەڕدەبووین، لە بەرەی باشوورەوە لەچەند لاپاڵێکی بچووکی نێوان هەر دوو گردی بەهار و دەنیزدا دووژمن مابووەوە، دوو ڕۆژبوو گیریان خواردبوو. لەژێر گەمارۆی هێزەکانمان دابوون. هەڤاڵان بەردەوام لێیان دەدان. هێزەکانی ئێمەش شەکەت و ماندوو ببوون. هێزەکانمان بەشێوەیەکی

بەهێز گورزیان لەو گرووپانەی دووژمن نەدەدا، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە مانەوەی دووژمن لەو هەرێمەدا. هەل و دەرفەتەکان بە باشی هەڵنەدەسەنگێندران. فەرماندەیی هێزەکان لاواز و کەموکوڕییان هەبوو لە ئاستی پلان و ڕێکخەرییەکی پێویستدا. لەڕاستیدا دەتوانرا لەو گردانەدا دووژمن بە تەواوی لەناو ببردرێت، هەلومەرجیش ڕەخساو بوو. شاخە ستراتیژییەکانی دەوروبەر لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانماندا بوون. هاوکات دووژمن کێشەی جبەخانە و ئازووقەی هەبوو. ئەوشەوە فەرمان بە یەکینەکان درا: "ڕێگەی پاڵپشتییان ببڕن، بۆسەیان بۆ دابنێن".

کاتێک گەیشتنە بارەگا، دەنگی چەک بیسترا. هەڤاڵان بە بێتەلی بچووک هەواڵی چالاکییان دەدا، لە کاروانێکی ئازووقەی دووژمنیان دابوو. باش بوو. دووژمن کە چاوی بە جموجۆڵی ئێمە کەوت لە گردی بەرامبەرەوە بە دۆشکە دەستیان بە نیشانبڕی کرد. (س..) دەیگووت: "ئەمشەو ڕادەکەن".

هەڤاڵان بەپێی پێویست ئامادەکارییان بۆ ئەو یەکەیەی تر نەکردبوو کە تازە دەهاتن. ئاو دوور بوو، شوێنەکەش لە جێگەیەکی ئاشکرادا بوو. ڕۆژێک پێشتر گرووپیان ناردبوو، بەڵام هاتنی ئەم دووایین گرووپە لە حیسابدا نەبوو. دۆخی وەها بێ تاقەتی دەکردم. شەوان لەبەر سەرما و ڕۆژانیش لەبەر چاودێریکردنی شەڕ و پێکدانانەکان بێ خەوبووین. گووتم هەرێمەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان دایە و دووژمن بەشێکی کەمی لە هەرێمەکەدا ماوەتەوە، با تۆزێک بنووم. کاتێک هەڤاڵ (د..) وەخەبەری هێنامەوە، ئەو گرووپە کە (کازم)یشی لەناودا بوو؛ هاتبوون و جێگیریش ببوون. ژمارەمان کەم بوو، بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگووت دەبووایە مەراسیمێکمان بۆ بکردنایە. هەتا

نەهاتن، نە من و نە (س..) بیرمان لەوە نەکردەوە. تۆزێک شەرمەزار بووم. سەرەتا چوومە لای ئەو گرووپەی کە هێشتا لەسەر ڕێگەبوون. تێکڕایان هەڤاڵی ژن بوون، تازە بەشداربووەکانیش بە جلە قاوەییەکانی بەریاندا دەناسرانەوە. تا بڵێی قەربالغ دیاربوون. لەبەر ئەوەی گرووپێک بوون لەڕێگەوە شەڕ و پێکدادانیان لەگەڵ دووژمن کردبوو، سەرنجی زیاتریان بەلای خۆیاندا رادەکێشا. بەشێکی گرووپەکە لە بارەگاکەی پێشوو لەگەڵ هێزەکانی ئەوێ دەجوڵانەوە. کاتێک لێیان نزیکبوومەوە هەندێک سیمای ناسیاوم بینی: (ن.. ر..) و هتد. بە باڵای بەرز و قژی زەردیاندا دیاربوو کە دووان لەو هەڤاڵانە ئەڵمانن. لەگەڵ (ر..) 1991 لە دوا خولی پەروەردەی ئەکادیمیای (مەعسوم کۆرکماز) پێکەوە بووین. لە دەمەو کۆتاییەکانی خولەکەدا هاتبوو. (م..) دەستبەجێ خاوەنداری لێکرد و گووتی: "هاوشارییەکی تری زازام پەیدابوو". هەر دووکیان خەڵکی چەولیک[76] بوون، هاوشارییبوونەکەیان لێرەوە دەهات. هەڤاڵە ئەڵمانەکانیش نازناوی (پ..) و (ر..)یا هەڵگرتبوو. هەروەها هەڤاڵێکی خورت بەناوی (س..)ش هاتبوو. لە هەموو شتێک زیاتر، بە هاتنی ئەوان دڵخۆش بووم، مایەی شکۆمەندی بوو، لەو ساتەوەختەدا سۆزێکی زۆر خۆش و سەیر ناخی دڵی دەهەژاندم. کورتە گفتوگۆکەمان کە بەچەند وشەیەکی ئەڵمانی دەستی پێکرد، پاشان بە کوردی و تورکی بەردەوامی کرد. وەرگێڕکارییەکەی (د..)، کەموکورتییەکەی نەدەهێشتەوە و هەر چەندە بەپێی پێویستیش نەبێت، بەڵام توانیمان تۆزێک قسە بکەین. شەو بە دەورەی ئاگرەکەدا دانیشتین و درێژمان بە

[76] یەکێک لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان کە دەوڵەتی تورک ناوەکەی بۆ بینگۆل گۆڕیوە.

گفتوگۆ دا. زۆربەیان هەڤاڵانی رۆژئاوا بوون. (ن..) دەیگووت: "هەڤاڵانی کۆن و ناسیاو لە یەکینەکانی سەر رێگە مانەوە".

هەستی پێکردبوو بەدوای سیمایەکی ناسیاودا دەگەڕێم. بەمجۆرە لەیەکەم گرووپ تێپەڕبووین. (ن..) گووتی: "وەرە بابچین بۆلای هەڤاڵ کازم، شوێنەکەیان لەویایە" و هێمای بۆ گرووپێکی ئەولامانەوە کرد.

وەک نەمبیستبێت خۆمم لێ کەڕ کرد. ئەوکاتە خرۆش و دڵخۆشییەکی سەیر لە ناخمدا وەخەبەرهاتبوو، بەڵام لەڕێگە لەگەڵ گرووپەکانی تر گیرۆ بووین. گرووپی (ملیسەکان)[77] زیندە و چالاکتربوون، دەستبەجێ ئاگریان داگیرساند بوو و چاشیان لێنابوو. لە هەرێمەکانی ناوەوە[78] هاتبوون، زۆر بە باشی بەدی دەکرا کە ئەزموونی کرداریبیان هەیە. لە حەفتانین بەملا لەگەڵ گرووپی ئەکادیمیا هاتبوون. دەچوونەوە بۆ کەمپی ئەترووش[79]، بێگومان هێشتا دۆخەکە ئاڵۆز بوو، لەبەر ئەوەش بەپێی ئەنجامی شەڕەکە دەجووڵانەوە، رێگەی بەرەو ئەوێ کراوە نەبوو، سەرەڕای ئەوەش جاروبار گرووپی بچووک بچووک دەرباز دەبوون.

---

[77] بریتین لەو بەرگری میللیە نیشتمانپەروەر و ولاتپارێزانەی لەڕیزی کادیر و شەرڤاناندا جێگە دەگرن، بەلام مەرج نییە هەموو ئەو رێکارانەی بۆ کادیر دەستنیشان کراون ئەمان بگرێتەوە.

[78] هەرێمەکانی باکووری کوردستان.

[79] کەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستان کە لە دوای ساڵی 1993 ەوە روویان لە باشووری کوردستان کردبوو و بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتی تورک لەدژی کورد و بەدەستی هاوکارەکانی خۆی چەندین جار و بە بیانووی جیاجیا شوێن بە شوێنیان پێکرا و تەنانەت چەندین جار رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و کوشتار کراونەتەوە، لە ئێستادا ئەم خەڵکە لە کەمپێک دان بەناوی شەهید رۆستەم جودی و لە نزیک شارۆچکەی مەخمور.

(کازم) لە گرووپەکەی دواتردا بوو بۆیە خۆم سەرقاڵ دەکرد و چاوم لێدەدزییەوە. واهەستم دەکرد کە ئەگەر بێتوو سەیر بکەم لەوانەیە یەکەم کەس ئەو ببینم. لەو کاتەشدا نەمدەویست لەگەڵ ئەم گرووپەی ئێرەش زۆر قسە بکەم، ئەگەر ئەوانیش قسەیان نەکردایە هەر بەوشێوەیە بێدەنگانە رادەوەستام. پاشان گووتم: "دەی با برۆین." و زۆرم بۆ هەنگاوەکانم هێنا و رووومان لە گرووپەکەی تۆزێک ئەولامانەوە کرد. هێشتا چەند هەنگاوێک مابوو بگەینە لایان کڵاو سەوزێک هەستا و بەرەورووومان هات. یەکەمجار نەمزانی کە (کازم)ە. کاتێک کڵاوەکەی دانا، ناسیمەوە. بەشێوەیەکی فەرمی تەوقەی لەگەڵ کردم. پاش تەوقەکردنەکە هەردوولامان لە یەک کاتدا بە یەکترمان گووت چۆنی. روانینمان لە یەکتر دەدزییەوە و حاڵپرسیمان لە یەکتر کرد. لەگەڵ هەڤاڵانی تریش تەوقەم کرد. گەنجترین هەڤاڵی ناو گرووپەکەم بەلاوە نامۆ نەبوو. ناویم پرسی. وەڵامی دامەوە و گووتی: "ناوم مەزلومە". هەڤاڵێکی تر گووتی: "کوڕی مەحمود دۆرایە". گووتم: "چۆۆن؟!" و واقوڕمانەکەی خۆمم پێ نەشاردرایەوە. دووبارە گەڕامەوە بۆ لای و لەئامێزم گرت و ماچمکرد و پێمگووتم: "لە من درێژتر بوویت، پێت ناگەمەوە. 1991 بچکۆلانەیەک بوویت، ئەم بالایەت لەکوێوە هێنا!". هەڤالان بە قسەکانم پێکەنین و خۆیشی پێدەکەنی. رووداوێکی خۆش بوو.

ئەو شەوە گرووپەکە لەو بارەگایە مانەوە. گفتوگۆ کورتخایەنەکەی نێوانم لەگەڵ (کازم) خۆدزینەوە و دڵتەنگی دوولایەنەی لەخۆ گرتبوو. ئەوانەی لە ئەکادیمیا گوێبیستی "ئەزمون"ەکەمان ببوون، دەیانڕوانی و دەیانگووت: "کەواتە ئەمانە سارا و کازمن". هەوڵیان دەدا لە چیرۆکی ناو وانەکە و

راستییەکان تێبگەن. ئێستا هەردووکیان لە تەنشت یەکن، لە شاخن و قسە دەکەن. شەڕی خوێنییان لەنێوان نییە.

قسەکانمان ئاسایی بوون و هاوشێوەی قسەکردنی هەمووان بوو. بەڵام زۆر قسەشمان پێنەدەکرا. بێدەنگی زاڵتر بوو. ئەوکاتە هەردووکمان بەبێدەنگی قسەمان دەکرد. هەر جارێک کە دەچووم بۆ لایان یەکەم کەس (کازم) هەڵدەستا لەبەرم و شوێنی پێدەدام. ناوبەناو بەپێی هەل و دەرفەت، کەمە گاڵتەیەکی دەکرد، قسەی نەستەقی دەکرد. هەندێک گووتەی تانەئاساشی دەکرد کە هەرچەندە مایەی بێزاریش بوونایە، دانم بەخۆمدا دەگرت و خۆم لە گفتوگۆیەکی نابەجێ و ناشیاو دەپاراست. بەڵێ، لەلایەک هەڤاڵێتییەکی زیاتر لە (20) بیست ساڵان و هەستکردن بە ئاواتی ئەم دیدارە و سەرلەنوێ ژیانەوەی جوانی و خاکی بوون دەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە هەستکردن بە محافەزەکاریەکی هەڵگری تۆڵەکردنەوە. کاریگەری دووەمیان، وەک چەقۆیەک یەکەمیانی دەبڕی و برینداری دەکرد.

(نەورۆز) کە لە کەسێک دەچوو بەردەوام قسەیەک لەدەمدا بجوێ، هەر خەریکی هەڵکۆڵینی هەندێک شت بوو. ئەم کەسە کە زۆر بە ڕێز و ڕێکوپێک دیاربوو، سەرەڕای ئەوەی شوێن و کاتی خۆیشی نەبوو، بەردەوام قسەی لە (کازم) دەسەندەوە و دەیویست پەیوەندی نێوانمان بخاتە ڕۆژەڤەوە. دیاربوو (Hamlet - هاملێت) بەشێوەیەکی سەیر شانۆگەرییەکەی گێڕاوە، چیرۆکەکەی ئێمەی ڕازاندبووەوە و هەمووشتێکی پڕ لە وردەکاری کردبوو. ئەو دۆخەی بێزاری دەکردم. کێشە ئەوە نەبوو کە باس لە هەندێک شت بکات یاخود نا، هەرگیز ئەمەش نەبووە بەهۆکاری بێزارییەکەم. چونکە هەر خۆشم بەردەوام

ناچاردەبووم باس لە دۆخەکە بکەم. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج بوو (نەورۆز) بەردەوام بەدوای شتێکدا دەگەڕا، خۆی لە هەر قسەیەک هەڵدەقورتاند و شتێکی هەڵدەدایە ناو باسەکەوە. بە هەڵسوکەوت، پەیوەندی و حاڵەتی رۆحی خۆی، هەرزوو خۆی دەدا بەدەستەوە. وەکو ئەو منداڵانە وابوو کە دوای هەر کەتنێک دەیانگووت: "من نەبووم". هەموو رەفتارەکانی ئەو نمونەیەی هەڵدەگرت. (کازم) زۆر بە جوانی باسی منی بۆ کردا هەر بۆیە؛ بە رۆحێکی سەمەرەوە دەیویست باسی خۆمانمان بۆ بکاتەوە. دیاربوو کە حەیرانێکی نیاز پاک نەبوو. بەڵام دەشیزانی کە هیچ شتێکم لەدەست دەرناچێت. لەبەر ئەمەش بوو کە ئاسودە نەبوو. چەند جارێک ناچاربووم ئاگاداری بکەمەوە، کە زانیم تێناگات پێمگووت: "شتێکی ترت نییە قسەی لەسەر بکەیت؟ مادام ئەوەندە بەباشی دەمانناسیت، کەوابوو قسە لەسەر شتیکی تر بکە". بەمەش تێکچوو. بەڵام هێشتاش چاوی لەسەرمان بوو. کەسێکی چەند سەیر بوو. (نەورۆز)م لە 1992 – 1993 لە زەڵێ ناسی. ئەوکاتەش سەیر و سەمەرە بوو، بەتایبەتمەندییەکانی سەرنجی بۆسەر خۆی رادەکێشا. لە زانکۆی (یوزونجی یڵ)ی شاری (وان)ەوە هاتبوو. لەسەردەمی کودەتادا ئەوانەی تۆزێک خاوەنی کەسایەتی خۆیان و نیشتمانپەروەر بوونایە؛ دەکوژران، ئەوانەشی کە تووشی بەدخووترین رەوشتەکەی فاشیزم ببوون یان خرابوونە ناو ئەو مەنگەنەیەوە، بەشێوەی جیاجیا کەسایەتییان لەبار دەبردرا. هەندێک لەو کچە خوێندکارانەی لە 1985 بەدواوە دەستگیر دەکران و دەخرانە زیندانەکانەوە باسیان لەو باجانە دەکرد کە دەبا لەبری خوێندن لە زانکۆکاندا بدرانایە. بە نموونەوە باسیان لەوە دەکرد چۆن تاکە کەس لە ڕووی فیکر، سۆز، ئیرادە و پاشانیش جەستەییەوە

دەشکێندرێن و لەبار دەبردرێن. یەکێک لەوانە دەیگووت: "وەک ئەوە بوو هەموو شتێک بۆ فرۆشتن دانرابێت". بێگومان کەسانێکیش هەبوون کە خۆیان لە مەنگەنەکە رزگار کردبوو. پێشتر هەر لەو زانکۆیە خوێندکارێکی شۆڕشگێڕ بەناوی (شیرین تەکین)ەوە کوژرا بوو.

لەناو شەڕدا ناسینی یەکە بە یەکەی کەسایەتییەکان و ئاشکراکردنیان زەحمەت بوو. هاوکات لە ئاستی ئاشکراکردنی توانستی ژنیشەوە کەموکوڕیی جددیی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە بەتایبەتیش لە هۆکاری هاتنی هەندێک کەس بۆ ناو شۆڕش تێبگەین. چونکە هەر کەسێک بەشێوەیەکی ریشەیی خۆی لە سیستەم دانەبڕێت و بەوجۆرە بەشداری لە ریزەکانی شۆڕشدا کردبێت، بە پێی کات و قۆناخ بەخاڵێک دەگات کە چەندین مەیل و چەمکی زیانبەخش بەسەر شۆڕشدا دەسەپێنێت. (نەورۆز)یش یەکێک بوو لەو جۆرە کەسانە.

# قەدبڕی...

زۆری پێنەچوو ئەو گرووپەی دەچووە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، گەیشتنە لامان. رۆژی دواتر ئەوانیشمان بەڕێکرد. هەندێکیان دەیانگووت: "هیوادارین ئێوەش بێن" و داخی پێکەوە نەڕۆیشتنیان دەردەبڕی. پێمگووتن: "یەکتر دەبینینەوە"، بەڵام ئەوەشم پێ هەرس نەدەکرا کە بەهۆی گفتوگۆ و وتوێژ لەگەڵ (کازم) نەمدەتوانی بڕۆم. بەڵێ، (کازم) هاتبوو. لەلام بوو... بەڵام هیچ نەگۆڕا بوو، گفتوگۆ و وتووێژ چی بگۆڕییایە؟ دیسان هەوڵمدەدا دەوروبەر بە حاڵەتی رۆحیم نەزانن. لەو نێوەدا ناردنی سڵاوم بۆ هەڤاڵ (ساکینە پیر) لەیاد نەکرد و بە بەدەنگێکی بەرز هاوارم بۆکردن و پێم گووتن: "سڵاوم بە هەمووان بگەیەنن، بەڵام بۆ ئەو تایبەتە"، بەگشتی بە وشەی ((تایبەت)) هەستیارم، بەڵام کاتێک لێوانڕێژ بێت لە تێکۆشان، پێم خۆشە بەدەنگی زوڵاڵ و پڕبە دەم بیڵێم.

(س..) کەوتە جووڵە و گووتی: "دەی با ئێمەش بڕۆین". نەمزانی بۆ کوێ دەچین. وامدەزانی دەگەڕێینەوە بۆ بارەگا کۆنەکەی بڕیارگە. (س..) بەدەست هێمای بەرەو دۆڵا شیڤێ کرد و گووتی: "بەرەو ئەوێ، بۆلای هەڤالان". هێندەی نەمابوو بڵێم: "بۆ کۆبوونەوە؟"، پاشان پاشگەزبوومەوە. هێشتا دەمێک مابوو بۆ وادەی کۆبوونەوەکە. کە گووتی: "لەگەڵ کازم دەچین" تێگەیشتم. (ن..)ش بەو ناوەدا راکەڕاکی بوو.

بەوم گووت: "تۆ بۆ کوێ؟" سەرەتا وەها بیرم لێکردبووەوە کە لەگەڵ گرووپەکە دەڕوات. بە حەپەساوییەکی دەستکردەوە گووتی: "هەڤاڵ کازم بانگی کردم، دیارە بەرەو شوێنێکی تر دەڕۆین".

بەمجۆرە رۆڵگێڕان و پۆزی ساختە لێدان، کارێکی چەندە قێزەونە. بۆچی پێویستیان بە شتێکی وەها دەبینی؟ بە هەرحاڵ کەوتینە ڕێ. لەو نێوەدا (می..) و (ما..) دەنگیان لێکردم و دەستی ماڵئاواییکردنیان بادەدا. بەوانیشم گووت: "یەکتر دەبینینەوە". کاتێک ئەمەشم دەگووت هەستی نەچوونم قورسایی زیاتری دەخستمە سەر، ئیدی هەنگاو بە هەنگاو لێی دڵنیا دەبووم.

بە سۆزی دڵشکاوییەکەوە هەنگاوم دەنا. بەگشتی لە ڕێ و ڕۆیشتندا خێرام، جارێک ئاوڕمدایەوە و بینیم زۆر لە پێش گرووپەکەوەم. دوو ڕێبانێک هاتە پێشم، ناچاربووم چاوەڕێ بکەم. کاتێک بینیم (س..) هات و کەوتە پێشمەوە تێکچووم. لە ڕێگەدا بەردەوام حەزم دەکرد لەپێشەوە بڕۆم، چونکە هەستێکی جیاوازی هەیە، هەنگاوەکان سووکتر دەبن و خێرایی خۆت پێ کۆنترۆڵ نابێت، چونکە ڕێگرت لەبەردەمدا نییە. دوای ماوەیەک (س..) ناچار بوو وەڵامی بێتەلەکەی بداتەوە و ئەمەش بوو بە هەلێک بۆ من و کەوتمەوە پێشەوە.

یەکەمجارم بوو بەم ڕێگەیەدا دەڕۆیشتم. دارستانێکی چڕ و جوان و خاکێکی نەرمی هەبوو. مرۆڤ نەدەڕۆیشت، وەک ڕاییکێشن وەها بوو. بە هەناسەیەک لە گردەکان تێپەڕبووین و بەرەو زاپ دەرۆیشتین. گەیشتینە شوێنێک کە دۆڵێکی قووڵ بوو. جوانی جوگرافیای زاپ هەستێکی تری بە مرۆڤ دەدا. نەمدەتوانی خۆمبگرم و نەڵێم: "جوگرافیایەکی بە هەیبەت و قەشەنگە". شاخەکان وەک کەمەرێک دەوری هەموو لایەکیان دابوو، دیواری قەڵای وەبیر مرۆڤ دەهێنایەوە. هەرچەند زیاتر لە نزیکەوە و بە فرەڕەهەندی تەماشای هەرێمەکەم دەکرد، باشتر تێدەگەیشتم کە لەم دوایین شەڕە گەورەیەمان لەدژی خیانەتدا هەرێمەکەمان چۆن هەڵسەنگاندووە و هێزەکانمان چۆن

سەنگەرگر کردووە. بەکرێگیراوەکان لەم ئاراستەیەوە بەرەو زاپ شۆڕ دەبوونەوە. پیلانەکەیان وەها بوو. بڕیاریاندا بوو ئەوپەڕی لە چوار ڕۆژدا بگەنە لاکێ. وەکو ناوکەفی دەستیان شارەزای جوگرافیای هەرێمەکە بوون، ئەو هەمووە هاوکاری و پشتیوانییەی سوپای تورکیشیان لەگەڵ بوو؛ کەچی سەرباری ئەوەش نەیانتوانی سەربکەون. بەرخودانی بێ ئامانی هێزەکانمان لە شاخی شەهید جودی و دەوروبەری پردی زاپ بوونە ڕێگر لەبەدەمیاندا و پاشەکشەیان بە هێزەکانی دووژمن کرد.

لە شەڕدا ناسینی جوگرافیا زۆر گرنگە. ئەگەر شارەزاییەکی تەواوی جوگرافیای ناوچەکەت هەبێت، ئەوا بەر لە دەستپێکردن نیوەی شەڕەکەت بردۆتەوە. مرۆڤ لەم پارچە جوگرافیایەدا جگە لە سەرکەوتن بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە. پێویستبوو لە ئێستاوە ئەم هێزە بەشێوەیەکی باش لەو جوگرافیایەدا جێگیر بکەن. مەرجە شارەزای جوگرافیاکە بن. هەندێک هەڤاڵ هەبوون تەنانەت بەپێی پێویست شارەزای جوگرافیاکەش نەبوون.

(س..) بە بێتەل دوایین زانیارییەکانی وەردەگرت: "دووژمن بە تەواوی کشاوەتەوە! کەوابوو بە شەو رایانکردووە. هەڤاڵان بە ئەنقەست هەندێک شوێنیان بۆ هێشتبوونەوە. راکردنیان باشتر بوو. لە شەڕدا ئەمەش جۆرە تەکتیکێک بوو، هەمیشە شەڕ و پێکداداان نابێت، بەم جۆرەش ئەنجامی پێویست وەردەگیرێت."

لە کانییەکەی سەرووی گوندی زیڤێ ناوبڕێکمان دا. شوێنێکی خۆشی ژێر پیرە دارگوێزە گەورەکانە. تودرک دەوری کانییەکەیان تەنی بوو. چەندین ڕۆژبوو دووربووین لە ئاوێکی وەها زۆر و بەخوڕ. خۆشووشتن یان دەست و دەموچاو

شووشتن بەلایەک، تەنانەت بۆ خواردنەوەش بە زەحمەت پەیدا دەبوو. بە دەبەی گەورە و بچووک دەگەیەندرایە گرد و لوتکەکان. یەکەم شت دەست و ڕوومان شوشت. هەڤالان لە تەنەکەی فیشەکی دۆشکەدا چایان کولاند، چونکە کتریمان لەبیر چووبوو. (ن..) کە خەریکی چای کولاندن بوو، لە خێزانێک بوو کە (5)پێنج شەهیدیان هەبوو. بەو ئێش و ئازارەوە پێگەیشتبوو و کامڵ ببوو، قژی ماشوبرنجی بوو، بەهێڵەکانی رووخساریدا مرۆڤ بە ئێش و ئازارەکانی دەگەیشت. بەڕێگەوە زیاتر باسی لە (بێریڤان)ی خوشکی و (کوردستان)ی دەستگیرانی دەکرد، وێنەکەی لە گیرفان دەرهێنا و پیشانی دام. لە وێنەکەدا من تەنیا (کوردستان)م ناسی. ئەوە (کوردستان)ەکەی حەفتانین بوو، ئامانی نەبوو. لەچاوەڕوانی رۆیشتندا بوو بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. لە باکوورەوە هاتبوو و دەیگووت: "دەست لە سەرۆک بەرنادەم". لە راستیدا بینینی (سەرۆک) ئاواتێکی گەورەی هەر هەڤاڵێک بوو.

ئارەزوویێکی گەورەی نووسینم دەکرد و لە کەشوهەوای نووسیندا بووم. لەسەروبەندی نووسینی رۆژانەکەمدا (کازم) نزیک بووەوە و ویستی بخوێنێتەوە و گووتی: "دڵنیام لەسەر من دەنووسیت". نەک لەبەر خوێندنەوەکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەناکاو بۆ سەرکردنەسەرم هاتبوو کاردانەوەم نیشاندا و لێنووسەکەم بە هێواشی داخستەوە و بەبێ دەنگیش سەیرێکی ئەوم کرد. ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی و گووتی: "بنووسە.. بنووسە، حەتمەن بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆت دەنووسیت، من دەزانم..." و رووی کردە تودڕکەکان. بە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا دیاربوو دەیویست سەربکاتە سەرم. دوای ماوەیەکی کەم هاتەوە و درێژەی بە قسەکانی دا، بەدەنگێکەوە کە وەکو

عەیبەیەک بداتەوە بەڕوومدا گووتی: "ئەوە چەند ساڵە یەکترمان نەبینیوە؟ حەوت ساڵە وانییە؟" لەگەڵیشیدا دەنگی نزم و درێژدەکردەوە و سەری دەلەقاند. ماوەیەک بە بێدەنگی بۆیەکمان رووانی. هەستام و دام بەلایدا. ئاشکرابوو کە بەردەوام دەبوو لە بێزارکردنم. لە هەر دەرفەتێکدا شتێکی دەگووت. بەوشێوەیەش وازم لە نووسینی رۆژانەکەم هێنا و پاڵمدا بەبالای دارێکەوە و بەناو بیرکردنەوەدا رۆچووم. پاشان خۆمم پێنەگیراو دەستمکرد بە گریان. بەڵێ، چەند ساڵ تێپەڕی بوو؟ ئەو ساڵانە چیان لەخۆ نەگرتبوو؟ بەڵام ئەو هەر لەیەک خاڵەوە ئاراستەی وەرگرتبوو و فشاری دەهێنا. بەلای ئەوەوە من بە وەفادارییەوە پابەندی خۆشەویستییەکەی نەبووم، شایستەی شەیداییە کوێرانە(!)ییەکەی نەبووم. دیاربوو ئەم چیرۆکی (شەیدایی کوێرانە)یە دووبارە دەکەوتەوە ناو رۆژەڤەکەمانەوە.

تاوانبارکردنم، لە هەموو شتێک ئاسانتر بوو. (کازم)یش رێگەیەکی ئاسانی پەیداکردبوو و بەردەوام لەوێوە گوشاری دەکرد. نەخێر.. نەخێر.. لەگەڵ (کازم) بەهیچ شێوەیەک گفتوگۆم پێناکرێت، بەم شێوەیە گفتوگۆ ناکرێت. بە زۆر دنەی دەدام. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە زۆر شت گوزەری بوو، ئەو ساڵانەی ئەو باسی دەکردن بۆ من زۆر قورس و بە ئازار بوون. لەجیاتی ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن بدات، کەچی دەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵێک رووداو کە زۆر کاریگەرییان لەسەرم هەبووە و بەهیچ جۆرێک نەمتوانیوە خۆمیان لێ رزگار بکەم، بەتایبەتیش بەشێوەیەکی تۆڵەسێنانە و ئازاربەخشانە رەفتاری دەکرد؛ باشە بە چ لۆژیکێک ئەمەی دەکرد؟ بۆچی وەهای دەکرد؟ ئایا من رووداوەکانم زۆر گەورە دەکردەوە؟ من بووم کۆمەڵێک شتم

کردبوو بەدەرد بۆخۆم و دەستبەرداریان نەدەبووم؟ بۆچی بە ئاسانی گرژی دایدەگرتم، ئەی کوا نەدەبووا خوێنسارد بوومایە؟ لە خۆم تووڕە دەبووم. لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی پێگەیشتوویی و ڕێکوپێکی لەبەرامبەرەکەم بکەم، لەجیاتی ئەوەی بە نیازی پاکەوە لە چاوەڕوانیدا بم، دەمگووت: "دەبێت من تێگەیشتوو و ڕێکوپێک بم".

بەدرێژایی ڕێگە شەڕم لەگەڵ خۆم دەکرد دەمگووت: "دەبێت رایکێشمە سەر راستییەکان" و هەوڵمدەدا خۆم قانیع بکەم. پێویست بوو سۆز و کاردانەوەکانم لەژێر کۆنترۆڵدا بگرم، ئەگەرنا نەدەبوو. چاوم دا بەدەم جوانییەکەی دەوروبەرمەوە و بەبێ دەنگی دوورکەوتنەوەم هەڵدەبژارد.

هەموومان بەردەوام لەسەر هەمان باریکەڕێ دەڕۆیشتین. دەشێت لەتەنیشت یەکیشەوە بین، بەڵام دوور لە چاوان و بەبێ ئەوەی کەس ببینێت درێژەم بە خەونەکانم دەدا. ئەمەش باش بوو، هێوری دەکردمەوە. چەندە لە زاپ نزیک ببووینایەتەوە، دەنگی ئاوەکەی خەونەکانمی پەرش و بڵاو دەکردەوە.

## دیداری زاپ و ڕووبەڕووبوونەوە...

کاتێک گەیشتینە گوندی شیڤێ، دوایین ساتەکانی ڕۆژ بوو، باران پڕ بە چێژی خۆی دەباری. دوای تێپەڕبوون بەسەر هەورازییە پێچاوپێچە بێ کۆتاییەکەدا، بارانەکە کردی بە کڕێوە و خووڕە. زۆری نەبرد لە بارەگای مەبەست نزیک بووینەوە. هەڤالان بە بێتەل هەواڵی هاتنیان بە هەڤالانی بارەگا گەیاندبوو، بۆیە هەڤالانی ئەوێش لە چاوەڕوانیدا بوون. پاش مەودایەکی تر هەڤاڵ (فوئاد) و هەڤاڵ (عەباس) بەدیکران، کە بۆ پێشوازیکردن هاتبوونە سەر ڕێگەکە. چاوەڕێمان کرد تا هەڤاڵ (کازم) و گرووپەکەی تێپەڕبوون. ئەوان گرووپی ئەکادیمیا بوون و (کازم) دوای ساڵانێکی درێژخایەنی زیندان تازە دەهاتە وڵات. خۆشحاڵییەکەی هەڤاڵ (فوئاد) هەر لە دوورەوە دیاردەبوو. هاوڕێیەتییەکی زیاتر لە (20)ساڵەیان هەبوو و لە نزیکەوە یەکتریان دەناسی. هەڤاڵ (فوئاد) لە قسەکانیدا زیاترین ناوێک کە باسی دەکرد (کازم) بوو. دەستبەجێ دیاردەبوو کە هاوڕێییەتییەکی لەمێژینەیان هەیە. ڕووداوێکی خۆش بوو. لەکاتی تەوقەکردنماندا بەسەری زار و بە نیوە دوودڵییەکەوە پێی گووتم: "تۆ لەگەڵ گرووپەکە نەڕۆیشتیت؟ بەڕاست دەتتوانی بڕۆیت!" ئەمە واتای چی بوو؟ پاشان "نەخێر"ێک هات بەدڵمدا و لەخۆمم پرسی و گووتم مادام دەمتوانی بڕۆم بۆچی لێرەم، بۆچی ئاگادار نەکرامەوە؟ شتێک ڕوویدابوو یان تۆ بڵێی دۆخێکی نوێ لە ئارادابێت؟ دەمتوانی بە دەستپێشخەری خۆم بڕۆم. خۆ (سەرۆک)یش نەیگووت دەبێت بمێنیتەوە.

هەمیشە هەر دەبووایە نادیارییەکان بێن و یەخەی منیان بگرتایە؟ خۆزگە بچوومایەتە ناو گرووپەکەوە و بڕۆیشتمایە.

چی دەبوو؟ دەزانم کە هەڤاڵ (فوئاد) هەروا لە خۆڕا ئەو قسەیە ناکات. هاوکات دەیزانی کە لە گەرووی ئامێدین و گرووپەکەشمان لەوێ بەڕێخستووە. لیستی ناوەکانیشی پێدرابوو، مەحاڵە لەبیری بچێت. ئەمە جگە لەوەی هەڤالانی ژنی ناو گرووپەکەدا لەلای ئێمە تاقم و تفەنگ و شتە بە سوودەکانیان بۆ هەڤالانی تر بەجێهێشت. لەو نێوەدا هەڤاڵ (ف)، چاوی بڕیبووە جلەکانم، بەڵام دەستبەجێ گووتیشی "تۆ تا لێرەیت، لەبەریان بکە، ئەوجار.." ئەو گووتانە تۆزێکی تر لە خەمی نەچوونمی زیاد دەکرد. لەلایەکی تریشەوە دیارنەبوو کۆبوونەوەکە کەی کۆتایی دێت، ئەوەی دیاربوو ئەوەبوو کە دەیخایاند. دەشبێت پێشهاتی تریش بێنە ئاراوە، پێدەچوو ڕەوتی شەڕ بە شێوازی نوێوە بێتە کایەوە.

تا گەیشتینە بارەگای مەبەست خێرایی و شێوازی ڕۆیشتنم زیندە و چالاک بوو. سەرەڕای هەموو شتێک هەوڵمدەدا مۆراڵم بەرز ڕابگرم. بەڵام ئەو قسانە لەناکاوێک کاریان تێکردم. لە چوون بۆ ناو ئەشکەوتەکەدا تووشی زەحمەتی بووم، هەنگاوەکانم ئیتر هەڵیان نەدەگرتم. هێواش و لە دواوە مابوومەوە. تۆزێکی تر بڕوام بە چانس و بەخت هێنا. ئەوەندەش بێ چانسی و بەختڕەشی، شتێکی تر بوو! لە خۆم و لە پەلەپرووزییەکەم تووڕە دەبووم. پەلەپرووزییەکەم بەبێ ئەوەی حیساب و کتابێکی باش بکەم، بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکانی بکەمەوە، پاڵی پێوە دەنام و دەیخستمە جووڵەوە. لە بابەتێکی زۆر گرنگدا کە ئەگەر بە سەرنجێکی ئاسایی ئەگەری گەیشتن بە ئەنجامیشی هەبووایە، کەچی بەوهۆیەی بە سۆزی ساتەوەختانەوە، بە کاردانەوە دەکەوتمەڕێ؛ دۆخێکی پێچەوانەم بەسەرخۆمدا دەهێنا و ئەمەش خراپترینیان بوو. بەتایبەتیش

گەیاندنی بە شێوازێک، ناڕەحەتییەکی گەورەی دروست دەکرد. بینینی زیانەکانی و گوزەران بە دۆخە رۆحییەکەیەوە، گورزی لە متمانە بەخۆبوونم دەدا و هاوکات ریزی خۆمی دەڕوشاند. بەڵام باش دەمزانی کە لەم بوارەدا سەرم کردۆتە سەر دیاردەگەلێکی نابەجێ و بێ ئەنجام. هەر ئەم لایەنە بوو کە بە ئاسانی دەیگەیاندم بەو ئەنجامانە. لەکاتێکدا حەقیقەتی خۆ تەیارکردن و گەیشتن بە پێگەیەیەکی باڵادار بەسەر کێشەکاندا لەبەردەممدا راوەستا بوو، لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خۆم تەیار بکەم بۆ قۆناخی داهاتوو و خۆم بە ئاستێک بگەیەنم کە زاڵ بێت بەسەر کێشەکاندا؛ مۆڵەتم بە سۆز و هەندێک کاردانەوە دەدا تا ئاراستەم پێبدەن و دەرنەدەکەوتم لە دۆخی خۆپاراستن، کە ئەمەش هەر لە سەرەتاوە بەواتای بەخشینی نمرەیەکی رەنگین بوو بە بەشی دۆڕان و شکست خواردن. هەڵوەستەکردن لەسەر کێشەکان بەگشتی و لایەنە بنەڕەتییەکانیان بەتایبەتی، راکێشانی رەخنە و پێشداوەری و گفتوگۆکان بەرەو لای راستییەکان کاریگەرتر دەبوو. باشە ئەگەر قۆناخەکە بەوجۆرە پڕ ئازارە گوزەری دەکرد، تا رادەیەکیش بەو هۆکارە نەبوو کە لەم خاڵەدا سەرکەوتوو نەبووم؟

نەچوونم بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی مایەی ئەوە نەبوو بیکەم بە کێشەیەک. بە رەوشێکی زۆر لە هەموو کار و خەباتەکانی تر بەکاریگەرتر و لەپێشینەترم نەدەبینی. بەشێوەیەکی راست قۆستنەوەی هەلومەرجەکانی کار و خەبات و خۆ ئاوێتەکردنێکی راستەقینەم بەپێویست دەزانی. مایەی ئێش و ئازار بوو کە هێشتاش دووبارەبوونەوەی هەندێک شت لە ئارادابوون...

ئامادەکارییەکانی کۆبوونەوە بەردەوامیان دەکرد. لەو نێوەدا سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێز، دەستنیشانکردنی هێزی فەرماندەیی کە شوێنی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پڕبکەنەوە، ئامادەکاری پەروەردە و کار و خەباتی هاوشێوەی بە ئاستێکی گرنگ گەیشتبوو. بەهاتنی ئەو تابوورەش لە ئەکادیمیاوە، ئاستی ژمارەی هەڤاڵانیش لە هەرێمەکەدا زۆرببوو. هەر بۆیە بەشێک لە هێزەکە ڕەوانەی هەرێمی زاگرۆس کران. شانبەشانی ئاگربەست، بەگشتی ئاستی چۆنایەتی کار و خەباتیش گۆڕانی بەسەردا دەهات.

هێشتا لە بارەگاکەی گوندی شیڤێ بووین. بەر لە ساڵانی 1988 لێرە گوندێک هەبوو، ئەگەرچی بەزۆریش چۆڵکرابێت، بەڵام گوندەکە تایبەتمەندییەکانی خۆی پاراستبوو. لە قۆناخەکانی دواتردا پەلامارە ئاسمانییەکان و هاوەن و تۆپبارانەکانی دووژمن گوندەکەی وێران کردبوو. لە بەشی بنەوەی دارە سووتاوەکاندا چڵی تازە پێگەیشتوو سەری دەردەکرد. دارە گەورە و زەبەلاحەکان هەمووی ڕەشڕەش بوون... تەنانەت بەردی خانووەکانیش نەمابوون. دووژمن بەهۆی باش دەستنیشانکردنی شوێنەکەوە؛ ساڵانە چەندین جار بۆردومانی دەکرد، گوندەکە هیچ لایەنێکی سرووشتیی نەمابوو.

تاکە شتێکی کە تێکنەچووبێت کانییەکەی بوو. دەست و دەموچاو شووشتن بەو ئاوە بە خوڕەی لە بۆرییە کۆنەکەوە دەهات و هەموو بەرەبەیانێک خواردنەوەی ئاوە سازگارەکەی، بەلای منەوە بە زەوق و خۆشترین شت بوو. شاخەکان بە ئاوە خۆشەکانیانەوە دڵگیر بوون. تینوێتی ڕێگەی درێژیش مایەی دەردێکی گەورەیە. بەڵام شاخەکانی باشووری کوردستان پڕن لە ئاوی خۆش.

لەناو دار و بەردەکانی گوندی شیڤێ ڕێک لە دوای حەوت ساڵ لەگەڵ (کازم) دەهاتینەوە لای یەک. دوو ڕۆژبوو قسە، گفتوگۆ و وتوویژ پارچە پارچە و بڵاو بوون. ئێستا هەردووکیشمان بەتەنیا بووین و بۆ گفتوگۆکردن هاتبووینە لای یەک. ناچار لە شوێنێکەوە دەستمان بە قسە بکردایە. بەڵێ، ناچاری بوو، لەناو سرووشتی ژیاندا و خۆڕسکانە نەدەهاتە پێش و هاوکات فەرمانیش بوو. (سەرۆک) گووتی: "گفتوگۆ بکەن". بێ دوودڵی چوومە لای هەڤاڵ (فوئاد) و پێم گووت: "دەمەوێت لەگەڵ کازم تۆزێک گفتوگۆ بکەین، کۆمەڵێک شت هەیە قسە و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و پێویستیان بە ڕوون بوونەوەیە.. ئەگەر پێتان باش بێت...".

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پێویست هەواڵم بۆ (کازم) نارد. چووین لە سەرووی کانییەکە دانیشتین. هەر دووکیشمان زۆر ئامادە نەبووین. زیاتریش کاریگەری مۆڵەتەکە لە ئارادا بوو. سەرەتا پێم سەیر بوو، بەڵام یاسایە. پێم ناخۆش بێت یان نا دەبووایە ڕەچاوی بکەم. گووتم: "بڕوانە حاڵی ئەو مرۆڤانەی ژیانی خۆیان بەخشیوە بە شۆڕش و نزیکترین هاوڕێیەتی ساڵەهایان هەبووە، کەچی ئێستا چۆنن!" و بە ئازارەوە بە حاڵی خۆمان پێکەنیم. ئاشکرایە تاڕادەیەک خۆمان ئەم دۆخەمان بەم ئاستە گەیاندبوو. دواکەوتوویی ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتییمان زۆر دیار و بەرچاو بوو.. بەڵام نەخێر، مادام هەندێک شت دەخرانە قاڵبەوە، مادام واتای تریان بەسەرد بار دەکرا، کەوابوو سووربوون لەسەر ڕەفتاری سرووشتییانە کارێکی نابەجێ بوو. بەڵێ، تایبەتمەندی سرووشتی و تایبەتیش فیدا بێت! خراپترین شتیش ئەوەیە کە هەر یەکێک لەمانە بەدەستی خودی مرۆڤ

بریندار دەکرێن و هەوڵی لەناو بردنی دەدرێت - لەکاتێکدا کە هەرگیز بە راستیشی نازانێت.

لەتەنیشت یەک بووین، بەڵام هەر دووکیشمان نەماندەزانی لەسەر چی قسە بکەین. دوای ماوەیەک بێدەنگی، زۆرم بۆ خۆمهێنا و دەستم پێکرد. بەڵام هێشتا رستەکەمم تەواو نەکرد کە (کازم) قسەی پێ بڕیم. هێشتا لەمەبەستی وشەکانیشم تێنەگەیشتبوو. کێشەیەکی رابردووی وەک دۆزی خوێن لێکدەدایەوە. بەلای ئەوەوە ئێمە دوو لایەن بووین؛ کە خوێن و شمشێر کەوتۆتە نێوانمانەوە!..

گووتی: "ئەوەی تۆ کردت پێچەوانەی بەهاکانی کۆمەڵایەتییە... دوای بڕانی پەیوەندییەکەمان تۆ دەستبەجێ پەیوەندیت بەو کوڕیی... (مەبەستی لە شەنەرە)بەست و ئەوت خۆشویست، باشە ئەمە لەکام دابونەریتدا جێگەی هەیە؟ دوو ساڵی رێک نەهاتمەوە سەرخۆم، نەمدەتوانی شیکارنامەش بخوێنمەوە باشە؟.. هەڵبەتە تۆ هەر بە خەیاڵیشتدا نەدەهات، لوتت بە ئاسمانەوە بوو... تۆ چی لەخۆشەویستی دەگەیت، لەبەرامبەر بە سۆزەکانت شکستت هێنا. ئێمەت بە دڵ نەبوو..." و زۆر شتی تری بەدوای یەکدا ریز کرد.

لەو کاتەدا خۆمم پێڕانەگیرا و گووتم: "بەسە، سوکایەتی مەکە! ناچارنیم بەمجۆرە گوێت بۆ شل بکەم! هەمووشتێک بەگوێرەی خۆت هەڵدەسەنگێنیت، ناتەوێت راستییەکان ببینیت!".

بەڵام ئەو هەر گوێیشی لێنەدەگرتم. بەتایبەتی دوای ئەو هەموو قسەیە هێشتاش خۆی لە قەرەی وشەی خۆشەویستی و رێز دەدا. چەندە سەیرە، چەندە پێچەوانە و پڕ ناکۆکە. شانۆگەرییەکی شێتانە بوو. ئەرێ باشە؛ مرۆڤ دەیتوانی بە چەند شێوە رۆڵ بنوێنێت؟ بەردەوام مێشکم لە بابەتی سەرەکی

شانۆگەرییەکە سورڕدەما. یەکێک لەو ئەکتەرانەی رۆڵی دەگێڕا (کازم) بوو، کە ئەویش رۆڵی منی دەگێڕا. پێی بە هەناومدا دەنا. ئەگەر پێویستە قسە لەسەر ئەمانە بکرێت و بەمشێوەیە قسە بکرێت، کەوابوو منیش شتم هەبوو قسەی لەسەر بکەم. کەچی من هێشتاش دەگریام؛ هەرگیز لەبەردەم بەمجۆرە تێکەڵاو و ئاڵۆزکردنی رووداو و دیاردەکاندا خۆمم پێ راناگیرێت. لەو ساتانەدا کە تێکۆشان و جەنگاوەرییەکی بەهێزم نیشان نەدەدا، گریان؛ شتێکی بە نەفرەت بوو. ئەوەی بەرامبەرم رۆڵی خراپتری دەگێڕا. ئەری بەڕاست ئەوە ((بێ وەفایی)) چییە؟!. (کازم) بە چ بەڵگەیەک ئەم قسەیەی دەکرد؟ ئەی خۆی چی کردبوو؟ نا نا نەخێر نەمدەویست بکەومە ناو ئەو بابەتەوە. بەر لە هەموو شتێک قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە راستگۆیی دەویست، خاکیبوون و بێباکی دەویست، بوێری و دلێری دەویست. قسەکردن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ کەسێکدا کە هێشتا باسی لەسەر کێشەی بێ وەفاییە، خۆی لەخۆیدا گەمژەیی بوو. هەوڵمدەدا هێور بم. لێرەدا ئەگەر بە هێنانەوەی روونکردنەوە هەوڵبدەیت قانیعی بکەیت ئەوا کارێکی نابەجێ دەکەیت. بەخۆمم گووت: "خۆت لە دنە و هاندانی دەرەکی بەدوور بگرە". شەڕ لەگەڵ کەسێکدا کە تازە هاتبووە وڵات و بەتایبەتیش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام لە هەمان روانگەوە خوێندنەوەی بۆ من و رووداوەکان کردووە؛ پێویستە شەڕێکی سازەندە بێت. هاوکات خاتری هاوڕێیەتی ساڵەهاش هەبوو. خاتری ئەو ساڵە سەختانە لەیاد ناچن کە کاریگەری قووڵیان بەجێهێشتووە. هیچ نەبێت ئەم لایەنە دەیتوانی شەڕە نابەجێیەکانی راگرتایە. بەبێ ئەوەی درێژەی پێ بدەم، پێم گووت: "چۆن تێدەگەی خۆت دەزانی!، بەڵام وریابە تۆش سارا

وەک لایەنێکی لاواز بەکار مەهێنە، تووشی بەهەڵەداچوونێکی گەورە دەبیت. بەتایبەت هەندێک کەس هەن کە خۆیشت دەیانناسیت، هەوڵیاندا بمکەن بە پەردەیەک و خۆیان بشارنەوە، بەڵام زۆر بە خراپی تێکچوون. هیچ نەبێت تۆ وەها مەکە". و قسەکەم کۆتایی پێ هێنا.

ئەو رۆژە لەگەڵ (سەرۆک) بە تەلەفۆن قسەمان کرد پێمڕاگەیاند کە لەگەڵ (کازم) گفتوگۆیەکی کورتخایەنمان ئەنجامداوە و لەلایەن خۆمەوە هیچ کێشەیەک لە ئارادا نییە و ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانم لە سەر هەموو بابەتێک و بە بەرفراوانی گفتوگۆ بکەم. (سەرۆک)یش ئەوەی دەستنیشان کرد کە چۆن بە خۆشەویستی و سۆزە پیرۆزەکان دەگەین و واتاکانیشی خستەڕوو، گووتیشی کە بەهایەکی تایبەت بەو سۆزە دەدات. هاوکات واتایەکی تایبەتیشی لەم سەرلەنوێ چاوپێکەوتنەوەیەمان بار کردووە و چاوەڕێی ئاستی پەیوەندییەکی پێگەییشتووانە، یەکسان و خۆسەرمان لێدەکات.

بەڵێ، هاوڕێیەتییەک بوو لەواتای بەڵێنی شەڕ و تێکۆشان لە شاخەکاندا. دەشێت یەکێتی بڕوای لە دەستنەدراوی زیندانەکان، لەم جۆرە هەلومەرج و شوێنانەدا بە واتای خۆی بگەیشتایە. من ئامادەی بووم. هاوڕێیەتی بەوجۆرە دەبووە باشترین وەڵام؛ هەرئەمەش نەبوو کە ئاوات و خۆزگەمان بوو و چاوەڕێمان لێدەکرا؟ تەنیا لەم شاخانەدا جارێکی تر لاوازییەکانی ناو قۆناخی بەرخودانی زیندان، زیانەکانمان و ئەوانە پڕبکرێنەوە کە لەوێ لێمان داتاشران. ئەگەر بێتوو باس لە گەورەیی سۆز بکرێت، ئەوا پێویستە ئامێزێکی گەورە بۆ ژیان بکرێتەوە و تیایدا بەبێ فرتوفێڵ شەڕ بکرێت.

ساڵی 1988 کاتێک لە زیندان قسە لەسەر ئەوە کرا کە لە تونێلەوە رابکەین، باس لە بەڵێنەکانی دوای ئەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیەش کرابوو کە لەو ماوەیەدا دەهاتە ئاراوە. ئەو کاتە (کازم) پێی گووتم: "دەبم بە گەنەڕاڵ و کە تۆهاتی بۆ شاخ، بە تۆپتەقاندنەوە پێشوازیت لێدەکەم..." خەیاڵی بوون بە گەنەڕاڵ خەیاڵێکی خۆش بوو، ئاوات، خواست و بڕیارداری نیشان دەدا. هەر ئەمەش گەرەنتی (بەڵێنی خۆشەویستیم) بوو. بەڵێنی ترمان نەبوو. ئاواتی خانوویێک، بەڵێنی ماڵ و خێزان نەبوو. تەنانەت چانسی دووبارە یەکتر بینینەوەشی نەبوو. زۆر کەم بوو، دەشبوو هەرگیز چاومان بە یەکتریش نەکەوتایەتەوە. مەگەر تەنیا بەمجۆرە خەون بە ژیانێکی گەورە و تێکۆشانە جوانەکەیەوە ببیندرایە.

ساڵ، 1995 بوو، چەند رۆژێک مابوو بۆ 1996، کاتێک لە گەرووی ئامێدی یەکتریمان بینیوە، نەمانتوانی تەنانەت بە مەراسیمێکی بچووکی فەرمیش پێشوازییان لێ بکەین. لەو کاتەدا هەستم بە شەرمەندەییەکی گەورە کرد. بە ئاهێکی پڕ لە ژانەوە قسە و بەڵێنەکانی ئەو رۆژەم دەهاتەوە یاد. ئەگەرچی شەڕێکی بێ وێنەی دژبە خیانەت پێشوازی لێکردبوو. هەنگاو بە هەنگاو هەستیان بە گەرمی ئەم شەڕە کردبوو و بەوجۆرە هاتبوون بۆ ئێرە. شەڕ و تێکۆشان لە جوانترین سەردەمی خۆیدا بوو، گەیشتن بە ئاواتەکانم مەحاڵ نەبوو. بەڵام (سارا)یەکی (گەنەڕاڵ) نەبوو پێشوازی لە (کازم) بکات. نەمتوانی بڵێم: "بە من چی؛ بیر لە چی دەکاتەوە و چۆنی لێکدەداتەوە" و نەشمگووت. بەپێچەوانەوە تووشی ئازارەکەی بووم. قۆناخی پڕ لە کێشمەکێش و گەردەلولئاسا گوزەری بوو. بەسەرهاتەکان، نووسراوەکان و باسکراوەکان (سارا)یەکی زۆر جیاوازیان

نیشاندابوو. ئایا (کازم) دوای خۆداماڵین له بەهەڵەداچوونەکانی و خودگەرایبوون "سۆبژێکتیڤیزم"ەکەی سەرلەنوێ هەوڵی تێگەیشتن و ناسینەوەی دەدا؟ پێویستی بە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکرد. بەسەرهاتەکان چی بوون، گۆڕانەکان لەچیدا بوون؟ بەبێ هیچ مەرامێک دەیتوانی پەیوەندییان بۆ ئەو رووداوانە بگەڕێنێتەوە کە سەرەنجامی شەڕن؟

ئەوکاتە زۆر بیرم لەمانە نەدەکردەوە، بەڵام پێشوازییەکی بەهێزیش نەکرا کە ببێتە مایەی دڵخۆشی. بێگومان تەنیا ئەوەندە بەس نەبوو کە لە شاخیت، لەسەر پێیت و دەژیت و هەست بە جوانی تێکۆشان دەکەیت، نەخێر. دەبووایە هەموو شتێک بەشێوەیەکی بێ ئامان وێنای تۆڵەسێنی و تەواوی کەسایەتییەکی شایستەی ئەو ساڵانە بووایە. کاتێک ئاوڕ لەو ساڵانە دەدەینەوە لە ئامێزگرتنی شاخەکان؛ لوتکەی لێپێچینەوە و رزگاربوون لە سەر شۆڕیی بوو، ئەمەش جوانییەکی تری بە هەڤاڵێتی تێکۆشانمان دەدا. پێگەیشتوویی و رێکوپێکی و رێزداری هاورێیەتییەکی بەو جۆرە شایستەی هەموو شتێک بوو. هەر ئەمەش بوو لە دیدارەکەمان لە زاپ چاوەڕێ دەکرا.

رۆژێکیان لە دەمەو رۆژئاوابووندا لە ئەشکەوتە ئاوەڵاکەی گوندی شیڤێ لە رایەڵکەکردندا بەشێوەیەکی زۆر چڕوپڕ بیرم بەلای ئەو باسانەدا چووبوو. خۆمم پێ رزگار نەدەبوو، هەرکات بمویستایە بیر لە شتی تر بکەمەوە، ئەمانە دەهاتنەوە و لە مەڵبەندی بیرکردنەوەکانمدا دەنیشتنەوە. باشە ئەمە لەخۆپرسینەوەیەک بوو؟ سەرلەنوێ لە خۆپرسینەوە! کارێکی راست بوو کە بەم ئەندازەیە کارم تێبکات و سەرقاڵم بکات؟ زۆر پێویستی دەکرد؟ واتایەکی تری یەکتربینینەوە لە

خۆپرسینەوە بوو؟ (سەرۆک) لەخۆڕا کاری لەسەر نەدەکرد. بە تەلەفۆن پێی گووتم: "دیالۆگ بکەن، لێپرسینەوە لە یەکتر بکەن".

خودی ژیان، ململانێ و تێکۆشان بوو، خۆشەویستی؛ تێکۆشان بوو، هاوڕێیەتی بە شەڕ و تێکۆشان بەزیندوویی دەمایەوە. تێکۆشانێک کە لەهەموویاندا هەیە! کەوابوو ئەگەر برینەکان هەڵکرێنێت و خوێنیشیان لێ بهێنێت، ئەگەر ژانێکی گەورەشی هەبێت، مەرج بوو لە ئاستێکی باڵادا دەست بە ململانێ و تێکۆشان بکرێت و شەڕێکی دوور لە سۆزداری، دوور لە بەلاڕێداچوون و فڕتوفێڵ بکرێت. جگە لەمە هەموو سەرەنجامەکانی تر دەبوون بە قێزەونی، ساختەکاری و خەڵەتاندن و...هتد!..

## سێیەمین کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتەی ناوەندی

ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە زانیاریمان پێگەیشت لە ئەوروپا (زوهات) واتا (ئا.. یاقوز) لە کاتێکدا دەبووایە بگەڕایەتەوە بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، کەچی رایکردووە. واتا؛ یەکێکیتر لە دەرکەوتووانی زیندان رایکردبوو. دەستبەجێ بارانی وشە و گوزارەی ٔ هەڵگەڕاوە، سووک و ریسوا، خیانەتکار...ٔ دەستی پێکرد و هەر کەسێک بیبیستایە، بەو گووتانە کاردانەوەی خۆی نیشاندەدا. زۆربەشیان سەریاندەکردە سەر لایەنە ئاسان و قەباکەیەوە. زۆربەی کات رق و کینی چینایەتی دەکەوتە ناو پێستێکی نامۆ و دوور لە جەوهەری راستەقینەی خۆیەوە. بۆ ئەوەش شوێن و ناوی لەناو تێکۆشانی چینایەتییدا زۆر ترسناک و مەترسیدار دەبوو. چونکە هەموو شتێکی دەشێواند. بەمجۆرە پێودانگ، رەوشت و پرەنسیپ نەدەهێڵرانەوە. لە هەموو شتێکیش زیاتر دڵم بەم خاڵە دەسووتا...

سەرەتای سێیەمین کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتەی ناوەندی بە گووتاری (سەرۆک) دەستی پێدەکرد. (32) هەڤاڵ ئامادەین و چاوەڕێین. دەنگی (سەرۆک) وەک هەمیشە پووخت و زوڵاڵ بوو، هەمووان بەتەواوی سەرنجەوە چاو و گوێمان لە تەلەفۆنەکە بوو. بێدەنگییەکی بەخرۆش و پێگەیشتووانە لەگەڵ مەراق یەکیان دەگرتەوە. بەڵام (سەرۆک) وتەی کردنەوەی کۆبوونەوەکەی بۆ دوای دیالۆگ هێشتبووەوە. (سەرۆک) بەڕێز قسەی لەگەڵ هەمووان کرد. سەرەتا هەڤاڵ (ف..) راپۆرتی زارەکی پێشکەش کرد. پاشان هەڤاڵان (ئا..)، (ز..) و (کازم) بەدوای یەکدا.

(سەرۆک) گووتی: "وەک ئاگادارن، زوهات رایکردووە. پێویستە ئەم جۆرە شتانە بە باشی شیکار بکرێن. کاراسو لەوێیە، ساکینەش... سەرلەنوێ ئەم بابەتانە بخەنەوە بەر باس و گفتوگۆ. ئەو جۆرە کەسانە لەولاش گورزیان وەشاند و لەملاش. دیارە هاوکات و هاودەستە. ساکینەیان کرد بە قەڵغان. کاراسوش... پێویستە کاراسوش لەو دەستنیشانکراوانە ئەنجام و ئەزموون وەربگرێت".

تا دەهات باشتر روون دەبووەوە. لە دیالۆگیدا لەگەڵ هەڤاڵ (ف..) دا (سەرۆک) گووتبووی: "سارا شێوەگرتنێکی تایبەت بەخۆی هەیە. سەیرە، ئەو هەمووە بیر و فیکرەی لەلا کەڵەکە بووە و کەچی خۆی ئاوێتە ناکات، پێشکەشی ناکات و ئێمەش مایە پووچ دەکات. دیارە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت...". ئەمانەم لەبیر مابوون. قسەکانم پارچە پارچە کۆدەکردەوە و دەمهێنانە لای یەکتر. مێشکم زرم و کوتی بوو. لە شوێنەکەی خۆمدا قوورساییەکی زۆر گەورە نیشتبووە سەرم.

هێشتا یەکەمین دانیشتنی یەکەمین رۆژی کۆبوونەوەکە بوو. قسەیەکی لەوجۆرە مۆڕاڵی تێکدام. بەڵێ، (زوهات) رایکردبوو، خیانەتی کردبوو وەک هەموو راکردووەکانی ترا! باشە ئەمە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەبوو؟ گووتەی وەک " شێوەگرتنی تایبەت بە خۆی... مایەپووچکردنەوە..." دیاربوو، لەم بوارەدا زۆر قسە دەکران و دووبارەیەکی تری قسەکانی پێشوو بوو. بەڵام بەچ واتایەکەوە بۆ (زوهات) دەگەڕێندرایەوە. (زوهات) چۆن منی وەکو قەڵغانێک بەکارهێنابوو. لەولاشەوە بەخۆشمم دەگووت ((جا کێ نەیکردبووم بە قەڵغان بۆ خۆی؟)).. ئایا شتێکی تر هەبوو؛ دیسان شتی سەمەرەیان پەیداکردبوو؟ ئەم پرسیارانە بەدرێژایی شەو بەمێشکمدا ئەمسەر و

ئەوسەریان کرد. لەلای هەڤالانی ژن بووم کە ئەوانیش بۆ کۆبوونەوەکە هاتبوون، ئەوان زۆر لە بابەتەکە تێنەگەیشتبوون. ئەوەندە تێگەیشتبوون کە (زوهات) یەکێکە لەوانەی لە زیندان دەرکەوتووە، وەها بۆی دەچوون کە هەر کات زیندان ببێت بە جێگای مشتومڕ، ئاساییە ناوی (سارا)ش بێتە بەر گوێ. هەندێکیان لە شیکارنامەکانەوە دەیانناسی. لە شیکارنامەکاندا باس لە پەیوەندی نێوان (رەو..) و (زوهات) کرابوو. ئەوان زیاتر لەم لایەنەوە لێکیاندابووەوە. منیش لەلای خۆمەوە زیاتر گەڕامەوە بۆ زیندان و گرووپ گرووپێنەکەی ئەو سەردەمە و هەوڵمدا رەهەندێکی تری بابەتەکە روون بکەمەوە. (زوهات)یش لە گرووپەکەی (فوئاد چاڤگین) و ئەواندا بوو. ئەوکاتە هێرشیان دەکردە سەر هەڤاڵ (کاراسو). لە زیندان بەڕێوەبەرایەتی رێکخستنیان مایەپووچ کردبوو و خۆیان بە خاوەنی راستەقینەی رێکخستن راگەیاندبوو. خۆیان لەپشت بەرخودانیی گرێ سۆر – جورنەڕەش دەشاردەوە و هەوڵیان دەدا بە هەمان شێوەش کار بکەنە سەر دەوروبەرەکەیان.

کەس ئەم لایەنەی زۆر بە جددی وەرنەدەگرت، شاهێدی ئەم لایەنەی رووداوەکە و بەسەرهاتەکان نەبوون، بەلایانەوە ئاسایی بوو. بەلای ئەوانەوە بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە هەر ئەوەندە بەسە کە تەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندی نیوان (رەو..) و (زوهات) و رەهەندی "کەسایەتی زیندان" لێکبدرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە کێشەکە فرەڕەهەندتر بوو، لەوەش زیاتر و جددیتر بوو. شیرۆڤەی رووکەشانە و ساکار رێگرییان لە گەیشتن بە جەوهەری کێشەکان دەگرت. منیش نەمدەویست زیاتر باسی بکەم. هاوکات نەشمدەویست بە بێدەنگی بیر بکەمەوە. تووڕەیی خۆمم بە زۆر کۆنترۆڵ دەکرد. لە شوێنێک

دەگەڕام کە هاوار بکەم و بە دەنگێکی بەرز کاردانەوەکانمیان بۆ دەرببڕم. لەوەش زیاتر دەمویست شەڕ لەگەڵ کەسێکدا بکەم، بەدوای کەسێکدا دەگەڕام گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. بەڵام لەو ساتەوەختەدا چاوەڕێی (کازم) و (کاراسو)م نەدەکرد. بەپێچەوانەوە لەوان رامدەکرد، نەمدەویست چاوم پێیان بکەوێت یان قسەیان لەگەڵدا بکەم. لەم حاڵەدا لەهەمووشتێک زیاتر، لەوان تووڕە دەبووم، چونکە زەمینەی گفتوگۆیان نەهێشتبووەوە!

دەمویست (زوهات)ەکەی 1988ی زیندان بهێنمەوە بیرم، لەو قۆناخەدا تا رادەیەک دەرفەتی بینین و تۆزێکیش ناسینیم دەستکەوتبوو. یەکێک بوو لەوانەی کە لە ساتەوەختی هەواگۆڕکێدا لە گۆڕەپانەکە بەتەنیا، مات و بێدەنگانە رایەڵکەی دەکرد. ئەم دۆخەی نیشانی دەدا کە کێشەی هەیە. دوورەپەرێز بوو، کاردانەوەکانی لەناوخۆیدا شاردبووەوە. زۆر ئاشنای نەبووم. ئەم مات و مەلولییەی بۆ کاریگەرییەکانی رۆژانی گرووپ گرووپێنە و شەهید بوونی (محەمەد ئەمین یاووز)ی برای لە مانگرتنی تامردندا دەگەڕێندرایەوە. دواجار لە سەرەتاکانی 1992 دا لە حەفتانین لە کەمپی (شەهید بێریڤان) چاومان بەیەک کەوت و رۆژی دواتریش بەڕێمان خستن بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. (موز... – قۆپۆ)، (ئار.. – م. ئە. کڵچ) و (زوهات) پێکەوەبوون. سەرەتا بۆ ئەکادیمیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا نێردرابوو. (زوهات) لە پێنجەمین کۆنگرەدا ناوی لە لیستی کاندیدەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا بوو. لە کۆمیتەی ناوەندی ئەوروپا جێگەی گرت، لە ئاستی سەرپەرشتیاری گشتی دا. هەر بۆیە کاتێک گووتیان "رایکردووە"، بە رووداوێکی ئاسایی و سرووشتی لێکم نەدەدایەوە. لە راستیدا ئەگەر بگووترێت

تۆڵەکردنەوەیەک بوو، دەستنیشانێکی راستترە. تۆڵە! لە تەمەنێکی زۆر گەنج و لەو ساڵانەدا کە تازەگی هەواداری شۆڕش دەبووم (سوێندی تۆڵە)ی (نووری دێرسیمی) واتای ئەو وشەیەی لەلا گەورە کردبووم و شادمانییەکی گەورەی پێدەدام. بەڵێ، هەندێک کەس تۆڵەیان دەکردەوە. بەڕاستیش ئەمە تەنیا هەڵوێستێکی تۆڵەکردنەوە بوو و بەهیچی تر روون نەدەکرایەوە. راست و شیاو نییە بگووترێت هەر بە خیانەتکاری لە دایک بووە. پەیوەندی مسۆگەری هەبوو بە راکردووەکانی ترەوە. (فوئاد چاڤگین) و ئەوانیش لە ئەوروپا بوون. ئەویش بەگەلێک شێوازی ساختەکاری، خۆی شاردەوە. لە رۆژانی گفتوگۆکانی 1991 دا هەوڵمدا هەندێک شت روون بکەمەوە، دەمویست هەندێک نیگەرانی خۆم بهێنمە زمان؛ بەڵام زەمینەی بەلارێدابردنی کێشەکانیش هەبوو و لە ئاستێکدا نەبووم شەڕێکی بەهێز لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم، لاواز بووم، سەرنجی هەموو لایەک بە تەواوی لەسەر من بوو.

سەیرەکە لە وەدایە ئەو جۆرە کەسانە کاتێک رایاندەکرد ئەوجار رووی راستەقینەیان ئاشکرا دەبوو، پاشان زۆر قسەیان لەسەر دەکرا، هەڵسەنگاندن و بەیاننامەی گرنگ پێشکەش دەکرا. ئەو کاتەش کە (کازم) لە دیالۆگەکەدا بە سەرۆکی گووت: "... سەرۆکی من، زوهات لە زیندان (واتا لە ئامەد) لە قاوشەکەی مومتاز کۆتان و ئەواندا بوو و لەلای ئەوان دەمایەوە. ئەمانە خاڵی یەکانگیرییان هەیە، رێکخراوەن. مسۆگەر پەیوەندیشی لەگەڵ فوئاد چاڤگین هەیە..." و شتی تر، لائیرادی و لەبەر خۆمەوە، بەڵام بە دەنگێکی تا رادەیەک ئاشکرا گووتم: "تا ئێستا لەکوێ بوویت، بۆچی ئەمانەت باس نەکرد و رێوشوێنی پێویستت نەگرتەبەر! دوای ئەوەی رایکرد قسە دەکەیت".

ئەو هەڤاڵانەی لەهەر دوو لاتەنیشتمەوە دانیشتبوون سەیریان لەم بیرکردنەوە بە دەنگەم هات و بەبێدەنگی پێکەنین. ئەو جۆرە هەڵوێستانە بەڕاستیش تووڕەیی لەناخدا دەچاند. ئەی هەر خۆیان نەبوون سەرتاپا هەموو شتێکی زیندانیان بینی و تیایدا ژییان؟ هەر خۆیشیان بە باشترین شێوە ئەو جۆرە کەسانەیان دەناسی. تا ئەمڕۆ دەیانتوانی تەندروستانەتر و لەکاتی خۆیدا زانیارییان لەسەر بدابان. پێدەچێت هیچ کەس کەهانەتی نەدەکرد و نەیدەگووت "زوهات 1995 خیانەت دەکات"، شتێکی وەها هەرگیز پێویستیشی نەدەکرد. بەڵام دەیانتوانی پەی بە تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی و چۆنێتی پێهەڵگرتنی لەناو ڕێکخستندا و هەروەها چۆنێتی شوێنگرتنیشی ببەن. تەنیا بە چەند شیمانەیەکیش دەیانتوانی هەلی وەرگرتنی جۆرەها ڕێوشوێنی پێویست بڕەخسێنن. لانیکەم لە ئەرکدارکردندا تا ڕادەیەکی تریش بە حیساب و کیتاب مامەڵە دەکرا. بێگومان ئەمانە لایەکی کارەکەن و (سەرۆک)یش تا ڕادەیەک لەمە تووڕە بوو دەیگووت: "بۆچی دەرکی پێنەکرا، بۆچی کەسێتییەکانی ئەو سەردەمە هەرگیز بەجۆرێکی تەندروستانە و ئەنجامگیرانە شیکار نەکران؟" بێگومان مافداریش بوو.

ئەمانە لە خاڵێکدا لۆژیکی ناوەوەی هەڵوێستی سەبارەت بە زیندان بوون و ئەو هەڵوێستەی دەدا بەدەستەوە. کێشەکە تەنیا بە ڕەخنەدان و ڕەخنەکردن چارەسەر نەدەبوو. وەها بڕوات ئاشکرایە زیاتر حەیف و مخابن بۆ خۆمان دەکەین. من هێشتا ئەو لایەنەی قسەکانم بۆ خۆم کردبوو بە دەرد کە منیان دەگرتەوە، بەو لایەدا ڕۆدەچووم و هەوڵمدەدا لە جەوهەری ڕەخنەکانی (سەرۆک) تێبگەم. بەڵام خۆ بە تەنیا (زوهات)

نەیکردبووم بە قەڵغان، ساڵی 1991 زۆر بوون ئەوانەی منیان کردبوو بە قەڵغان. ئەوانەی لەژێر کاریگەری گێرەشێوێنی دا بوون و لە گیانی خۆیاندا راکردنیان ئەنجامدا بوو، بەشێوەیەک دەبیندران کە ئەوان زیاترین خاوەندارییان لە پارتی و زیاترین بەرخودانییان کردووە. لەجیاتی ئەوەی رووداوەکان وەک خۆیان نیشان بدرێن و خۆیان بە شێوەیەکی راست ئاشکرا بکەن؛ کەچی هەموو شتێکیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەتاشی، شێوەی تریان پێدەدا و پیلانی خۆیان بە شێوازی زۆر باریک دەشاردەوە و خۆشیان وەک (شێر) دەنواند! بەتایبەتیش هەندێکیان زۆر نایابانە رۆڵیان دەگێڕا. رۆڵگێڕانەکەیان ساختەکارییەکی خراپ و سامناک بوو. هەوڵێکی کەم لە ئاراد نەبوون بۆ خۆڕزگارکردن، ئەویش دوای لێڵکردنی بارودۆخەکە. بێگومان لە ئاستێکی بەرچاودا ئەمەیان بەدیدەهێنا. بەڵام بەشی ئەوەی نەکرد تا ماوەیەکی درێژخایەن فریادڕەسیان بێت، هەموویان یەک لە دوای یەک ئاشکرا بوون. (زوهات) نزیکەی دوو ساڵ لە ئەورووپا مایەوە، بە بەکارهێنانی هێز و کاریگەری پارتی، خۆی لەسەر پێ راگرت، پاشان رۆڵێکی زۆر خراپی گێڕا و بەدوای ئەویشدا رایکرد. گرنگ نییە رایکردووە بۆ کوێ و هانای بۆ کام دووژمن بردووە، بەڵام بەمجۆرە و بەم ئەندازەیە یاریکردن بە هەموو شتێک و بەمجۆرەش پشت تێکردن تا کۆتا مایەی بیرکردنەوە و هاوکات ئەو لایەنەشە کە مایەی تێگەیشتنە.

(زوهات)یش لەناو لاوازییەکانماندا خۆی شاردەوە، خۆی ژیاند و پاشانیش لە دژی ئێمە بەکاری هێنان. لەم رووەوە هەڵبەتە پێویستە گفتوگۆی لەسەر بکرێت. بەمەرجێک کە لەم بابەتەدا روانگەیەکی هاوبەش هەبێت، ئەوا گفتوگۆ؛ واتا و

سوودی دەبێت. راکردن و خیانەت تایبەت نییە تەنیا بە بوارێک یان شوێنێک. کەسێتی لەکام هەلومەرجدا رووە و نەمان چووبێت، تەرکی خۆی کردبێت و خۆی بۆ لە مرۆڤ دەرکەوتن داماڵیبێت؛ لەوێ دەبێت بە هەڵگەڕاوە؛ شوێن ئەوەندەش گرنگی ناهێنێت. ئەم کەسێتییە لە زیندان خۆی تەواو نەکردووە، کە دەچێتە ئەورووپا بە یەکجاری تەواو دەبێت. هەردوو مەیدانەکەش بە شێوازی جیاجیا سەرجەم لایەنە لاوازەکانی کەسێتی و خودپەرستی دەوروژێنن، وەکو شوێنگەی تایبەتمەندییە لەناوبەرەکانن. (زوهات) کتوپڕ نەهاتە پێش، تەنیا بە راکردنیش تۆڵەی نەکردەوە. کاتێک ژیانی لەناو رێکخستندا و هەڵوێستی سەبارەت بە رێکخستن و ئەرک شیبکرێتەوە، هەر یەکێکیان لە زەمینەی هەموو خراپەکارییە ئاشکرابووەکاندا بەدیدەکرێن. ئەگەر لاوازییەکان بە خاڵە لاوازەکانی کەسێتیشەوە لەسەر بنەمای راست و دروست چارەسەر نەکرێن، بەپێچەوانەوە مەیلی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی لە کەسێتیدا سەردەردەکات. لە راستیدا ئەگەر بێتوو باشتر چاودێری بکرێت ئەوا دۆزینەوەی سەرەداوی ئەو مەیلانە لە هەر یەکێک لە هەڵوێست و رەفتارەکانیدا ئەستەم نییە. بەڵام ئەو کەسە لاوازی و کەموکوڕییەکانی گشتی بۆ خۆی دەکات بە قەڵغانێکی زۆر نایاب. خۆیان لە دۆخێکی وەهادا رادەگرن کە تەنانەت لەدوای خیانەتەکەشیان زۆربەیان سەرسوڕماو دەبن بە دۆخی وەرنەگرتنی هەڵوێستی بەپرەنسیپانە لەناو ئەو لێڵاویدایە.

بەڵێ، راکردووەکان لەلای خۆمان، لەپاڵ سەرمان بوون رایانکرد. لە نزیکترین جێگە بوون. دەرکەوتن و رۆیشتن، ئێستاش هەرچی قێزەونییان هەیە بەسەر ئێمەدا هەڵیدەهێننەوە. پەردە فڕێدان لەسەر کەسێتییەکانیان بەجۆرێک تەنیا بە

ناوهێنانی (زیندان)، یاخود بە قەڵغانی (سارا) یان (کاراسو)؛ راستییەکانی دەرنەدەبڕی. ناوەندەکانی خیانەت لە هەر دەم و سەردەمێکدا لاوازییە ناوخۆییەکانیان بەکارهێناوە، بەپێی پێویست بەدواداچوونیان کردووە و هەوڵیانداوە لەو بۆشاییەوە گورز بووەشێنن کە پەیدایان دەکرد. خۆ ئەمە نهێنییەک نەبوو! بەتایبەتیش لەناو ئێمەدا زۆر جار ناو بەکارهێندران، زۆرجار ئەو لایەنانەی مایەی باسکردن بوون کران بە پلیکانە. کاتێک لایەنی زیندانیشی لەسەر زیاد دەکرا شتەکان زۆر ئاسانتر دەبوون. لەو کاتەدا گووتەیەکی هەڤاڵ (عەباس)م وەبیر هاتەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا کردبووی، دەیگووت: "... جا چی دەبێت، دوو شت هەن دەکرێت بە ئاسانی رەخنە بکرێن، یەکەمیان عەباسە و دووەمیش زاگرۆس (هەرێمی زاگرۆس -و)" منیش ئەمە دەگۆڕم؛ بەڕای من لە هەموویان ئاسانتر رەخنەکردنی "یەکەم؛ سارا و دووەمیش؛ هەر سارایە" ئەمەیان دەستنیشانکردنەیەکی شیاوە، هەڵبەتە ئەگەر هەڤاڵ (عەباس) ئەم جێگۆڕکێیە پەسند بکات!

پێویست نەبوو لەگەڵ کەسی تردا قسە بکەم، بەدرێژایی شەو لەگەڵ خۆم قسەم دەکرد. چی مابوو تا لەگەڵ (کازم) و (کاراسو) قسەی لەسەر بکرێت؟ (کازم) سەری کردبووە سەر هەندێک شت و لە هەر دەرفەتێکدا دەریدەبڕی. وەک دووژمنی خوێنی!. لێپێچینەوەی لەوە دەکرد کە بۆچی پەیوەندییەک بە وەفادارییەوە بەردەوامی نەکردووە. دووبارە بوونەوەی هەمان شتەکان هەر لە رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا گرژی کردبووم.

هێشتاش کاریگەرییەکانی گفتوگۆی تەلەفۆنەکەم لەسەر بوو. گفتوگۆی نێوانمان لەگەڵ (کازم)یش دەبووە خوێ و دۆشاوەکەی. بۆیە نەمدەویست قسە بکەم. بەڵام هەندێک کەس

لەجیاتی تێگەیشتن لە کێشە سەرەکییەکە و دەرککردن بە جەوهەرەکەی، کەچی سەریان کردبووە سەر هەندێک شێوە رەفتار و چیرۆکێکی کۆنی پەیوەندییەکەوە. هەر هەڵسوکەوتێکمان جێگەی سەرنج و مەراق بوو. ئەمەیان زیاتر تووڕە و پەستی دەکردم. لەوە سەیرتریش ئەوەبوو هەندێک کەس بە مەرامی شاردنەوەی لاوازییەکان و بەجۆرێکی تر نواندنی حاڵەتی رۆحی هەوەسخوازییەکانیان و ئەو ناسەقامگیرییەی تیایدا بوون؛ کەوتبوونە ناو لێپێچینەوەیەکی زۆر بێ کەڵکەوە. لەجیاتی وەرگرتنی ئەنجامی پێویست لە رەخنە و ئەزموونی پەیوەندییەکی رابردوو، هەم لاساییکردنەوەیەکی خراپ و هەم مەراق هەبوو.

(کازم)یش زۆر گۆڕابوو. دەمگووت: "ئەو هەموو ساڵە چۆن نەمناسیبوو" و حەیفم لێدەهات. لە دیالۆگی ناو شیکارنامەکانەوە لەم بوارەدا بە کۆمەڵێک ئەنجامی دیار و بەرچاو گەیشتم، لەم خاڵەدا بەهەڵەدا نەچووبووم، ناحەقیم نەکردبوو. کاتێک باسی لەوە دەکرد کە خۆی زۆر بە باشی شیکار کردووە، لەمەدا راستگۆ نەبوو. لە ئان و ساتێکدا کە رەخنەی زۆر توندی ئاراستەی (ئەوانەی بوونەتە ئەسیری سۆزی خۆیان) دەکرد، سۆزەکانی خۆیشی پەرش و بڵاو دەکردەوە و لە بەرامبەریاندا تووشی دۆڕان دەهات، کە ئەمەش تەگەرەی دەخستە بەردەم دیالۆگ و گفتوگۆوە و بێواتای دەکردن. لەدۆخێکی وەهادا چۆن لێپێچینەوەیەک ئەنجامهێن دەبوو؟ رێزی خۆمم بە تەواوی لەدەست نەدابوو، بۆیە چارەسەریم لە زەمینەیەکی وەهادا نەدەبینییەوە. بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان و بڕیارداریيەکی جەوهەری هەبێت. لە هەندێک بابەتدا ناوزەدکردنم بە زوو و ناوەخت دادەنا، بەڵام

شیمانەی ئەوەم دەکرد کام هەڵسوکەوت و کامە هەڵوێست چییە و دەربڕی چییە. ڕێزداریی دەستکرد و ساختە بەلای منەوە جێگای بڕواپێکردن نەبوون و تەنیا وەکو سووکایەتییەک ناڕەحەت و بێزارییان دەهێنا.

هاتن بۆ وڵات و یەکتربینینەوە لە شاخەکان واتادار بوو. مەگەر سوێند و خۆزگەی گەورە تەنیا لەم دیدار و شادبوونەوانەدا بە واتای کۆنکرێتیی خۆی بگەیشتایە. هەرکاتێک یەکێک لەو هەڤاڵانەم بە گەرم و گوڕی دەبینییەوە کە هەڵگری ئاوات و باوەڕی تێکۆشان بوون، بست بست باڵام پێ دەگرت. یەکێک بووم لەوانەی کە بەهاتنی (کازم) هەستم بە خۆشحاڵییەکی گەورە کرد. پێشتر لەناخی دڵمەوە داوام لێکردبوو کە بەشێوەیەکی بەهێز شاخەکان لە ئامێز بگرێت و سەرکەوتن لەو خاڵانەدا بەدەست بهێنێت کە تیایاندا سەرکەوتوو نەبووین. تەنگاسی، تووڕەیی و زوویری نەکەوتە پێش ئەم خواستەوە و هەرگیز ڕێگەشم نەدەدا پێش بکەوێت. لەناخی خۆمدا بە ئەندازەیەکی کەمیش بێت سەرکەوتوو بووم لەوەی بیکەم بە خاتری هاوڕێیەتی ساڵەهامان. خۆشم زۆر سەرم سوڕمابوو، کاردانەوەکانی پێشووم وەلاخستبوو و زۆر هێمنانە مامەڵەم لەگەڵ نواندبوو. واتا هێور بووم، گەردەلوولەکانم خامۆش کردبوون، سۆزەکانیشم لەژێر کۆنترۆڵی خۆمدا بوون، تاڕادەیەک فێر ببووم کە خۆم زاڵبم بەسەریاندا. ئەگەر مەرجە ئەمانە ببن بە سەرەکیترین و ڕێزدارترین تایبەتمەندییەکانی هاوڕێیەتی، ئەوا نابێت شەڕەکانیشمان شەڕی بەرەیی بێت، نەدەبا بەرەو لێدانێکی بەرەییەوە بمان بات. پێویست بوو سەرلەنوێ ئەو ساڵانە شیرۆڤە بکرێنەوە و بگەین بە یەکانگیرییەکی هەڵسەنگاندن و مامەڵەی هاوبەش. ئەگەرچی

لەئاستی پێویستیشدا نەبێت، بەڵام هاوڕێیەتی خەباتی (20)ساڵەییمان هەبوو. لە هەڤاڵێتی ڕێگەدا، لە هاوڕێیەتی دۆزدا؛ بەردەوامی و مایندەیی بوون جێگەیەکی تایبەتی هەبوو، هێزبەخش بوو. زۆربوون ئەوانەی هەموو بەهایەکیان لەنیوەی ڕێگە بەجێدەهێشت. وەکو دەبیندرێت هەندێک ڕایانکرد! هەندێکیش بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن، بەڵام بە شەلەشەل، بە چەپ و ڕاستدا دەکەوتن و دەڕۆیشتن، ئەمەش لەکاتێکدا کە دوورەپەرێزییەکی زۆرییشیان لەناخی خۆیاندا هەڵگرتبوو. ئەوانە بوون کە توێخی خۆیان گۆڕی بوو! نە ئەوە بوو بەشێوەیەکی مەرد و ڕاستگۆیانە ببنە پشتیوان و نە ئەوەش کە بە ئاشکرا قەلاشییان بکەن! بەرگێکی چەواشەکار و دووڕوویان پۆشی. سرووشتی نەبوون، گەرم نەبوون. لە توێخی شەرم و چاوشۆڕیی دا هەڤاڵێتییان پیسکرد، شەرمەندەیان کرد.

دەمگووت: "ئەمەش شێوە تازەکەیەتی؟" و پێم ناوزەد نەدەکرا. زەحمەت بوو، ئازاری دەدام. هەوڵمدەدا خۆم قانیع بکەم. بەیەکەوە تێکۆشانی شاخەکانمان لە ئامێز دەگرت، نابێت خەنجەر لە هاوڕێیەتییەک بدرێت کە هەڵگری ئەو ئامانجەیە. بۆیە دواجار گووتم: "بڕۆ نامەوێت چاوم بە چارەتان بکەوێت، بڕۆن با هاوڕێیەتییەکی وەها بە چالاییی دۆزەخدا بچێت. ئێوە بەمجۆرە هاوکاریم دەکەن؟ پێویستم نییە، زیاتر زیانم لێ مەدەن و سەرشێتم مەکەن، هیچی ترم ناوێت! با یارمەتیتان هەر نەبێت..."

(کازم) بەردەوام دنەی دەدام، تووڕەی دەکردم. من دانیشتبووم و ئەو بە پێوە، لە شوێنی خۆی ئۆقرەی نەدەگرت. سەرەتا بە سووکی گووتی: "بۆچی ئاخر! چی ڕووی دا، بۆچی ناتەوێت چاوت پێمان بکەوێت؟" پاشانیش وەک دەرکی بە

هۆکاری کاردانەوەکەم کردبێت گووتی: "ئێوارەی رابردوو منیش لەگەڵ هەندێک لە هەڤاڵان قسە و گفتوگۆمان کرد. دیارە تاڕادەیەک پێشداوەری لە ئارادایە. بەڵام تۆ بەهەڵەداچوونی جددیت هەیە، پێداگیریت. گەرچی لە هەندێک بابەتدا حەیرانی ئەو پێداگیربوونەتم، بەجددیمە. بەڵام ئیتر دەبێت ئەوانە تێپەڕ بکەیت. دەمەوێت وەک کەسێکی بەهێز بتبینمەوە". لەو نێوەدا هات و بەسەری پەنجەی چەند تاڵێکی قژمی هەڵدایەوە بۆ دواوە کە نیشتبوونە سەر چاوم و بەردەوامبوو لە قسەکانی: "سەرت سپی کردووە، زۆر خەفەت دەخۆیت، ئاگات لێیە؟".. دڵنەوایی دەدامەوە یاخود دەیویست توورەترم بکات، بێدەنگ نەدەبوو و درێژەی پێدەدا: "دەزانی! دوو ساڵی رێک نەهاتمەوە سەرخۆم؛ تەنانەت شیکارنامەکانیشم پێنەخوێندرانەوە. بەڵام تۆ هەر بە خەیاڵیشتدا نەدەهات. تۆ چی لە خۆشەویستی دەزانی!" نەمویست بەردەوام بکات و گووتم: "بەسە، نامەوێت تاوناتاوێک ئەمانە دووبارە بکەیتەوە، نامەوێت گوێت لێبگرم". ئەو هەر درێژەی پێدەدا. دانم بە خۆمدا نەگرت و بەتەواوی تەقیمەوە: "ئێوە.. (کازم) و (کاراسو) ئەو هاوڕێیانەم کە لەهەمووان زیاتر دەمناسن.. بۆچی کەسێتییەکان بەشێوەیەکی راست لەقۆناخی زیندان بەجێ ناکەن و ناخوێننەوە؟ ئێوە لە هەمووان باشتر زوهاتتان دەناسی. زوهات رایکردووە، چی پەیوەندییەکی بە ساراوە هەیە، چی هەیە تا لەگەڵ ئێوەدا قسەی لەسەر بکەم؟ شەنەر، سەلیم، جاهیدە، زوهات... پێدەچێت کەسانی تریش هەبن رابکەن، کەسانێکمان تیادا بن رابکەن. بەڵام لە بیرتان نەچێت؛ هەتا ئەوانەی رادەکەن، ئەوانەی لەپاڵ سەرماندا بەرەو خیانەت رادەکەن زیاد دەبن، من مەزن و سەربەرزتر دەبم، شکۆ دەگرم و زیاتر پابەند دەبم. ئاوەهایە! خەڵکی چۆنیان دەوێت با بەو

شێوەیە شیرۆڤەی بکەن؛ گومان دروست بکەن، ئیتر قەد گوێی پێنادەم. زەمان داوەرێکی زۆر باشە و هەمیشە بڕوام پێکردووە. ئەگەر ڕووداوەکان دەخرێنە ڕوو، ئەوا پێویستە لەسەر بنەمای ڕاست بن، گفتوگۆی ڕاست و دروستیان لەسەر بکرێت. ئەگەر بە سەرچاوەی شتێک دابنرێم، ئەوا پێویستە لە چوارچێوەی هەڵە و کەموکورتییەکانمدا بێت. ئەم پارتییە لەژێر قۆرخی هیچ کەسێکدا نییە و پارتی منیشە. هەمیشە بە دەروونی تاوانکارییەوە ژییان ناکرێت".

سەرەپا لەناو هەنسک و هەناسەسواریدا دەهەژام و دەگریام. دڵم زۆر پڕ ببوو، زۆریشم لە خۆم نەدەکرد. هیچ گوێم بە (کازم) نەدەدا کە دەیگووت: "بەهێز بە، وەها مەکە" و بەردەوام بووم لە گریان.

بێ چارەییەک بوو، یان گەورە ژانی بەسەرهاتەکان؟ بە هەر حاڵ! ئەوەش ڕاست بوو کە بەو شێوەیە تەنیا خۆمم شەکەت دەکرد و هیچی تر و ئاشکرایە کەسیش ئەمەی بەلاوە خۆش نەبوو. زەمینەی تێکۆشان و شەڕ هێشتا لاواز بوو، هێشتا گفتوگۆکان بێ ئەنجام بوون و بەوجۆرەش هەر یەکەمان بەلای خۆیدا دوور کەوتەوە.

ئەوکاتە شانۆگەرییەکی هێنایەوە بیرم کە کاتی خۆی بەبۆنەی نەورۆزەوە لە زیندانی چەناک کالە پێشکەشی سەردانیکارانمان کرد. سیناریۆیەک ئامادەکرابوو کە چەند بەشێک لە ژیانی زیندانی لەخۆ گرتبوو و بە چەند بەشێکی تریش دەوڵەمەند کرابوو کە گوزارەیان لە حەقیقەتی خەڵک و گەلەکەمان دەکرد. ناویشی (مێژووی وڵاتی قەدەخەکراو)بوو، منیش لە بەشێکیدا ڕۆڵم دەگێڕا. بەهرەی شانۆکاریم نەبوو، بەڵام ڕۆڵی بەسەرهات و بەسەرهاتەکانی خۆمانم دەگێڕا. ڕۆڵی

(دایە ئاسۆ)م دەگێڕا. ژیانی پڕ لە درامای ژنە کوردێک، ژنێک کە تێکۆشان خوڵقاندبووی. دوو شێوەی جیاواز. شانۆگەرییەک بوو مۆنۆلۆگکرابوو. (دایە ئاسۆ) کە خۆی لە تەمەنی (70) ساڵە دەدات، دەگەڕێتەوە بۆ جاران و بەسەرهاتەکانی زیندوو دەکردەوە، هەر لە ساڵانی بووکێنییەوە تا بە (بێریڤان) دەگات کە نەوەیەتی و بەشداری گەریلا بووە... گریانی من لەکاتی شانۆگەرییەکەدا دڵی هەموویانی هێنایە کوڵ و دەستیان کرد بە گریان، تەنانەت لەناو تەماشاڤاناندا هەبوو بووڕابوونەوە. هەڤاڵ (نومان) کە بە داخستنەوەی پەردەی شانۆکە ئەرکدار کرابوو، لەبیری چووبوو پەردەکە دابخات، یەکەمجار بوو دەمبینی کە دەگری. لە شانۆگەرییەکەدا (بێ چارەیی) بوونی نەبوو، بەپێچەوانەوە گوزەرکردن هەبوو لە ژیانێکی پڕ درامەوە بەرەو ژیانیکی نوێ. بەتایبەتیش بۆ دیاردەیەکی بەرجەستە وەردەچەرخا. ژیانی تازە خوڵقێندراو لە کوردستاندا هیوا، ئومێد، هێز و ئیلهامی بە هەموو کەسێک دەدا.

بەخۆمم دەگووت: "ئەی باشە چۆن رۆڵەکەی خۆم بگێڕم؟" لەم شانۆیەدا دەبێت سەرلەنوێ (20) ساڵی رابردوو بژییمەوە، ئەویش بە زمانێکی روون و پووخت! زمانم مایەی تێگەیشتن نەبوو، سەرنج راکێش نەبوو، هاوڕێیانم وەهایان پێدەگووتم. دەنگم بەردەوام بۆنی چەوساوەیی، شەرمنی و پڕ لە ئازاری هەڵگرتووە. سەکۆی شانۆ، سەکۆیەکی ترە، تەماشاڤانان خەڵکێکی ترن، بەڵام (دایە ئاسۆ) وەکو خۆی بوو، لە شانۆییەکەی یەکەمدا رۆڵی کەسێکی تری بینی بوو، ئێستا لێرە پێویستبوو رۆڵی خۆی بگێڕێت، نەک (دایە ئاسۆ) دەبێت رۆڵی (سارا) بگێڕێت. نەک ژنێک کە تارماییەکەی بە پەردەیەکەوە دیار بکات، بەڵکو بێ پەردە و بەشێوەیەک رۆڵی دەگێڕا کە کەسانی

تریش لەناویدا سەیری خۆیان بکردایە. پێویست بوو کەسانی تریش خۆیان ببینیبا، چونکە شانۆگەرییەکە گوزارەی لە هەموو کەسێک دەکرد. بەڵام کەسانی تر هێشتا بەرگەی خۆسەیرکردنیان نەدەگرت و ئامادە نەبوون. شانۆگەرییەکەیان دەکردە یەکلایەنە. شانۆگەرییەکی یەک کەسی!

ئایا قۆناخێکی چۆن بوو، چۆن ئەو قۆناخە بە هەند وەربگیردرایە؟ بۆچی، رۆژەڤ دیار نەبوو؟ کێشەکان پێکەوە تاووتوێ دەکران و پێکەوە چارەسەر دەکران. چارەسەری بە پاڵەپەستۆ و رووشاندنی هاورێیەتی نەدەهات. چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای گەیشتن بە ئاستێکی پووخت، بەخرۆش، هێز بەخش و پەیوەندی بەهێز، راستترین رێگە بوو. بەڵام هێشتا لەسەرەتای کارەکەدا تووشی دۆخێکی دەروونی وەها ئاڵۆز و بەکاریگەر دەهاتم کە بێ چانسییەک بوو. شادی و خۆشیم لێ بڕابوو. زۆر شت بە جیاجیا و بێ ئامادەکاری رووی تێکردم. لەناکاو و لە ئان و ساتێکدا تووشببووم. کە هەریەکێکیان کاریگەری جیاوازیان هەبوو، هەموو سۆزێکمیان خستبووە ناو بەرداشی خیانەوە و خاش خاشیان دەکرد..

## نامەوێت هەرگیز بێنەوە یادم

ڕەنگینترین و سەیرترین دوایین ڕۆژەڤی کۆبوونەوەکە من بووم. کاتێک کۆمەڵێک وشەی وەک (زوهات) و زیندان و هاوشێوەیان هاتنە ڕۆژەڤەوە، (سارا)ی وەبیر دەهێنایەوە. لەکاتێکی وەهادا هەڤاڵ (ف..) بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ شتێکی هاوشێوەی کرد و گووتی: "بێگومان، لە بیرمان چوو، دەبێت هەڤاڵ ساراش ڕەخنە لەخۆگرتنی پێشکەش بکات". ئەو هەڤاڵانەی هەستیان بە ڕەوشەکە کرد بە هێواشی پێکەنین، من پێکەنینی خۆم نەشاردەوە و گووتم: "بەس نەبوو باسی زیندان کرا، ئەگینا منتان هەر لەبیر نەبوو".

لە ناوبڕی کۆبوونەوەکەدا ئەمانەم وەکو خۆی بە هەڤاڵ (ف..)ش گووت. پەسندی نەکرد، ئاماژەی بەوە کرد کە لەبیری چووە و لەو کاتەدا بۆ وەبیرهێنانەوە وەهای گووتووە. خۆ ئیتر گرنگ نەبوو، دیاردە و پێودانگەکانی لەبیرکردن و وەبیرهێنانەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

پلاتفۆرمی ڕەخنە لەخۆگرتنم زۆر جیاواز گوزەری. شانۆگەرییەکی زۆر جیاواز بوو. ئەگەر بەهرەم هەبووایە و هێزی شیرۆڤەی ڕاستەقینەیم پشان بدایە؛ ئەگەر ئەوەندە ناشارەزا و دوور نەبوومایە لە سیاسەت، دەمتوانی شانۆگەرییەکی زۆر باش بگێڕم. بەڵام من دیسان بە کۆمەڵێک دیاردەوە گیرمدەخوارد و شانۆگەرییەکەش لە درامایەکی یەک کەسی زیاتر تێپەڕی نەدەکرد. بەتایبەتیش کە هەرگیز نەمدەویست! ئەمەش لەکاتێکدایە کە ڕاستییەکی گەورە لەو نێوەدا بوو و زۆر بە ئاسانی دەستی پێڕادەگەیشت. هیچ کەسێک ئەو ڕاستییەی پێنەدەگۆڕدرا. بۆچی ڕۆڵ وەرگرتن لەدەست

کەسانی تر و هەڵسان بە گێڕانی ئەو ڕۆڵە ئەوەندە هێندە مەحاڵ ببوو؟ کەسانی تر دەنگی جوڵەکانی منی دەردەبڕی، کەچی من جیابووم و گووتاربێژانیش جیا. باشە هێشتاش درێژەم بە پێداگیری چی دەدا؟ تۆبڵێی پێداگیریکردن لەسەر شتگەلێک کە ئەوەندە لە ڕاستی خۆمیان دوور دەخستمەوە و ئەوەندە زەمینەیان دەدا بەهاتنە گۆڕێی ناخۆشترین شانۆ، چارەنووسێک بێت؟ گیرخواردن بە شانۆگەرییەکەوە کە بەردەوام لە دووبارەبوونەوە دایە و بەدرامایەکەوە کە هەڵگری بێچارەییە، مایەی ئەقڵ و تێگەیشتن نەبوو. ئایا کاتێک بەو جۆرە سنگم دەکردەوە و خۆمم دەکرد بە نیشانە بۆ هەموو تیرێک، تۆڵەم لەخۆم دەکردەوە؟ تۆڵە لەخۆ کردنەوە!

تەنانەت نامەوێت یادیان بهێنمەوە: چەندە وەبیری بهێنمەوە مێشکم زرم و کوتی دێت. دەمەوێت دەستبەجێ دوور بکەومەوە؛ نامەوێت هەرگیز بیری لێبکەمەوە و سەرلەنوێ تاکە ئانێکیشی دووبارە بکەمەوە. بەڵام ڕووداوەکان کاریان لە هەر یەکێک لە خانەکانی لەشم کردووە، بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی لێی دوور بکەومەوە، ئەمەش حەقیقەتێک بوو و منیش نەمدەتوانی لێی ڕابکەم. نەمدەگووت: "تازە بوو، ڕوویدا و گوزەریکرد" نەخێر! لە هیچ یەکێکیان ڕامنەکرد و ڕامنەدەکرد؛ حەقیقەتی خۆم بەهەموو ڕاشکاوییەکییەوە لەو نێوەدا بوو، تەنیا ئەوەندە بوو کە ئیتر بەرگەی هەندێک شتم نەدەگرت. ئیتر لەبەرامبەر دووبارەبوونەوەی هەمان دراما دانم بەخۆمدا نەدەگرت.

بەردەوام هەوڵی ڕوونکردنەوە، متمانە خستنە بەر باس، بەردەوام دۆخی پاراستن... ئەمانە منیان لاواز کردبوو و لە واتایەکیشدا بێچارەیان کردبووم. لێرەدا شکستەکانم نەیدەهێشت

هەڵمەتی نوێ ببەم. زیاتر چرچ و لۆچ و بەکاریگەری دەکرد. لە کۆنگرەکاندا، لە کۆنفرانسەکاندا و لە کۆبوونەوەکاندا کێشەی (سارا) وەکو رۆژەڤێکی تری لێهاتبوو. دوایین کۆبوونەوە تا رادەیەک کۆی کێشەی دوایین پێنج ساڵی رابردوو بوو. گفتوگۆکان دۆخی چەند بارە قەدکراوەی ئەوانی رابردوو بوو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لە دۆخی شەڕێکی سەختدا بووین و بە یەکێک لە قۆناخەکانی شەڕی دژی خیانەت لە باشووردا گوزەرمان دەکرد. کێشە سەرەکییە ریشەگیرەکان تاووتوێ دەکران و لە چاوەڕێی چارەسەرکردندا بوون. بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە رۆڵی خاڵی وەرچەرخانی دەگێڕا.

ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵان ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوون کە هەڵگری هەنگاوی پێشکەوتنی زۆر مێژوویی و گرنگ بوو. هەندێکیان یەکەم جاربوو دەهاتنە لای یەک. هەڤاڵ هەبوون کە مەراقم دەکرد، دەمویست ببینم و بیناسم. هاوکات رۆژەڤێکی دەوڵەمەندیش هەبوو کە بە بڕیاری گرنگی دەگەیاندین. لە هەمووشی گرنگتر رێنمایی و راسپاردەکانی (سەرۆک) بوون کە وەکو هەمیشە هەڵگری هەوڵێکی چڕ و پێشدیدەییەکی گەورە بوون، بەئاراستەی دۆزینەوەی لایەنی سەرچاوەی کێشە بنەڕەتییەکانمان و تایبەتمەندییە تەگەرە ئامێزەکانی ئەو کێشە و گرفتانە و هاوکات بەرەو پەسندکردنێکی ئاشکرا و پڕ لە وردەکاری و لایەنە بەرجەستەکانییەوە دەیبردم. خاڵێکی گرنگی تریش ئەوەبوو کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی گوزارەشتی وەک: "سەرچاوە خۆمانین، خۆمان بەرپرسیارین لە کێشەکان، روانگەی خۆمان رێگە خۆشکەر بوو...هتد" جێگەی زۆر جۆرە بیرکردنەوەی تری دەگرت. جیاوازییەک لە پێناسەکردنەوەی ئەو خوپێوەگرتن و

تایبەتمەندییانەدا نەبوو کە چەندین جار گفتوگۆ و رەخنەدانیان لەسەر کراوە، بەڵام شەڕ تا رادەیەکی تر توند و روونی بەدەست هێنابوو. دەکرێت بگووترێت هەنگاوێک لە سەرووی ئاستی کۆنگرەی پێنجەمدا بوو. لاوازییە ژیانییەکان لە هەموو بوارەکاندا و لە ڕووشانی ئایدیۆلۆژی و سیاسی تا بە کێشەی کادیر، لە تەکتیکەکانی شەڕ تا بە هەڵوێستە مرۆییەکان دەگات، بەتایبەتیش کێشەکانی کۆمیتەی ناوەندی و بەڕێوەبەرایەتی بەبێ هێنانەوەی بڕوبیانوو؛ گفتوگۆیان لەسەر کرا. ئەم لایەنە قورسایی زیاتری هەبوو. ئەگەرچی هەندێک کەسی خاوەن مەیلی سازشکارانە و لیبراڵیش هەبن، بەڵام ئاراستەی کۆبوونەوەکە لەو چوارچێوەیە دابوو. لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی گفتوگۆ و لێپێچینەوە - حیسابخواستن لە ئاستی پێویستیشدا نەبێت، رێبازێکی دیار و بەرچاو پەیڕەو دەکرا. لەم رووەوە بچووکترین گۆڕان و گەشەسەندن دەبووە مایەی دڵنەواییکردن و هیوابەخشی. بەڵام هێشتا زۆر کەموکوڕ بوو، بەتەواوی ئاسوودەی نەدەکردین. نەبوو بە سیستەمێک کە هەموو کەسێک بگرێتەوە و هەموو کەسێکیش بەبنەمای وەربگرێت. مرۆڤی سەرکەوتن و دەوڵەمەندبوونی تێکۆشانی چینایەتی ناوخۆ لەم خاڵەدا شاراوە بوو. هەروەها گەیشتن بەو ئامرازانەی کە هەمیشە و لە هەموو بابەتێکدا بەکاردەهێندران لەگەڵ بەکارهێنانی تەنیا لە هەندێک بابەت و لەبەرامبەر بە هەندێک کەسدا، هەمان ئەنجامی نەدەهێنا. کاتێک هەندێک ئامراز پێچەوانەی جەوهەری تێکۆشانی چینایەتی بەکاردەهێنران؛ رێگەی بۆ کاولکاری و ئەنجامێک دەکردەوە کە سارێژ بوونەوەی مەحاڵبوو.

دانەوەی باجی ئەو ئەرک و خەباتانەی کە مرۆڤ تیایدا سەرکەوتوو نەبووە، لێپێچینەوەی لەبارەی ئەو ئەنجامە نەخوازراوانەی ڕێگەی لەبەردەم ئاوەڵا کردوون و سزادانیشی، پێدەچێت لە جێبەجێکردنییاندا هەڵوێستی کەموکورت هەبن کە ئاساییە و کاریگەرییەکانی بەزوویی دەشکێن و تەنانەت ئازارەکەشی لەگەڵ وەرچەرخانێکی ئەرێنیانەدا تێکهەڵکێش دەبێت، بەڵام مامەڵە و هەڵوێستێکی نابەرجەستە و گشتاندن، تاکۆتا نابابەتی کراو، هەڵوێستی پێشداوەرییانە و بە نەرێنی نیشاندانی هەموو شتێکیش؛ مرۆڤ لەپەلوپۆ دەخات و جیهانی سۆز و بیری سەراوبن دەکات.

دوایین ڕۆژی کۆبوونەوەکە (سەرۆک) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە جارێکی تر بەشداری کردەوە. ئەرکدارکردن و جێبەجێکردنی نوێ لەلایەن (سەرۆک)ەوە دەستنیشان دەکرا. من (کاروباری وێژەیی)م پێسپێردرا. ئەرکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانم پێدرا. ئەو شەوە زۆر بە زەحمەت لەگەڵ (سەرۆک) قسەم بۆ کرا و بە تەواویش لە قسەکانی تر تێنەگەیشتووم. ئەگەر خەم و نیگەرانی لێکدانەوەی جیاواز و تێگەیشتنی جیاواز نەبووایە، دەمگووت کە نامەوێت قسە بکەم. بەڵام ئەوەشم پێنەکرا. لەلایەکی ترەوە هەڤاڵ (ف..) دیسان بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی ڕاپۆرتی زارەکی بە (سەرۆک) دا، هێزی ڕاستکردنەوەی ئەوانەشم لەخۆمدا بەدی نەکرد.

دواتر هەڤاڵ (کاراسو) و هەڤاڵ (عەباس) قسەیان لەگەڵ کردم. دیسان ڕاستییە گشتییەکانیان پێ ڕاگەیاندمەوە. پێیان گووتم کە گوایە وەکو دەریایەکم و پێویستە بنووسم، کۆتاییان بە قسەکانیان هێنا. منیش دووبارە و سێبارە پەنجەم لەسەر ئەو خاڵانە دانا کە قبووڵیان ناکەم. بەو جۆرە گفتوگۆکەش تەواوبوو.

## (پارچە) بە فیدای (گشتی)ی بێت

لەگەڵ (زەکی - شەمدین ساکیک) بۆ یەکەمجار بوو لە کۆبوونەوەکەدا هاتبووینە یەک شوێنەوە، لە گفتوگۆکردنی هەر رۆژەڤێکدا بە هەوڵە پڕ لە سەمەرەکانی و رەخنە و لێکدانەوە ناڕوون و بێ سەروبەرەکەی، بە ئەندازەیەک چارەی گفتوگۆکانی دەگۆڕی، بە هەر هۆکاریک بێت لە پلاتفۆرمی رەخنەدانمدا قسەی نەکرد، نەیویست قسە بکات. لەجیاتی هەوڵی کراوەبوون بۆ شەڕە قسە و بوێرانەکەی لە دانیشتنەکانی رابردووی، ئەمجارەیان چاودێریکردنێکی بێدەنگی هەڵبژارد. جگە لە یەک دوو هۆشیاریدانی بچووک، ئەو بێ هەڵوێستییەی سەرنجی راکێشام. ئەمە هەڵگرتنی یەدەکێکی بێ سنوور بوو یاخود حیسابگەراییەکی بێ سنوور بوو! بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی بەمجۆرەدا نە جێگە بۆ یەدەکێکی بێسنوور و نەجێگە بۆ حیسابگەرایی بێ سنوور هەبوو، چونکە پێچەوانەی جەوهەر و سرووشتی کۆبوونەوەکە بوون و هاوکات پێویست بە هیچ یەکێکیشیان نەبوو.

لێرەدا شتێکی تر زۆر بە ئاشکرایی خۆی دەدا بەدەستەوە؛ لە مژارێکی زۆر گرنگ و زۆر هەستیاردا ئامانج لە بێ هەڵوێستییەکی بەو جۆرە چی بوو؟ زۆر بیرم لێکردەوە. ئەگەر پێویست بکات کێشەکان لە چوارچێوەی کەسێتییەوە دەربخەین، ئەوا لە دۆخی گفتوگۆیەکدا کە رۆڵی سەرەکی و ریشەیی هەیە (یەدەکی بێ سنوور) تاچەند راست و بەجێ دەبوو؟

ئەم شێوازە زانستییە، کۆمەڵایەتییە و تا بڵێی حەقیقەت ئامێزە، شێوازێکی دیار و بەرچاوی (سەرۆک) بوو و هەموو کەسیش دەیزانی. ئەگەر لەلای ئێمە فیداکردنی پارچەکان ببووایە

بە پرەنسیپ، ئەوا نە پارچەمان بەدەستەوە دەما و نەگشتیش. بەڵام جێی داخ بوو کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پارچەکان بە کۆمەڵ فیدا دەکران. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە لە خودی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لەسەر بەکارهێنانێکی زۆر بێ ئەندازەی ئەو بابەتە کرابوو. کەوابوو تەنیا گفتوگۆکردن و گەیشتن بە کۆمەڵێک بڕیار وەڵامی هەموو شتێکی نەدەدایەوە. پێویست بوو بکرێت بە شێوازێکی ژیان و لە هەموو شوێن و کاتێکدا جێبەجێ بکرایە. ئەگەرنا هەندێک شت دیسان بە نیوەناچڵی دەمانەوە و ڕووخاندنی (تابۆ)کانیش ئەستەم دەبوو.

لەلای ئێمە مامەڵەکردن سەبارەت بە پرسی ژن و مەیلە دەرهاویشتەکانی پێوەری زۆر گرنگن. لە ئاستێکیشدا شۆڕشگێڕیتی لەم خاڵەدا تاقی دەکرێتەوە. شۆڕشگێڕ؛ هەڵوێستی سۆسیالیستی و بوارە تایبەتەکانی ژیان ڕەت ناکاتەوە. لە گووتاردا هەمووان پەسندی دەکەن. ئەگەر ئامانجی سەرەکی ڕزگارکردنی ژیان بێت لەلایەنە وشک و ڕەقەکانی، لەو لایەنانەی دوورن لە خۆشەویستی، بەشداری و ئیرادەی هاوبەش هەڵناگرن و شانبەشانی ئەوانەش یەکانگیربوون بێت لەگەڵ شوێنگە و دۆخە زۆر دەوڵەمەند، زۆر سەرکەوتووانە و پڕ لە گەشەسەندنەکاندا، ئەی باشە بۆچی لەبەرامبەر بە لایەنە ڕێگر، دواکەوتوو، سەرەتایی و پڕ لە حیساب و کیتابەکانمان دانبەخۆدا دەگیرا؟ هەر جارە و هەندێک شت لە جەمسەرترین خاڵی خۆیدا ڕەتدەکرایەوە، بەخراپ دادەنرا و نەفرەتی لێدەکرا، کەچی لەبەرامبەریشدا دیاردە پێویستەکانی بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندییە گەرم و پڕخرۆشانە نەگەیەندران بە ئاستی خۆشویستن و پەسندکردن کە لە بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکاندا کۆیدەکردنەوە. هاوڕێیەتی؛ پەیوەست نەکرا بەو خاڵەوە، لەجیاتی

پاڵاوتەکردنی لایەنە هەڵەکانی، روو لە ئاسانەڕێی وەلاخستن کرا؛ زەمینەی دوورکەوتنەوە و دوورخستنەوە گەورە کرا. ئەم هەڵوێستەش شێوازێکی نەریتانەی وەرگرت.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆر بۆ هەندێک تابۆ هێندرا، بەرەو ڕووخان چوون و دواجار رووخان. بەڵام هێشتاش لەهەندێک بابەتی بنەڕەتییدا محافەزەکاری توند هەبوو کە زیاتر لە ناڕوونی هەڵوێست لەبارەی کێشەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. تەنانەت بە شێوەیەکی گشتی لە لێکدانەوەی کێشەکانیشدا؛ بەرتەسکیی لە تیۆری و ئایدیۆلۆژی، تا بڵێی یەک ئاراستەیی و وشکی هەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا بێ بڕیاری و بێ ڕێبازییەکی بێ وێنە لە بواری بەرجەستەکردنی لە ژیاندا زاڵ بوو. ئەمەش دەبووە مایەی کاولکاری و ئەنجامی زۆر پێچەوانە. بەم شێوەیە ئەو لایەنانە ریشەیان دادەکوتا کە کاریان پەلکێشکردن بوو بەرەو دواوە. هەوڵی زۆر لاواز هەبوو بۆ گەیاندنی وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە خاڵێک کە مایەی خۆشی و رەزامەندی بێت، کە بڕوا بەمە و بە پێویستییەکانیشی نەدەکرا! هەر بەم هۆکارەیە نەماندەبینی کە لە راستیدا ئەو تایبەتمەندییانەی زۆر رەخنەمان دەکرد و تووڕەیی خۆمان بەسەردا دەباراند، تایبەتمەندی هەموومانن و لەبنەڕەتدا ژیانێکی جیاوازمان نییە و نەشماندەویست ئەم راستییە ببینین. دیارە ئەم هەڵوێست و خوێندنەوەیە تاکە سەرچاوەی سەرەکی ئەو هەڵمەتە ئاسانانەمان بوون بۆ سەر کەسانی تر و بەرامبەرەکانمان.

هاوکات شەڕێکیش هەبوو کە لەبەرامبەر ژن دەکرا! شەڕ، بەڵام لە هەمان کات و پێکەوە و شانبەشان... بوارێکی شەڕ بوو کە زۆر بە زەحمەت و مەحاڵ دادەنرا، بەڵام لە جەوهەری خۆیدا

بەهێزترین ژیانی هەڵگرتبوو. یەکانگیربوونیش لەسەر بنەمای ئەو شێوازەی کە دەرکەوتەی خۆیەتی، هاوئاستی خۆی گرنگ و پێویست بوو. باشە ئەگەر لە کوردستاندا شەڕ بە دۆخی دیاردەیەکی راستەقینە گەیشتبێت و سەلمێندرابێت و باوەڕی پێدەهێندرێت، کەوابوو بۆچی لە تەیارکردنی بە پەیوەندی رێزدارانەدا ئەو هەمووە زەحمەتییەمان دەهاتەڕێ؟ بۆچی گوشارم لێدەکرا؟ پێویست بوو زۆر بە جوانی نهێنی ئەو شەڕەمان ئاشکرا بکردایە کە ئەو هەموو پەرەسەندن و گەشەکردنەی هەڵدەگرت.

## بەسەرهاتەکانم دەبن بە پەڕتووک...

دوای کۆبوونەوەکە لەگەڵ هەڤاڵ (ف..) وتووێژمان کرد. وتووێژەکەشمان لەو بەشە نوێیەی ئەشکەوتەکەدا بوو کە بۆ بڕیارگەی ناوەندی ئامادەکرابوو. لەناو ئەشکەوتەکەدا بە نایلۆن چەند بەشێک جیاکرابوونەوە. هۆڵی کۆبوونەوەکەی چەند ڕۆژی رابردوو بەجوانی ڕێکخرابوو. دیوارەکەی بە قوماشی ڕەنگ سوور داپۆشرابوو و کەمی ڕووناکی ناو ئەشکەوتەکەش کەشێکی زۆر قورسی دروست دەکرد. زەمینی ئەشکەوتەکە چەوڕێژ کرابوو. دەرگا نایلۆنەکەشی لە هەمانکاتدا ڕۆڵی پەنجەرەشی دەبینی. شێوەدان بە شوێنی کار و خەباتێکی وەها گرنگیش پێویست و جێی بایەخ بوو، چونکە کاری لە ئەنجامی کار و خەباتەکانیش دەکرد.

دوای ئەم ماوە کورتەی چاوەڕوانیکردن، هەڤاڵ (ف..) گەڵاڵەی دوایین گووتارەکەی (سەرۆک)ی پێدام کە بە تەلەفۆن پێشکەشی کردبووین. بەرلەوەی بیداتە دەستم، خۆی چاوێکی بە دوایین لاپەڕەکانیدا گێڕا و هەوڵیدەدا لەوێوە ئەوەم بۆ بخوێنێتەوە کە دەیەوێت پێمبڵێت. کاتێک نەیدۆزییەوە وازی لێهێنا و گووتی: "ئەمە بخوێنەرەوە، سەرۆک هەندێک پێشنیازی هەیە، ئەوانەی بۆ تۆن لە دەمەو کۆتاییەکان دان. بەڵام تۆ هەمووی بخوێنەرەوە، بیریان لێبکەرەوە و دوای نیوەڕۆش وەرە با گفتوگۆ بکەین".

لە خێوەتە نایلۆنەکەمدا بەدرێژایی نیو ڕۆژ بەتەنیا مامەوە، راسپاردەکەم خوێندەوە و شیرۆڤەم کرد. ئەمەش دەبووە سەرەتایەک بۆ نووسین. کەوابوو تا دەچوو خواستی نووسین گەشەی دەکرد. تەنانەت هەندێک شتیش هەبن فشارییان بۆ

دەهێنام، لەناخی خۆمدا خواستی نووسینیش چەکەرەی دەکرد. دەبووایە ئەو ژیانە بنووسرایە کە زۆر قسە، گفتوگۆ و زەمی دەکرا! بەڵام ئەو شتانەش کەم نەبوون کە پێم هەرس نەدەبوون، دووریان دەخستمەوە و خواستی نووسینیان لەلا نەدەهێشتم. پێویستبوو ئەوانە لەنێو ببردرێن و چارەسەر بکرێن. هەڵبەتە ئەمەش لەماوەیەکی کورتدا نەدەکرا، پێویست بوو ئەو راستییەش پەسند بکەم.

کار و خەباتی وێژەیی!... "نووسینەوەی یادەوەرییەکان لە تێڕوانین و روانگەی خۆمانەوە.... لە زمانی جریوەی بەهارانەدا..." بەش بەش ئەو هەڵسەنگاندنانەی لە راسپاردەکەی (سەرۆک)دا جێگەیان گرتبوو لە مێشکمدا دووبارە دەبوونەوە. گەڵاڵەکەم خوێندەوە و بەوشێوەیەش لەسەری قاڵبوومەوە. دیسان خواستێکی نابەدڵم هەبوو بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە لەگەڵ هەڤاڵ (ف..). چیمان تاووتوێ بکردایە؟ ئەو چیرۆکەم بۆ دووبارە دەکردەوە کەوا لە پلاتفۆڕمەکەی چەند رۆژی رابردوودا باس و قسەم لەسەر نەکردبوو؟ چوارچێوەی چۆنێتی نووسینەکەیان بۆ دەستنیشان دەکردم؟ لە سەرەتاکاندا هیچ خواستی نووسینم نەبوو. سەرەڕای ئەوەش هەڵسام و رۆیشتم. لەڕێگەدا خۆزگەم خواست و گووتم: "دەی با هەر هیچ نەبێت هەمان شت دووبارە نەبنەوە" و هەوڵمدا هێمن و لەسەرخۆ بم.

هەڤاڵ (ف..) کاتێک دەستی بە قسە کرد دیاربوو زەحمەت بوو بەلایەوە. لەسەر کاغەزی سەر مێزەکەی بەردەمی تێبینی دەنووسی. کاغەزەکەی رەش دەکردەوە، شکڵ و شێوەی جیاجیای دروست دەکرد. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە هەڤاڵ (ف..) بەگشتی خۆی زۆر ورد و خاوێن بوو، هەرگیز تێبینییەکانی

بەمجۆرە هێڵکێش نەدەکرد و نەیدەشێواند، هەرگیز کاغەزەکەی قرێژ نەدەکرد. ئایا قسەکردن لەگەڵ کەسێکدا – واتا من – زۆر زەحمەت بوو کە لە زەمینەیەکی تردایە و بە زمانێکی تر قسەی دەکرد؟ یاخود لەبەر ئەوەبوو کە جگە لە گووتراوەکان شتێکی تری پێ پەیدا نەدەبوو بۆ قسەکردن؟ کاتێک بینیم زۆری بۆخۆی هێنا و دەستی کرد بە قسە، خۆشم پێی کاریگەر بووم. لە راستیدا هەردووکیشمان دەمانزانی کە چی دەڵێین و شیمانەمان دەکرد. دەشبێت هەر ئەمە بێت کە زۆری بۆ دەهێنا. سەیربوو! هەر لە سەرەتاوە و لەیەکەمین دیدار و دیالۆگی دوای 16 ساڵی رابردوو، بە هەڵگرتنی قین و تووڕەیی و جۆرە ساردییەکی سەرچاوە نادیارەوە و هەروەها جۆرە دەنگێک کە کۆی گشتییانی لەناخی خۆیدا هەڵدەگرت بەردەوام پێی دەگووتم: "تۆ بە زمانێکی تر قسە دەکەیت، تێگەیشتن لە تۆ زەحمەتە. ئەو زەمینەی لەسەری دەژیت جیایە. بەگوێرەی خۆت دەڕۆییت...هتد"، بەڵام بەر لەوەی قسە و دیالۆگ بکەین دەیزانی و شیمانەی دەکرد چی دەگووترێت و دەشتوانم بڵێم زۆر بە ئاسانی بیرکردنەوەکانمی دەخوێندەوە. زمانی قسەکردنمان، شێوازمان لە دەربڕینی رووداوەکاندا جیا بوو، ئەمە راستییەک بوو. بەڵام لە هەموو بابەتەکاندا جیاوازییەکی ریشەیی لە ئارادا نەبوو. زۆر شت هەبوون کە لە شێوە و کاتی جیاوازدا بیرکردنەوەی هاوبەشمان هەبووە. ئەو خاڵەش کە من واتام پێنەدەدا هەر ئەمە بوو! ئەگەر تۆزێک بێ پێشداوەرییانە، بە پشوودرێژیی و بەڕاستیش بە خواستی تێگەیشتنەوە مامەڵە بکرایە، ئەوا بەو ئەندازەیە یەکتریمان لە بەرەی جیاجیا دانەدەنا و هەڵسەنگاندن و پێشداوەری جیامان لەسەر یەکتر نەدەکرد.

گووتی: "... نووسین بە سزایەک بە سنووردارکردنێک لە قەڵەم دەدەیت. بێگومان گەورەکردنەوە و زێدەڕۆیی لە رەخنەکاندا هەبوون، بەڵام تۆش لە بەرامبەردا بەردەوام خۆت دەپارێزیت. پێویستە خۆت لە دەروونی (ناحەقیم لێکرا) رزگار بکەیت. لەم واتایەدا نووسین سوودبەخش دەبێت... دەبێت بە هەڵمەتێک...هتد" دەستپێکی قسەکانی بەمجۆرە داڕشت. بێگومان هەڵسەنگاندنێکی سەیربوو...

راستە؛ هەڵوێستی سنووردارکردنم لە ئارادا هەبوو کە لە کۆبوونەوەکەدا بە ئاشکرا دەستنیشان کرا و گووتیان: "زۆر بێ سنوور بەناویدا رۆدەچیت و سەر دەکەیت بە هەموو کارێکدا، زوو کاریگەری دروست دەکەیت، بەکاریگەر دەبیت. کادیرەکان دەکەونە ژێر کاریگەری تۆوە. بەوهۆکارە لە ئاستی رێوشوێنێکی پێویستدا سنوورمان بۆ دانایت، تۆمان لەژێر کۆنترۆڵدا هێشتەوە". (رێوشوێنی پێویست)یش ئەوەبوو لە شوێن و بە شێوازێک جێگەم بۆ دەستنیشان کرا کە خۆم لە قەرەی هیچ کارێک، هیچ هەڤاڵێک و رێکخستن نەدەم؛ لە کەنارێکدا دانیشم و بنووسم! من بەمجۆرە دەستم بە کار و خەباتی وێژەیی کرد!. دۆخی بابەتییانە بەمجۆرەیە، ئەوەی گووترا و بەرنامەی بۆ داڕێژرا بەو جۆرەبوو. بۆ تێگەیشتن و دەرککردنیش بەمە، پێویست بە زەمینەی تر ناکات. بەمشێوەیە توانرا رێگری لە کاردانەوەکانم و رەنگدانەوەم بگیرێت! بڕیارێک بوو. بەم هۆکارە سەرلەنوێ گفتوگۆکردنی هەمان ئەو شتانە هیچ واتایەکیان نەدەبوو.

هەرچەندە بشڵێم: "هێشتا زووە بۆ ئەوەی بەمشێوەیە خۆم نابەرجەستە بکەم و بنووسم. دەمەوێت بە شێوەیەکی تر کار بکەم و خۆم ئاوێتە بکەم. دەمەوێت بچمە ناو یەکینەکانی

پراکتیکەوە...هتد' هیچی لە ئەنجامەکەی نەدەگۆڕی. دانپێدانانێکی وەک؛ گەورەکردن و زێدەڕۆییکردن لە رەخنەکاندا ((هەرچۆنێک بوو لەو دوا رۆژانەدا هەستی پێکرابوو)) چیدی واتای خۆی لەدەستدابوو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هەندێک لە هەڵسەنگاندنەکان لە رووی ناوەڕۆک و شێوەشەوە رەخنە نەبوون. لەو ئاستەدا بووم کە لەمانە تێبگەم. هێشتا هەستەکانی تێگەیشتن، بیرکردنەوە و شیرۆڤەکردنم لێ ون نەببوو. بەپێچەوانە لەبەرامبەردا زۆر بەکاریگەر کاریان دەکرد. تاکۆتا هەستیار بووم و کاردانەوەکانیشم دزەیان کردبووە ناو ژیانەوە.

ئەوەش راست بوو کە لە (دۆخی پاراستن)دا بووم. خۆم بەجۆرێک لەپەلوپۆ خستبوو کە لە دۆخی لاوازترین و بێکاریگەرترین پاراستندا بووم. شێوازی لێکدانەوەم بۆ کێشەکان؛ رووبەڕووی پارتی دەکردمەوە. ئەم خاڵەش ترسێنەر بوو، بوێری دەشکاندم، زۆر دەیترساندم. چونکە لە دۆخێکی وەهادا زۆر هەرزان و زۆر ئاسان لەبەرەی دژدا دادەنرایت. هەرچییەک بۆ کەسێک بگوترێت کە لەبەرەی دژدا دانرابێت، بۆ منیش گووترا، تەنانەت بە زیادیشەوە! تەنیا هەندێک وشە مابوون بەکار نەهێندرابن یاخود ئەوانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەکارهێنران. زۆر لەوانە قورستتر و بکوژانەتر بەناوی هاوڕێیەتییەوە زۆر بەکار هێندرا و وێنەیەک هێڵکێشکرا کە لە هیچ شوێنێکدا جێگەی نەبوو، ناوێکی بەگوێرەی منی بەسەردا بار نەکرابوو.

لەولاشەوە؛ ئەو بەهایەی (سەرۆک) بۆ کار و خەباتی نووسین دایدەنا جیاواز بوو. پێویست بوو هونەر و وێژەی شۆڕشگێڕی بخولقێندرێت و لەم چوارچێوەیەدا کار و خەباتێک بکرێت کە شۆڕشەکەمان بکاتە نموونە. (سەرۆک)

دەوڵەمەندترین و شکۆمەندترین خوڵقێنەری بوو. هەوڵ و کۆشش بۆ بەرفراوانکردنی ئەو چوارچێوەیە و خواستی پێشخستن و گەشەپێدان لەلایەن خودی بەسەرهاتەکانەوە، خواستی زۆر سرووشتی و بەجێ بوون. لەواتا و گرنگییەکەی تێدەگەیشتم و دەمزانی کە پێویستییەکە. جەوهەری رەخنەکانیش لەم بوارەدا مایەی تێگەیشتن بوون و دەمزانی ئەوانەی سەبارەت بە من دەگووترێن هەڵگری چۆن ئامانجێکن. لەم خاڵەدا شتێکم نەبوو لەسەریان بیڵێم. تەنانەت نەمدەویست گفتوگۆشیان لەسەر بکەم. زیاتر قاڵبوونەوەم لەسەر خاڵگەلێکی وەک: "چۆن دەتوانم خۆم لەو چوارچێوە دەستنیشان کراوەدا جێگیر بکەم؟ چۆن دەتوانم ئەو رووداو و دیاردانە باشتر و جوانتر لێکبدەمەوە کە بوونەتە مایەی هەندێک هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی تر؟ چۆن دەتوانم رەخنەکراو و رەتکراوەکان لێکجیا بکەمەوە؟" دەکرد. چونکە سنوورێکی بۆ نەهێڵدرابووەوە !. هەڵسەنگاندنی هاورێیانم سەبارەت بە نووسین و هەڵوێستیان لەبارەی گەیشتنم بەم بڕیارە، تابڵێی جیاواز بوو. ئەو فەرمانەی (لینین) بە (مەکسم گۆرکی)ی کرد بۆ نووسینی (دایک) زۆر جیاواز بوو لەگەڵ هەلومەرجەکانی نووسینی من. من بە نووسین گوایە "زەمینەم دەگۆڕی!" دیارە گۆڕینی زەمینە بە نووسین، چانسێک بوو کە بۆ یەکەمجار دەبوو بە نسیبی من! بەڵام من دەمگووت ئەم لۆژیکە لەناوخۆیدا زۆر ئاڵۆزە، زۆر بێ پرەنسیپە. لەکاتێکدا کە بە ژیان و پێکەوە کارکردن و هاوبەشکردنی زەمینە هەبوو، بە نابەرجەستەکردن و کۆچ و رەو پێکردن لە زەمینێکەوە بۆ زەمینێکی تر زۆر جێگەی واتا نەبوو بەلامەوە.

هەڤاڵ (ف..) هانی دەدام بنووسم! بە هێنانەوەی کۆمەڵێک نموونەوە چوارچێوەیەکی بەرفراوانی دەستنیشان دەکرد کە لەپاڵ باسە گشتییەکاندا، تا بە دێرسیم، خێزان و تایبەتمەندییەکانی دەوروبەر دەگات و دەیگووت: "دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ رۆژگاری منداڵیت و لەوەێوە دەستپێبکەیت... پێویستە پەیوەندی نێوان یاداشتەکان لەگەڵ نەتەوە و خاک بخرێنە روو..." لێرەوە دەستی پێدەکرد و چوارچێوەیەکی گشتی هێڵکێش دەکرد.

(سەرۆک) گووتبووی: "دەتوانێت یادەوەرییەکانی کۆبکاتەوە". هاوڕێیانم هێڵێکیان بەسەر رۆژنووسەکانمدا هێنا، لە کۆبوونەوەکەدا پێیانگووتم: "ئیتر رۆژنووس بۆ تۆ قەدەخەیە. بووە بە نەخۆشییەک..". دەیانویست لەو نەخۆشییە رزگارم بکەن! تەنانەت لەم لایەنەشەوە بیریان لەوە دەکردەوە کە دەتوانم رۆژنووسەکانم بە ژێرخانێک لێکبدەمەوە و هانیان دەدام. لە هەناسەیەکدا رۆژنووسی یادەوەرییەکانم واتا یاداشتەکانم ببوون بە زیانبەخش و بە خراپ دانران. لە ریزپەڕترین حاڵدا تێنەگەیشتن لە بەهیچ دانانێک!

چەند سەیرە! تا دەچوو منیش زۆر شتم تەرک دەکرد کە مایەی ئەرێکردنی ئەو هەڵوێستە بوون. بەتەواوی هەوڵمدا تێبگەم چییە ئەوەی تەرکی دەکەم. نووسینەوەی یادەورییەکان ئەوەندە خراپ و مەترسیدارە کە مرۆڤ بەرەو نەخۆشی چەقبەستنەوە ببات؟ ئەوەی رەنگدانەوەی هەبوو، تێرژیانی خودی ژیانە، وەک شیعرێک؛ چۆن شیعر لەچڕترین دۆخی سۆزداریدا دەنووسرێت، دەربڕی لەو سۆزە دەکرێت، چۆن ئەو ژیانە مەزنە لە وشە و کۆپلەکانی باردەکرێت و بەوجۆرە؛ جوانی و بەردەوامیی تێکۆشانەکەشی واتایەک بەدەست

دەهێنێت، ڕۆژنووسیش بەهەمان شێوە لەژێر کاریگەری چڕوپڕی ژیانی ڕۆژ و ساتەوەختەکاندا دەنووسرێتەوە. ڕووداوەکان لە گەرماوگەرمیدا شیرۆڤە دەکرێن و تێیدا ژیان دۆخی شەڕ و تێکۆشانێک لەخۆی دەگرێت. زیندوویێتی و پڕجوڵەیی یادەوەرییەکان هەرگیز مەترسییان نابێت. ئەگەر سۆز، ئاوات، خەون، کاردانەوە، خواست و یاخیبوونی کەسێتی بە پووختترین شێوە لەوێکانەدا دەهێندرێتە زار، ئەوا ترسان و ڕووکردنە وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست لەبەرامبەریدا؛ بە کاری ئەقڵ ناشێت. کەوابوو شەڕ چییە؟ ئایا شەڕێک هەیە کە ئەو دیاردانەی لەناخی خۆیدا هەڵنەگرتبێت؟ یاخود شێوازێکی تری شەڕ دەهێنینە کایەوە؟ مرۆڤێک کە هەموو کەسێکی لە قاڵبێکدا جێگیر کردبێت، سۆز و ئاواتەکانی سەرکوت کردبێت، مەنگ، وشک، کاردانەوەکانی شاردبێتەوە و یاخیبوون و سەرهەڵدانەکانیشی لەناخی خۆیدا قفڵ کردبێت، چۆن بەخرۆشەوە شەڕی پێبکرایە؟

ئەوەی بەردەوام باسی لەمانە دەکرد، ئەوەی بەردەوام تووڕە دەبوو لەوەی کە بە تراژیدیترین شێوە مرۆڤ خەرج و وشک دەکەین و بەخاڵی بنەڕەتی شکستەکانی هەژمار دەکرد؛ هەر خۆمان بووین، ئەوەشی کە ڕێگەی بە گۆڕان نەدەدا، هەموو جۆرە گۆڕان و جیاوازییەکیشی دەخستە سەنگەری دژبەری خۆیەوە هەر خۆمان بووین. چەندین ڕۆژ بیرم لەمە کردەوە کە ئایا دەبێت لەکام لە گرێیەکانییەوە خوێندنەوە بۆ ئەم ناکۆکییە بکەم. ئیدی پێویست بوو بەشێوەیەکی مسۆگەر دەرکی پێبکرێت کە یەکڕەنگی ژیان ڕێگەی بۆ چی ئاوەڵا کردووە.

ئیدی هەڤاڵان وایان لێهات بەردەوام باس لە کار و خەباتی هونەر – وێژەیی بکەن. هەڤاڵ (ف..) و هەڤاڵانی تر لە هەر

دیدەنی و دیالۆگێکدا بە هێنانەوەی نموونەی جیاجیا سەبارەت بە وێژە، گرنگی بابەتەکەیان دەخستەڕوو. راسپاردە و رێنماییەکانی (سەرۆک) رێگە خۆشکەربوو ئەگەرنا لەکاتی تردا کەس تەنانەت خۆی لە قەرەی وێژەش نەدەدا. کەس بە ئاسانی نەدەکەوتە ناو گفتوگۆی لەو جۆرەوە، چونکە زۆربەی کات؛ بیر و بۆچوونی نووسین بە"هەلپەرستی – ترسنۆکی" ناوزەد دەکرا. بێگومان ئەمەش تادەهات تێپەڕ دەکرا، بەڵام هەر کەسێک کە دەیبینیم؛ دەستبەجێ باسی وێژە، هونەر و رۆمانی دەکرد – ئەگەرچی کەمێکیش گوزارشتی لە هیوایەک دەکرد – بەلای منەوە زۆر جددی نەبوو. بێگومان کەمیش نەبوون ئەو هەڤاڵانەی لەناخی دڵەوە خوازیار و پشتیوان بوون. هەڤاڵ (ف..) لە دیدەنی و یان بەسەرکردنەوە کورتخایەنە سەرپێیی و شێوە نافەرمییەکانیدا سەراپای باسەکەی دەبردە سەر هونەر. هەر لە کۆپلەکانی (ئەحمەد عارف)[80]ەوە تا دەگات بە فیلمە بەکاریگەرەکانی (یڵماز گۆنای) درێژەی بە باسەکەی دەدا.

بەبێ دەنگی بەشێک لە شیعرە لە چاپ نەدراوەکانی (ئەحمەد عاریف)ی بۆ دەخوێندمەوە کە هێشتا لەیادی نەکردبوون. پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە خوێندوومانەتەوە یاخود نا، هیچ یەکێکمان نەمانخوێندبووەوە. (جەمال سورەیا) ئەو کارەی لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام یان مرد یان کوژرا! هەڵبەتە

---

[80] شاعیر و نوسەر و رۆژنامەنووسێکی ناوداری کوردە و خەڵکی شاری ئامەدە، هۆنراوە و کارەکانی زیاتر لەسەر مرۆڤی چەوساوە و زوڵملێکراوە. بەرهەمەکانی بە زمانی تورکین.

ئەگەر لە ژیاندا بوونایە ئەوا (ئەحمەد عاریف)یش و (یڵماز گونەی)یش گەلێک شاکاری زۆر بەهاداریان دەهێنایە کایەوە. دوو مرۆڤی بەنرخ و بەها. شەیدای شیعرەکانی یەکێکیان و فیلمەکانی ئەوی تریان بووم. (33 گولله؛ که دەمخوێندەوە بەردەوام وەک گوللەیەک تووڕەیی لەناخمدا دروست دەکرد. (باوک لەگەڵ پاشای قێزەون)ی (یڵماز گونەی)، شەڕ و تێکۆشانی دەهێنایە زار. هەڵبەتە هەڤاڵ (ف..) کاتێک باسی لەمانە دەکرد پڕ بەسۆز و وەک خۆیشی لەناویدا ژیابێت باسی دەکرد.

## "دەشێت لە شاخ نەبووبم بە گەریلایەکی باش
## بەڵام بەبڕیار بووم ببم بە کچە جوانەکەی گەلەکەمان"

دوابەدوای کۆبوونەوەکە بەهۆی (خەباتی وێژەیی تایبەتمەوە) لە هەڤالان دوورکەوتمەوە. چونکە پێویست بوو لەسەرم کە بیربکەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش زۆر چاوم بە کەس نەدەکەوت. بەردەوام سەردانی هەڤالانی گرووپی تورکیام دەکرد کە نزیکبوون لە شوێنەکەمانەوە. گرنگییەکی ترم بەوان دەدا. لایەنێکی تایبەتیان هەبوو. نزیکی و گەرمیی قووڵایی دۆستایەتی و خوشک و برایەتیمان دەگەڕایەوە بۆ دێر زەمان. لە مێژووی تێکۆشانماندا ئەم پەیوەندییانە بایەخ و واتایەکی گەورەیان هەیە، کە دوو شۆڕشی بە توندی پێکەوە دەبەستەوە. وەکو خۆشم کاریگەری سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ئەو مرۆڤە جوانانە هەبوو لە کرانەوەم بەڕووی شۆڕشدا.

لەو گرووپەدا بۆ یەکەمجار لەگەڵ (پیر) یەکترمان بینی، لەدوای شەهیدبوونی (ژیان)ی خوشکە گەورەیەوە، شێواز و واتای دیالۆگی نێوانم لەگەڵ (پیر) گۆڕابوو. تەماشای دەکردم وەک بڵێت: "کوانێ ژیان؟". ئێش و ئاواتی هاوبەش بە هەموو هەڵسوکەوتەکانی هەردووکمانەوە رەنگی دابووەوە. هەڵبەتە بۆ وەبیر هێنانەوەی (ژیان)یش پێویستی بە قسە نەدەکرد. (ژیان) راستینەیەک بوو کە بە ژیانەوە رەنگی دابووەوە و جوانی رەنگاڵییەکی کریستاڵیانەی پێبەخشی بوو، خودی راستییەکان بوو. ئەو لایەنەی لە (پیر) دا دەژیا؛ (ژیان)بوو، خودی ئەو بوو. زۆر پێکەوە نەمابوونەوە. ساڵی 1994 هەردووکیان لە تابووری تایبەت بوون لەنێوان هەرێمی بەستا – بۆتان دا.

بەهۆی شاڵاوی پەلاماری بەرفراوانی دووژمنەوە و بەهۆی شوێنگۆڕینی بەردەوامەوە نەیانتوانی بوو یەکتر ببینن. دەشبێت هەر ئەوان بن بەکەمترین شێوە یەکتریان بینی بێت و بەشێوەی پچڕ پچڕ لەگەڵ یەکتر قسەیان کردبێت. (پیر) کێشەی جەستەیی نەبوو. بەڵام کێشەی چاوەکانی (ژیان) ئەویان خستبووە ناو خۆبەکەمزانینێکی بێدەنگەوە. نە ئەو و نە کەسی تریش ئەم دۆخەی (ژیان)ی بە 'کەمئەندامی' لەقەڵەم نەدەدا. پێکەوە بیرکردنەوە لە زیندەیی، شەیدایی، پێداگیریی و ئیرادەی گەورەی، لەگەڵ ئەو زەحمەتییانەی لە رۆیشتنی شەوانەدا دووچاری دەهاتن خودی(ژیان)ی دڵگران دەکرد. زۆر هەستیار بوو. سەرەنجام بۆ راپەڕاندنی کار و خەباتی ناو خەڵک، رەوانەی (ئەترووش) دەکرێ. نەک لەبەر سەرنەکەوتوویی لەناو گەریلادا، بەڵکو بەمەبەستی بەشداریکردنی زیاتر و خواستی بەخشینی زیاتر بە گەل و بە شۆڕش ئەوی گەیاندبووە ئەوێ. هێزی خیانەتکار و بەکرێگیراو لەو بەشەی وڵاتدا (مەبەست لە باشووری کوردستانە –و) هەست بە پێشەنگایەتیکردنی بۆ خەڵک و چوستی و زیرەکییەکەی دەکەن. پێشەنگایەتیکردنی خەڵک و جێگرتن لەبەرەی پێشەوەی تێکۆشاندا هەر لەخۆی دەهات. وەکو خۆی دەیگووت: 'پێدەچێت لە چیاکان نەبووم بەو کچە گەریلایەی هیواخوازی بووم، بەڵام دەتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم لەوەی ببمە کچی گەلەکەم'. لەگەڵ ئەمەشدا (ژیان) هەمیشە لێوانڕێژ بوو لە گیانی گەریلا و شەیدابیە گەورەکەی. شاخ؛ لە گەورەترین شەیداییەکانی بوو. هەر ئەم شەیداییەش لەناو خەڵکدا کردبووی بە میلیتان. هەندێک کەس درەنگ هەستیان بەم راستییە کردبوو.

هەروا ئاسان نەبوو باسی (ژیان) بۆ (پیر) بکەیت. بەردەوام بەبێدەنگی گوێی رادەگرت. جارێکیان پێمگووت: "تۆ تەنیا بپرسە و گوێ راگرە، هەموو کەسێک (ژیان)ت بۆ باس دەکات". دڵتەنگی دەکرد. دەمویست بابەتەکە بگۆڕم، چونکە خێرایی لەرزەی لاڕوومەتی (پیر)، خێرایی ترپەی دڵی دەردەخستە بەر چاو. دیاربوو هێشتا شەهیدبوونی (ژیان)ی پێ هەرس نەدەبوو. دوای گووتوبێژێکی بەسۆز و کورتخایەن، توانیمان بابەتەکە بگۆڕین.

سەربازە لازەکەی دەریای رەش، ناوە تازەکەی کردبوو بە (تایلان). ساڵی 1995 کە لە کێلا مەمێ لەشەڕێکدا بە دیلی کەوتە دەستی هەڤالانەوە ناوی (یال..) بوو. خۆی لە نەتەوەی لاز و کوڕە پۆلیس بوو. پاشان ناوی خۆی بۆ (تایلان) گۆڕیبوو. دواجار لە ناو کار و خەباتی پارتی گەلی دیموکراتی (DHP)دا، بەشداری لە شۆڕشدا دەکات و بڕیار دەدات لە بەرەی شۆڕشگێڕاندا جێبگرێت. لە کوردستان سەربازی – گەریلایی دەکرد، ئەرکی گەیاندنی شۆڕشی بە هەرێمەکانی تری تورکیا لە ئەستۆ گرتبوو. ئەمەش زۆر واتاداربوو. کاتێک هەڤاڵ (تار...) بابەتی رۆمانەکەی خستەوە ناو باس، هەڤاڵ (تایلان)یش بەشداریکرد و تێڕوانینەکانی خۆی پێشکەشکرد. (تایلان) هەرچەندە گەریلایەک بوو لە ریزەکانماندا، بەڵام سەیربوو، هەرچەند دەمبینی سەربازێکی تورکیشی وەبیر دەهێنامەوە، هێشتا پەرچەکردارەکانی بە تەواوی لەسەر خۆی فرێنەدابوو. چونکە لە سەربازییەوە هاتبووە ناو گەریلاوە. ئەو جۆرە شتانەش وەها بە ئاسانی فرێنەدەدران. بەڵام (تایلان) دەبوو بە گەریلایەکی بێ ئامان، لەم بوارەدا حەز و ئارەزوویێکی گەورەی هەبوو، ئومێدبەخش بوو.

(تار..) به شێوه سەرپێچانەوە (حەمەدۆک)[81]یانەکەی دەستبەجێ سەرەنجی بۆ لای خۆی رادەکێشا. کەسێکی بەهرەمەند، لێهاتوو و رەنجدەر بوو. منی بۆ رۆژانی تورکیا گەڕاندەوە؛ مانگرتنی کرێکاران، خۆپیشاندان، دانانی بەربەست لە خوێندنگا و شەقامەکاندا، رۆژانی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە گڕی بە سۆزەکانم دەدا. ئەم هاوڕێیانە بە پرسیارەکانیان تابڵێی ماندوویان کردم. هەموویان تازەبوون و لە نەوەی نوێ بوون، ئەو سەردەمانەیان لە پەڕتووکەکانەوە خوێندبووەوە. گوێڕاگرتن لە کەسێک کە راستەوخۆ لەناویدا ژیابێت سۆزێکی تری هەبوو بۆیان. (ئای..) سەرەڕای ئەسمەرییەکەیشی، کەچی رومەتەکانی سوور و ئاڵ دەبوونەوە. بە باسەکان دەخرۆشا و شاد دەبوو. (گویل..) چاو و لێوەکانی هەمیشە بە خەندەبوون، سەری قیتتر دەکردەوە لە شوێنی خۆیەوە هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا. کاتێک باسەکە چووە سەر شاری مەلەتی، (ئای...) زیاتر بە مەراقەوە سەیری دەکرد. ئەویش باسی لە کاریگەری بەرخودانییەکان لە هەرێمی (بەیلەر دەرەسی) و (سینان چەمگیل) و هاوەڵانی لەسەر گوندنشینانی مەلەتی کرد. (تار..) سەرلەنوێ بابەتەکەی بۆ نووسینی رۆمان وەرچەرخاندەوە و گووتی: "رەشنووسێکت هەیە؟ حەزم دەکرد گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەختت هەیە، لە کوردستاندا بە قەڵەمی ژنێک چی بنووسرێت مایەی گرنگی و سەرنجڕاکێش دەبێت. ئێمەش مەراق

---

[81] مەبەست لە حەمەدۆکی ناو رۆمانە 4 بەرگییەکەی پاشار کەماله.

دەکەین. ناوی هەیە، بیر لە چی ناوێک دەکەیتەوە؟" و کۆمەڵێک پرسیاری تری کرد.

لەو دۆخەدا هیچم پێنەدەگووترا. نووسینی رۆمان! رۆمان لەکوێ و من لەکوێ! چی روویدەدا، هەر کەسە و لەلای خۆیەوە هانی دەدام بنووسم، وەک هەموویان رێکەوتبن وابوو. ئەوەندە گرنگی پێدان و مەراق، زۆری لێدەکردم. کارێکی قورس بوو. وامەکەن، زۆرم بۆ مەهێنن. نووسین سەرلەنوێ ژیانەوەی رابردووە. راوەستن خۆ من ئەمڕۆم هەر نەبینی و نەژیام!..

بێگومان ئەو قسانەم لە دڵمدا دەمانەوە. نەمدەتوانی ئەمجۆرە شتانە بۆ هیچ کەسێک بدرکێنم. بە دۆخێکی شەرمەندەوە گووتم: "دەنووسم" و هەڵسام لەلایان.

## ناوی پەڕتووک چەکەرە دەکات...

ماوەیەک بەسەر ئەو تولەڕێیەدا ڕۆیشتم کە بەدرێژایی بەری ڕۆژئاوای زاپ دەڕوات. جگە لە دەنگی تەور و قەرەباڵغی هەڤالانی ئەرکدار لە چێشتخانە و فڕن، ئەو ناوە خامۆش بوو. سەرجەمی هەڤالان لە خوێندنگە لە پەروەردەدا بوون. زیاتر لە (400) هەڤاڵ لە ئەشکەوتێکی زەبەلاحی کەنارەکەی زاپدا پێکەوەبوون. دۆڵێکی قووڵ و تەسک بوو؛ لەبەر ئەوەش خوێندنگەکە ساردتر دەبوو. بەتایبەتیش لە دەموەختی بەرەبەیان و ئێواراندا سووکە بایەکی تیخبڕانە هەڵیدەکرد. سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ تێرنەدەبوو لە جوانی زاپ. لە هەردوو بەری ئاوەکەدا دوو تاڤگەی زۆر دڵڕفێن هەبوون کە دەڕژانە ناو زاپەوە. چوار وەرزە دەورووبەرەکەی پڕبوو لە سەوزەگیا. هەرکاتێک بە ئێرەدا تێپەڕ ببوومایە نەمدەتوانی خۆم لە تێڕامان بشارمەوە. خەونەکانم دەدا بەدەم شەپۆلە سەوزەکانی ئاوی زاپەوە کە لە دۆڵێکی وەها قووڵدا و بە ئاوازی خۆی خوڕەی دەکرد. دەنگی خوڕەی بەتینی شەپۆلەکانی کاری لە قاڵبوونەوەکەم نەدەکرد. سەرماکەی کاری لە گەرمی چاوەکانم نەدەکرد، بۆیە بەبێ دەنگی بەناویدا ڕۆدەچووم. چەند خۆشە کە جاروبار بەوجۆرە بە فیکری پڕ و لێوانڕێژەوە ڕۆدەچوویت و داڵغەت دەکرد، ناوە ناوە زۆر پێویستم بەو دۆخە دەکرد.

بەر لەوەی لە شوێنەکەی خۆمان زۆر دوور بکەومەوە گەڕامەوە. بەدرێژایی ڕێگە هەوڵمدەدا لە بواری نووسیندا خۆم قانیع بکەم. تەنانەت بەدوای ناودا دەگەڕام. وشەی (شەڕ)م زۆر خۆشدەویست. یەکەمجار هەر "ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو"م هات بە خەیاڵدا. بەدوای ئەوەشدا دەمگووت: "سەیرە بەردەوام

کەسی تر باسی دەکرد". هەنگاوەکانم خێراتر دەبوون، دەمویست زیاتر بڕۆم. وەک دوای شتێک کەوتبم، پەلەم دەکرد لە ڕۆیشتندا و نەمدەویست کاتەکەی درێژتر بکەمەوە. من خۆم نووسینم خۆشدەویست، بەڵام ئێستاکە پێمدەگووترا "بنووسە" و زۆرم بەلاوە زەحمەت بوو. بۆچی؟

جۆرە ڕاهاتنێک بوو. ماوەیەکی درێژ بە پێداگیری و ئارەزوویێکی گەورەوە ڕۆژانەم دەنووسی. ئەمەش لە پێویستییەکەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەشێوەیەکی گشتی نووسینەکانم لە جۆری خۆدواندن "مۆنۆلۆگ" دا بوون؛ قسەکردنم بوون لەگەڵ خۆمدا. لەخۆپرسینەوە و پێکدادانێکی بێدەنگ و ئاڵۆزی لەناخی خۆیدا هەڵگرتبوو. یەکەمین کاریگەرییەکانی هەموو شتێک، یەکەمین کاردانەوەکان، سۆزە سنوور نەناسەکان، هەر دیاردەیەک کە ئاسەواری بەجێهێشتبێت، هەموو ئەمانە لە ڕۆژنووسەکاندا خۆیان بەدیدەکرد. هەر بۆیە لەکاتی نووسیندا هەستم بە ئاسوودەیی ڕۆح و دڵم دەکرد. بە هاوشانی ئەرکێکم دادەنا، کاتێک نەمنووسیبا تەنگەزار دەبووم. هەر بۆیە ئەگەرچی جاروبار پچڕبوونیشی تێکەوتبێت، بەڵام بەردەوام نووسیم. ڕۆژنووس وەکو جیهانێکی تر بوو بەلامەوە. هاوکات ڕێگەی بۆ خوگرییەکی ڕیشەییش کردبووەوە. من بەردەوام شەڕەکەی خۆمم پەلکێشی ئەو زەمینەیە کردبوو؛ کە ئەمەش تادەچوو دەگەیشت بەو ئەنجامەی کە لەسەنگەری خۆمدا لەخۆم بدەم، چونکە لەبەرامبەر بە دەرەوەدا کەوتبوومە دۆخی پاراستنێکی بێ وێنەوە. لەناخیشمدا شەڕێکی بەردەوام هەبوو؛ نووکی هەموو تیرەکانم ئاراستەی خۆم کردبوو. ئەو زەمینەیەی ڕەخساندبووم، هەڵوێست و هەڵوەستەم لە سەنگەردا و سەرجەم فەرمانەکانم تا

کۆتا بۆ ئەو مەبەستە لەبار بوو. لەشەڕەکەدا دەستپێشخەریم لە دەست چووبوو. کێ و لەکام زەمینەدا شەڕی سەپاندبێت، لەوێکانەدا شەرم دەکرد. شەڕێکی دەستەویەخە و لەیەکدان بەبێ تەدبیر، شەڕێک بەبێ خۆ تەیارکردن؛ گەیشتبوو بە دۆخێکی دەروونی خنکاو لەناو سۆز و کاردانەوەدا، ببوو بە شێوازێکی ژیان. سەرەنجام بریتی بوو لە دۆڕان و لاوازبوون.

بەڵێ؛ راستییە بێ ئارایشت و راشکاوەکانم؛ رەنگی رۆژنووسەکەیان دەستنیشان دەکرد، بەڵام ئەمەش نەدەبوو بە فریادڕەس. تەنانەت نووسینی لەو جۆرە بەلای کەسانی ترەوە زۆر بێ واتا بوون. هەرچەندە لەلای من واتاکەی خۆی دەپاراست و لەدەستی نەدابوو، لەولاشەوە وەکو شەڕێک بوو کە هیچ دەستکەوتێکی بەرجەستە و سەرکەوتن نارەخسێنێت. ئایا ئەمە بوو هۆکارەکەی، ئەمە بوو وەهای لێدەکرد دەستلێبەرنەدراو بێت؟ لە نووسیندا ئافرێنەری رۆژانەیی گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر رەنج هەبێت و شتێک بکرێت و لەلایەن خۆتەوە هەست بە ئاسوودییەکەی بکەیت، ئەوا دەنووسیت. ئەو ساتەوەختانەی نەمنووسیون، یان ئەوەتا بەپێی پێویست کارم بۆ نەکردووە، یان ئەوەتا لە ئاستێکی بەرزدا هەستم بە خۆشی و چێژەکەی کردووە و بەخرۆش هاتووم. وەک ناکۆکییەک بوو، بەڵام نووسین؛ چێژەکەشی و شەڕەکەشی بەمجۆرە بەواتای خۆی دەگەیشت.

زاڵ بوون بەسەر ژیاندا و نووسینەوەی؛ بە ئارەزوو، خرۆش و تێگەیشتنەوە هەنگاونانە بەرەو یادەوەرییەکان، کە دڵنیام وەهایە، دەمویست بە هەستکردن بە حەزێکی گەورەوە و بە زانینی جوانترین شێوازی ژیانەوە روو لە نووسین بکەم.

## زوڵمی گوێزانەوە لە زستاندا

لە چلەی زستاندا دوای خێوەتدانانێکی دوو رۆژە سەرلەنوێ گوێزانەوە و دانانی خێوەتێکی تر؛ سەرجەم هەڤالانی یەکەی راگەیاندنی توورە کرد. هەواڵی گواستنەوەمان بۆ ئەوبەری زاپ دەستبەجێ هەڤالانی راگەیاندنی راپەڕاند. کەس نەیدەویست کات بە فیرۆ بدات. شوێنگۆڕین – ئەگەرچی زۆر دووبارەش بێتەوە – کاتێکی زۆری دەویست. هەڤاڵ (مزگین) هەم بۆڵەی دەکرد و هەم نایلۆنی خێوەتەکەی کۆدەکردەوە. روومەتەکانی لە توورەییدا ئاڵ ئاڵ ببوونەوە و کاردانەوەکانی نەدەشاردەوە و دەیگووت: "بەمەش دەڵێن، گەریلایی. نە لۆژیک و نە مێشکم ئەمەی پێدا ناچێت، چجای داوای بەرهەمی رۆژانەشمان لێدەکەن. ئەو هەموو شریتە چۆن بکەین بە نووسراو[82]؟".

لە خێوەتدا نووسین لەبەر رووناکی چرافانۆسێکدا و لەسەر مێزۆکەیەک زۆر بەکەیف نەبوو. لە دەرەوەڕا جگە لە دەنگی شەپۆلە سەرشێتانەکانی زاپ هیچ دەنگێکی تر نەبوو. نەبوونی جووڵە لەم دۆڵەدا، حەز و ئاواتی رێ رۆیشتنی لەلا کەڵەکە دەکردم. لەکاتێکدا لیوانرێژیت لە ئاواتی گەڕان بە کوردستاندا، داکوتانت لە دۆڵێکدا شتێکی زۆر سامناکە. بەرگەگرتنی، پشوودرێژییەکی زۆری دەوێت.

هێشتا گەلاڵەیەکم لەلا دروست نەببوو کە چی و چۆنی بنووسم. فیکرێکی وەهاشم لەلا نەبوو کە پێشتر گەلاڵەی بکەم و

[82] یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی گەریلا راگەیاندنکارەکان بە نووسراو کەیاندنی تۆماری وانە، پەروەردە، کۆنگرە، کۆبوونەوە و کۆنفڕاسەکان بووە.

بکەومە ناوییەوە. پێویست بوو لە گۆشەیەکی ساڵ و ڕووداوەکانەوە دەست پێکرێت. هاوکات کاریگەرییەکی زۆری ئەو ڕۆژانەشم لەسەربوو. ڕاست و بەجێ نەدەبوو ئەگەر خۆم بدایە بەدەم شەپۆلی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانەوە و هەوڵم دەدا خۆمی لێ بپارێزم. بەپێچەوانەوە لەو بڕوایەدا بووم کە دەبێت بەسەر هەموویاندا زاڵ بم. بەڕای من زاڵبوون بەسەر ژیاندا گەیشتنە بە ئارەزوو، خرۆش و هزرێکی گەورەی نووسین و یادەوەرییەکانیش؛ بۆیە دەمویست بە حەز و ئارەزووێکی وەها گەورەوە و بە دەرککردن بە جوانترین ژیانەوە دەست بە نووسین بکەم. بەشێوازی تر نەدەبوو، نەدەبووا کەسانی تر زۆریان لێبکردمایە، نە خۆیشم ئەوەندە لە ڕاستییەکانی خۆم دووربکەوتمایەتەوە. هێشتا هەوڵم دەدا خۆم قانیع بکەم.

پەیداکردن و خوێندەوەی پەڕتووکی (دانیپێدادەنێم ژیاوم)[83]ی (پابلۆ نیرۆدا) ، خۆشبەختییەک بوو! بەحەقیقەت گەلێک شاکاری بەهادار هەن. بەهاری 1995 چەندەها پەڕتووک لە کۆگاکان دەرهێندران. ئانسیکلۆپیدیای شۆڕشەکانی جیهان لە شێوەی زنجیرە پەڕتووکدا، زۆر کلاسیکی تر و کۆمەڵێک ڕۆمان دەرهێندرابوون. پێویست بوو لە خوێندنگەدا پەڕتووکخانە هەبێت، بەڵام پەڕتووک کەم بوو و دیارە لە قۆناخی شاڵاوی پەلامارەکانی دووژمن و دوایین شەڕی دژی خیانەت لە باشوور سەرلەنوێ خرانەوە ژێر خاک.

هەڤاڵ (ف..) پەڕتووکێکی چیرۆکی لەلابوو. (باخچە ڕێ قەڵاش بووەکە)[84]ی (بۆرگێس). ناوەناوە ئەویشم ئەمدیواو ئەودیو دەکرد. جۆری داڕشتن و دونیای خەیاڵییەکی زۆر

---

[83] Confieso que he vivido - Pablo Neruda

[84] El jardín de senderos que se bifurcan - Jorge Luis Borges

دەوڵەمەندی هەبوو، بەڵام سەرنجڕاکێش نەبوو. (مزگین) کە دەیخوێندەوە، خۆی پێڕانەدەگیرا و ناوە ناوە بەشێکی بۆ ئێمەش دەخوێندەوە، ئەویش بەزۆر. بەمشێوەش هەمووومان خوێندبوومانەوە. لە هەمووان زیاتر، (مزگین) بێدەنگییەکەی دەشێواند، کەسێکی زۆر چوست و چالاک، بەهرەمەند، بێ ئۆقرەبوو و حەتمەن دەبووایە شتێکی بۆ قسە بهێنایەتەوە. خەڵکی ناوچەی (پازارجخە)[85] کەچی زیاتر قسەی لەسەر دێرسیم بوو و باسی دەکرد. شەش ساڵ بوو لەناو گەریلادا بوو و ئەو ماوەیەشی پڕ لە ئازار و ئێش گوزەر کردووە. بەگشتی بە پرسیار و باسەکانی خۆی دەیبردمەوە بۆ دێرسیم. دەیگووت: "ئاشنابوون بە مێژوو لە زیندووانەوە خۆشتر و جوانترە" و هەوڵی دەدا بەقسەم بهێنێت. پێشتر لەگەڵ (ژیان – یلدز دورموش) پێکەوە بوون. بەکاریگەر بووە و هەوڵیداوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەوە بە ڕاستییەکانی ژیان بگات. بەڵێ؛ (یلدز) بەشێک بوو لە مێژووەکەمان. ئیتر مردن ئاسان ببوو! (عەزیمە) واتا مامۆستا (میهرەبان)یش زۆر بێ چانسانە و لەناکاو کەوتبووە چنگی مردنەوە. پارچە هاوەنێک!... فشاری هاوەنەکە ئەوی هەڵگرتبوو و بردبووی.

(مزگین) دەیگووت: "تایبەتمەندی بنەڕەتی هەندێک لە هەڤاڵانی کۆن بەردەوام سەرنجی ڕادەکێشام، جیاواز بوون. لە ژیاندا زۆر بەدی ناکرێت، بەڵام ئێمە دواتر باشتر لێی تێدەگەین. دواتر ڕێزێکی زۆر زیاترم بۆ یلدز دادەنا".

ئەو زۆری لێدەکردم، من نەمدەویست باسی بکەم و بکەومە ناو ئەو بابەتەوە. بەڵام ئەو سەرکەوتوو بوو، کاتێک هەندێک

[85] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری گومگمە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باکووری کوردستانەوە.

رووداوی دێرسیم دەبووە جێگای باسوخواس، دەگەڕامەوە بۆ دواوە و تا دەگەیشتم بە سەردەمی منداڵیم. ناوی گوندەکەمان، گوند و دێهاتانی دەوروبەر و شاخەکان، ئێستا بەو ناوانە دەناسرێتەوە کە گەریلا لێیکردوون. زۆر کەمیان بەناوی پێشوویان دەناسرێنەوە. سیبریا، چیای سۆر، شەهید رۆژڤان، شەهید دلۆڤان... بە ناوی تر و ناوی شەهیدانەوە وەها بەردەوام دەکات. لەسەر نیشاندان و ئاماژە پێکردنی خۆی، ناوە کۆنەکانیانم وەبیردەهاتەوە. (مزگین) وەک بەری دەستی خۆی شارەزای هەرێمەکە بوو. من بەشێکی زۆر کەمیم بینی بوو و (20)ساڵیشی بەسەردا گوزەری بوو. بەتایبەتیش لە هەرێمە چیاییەکانی نامۆ بووم. بەڵام (دویزگیون بابا)م لەیاد نەکردبوو. لەوێوە راستەهێڵانە قسلێ[86] بەدیدەکرێت. بەتایبەتیش پولور[87]، کرکگۆزەلەر، ئاوە سازگارەکانی، پێچەکانی مونزور، دۆڵی لاچ... سەرەنجام دەبینم کە لە راستیدا کەم نین ئەو شوێنانەی گەڕاوم بینیومن. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "ئەگەر لەوێ بوومایە و بمنووسیبایە، باشتر دەبوو!" دێرسیم مرۆڤی بەخرۆش دەهێنا! زاپ و دێرسیم! دوو هەرێمی دڵڕفێنی هەم لەیەک دوور و هەم هەتا بڕیابایت لەیەک نزیک دەبوونەوە. لە زاپ، دێرسیم دەژییام. هەمان خرۆشیشی پێدەبەخشیم.

بەڵام بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی دەست بە نووسین بکەم. وابزانم بییانوویەکی زۆرم هەبوو بۆ ئەوەی نەنووسم. پێویست بوو بەسەر سۆزیشدا زاڵ بیت. بەهرەمەندی و زۆربوونی سۆز جاروبار رێگری لە قاڵبوونەوە و بیرکردنەوە دەکرد.

---

[86] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمە کە رژێمی تورک ناوی بۆ نازمیە گۆڕیوە.

[87] شارۆچکەیەکی سەر بە شاری دێرسیمە کە رژێمی تورک ناوی بۆ ئۆڤاجک گۆڕیوە.

## لە کەسایەتی مندا دانیان بە خۆیاندا دەنا...

یەکەمجار بوو (زەکی) دەهاتە دیدەنی خێوەتەکەمان لەو بەری زاپەوە. بەگشتی بەسەرکردنەوە و دیدەنی لە دەمەو بەیاناندا بە خێر و بەرەکەت لێکدەدرایەوە. بەڵام ئەم دیدەنییە بەرەو گفتوگۆیەکی زۆر نابەجێی بردین. دێرسیم، زەڵێ، گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. (زەکی) بە هێنانەوەی کۆمەڵێک نموونە لە زاپەوە، گفتوگۆکەی دەوڵەمەند کرد. لە هەموویان زیاتر بە نوکتە و تەنزەوە قسەی دەکرد. بەڵام زیاتر ڕێگەی بۆ دەمەقاڵێ دەکردەوە. دنەی دەدا. بێدەنگبوون لەمەڕ گفتوگۆکانی مەحاڵ بوون، تەنانەت جاروبار کێوا و کێوی بە مرۆڤ دەکرد. جاروباریش گووتەکانی خۆی وەک تۆپێک دەکێشا بەڕووی مرۆدا. (مزگین) لەبەرەی بەرامبەرەوە رووبەڕووی سەرجەم گووتەکانی دەبووەوە، ئاقڵ، چاودێرێکی باش، رەخنەگر و لە هەمووان زیاتر راشکاوبوو. ئەویش کەمی لەو تایبەتمەندییەی نەچەشتبوو. تەنانەت لە سەردەمی (د.باران)دا نەفی کرابوو، کاتێک باسی لەو سەردەمە دەکرد ئێش و تووڕەیی لێدەباری، نەیدەتوانی لەبیریان بکات.

شاهێدی رووداوەکانی باکوور بوو، بەتایبەتیش لەو کێشە و گرفتانەی لە نزیکەوە بینیبوو کە لە بڕیارگە و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا هاتبوونە ئاراوە، دەرکی پێدەکردن و لەهۆکارەکانیشی تێدەگەیشت. هەندێک قسەی (زەکی) وای لە (مزگین) دەکرد زۆر بێ ئامان و بێ باکانەتر قسە بکات. لەجێی خۆیدایە ئەگەر بڵێین؛ دانە دانە سەرجەم نیشانەکانی دەشکاند. ناوی کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی دەهێنایەوە و هەوڵی دەدا روونی بکاتەوە کە چۆن ئەو بڕیارانە لە سەرەنجامی پێشداوەری،

هەڵسەنگاندنی زێدەڕۆ و گەورە کراو و پێناسە تاکڕەهەندی و نابابەتییەکان وەرگیراون، کاریگەری لە هەڤاڵان دەکەن. قسەکانی زۆر پووخت و سەرنجڕاکێش بوون، وشە و رستەکانی لە شوێنی خۆیان دادەنان، هەرچییەک پێویستبووایە دەیگووت. بەدەنگیدا دیار بوو کە دڵنیا و بە متمانەبوو، بەشێوەیەک کە لێپرسینەوە لە کەسی بەرامبەر دەکات، بەکاریگەر و بەکۆنترۆڵ بوو.

دیارە (زەکی) ئەو جۆرە بەرهەڵستییەی بەدڵ نەبوو. توورەبوو، لەکاتێکدا دەشیزانی کە (مزگین) راستە و لەسەر حەقە، پێی دەگووت بەهەڵەدا چووە و دەیویست خۆی بەسەردا زاڵ بکات. هەر لە سەرەتاوە چاودێریم دەکرد و دەمویست بیناسم. هەریەکێک لە رەفتارەکانی گوزارشتی لە خۆی دەکرد، خۆی دەدا بەدەستەوە. دەمویست بە ئاستی پێودانی هەڵوێستەکانی بزانم. شیمانەی چۆنێتی پەیوەندییەکانیم لەگەڵ هەڤالانی ژن دەکرد. لەم بابەتەدا پێودانگەکانی تێکچووبوون! تا رادەیەک پێودانگە نەریتییەکانی لای ئیمەی تێپەڕکردبوو، محافەزەکاری شکاندبوو و لە رووالەتدا جیاوازی هەبوو. بەڵام نەک لە ئاستی شۆڕشگێڕێکی سۆسیالیستی چاوەڕوانکراودا. گوزارشتی لە گەڕانێکی بەناو هەڵچڕژاویی تۆزێک کۆن و تۆزێک نوێ دەکرد. کەچی لە رووی جەوهەرەوە گوزارشتی لە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەدەکرد. دیارنەبوو پێودانگەکانی بەگوێرەی چی بوون. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بەشێکیان (زۆر خراپ) و بەشێکیان (خراپ نییە)، دەشبوو هەر هەمووی لەناکاوێکدا بە (زۆر زۆر خراپ) بگەیشتایە! روانگەکەی لەمە تێپەڕی نەدەکرد، ئەنجامە پراکتیکییەکانی بەگشتی بەمجۆرە دەردەکەوتەڕوو. خۆیشی زووبەزوو ئاماژەی بەشێوەی کەسایەتی پیاوی کورد

دەکرد و دەیگووت: "ژن؛ بەتایبەت لەلای پیاوی کورد و بەگشتی لەلای سەرجەم پیاوان بە کەم دادەنرێت. بە ئاشکرا دەیڵێم کە لە منیشدا هەیە!.." بەم گووتەیەش پاساوێکی بۆخۆی دروست دەکرد، هەندێک شتی بە رەوا دەبینی و رەوایەتی بۆ زۆر شتی تریش دەهێنایەوە!.

قسە و باسەکان تا زەڵێ 1992 – 1993 رۆیشت. کاتێک دەگووترێت زەڵێ، (فەرهاد)[88] دەکەوێتەوە یاد، بەشێوەیەکی گشتی هەموو کەسێک پێناسەیەکی وەهای بەبەر زەڵێ دا یان (فەرهاد)دا کردووە. کاتێک قسەش هاتە سەر ئەو راپۆرتەی بۆ کۆنگرەی ژن ناردبووی کە لەو سەردەمەدا سازکرا، (زەکی) توورە بوو و گووتی: "تۆ و فەرهاد ئاراستەتان بە گفتوگۆکان دا، بوون بە مایەی دروستکردنی کاردانەوە لە دژی ئێمە، هێندەی نەمابوو بڕیاری لەسێدارەدانمان لەسەر دەربکەن...."

بڕوای کردبوو و مامەڵەکەشی بەوجۆرەبوو. لەبیری نەکردبوو، هەروەها رقیشی هەڵگرتبوو. ئەوەی باسی دەکرد لەکاتێکدا بوو کە خاڵی دوا ئاستی کێشەکان بوو، خودی خۆی ببوو بە هۆکاری گفتوگۆکردنیان. بێ چارەییەک هەبوو لە ئاستی سەرکردایەتی تەکتیکیدا. ئەو چارەسەرییە پراکتیزە نەدەکرا کە لەلایەن (سەرۆک)ەوە دەستنیشان کرابوو. روونییەکیش نەبوو لەخاڵی دەستنیشانکردنی سیاسەتی کرداری لە ئاستی دۆخی ژن و جێبەجێکردنی لە شەڕدا. زۆرێک لە شەهیدبوونی هەڤاڵان و پەنگخواردوویی تەکتیکی بە پرسی ژن روون دەکرایەوە. پێدەچوو کێشەکانی هەرێمەکە زۆری بۆ هێنابێت، کە

---

[88] بەپێی بەڵگەنامەکان؛ عوسمان ئۆجالان- دواجار 2004 لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تردا رێگەی خیانەت هەڵدەبژێرن، خۆیشی لەو مێژووەوە تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵێک کەسی سەر بە دەزگای هەواڵگری دەرەکی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا دەژی.

راستییەکەیشی هەر بەو جۆرە بوو. بەڵام کێشەکە بریتی نەبوو لەو پرسانەی کە لەو گۆڕەپانەدا تووشی ژنان دەهات، حاکم نەبوون بەسەر تەکتیک و پەیڕەوکردنێکی راستەقینە بوو، نەبوون بە ئەندامێکی راستەقینەی پارتی و نەگەیشتن بە ئاستی پێویستی رێکخستن بوو. لێکدانەوەی هەبوونی ژن لە ناو ریزەکانماندا وەک (بار و قورسایی)ییەک هەڵنەگرتنی هەنگاوی راست و پێویست و هەڵنەسان بە رۆڵی بەکاریگەر لە شەڕەکاندا لەلایەن ژنەوە؛ ئەمانە تەنیا بەشێکی گرنگ بوون لە کێشە گشتییەکانمان. مادام ((بە دۆخێکی دیاری پەنگخواردنی شەڕ گەیشتووە)) کەوابوو پێویستە ئەو کێشە و گرفتانە بەڕاستی شیکار بکرێن کە زەمینە دروست دەکەن. رێگە چارەی پەراوێزخستنی ژن لە ئارتەش – لەشکر، لەگەڵ بنەمای سەرەکی نەدەگونجا، بێ چارەییەکی تری لەخۆدەگرت. بەڵام (زەکی) پەراوێزخستنی ژنی بە چارەسەری دادەنا و بڕواشی هێنابوو. بۆی نەلوا و بە زەرەر شکایەوە بەسەریدا. چونکە راست نەبوو، یەکانگیر نەدەبوو لەگەڵ سیاسەتی پارتیماندا. ئەو هەڵوێستە پێچەوانەکردنەوەی هەموو ئەو دەرفەتانە بوو کە ژن تیایدا دەبوو بە هێزی بەکاریگەر. دەکرێت لە زۆر رووی تریشەوە هەڵبسەنگێندرێت. ئەوەی قسەیان لەسەر کرا ئەم بابەتانە بوون. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەو خاڵەدا رەخنەیەکی زۆر لەو لاوازییانە گیران کە هۆکارەکانی بۆ هەڵگرتنی دۆخێکی بەوجۆرەی خودی ژن دەگەڕایەوە. چونکە خودی ژن فاکتەری سەرەکی بوو لە بێ چارەسەری کێشەکاندا، هەڵوێستی بە هەڵەداچووی بوو لەمەڕ راستییەکانی خۆی. ئەو راپۆرتە بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ رەخساندنی زەمینەی هەستکردن و بینینی

ئەم راستییە. گفتوگۆکانی قووڵکردەوە و بە ئاراستەی چارەسەریدا بردنی.

(زەکی) تەنانەت نەشیدەویست گوێ رابگرێت. بەلای ئەوەوە؛ زەڵتییە! (فەرهاد)ە! (سارا)یە، پێکهاتەی کادیری لەدژبەریدا رێکخراوە...هتد. تووڕەیی خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەبوو، پێی بە هەناومدا دەنا. هەر دەبووایە تووڕەم بکات! بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە دەیگووت کە چۆن لەگەڵ (فەرهاد) سازشمان کردووە و گووتە و پێناسەی بێ سەروبەر و ناپەیوەندی دەهێنایەوە! هەر دەبووایە لەبنەمای هەر ململانێ و هەر سازشێکدا بەدوای (پەیوەندی سۆزداریی)دا بگەڕایە. بە بۆچوونی ئەو؛ بەجۆرێکی تر ململانێ و تووڕەیی نەدەبوو! ئەو هەمووە شەڕ و ناکۆکییانەی لە تاوێکدا دەسڕییەوە و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی ناکۆکی تری لەشوێنیان دادەنا. تا بڵێی دنەدەر بوو، تابڵێی دنەکار بوو. بەو بەرەبەیانە بێتاقەت و وەڕسی کردم و لێیدا رۆیشت.

بیرمکردەوە و بینیم هەندێک کەس زۆر حەزیان لە لێدانی کەسانێکی ترە بەتایبەتیش کاتێک هەندێک شتیان تیادا بەدی دەکەن کە خۆیان هەیانە و نەیانتوانیوە لەناوی ببەن، چجای بەشێوەی لە یادکردنی ئەو شتانەی کە لەکەسانی تردا بەردباران و بە نەفرەتی دەکەن لە خۆیاندا هەیانە. چیبکەم؟ ئایا ناوی نووسینەکەم بگۆڕم؟ ناوی شانۆکە بکەم بە "کەسانی تر لە کەسایەتی مندا دان بەخۆیاندا دەنێن"؟ سەیرە بەلامەوە. هەندێک کەس (وەک زەکی) کە بە کادیری پێشەنگ – فەرماندە پێناس دەکران، کێشەکانیان چۆن لێکدەدایەوە، لەکام پەنجەرەوە بۆیان دەڕوانی! چەندە بە ئاسانی و ئاسوودەیی پێناسەیان بەبەر هەموو شتێکدا دەکرد و تاوانباریان دەکرد. هەر کەسێک نەزانێت

لاوازییەکانی خۆی لە خۆیدا لەناو ببات و لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبێت، چۆن بۆ گەورەنیشاندانی خۆیان هانایان بۆ زلکردن و گەورەکردنی لاوازییەکانی کەسانی تر دەبرد؟

دەبێت سەرباری هەموو شتێک هێور و لەسەرخۆ بم. بەڵام ئەوجۆرە هەڵوێستانە مرۆڤ لەپێستی خۆی دەردەپەڕێنێت! لایەنێک ناهێڵنەوە مایەی حەز و خۆشویستن بێت، تا کۆتا دنەدەر و دوورخەرەوە بوون. بەشێوەیەک کە ناهێڵێت تەنانەت پێویستترین، سرووشتیترین و ئاساییترین دۆخی دیالۆگیش بخولقێت، ڕێگەیان بۆ کاردانەوە و توورەیی دەکردەوە. تەنانەت وەهایان لە مرۆڤ دەکرد کە بڵێت: "بڕۆن، قووڵایی دۆزەخ جێگەتان بێت". ئەگەر لە مەیدانەکەی ئێمەدا بە ئاستێک گەیشتبێت کە بەدوای پەیوەندی ئاسایی مرۆڤدا بگەڕێیت و ئاواتەخوازی پێوەدانگەکانی بێت، ئەوا مایەی ئازارێکی زۆر گەورەیە. باشە، تا کەی و تاچەند لەیەکتر دووربکەوینەوە؟ ئیدی چۆن مەودایەک بخەینە نێوانمانەوە؟ بەرەو چۆن ئاراستەیەک زۆرمان لەیەکتر بکردایە، هیچیان مایەی تێگەیشتن نەبوو! لەجیاتی گەڕانەوە بۆ جەوهەری کێشەکان و لە بناخەوە چارەسەرکردنیان، بەشتی زۆر جیاوازەوە سەرقاڵین، کە لە ڕاستیدا بەمجۆرە یارییەکی زۆر خراپمان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

لەم شێوازی گفتوگۆیەشدا زۆر بە باشی لەکەسایەتی خۆم دەگەیشتم. بۆچی هێشتا لە پێگەی پاراستندا بووم و بەو دۆخە دەروونییەوە دەجولامەوە؟ هەوڵمدەدا تۆزێک خۆم قیت بکەمەوە، خۆمی لێ ڕزگار بکەم، کەچی وەکو ئەوەی هەندێک کەس لە بۆسەدا بن و لە دڵ و مێشکم بدەن، بەمجۆرە بە یەکتر تەواوکردنێکی دوو لایەنانە بە سەرەنجام دەگەیشتین. زۆر بە ئاسانی زەمینەی لاوازیی کەسانی تر دەکرێن بە پلیکانە و

ئەمەش لەو سەردەمەدا لەلای ئێمە ڕێبازێکی کارا بوو. ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەڵبژاردنی پێگەی پاراستن لەجیاتی شەڕکردن ؛ دۆخێکی زۆر داماو، زۆر لاواز و زۆر مەترسیدارە. سەرەنجام هەردووکیشیان تەنیا کارەسات دروست دەکەن! ئەم هەمووە بێچارەییە! ناچارم ئەم دۆخەم تێپەڕ بکەم و بکەومە هێرشبەرییەوە، شەڕەکە مایندە "هەمیشە"یی بکەم، لەبەر ئەوەی هێشتاش بە ئاسانی بۆ هەموو جۆرە دۆخێکی قسە و دەمەقاڵێ پەلکێش دەکرام تووڕەیی لەناخمدا دروست دەکرد و بەر لە هەموو شتێک ئەم تووڕەییەش لەبەرامبەر بەخۆم بوو.

بەڵێ، ئەگەر بنووسم، دەبێت دەرک بە شەڕەکەی بکەم و بژییم ئەوجار بنووسم. ئەگەرنا نووسراوەکان هیچ بەهایەکیان نییە و نابێت. نووسین دەبێت سەرلەنوێ خۆتەیارکردنم بەدیبهێنێت، ئەو ڕۆڵەی هەبێت. شەڕکردن لە زەمینێکدا کە لایەنە لاواز و پاشکەوتووەکان تیایدا بەیەک گەیشتوون، جگە لە شکست هیچی تری پێنابێت. بوون بە هێزی ڕێکخستن، بوون بە سیاسی، وەکو هەڤاڵ (عەباس) لە دوایین هۆشیاکردنەوەکانیدا دەیگووت: "بەگومانەوە ڕوانین بۆ هەموو شتێک؛ (هەڵبەتە لە واتای ڕەخنەگریدا)"، پێویستە سۆز و کاردانەوەکان ڕاست بکرێنەوە، هەرگیز شەڕی چینایەتی لە ناوخۆدا پەراوێز نەخرێت و ڕوو لە نیاز و نییەت نەکرێت، ئەوجار سەرکەوتن بەدی دەهێندرێت. دەمگووت؛ هەتا دەرک بەم ڕاستییە نەکەم و پراکتیزەی نەکەم نانووسم. هەر کاتێک حاڵەتی ڕۆحی ڕادیکاڵانەی شۆڕشت بەسەر بچووکترین شتی ژیان تا بە هەموو ئان و ساتێکی دەگات زاڵکرد و سەرلەنوێ پەرچەکردارەکانت بەدەستهێنایەوە؛ ئەوکات بە باشترین و بەهێزترین شێوە دەستی نووسینت دەکەوتە کار. بەپێچەوانەوە

ئەگەر هەر کەسێکیش بێت کە هەموو کەسانێک بە ئاسانی هەموو شتێکی پێدەڵێن، کە دەبێتە موخاتەبی ناپێویستترین و نابەجێترین هەڵوێست؛ تابڵێی سامناک و مەترسیدار دەبێت. ئەمەش دەیخستە بەرەی دژەوە. لەراستیدا ئەندێشەی دژبەرنەبوون بەرامبەر بە پارتی، منی رووبەرووی هەموو کەسێک دەکردەوە. چونکە هەموو کەسێک پارتی بوو، هەموو کەسێک هاورێبوون! بەمەش گەورەترین گەمژەییم دەنواند! ئەمەبوو پێیان دەگووت تێنەگەیشتن لە سیاسەت. چونکە ئەو "هەمووکەس"انە خۆیان بەقسە دەهێنا، خەمێکیان نەبوو بەناوی خەمی پارتی و دەستکەوت بەدەستهێنان و بەهێزکردنەوە. تاچەند رێبازی بەکەمزانین و لەهێزخستنیان دەستبکەوتایە بەهەندیان وەردەگرت و بەکاریان دەهێنان. خەم و نیگەرانی و هەوەسخوازیی کەسێتی، ناوازانە ئاراستەی پێدەدان. خەمی کەسێتی و خەم و نیگەرانی رێکخستنی ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ کرابوو کە یەکەمیان بۆ دووەمیان کرابوو بە قەڵغان و وەکو لەیاد کرابێت کە بە خەم و نیگەرانی رێکخستنەوە لە رووداوەکان بڕوانن! بێگومان هیچ کەسێک نەمابوو نەڵێت ئەوەی کراوە و دەکرێت بە خەم و نیگەرانی رێکخستنەوەیە! ئەمەش هەر بە نیاز روون دەکرایەوە. لەم خاڵەدا نەدەویسترا قسە لەسەر "نیاز پاکی" بکرێت. بەڵام راست نەبوو، چونکە نیازپاکی دەربڕی لە خواست و ئارەزووەکانی ناو ناخ دەکات، کەوابوو دەبێت کاریگەرییەکانی لەسەر ئەنجامی رووداوەکان نەبیندرێت و پەسند نەکرێت! تا چەند راستە کەسێک بە: "نیاز پاکبوو، بەڵام..." کە ئەو کەسە؛ تایبەتمەندییەکانی رێگەی بۆ داردە و رووداوی زۆر نەرێنی دەکاتەوە؟ هەربۆیە پێویستە وەکارکەوتن و کارابوونی خواست و ئارەزووەکانی ناوناخی

مرۆڤ بەتایبەتیش لەگەڵ ئەنجامەکانیان لێکبدرێنەوە. پێدەچێت جۆرە روونکردنەوەیەکی تر ببێتە مایەی پەنابردنە بەر بیانوو.

تاکرەوی لە لاوازی کەسانی تردا گەورە نابێت، لەلای ئێمە گەورە نەبوو و هەوڵیشی بۆ نەدرا. کە ئەمەش زۆر روون و ئاشکرایە. گریمانەییەکەی؛ هیچی لە کاریگەرییەکانی نەدەگۆری. بەڵام تابلۆیەکی وەها دروست بووە کە رێکخستن بەتەواویی لەدەرەوە هێڵراوەتەوە. رێکخستن، شەر و دیاردەکانی دەسەڵات لەگەڵ خودپەرستییەکی بەمجۆرە لە یەکرێز دانانرێن! ئەگەر دەخوازن ئەم تابلۆیە بشکێنن، ئەوا بەر لە هەموو شتێک پێویستە بە ویژدان بن و لەجیاتی ئەوەی ترس لە ناو شەرمی کەسانی تردا حەشار بدرێت، دەبێت تاک بگات بە گەورەییەک کە بوێری لەناو شەرمەندەییەکانی خۆیدا راپەرێنێت... هەرگیز نوقمبوون لەناو شەرمدا و گیرۆدەیی بە لاوازی شەرمەکانەوە؛ نابێت بە شێوازێکی سەرکەوتووانەی شەرکردن بۆ دەرخستنەروو و گەورەکردنی بروا و جەنگاوەرییە شاراوەکەی! ئەو شێوازە مرۆڤ زۆر بە خراپی تەختی زەوی دەکات. ئەوانەی کە لەلای ئێمە کەوتن، بەوجۆرە کەوتن و زۆر قێزەون بوون.

## شەڕی بێ ئامانی دژ بە خیانەت

قۆناخی شەڕێکی درێژخایەن و بێ ئامان گوزەری. بۆ جاری دووەم دەبمەوە بە شاهێدحاڵی شەڕی دژی خیانەت و بەکرێگیراوی لە باشووری کوردستاندا. دوای ئەم شەڕەی کە چەند مانگێکی خایاند، راگەیاندنی ئاگربڕی یەکلایەنە لەلایەن پارتیمانەوە، زۆر بە خێرایی رۆژەڤ و چارەی پێشهاتەکانی گۆڕی. لە راستیدا شەڕ بەردەوامی دەکرد. سەرجەم ئامرازەکانی سیاسەت لە کاردابوون. لە باشوور زەمینە بەخێرایی بەرەو شۆڕش دەچوو و ئامادەکاری زۆر بەرفراوانتر چاوەڕێی هێزەکانمانی دەکرد. دوای باجێکی زۆر بەهادار و بەنرخ؛ کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بەدەستخرابوون. تاکۆتا گۆڕەپانێکی بەرفراوان و هەلومەرجی رەخساو و لەباری هەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان. یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی تا دەچوو دەبووە دیاردەیەکی بەرجەستە. کۆکردنەوەی جەماوەر و گەیاندنی بە ئیرادەی جەوهەریی خۆی، واتا دەرفەتی بوون بە دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاتر لەبار بوو. هەلێکی مێژوویی دروستبوونی یەکێتی باکوور – باشوور گەشەی کردبوو. وابۆیدەچووین کە ئەگەر بێتوو کار و خەباتی قۆناخی نوێ بەشێوەیەکی راست و دروست بەڕێوەببرێت، ئەوا ئەگەرێکی گەورەی شکانەوەی سەرجەم هەل و دەرفەتەکان بە بەرژەوەندی شۆڕشەکەماندا لە ئارادایە.

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانمان – لەڕووی کردارەوە – هێشتا ئاڵۆز و ناتەواو بوو. (PDK) بە نیگەرانییەوە مامەڵەی لەگەڵ دیدارە سیاسییەکان دەکرد: لە ئاستی ئەوسای خۆی و پێشهاتەکانیش دەترسا! یەکەم دیدار لە رۆژانی کۆبوونەوەکەی

کۆمیتەی ناوەندیدا ئەنجامدرا. ئەم چاوپێکەوتنە گرنگ بوو و قورسایی سەرەنجامی شەڕەکان لەسوودی ئێمەدا بوو. بەڵام ئەوانەش بە باشی بەکار نەهێندران، بۆ ئێمە بوو بە دیدارێکی پڕلە کەموکورتی، هەڵگری لاوازین و کاریگەری چاوەڕوانکراو بەدیناهێنن. هەر لە یەکەم دیداردا هەندێک هەرێمی سەرەکی خرابوونە بەر باسەوە؛ کشانەوەی هێزەکانمان لە چیای سپی، مەتینان و گارا و تەنیا لە چەند شوێنێکدا مانەوەی چەند گرووپێکی بچووک دەکرا بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنەکە. دیدارەکانی دواتر لەسەر بنەمای رەخنە و رێنماییەکانی (سەرۆک) و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەچوون.

دیدارەکان کە ماوەیەک پچڕا بەڕێگەی نێوانگیرەکانەوە سەرلەنوێ دەستیان پێکرایەوە. سەرلەبەیانییەکیان گرووپێک لەگەڵ نێوانگیرەکان پێکەوە لە تولەڕێیەکەی بەرامبەرمانەوە شۆڕبوونەوە. هەر لە پێچاوپێچی تولەڕێیەکەوە تا دەگاتە زاپ پڕبوو لە هەڤاڵ. تەماشاکردنی سەرکەوتن و شۆڕبوونەوە بەو تولەڕێیەدا زۆر خۆش بوو. ئەوانەی دەهاتن هەموویان هەڤاڵانی ژن بوون. هەموویان لەو هێڵەدا جێگیر کرابوون. گرووپی میوان جیابوونەوە و بە بەلەمە چیاییەکەمان پەڕینەوە و هاتنە برپارگە. بەرگ و رۆیشتنیان زۆر جیاواز بوو. جیاوازییەکەیان هەر لەدوورەوە بەدی دەکرا. دوای پەڕینەوەیان دەستەیەک لە هەڤاڵان پێشوازییان لێکردن، تەوقەیان کرد و ئەملاو ئەولای یەکتریان ماچ کرد. سیاسەت شتێکی چەند سەیرە! تادوایین رۆژ لە شەڕێکی سەخت و دەستەویەخەدا بووین و هێشتاش بەردەوامی دەکرد. لەناو شەڕێکی وەهادا هاتنە لای یەک، دیدار، تەوقەکردن و شتی وەها چەند سەیر بوون. کەسمان لە یەکتر

کوشتبوو، خوێنمان ڕژاندبوو. تێکۆشانی چینایەتی لە کوردستاندا خاسییەتێکی وەهای هەڵگرتبوو کە بێ شەرت و مەرج دەبووایە مێژووی بەکرێگیراوی و خیانەت بگۆڕدرێت. ئەگەرنا کەس بە هەوەس و ئارەزوو ئەو شەڕەی نەدەکرد و ڕوویشی نەدەدا. لە باشووری کوردستاندا شەڕ ناچارییەک بوو. بەکرێگیراویی کە مایەی کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم یەکێتی و گەل و ئازادیدا؛ شەڕێکی توند و دژواری کردبووە ناچاری. ئەو شەڕەش بەشێوازی تر بەردەوامی دەکرد. هەموو کەسێک یەکسەر و لەخۆوە نەدەبوون بە دۆست. هەر بۆیە هەندێک شتم بەلاوە سەیر بوو. لە شوێنێکدا کە پێویستە تف لە چارە و ڕووخساریان بکەیت، کەچی تەوقەیان لەگەڵ دەکەیت، ئەملاو ئەولایان ماچ دەکەیت و پێدەکەنیت بە ڕوویاندا.

ئیلیا ئیرینبارگ[89] لە یەکێک لە شاکارەکانیدا سەبارەت بە شەڕی دیبلۆماسی زۆر نموونەی سەرنجڕاکێش دەهێنێتەوە. (سەرگێی) کە قارەمانی ڕۆمانەکەیە، لەدوای شەڕ ئەرکی دیبلۆماسییەکەشی لێوانڕێژ دەبێت لە شەڕ. جەنگاوەرێکی باش و دیبلۆماتکارێکی باشە. لەم مژارەدا پێناسەی زۆر ناوازەی هەیە. ئاماژەشی بە زەحمەتییەکانی دیبلۆماسی کردبوو. دیبلۆماسی هونەرێکە بەئەندازەی زەحمەتییەکانی؛ وردەکاری، وردبینی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانیشی هەڵگرتووە. نابێت هەرگیز ئاستی نەیارەکەت پشتگوێ بخەیت. بەڵام پێویستییەکی سیاسەتە کە ((لەشوێنێک کە دەبووایە تف لەڕووی بکەیت، بزانیت بە ڕوویشی پێبکەنیت)).

بەڵێ، ڕق و کینی چینایەتی، شێوازی پێویستی ژیان و پەیوەندییەکە و داکۆکبوون بۆ تاک و بۆ چین و کۆمەڵگەش

---

89 Ilya Ehrenburg نووسەر و میدیاکارێکی سەردەمی سۆڤیەتە.

پێویستییەکی دەستلێبەرنەدراوە. شانبەشانی پابەندبوون بە پرەنسیپە سەرەکییەکانەوە، ئیرادەی جەوهەری و بڕیارداری مسۆگەر، دەوڵەمەندی فیکری، نەرمی و میانەیی و خۆسەربوون؛ هەموویان لایەنی زۆر سرووشتیانە بوون. کارێکی ئاسان نەبوو وەستایەتی و پسۆڕییەک نیشان بدەیت لە راپەڕاندنی هەموویان پێکەوە و بەشێوەیەک کە خزمەتی یەک ئامانجیی بکات. لە شەڕی دژی (PDK) دا زۆرێک لە لایەنە لاوازەکانیشمان دەرکەوتنەڕوو. هەر لە هەڵوەستەکردنی تەکتیکەوە تا بە مامەڵکردن لەگەڵ گەلەکەمان لە زۆر شوێندا بەدیکران. محافەزەکارییەکانی ناو سیاسەتی کردارییانەمان تێپەڕ نەدەکرد. بەشێوەیەکی پسپۆڕانە هەلومەرجەکانی چارەسەری سیاسییانەمان نەدەقۆستەوە. بەڵام راستییەکی حاشا هەڵنەگریش هەبوو کە (PDK) گورزێکی مێژوویی وەبەرکەوتبوو! ئەگەر هەلومەرجی بونیادنانی ئاییندە بەباشی هەڵبسەنگێندرایە، ئەوا قۆناخی بەهاری داهاتووی، دەیتوانی رۆڵی بگێڕایە لە نزیککردنەوەی قۆناخ و سەرکەوتندا.

دیدارەکان بەردەوام بوون. (ئە.ب..) لە دیداری یەکەمدا ئامادەبوو، دوودڵی لە هەڵوێستەکانیدا هەبوو، روونی و پووختییەکەی لاواز بوو، لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەنجام وەردەگرین. لەو خاڵەدا پێویست بوو دۆخی دووژمن و چەقبەستییەکەی (PDK) ببیندرێت. ئێمەبووین چارەسەری سیاسیمان دەسەپاند، هەلومەرج یاوەری ئێمە بوو. مرۆڤ لە سەرەتاوە سەرەنجامەکانی بەدی دەکرد. مامەڵەکردنی بەرتەسکانە و هەر لە سەرەتاوە بەوجۆرە بیرکردنەوە بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەر دیدارەکان دانا. لەئەنجامی ئەمەشدا بوو کە کۆمەڵێک بابەتی وەک ( ئازادکردنی دیلەکان، دەستبەجێ

لابردنی گەمارۆی سەر کەمپی ئەترووش) خرابوونە بەرباسەوە کە هەرگیز نەدەبووایە لە یەکەم دیداردا ببێتە بابەتی قسە و باس و بە چارەسەری نەگات. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هەر یەکێک لەمانە مەرجی یەکەمینی خودی دیدارەکان بوون. بەهۆی بێ بەهرەیی خۆمانەوە ئەوان چارەسەرییەکەیان دابەدەم کاتەوە. ئەمانە کەموکورتی زۆر جددی بوون و بوێرییان بە (PDK) دا.

رۆژێکیان کۆمەڵێک زانیارییمان بەدەستگەیشت و تیایدا هەواڵی جێگیرکردنی نزیکەی (200) پێشمەرگە لە بامەڕنێش هەبوو. گووتبوویان: "با پێکەوە وەکو برا رابوەستین". ئەوانە زۆر تەڵەکەبازن، تاقی دەکەنەوە و لە راستیدا ئامادەکاری دەکەن. لەلای خۆیانەوە دەستبەجێ سست نابن و بەشێوەیەکی تر درێژە بە شەڕەکە دەدەن.

زۆر ئاشکرابوو کە دەوڵەتی تورک ئەم قۆناخەی پێ هەرس نابێت. نیگەرانییەکی زۆر جددی هەبوو لەمەڕ سەرەنجامەکان. لەم واتایەشدا ئاشکرا بوو کە وازی لە (PDK) نەدەهێنا و بەردەوام دەبوو لە زۆر لێکردنی. لەبەرەی خۆشمانەوە (سەرۆک) بەردەوام ئاماژەی بە پێویستی کار و خەباتێکی بەرفراوان و بەرنامەرێژکراو لەسەر بنەمای لێکدانەوەی هەموو پێشهات و ئەگەرێک دەکرد. راسپاردە و رێنمایی پێشکەش دەکرد. ئەمانە زۆر بەرجەستەبوون و پێویست بوو لە کرداردا حەتمەن وەڵام بدرێنەوە. بەڵام لە جێبەجێکاری کردەییدا خوڵقێنەری و خێراییەکی بەوجۆرە نەبوو. زۆر لە بیر و بۆچوونەکانی (سەرۆک)ەوە دوور بووین. لەم خاڵەدا خەم و نیگەرانیم هەبوو. کارەکان لەکات و شوێنی خۆیدا نەدەکران، هەل لەدەستدەدران، هێشتاش قەڵەمڕەو نەبووین.

گۆڕان و پێشهاتەکانی ئەوسا هەموو بەمجۆرەبوون، باشە نووسین بەواتای نابەرجەستبوون و پەراوێزبوون لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە نەدەهات؟ ئەمەش زۆر برینداری دەکردم. سنووردار بوون و لەدوورەوە روانین زۆر زەحمەت بوو. لە دوو خاڵدا بێبەری بووم. یەکەمیان؛ ناچاربووم لە شوێنی دەستنیشانکراو بم و بنووسم. دووەمیان؛ شێوازی هەڵوێست و کارکردنم دەبوو بە هۆکاری بەرتەسککردنەوەی هەموو شتێک.

نووسین بەگشتی بەبێ دابڕان لە ژیان و بە چاودێرییەکی باشی ئەمڕۆکە، تەندروستانەتر دەبوو، ئەگەرنا لە چێژی رابردوودا وەبیر نەدەهێندرایەوە. لەکاتێکدا لەگەڵ قەرەباڵغییەکەدا بیستن، قسە و باسکردنی هەمووشتێک هەبێت، بە یەکگەیشتنەوە و یەکانگیربوونەوە لەناو تێکڕای جوانییەکاندا و واتادارکردنی هاوڕێیەتی هەبێت، پێویستی بە خەون دەما؟! بێگومان دیسان پارێزیم لە خەونە بێسنوورەکانم نەدەکرد. دەمگووت: "ژیان بێ خەون مەحاڵە" و وابزانم هەرگیز دەست بۆ قووڵایی و فرەیی ئەم لایەنەم نابەم. خەیاڵکردن و هەستکردن! ئەگەر هەردوو دیاردەکەش لەناو دونیای راستەقینەدا بە باشی بەجێ بکرێن، ئەوا مرۆڤ ئەنجامی زۆر گەورە بەدەست دەهێنێت. پێویست بوو گوێ بە هەردووکیشیان بدرێت..

# کەسێک لە زاپ ون بوو

(نەسیمی) کە ساڵانێکی زۆر بوو، لە زیندان بوو، لێپرسینەوەکەی تەواو ببوو و دادگایی دەکرا[90] هاوڕێ لەگەڵ هەموو هەڤاڵان بۆ بەشداریکردن چووینە خوێندنگە. ئەو قۆناخە بۆ (نەسیمی) قۆناخێکی درێژ و سەخت بوو. ئەو شتانەی سەبارەت بەو دەگووتران زۆر جددی بوون، بەڵام هەڵوێست، رەخنە و هەڵسەنگاندنەکانیش تا بڵێی هەوکردە و گوشارهێن بوون.

جاروبار شێوازی لێکدانەوەمان بۆ کێشەکان لەگەڵ هێزی لێپێچینەوەی شۆڕشگێڕانەی (PKK) و گیان و شێوازی پێگەیاندنەوە و گۆڕین و وەرچەرخانەکەی ناگونجێت. لە راستیدا ئەو هەڵە و چەوتییانە زوو هەستیان پێدەکرێت، بەڵام ئەو کاریگەری و کێشەیەی لەگەڵ خۆیان دەیانهێنن زوو چارەسەر نابن. شێواز و پێودانگی تاکەکەسی بەمجۆرە دەتوانن ببن بە هەڕەشە لەسەر دادپەروەری و یەکێتی ناوخۆی پارتیمان. لەبەرامبەریشدا هەر کاتێک هێزی تێکۆشانی راستەقینە نیشان نەدرا؛ زیاتر مرۆڤ هەراسان دەکات و دەیخاتە دۆخی تاوانبارییەوە. تەنیا تووڕەبوون و خەمخۆری لەمەڕ ئەو چەوتی و ئەو شێوازە شکستهێنەدا بەس نییە. لەم خاڵەدا هەمیشە چاوەڕوانکردن و بڕواکردن بە چارەسەرکردنی لەلایەن کەسانی ترەوە؛ گەمژەییەکی گەورەیە. لەو شێوازەدا شۆڕشگێڕی

---

[90] لە رێکارەکانی (PKK) دا بەپێی قورسی تاوان رێکاری تایبەت و جیاجیا دەستنیشان کراون، پلاتفۆرم یەکێکە لەو رێکارانەی کە هەموو کادیران دەگرێتەوە، بڕیاری هەنگاوەکانی دواتریش هەر لەلایەن پلاتفۆرمەوە دەدرێت، جا ئەگەر بڕیاری لێپرسینەوە و دادگایی سەربازیش بێت.

شکستی خواردووه. لێرەدا ئەرکی راستکردنەوەی چەوتییەکان بەجێ نەهێندراوە. هەست بە ژان و ئازاری ئەو دۆخە دەکەم. بینینی، بەلام بە ئەنجام نەگەیاندنی ململانێ و تێکۆشانەکەی!

دۆخی (نەسیمی) نموونەیەک بوو بۆ ئەم بابەتە، کە زۆر نموونەی هاوشێوەی تریش هەبوون. هەموومان تاوانباربووین لەبەرامبەر بە ژیان و بەسەرهاتەکەی (نەسیمی). پارتی (نەسیمی)ی بە ئاسانی بەدەست نەهێنا و بەئاسانیش لەدەستی نەدەدا. بەلام ئەگەر بێتوو خۆمان لە هێڵی شۆڕشگێڕیدا بەباشی جێگیر نەکەین، ئەوا رزگارمان نابێت لە رووداوی وەها تراژیدی. پێویستە بەخێرایی ئەو زەمینانە لەنێو ببردرێن کە کەسێتی بەرەو نەمان دەبەن، دەبێت کەسێتی سەرلەنوێ بونیاد بنرێنەوە. (نەسیمی..) ماوەی (9)مانگ لەژێر لێپرسینەوەدا بوو و دادگاییەکەی سازکرابوو. رەخنەی زۆر توندی وەرگرت. بێگومان مامەڵە و هەڵوێستی ناڕەوایانەش نوێنران. بەو هۆکارە و بەهۆکاری کاریگەری بەسەرهاتەکانییەوە هێشتا توورە، زوییر و بە ئازار بوو. بە "ئەو کابرایەی لە زاپ ون بوو" گوزارشتی لەخۆی دەکرد. بەلام زاپ ناوی جوانی و پیرۆزییەکان بوو، لەراستیدا دەبووایە بە "ئەو مرۆیەی لە زاپ بە شکۆ دەبوو" پێناسەی خۆی بکردایە...

لەکاتی بلاوەکردندا، (نەسیمی)م بینی لە لاڕێیەکی بەردەم ئەشکەوتەکەدا لەپاڵ ئاگرەکە دانیشتووە. تەوقەمان کرد و پرسیم "چۆنیت؟"، بە دەنگێکی زوویر و دڵزارەوە وەلامی دایەوە و گووتی: "چۆن بم... ئەوەتا لەبەر چاوم!.." نەمویست زۆر قسەی لەگەڵ بکەم. کاتەکەش گونجاو نەبوو. هەرچییەکم بگووتایە (نەسیمی) بەدۆخی دەروونی ئەو ساتەیەوە وەلامی

دەدایەوە. بەباشم زانی کە بۆ کاتێکی تری بهێڵمەوە و ماڵئاواییمان کرد.

هەرچەند دەڕۆیشتم هێورتر دەبوومەوە، لەدڵی خۆمدا دەمگووت: "بریا ڕێگەکە تۆزێکی تر درێژی دەکێشا، بڕۆم... بڕۆم... بڕۆم... " بەبێ هیچ ڕاوەستانێک. هەر دوو ڕێگەی ئەملاو ئەولای زاپ پڕبوو لە هەڤاڵ و هەر کەسەو لە هەوڵی گەیشتنەوەدایە بە شوێنەکانی خۆیان. هەڤاڵ (نا..) و هەڤاڵ (کاراسو)ش لەسەر ڕێگەی بڕیارگە بوون. تا بڕیارگە پێکەوە ڕێمانکرد. (نا..) دەیگووت: "شەڕت لەگەڵ دەکەم".

تازە لە زاگرۆسەوە هاتبووەوە. دڵگران بوو بەوەی نەچووم بۆ سەردانی. پێمگووت: "بەڕاستی دوێنی دەهاتین. تەنانەت لە هەڤاڵانی لای خۆشتانمان پرسی کە لە بڕیارگەن یان لە شوێنی تر. بەڵام پاشان پاشگەز بووینەوە.." وشەی "پاشگەزبووینەوە"م زۆر بە پێداگرتنەوە دەرکاند، چونکە لەژێر ئەو وشەیەدا "لە دڵ هەڵگرتن"م هەبوو. هەر لەبەر ئەمەش بوو دەیگووت شەڕت لەگەڵ دەکەم. هەڵبەتە بە پێکەنینەوە. پێمگووت: "ناوی سارا، یەکسانە بە شەڕ و ململانێ" و لێرەوە دەستنیشانم کرد کە ئامادەم بۆ شەڕ و بە شەڕەکانی ئەویش ڕاهاتووم.

لەبەر ئەوەی بەشداری لە سێهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی نەکردبوو، لەوەتەی هاتبوو تۆمارەکانی دەخوێندەوە. کاتێک پرسیاری هەڵسەنگاندنی گشتیم لێکرد دەستبەجێ بابەتەکەی هێنایەوە سەر ڕەخنەدانەکەی من و گووتی:"لە بەشی ڕەخنەداندا، بەسەر ڕەخنەدانەکەی تۆدا بازمدا". گووتم: "بۆچی" لەوەڵامدا گووتی: "لەبەر ئەوەی هەمیشە هەمان شت دووبارە دەکەینەوە و هیچی تر. لە کۆنگرەی پێنجەمیشدا هەمان شت تاووتوێ کرابوو. کاراسوش لەوێبوو". ڕووی لە (کاراسو) کرد

و گووتی: "وەها نییە کاراسو". دەیویست ئەویش پشتیوانی لە قسەکەی بکات. (کاراسو) رووی لە من کرد و گووتی: "نا!.. نا! ئەوەی ئەمجارەیان بەرفراوانتر بوو".

سەیرە؛ داکۆکی دەکرد (مەبەستی لە کاراسویە –و). وەک دەستکەوتێکی زۆر گرنگیش بەدەست هێندرابێت دەیگووت: "ئەرێنییە! ئەرێنییە!" ئەم وشەیە لەلای (کاراسو) فرەزۆرە! چەندین قات کەڵەکەبووی نیازی باش لەلای ئەو دیاردە نەرێنییەکانیش بە ئەرێنی دەکات. وەک ناچاربێت لاوازی و بێچارەییەکانمان بە شتێکی جوان و سەرکەوتووانە نیشان بدات. دانمبەخۆمدا نەگرت و گووتم: "هیچ نابێت، منیش راهاتووم لە هەر کۆبوونەوەیەکدا هەمان رۆڵی شانۆگەرییەکە بگێڕم". ئەمانەم بە تووڕەیی گووت. ئەگەرنا راهاتنی چی، کێ رادێت؟ بەردەوامم کرد: "بەهەرحاڵ دەست بە نووسینی سیناریۆکەی دەکەم. بڕوابکە ئەمجارەیان زۆر باشتر رۆڵ دەگێڕم، رۆڵی خۆم دەگێڕم. لە ئێمەشدا بەهرەی ئەکتەری گەشە دەکات. تەنانەت دەتوانم فیلمەکەشی دەربهێنم". هەردووکیان بە قاقا پێکەنن. (کاراسو) دەستبەجێ پشتیوانی لە قسەکانم کرد و گووتی: "ئەرێنییە! ئەرێنییە! بۆچی نا؟ بەڕاستیش بەهرەت هەیە. لە زیندانیش هەندێک شتت لەشێوەی شانۆگەریدا نووسی بوو. لەلای ژنانیش شانۆگەری گەشەدەکات. (د..)ش بەباشی رۆڵ دەگێڕێت. دیارە ئەمەش لە سەرکوتکرانەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرنج بدەن، لەو گەلانەدا کە سەرکوتکراون و لەژێر گوشاردان شانۆگەری لە ئاستێکی باڵادا پێشکەوتووە، هونەرمەندیان زۆرە. بەهۆی هەبوونی سەرکوتکارییەوە خەڵک بە شانۆگەری و رۆڵگێڕان رەخنەکانیان دەردەبڕن. ژنیش بە هەمان شێوە. زۆر سەرکوت دەکرێن، زۆر دەچەوسێندرێنەوە، هەمیشەش دەمکوت

کراون. به شانۆگەری دێنە زار و بەقسە دێن. ئەمەش جۆرە گەشەسەندنێکە. لە تورکیاش شانۆگەری بەهرەمەند هەن. هەمووشیان بەناوبانگن. هونەرمەندی بەناوبانگی وەک (فەرحان شەنسۆی، گەنجۆ ئەرکاڵ، کەنتەر، ئایتەن گۆکچەر...هتد) هەن. بەڵام ناوەڕۆک ون دەکەن. ئەمەیان خراپە".

(کاراسو) بەردەوامبوو لە قسەکردن. باشە کە باسی شانۆگەری بوو. دەیزانی بێخواست و ویستم لە بارەی نووسینەکەوە، بۆیە بەردەوام بابەتەکەی لەو خاڵەدا دەخستە بەرباس. بەردەوامی کرد و گووتی: "لە راستیدا باشترین شانۆکار؛ گاڵتەبازەکانی پاشاکانن. تەنیا ئەوان توانای رەخنەکردنی پاشایان هەیە. پاشاکانیش تەنیا رەخنەکانی ئەوانیان پێ هەرسدەکرێت. کەسی تر بوێری رەخنەکردن نانوێنێت".

لەدڵی خۆمدا گووتم: "ئێمە ئێستاکە گاڵتەبازەکانی پاشاین؟!" لەو رۆژانەدا ئەمجۆرە نموونانەم زۆر وەبەرگوێ دەکەوت. پێشتریش (زەکی) و (ف..)یش باسیان کردبوو. دیارە ئەمەش دەرکەوتەی گفتوگۆکانی نێوان خۆیان بوو! (شانۆکار)ییەکەی من تا بڵێی گفتوگۆی هاوڕێیانمی لەبارەی هونەرەوە خەست کردبووەوە. ئەمەش باشییەکی هەبوو. وەکو (کاراسو)دەیگووت: "ئەرێنییە".

رۆژ بەم جۆرە بە شتی سەرەنجڕاکێش گوزەری کرد؛ قسە و باس لە دادگاییەوە تا هونەر درێژەی کێشا. هەریەکەیان تێکهەڵکێش بوون لە ئاوازی جیاجیا و دیمەنی جیاجیا. سەراپای هەر قسەیەک، هەر گفتوگۆیەک و تەنانەت هەر تێکۆشان و

ململانێیەکی بێ ڕێباز، ڕاستییەکی هاوبەشیان دەردەبڕی؛ خۆشنەوستن و دوورکەوتنەوە لە واتای ڕاستەقینەی خۆشبەویستی و سەرنەکەوتن و لاوازییەکان. لە ڕاستییدا هەموو ئەمانە ژەهریان دەخستە ناو هەر جوانییەک و هەر ئەرێنییەکەوە. ئەمەش بە ئاشکرا بەدیدەکرا. دەبووایە بێ لەدەستدانی کات دژە ژەهرەکەی پەیدا بکرێت. دژە ژەهرەکەش: پێکەوە، شانبەشان و بەشێوازی ڕاست خەباتکردن بوو. تێکۆشانێک بوو کە هەلومەرجەکانی دەستنیشان بکرێن و ئامرازەکانی بەوردی و وریاییەوە بەکاربهێندرێن. خۆشەویستی، ڕێز و سەرکەوتنیش تەنیا لەسەر ئەم بنەمایە گەشەی دەکرد. تەنیا بەمجۆرە دەکرا ژیان بە ژن و پیاویشییەوە ببێتە مایەی خۆشویستن. ئەگەرنا ئەم دوورییە و ئەم لەیەکتر ڕاکردنەمان مایەی دانبەخۆداگرتن نەبوو. ئیتر نەدەبا لە شانۆگەرییەکانماندا ڕۆڵی ئەم لایەنە بگێڕین.

هەموو کەسێک لە ئاستی زارەکیدا باس لەم ڕاستییە دەکات، ئاواتی دەخوازێت، ئارەزووی دەکات و تەنانەت دەبێتە داکۆکیکاریشی! جگە لە هەندێک ساختەکار، هەموو هاوڕێیان هەستیان بەم ڕاستییە دەکرد و دەیانبینی. بەڵام خوو و ڕاهاتنە ڕیشەییەکان، خودڕەوی و خودپەرستییەکان؛ شەڕی چینایەتی ناوخۆ پڕ بە ئێش و ئازار دەکات، زۆری لێدەکات و لەڕێ دەریدەخات. بەشێوەیەک کە هەندێک کەس گۆڕانکاری بە خەیاڵ دەزانن و بێ باوەڕن. کاردانەوە، تووڕەیی و هێرشبەری لەو جۆرە کەسانەدا لە لوتکەدایە. دەڵێن: "مادام ناتوانین برەو بە

جوانەکەیان بدەین، کەواتە هەموو شتێک ناشیرین و قێزەونە" و بەڕاستیش هەموو جوانییەک قێزەون دەکەن. سەرەنجام سەرەکییترین بەهاکان، سرووشتیترین پێودانگە مرۆییەکان خێرا و بە ئاسانی بریندار دەکەن. هەر بەمجۆرەش کەسێتییەکان روو لە بێ شکۆیی و بێ شەرەفی دەکەن. تۆبڵێی هەست بەو خزان و شکستانە نەکرێت؟ نەخێرا هەستیان پێدەکرێت، ئەگەر گیانی سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی لەدەستچووەکانمان گەشە بکات، ئەوا تێکۆشان و شەڕەکانیشمان جوان و پڕدەبن لە هاوڕێیەتی. ئەوەی دیارە: هێشتاش گورز وەشاندن لە ناخی یەکتری بە ئاقڵیی دەزانین.

## "ئێرە گۆڕەپانی سەربازییە
## پێی بڵێن دەستبەجێ ئێرە تەرک بکات!"

چەند رۆژ بوو لە گرێکوێرەیەکی دەروونی دابووم کە خواستی نووسینی کوت دەکردم. هاوکات لە ناو شەڕێکی چڕوپڕ دابووم لەگەڵ خۆم. زەحمەت بوو واتا بە هەندێک شت بدەم، نەمدەتوانی ناویان لێبنێم. جیهانی سۆزم لێوانلێو بوو! بەدوای (نابێت)ێکدا دەگەڕام، بیری (نابێت)م دەکرد. هەرچەندە دەمزانی کە بەحەسرەتی (گەزگیۆر) نەدەگەیشتم، بەڵام بەدوایدا دەگەڕام. لە دڵی خۆمدا دەمگووت: "چی دەبوو...؟" و پێم تەواو نەدەبوو. بەدوای ئەوانی تردا دەگەڕام. لەو ساتەوەختانەدا کە نەدەکەوتمە قاڵبی خۆمەوە، لەگەڵ ئەوان گفتوگۆم دەکرد. بەڵام لەگەڵ هیچ یەکێکیاندا تووڕەییم بەم ئەندازەیە بە لوتکە نەگەیشتبوو. (گەزگیۆر) لەوەها ساتەوەختەکانمدا ئەو تێبینییانەی بۆ دەخوێندمەوە کە بەدەستنووسە ناشرینەکەی لە لێنووسەکەیدا تۆماری کردبوون، منی لەو دۆخی تووڕەبوونە رزگار دەکرد. رەخنەی توند و جێگیری دەکرد. رێگری لە بەخۆدا تەقینەوەم دەکرد. گووتەکانی، نوکتەکانی، وێناکردنەکانی زۆر روون و پووخت بوون. لە تەنزەکانی ناو لێنوسەکەیدا زۆر بە جوانی شێوەی مرۆڤەکانی دەستنیشان دەکرد. بە وێنای زۆر دەوڵەمەند ئەو شتانەی زۆر بەجوانی دەردەبڕی کە تۆ بیریان لێدەکەیتەوە و بەڵام پێت دەرنابڕدرێن. تۆی لەخۆت تێدەگەیاند، بەتایبەتیش بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک، لەهەناسەیەکدا، مەردانە و بێ باکانە خۆی دەیخستیەڕوو.

قسه و نووسینەکانی بەوجۆرە بوون. ناڕوونی تیادا نەبوو، فێڵی نەبوو، ئەگەر شەڕ و تێکۆشان بووایە، بە بێ ئامانترین شێوە دەکەوتە ناوییەوە. ئەگەر جوێن بووایە، ناخۆشترین جوێنی دەدا بەشێوەیەک کە یەکە بە یەکەی وشەکانی لەناو چاوانی بەرامبەرەکەی دەدا. (ئەرتەدۆکس)انە پەیوەست بوو. لە ساڵی 1991 لە پلاتفۆرمەکەمدا لە ئەکادیمیا بەیەکێک لە رەخنە نابەجێیەکان توورە بوو و هاتە دەنگ و گووتی: "ئەرتەدۆکسانە پابەندە بە سەرۆکەوە" بەلای (سەرۆک)ەوە واتادار بوو و بە خەندەوە گووتی: "ئەرتەدۆکسانە ها!".

بەڵێ، ئەم پابەندیە ئەرتەدۆکسانەیە نابەرجەستە نەبوو. ئەوەی لە مرۆڤدا و لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوڕێیانیدا بەرجەستەکردبوو. هەموو سادەییەک کە بۆ هاوڕێیەتی پێویستن، لەلای ئەو بە مەزنترین و تێکۆشەرترین شێواز بە ژیان دەگەیشت. هەمیشە دەمگووت: "ئەگەر تێکۆشان بێت، ئەوا دەبێت هاوشێوەی تێکۆشان لەگەڵ گەزگیۆر بێت".

ئەوانی تریش بە ئۆقرەوە گوێیان لە مرۆڤ دەگرت. پەلەیان نەدەکرد، تەنانەت بە توورەییەکەت پێدەکەنین. هەوڵیان دەدا لە جەوهەرەکەی تێبگەن و "ئاگریان بە ئاگر نەدەکوژاندەوە"، لانی کەم لەو خاڵانەدا کە تیایدا چەقبەست بوویت، لەو خاڵانەدا کە لە دڵشکاوترین ئاستی خۆتدا بوویت، بە رۆحەوە و بە هەڵوێستی هاوڕێیانەوە هێزیان پێدەدایت.

هاوکات هەندێک شەڕ و تێکۆشانیش هەبوو کە خەنجەریان لێ دەدایت. ئەمەش ئەو جۆرە شەڕانەبوون کە تیایدا هەندێک کەس بە تێکڕای هەوەسخوازییە خودپەرستانەییەکان، بە تێکڕای ئاڵۆزییە دەروونییەکان، بە تێکڕای وشە زبر و نوکتێژەکانیان هێرشیان دەهێنا. لەم جۆرە شەڕ و تێکۆشانەدا پەتەکان

دەپچڕان. دەماری (شەرم)ی هاوڕێیەتی نەدەما. سنوور بەزێنانە لە دۆخ و ئامرازی نایەکسان، یەکلایەنانە و پشتئەستوور بەهێزی قەڵەمڕەوی دەستی پێدەکرا. تیایدا ناوی پارتی و فەرمانداریێتییەکەی زۆر بەکاردەهێندرا. بەڵام ئەگەر شتێک بەر خۆپەرستییەکەی کەوتبێت، یان غرووری فیودالی و بۆرژوازییە بچووکەی ئازار درابێت، یان بەر لاوازییەکەی کەوتبێت، ئەوا ئەم شەڕە بە شەقاوەیی بە "پیاوێتی" تەواو دەکرا. ئەم جۆرە شەڕە هەمیشە دەیترساندم. سامێکی گەورەم لێی دەبووەوە، بەردەوام هەوڵمدا لێی رابکەم کەچی هەموو جارێکیش خۆمم لەناو ئەو شەڕەدا دەدییەوە. ئەو رۆژەش منی تا بەرپێی جۆرە شەڕێکی وەهاوە برد. بەڵام دەبووایە بمزانیبا، هەستم پێبکردایە، یان گوێم بە هەستەکانم بدایە. زۆر جار ئەزموونم کردبوو، ئەگەر بەدوودڵی دەستم بە کارێک بکردایە، دڵنیام نەهاتێک دەهاتەڕێ و ئەنجامی نەرێنی یەخەی دەگرتم.

دوای کۆبوونەوەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە بارەگای بڕیارگە مامەوە، زۆرێک خواست و ئاواتی خۆمم سەرکوتکرد. تەنانەت خواست و ئارەزووی کارکردنیشم بە هەمان شێوە سەرکوت کرد. دەشمزانی کە کارێکی راست ناکەم، بەڵام دەمویست لەخۆمدا بیشکێنم. پێویستییەکی زۆرم بە دۆخ و شوێنێک هەبوو کە ئەو قۆناخانەی تیادا بخەینە بەرباس و یادەوەرییەکانمان زیندوو بکاتەوە. (عەدنان)ی تابووری گەردەلول هاتە خەیاڵم تا قسە و گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پێویست لە فەرماندەی ئێشکگر لە بڕیارگە، لەگەڵ (شەفەق) بەرەو تابوورەکە کەوتینە رێ کە نزیکەی سێ کاتژمێرێک لێمانەوە دووربوو. بەڕێوە بەردەوام دەمگووت: "با نەهاتێک نەیەتە رێمان".. کاتێک گەیشتینە بارەگاکەیان زانیمان کە

هەڤالان لە پەروەردەدان و وانەکەش وانەی (عەدنان)ە. فەرماندەی ئێشکگری تابوورەکە (ژیان) بوو. دوای ئەوەی خواستی چاوپێکەوتنی خۆمان پێگووت، بۆ دابینکردنی کۆمەڵێک پێداویستی روومانکردە یەکەی لۆجیستیک. لە ناوبڕی نیوەڕۆدا دووبارە گەڕاینەوە. (دەنیز)ی فەرماندەی یەکینەی هەڤالانی ژن بە بێتەلەکەی دەستییەوە پێشوازی لێکردین. هەوڵی دەدا شوێنێک بۆ دیدەنییەکەمان رێکبخات. پێشیگووتین: "وەرن لە قاوشی بەڕێوەبەرایەتی دیدار بکەن".

ئەوەی بەلامەوە گونجاوتر بوو تۆزێکیش مەبەستی رووبەڕوو نەبوونەوەم لەگەڵ (کازم)ی هەڵگرتبوو بە (دەنیز)م گووت: "وا باشترە لە خوێندنگەکە بێت". بە بێتەلەکەی (عەدنان)ی بۆ خوێندنگە بانگکرد. ئێمەش بەرەو ئەوێ رێمانگرت. دوای چەند هەنگاوێک دەنگی (کازم)م لە بێتەلەکەوە بیست کە فەرمانێکی توندی دەرکرد و گووتی: "ئێرە گۆڕەپانی سەربازییە، دیدەنی نابێت، پێی بڵێن با دەستبەجێ ئێرە تەرک بکات!". (دەنیز)یش بەمە تێکچوو. تۆزێک لێمان دوورکەوتەوە و نەیدەویست دەنگی بێتەلەکە ببیستین. بەڵام من لە دۆخەکە تێگەیشتم. بە (شەفەق)م گووت: "با رانەوەستین، دەستبەجێ بڕۆین". (شەفەق) گووتی: "ئادەی تۆ چاوەڕێ بکە، حەتمەن هەڵەیەک هەیە و بە ئێمەی ناڵێن" و چوو بۆ لای (دەنیز). ئەویش لە وەڵامدا گووتی: "بڕۆ بزانە چییە". توورە بووم و گووتم: "شتێک نییە مایەی تێنەگەیشتن بێت" و لێمدا رۆیشتم.

لە خوارەوەی رێگەکەدا چاوەڕێی (شەفەق)م کرد. کاتێک (دەنیز) نەهاتەوە، (شەفەق) گەڕایەوە بۆلام. (گابار) کە لە بەڕێوەبەرایەتی تابووردا جێگەی دەگرت هەمان فەرمانە

توندەکەی بۆ دووپات کردینەوە؛ "گۆڕەپانێکی سەربازییە، بڕۆن. دیدار نابێت".

هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد بەسەریدا تەقیمەوە: "تۆ کێیت؟ چی ڕوودەدات؟ تۆزێک ڕێزتان هەبێت! ئەم تابوورە تابووری باوکی هیچ کەسێک نییە. بۆتان نییە بەمجۆرە هەڤاڵێتی پێشێل بکەن. کەس بۆی نییە هەوەسخوازییە تاکپەرستییەکانی خۆی بەمجۆرە نیشان بدات. ئێوە بۆچی هەمان چەوتی دووپات دەکەنەوە" و زۆر شتی ترم پێگووت و لێمدا ڕۆیشتم.

نەمدەویست زیاتر چاوەڕێ بکەم. هەروەها نەشمدەویست هەڤاڵانی تریش گوێبیستی دەمەقاڵێیەکە بن. لەگەڵ ئەوەشدا دەگریام. کە من گەیشتمە نزیکی تەلەفریکەکە، (شەفەق)یش هات و گەیشتەلام. هەڵبەتە حەپەسابوو، هێشتا دەرکی بە دۆخەکە نەکردبوو، پرسیاری هۆکارەکەی لێدەکردم. لەو کاتەدا باسی چیم بۆ بکردایە؟ لە هاوڕێیەتیدا نەمانی پێودانگ و سنوور، ئارەزووی خودڕەوی، تۆڵەسێنی سەرەتایی و تایبەتمەندی خۆهەڵخەڵەتێنی خۆی دەدایە دەر. تێکەڵاویی ڕۆحییانەی سادیست – مازۆشستانە کەسێتییەکانی بەو خێراییە دەدا بەدەستەوە، بەڵام جێی داخ بوو کە لەناو ئێمەدا ئەمانە زۆر بەخێرایی نەدەناسرانەوە. کێ دەزانێ چەند کەس بەهەڵەدا دەچوو. یان بەهەمان شێوە خۆی دەخەڵەتاند. فەرماندە (گابار)، فەرماندە (دەنیز)، فەرماندە (ژیان)... یان نازانم فەرماندە کێ. تابلۆیەکی چەند داماویان دروست دەکرد. (کازم) ناوی گەورە گەورەی لە تابوورەکە نابوو. "تابووری گەردەلول، تابووری 27ی تشرینی دووەم، تابووری بە پارتی بوون" کەچی خۆی بەچییەوە خەریک بوو؟ لەکام خاڵ و لەبەرامبەر بەکێ شەڕی دەکرد؟ مرۆڤ مەگەر بەم ئەندازەیە خۆی ون بکردایە! بەڵام

حیسابخوازی شۆڕشگێڕانە بەمجۆرە نەبوو. ئەم جۆرەیان تەنیا شکستێکی خراپی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و هیچی تر. تۆبڵێی تێبگات؟ ئاخۆ کەسانی تر بۆیان هەیە بەناوی پارتییەوە پارێزبەندی بۆ خۆیان رابگەیەنن؟! ئەمە بەهەڵەداچوونێکی زۆر گەورەیە. ئەوانەی ژیانی خۆیان بوێر و نەبەردانە بە دۆزەکەیان بەخشیوە، هەڵبەتە فێری شەڕی بوێر و نەبەردانەش دەبن.

دەزانم ئەمە شەڕێک بوو، بەڵام هێشتاش لە زەمینی ژێر خواستی کەسانی تردا شەڕم دەکرد. بەهیچ جۆرێک هەڵمەتێکی ترم پێنەدەبردرا. شێوازی شەڕم، دەگەڕایەوە و لەخۆمی دەدایەوە. خۆمم لەناو خەڵتانی خوێندا دەهێشتەوە. دەمگووت: "شەڕ و تێکۆشان وەها نابێت! بەم ئەندازەیەش سووک ناکرێت" و لە هەموو کەس زیاتر لە لاوازی و بێچارەیی خۆم تووڕە دەبووم.

چەندین رۆژبوو وەک ژیانم راوەستاندبێت چاوەڕێم دەکرد. چونکە لەکوێوە دەستم پێ بکردایە هەر لە سەرەتاوە دەدۆڕام و شکستم دەخوارد. بۆیە دەمگووت تا فێری شەڕ نەبم، نانووسم. تا لەلوتکەدا بەسەر دۆڕان و شکستەکاندا زاڵ نەبم و سەرنەکەوم؛ بەردەوام دەبم لە شەڕکردن. خودی ژیان ئەمەی بەسەردا دەسەپاندم. کەوابوو ناچاربووم پێداگیرییەکە پێچەوانە بکەمەوە، نەدەبووا ژیانم راوەستاندایە. بێگومان نووسین بەجۆشهاتنە لە سۆزدا. لەئامێزگرتنی ژیانە لە شەڕ و تێکۆشاندا. کەوابوو ئەوکاتانەی کە نەمدەنووسی؛ جۆش و خرۆشم زامدار بوون، شەڕ و تێکۆشان لەچێژی خۆیاندا نەدەڕژانە ناو دڵمەوە.

## دەبێت چڵەکە بە پێچەوانەدا بشکێنیتەوە

سەرلەنوێ ژیانەوە لەناو بەسەرهاتەکاندا مەحاڵە؟ زۆر هەژێنەر و بە ئازارە؟ ئایا بوێری ئەوەم نەبوو؟ بەڵام نەخێر! کاتێک ئاوڕ لەو ساڵەهایە دەدەمەوە کە "تەمەنێکی لێوانڕێژە"، شتگەلێکی زۆر هەن سەرلەنوێ بژیێنەوە و یادبکرێنەوە! کاتێک لە ریشاڵەکانییەوە تا بە ئاساییترین و دوورترین لایەنەکانی شۆڕدەبیتەوە، لە هەریەکێک لە ریشاڵەکاندا بەپشوودرێژی و هەناسە قووڵییەوە لێپێچینەوەی بێ خەوش ئەنجام دەدەیت و دەگەیت بە حەقیقەتی گەورە، ئەوکاتە هەست دەکەیت کە چەندە رووداوێکی قەشەنگ و نایابە. ناچاربووم تیایدا سەرکەوتوو بم.

چەند رۆژێک بوو ئەگەرچی پەرتەوازەش بێت، لەناو کەشێکی چڕوپڕ لە سۆز و فیکردا بووم کە قورسایی دەخستە سەر خواستی نووسینم. بەڵام هێشتاش بڕیارم نەدابوو لەکوێوە و چۆن دەست پێبکەم. ئەمەش تابڵێی زۆری بۆ دەهێنام. دەمزانی کە نووسینەوە لەسەر شێوازی نەریتییانە ئاسانکاری بۆ دەڕەخساندم. دەبوو بە جۆرە گێڕانەوەیەک لەناو چوارچێوەی تایبەت بەخۆی و تۆڕی فیکر و سۆزی خۆی، بۆیە هەر لەم خاڵەدا تووشی زۆرترین دەستەواژەی (یاخی) و (ئەویتر–لە واتای پەراوێز خستندا– و) بوومەوە. کەواتە چۆن دەبوو کارەکە لە پێچەوانەکەیەوە بگرینە دەست، یاخود "شکاندنەوە بە بارەکەی تردا" چۆن دەکرا؟ چۆن دەبێت، ناچاربووم ئەو ڕێگەیە بدۆزمەوە.

بیرم دەکردەوە و سەرەنجام سەرلەنوێ تا سەر ئێسک هەستم بەو ژیانە دەوڵەمەند و لێوانڕێژە دەکرد و دەژیامەوە کە ناکەوێتە هیچ قاڵبێکەوە و بڕیارمدا لەناخی دڵ و بە گەورەییەوە دەست بۆ گەردیلەکانی ببەم.

دواجار گووتم: "جارێک بڕیارمدا کە بنووسم.." و چی دەبێت با ببێت دەنووسم. لەناو شەڕ و تێکۆشاندا و بە شەڕ و تێکۆشانەوە دەستم بە نووسین کرد.

**کانوونی دووەم 1996**

**زاپ**

## شۆڕشگێڕیی کردەی دلێرانەیە

دوایین دیالۆگی نێوان ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجالانە لەگەڵ ساکینە جانسز (سارا) کە مێژووەکەی بۆ 9ی نیسانی 1998 دەگەڕێتەوە...

ڕێبەر ئاپۆ: حەقیقەتێکی ئاڵۆز و بەربڵاوتان جێگەی باسە کە لە شێوازی کەسایەتییەکی پڕ قەیراناویی زۆر سەختدا خۆی دەسەپێنێت و بە ئاشکرا؛ هەم حەقیقەتی کۆمەڵایەتیتان و هەم ئاستی بە پارتیبوونتان دەستنیشان دەکات. ئەمەش بۆتە دۆخێکی تاکۆتا هەڕەشەئامێز. زەمینەسازی بۆ ئیمپریالیزم و شەڕی تایبەت کردووە تا سەرجەم حیساب و بەرنامەکانیانی لەسەر دابڕێژن. ئێوەش هەر چەندە نیازپاکیش بن، بەڵام لە ئاستێکی بەرچاودا وەک کادیری بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتێکی هەلپەرست، جێبەجێی دەکەن، ئومێدی بەرژەوەندی هەلپەرستانەی پێدەکەن و تاکۆتا گەورەترین زیان بە خۆتان و بەم پارتییەش دەگەیەنن. ئاستی هەلپەرستیتان لەوەدا دەردەکەوێتەڕوو کە بەجددی مامەڵە لەگەڵ بچووکترین کێشەی شێوەگرتنی خۆتان ناکەن، تەنانەت بە دەرفەتێکی چیائاساشەوە بەرەوڕووی ئەو ئەرکانەوە ناچن کە زۆر بە ئاشکرا و بە ئاسانی لەسەر شێوازی ڕاست پێشکەوتنیان تیادا هەیە.

کاتێک دوایین دەستێوەردانی ئیمپریالیزم بەسەر حەقیقەتی سەرۆکایەتیتاندا سەپێندرا، ئەم ڕاستییەتان ئاشکرا بوو. لەژێر چیرۆکی پەرش و پەرتەوازەبوونی (PKK) دا ڕاستینەی کادیر و فەرماندەی بەکەموکوڕ هەیە. لەولاشەوە هێڵی بەکرێگیراوی و خۆڕادەستکار و فەرماندە ساختەکەی بە چوار پەلەوە باوەشی

بۆ ئەمە کردۆتەوە، حیسابی لەسەرە، دەستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی بێ ئامان کردووە و دیسان تەنیا توانراوە لەبەرامبەر بە حەقیقەتی سەرۆکایەتیماندا تووشی شکست بکرێت. بەڵام هێشتا لە دۆخێکدایە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو هیوای بە رەنگدانەوەی دۆخی کادیرەکانمان هەیە بە فەرماندەکانەوە. ئەم راستییەش ئاشکرا بووە. لەهەمانکاتدا هیوا و ئومێدەکانیان تا ئاستی شیرۆڤەیەکی وەک" رێکخستن پەرتەوازە دەبێت، پارچە دەبێت. قەڵەمڕەوی سەرۆکایەتی چ لەسەر پارتی و چ لەسەر قۆناخی رزگاری نیشتمانی لە هەژان و لاوازبوون دایە" بۆتە بابەتی قسەوباس.

دوایین هۆشیاری دەدەم؛ حەقیقەتی زۆربەتان هاوتەریبە لەگەڵ ئەم راستییەدا.

شۆڕشگێڕیی: کار و کردەی دلێرانەیە. دلێر ئەو کەسەیە کە جەوهەر، گووتە و کردەی یەک شتن. ئەگەر بەم ئاستە گەیشتوون ئەوا پێتان دەڵێم سوێند و بەڵێن بدەن. چونکە هەموو شتێک بەگوێرەی ئەم بەڵێنە پلانڕێژ دەکرێ و بەڕێوەدەبردرێت. ئەگەر یاری بە سوێندەکەتان بکەن، ئەوا پارتی بەهێزترە و لەبەرامبەریدا بەرگە ناگرن. پەنهانترین پیلانەکانی ئیمپریالیزم بەرگەی پارتی ناگرێت، ئەوجار ئێوە بەم حاڵەتانەوە چۆن بەرگە بگرن؟ وەها مەکەن، چونکە ئەوەی ئێوە دەیکەن هەوڵی هەڵخەڵەتاندنە. ناتوانن خۆتان لەو کەسایەتییە هەڵخەڵەتێنە رزگار بکەن. بەم حاڵەتانەوە رێبازی میلیتانیی (PKK) بەڕێوە دەبەن؟

حەزدەکەن وەک ئاگادارکردنەوەیەک وەریگرن، حەزدەکەن وەک فەرمان یان وەک تکایەک. باس لە کۆمەڵێک خاڵی تایبەت و بنەڕەتی سەبارەت بە حەقیقەتی هێڵی (PKK) و رێباز و

پەیڕەوەکەی دەکەم. هیچ هەنگاوێک بەبێ ئەمانە سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر هێزی ئەمەتان نییە، ئەوا هەر لە سەرەتاوە بیڵێن، ئەگەر هێزیشتان هەیە، ئەوا بەوپێیە بەڵێن بدەن. ئەگەر کەموکوڕی زۆر جددیتان هەیە تێپەڕی بکەن. بەڵام با بەگوێرەی بەڵێنەکەمان بین. دیسان هەلی باشتان لەبەردەم دایە. بچنە هەر شوێنێکیش پەروەردە و هەندێک لەو ئەرکانەش کە دەتوانن پێیان هەڵسن بەردەوام دەبن، بەڵام هەرئەوەندە دەڵێم: مامەڵەی ڕاست بکەن.

گووتەکانم ئاشکران بەو مەرجەی خوازیاری تێگەیشتن بن. ئەرکێک ڕەت بکەنەوە کە نرخ و کەڵکی نەبێت. بڕوانن؛ ئەگەر زانیتان مانگ و کاتتان بە فیڕۆ دەڕوات یان بەبێ ئەرک ڕایانگرتوون، ئەوا بچنە سەر بەرپرسیاری هەرێمەکە، جا هەر کەسێکیش بێت. ئەگەر دەیهەوێت بە شێوەیەکی دەستکردە و ناڕاست سەرقاڵتان بکات، دووبارە بچنەوە بەگژیاندا. ئەگەر بەها و نرخەکان مایەپووچ دەکرێن و خاوەندارییان لێناکرێت، ئەوا بچنە سەر بەرپرسیارەکان. نابێت بهێڵن هیچ کەسێک تاکە ساتێک و تاکە نانێکتان بەفیڕۆ بدەن. چونکە سەرەنجامی گیان و خوێنی خۆتانە، بەری ڕەنجی گەلەکەمانە، بەری ڕەنجی هەزاران شەهیدی شۆڕشگێڕە، بەری ڕەنجی خۆڕاگرانی زیندان و هی خۆتانە کە لە شاخەکاندا لەو سەرما و برسێتییەدا دەژین. بە سووکی مەزانن. چونکە ئەگەر بە سووکی بزانن ئەوا خودی خۆتان بە سووک زانیوە. کەسێکیش خۆی بە سووک بزانێت نابێت بە شۆڕشگێڕ.

ئاشکرایە کە شۆڕشگێڕ بەر لە هەموو شتێک شەرەفی هەیە، شەرەفیش بەندە بە ڕێزگرتن لە هێڵ و پابەندبوون بە دیسیپلینەوە. ئەگەر ئەم هێزەتان نییە، ئەوا سوێند و بەڵێن

مەدەن. نە رەنجی ئێمە و نە هەبوونی گیانیشتان بخەنە مەترسییەوە. ئەگەر بیخەنە مەترسییەوە چی دەبێت؟ ڕێکخستن ڕێوشوێنی پێویستی گرتۆتەبەر. لانی کەم هەتا ئێمە خاوەنی بەرپرسیارێتی خۆمان بین، مەحاڵە بتوانن بەو شێوازە پارتی بەکاربهێنن و خۆشتان بەزۆر بژیێنن. کەس نەڵێت: "کەس نامبینێت، چۆنم ویست وەها دەژیم. مەیدان و زەمین بۆ ساویلکەیەکانی خۆم دەدۆزمەوە" ئەمە هەڵەیە، مەحاڵە. میلیتانێک کە بە جەوهەر و ڕەواڵەت چوار بە چوارە و میلیتانێکیش کە نایەتە سەر هێڵی پارتی و خۆی ئاوێتەی شەڕ ناکات ئاشکرا دەبێت. وەک چۆن تا ئێستا ئاشکرا بوون.

بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بەم ڕاستییانە دەکەم؛ شەهیدی گەورەمان، بەڵێن و سوێندی گەریلاییمان و شەرەفمان هەڤاڵ (عەگید) بەڕاستیش باشترین گوزارشت و دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئەم شێوان و لەخشتەچوونانە هەموو ڕەنجێکیشتانی نامۆکردووە. دیسان دەچنەوە دەبینن کە زۆر کەس هەن خۆیان بەسەر پارتیدا دەسەپێنن، فەرماندەی هەرزان هەیە، هەیە بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە بەڕێوەبەرایەتییەوە هەبێت، بەناوی بەڕێوەبەرییەوە، نابەڕێوەبەری دەسەپێنێت. وەک پێش ئێستەش گووتم: کۆمەڵێک فەرمانداریێتی هەیە کە کراوەن بۆ هەموو جۆرە مەترسییەک. تەنانەت گەلێک شەڕڤان هەن کە خۆیان دەکەن بە زەمینە. هەموویان دەبینن. لەم خاڵەدا بەو پەروەردە بالایەی لێرە وەرتانگرت، بە دەربڕینی ئەو بڕیار و بەڵێنانەتانەوە سەرەتایەکی ڕاست و دروست بونیاد دەنێن. لەناو (PKK)دا هیچ کەسێک ناتوانێت هەڕەشە لە کەسێکی تر بکات، هیچ کەسێک ناتوانێت خۆی بسەپێنێت. تاکە شتێک کە خۆی دەسەپێنێت، هێڵی ڕاستەقینەی پارتییە. هەر کێیەک ئەم هێڵەی بە

راستی جێبەجێ کرد، ئەوا دەستپێشخەریی گووتە و کردە لەلای ئەو دەبێت. کێ واتا بە پێویستییەکانی نەدات، ئەگەر منیش بم، پێویستە تێپەڕ بکرێم. پێتان دەڵێم کە واز لەمە مەهێنن. چونکە ئەمە بەکارهێنانی مافی ژیان، هەموو هیوا و ئومێدەکانتان و ئەگەر هەبێت بەهرەکانتانە. هەر ئەمەش تایبەتمەندی سەرەکی میلیتانی (PKK)یە. ئەگەر هەموو شتێک بەند و پەیوەست بێت پێیەوە، ئەوا ژیان و شەڕیشتان واتایەک دەگەیەنێت و برەو بە سەرکەوتن دەدات.

نەک تەنیا لە گۆڕەپانی گەریلادا، بەڵکو لە هەموو گۆڕەپان و بوارەکاندا بەئەندازەی هێزی خۆتان تاکۆتا و تەنانەت کە پێویستیشی کرد خۆتان بکەن بە ئیرادە و لەناخی دڵتانەوە مافی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانتان بەکار بهێنن. لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە واتادار و بەکردە دەبێت. ئەرکدارکردنی وشک و رەق نابێت. ئەرکدارکردنێک کە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبێت، یان تەنیا لە گردێک چاوەڕێ بکە، لەو کۆمەڵە یان دەزگایەدا دانیشە، ئەمانە ئەرک نین. ئەرک رۆژانە پلان و بەرنامەی خۆی دەبێت، رۆژانە بە سوود دەبێت، ئەگەر بەمشێوەیە بێت ئەرک پەسند دەکرێت، بەپێچەوانەوە دەبێت بەرپەرچی بدەنەوە و بە ئەرکپێدەرەکە بڵێن: کێ دەخەڵەتێنیت، تۆ لەخۆڕا کار بەمن دەکەیت. من بۆ بەختکردنی سەراپای کات و ساتی ژیانم هاتوومەتە ناو شۆڕشەوە. ئەگەر ئەمە هەڵسەنگاندنت بێت و بەڕێوەبەرەکەت وەڵامی ئەرێنی نەدایەوە، دەبێت پێی بڵێت: "فێرت دەکەم چۆن بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت" و خۆت ئامادە بەبینیت. بەهەر حاڵ توانای هەر چییەکت هەبێت دەبێت بیکەیت، بەم جۆرە بە نیشاندانی توانای کردەییەوە دەچیتە پێشییەوە. چی وەک هێزێکی خواروو یان وەک هێزێکی سەروو، لەچی

پێگەیەکدا دەبێت ببە، دەبێت ئەم شێوازە جێبەجێ بکەیت. ئەم جۆرە ئەرکدارکردنەیە کە من ئەرێی دەکەم.

دووپاتی دەکەمەوە: هێزێکی بەڕێوەبەریتان جێگای باسە کە هەر لە پەروەردەوە تا کاری بەرهەمدارانەی یەکەی لۆجستیک، لە رەوتدان بە پەیوەندی دۆستێک تا دانانی پلانێکی زۆر گرنگی شەڕ؛ لەناو هەموویاندا پێویستی و بەرهەمداری و بوون بە رێکخستن و بەڕێوەبەر و بەتایبەتیش بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهێنانی دەرفەتە هەنووکەییەکان هەڵدەسەنگێنێت... ئەمە پرەنسیپتان بێت. ئەگەر ئەرکێکی فەرماندەیی خۆی بەم شێوەیە بخاتە ڕوو، پێویستە تێکڕایان لەم چوارچێوەیەدا هەڵبسەنگێنیت. ئەمە لەلای من ئەرێکراوە. بەدەر لەمە لەگەڵ هەموو شتێکدا لەدۆخی شەڕدام. کێ لەکوێ چۆن لەمەی زیاتر پێدەکرێت بابیکات، ئەوەتا زۆر بە ئاشکرا پیشانتان دەدەم کە لە شەڕدام و مێژووش لەم شەڕەدا ئێمەی بە رەوا و خاوەن ماف دانا. لەسەر ئەم بنەمایە مێژوو هێزی ئەم پارتییەی دەرخستۆتەڕوو کە لەژێر رێبەرایەتی ئێمەدایە. هاوکات مێژوو هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەستنیشانی کردووە ئەوەی کەم یان زۆر خۆیان ئاوێتەی شۆڕشەکەمان کردبێت بە شەرەف و شکۆیە. لێرەوە با گرووپی خەباتی ئەورووپا بەڵێن تازە بکەنەوە، (سارا) با لە تۆوە دەست پێبکەین. با زۆر بە کورتی و جەوهەری بتناسین؟

سارا: نازناوم (سارا)یە. 1958 لە دێرسیم لەدایکبووم. لە ساڵی 1975 لەقۆناخی گرووپی ئایدیۆلۆژیدا ئاشنای پارتیی بووم. زیاتر لە 1977 – 1978 دا پرۆفیشناڵانە دەستم بە خەبات کرد. ساڵی 1979 خرامە زیندانەوە و دوای ماوەیەکی درێژ لە کۆتاییەکانی 1990دا دەرکەوتم. هاتمە ئەکادیمیا. پاشان پێنج ساڵ لە شاخ بووم، زیاتر لە هەرێمەکانی بۆتان و

باشووری کوردستان. له کۆتاییەکانی 1996دا بۆ جاری دووەم هاتمەوە بۆ ئەم گۆڕەپانە. ماوەی ساڵ و نیوێکە لەم گۆڕەپانە دام.

له راستیدا رەوتێکی شۆڕشگێڕی درێژخایەنە، بەبچووکی نازانم، بەڵام کاتێک دۆخی رێکخستنی خۆم دەهێنمە لای ئەم رەوتە؛ دەبینم لاتەریبی و ناهاوسەنگی هەیە. تەنانەت پێگەیەکی پێچەوانەییشی هەیە. بەتایبەتی لەم قۆناخەدا، قاڵبوونەوەی ساڵ و نیوێکم له گۆڕەپانی سەرۆکایەتیدا تەنیا بە چەند رووداو و قۆناخێکی دیارەوە سنووردار نەبوو. قۆناخی لێپرسینەوەبوو له سەراپای رەوت و بەشدارییەکەی خۆم. ئەم رەوتەی من خۆی له چوارچێوەی شێوازێکدا شێوەگیر کرد؛ شێوازێکی تاکرەوی بوو. رەوتێک که بنەمای ئایدیۆلۆژیی، زمانی، شێواز و هەڵوێستی رێکخستنیانەی بەهێز نەبوون. لەم واتایەدا هەوڵەکان بەپێی پێویست بە شوێنی مەبەست نەگەیشتن. سەرەڕای ئەو ماوە زۆرەش، کەچی نەبووم بە وەڵامی پێویست، کەسایەتی میلیتانی پێویست بونیادی نەگرت. له ئاستێکی بەرچاودا هەستم پێکرد، بەتایبەتیش سەرباری ئەوەی لەم گۆڕەپانەدا هەستم پێکردبوو، کەچی پرسیاری (بۆچی نەتگۆڕی؟) بەشێوەیەکی جەرگبڕانە رووبەڕووم دەبووەوە. چونکە فشاریشی دەخستە سەر پارتی؛ رەنگدانەوەمی گۆڕی بوو، دەبوو بە رەنگدانەوە و رەوشێکی تەواو جیاواز.

بێگومان له کەسایەتیمدا شێوەگرتنێکی دیار هەبوو؛ پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و رێکخستن بوونەوە هەبوو، پەیوەندییەکی راستەوخۆ. بەڵام هەندێک خوو و راهاتنێکم هەبوون و بە پێداگیرییەوە درێژەم پێدابوو. لەم گۆڕەپانەدا بەر له هەموو شتێک ئەم پێداگیرییەم شکاند؛ لەم

قۆناخەی دوایيدا بە ئەرێنی لێکیدەدەمەوە. دەتوانم بڵێم پێداگیری – رقئەستوورییەکم شکاند کە لە ئێستا بەدواوە کاریگەری لەسەر رەوتم دەبێت. پێویستە خۆم لەو روانینە پێچەوانەیەم بۆ رووداوەکان، بۆ شۆڕش و بۆ رێکخستنیش دەرباز بکەم.

ڕ.ئاپۆ: سۆزدارییانە مەڕوانە، هەڵەیەکی وەهمئاسای شێوازیی وەک لە سۆزدارییەوە بۆ سیاسەتت لەخۆتدا کردبوو بە پەتایەکی درێژخایەن.

سارا: راستە سەرۆکی من، هەم سۆز و هەم کاردانەوەکانمی خستە گەڕ...

ڕ.ئاپۆ: مەترسیدارترینیش ئەوەیە کە وادابنێیت لەوێوە سیاسەت دەکەیت یاخود لەوێوە بەرەو سیاسەت دەچیت.

سارا: سەرۆکی من؛ زیاتر ئەوانە ئاراستەیان پێدام. لە دۆخیکی وەهاشدا سیاسەتێکی ئەنجامگیرانە بەڕێوە نەبردرا.

ڕ.ئاپۆ: بەڕای من چەوتی تۆ لە بوێریدا نییە، لە نەبوونی فیداکاریدا نییە، لە کەمی خۆڕاگریدا نییە، لە نییەت و نیازیشدا نییە، بەڵکو هەر ئەو خاڵەیە کە چاوگی چەوتییەکانتە. دەبێت لە چاوگی سەرەکی چەوتییەکانت تێبگەین و تێپەڕیان بکەین.

سارا: سەرۆکی من، لەم مژارەدا تێگەیشتم و بڕیارمدا کە بەڕاستیش ئیتر لەگەڵ ئەودا ناژیم و مایەی ژیانیش نییە؛ لەگەڵ ئەو پێداگیرییانە یاخود ئەو بێ پێودانگییانە ناژیم. وەک تۆزێک پێش ئێستا هەڤاڵ ساکینە گووتی: مرۆڤ ئەگەر خۆی قانیع بوو، تێپەڕکردنی ئەوشتانە زەحمەت نابن، ئەگەر چ خوو و راهاتنیش بن و چەند ساڵێکیشیان بوێت؛ چونکە خاوەن بانگەشەم.

ڕ.ئاپۆ: قانیع نەبیت تۆش وەکو (زەکی) رادەکەیت، لەبەر ئەوە خۆت قانیع بکە.

سارا: نەخێر سەرۆکی من، من لەو بابەتەدا..

ڕ.ئاپۆ: ئەگەر قانیع نەبیت، ئەنجام بەرەو ئەویت دەبات.

سارا: بێگومان بەرەو ئەنجامگەلێکەوە دەچێت، تا ئەمڕۆ...

ڕ.ئاپۆ: نەخێر، من مەبەستم ئەوە نییە؛ دەڵێم ئەگەر پێویست بە نموونە هەبێت، ئەگەر مرۆڤی ساختە بڵێ بەڵێ، زوو یان درەنگ خراپەکە دەتەقێتەوە.

سارا: سەرۆکی من، تا ئەمڕۆش هەڵسەنگاندنەکانی پارتی و ڕەخنەکانی سەرۆکایەتی پارتی زۆر بە گرنگ دەزانم، بەجددی وەریان دەگرم و ڕاستیش بوون. ئێستا پێویستە ئەمە لەناخی خۆمدا بچێنم. پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە خۆم ڕاست و ڕێک بکەمەوە. کێشەکە تاڕادەیەک لێرەدا بوو. هەوڵ و ڕێبازەکانم پێچەوانەی یەکتر دەبوونەوە.

ڕ.ئاپۆ: پێچەوانە..

سارا: لەو واتایەدا مایەپووچ دەبوون.

ڕ.ئاپۆ: بەڵێ.

سارا: سەرەڕای ئەوەی خواست و ویستی خۆشمبوو کەچی مایەپووچی دەکرد.

ڕ.ئاپۆ: ئەوەش ڕقئەستووری و پێداگیرییەکی وشک و ڕەقە کە "سارا هەڵە ناکات، سارا هەمیشە بیرکردنەوەی باشە، نیازی پاکە". باشە، بەڵام سیاسەتیش هونەرێکی هەیە. تەنانەت لە (PKK)دا سیاسەت هونەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە. (PKK) بەتەنیا خۆی ناڕوات، سۆزی گەورە، بەرخودانیی گەورە... بەڵێ، وەک؛ سەررێژبوونی لافاوی سۆزداریت بە دەوروبەردا و بە پێداگیرییەکی گەورەشەوە بەردەوامبوونت لەسەری؛ بێگومان فشارێکی لەسەر دروستکردین.

سارا: سەرۆکی من، کاتێک خۆی دووبارە کردەوە، کاری تێکردم.

ڕ.ئاپۆ: زۆر.

سارا: بەردەوام ویستم تێپەڕی بکەم، کە دووبارە بووەوە کووڕبوونەوە و بێ هێزییەکیشی لەمندا درووست کرد.

ڕ.ئاپۆ: هەڵبەتە سەرجەم هەوڵەکانتی..

سارا: لەڕووی مۆراڵەوە کاری تێکردم.

ڕ.ئاپۆ: .. مایەپووچ کرد. لە شاخ چەتونی کردیت و بەو شێوەیە هات. ئەوەی بیری لێدەکەینەوە، ئەم ئەرکدارکردنە نوێیە، ئەو خاڵەی لەبەرچاو گرتووە. لەوانەیە لە دڵی هەڵبگریت و بڵێیت: 'دوور دەخرێمەوە' چونکە لەم بابەتانەدا بەسۆز و هەستیاریت. بەڵام بەڕای من دەبێتە موداخەلەیەکی نوێ یاخود گۆڕەپانێکی پراکتیکی نوێ بۆئەوەی خۆت بتوانیت شێوازی راستەقینە دەربخەیتەڕوو. تۆزیک لەدوورەوە، تۆزێک بە وچانەوە و بە تۆزێکی تر خۆ قانیعکراوییەوە سیاسەت دەکەیت، خەباتی ڕێکخستنی بەڕێوە دەبەیت. پێویست ناکات بە هەڵە لێکیبدەیتەوە. ڕێگەی وڵاتیش تاکۆتا بۆ کار و خەبات کراوەیە، کێشەی چوونە وڵاتیشت نییە. بۆ نموونە ئەو ریسوایە[91] وەها نەبوو، لەبەرامبەر وڵاتەکەشی رەش بوو، نیاز خراپ و ترسنۆک بوو، هەر زۆریش. هەموو هێز و بوویری خۆی لە قارەمانێتی میلیتانێتی (PKK) وەرگرتبوو. لێرەدا هێزێکی جەوهەری بەرخودانت هەیە. سەرزەنشتێکی وەک 'بۆچی لە وڵات نیم' یاخود ' هەموو کەسێک لەوێیە و منیش لێرە' هیچ واتایەکی نابێت.

ئەوەی بۆ تۆ زۆر پێویستە و پێویستە بیڵێیت ئەوەیە: چۆن ئەم کەڵەکەی فیکرییەم بخەمە خزمەتی سیاسەتی پارتییەوە. چۆن کەلێنەکان پڕدەکەیتەوە، چۆن دەبیتە ڕێکخەرێکی زۆر بە

[91] . مەبەستی زەکی (شەمدین ساکیک)ە.

پلان و بەرنامە. ترسەکەشم ئەمەیە: دیسانەوە دەڕۆیت دەڵێیت:"یان دەبێت بەو شێوەیە بێت کە خۆم دەمەوێت، ئەگەرنا قسەی خۆمتان بەسەردا دەسەپێنم" ئەمە دەبێتە مایەی زۆری و زەحمەتی بۆ خۆت.

سارا: نەخێر سەرۆکی من. ناکەومە ناو بەهەڵەداچوون و چەوتییەکی وەهاوە.

ڕ.ئاپۆ: ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەکەم: تۆ بەگوێرەی هەموو کەسێک بە، نەک هەموو کەسێک بەگوێرەی تۆ.

سارا: ڕاستە سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: وەک چۆن (سەرۆک) بەگوێرەی هەموو کەسێکە، زۆر سەرنجڕاکێشە، وەها نییە؟

سارا: بەڵێ.

ڕ.ئاپۆ: چەندە بەرجەستەیە.

سارا: زۆر سەرنجڕاکێشە. لەو بڕوایەدام کە لەم قۆناخەدا بۆخۆم بە بنەمای وەردەگرم.

ڕ.ئاپۆ: ، بەڵام تۆ تا ئێستا تۆزێک پێچەوانەکەیت کرد، چجای بە نیازی پاکیش.

سارا: ڕاستە.

ڕ.ئاپۆ: نابێت. باشترین ڕێگەی ڕێکخستنی مرۆڤی کورد؛ دەبێت لێی تێبگەیت، بەگوێرەی ئەو بیت. ئەگەر بڵێیت دەبێت بەگوێرەی خۆت بێت، ئەوا تاکە کەسێکیشت پێ ڕێکناخرێت. مەبەستی قسەم لە پێکهاتەی ڕێکخراوە.

سارا: ڕاستە سەرۆکی من، بەهەڵەداچوون لێرەدایە.

ڕ.ئاپۆ: پڕە لە نیازپاکی و سۆزی خاوێن، بەڵام نابێت دۆخێکی وەها لە مرۆڤی ئەم خاکەدا هەبێت. زۆر بە وردی سەرنج بدە من و چاودێری بکە، ئەزموون لە ڕێبازەکانم

وەربگرە. کارەکانم زۆر حەقیقەتخواز، زۆر بەرجەستە و هەڵوێستێکی مەزن نییە؟

سارا: تەنانەت ئەنجامهێنیشە.

ڕ.ئاپۆ: زۆریش. جەوهەری رەخنەکانمان بۆ تۆ: ساڵەهایە هێشتا ئەمەت بە ڕێبازی بنەڕەتی وەرنەگرتووە. پێویستە بە هەڵەش تێنەگەیت.

سارا: ئەمە خاڵی شکستهێنانم بوو، زیاترین شکستەکانم.

ڕ.ئاپۆ: بێگومان. وابیر بکەرەوە: "هەموو کەسێک بەگوێرەی سارایە!" هەموو کەسێک هێزی ئەوەی نییە وەکو سارا بێت و هەموو کەسێکیش بەو شێوەیە نابێت. لەناو شەڕێکی سامناکدام بۆ هەموو کەسێک، وەها نییە؟

سارا: شەڕێکی پشوودرێژانەیە.

ڕ.ئاپۆ: پشوودرێژی و ڕێبازیش لەبەرئەوەی راستن ئەنجام وەردەگرن. ئەوەی تۆ ئەوەندە ناشارەزایانەیە کە نزیکترین کەسانیشت یان تەرکت دەکەن، یان بە جددی وەرتناگرن. ئەمە لەکاتێکدایە کە تۆ کەسێکی وەها نیت، ئەوەشت پێ رەوا نییە، بەڵام ڕێباز و شێوازی خۆت ئەو ئەنجامە دەهێنێت. بەڕای من ئیتر ئەم دۆخە نابابەتییە قورسە و لێوانڕێژ لە سۆزدارییە تێپەڕکە.

سارا: تێپەڕی دەکەم.

ڕ.ئاپۆ: عەیب نییە، سارایەکی (20)ساڵە (مەبەست لە تەمەنی شۆڕشگێڕی سارایە-و) ئەوەندە هەڵە دەکات؟ بەڵێ، بڵێ؛ دەتوانێت بیکات، دڵنزم بە، راشکاو بە، تێپەڕیان بکە و بەڕای منیش توانستێکی کارکردنت هەیە کە هێزی قەرەبووکردنەوەی سەرجەم ساڵانی رابردووی هەیە. ناڵێم ئەو ساڵانەت هەمووی بە هەوانتە چووە. بەهیچ جۆرێک شتێکی وەهامان نییە.

ڕەخنەمان ئەوەیە کە بۆچی دەستکەوتی باڵات نەهێناوە. ئەگەرنا ناڵێین خراپ بوویت، نازانم ڕەنجەڕۆت کردین، وەها تاوانباریت و ڕەخنەکانیشمان لەو چوارچێوەیەدا نین. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاست لەمانە تێبگەیت، ئەوا دەتوانیت لەمەودوا سەرکەوتووانەتر ڕۆڵی خۆت بگێڕیت.

سارا: سەرۆکی من، لەم بوارەدا بە بڕیارم. ڕاستە؛ وڵات بۆ من ئاواتە، بەڕاستیش ڕاکێشەرە. تەنانەت هیچ بوار و گۆڕەپانێکی تریش بە کەم نازانم..

ڕ.ئاپۆ: من هیچ نەچووم بۆ وڵات؛ تۆ چوویت، پێنج ساڵ بنیت، هەژارێکی وەکو من چی بکات؟

سارا: نەخێر، بە کەمی نازانم. من لەکوێ سوودی زیاترم دەبێت بۆ پارتی...

ڕ.ئاپۆ: دەتوانیت لەو بوارەدا ببیت بە نموونەیەکی باش. دەتوانیت بڵێیت: "لە ئەورووپام، لە فڵانە شوێنم، بەڵام وڵاتم لەناخی خۆمدا هەڵگرتووە"، دەتوانیت بڵێیت: "هەموو شتێک لەپێناوی هاوڕێکانم و هەموو شتێک بۆ شەڕی وڵات" کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەرکی سەرشانمانە. وەها نییە؟

سارا: سەرۆکی من؛ دەیکەم بە هۆکاری کار و خەباتگێڕانی زیاتر.

ڕ.ئاپۆ: ملیۆنێک کەس خوازیارن، گریمان پێنج هەزار ئەندامت ڕەوانەی بەشی سیاسی و سەربازی کرد؛ دیارە ئەمە هەزار جار لەوەی لە وڵات بکەیت باشتر و بەرهەمدارتر نییە؟ دەرفەتی نییە؟

سارا: دەرفەتی هەیە، سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: بێگومان، لێرە من وشەیەکی عەرەبی نازانم، بەڵام ئەو دیاردەیەی ناوی کوردستانە لێرە خوڵقێندرا. ئەو دیاردەی

ناوی گەلە لێرە خولقێندرا، وەها نییە؟ با تۆزێک ئەمانەش جددی وەربگرین.

سارا: سەرۆکی من، لەلایەنێکەوە سرووشتییە. بەڵام من هەموویان دەکەم بە چاوگ و هۆکاری کارکردن، بە ئاوات و خوازیارییەکەشمەوە.

ڕ.ئاپۆ: ئەگەر وەها بێت، یەک لە دوای یەک هەڵە دەکرێت. من ناڵێم مەڕۆن بۆ وڵات؛ هەموو شتێک لەپێناوی چوونە بۆ وڵات. لەمێژوویێکی وەک ئێستاکەدا کەسێکی تر هەیە لەمن زیاتر خۆی ئاوێتەی وڵات بکات؟

سارا: نەخێر سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: بەکورتی دەتوانیت خۆت بکەیت بە وڵات؛ بە ڕێکخستن، بە هێزێکی گەورەی جەماوەر، تەنانەت بە تەکنۆلۆژی، وەها نییە؟ ڕۆژانە لەگەڵ دێرسیم قسە بکە، ڕۆژانە لەگەڵ جەماوەری ناو مەترۆپۆڵەکان قسە بکە. گرووپەکان ڕێکبخە و بەدوای یەکدا بەڕێیان بخە. بەرە ڕێکبخە، ملیۆنەها خەڵکمان هەیە، بۆ کەمن؟ گرنگ نین؟ کەی ویستیشت دەتوانیت بێیت، هیچ خەمت نەبێت. ئێمە کەسی خاوەن بەڵێنین، کەسانێکین کە پردەکەمان بە قایمی دروست کردووە، وەها نییە؟ ئەوەی تۆی لە زیندانی ئامەد دەرخست، ئیرادەی ئێمە بوو؛ بێگومان با نەبێت بە خۆهەڵکێشان.

سارا: نەخێر سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: ئەوەی تۆی بردەوە وڵات و هێنایەوە، ئیرادەی ئێمەیە. لە ئەورووپا دەستبەرداری خەڵکەکەمان نابین؛ هێزی تایبەت بەوەشمان هەیە، بەڵام پێویستە بەگوێرەی ڕێ و شوێنی خۆی بێت. بەڕاستی خوازیاری سەرکەوتنێکی زۆریت و برواشت پێدەکەین کە توانای ڕاپەڕاندنت هەیە. تەنانەت دەتوانین بڵێین چەندە مایەی بەختیارییە بۆ تۆ کە ئەم ڕۆژانەشت بینی.

سارا: شایستە دەبم، سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: باشە، ئەم چوارچێوەی بەڵێنە بەسە؟

سارا: بێگومان

ڕ.ئاپۆ: زۆر شتیش هەیە، وابزانم لە پراکتیکدا پێکەوە چارەیان دەکەین.

سارا: ڕاستە سەرۆکی من. منیش نامەوێت زۆر شت بڵێم.

ڕ.ئاپۆ: بەڵێ، بێ واتاش دەبێت، هەڵبەتە دوو پەڕتووکیشت نووسی.

سارا: سێیان.

ڕ.ئاپۆ: بوو بە سێ. چوارەمیان لە پراکتیکدا دەنووسینەوە.

سارا: دەنووسم سەرۆکی من. ئەگەر پراکتیکێکی سەرکەوتووانە نیشان بدەم دەینووسم.

ڕ.ئاپۆ: بەڵێ، بێگومان ئەگەر پراکتیکی سەرکەوتووانە نەبێت، ناتوانیت هیچ بنووسیت، هیچ قسە بکەیت. ئەگەر ئەم چوارچێوەیە بە شێوەیەکی ڕاست بەکاربهێنیت؛ کە حەتمەن لەناویدا ئەزموون و کەڵەکەی فیکریی ساڵانی ڕابردووش هەیە، قاڵبوونەوەی گەورە هەیە، بێگومان خواستێکی سنوورنەناسیشت هەیە، تووڕەییت، شەیداییت و زرنگییت. هیچ هۆکارێک نییە تا ببێتە مایەی نائومێدی و بێ هیوایی و سەرنەکەوتن.

سارا: سەرکەوتوو دەبم سەرۆکی من.

ڕ.ئاپۆ: باشە لەسەر ئەم بنەمایە ڕەخنەکانمان سەبارەت بە سارا بە ئەنجام گەیاند. وابزانم ئەرێنییە و بە پراکتیکی خۆیشی تەنیا لەسەر بنەمای سەرکەوتن یادی ناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە خودی سەرکەوتن. ڕێزی لێدەگرین.

**9ی نیسانی 1998**

چەپکێک لە وێنەکانی

شەهید ساکینە جانسز



شەهید سارا لە خویندنگەی سەرەتایی



شەهید سارا لە تافی لاویتیدا



شەهید سارا لە خوێندنگەدا



شەهید سارا لەگەڵ خانەوادەکەیدا



شەهید سارا لەگەڵ دوو هاوڕێیدا



شەهید سارا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا



شەهید سارا لەگەڵ (مەتین)ی برایدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانیدا



شەهید سارا لەگەڵ هاوڕێیەکیدا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ هاورییەکیدا



شەهید سارا لەگەڵ هاورییەکیدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانیدا



شەهید سارا لەگەڵ دوو لە هاوڕێیانیدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی لە زینداندا



شەهید سارا لەگەڵ هەڤاڵ موزەفەر ئایاتا-دا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی لە زینداندا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی ژن لە زیندانا



شەهید سارا لە شوێنی هەواگۆڕکێی زینداندا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی لە زینداندا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانیدا



شەهید سارا لەگەڵ خانەوادەکەیدا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ و پ.د.یالچین کوچوک



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ لە دۆڵی بیقاعدا



شەهید سارا لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی لە دۆڵی بیقاعدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانی لە دۆڵی بیقاعدا



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆدا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەل هەڤالیکیدا لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتیدا



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ و پ.د.یاڵچین کوچوکدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤالانی لە دۆڵی بیقاعدا



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ لە دۆڵی بیقاعدا



شەهید سارا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتیدا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤالانیدا



له ڕاستەوە سولبوس پەری و شەهید سارا و بەسی ئەرزنجان



شەهید سارا لەگەڵ هەڤاڵێکی گەریلادا

**ئەمەمان بۆ یەکلایی نەکرایەوە ئایا ئاری میرکانە؟**



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لەهەڤالانی لە ئەشکەوتدا



شەهید سارا لەگەڵ هەڤالانیدا لە شاخەکانی کوردستان



شەهید سارا و هەڤاڵانی لە کاتی ناشتنی نەمام لە ٤ی نیساندا



شەهید سارا لە چیاکانی کوردستاندا



شەهید سارا لە کۆنگرەی گەل ٢٠٠٥




شەهید سارا لەگەڵ ساکینە قەرەقۆچان




شەهید سارا، جەمیل بایک، دۆران کالکان و عەلی حەیدەر قەیتا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ هەڤاڵێکی ژندا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانیدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانیدا



شەهید سارا



بەسێ ئەرزنجان، شەهید سارا و شەرڤین دێرک



شەهید سارا لەگەڵ زەینەب عەفرین



شەهید سارا لە چیاکانی کوردستاندا




شەهید سارا لەگەڵ دایکانی ئاشتی لە کەمپی مەخموردا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانیدا



شەهید سارا لەکاتی ناشتنی نەمام بۆ ٤ی نیسان




شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ دوو لە هەڤالانیدا

ئەو هەڤالەی چەکی لەشانە ڕوکەن بینگوڵە بەلام ئەویتریان کێیە



شەهید سارا لەگەڵ شەهیدی فەرماندە دەلال ئامەد



شەهید سارا لە چیاکانی کوردستاندا



شەهید سارا لەگەڵ موراد قەرەیلاندا



شەهید سارا



شەهید ڕەشید سەردار، دۆران کالکان و شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ شەهید لەیلا ئاگری



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لەهەڤالانیدا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ دایکیدا



شەهید سارا لەگەڵ خانەوادەکەیدا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ هەڤالێکدا لە ئاڤاشین

ئەمەمان بۆ یەکلایی نەکرایەوە ئایا هەر ئاری میرکانە؟



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا



شەهید سارا لەگەڵ دایکیدا



شەهید سارا لەگەڵ پۆلێک لە هەڤاڵانیدا



شەهید سارا




کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو بە ئەڵمانی




کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو بە ئینگلیزی




کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو بە تورکی




کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو بە ڕوسی




کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو بە کوردی



**نامەد ( دیاربەکر )**
**پێشوازی سەدان هەزار کەس لە تەرمی سێ ژنە شۆڕشگێڕ سارا، ڕۆژبین و ڕووناهی**
**٢٠١٣/٠١/١٧**




**بینای شارەوانی ناوچەی ١٠مینی پاریس**
**تابلۆی سێ ژنە شۆڕشگێڕ ساکینە جانسز - فیدان دۆغان- لەیلا شایلەمەز**




**کۆبونەوەی ڕێکخستنەکانی چێ گیڤارا لە ئەرجەنتین - ٢٠١٤**




**وڵاتی باسک - بیلباو**
**یادی سەکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز**



**بناری قەندیل**
**یادێک لە ساکینە جانسز و هەڤاڵانی**




**ئەرجەنتین - ٢٠١٥**



Nora Cortiñas, Madre de Plaza de Mayo, en la Plaza, solidarizándose con el pueblo kurdo en el marco del segundo aniversario del asesinato de las tres compañeras kurdas

**دایکانی پلازا دە مایۆ - ئەرجەنتین**
**یادی شۆڕشگێرانی تیرۆری پاریس، ساکینە جانسز ، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز**




پاریس - ٢٠١٧
ئامادەکاری بۆ ڕێپێوانی گەورەی شەرمەزارکردنی تیرۆری پاریس




هندستان - ٢٠١٨
هۆڵی ساکینە جانسز
سیمیناری نێونەتەوەیی تیۆری لەسەر ئازادی ژن




بەرهەمی کۆمینی ژنانی ئینتەرناسیۆنالیست لە ڕۆژاڤا




ڕێپێوانی بزوتنەوە و ڕێکخراوە فێمینستەکان لە ئەستەمبول
هەشتی مارس ٢٠٢٠




**قامشلو - ٩ ی کانونی دووەم ٢٠٢١**
**ڕێپێوانی شەرمەزارکردنی تیرۆری پاریس و داگیرکاری**




**باشووری کوردستان - ٢٠١٨**
**" ئاگری شۆڕش ناکوژێتەوە تا گەیشتن بە سەرکەوتن " ساکینە جانسز**


Leyla
Sakine
Rojbîn
شەهیدانی پاریس (ڕۆژبین - سارا - ڕۆناهی)

# Jiyanim Hemîşe Têkoşan Bû

## Sakîne Cansiz (Sara)

## Bergî Sêyem



لەم بەرگەدا؛ باس لەوە دەکەم کە شێوازی جەنگانم، رووبە ڕووی هۆکار و بنەماکانی هەبوونی خۆمی کردوومەتەوە. لەگەڵ هەموو کەسێکدا لە دۆخی جەنگ دام. بەتەواوی دۆخێکی سەرهەڵدانە! بە هەر یەکێک لەو گووتە و رەفتارانە ی کە ساڵانێکی دوور و درێژ بەبێ لاکردنەوە لە راستی هەنووکەیی، بەو پەرچەکردارەی بەدەستم هێنابوو و بەو پێوانانەی کە بەگوێرەی خۆم نیشانم دەدان هەم هەڤاڵانم و هەم خۆشم تووشی زەحمەتی دەکردەوە.